
# ڕامان

92


- پەیڤی کوردی لە خوێندنەوەیەکی... ڕەحیم مەحموودزادە
- ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ئۆماری لە... د. عادل گەرمیانی
- قوتابخانەی فرانکفۆرت و... و/ ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل
- عەقلانییەتی ڕۆشنبیریی....... عەبدولخالق یەعقووبی
- خەسارناسیی ڕۆژنامەگەری کوردی..... مادیح ئەحمەدی
- ڕەنگ لە هونەری تەلارسازیدا........ و/ کامەران تاهیر
- ئیرۆس لە میتۆلۆژیا و....... محەمەد سلێمان عەباس
- تەندروستی دەروونی و ......... سەعید محەمەد نووری



دەزگەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات



RAMAN

92

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان دەری دەکات
خوولی دووەم -ساڵی نۆیەم
کانوونی دووەم / **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**دارێژەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەڵاحەدین

**E-mail:**
raman@raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
**٢٢٣٠٥٨٢**

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
**٤٤٩٤٦٦٢**
**٢٢٢٨٥٠٦**

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(١٠٠٠) دینار

# ناوەڕۆک


• **پێڕست** 2
• **سەروتار**
– شوێنەوارەکانمان ناسنامەی نەتەوەییمانن، بۆچی بایەخی شایەن بەخۆیان پێنادرێ... سەرنووسەر 3
• **لێکۆڵینەوە**
– بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا... ڕەهبەر مەحموودزادە 4
– چییەنی زمان گرنگترین شوناسی نەتەوەخوازی... ئیسماعیل ئیسماعیل زادە 12
– ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی تۆماری لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا... د. عادل گەرمیانی 18
– فەرهەنگیلەی ساوایانی کورد... مەحموود زامدار 25
– قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری کۆمەڵایەتی... و/ ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل 30
• **چاوپێکەوتن**
– چاوپێکەوتنێکی هونەریی فراوان لەگەڵ هونەرمەندی پێشەنگ (سلێمان شاکر)... ئا: ئازاد عەبدولواحید– مەحموود زامدار 39
– دیمانەیەک لەگەڵ (سەعید ڤەڕۆژ)ی ڕۆژنامەڤان... ئا: ئەحمەد قەرەنی 56
• **هزر**
– عەقڵانییەتی ڕۆشنبیریتیی کوردی لەنێوان ئەخلاقی بەرپرسایەتی و... عەبدولخالق یەعقووبی 61
• **ڕۆژنامەگەری**
– خەسارناسیی ڕۆژنامەگەری کوردی... مادیح ئەحمەدی 75
• **فەلسەفە**
– چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی... و/ لە فەڕەنسییەوە: زەنوون بیلال محەمەد عەلی 85
• **دەروونزانی**
– نەخۆشییە دەروونییەکان لەنێوان شاردنەوە و ڕاوێژکردندا... سەڵاح حەسەن 91
• **زمانەوانی**
– بەڵگەسازی و ئەندازەکاری لە ئاکارەکانی ئاوەڵناودا... د. شێرکۆ بابان 95
• **بیناسازی**
– ڕەنگ لە هونەری تەلارسازیدا... و/ کامەران تاهیر 99
• **بیرەوەری**
– بیرەوەرییەکانی دایە نوسرەت... هاشم سەلیمی 107
• **کەلەپوور**
– فیردەوس لە میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا... محەمەد سلێمان عەباس 111
• **مێژوو**
– تەندروستی دەروونی و ڕەهەندەکانی لەسەر مێژوونووس... سەعید محەمەد نووری 118
• **وتار**
– نود... و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر 123
– مەعنەوییەت و سەدەی بیست و یەکەم... و/ لە فارسییەوە: عومەر عەبدول 128
• **شیعر**
– حەج... دڵشاد عەبدوڵڵا 130
– هەستەکان... سەباح ڕەنجدەر 132
– شیعری شێت... یوونس ڕەزایی 134
– سیامەند.. مانگ.. بەرزەخ... لەیلا ساڵحی 136
– چاوم خوڕەی تۆی لێوەدێ... چنوور نامیق حەسەن 138
• **چیرۆک**
– دوو دایک... سوزان سامانجی 140
– بەدزییەوە «سڵاو»... چنوور سەعیدی 143
– ماڵی بەر با... سولەیمان دڵسۆز 145
• **چیرۆکی بیانی**
– سەعاتێک لە ژیان... و/ لە فارسییەوە: عوسمان ئەحمەدی 148
• **گۆرانی و مۆسیقا**
– تیۆرەکانی پەیدابوونی مۆسیقا... زەیتۆ شێخانی 150
• **شێوەکاری**
– سەردار ڕەووف.. نیگایەک بۆ جوانبەخشی... حەمە هاشم 153
• **سینەما**
– سپیلبێرگ و «لیستی شێندلەر»... جەلال زەنگابادی 155
• **شانۆ**
– هنریک ئەپسن لە ڕۆمانسیزمەوە بەرەو ڕیالیزمی هاوچەرخ... عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە 158
• **کتێب**
– ڕەگەزناسی نەتەوەیی و ژیانی میللی... لێدوانی: عەباس سلێمان سمایل 162
– بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی شانۆی نۆژەندا... لێدوانی: کامەران سوبحان 168
– گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا... لێدوانی: جەلال سنجاوی 171
• **تۆمارێک لەبارەی خەڵاتی نۆبڵەوە**
– ئەلفرێدا یێلینک بە داهێنان و جیاوازییەکەی... کاوە عەبدولکەریم شێروانی 174
– یێلینک، نۆبڵێک بۆ فیمێنیزم... ئا: سلێمان ڕەسووڵ 178
– ئەها، دیسان وایان کرد... ئا: لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح 182
– نۆبڵ و یێلینک... ئیسماعیل خالید قادر 184
– ئەلفرێدا یێلینک و خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ... ئا: فوئاد یوونس 187
• **بەدواداچوون**
– پێشینانمان پەندی دەروونی-یان نەدەزانی... یووسف عوسمان حەمەد 189
• **نامە**
– نامەیەکی خوالێخۆشبوو (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) بۆ (د. فریاد فازڵ)... ئا: ڕامان 192
• **تیراژ**... 193
• **دواپەنجەرە**
– گومانەکانی شیعر... هاشم سەڕاج 208

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# شوێنەوارەکانمان ناسنامەی نەتەوەییمانن بۆچی بایەخی شایان بەخۆیان پێنادرێ؟

سەرنووسەر

* زانایانی شوێنەوار (ئارکیۆلۆژیا) بەو پارچە شوێنەوار و شوێنە مێژووییانەی دەڵێن کە تەمەنیان لە (٢٠٠) ساڵ کۆنتر بێ، ئەو پارچە (لقی) شوێنەوارییانە و ئەو شوێنە مێژووییە دێرینانەش قۆناغ و سەردەمە مێژووییە کۆنەکان دەگێرنەوە کە لە دوو توێ و چینەکانی ژێرزەویدا دەدۆزرێنەوە. ئەو شمەک و کەلوپەلانەش کە تەمەنیان لە خوار (٢٠٠) ساڵەوەیە بە (ئیتنۆگرافیا) ناودەبرێن، ئەم زاراوەیەش بەرانبەر (طبائع الشعوب-داوونەریتی گەلان) دەوەستێ و تێکڕای ئەو کەلوپەل و داوونەریتانە دەگرێتەوە کە میللەتێک لە ماوەی (٢٠٠) ساڵدا لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەکاریانی هێناوە و پێڕەویانی کردووە. من لەم نووسینەمدا لە بارەی شوێنەوارەوە قسە دەکەم و باسی لایەنی (ئیتنۆگرافیا) و بیروڕایەکانم سەبارەت بەو لایەنە دەخەمە دەرفەتێکی دیکەوە.

* بەپێی هەموو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە (سا بەهەر زمانێک نووسرابن)، گەلی کورد یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات، خۆری بەرەبەیانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی لەو خاکەوە گزنگی داوە کە کوردی لەسەر نیشتەجێ بووە، ئەشکەوتی (هەزار مێرد) و (چەرموو) و پاشماوەی شارستانییەتە کۆنەکان شایەتی ئەو بیروڕایەمانن. ئەم نەتەوەیە و ئەم خاکی کوردستانە لەزۆر کتێبی گرنگی مێژووییداً بەناوی جیاجیاوە ناویان هاتووە و بە زۆر قۆناغی مێژووییدا تێپەڕیون و زۆر قۆناغی شارستانیی جۆراوجۆریان بەخۆوە دیوە، ئەمانەش بۆخۆیان گرنگی خاکەکە و دێرینیی دانیشتوانەکەی بەدەردەخەن و ئەوە دەسەلمێنن کە وڵاتەکەمان هەموو کونج و گۆشە و کەلێنێکی نیشانەیەکی ئەو مێژووە کۆن و شارستانیەت و شوێنەوارە دێرینەیە، هەر بۆیەش بیانییەکان و وڵاتانی دەرودراوسێمان بە دزییەوە بووبێ، یان بە ئاشکرا، هەر جارەی بە بیانوویەکەوە هاتوونەتە ناوچەکە بە مەبەستی پشکنین و گەڕان بەدوای شوێنەوارەکاندا کنەیان کردووە و زۆریش لەو شوێنەوارانەیان لەگەڵ خۆیان بردووەتەوە.

* لەبەر نەبوونی یان کزیی هوشیاریی پێویست سەبارەت بە بایەخی شوێنەوار و گرنگی مێژووەکەمان لەلایەن میللەتی ئێمەوە تا ئێستا زیانێکی زۆر گەورە بەر ئەو شوێنەوارە دێرینانەمان کەوتوون، چونکە کاتێ هوشیاریی پێویست بەرانبەر گرنگی ئەو شوێەوارانە لە ئارادا نەبوو، ئەوە بیریش لە پاراستن و بایەخدانی شایانی باس لێیان ناکرێتەوە، هەربۆیەش بەشێکی زۆر لەو شوێنەوارانە کە بەدەستی بیانییەکان دەرهاتوون و براون، یان خۆمان بە هەرزان پێمان فرۆشتوون و ئەوانیش مۆزەخانەکانی خۆیانیان پێ ڕازاندووەتەوە، ئەوەی دەست خۆشمان کەوتووە زۆر خەمساردانە و کەمتەرخەمانە لەلای خۆمان هێشتوومانەتەوە و لە مۆزەخانەکانماندا نمایشمان کردوون.

* (شوێنەوار) لەلای ئێمەدا تەنیا ئەوکاتانە لای لێ کراوەتەوە و بایەخی پێدراوە، کاتێ زانراوە لە بازاڕی ڕەش و قاچاغدا ڕەواجی هەیە و پارە دەکات، یان لەناو پاشماوەکانی شوێنەوار پارچە ئاڵتوون هەیە. هەربۆیە لە پاش ڕاپەڕین کە بووینە خاوەنی دەسەڵاتی خۆمان دەبوو زیاتر بایەخ بەو شوێنەوارانە بدەین کە بەشێکی گرنگی ناسنامە و ڕابردووی ئێمەیە، کەچی داخەکەم خەڵکانێکی زۆر بە پاچکاری و تێکدانی گۆڕستانەکانمان کەوتنە وێزەی دەرهێنانی کەللەسەر و ئێسک و پرووسکی باب و باپیران و دایک و داپیرانمان، کە بەر لە سەدان و هەزاران ساڵ خرابوونە ناو کوپەی گەورەوە و بە کوپەکانەوە خرابوونە ژێر گڵەوە و بەپێی بیروباوەڕی ئەوساکەیانەوە، کەلوپەلی بەهاداریان لەگەڵ مردووەکە خستبووە ناو کووپەکانەوە، کە ئێستاکە خەڵکی بەدوای ئەو کەلوپەلە بەهادارانەی ناو کوپەی گۆڕەکاندا دەگەڕێن.

* پێش ڕاپەڕین لە سەفەرێکمدا کە بەرەو سلێمانی دەگەڕامەوە لە چایخانەکەی (کانی وەتمان) کەوتم بەسەر ناکۆکی چەند کەسێکداً کە پێش گەیشتنم بە سەعاتێک شۆڤێلێک لەکاتی کاری خۆیدا لەو ناوە کۆمەڵێ پارچە شوێنەوار و کەلوپەلی بە نرخی هێنابووە دەر و ئەوانەی لەو ناوە بوون لە نێوان خۆیاندا برایانە دابەشیان کردبوون، بەڵام کاتێ من گەیشتمە ئەوێ بۆڵە بۆڵی یەک- دوانێکیان هەر مابوو، چونکە ئەوان خۆیان بە مەغدوور دەزانی لەو دەسکەوتە و گوایە کەلوپەلە چاکەکان بەر ئەوانی دی کەوتووە!، تەنانەت لەپاش ڕاپەڕین کار گەیشتە سەر ئەوەی هەندێ دەست ڕۆییو و دەسەڵاتدار، لە وڵاتانی دەرودراوسێ پسپۆڕ و شارەزای شوێنەواریان دەهێنا و دەکەوتنە کنە و پشکنین و دۆزینەوەی شوێنەوار و ئاودیوکردنیان، بگرە بازاڕیشیان بۆ دەدۆزینەوە.

* لەم گوێنەدان و کەمتەرخەمییەی بەرانبەر شوێنەوارەکانمان دەینوێنین و لەم چاوچنۆکییەی بۆ ئاودیو کردنیان بەدی دەکرێ، زۆرجار کەسانی نەفس نزم دەمیان بۆ شوێنەوارە پارێزراوەکانی ناو مۆزەخانەکان لیک دەکا، بۆیەش بیر لە ڕێگەی جەهەنەمی دەکەنەوە بۆ دزینی و دەست بەسەرداگرتنیان، لەکاتێکدا پێویستە داوودەزگایەکانی تایبەت بە شوێنەوار ڕێوشوێنی پاراستنی تۆکمە و توندوتۆڵی ئەو شوێنەوارانە بگرنە بەر و سستمی مۆدێرن پێڕەو بکەن و لە ڕێگەی کامیراوە، هۆڵەکانی نمایش و پەرژینی تەلارەکانیان چاودێری وردیان بخرێتە سەر، چونکە دزینی شوێنەوار نەک هەر لە وڵاتی ئێمە بگرە لەسەرپاکی وڵاتانی دنیا هەیە و باوە.

* بەڕای من چاکترین خزمەتێک ئەمڕۆکە بە (شوێنەوار)ی بکەین، ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا کنە و پشکنین ڕابگرین و ڕێگەی لێ بگرین، لەبەر ئەوەی ئەم کارە پێویستی بە (تاقیگە)ی تایبەتی خۆی هەیە بۆ زانینی مێژووی شوێنەوارەکان، ئەوە لە هەمان کاتدا پشکنینی ئەو شوێنەوارانە بارودۆخێکی یاسایی و سیاسی سەقامگیری دەوێ، سەرەڕای ئەوەی دەبێ هوشیاریی هاوڵاتی بە گرنگی ئەو شوێنەوارانە لەوپەڕیدا بێ، ئەگەرنا ئەوساکە دەبێ بۆ هەر شوێنێکی شوێنەواری کە دەپشکنرێ پاسەوانی بۆ دابنرێ تاکو زیانی پێنەگات.

* بۆ زیاتر بایەخدان بە شوێنەوارەکانمان پێویستە هەرچی زووترە لایەنە پێوەندداڕەکان هەوڵ بدەن بۆ:

(١) لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هوشیاری گرنگیدان بە شوێنەوارە مێژووییەکانمان بڵاوبکەنەوە، تا بە چاوی ڕێزو بایەخەوە تەماشای ئەو شوێنەوارانەی وڵاتی خۆیان بکەن و وەک سامانێکی بەهاداری نیشتمانی و نەتەوەیی لێی بڕوانن.

(٢) پرۆژەی یاسایەک بخرێتە بەردەم پەرلەمانەوە بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانی کوردستان و قەدەغەکردنی ئەوانەی قاچاغچێتی بەشوێنەوارەوە دەکەن و ئەوانەش کە بە ئاودیوکردن، یان دەستێوەردان و تێکدانی شوێنەوارەوە دەگیرێن، تا بەپێی ئەو یاسایە سزا بدرێن، بەمەش هەم شوێنەوارەکان دەپارێزرێن و هەم ڕێگە لە تاڵانکردنیان دەگیرێ.

(٣) بایەخی زۆر لەوە زیاتر بە بەشەکانی (شوێنەوار) لە زانکۆکانی کوردستاندا بدرێ و کادیری شارەزا و لێهاتووی بۆ ئامادە بکرێ، تا نەوەیەکی وشیار بۆ ئەو بوارە دروست بێن و بە شێوەیەکی زانستیانە لەو ئەرکەدا بەشدار بن.

(٤) داوودەزگایەکانی شوێنەوار بە کەسانی دڵسۆز و خەمخۆر و شایستە پڕ بکرێنەوە و کەسانی لامێژ و مشەخۆری لێ دوور بخرێتەوە کە زۆر جار هەر ئەوانەن هاوکار و چاوساغ و یارمەتیدەری بازرگانانی شوێنەوار و ئاودیوکەرەکانی.

(٥) لە شارەوانییەکانی کوردستاندا پێش ئەوەی مۆڵەتی بینا دروست کردن بە هەر کەسێ بدرێ، پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار بکرێ بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو شوێنەی بینایەکەی تێداً دروست دەکرێ، شوێنێکی شوێنەواریی، یان نزیکی شوێنەواری نییە و زیانی پێناگات.

(٦) من ڕام وایە جارێ لەو قۆناغەماندا شوێنەوارەکانمان نەکرێنە شوێنی گەشتوگوزاری، تا پێخوستیان لەسەر نەبێ و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زیانیان پێنەگات، تا ئەو کاتەی هەلومەرجی لەبار دێتە پێشەوە، ئەوساکە گەشتیارەکانی بیانی، یان کەسانی لای خۆمان بۆ دیدەنی و سەردان بە یارمەتی و هاوکاری چاوساغی شوێنەوارناس یاوەریان بن.

(٧) چاپکردنی کتێب و نامیلکەی ڕەنگاوڕەنگ و بە زمانەکانی بیانی و خۆماڵی بۆ مەبەستی ناساندن و نیشاندانی بایەخ و گرنگی شوێنەوار، هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی کەتەلۆک و دەلیلی ساڵانە و کارتی فۆتۆگراف بۆ ناساندنی شوێنە گرنگەکانی شوێنەوار تا بدرێنە بیانییەکان و گەشتیارانەوە، هەروەها دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بەو بوارە زۆر بکرێ.

(٨) نابێ بە هیچ شێوەیەک مەولیدەی کارەبا لە نزیک هیچ شوێنێ دابنرێ کە شوێنەواری لێیە، چونکە لەرزینەکەی دەبێتە هۆی زیان گەیاندن پێیان.

(٩) دەستەبەرکردنی کەلوپەلی پێشکەوتووی پشکنین لە ئێستاوە ئامادە بکرێ بۆ ئایندە لە پاڵ بوونی (تاقیگەیەک)ی تایبەت بە شوێنەوار.

(١٠) هەر هەنگاوێ بنرێ بۆ نۆژەن کردنەوە و دەسکاری کردنی شوێنەوار، پێویستە پێش وەخت سیمیناری بۆ بگیرێ و بیروڕای لەبارەوە ئاڵوگۆڕ بکرێ و کاری گرووپ و تەنیا کەس و لایەن نەگیرێتەبەر و جێبەجێ نەکرێ.

(١١) سنوورەکان و بازگەکان چاودێری توندیان لەسەر بێ بۆ ڕێگەگرتن لەوانەی شوێنەوار ئاودیو دەکەن تا دەستیان بەسەردا بگیرێ و ئەوانیش لەبەردەم یاسادا لێیان بپێچرێتەوە.

# بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا

ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی بەیتناسیدا، هەموو کات شێوازە جیاوازەکانی بەیت و باو و بەگشتی لقە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەر کامەیان بەجیاو بەشێوەیەکی لێکدابڕاو تاوتوێ کراون. لاوک بە ژێرکۆمایەک (زیر مجموعه) لە خەرمانی ئەدەبی زارەکیی کوردی و حەیران بە ژێرکۆمایەکی تر حیساب کراوە. ئەوپەڕی پێوەندیی نێوان ئەم دوو لقە فۆلکلۆرییە کە بە ڕەسمی ناسرابێ و باسی لێوەکرابێ، لەوانەیە هاوسنووری و جیرانەتیی بەستێنەکانیان بووبێ، تەنانەت ئەوکاتەی بۆ نموونە کار لەسەر بەیتەکان کراوە هەر کام لە بەیتەکان، سەربەخۆ لەوانی تر شرۆڤە کراون. سەیدەوان باسێکی تایبەتی لەسەر کراوە و خەج و سیامەند باس و خواسی جیاوازی تری بۆ ئامادەکراوە. دەکرێ بڵێین بەگشتی دوو هۆکار بۆ پێکهاتنی ئەم بارودۆخە، کارێگەریتی تایبەتییان بووە:

أ- جەختکردن لەسەر ناوەرۆکی هەر کامە لە بەیتەکان بە جیاو گرینگی نەدان بە فۆرم و پێکهاتەی گشتییان.

ب- جۆرە تێڕوانینێک بۆ بەیت کە گرینگیی بەیت هەر بە تەنیا لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی ئەم بابەتەدا دەبینێ و بەیت وەکو بابەتێکی هونەری کە خاوەنی جوانیناسی تایبەت بە خۆیەتی و وەکو ژانرێکی ئەدەبی خۆبژێو کە خاوەن یاسا و ڕێسای خۆیەتی، بە ڕەسمی ناناسێ.

دیارە هەر کام لەم گریمانە، گرفتی تایبەت بەخۆیان بۆ هەرێمی باس و بابەتەکانی بەیتناسانە ڕەکێش دەکەن، ئەگەر ئێمە هەر بە تەنیا قسە لەسەر ناوەرۆکی بەیتەکان بکەین ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆ نموونە مەنزوومەی شیعریی «قەڵای دمدم»ی مەلا کەریم فیدایی، چ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەیتی دمدم-ی ڕەحمان بەکر دەبێ؟ یان مەم و زین-ە وەرگێڕدراوەکەی هەژار چ جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ مەم و زینی نوسخەی ئۆسکارمان دەبێ؟ ئەگەر لە وەڵامدا بڵێین «قەڵای دمدم»ی مەلا کەریم فیدایی لە باری ناوەرۆکەوە، جیاوازە لە بەیتەکەی ڕەحمان بەکر، دەکرێ ئەم وەڵامە بەم پاساوە ڕەت بکرێتەوە کە ئەم چەشنە جیاوازییە ناوەرۆکییانە، تەنانەت جیاوازیی لەمەش زیاتر زۆر جاران لەنێوان دوو نوسخەی بەیتێکیشدا بەدی دەکرێ، ئەگەریش بڵێین جیاوازیی ئەم مەنزوومە شیعرییە، لەگەڵ بەیتە فۆلکلۆرییەکە، جیاوازییەکە واوەی جیاوازیی ناوەرۆکی و پێوەندی بە فۆرم و پێکهاتەی هەر کام لەو

بابەتانەوە هەیە، ئەودەم ڕاست دەگەین بەو قەناعەتە کە بۆ ناسینی بەیتەکان جەختکردنی ڕووت لەسەر ناوەرۆکی بەیتەکان کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشێ بەو کەسانەی بەڕاستی بەدوای ناسینی بەیتەوەن. ئەو شێوازە بەیتناسییەی نەتوانێ بەشێوەیەکی شیکارانە جیاوازییەکانی بەیتێکی فۆلکلۆری لە مەنزوومەیەکی شیعریی لێک بداتەوە، شێوازێکی شیاوی پشت پێبەستنی نییە. دیسان گرفتێکی تر کە هەر گریمانەی «ئەلف» بۆمانی سازدەکا ئەوەیە کە بۆ نموونە لە بابەتی وەکو ئازیزە یان پایزە یان گەلۆ-دا کەم و زۆر چوارچێوە ناوەرۆکییەکان دیاری کراون. زۆربەی نوسخەکانی پایزە، بە چاوپۆشیکردن لە هەندێک جیاوازی ناگرینگ، ناوەرۆکێکی هاوبەشیان هەیە. ئازیزە و گەلۆ-ش هەروەتر. دەی ئەگەر گرینگی باسەکە هەر لە ناوەرۆکی ئەو بەندانەدایە، ئێمە بەچی دەزانین نوسخەیەکی ئازیزە لە نوسخەیەکی دیکە جوانترو هونەریترە! بەیتناسێک کە تەواو ئاشنای بەندی گەلۆیە ئەگەر نوسخەیەکی تازە دۆزراوە لەم بەندەی- کە پێشتر نەیدیتووە- لەبەردەست دابندرێ، تەنانەت بەر لە خوێندنەوەشی، زۆر و کەم دەزانێ بەندەکە باسی چی دەکا، ئەوەی ئەو بەیتناسە لە یەکەم خوێندنەوەیدا سەرنجی دەداتێ، چۆنیەتی داڕێژرانی ڕستەکان و ڕادەی ناسکبوونی تەعبیرەکان و بەگشتی شێوەی دەربڕین لەم نوسخەیەدایە و ئەوانە هەموویان لە دەرەوەی بەستێنێکی ناوەرۆکیی ڕووتن.

بۆچوونی دووەمیش بەشێوەیەکی تر لە گرینگی بەیت کەم دەکاتەوە. گومان لەوەدانییە بەیتی کوردی سامانێکی چڕوپڕ و دەوڵەمەندی لە زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکانی لەخۆ گرتووە، بەڵام بەم حاڵەشەوە بەیت نە بە تەنیا بابەتێکی مێژووییە و نە بابەتێکی کۆمەڵایەتی ڕووتیشە، ئەگەر وابا دەبوو بە هۆی وتارێکی شیکارانەی مێژوویی لەسەر کارەساتی دمدم، هەرچی نوسخەی بەیتی دمدمە وەلانرابان، بەڕاستی ئەگەر لەبایەخە تایبەتەکانی جوانیناسی بەیت بترازێین، ئەو بەندانەی خوارەوە لەبەیتی دمدم، لە باری مێژووییەوە هەڵگری چ زانیاریگەلێکی بە قەدر و قیمەتن؟

**سوارێک هات بەنادری**
**کەس نیە چەکانی وەرگری**
**خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»**
**«خان ئەوە عەزرەتی خدری»**

**سوارێک هاتووە لە بۆ گەشتێ**
**بەویە سوورەتی بەهەشتێ**
**خان دەپرسێ: «ئەوهە کێیە؟»**
**«ئەوهە وەیسی ماهی دەشتێ»**
**سوارێک هاتووە لە کارخانێ**
**بەویە سوورەتی ئیمانێ**
**خان دەپرسێ «ئەوهە کێیە؟»**
**«خان شێخ عەبدولقادری گێلانێ»**

**سوارێک هاتووە هونەرمەندە**
**ئەسپابی دەعوایەی ڕەندە**
**خان دەپرسێ، ئەوهە کێیە؟»**
**«خان ئەوهە شاهی نەخشبەندە» (١)**

بەڕاستی بڵێی بکرێ ئەم بەندانە وەکو بەشێک لەو ڕاپۆرتە مێژووییە چاویان لێبکرێ کە باسی ڕووداوی دمدم دەگێڕنەوە؟ لەوانەیە لەنووسراوە مێژووییەکانیشدا، گەیشتن بەو عەینییەتەی هەموو جیاوازییەکان لە هەموو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان بسڕێتەوە، کارێکی گونجاو نەبێ، بەڵام بەلانی کەمەوە دەکرێ بڵێین لە نووسراوە مێژووییەکاندا، گەیشتن بەو عەینییەتە دەتوانێ وەکو ئامانجێک- تەنانەت ئەگەر زۆر دوورەدەستیش بێ- لەبەرچاوی هەموو مێژوونووسێک بێ. کەچی ئێمە لەوبەشەی بەیتی دمدم-دا، لە جیاتی عەینییەتی مێژوویی، لەگەڵ زەینییەتی تایبەتی کوردێک بەرەوڕوو دەبینەوە کە ئەگەرچی باپیرانی لە مەیدانی شەڕێکی نابەرامبەردا دۆڕاون، بەڵام لە چوارچێوەی تایبەتی بەیتەکەدا، دیاریکردنی ئارایشتی سوپای هەردووک لا بەمافی خۆی دەزانێ، بۆیە زۆر بە شێنەیی و لەسەرەخۆ، بەوپەڕی تێڕادیوییەوە، سوڵتان مەعرووفی کەرخی و شەمسی تەورێزی و رابیعەی عەدەوی و سەعدی وەقاس ڕەوانەی ناو سوپای کوردان دەکا و لە بەرامبەردا هەرچی کافر و مەلعوونە، بە پاڵەوپەستۆ، دەباڵ قۆشەنی ئەنگامەی عەجەم دەپەستێ. کەواتە دەڵێین دەقی بەیتی دمدم، وەکو هەموو بەیتەکانی دیکە دەقێکی هونەرییە.

نیشانەناسی، وەکو زانستی تاوتوێ کردنی دەلالەتە جۆراوجۆرەکان پێمان دەڵێ هەرچی نیشانەی زانستییە تەعبیر لە عەینییەتێک دەکا، بەدەر لە شوێن وەرگرتن لە زەینییەتە تاکەکان، بەڵام نیشانەی هونەری تەعبیر لەو زەینییەتانە دەکەن کە دەیانهەوێ لە سەرڕاوە بەشێوەیەکی

تازە جیهان بخولقێننەوە. بۆیە هیچ لەمپەرێک ڕێگا لە بەیتبێژی کورد ناگرێ هەتا شەڕی قەڵای دمدم بە فەزایەک ببینێ کە ئاڵای نەبی تێدا هەڵکراوە.

ڕوانینی ڕووتی مێژوویی بۆ بەیت تەنانەت ئەم ختووکەیەشمان لە دڵ داوێ کە بۆ نموونە نوسخەکانی بەیتی «هرمزاغای مەنگوڕ» کۆ کەینەوە و بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، هەڵە مێژووییەکانیان لێ هەڵپەرتێوین و نوسخەیەکی پاڵاوتە لەبەردەستی خوێنەر بنێین!

مێژوونووس هەقی خۆیەتی بۆ ناسینی زیاتری کەسایەتی «کاکە میر و کاکە شێخ» ، ئاوڕ لەو نوسخانە نەداتەوە کە لەگەڵ دەقی شەرەفنامە ناکۆکن و زیاتر ئەو نوسخانەی بەلاوە پەسند بێ کە نێوەرۆکیان لەگەڵ نێوەرۆکی سەرچاوە مێژوویییە باوەڕپێکراوەکان یەک دەگرێتەوە، بەڵام نە ئەو مێژوونووسە دەتوانێ بەم پاساوە کە ئەو نوسخانە هەڵەی مێژوویییان تێدایە شتوگومیان بکا و نە بەیتناسیش دەتوانێ لە کاری بایەخدانان بۆ ئەم نوسخانە، جوانکاری و ناسککارییە هونەرییەکانیان پشتگوێ بخاو هەر بە تەنیا گرینگی بە سەنەدییەتی مێژووییان بدا.

وەکو دوایین گوتە لەم بارەیەدا دەمهەوێ پرسیارێک ئاراستەی بەیتناسان و خوێنەرانیش بکەم؛ پرسیارێک کە لەناو چوارچێوەی بارودۆخێکی گریمانەییدا دەتوانێ بێتە ئاراوە؛ وای دابنێین دوو نوسخەمان لە بەیتی «کاکە میر و کاکە شێخ» لەبەر دەستدایە. ناوەرۆکی یەکێکیان لەگەڵ دەقی سەرچاوە مێژوویییەکان یەک دەگرێتەوە و ئەوی تریان ئەو هاوجووتییە ناوەرۆکییەی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەم نوسخەیەی لەگەڵ دەقە مێژوویییەکان نارێکە خاوەنی فۆرمێکی زۆر پتەو و پێکهاتەمەندە و ڕستەکانی زۆر وەستایانە داڕێژراون و تەعبیرەکانی لەوپەڕی ناسکیدان و نوسخەکەی تر لەم ڕووەوە ناگاتە ئاستی ئەمەیان. بە ڕاستی لەم حاڵەتەدا بەیتناسێکی شارەزا، کامە نوسخە بە هونەریتر و گرینگتر دەزانێ و بێ ئەوەی هەوڵی شرتو گوم کردنی هیچ کامیان بدا، کامەیان بەرزتر دەنرخێنێ؟

بەوەلانانی ئەو شێوە لێکۆڵینەوانەی هەر بەتەنیا جەخت لەسەر لایەنی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بەیت دەکەن، ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە چ میتۆدێک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بەیت لەبار و بە کەڵکە؟ چ جۆرە شیکارییەک دەتوانێ چوارچێوەی بەیتمان پێ بناسێنێ و لە تاوتوێکردنی دەقە جۆراوجۆرەکاندا شارەزامان بکا؟

ئەو بابەتەی لێرەدا دەمانهەوێ بیخەینە ڕوو، هاوچەشنی ئەو بابەتە کە لە وەڵامی پرسیارێکدا گەڵاڵە دەکرێ کە لەبارەی چۆنیەتیی فێربوونی زمانێکی تازە، پرسیار دەکا، دوای ئەوەی کەسێک ڕێزمانی زمانێکی تازە فێربوو تارادەیەکی شیاو ئاشنای وشەو زاراوەکانی ئەم زمانە تازەیە بوو، ئینجا بۆخۆی دەتوانێ ڕستەی ڕێزمانی تازە کە دەلالەت بۆ مانای دڵخوازی دەکەن، دابهێنێ.

ئایا دەتوانین بەیتیش بەخاوەنی ڕێزمانێکی ئەوتۆ بزانین کە بکرێ یاسا و ڕێساکانی بدۆزرێتەوە و چوارچێوە گشتییەکەی وێنا بکرێ؟ بە ڕاستی دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ڕێزمانەی دانەدانەی ڕستەکانی ناو بەیتی پێ دادەڕێژرێ، ڕێزمانی کوردی بێ، ڕێزمانێکی بووتیقاییش هەیە کە بە گوێرەی ئەم ڕێزمانە تایبەتە چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان و بەندەکان و بەگشتی چۆنیەتیی تەرکیبی بەیت، دیاری دەکرێ. دۆزینەوەی چوارچێوەکانی ئەم ڕێزمانە بووتیقاییە، گەورەترین هەنگاوە کە لە بواری بەیتناسیدا دەتوانین هەڵیهێنینەوە.

ئێمە ئەگەر بزانین بۆ نموونە هەر بەندی حەیران لە سێ بەش پێک دێ و کۆتایی هەر بەشەش لەخۆگری ڕێکەوەندێکی سەرواداره کە سەرواکەی لەگەڵ سەروای دووبەشەکەی تر یەکن، ئەو دەم دەتوانین ئەوەندە شارەزاییە وەدەست بێنین کە بزانین لەو دوو بەندەی خوارەوە، کامەیان بەشێوەیەکی ڕێزمانی داڕێژراون و کامەیان لەم دەربڕینە ڕێزمانییە بێبەرین.

بەندی یەکەم:

**ئەمن دەڵێم لەوێ نۆرێ هەتا ئەوێ نۆرێ**
**ئەوە مەڕ و مێگەلی خۆیان ڕاکێشان بۆ سەر گۆلی دە بەرخ شۆرێ**
**ئەتۆ دای و خوشکی دە خۆت نەبوون**
**لە بۆتیان ناردبانەوە بە دیاری هەر دۆڵاغ و گۆرێ(٢).**

بەندی دووەم:

**ئەی خودا هاوار ئەی موسڵمانان؛**
**کوڕم کوژراوە**
**بە پیرەسەری جەرگم بڕاوە(٣)**

نەک هەر فۆرمە فۆلکلۆرییەکان خاوەنی ڕێزمانی

تایبەت بەخۆیانن، بەڵکو چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕکردنی فۆرمەکان و چۆنیەتی گۆڕانیان لە قاڵب و شێوە گوتنێکەوە بۆ قاڵب و شێوە گوتنێکی تریش، خاوەنی ڕێزمانێکی ڕێکوپێکە.

بەر لەوەی بپەڕژێینە سەر چۆنیەتی وەدیهاتنی ئاڵوگۆڕ لە فۆرمی بەربڵاوی بەیتی کوردیدا، با بەشێوەیەکی بەراوردکارانە، ئاوڕ لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیک بدەینەوە و قسە لەسەر قاڵبێکی شیعری کلاسیک بکەین کە لکی چکۆڵەتری لێ بۆتەوە و دواتر ئەم لکە وەکو قاڵبێکی تازە لە بەستێنی ئەدەبی کلاسیکدا بە ڕەسمی ناسراوە؛ ڕووداوێک کە لە بەستێنی بەیتی کوردیشدا ڕووی داوە، بەڵام زۆر کەم ئاوڕی زانستی لێدراوەتەوە.

قەسیدە قاڵبێکی شیعریی زۆر گرنگ لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسیدایە، گرنگی قەسیدەبێژی لە شیعری عەرەبیدا تەنانەت بۆ دەورانی بەر لە ئیسلامیش دەگەڕێتەوە و ئەو حەوت پارچە قەسیدە فەسیح و بەلیغە کە بە «معلقات سبع» ناویان دەرکردووە و دەڵێن هۆنراوەی حەوت شاعیری بەنێوبانگی عەرەبی زەمانی جاهیلین و وەختی خۆی لە دیواری کابە هەڵاوەسراون، شاهیدی ئەم بۆچوونەن. فارسەکان ئەم قاڵبە شیعرییەیان لە عەرەبەکان وەرگرتووە و بۆ مەدحی پادشا و ئەمیرە گەورەکانیان بەکاریان هێناون. (لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا، حکومەتێکی نەتەوەیی بەهێز نەبووە کە بە دیاریکردنی ناوەندێک، حوکم بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتی کورداندا بکا، یان ئەگەر هەبووە وەکو نموونەی فەرمانڕەوایی بەدرخان، زۆر کەمخایەن بووە، هەر بۆیە دەرباری ئاواش نەبووە کە بە پووت زێڕ و زیو بخاتە بەردەمی ئەو شاعیرە مەدداح و پەسنبێژانەی کاریان هەر بە تەنیا هۆندنەوەی قەسیدەی مەدحی بێ، ئەوەتا لە ئێرانیشدا، لەسەدەی شەشەم و حەوتەم بەملاوە، بەدوای تێکچوونی فەرمانڕەواییەکی بەهێزی ناوەندی لە ئاکامی هێرشی «مەغۆل»دا، گوتنی قەسیدەش بەم شێوەیە لەناوچوو و قەسیدەبێژەکانیش لە مەدحی پادشاکانەوە بایانداوە بۆ پەسنی وەلی و پیاوچاکان.

قەسیدە پارچە شیعرێکی درێژە و تەنانەت جاری وایە تا حەفتا بەیتیش خۆی لەبەریەک دەکێشێتەوە، ئەم قاڵبە شیعرییە لە چواربەش پێک دێ. بەشی یەکەم تەشبیب (تشبيب)ی پێ دەڵێن، وشەی تەشبیب کە لەگەڵ وشەی (شباب) هاوڕیشەیە، بە مانای یادکردنەوەی هەڕەتی لاوییە. لەبەر ئەوەی قورسایی زۆرتری هەست و سۆزی ئەم دەورەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و ئەویناری، کەواتە ئەم بەشەی قەسیدە، زیاتر لەخۆگری شیعری ئەویندارانەیە، هەربۆیە ئەو بەشە سەرەتاییە، جگە لە (تشبيب) بە تەغەزول (تغزل) واتە گوتنی شیعری ئەویندارانە و هەروەها بە (نسيب) واتە گوتنی شیعری ناسک بۆ ژنانیش ناسراوە. دیارە لەبەر ئەوەی بەشی سێیەمی قەسیدە، مەدح و پێهەڵگوتنی پیاوێکی گەورە لەخۆی دەگرێ، دەبێ شاعیر بتوانێ بەشێوەیەکی زیرەکانە بەشی یەکەم یان بەشی تەشبیب لە بەشی سێیەم واتە بەشی مەدح گرێ بدا و لێکیان ببەستێتەوە. ئەو بەشەی کاری ئەو پێوەندی سازکردنە مانایییە دەکا تەخەللوس (تخلص)ی پێ دەڵێن کە بەشی دووەمە و سەرکەوتنی بەرچاوی شاعیریش بۆ ڕێکخستنی ئەم پاژە کە ئەگەرچی لە هەموو بەشەکانی دیکەی قەسیدە کورتترە، بەڵام لە هەمووشیان دژوارترە حوسنی تەخەللوس (حسن تخلص)ی پێ دەگوترا، (دوای بەشی مەدح کە زۆرترین پێوانە لە ڕووبەری قەسیدەکە دەگرێتەوە ، لە دوایین بەشدا کە (شريطه)ی پێ دەڵێن، شاعیر دوعای بەخێر بۆ کەسایەتییە گەورەکە (مەمدووح) دەکا و لەبەرئەوەی شاعیری قەسیدە بێژ لەم بەشەدا زۆرتر هیوای تەمەندرێژی هەتا هەتایی و ژیانی ئەبەدیی بۆ مەمدووح دەخواست، ئەم بەشە دوعای تەئبید (دعاى تأبيد)یشی پێ دەگوترێ کە بە مانای دوعای هەتا ئەبەد مانەوەیە.

نموونەیەک لەم قەسیدە مەدحییانە بەهەر چوار بەشەکانییەوە ئەم پارچە شیعرەی «خاقانی»یە:

(تشبيب)

**ما فتنه برتوایم وتو فتنه بر آینه**
**ما را نگاه در تو، ترا اندر آینه**
**تا آینه جمال تو دید و تو حسن خويش**
**تو عاشق خودی، ز تو عاشق تر آینه**

.....

**در آینه دريغ بود صورتی کز و**
**ببيند هزار صورت جانپرور آینه**

(تخلص)

**از رأی شاه گيرد نور وضوء آفتاب**
**وز روی تو پذيرد زيب و فر آینه**

(مدح)

**سلطان اعظم آنكه اشارات او زغيب**
**چونان دهد نشانى كز پيكر آينه**
**شاهنشهى كه بهر عروس جلال اوست**
**هفت آسمان مشاطه و هفت اختر آينه**
**......**
(شريطه)
**بادت جلال و مرتبه چندان كه آسمان**
**هر صجدم بر آورد از خاور آينه(٤)**

ئەوە قاڵبی تایبەتی و فۆرمی گشتیی قەسیدە بوو، بەڵام ئەو بابەتەی دەمانهەوێ لەم وتارەدا جەختی لەسەر بکەین، باسێکی واوەی باسی ئەم قاڵب و فۆرمەیە، قەسیدە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی دوور و درێژ بوو و بێبەری بوو لە تایبەتمەندیی کورت بڕینەوە و لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی بەردەنگەکەی هەر بە تەنیا کەسێک یان کەسانێکی تایبەت بوون، وێڕای ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی باسمان کردن، بەرە بەرە لە کورتی و لە کزیدا، بەڵام لە جیاتی ئەو، بەشی یەکەمی واتە تەشبیب هەم لەبەر ئەوەی ناسکترین و هونەریترین بەشی قەسیدە بوو هەم لەبەر ئەوەی سەرنجی جەماعەتێکی یەکجار زۆری بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، بەرە بەرە لە قەسیدە جیابۆوە و وەکو قاڵبێکی شیعریی سەربەخۆ بەناوی «غەزەل» ناوی دەرکرد. لە غەزەلدا بە گوتەی نووسەرێکی ئێرانی، مەعشووق جێگای بە مەمدووح لێژکرد و بە سیمایەکی دلڕفێنی ئەوتۆ کە تێکەڵاوێک بوو لە سێ سیمای مەعشووق و مەعبوود و مەمدووح، هاتە مەیدانی شیعری کلاسیک(٥). لەبەر ئەوەی شاعیر لە قەسیدەدا، بەر لە دەستپێکردنی بەشی مەدح، تەخەللوسی بە ناوی مەمدووحەکە دەکرد، دوای لە کزیدانی قاڵبی قەسیدە و وەرمێن کەوتنی قاڵبی غەزەل، تەخەللوس بوو بە کۆتایی غەزەل و شاعیر لە جیاتی ناوی مەمدووح ناوی خۆی دێنا(٦).

غەزەل تا ئەو ڕادەیە لەلایەن شاعیران و شیعرناسانەوە گرینگی پێ درا کە دیوانی زۆربەک لە شاعیرە گەورەکان، لە ڕاستیدا دیوانی غەزەلیات بووە، بەڵام دیسان ئەو قسەیە هەتا ئێستاش لەسەر زاری شیعرناسان بووە کە: «غەزەل تەشبیبی قەسیدەیە»، بەم شێوەیە غەزەلێک کە ئەوپەڕی هەتا دە بەیت درێژ دەبۆوە جێگای قەسیدەی حەفتا بەیتی گرتەوە و ناوەرۆکی تەڕی وەسفی ئەویندارانە جێگای نێواخنی وشکی وەسفی دەسەڵاتدارانی گرتەوە.

حافز لە قەسیدەیەکدا بۆ مەدحی دەسەڵاتدارێک دەڵێ:

**وزير شاه نشان، خواجهى زمين و زمان**
**كه خرمست بدو حال انسى وجانى**
**قوام دولت و دنيا محمد بن على**
**كه ميدرخشدش از چهره فر يزدانى(٧)**

بڵێی بەلای شیعرناسانەوە، زیاتر ئەم دوو بەیتی سەرەوە پەسند بێ یان ئەم دوو بەیتەی خوارەوە کە هەر لە غەزەلێکی حافزەوە هەڵبژێردراون.

**آه از آن نرگس جادو كه چەبازى انگيخت**
**واه از آن مست كه با مردم هشيار چەكرد**
**اشک من رنگ شفق يافت ز بى مهرى يار**
**طالع بى شفقت بين كه درين كار چه كرد.(٨)**

بەیتی کوردی مەدحی دەسەڵاتداران ناکا، وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە ناوەرۆکییەدا بەڵکو لە لایەنێکی فۆرمی و پێکهاتەییدا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چەندین بەشی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن کە مەنتیقی فۆرمیی و ناوەرۆکی ئەم بەشە جۆراوجۆرانە تاڕادەیەک پێکەوە جیاوازییان هەیە.

بەیت لە هەندێک بەشیدا بە وەسفی ناسک و ئەویندارانە شێوازێکی لیریک و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا بە زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگدا بەدی دەکرێن:

**مەرزنیگان هەر لەکن من مەرزینگانە**
**لەکن من چاوە کۆترە و لێی ون بووە هێلانە**
**لەکن من بەرخە کۆرپەڵەی دوای مێگەلانە**
**لەکن من گەوهەری خەزێنەی شاە و سوڵتانە**
**هەر لەکن من موحتەبەرە، لەبەر دڵانە**
**یان دەبێ سەری خۆم بەرمەوە گۆڕ و گۆڕخانە**
**یان دەبێ سەری خۆم بکەم بە گۆی مەیدانە(٩)**

لە هەندێک بەشی تردا، بەهۆی زەقبوونەوەی کێشەکان، ڕەنگی دراماتیکی بەیت بەشێوەیەکی تۆختر خۆی دەنوێنێ. بەیت ئەگەر لە بەشە لیریکییەکەیدا مەنتیقێکی ستێتیک و نەرمونیانی هەیە، لە بەشە دراماتیکەیدا خاوەنی مەنتیقێکی دینامیک و پڕ

جـووڵـەترە. لەم بەشـانـەدا کـارەسـاتە تراژیدییـەکـان بە خێراییەکی زۆر لە حاڵی قەوماندان:

**دە جـا سـواران با وەخرِ بن، جڵـەوگـیری دوژمـن بکەن رۆژی لێقەومانە**

**کەلاک دەکەوێتە گۆڕێ و رۆژی دڵهێشانە...**

**لەشکر بەرامبەری یەکتـر دەبوون، دەنگی قـەرەبینایە و رمبی دەمرەشی هەژدە قەوماوە**

**شـۆڕ مـەحـمـوود هەر جـارێکی رکـێـفی بۆ ولاغی شێرخەزاڵی (؟) دەهێناوە**

**دوازدە کـەسی لە ئەمیر و سەردار عـێلان لەسەر پشـتی رکێفی فڕێ دەداوە.**

**مەستی مـەرزینگان-ە دەربەستی مردن نیە هیچ ئاگای لەخۆی نەماوە**

**وا دەزانێ دەسـتـی لە گـەردنی مـەرزینگان-دایە، هەر نازانێ رۆژی دڵهێشانە و قەوماوە(١٠)**

جیـا لەم دوو بەشە، لە هەندێک بەشی تردا، شێوازی بەیت نە ئەوەندەی شێوازە دراماتیکە پڕ جووڵەکە، تەژی لە کێشەیە و نە ئەوەندەی شێوازە لیریکە نەرمونیانەکە، ڕاوەستـاوە یان بلـێـین هەم جووڵەیەکی دراماتیک و هەم نەرمونیانییـەکی لیریکی تێدایە. لەم شوێنانەشدا هۆی دراماتیک بوونی دەق، وتووێژێکی بەردەوام لە نێـوان دووکـەسـە و هۆی لیـریک بوونیش، ئەوەیە کـە ئەم وتووێژانە زۆرتر ئەویندارانەن و لەبەر ئەوەی وەسـفـەکـان درێژ دەبنەوە و دەلالەت بۆکردە و کێشە بگۆڕەکان ناکەن بەڵکو دەلالەت بۆ حـاڵەت و وەسـفە نەگۆڕەکـان دەکەن، خەسڵەتێکی ڕاوەستاویان هەیە:

شۆڕ مەحموود هاتە بەر پەنجەرەی بانگی مەرزنیگانی کرد و گوتی:

**کیژێ بێبەعسەتی، بەعسەت پێنەدراوی**

**رەشـەرێحـانەی ئێـسـتـا دەست لێنەدراوی، نەژاکاوی و هەڵنەکەندراوی**

**زەردە مـەمـانت حـەفس کردووە لەژێر کراسی مـەحـمـەڵ داراییدا بە میسالی هەرمێ گولاوی**

**تێشـوی تـەرکە و تورکـومـانم دەیە، بۆم هەڵێنە گۆشەی چاوی..**

مـەرزینگان ئەگـەر چاوی بە شـۆڕ مـەحـمـوود کـەوت، بەرۆکی ئاواڵە کرد و گوتی:

**ئەوە کـــاری بابـە دەتنێـرێ بۆ جـــەنگی چووکــەڵی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەرِییە**

**ئاگاداری تۆ بێ ئەلیاس لە بەحرێ و خدر لە چۆلی و لە بەرِییە...**

**لەپاشت بەجێ نـەمێـنێ بەژنێکە باریک و دوو کۆڵمەی لیمۆییە(١١)**

لە هەندێک شـوێنی تردا، قـورسـایی بەیت دەکـەوێتـە سەر شینگێڕی و نزای عەودالانە. لەم بەشانەدا، دیالۆگی ئەویندارانە جێگای خۆی دەدا بە وایلۆکی مـەزلوومانەی کەسێکی لێقەوماو:

**ســـوارینە وەرن لە دڵێکە من گـــەرێن ئەوە چ بووە چ قەوماوە**

**ئەی لەوی خەبەری لە نەدیو و لەنەکاوە!**

**کورە خۆ ڕاستە دەڵێن شۆڕ مەحموود لە گێژی دەریایەدا خنکاوە**

**سـەڵای گـەورە و گـرانم لێـرابوو کـەسم لە مـاڵـە باوانی نەماوە**

**شـەرت بێ پاش تۆ یەخەی کەتانی من بۆ کەس ئاواڵە نەکراوە**

**تا ئەو رۆژەی دەڵێـن رۆژی قـیـامـەتە و رۆژی حـەشرە و خودا دیوانی داناوە(١٢).**

کـەواتە وەکـو ئەنجـامگـیـرییـەک دەکـرێ بڵـێـین، لە بەیتەکاندا چەند بەشێکی وەک وەسف و نزا، گێڕانەوەی ڕووداوەکـان و شـینگێڕی، کـری بەیت دەچنن، ئینجا لە بەشی گێڕانەوەشدا جاری وایە ڕەوتی ڕووداوەکان خێراو پڕ کـێشـە دەبێـتەوە و جاری واشە بە هاتنی وتووێژێکی دوو لایەنە بێـئەوەی ڕەوتەکە تەواو بوێسـتێ، تاڕادەیەک لە خێراییەکەی کەم دەبێـتەوە، لە بەشی وەسف و نزا دا، هیچ ڕەوت و ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە پێـهـەڵگوتنە. بەشی شـینگێـڕی بە چەند هۆ، تاڕادەیەک تایبەتمەندیی بەشەکانی تریشی پێدەبڕێ. هۆی یەکەم ئەوەیە کەسی شینگێڕ بە بیانووی شینگێڕییەوە، بەشـێـک لە ڕووداوە تراژیدییـــەکـــە دەگـێــڕێتـــەوە و ڕەنگدانەوەی کـێـشـەکـان لەم بەشـەدا تاڕادەیەکی کـەم وەبەرچاو دەکـەوێ، هۆی دووەم ئەوەیە چونکە کـەسی قوربانی و خۆشەویستی کەسی شینگێڕە، کەواتە وەسف و نزاو پێهەڵگوتنیش دێتە ناو شینگێڕییەکەوە.

لەنێو ئەم بەشە جۆراوجۆرانەدا، جوانترین و ناسکترین و سەنج ڕاکێشترین بەش، دیالۆگی ئەویندارانەی کیژ و

کورە. هەر ئەوبەشەیە کە لە پێکهاتەی بەیت جیابۆتەوە و وەکو جۆرێکی فۆلکلۆری سەربەخۆ بەناوی حەیران، درێژەی بە ژیانی خۆی داوە. ئەگەر غەزەل تەشبیبی قەسیدە بێ حەیرانیش ئەو غەزەلەیە کە لە تەغەزوللی بەیتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، حەیران بە پێچەوانەی بەیتە درێژەکان، دەتوانێ تەنانەت هەتا سێ ڕستەش کورت بێتەوە. کەواتە هیچ سەیر نییە کە حەیران لەبەر ئەم سووک و چکۆڵە و گردو کۆبوونە لەلایەک و لەبەر ناسکبێژی و جوانکارییەکانی لەلایەکی ترەوە، جێگای بە بەیت لێژکردبێ و زیاتر لە جۆرە فۆلکلۆرییەکانی تر وەرمێنی کەوتبێ. ئێستا بەم ئاکامە گرینگە دەگەین کە بەرلەوەی لە باری جوغرافیاییەوە پرسیار لە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران بکەین، دەبێ لە باری فۆرمی و پێکهاتەییەوە، لە چۆنیەتی ئەم سەرهەڵدانە وردبینەوە. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بڵێین حەیران لە دەشتی هەولێر یان ناوچەی موکریانەوە سەری هەڵداوە، ئەگەرچی ئێستا ئەم دوو هەرێمە، وەک دوو ناوچەی جیاواز لەناو جوغرافیای دوو وڵاتی جیران چاویان لێدەکرێ، بەڵام لەکاتی سەرهەڵدانی حەیراندا، ڕۆژهەڵاتی موکریان هەتا ڕۆژئاوای دەشتی هەولێر لەناو یەک یەکە (واحید)ی جوغرافیاییدا بوونە. لە زەمانی زوودا ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵیان لە کۆیە و بیتوێن و پشدەر، ڕابواردووە، نیوەی تری ساڵیان لە شنۆ و لاجان و سندووس و شارویران بردۆتەسەر و بە پێچەوانە ئەو هۆزانەی نیوەی ساڵ لە کوێستان ژیابێتن، نیوەکەی تری لە گەرمێن ژیاون، ڕاستە هۆزی وا هەبووە مەودای هێڵی گەرمێن و کوێستان کردنەکەی مەودای بەرتەسک بووە، بەڵام بەگشتی ئەو هێڵەی دەشتی هەولێر بە موکریان دەلکێنێ، بەسەر ئەو ناوچانەدا تێدەپەڕێ کە هەموویان بۆ هۆزە کوردەکان ئاشنا بوونە، هۆی ئەوەی هەندێک تەعبیر و زاراوەی وەکو بەری سوێسنایەتی و بەری پیران و وڵاتی مەرگە و پشدەرییان و زۆر زاراوەی تری لەم دەستەش هەر لە کۆنەوە لە ئاخاوتنی کوردییدا باوبوونە، ئەمەیە هۆزە کوردەکان سەرەڕای هەموو گەرمێن و کوێستان کردنەکانیان، بۆ کاروباری ئاژەڵداری، ناچاربوون بۆ کاروباری کشتوکاڵیش، تارادەیەک خۆیان بە شوێنێکەوە ببەستنەوە، بەڵام کێ هەیە حاشا لەوە بکا کە ئەو خۆبەستنەوە و مانەوەیە وەک ئەو دامەزران و مانەوەیە نەبووە کە کوردەکان لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا بەرە بەرە وەکو شێوەی ژیان هەڵیانبژاردووە و ئەم شێوەژیانە بەهۆی سنوورەکانیشەوە هێندەی دیکە پەرەی سەند.

بەڕاستی کێ هەیە بڵێ عەشیرەتێکی وەک مەنگوڕ هەر بە تەنیا خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن یان بڵێ هەر بە تەنیا خەڵکی باشوورن؟ پەرشوبڵاویی ئەو شوێنە جوغرافیاییانەی عەشیرەتی هەرکی تێیاندا نیشتەجێن لە شوێنی نیشتەجێبوونی مەنگوڕەکانیش زۆرترە و هەرسێک هەرێمی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. کەواتە با چیتر بە پرسینی ئەو پرسیارە ساویلکانەیە کە حەیران لە کامە ناوچەی کوردستان سەری هەڵداوە، خەریکی دۆزینەوەی وەڵامی لەویش ساویلکانەتر نەبینەوە و نەمانهەوێ بە دەمارگرژییەکی ناوچەییەوە خۆمان لە قەرەی بابەتێکی زانستی بدەینەوە. شوێنی سەرهەڵدانی حەیران، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لەنێوان موکریان و دەشتی هەولێر هەڵکەوتوون، دیارە دوایەش بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم و بەهۆی لێکدابڕانی ئەو ناوچانە، حەیرانی دەشتی هەولێر و حەیرانی موکریان لەباری چۆنیەتی بەکارهێنانی تەعبیرەکانەوە نەختێک لێک جیاوازبوونە.

کەواتە لەجیاتی ئەوەی لەبارەی شوێنی سەرهەڵدانی حەیران پرسیار بکەین، باشتر وایە ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە پێکهاتەی حەیران لە چ پێکهاتەیەکی ترەوە سەری هەڵداوە، بۆ ئەوەی باشتر ئەو بابەتە بسەلمێنین کە پێکهاتەی حەیران، بەشێکە لە پێکهاتەی بەیت، با ئەم بەشەی خوارەوە لە وتووێژی لاس و خەزاڵ لەگەڵ بەشێکی تر کە لە حەیرانێک هەڵبژێردراوە، هەڵسەنگێنین:

خەزاڵ دەڵێ:

**بریا ئەمن دیوەخانێک بوایەم بەرەو قوبلە، شوعرەی منیان بکێشایە**

**پەنجەرەی سێ دەریان لە پێشی من لێبدایە**

**ئێوارە و سبحەینان لێی بدرایە شەوبایە**

**کەسێکی ماندوو بوایە و عێجز بوایە**

**بیکوتایە ئەوە جێگای ئیسراحەتگایە.(١٣)**

لاس دەڵێ:

**چاوت بەمن بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ ئەگەر تازە هەڵدێ پریشکان داوێ**

**بەژنت بەمن بمێنێ بە چووزەی پیرە لاولاوێ**

**سبحەینان تاو لێی نادا گوڵی لاولاو گەشە، نیوەڕۆیان**
**هیچکەس لێی نابینێ کاموکاوێ(١٤)**
**....**

حەیران:
**دەجا براینە برادەرینە بریا ئەمن گوڵێک بام لە گوڵی کەس نەناس**
**ڕەخسابام لە نەویان، لە کەویان، لە قووچەکەی بڵباسی**
**دەڵێم بریا شتڵە ڕێحانێک بام لەسەر هەیوانی ماڵە بابی نازدار حەیرانێ**
**هەموو ئێوارە و سبحەینانێ ئاوی ئیستکانی دەبن کردبام...(١٥)**

*

**بەژنی تۆ بەمن بمێنێ بە کەوێ سەهەند و سۆلاوان**
**سووره قورینگێ گەردەن گۆزەڵێ، بەوی خارێ گوڵ بەدەمێ**
**ئەگەر شەختێ پایزان لێدەدا لە ڕووباری پیرەکەڵوێ**
**بەژنی تۆم بەمن بمێنێ بەوێنەی لکە ڕێواسی**
**ئەگەر بوهاران دێنە دەرێ لەسەر قەبری حاجی مەمێنەی غولامکێ لەگەڵ گوڵی بێژانێ (١٦)**

لەوانەیە لە بەیتێکدا، هەر تەنیا بەشی شینگێڕییەکە مابێتەوە و چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتە تراژیکەکە لە ڕێگای شینگێڕییەوە بگێڕدرێتەوە. لە ڕاستیدا زۆر بەیتی وەک سەیدەوان، سوارۆ، ئەحمەدی شەنگ و کاکە میرو کاکە شێخ بەم شێوەیەن، لەبەر ئەوەی لەم بەیتانەدا لە جیاتی ئەو مەنتیقە مەجازییەی لە بەیتە درێژەکاندا وەبەرچاو دەکەوێ، زۆرتر مەنتیقێکی خوازەیی دەبیندرێ، دەکرێ ناوێ «بەیتی خوازەیی» لەم جۆرە بەیتانە بنێین.

هەر بەم شێوەیە و بەپێی ئەو مێتۆدەی لەم وتارەدا قسەی لێکراوە، دەکرێ چۆنیەتی سەرهەڵدانی فۆرمە چکۆڵەترەکانی فۆلکلۆری لەناو فۆرمی بەربڵاوی بەیتدا، شی بکەینەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- ئۆسکارمان، تحفەء مظفریە، پێشەکی و ساخکردنەوە مامۆستا هێمن، انتشارات سیدیان، ل ٣-٢١٢.
٢- سەلاح پایانیانی، کانی مرادان، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه، ١٣٨١، ل١٩٥.
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.
٤- میمنت میر صادقی، واژەنامه هنر شاعری، کتاب مهناز، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٦، ص ٢١٠-٢٠٨.
٥- دکتر سیروس شمیسا، انواع ادبی، انتشارات فردوسی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٦، ص٢٧٩.
٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.
٧- لسان الغیب، با تصحیح و مقدمه پژمان بختیاری، انتشارات امیر کبیر، چاپ یازدهم، تهران، ١٣٧٨، ص٥١٥.
٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.
٩- قادر فتاحی قاضی. شۆڕ مەحموود و مەرزینگان، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٤٨، ص٧٢.
١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤-٥٥.
١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.
١٣- قادر فتاحی قاضی، منظومه کردی لاس و خزال، انتشارات دانشگاه تبریز، ١٣٧٩، ص٦٦.
١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.
١٥- ئەحمەد بەحری، گەنجی سەربەمۆر. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٧٢.
١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

# چییەتی زمان گرنگترین شوناسی نەتەوەخوازی

**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**
**(بۆکان)**

(١)

کاتێ سەرنج دەدەینە هەرێمێکی ئینسانی، خاڵێک وەکو دەسپێک بۆ وەگەڕکەوتن بەرەو هەرێم یان جوگرافیایەکی سیاسی دیاریکراو دەبینین کە وڵات پێک دێنێ. گومان لەوەدا نییە کە دیاریکردنی هەرێم یان وڵاتێک مێژوویەک دەخوازێ کە ڕەگی لە زمانێکی تایبەتدا هەیە. لە خوێندنەوەی مێژووی وڵاتانی جیهاندا ئەمە بۆ ئێمە ڕوون دەبێتەوە کە ئاماژەی مێژوویی بەو هەرێمە ئینسانییە زۆر لە پێناسەی وڵاتانی هاوچەرخ کۆنترە، بەواتایەکی تر گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەخۆوە بینیوە. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوە کە سنوورەکان (سنووری سیاسی یان سروشتی) ناواقعین، بە گوێرەی دەسەڵات و گوشارەوە واتە سەرەڕۆیانە و بە پاڵپشتی هێزێک کە زۆر جاران هێزە ئیستعمارییەکان زۆر کارەساتاوی ئەم ڕۆڵەیان گێڕاوە، داڕێژراون. ئەم چەشنە کردەوەیە بەبێ سەرنجدان بە دابەشکردنی جوگرافی لە ڕووی دەستەی ڕەگەزی یان زمانی ئەنجام دراوە. لێرەشدا ناوی زۆربەی وڵاتان لەگەڵ سەرلەبەری پێکهاتەیەکی سروشتی (وڵاتێکی بە تەواو مانا کامڵ) نایەتەوە و ناگونجێ. ئاوا سەرجەم حکومەت و دەوڵەتەکان لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان بە جۆرێک پێناسە بکەن و وای بنوێنن کە بوونی جوگرافیای هەنووکەییان مێژوویەکی درێژی هەیە و بە درێژایی سەدەکان مانای دیاریکراوی ئێستایان هەبووە و پاراستوویانە. ئەمە چەشنێک دەستبەسەرداگرتنی ئەندێشەی مرۆڤایەتی و نێونەتەوەییە و هەوڵدانە بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر ڕاستییە مێژوویی و زەینییەکان و ڕابوردووی مێژوویی دەستکاری بکەن. بەم پێیە فەزای کۆمەڵگای ئینسانی، هەرێمی جوگرافی و چوارچێوەی ئەم جۆرە وڵاتانە هیچ پێشینەیەکی واقعی و مێژووییان نییە و ڕەگێکی دەستکرد و خەیاڵی داکوتاوە.

هەر مرۆڤێک ڕەنگە بیەوێ بە دوای پێوەندیی ئەندێشەی تایبەت بەخۆی لەگەڵ دەستەیەکی تایبەتدا بگەڕێ، دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەرچەندە لە شوێنی خۆیدا بەشێوەی جۆراوجۆر و جیاواز ئامادەیە، بەڵام لە هەر کام لەم چەمکە کۆمەڵایەتییانەدا بەشێوەیەک پێوەندیی خۆی لەنێو چینێکی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیەک یان قەومێکدا دەدۆزێتەوە و بەم جۆرە مرۆڤ لە ڕووی سۆز و عاتیفە و دەروون و لە دیدی پێناسەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی تایبەت بەو چوارچێوەیە دادەنێ. ئەمە دەتوانێ لە هەستکردی هەر مرۆڤێکدا هەبێ، یان بە شێوەی زەینی و عەینی خۆی لەو شکڵەدا پێناسە دەکا و لە ئاست و پلەی خۆی بەپێی دۆخی ژیان و بنچینەی کولتووری و نیازەکانی لەو کۆمەڵگایەدا دەردەخا. ئەمانە سەرەکیترین پرس و بابەتن کە مرۆڤ دەتوانێ شوناس و

چییەتی و کەسایەتیی خۆی بدۆزێتەوە و فەرزبوونی خۆی لە بارودۆخی دەروونی مرۆڤایەتی و نەتەوەییدا ئاراستە بکا.

بە کورتی و لە دوا لێکۆڵینەوەی ئەم بەشەدا گەرانی مرۆڤ بە دوای شوناس و چییەتی خۆی ئامرازێکی ئایدیۆلۆژیی بەهێز بەنێوی نەتەوەخوازی دەستنیشان دەکا، ئەویش نەتەوەخوازییەکی نەیارە لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیای زاڵ کە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی دوایین دەسکەوتەکانی جیهان و ئەم جۆرە فەرامۆش نەکردنەی نەتەوەخوازیش بەدوای دەسەڵاتی نەتەوەییدا دەگەڕێ.

(٢)

گەلی کورد وەکو هەموو گەلانی تر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان و لە بەرامبەر هەر کام لەو هێزە بەرچاوتەنگ و دەستدرێژکار و تێکدەرانەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی نیشان داوە و بەرگری کردووە. گەر دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان بکەین بەهۆی هەڵکەوتنی کوردستان لە شوێنێکی گرینگی جوگرافی کە لە باری مێژووییەوە لەلای ئێمە بە میزۆپۆتامیا ناسراوە و لە دابەشکرانی هەنووکەییدا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بۆ دەکرێ، دەبینین کە لە شەڕی ئاڵۆزی وڵاتاندا، چ دراوسێکان و چ وڵاتانی دوور هەمیشە بەرکار بووە و دەستاودەستی پێکراوە، یان بەهۆی بەرژەوەندیی زلهێزانی سەردەم و پێشوو هەرجارەی بەشێکی بۆتە خەڵاتی وڵاتێکی تر. لە دوو سەدەی دواتردا کێشەی سیاسی لەسەر ئەم وڵاتە بێنیشانە لەلایەکەوە لە لایەن پێکهاتەی ئەندێشەیەکی کۆنەخواز وەکو ئیمپراتۆری عوسمانی و عەرەب و تەختنشینانی ئێرانی و لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەندێشەیەکی نوێخوازی داگیرکار وەکو ئیستعماری نوێ لە چەشنی ئینگلیز، ژیانێکی چوارپارچە بە دنیا پێناسە دەکرێ، یان ئەگەر باسی دەسەڵاتی ئایینی دەکرێ و لەلای ئێمە وەکو ئەندێشەیەکی ناخخواز ئامادەیە و لەگەڵ تاکخوازیی وەکو دیارترین مەیدانی ئازاد ڕادێ، تەنیا ڕاستییەک بوو وەکو کایەیەکی یاسامەند ڕیشەی گەشەی دژەمێژوویی و قەیران لە بایەخی شارستانیەتی لە یەکێک لە ئەخلاقە گرینگەکانی تاهەتایی بوون داکوتا، یانی زمان کە ڕەمز و تایبەتمەندیی زیندووبوونی ژیانی هەر نەتەوەیەکە.

لێرەدا پێویستە لەسەر ئەمە داکۆکی بکرێ کە لە مێژووی جیهاندا هەرکە ناوی قەوم و نەتەوەکان دێتە ئاراوە، لە لایەکەوە لەگەڵ زانیارییەکی دەستکاریکراو سەبارەت بە نەتەوەکان ڕووبەڕوو دەبین کە لەلایەن حکومەتەکانەوە بۆ چەواشەکردنی ویژدانی نێونەتەوەیی تۆمارکراوە، هەروەها بەم جۆرە پلەو ئاستی وڵاتانی ڕەسمی و ناسراو بە چوارچێوەیەکی جوگرافی سیاسی دەبەنە سەرێ. ئەمەش هۆکارێکی گونجاو و بێ مەترسییە بۆ فەرامۆشکردنی نەتەوە ژێردەست یان بچووکەکان.

ستراتیژیەکانی ئەم چەشنە چەمکانەی دەسەڵات کە بەرچاوتەنگی لە پێکهاتەی ئارمانپەروەری و نموودە پڕ هەڕەشەکانیاندا پێویستییەکی هەمەگرن بۆ سەرهەڵدانێکی قوولی بێ گەڕانەوە، هەمیشە لە دیدی بیچم، چوارچێوە و ناوەڕۆکدا، لە زەمان و پانتادا دەگۆڕدرێن. ئابووری سیاسی و باقی سیستەمە پێکهاتەییەکان هاندەرێکن بۆ وەجووڵەخستنی دەسەڵات و وێنەی زەینی «دەسەڵات» بەشێوەیەکی عەقڵانی تەعبیر دەکەن و لە بەرامبەر زمان و کولتوورە سەلەفییەکان و ئەندێشە داخراوەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بازاڕە دەوڵەمەندەکانن ڕادەوەستێ و زۆرجارانیش بە هێرشکردن بۆ سەر سەربزێویی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و...تاد، جیاواز لە ناوەندی دەسەڵات بێگومان قەیرانی توندوتیژ ئاوێتەی ئەخلاقی کۆمەڵگای کەمینە دەکەن.

کاتێ دەڕوانینە مەیدانێکی جوگرافی و تێیدا دەسەڵات بە گشت چەمکەکانییەوە وەکو بەڕێوەبەر هەڵسووڕان و چالاکی هەیە، نیشتەجێیەکانی ئەم هەرێمە ڕەنگە لە چەندین ڕەگەز و زمانی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهاتبن، واتە وڵاتێکی فرە نەتەوەکان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا کە بە وڵات دەناسرێ بەهۆی دیاریکرانی زمانێکی ڕەسمی ناوەندێک بۆ پێوەندیکردن یان زاڵکردنی دەستەیەک بە سەر دەستەیەکی تردا دەستنیشان دەکەن. لێرەدا زمانی کام ڕەگەز ئەم جوگرافیایە پێکدێنێ، دەگەڕێتەوە سەر بە بنچینەکردنی دەسەڵات.

دەبێ دەسەڵات لە چنگی کام نەتەوەی ناو جوگرافیای هاوبەشدابێ؟ یان هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم هێزە زاڵانە کامانەن و بزوێنەرەکانی لە کام سەرچاوەوە وەگەڕ کەوتوون؟ هەروەها بە چ شێوەیەک ئەم دەسەڵاتەی خود هەڵدەسووڕێنن و پێناسەی دەکەن؟

دەوڵەتە نەتەوەییەکان (حکومەت) ویستوویانە کە پێناسەیەکی تایبەت بۆ چەمکی نەتەوەخوازی ئاراستە بکەن هەتا ببێتە یەکێک لە شوناسەکانی

دەسەڵاتداریێتی، یان بەم جۆرە هەوڵیان داوە چەشنی تری ڕاستەقینەی نەتەوەخوازی یانی نەتەوەخوازیی ناڕازی بسڕنەوە، یان خۆی لێبدزنەوە و بە فەرامۆشی بسپێرن. ئەم شێوەیە لە دەسەڵات شوناسێکی بەرچاوتەنگ و پاوانخوازانەی هەیە و بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و شاردنەوەی دەروونی پاوانخوازانەی، خۆی بە پشتیوانی وڵات و نەتەوە و پارێزەر دادەنێ و لە بەرامبەردا نەیارانی خۆی بەهێرشکار و زۆرجارانیش بە تیرۆریست ناودێریان دەکا. ئیتر ئەم چەشنە خۆشاردنەوەیە لە پشت چەمکی تیرۆریست جۆرێک شاردنەوەی توندوتیژیی ڕەشەکوژییە بۆ ڕاپێچدانی خود لە چنگی سزادان و ئیدانە کردن.

دراوسێکان یان ئەو چوارچێوە جوگرافییانەی کە کوردیان تێدا دەژی و لە توخمەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەدا وەکو بکەر ژیان دەکەن، لە هەرێمی کولتوور و دابونەریتدا نا، بەڵکو لە ژیانی پێوەندیی بنەڕەتی لەگەڵ جەختی بورۆکراتیک و سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی و قانوونیدا، لە ڕێی گەشەپێدانی ئامرازی کولتووری و هەمەگرکردنی کولتووری زاڵی خود و دەستداگرتن بەسەر ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە ناوەڕۆکی شۆڤێنی خۆیان وەگەڕ دەخەن. بە جۆرێک کە ئاراستەکانی ئەوان ڕەوتێک لە دژایەتییەکان، شوێنەواری مێژوویی و سیاسی و هەروەها شێواندنی کولتووری نەیاران دەخەنە ڕوو، ئەمەش هەر ئەو ئایدیۆلۆژیەیە وەکو چەمکی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی، یان سیاسی کە لە دەستی سیاسەتی پەرەپێدەردا بۆتە بیچمگرتنی دەوڵەتە سەرەڕۆ و پاوانخوازەکان. بەم شێوەیە نابەرابەری و دوابەدوای ئەویش ناعەدالەتی و هەڵاواردن، نەتەوەی ژێردەست دەخاتە ژێر پرسیار و تووشی مەترسی دەکا. ئەم نابەرابەرییانەش لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی چەند بزووتنەوەی مەزن کە مێژوو بۆ دەرخستنیان چەند ڕەوتی گرینگی دیاری کردووە و بەهۆی سنووربەندیی نوێ کە بەرهەمی ململانێی زلهێزانە و لەژێر گوشاری دابەشکردندا دانران. ئەمەش بۆ خۆی چەند ڕەوتی تری دەستنیشان کردووە کە بۆتە هۆی کۆچی بە کۆمەڵ، یان پارچە پارچەکرانی نەتەوە، دروستبوونی دەوڵەتی نوێ و داگیرکرانی خاک و.. تاد. جێی خۆیەتی کە ئاماژە بەوەش بکەین کەمینەبوون یان جیاوازبوون و باڵادەست بوونی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لە دەستەیەکی تر بەهۆی ڕەگەز یان نەتەوە، زمان، ئایین و...تاد ئەم جیاوازی یان هەڵاواردنە لە هەرکام لە چوارچێوەی سیاسی، ئابووری و کولتووریدا خۆی نیشان دەدا یان هەرکام لەم بوارانە دەبنە هۆکاری نابەرابەرییەکان. بەم جۆرە دەستنیشان دەکرێ کە لایەنی زاڵی نێو کۆمەڵگا لە چاو لایەن یان توێژی کەمینە زیاتر دەتوانێ بە ئاست و شوێنێکی گرینگ و تایبەت لە هێز و دەسەڵاتی سیاسی، نەتەوەیی و ناوچەیی بگا و لە هەموو بەشەکانی پێکهاتەی وڵاتدا گشت مافەکانی بۆ مسۆگەر دەکرێ و مافی چینی کەمینەش بۆ لای خۆی ڕاکێش دەکا.

ئێمە ئەگەر لە سەرەوە ئاماژەمان بە چەند چەمکی گرینگ کرد کە هۆی جیاوازی و بەرچاوتەنگی نەتەوەیەکن لە بەرامبەر نەتەوەیەکی تردا، لە هۆکارەکانی دەتوانین ڕەگەز، کولتوور، زمان و ئایین... دەستنیشان بکەین. لە بەشێک لە وڵاتاندا ڕەگەز هۆکاری جیابوونەوە یان باڵادەستیی دەستەیەکی ڕەگەزییە بەسەر دەستەیەکی تردا. لە سووچێکی تری جیهاندا ڕەنگی پێستی مرۆڤەکان هۆکارێکە بۆ سەروەری. یانی هەنووکەش لە دنیای پیشەکاریدا ڕەشپێستی و سپیپێستی پێگەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکا و مافی چارەنووسی هەر مرۆڤێک بەهۆی ئەم جیاوازییە دەستنیشان دەکرێ، یان ئایین (مەسیحی، موسڵمان، جوولەکە...) ڕەگەز (ژێرمەن وەکو ڕەگەزی سەروەر لە ئەڵمان) زمان (لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا یەکێکن لەبەرچاوترین و دیارترین نموونە و هۆکار کە دەستەیەکی ڕەگەزی لە دەستەیەکی تر جیادەکاتەوە).(١)

ئێمە لێرەدا زمان وەکو سەرەکیترین و زیندووترین هۆکاری جیاوازی و هەڵاواردنی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر یان زمان وەکو شوناسی هەر نەتەوەیەک دەخەینە بەردەستی ئەم وتارە و هەوڵدەدەین کە لە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریی هەنووکەییدا زمان وەکو هۆی زیندوو مانەوەی ژیانی هەر نەتەوەیەک (کەمینە و زۆرینە) بخەینە بەر لێکۆڵینەوە.

زۆربەی زمانناسانی جیهان لە سەرەتاوە تا بە هەنووکە لەسەر ئەم باوەڕە یەکدەنگن کە زمان ئامرازێکە هەتا مرۆڤەکان بتوانن لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە پێوەندی لەگەڵ یەکتری ساز بکەن، بە واتایەکی تر زمان کارکردێکی مرۆڤی و کۆمەڵایەتییە. بەشێکی تریش لە زمانناسان ویستوویانە کە بەشێوەیەکی زانستی گریمانەکانی خۆیان ئاراستە بکەن، ئەوان ئاستی لێکدانەوەی فەلسەفییانەی

زمان بە سەرتر لە ئامرازی پێوەندیگرتن نازانن، تەنانەت تیۆرییە مۆدێرنە زمانناسانەکانیش بە جۆرێک لە جۆرەکانی مۆرکی قبوولّ لەسەر حاڵەتی کەرەسەیی بوونی زمان دەدەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە «هایدگەر» لەو بیرمەندانەیە کە دژ بەم بۆچوونە هەڵوێست دەگرێ و زیاتر لەوە دەڵێ «زمان ماڵی بوونی ئێمەیە» لەلایەکی ترەوە زمان لەو پێناسە کۆنە خۆی لادەدا و بەشێوەی لەناخدا هەڵگر توانای هەڵگری ئەو ژێدەرانەی هەیە بۆ ئەوەی مانا بەرهەم بێت، واتە بەرەو ئەو شوێنانە پەل دەهاوێ کە دەستی ئێمە پێی ڕاناگا و لەوپەڕی ئەزموونی ئێمەوەن. هەروەها لە هەمان کاتی کە بەرەو داهاتووین ماناکانی ڕابوردوومان پێ ئاراستە دەکا کە سەرچاوەکەیان لە زمان و کولتووری ئێمەدا زیندووە. زمان هەوێنی نائامادەی زەینی تاکی مێژووییە و لە بەکارهێنانی دەتوانرێ ڕەهەندەکانی داهاتوو و هەروەها ئاست و پێگەی چییەتی کولتووری پەیوەست بە شوناسی نەتەوەیەکی پێ بدۆزرێتەوە یان دیاری بکرێ. بە سەرنجدان بە بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان وەکو شیعر، چیرۆک و ڕۆمان، دەبینین کە لەبارودۆخ و کات و شوێنی تایبەت بە نەتەوەکان و زمان دەبێتە هەڵگری ڕەهەندێک کە ناڕەزایەتی و بەربەرەکانی لە بەرامبەر بە دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان وەبیر دێنێتەوە، بەپێی گێڕانەوەی هەرکام لەم ژانرە ئەدەبییانە بەرگریکردن وێناکراوە و ڕێک خراوە (بۆ وێنە شیعرەکانی شاعیری گەورەی یۆنانی یانیس ڕیتسۆس، یان جۆرج سیفریس، حاجی قادری کۆیی، ئەحمەد موختار جاف). ئەگەر تەوژم و تینی دەسەڵات و زنجیرەی ڕووداوەکان فەزای ناهومێدی دادەسەپێنێ، بەڵام ئازادیی هەمیشەیی ئەگەری هەیە، شێوازی بەرگریکردن و ڕماندنیش هەن کە لەسەر زەین و هەست و نەست و لە هەموویان گرینگتر لەسەر زمان کاریگەرییان دەبێ، بە واتایەکی تر زمان هەمیشە لەو شوێنە ئامادەیە کە بەربەرەکانی و ناڕەزایەتی و ناعەدالەتی سەرهەڵدەدا. بە واتایەکی تر چینی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی دەستکاری و چەواشەکاری و هەوڵەکانییەوە ڕەنگە زۆر خێرا نەتوانێ سەرکوتی ئەو زمانە کەمینانە بکا کە لە دەرەوەی دامەزراوەی زمانی یاساییە زمانی ڕەسمی نەتوانێ ببێتە هەڵگری سەرجەم پێکهاتە و چەمکی ژیانی نەتەوە ژێردەستەکان، چونکە زمانی بەرکار(کەمینە) هەرچەندە لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ناوەندی سەقامگیری هێزن، بەڵام بەهۆی ئەوە کە هەڵگری ئەزموونی کارلێکی کۆمەڵایەتین دەکەونە ئەوپەڕی گوشار و کارتێکردنی پێناسەی ڕەسمی. لە بەرامبەر پێشگرتن لە ئازادیی کارکردی زمان کە دەسەڵات دەیکا نموونەیەکی دیکە بۆ پاشەکشەکردن، یان باشترە بڵێین بەربەرەکانی کردنی زمان لە بەرامبەر هێزی زمانی بکەر دەخەینە ڕوو ئەویش لادانی زمانە لە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ قسەکردن و بەم جۆرە زمان یاسا و پێکهاتەی خۆی تێکدەشکێنێ و بەرەو خوازە و هێما و شکڵەکانی تر وەکو تەنز و...تاد، دەڕوا، بەم شێوەیە خۆی لە خەسار، کە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دەربڕین هۆکاریەتی دوور دەخاتەوە.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وڵاتی وا هەیە لەبەر هێز و گەشەی زمانەکەی مەزنترین شارستانیەتی پێکهێناوە و بۆ زۆربەی هەرێمەکانی دیکە پەرەی سەندووە و بەهۆی ئەم بەرفراوانی و زاڵییەی زمانەکەیەتی کە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و سیاسی و...تاد مسۆگەر کردووە، ئەمەش بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگا و هۆشیاری و چەند ڕەهەندیی هێزی بیرکردنەوەی نەتەوەییە کە زمان توانیویەتی پەرەبستێنێ و جۆرێک ئاماژەکردنە بەو وتەیەی «دۆسۆسێر» و «چۆمسکی» کە دەڵێن: زمان سیستەمێکی داماڵدراوە و هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵگا بەشداری تێدا دەکەن. (٢)

لە بەشێک لە وڵاتاندا بە چەندین زمان قسە دەکرێ و دەنووسرێت. واتە لەو شوێنانەدا چەند زمانی هۆی ئامادەبوونی چەند دەستەی ڕەگەزین. هەروەک گوتمان لەم جۆرە وڵاتانەدا یەکێک لە زمانەکان بە زمانی ڕەسمی لە چوارچێوەی جوگرافیداو بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری... دەناسرێ و ئەوانی دیکە کە وەکو زمانی ناوچەیی و زۆرجارانیش بە زاراوە دادەنرێن و تەنیا لە ئاخافتنی ڕۆژانەی دەستەی زمانیدا بەکار دەهێندرێن، یان بەهۆی هەلومەرجی دانراو لەلایەن دەسەڵات پێشی پێدەگیرێ و هەر چەشنە بەکارهێنانی تاوانە و قەدەغەیە، بەم جۆرە ڕەخنەگرتن لە تاک دەسەڵاتی بەهۆی سەقامگیربوونی دەسەڵات دەستێندرێتەوە. بەواتایەکی تر نەبوونی پلورالیزم ڕەهەندی چەند دەنگیبوون دادەخات. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی تری خەسارناسییەوە سەرنجی ئەم کردەوانەی دەسەڵات بدەین دەردەکەوێ کە وردە وردە زمان بەرەو نەزۆکی دەڕواو ئەم نەزۆکییەش بازنەی وشەکان بەرتەسک دەکاتەوە و هەر بەم پێیەش مانا لە زمان بە ڕادەی وشەکان کەم دەبێتەوە. کردەوەی لەم چەشنە سیستەمە تۆتالیرەکان دەبێتە هۆی ستاندنەوە و

سڕینەوەی تایبەتمەندییەكان لە زمان. ئاوا بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕێژەی دەستەی زمانی، زمانی دەسەڵاتدار بە زۆرینە و زمانەكانی دیكە بە كەمینە دادەنرێن. نەتەوەی سەروەر بۆ بە بنچینەكردنی دەسەڵاتی خۆی و حكومەتكردن بەسەر نەتەوەكانی تردا سیاسەتی یەكدەستكردنی كولتوورەكان بەكار دێنێ و ئەویش جێنشین كردنی كولتووری سەروەرە كە یەكێكە لە پێناسەكانی كولتووری سەركەوتووان و داگیركەران. دەرەنجامی ئەمەش بەرەو سڕینەوەی كولتووری نەتەوەیەك دەچێ و لە ئاكامدا ئەو نەتەوەیە بەهۆی ناچاربوونی لەكۆیەكی گەورەتردا دەتوێتەوە و لەناو دەچێ.

كورد یەكێكە لەو نەتەوانەی كە بەهۆی دۆخی مێژوویی و نەبوونی دەسەڵات و داگیركرانیەوە، لەلایەن چوار دەسەڵاتی عەرەب و تورك و فارسەوە لە مەترسی لەناوچووندایە. ئەگەرچی لە گۆشەیەكی بچووكی (باشووری كوردستان) هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شوناسی كورد دەدرێ، بەڵام هێشتا لەم پارچە بچووكەش چارەنووسی هەروا لێڵە و لە مەترسی ساتوسەودادایە.

هەرچەند خاك و زەویی كەمینەی ئاماژە پێكراو بەهۆی داگیركرانی ئەندێشە و مێژوو و هەنووكەی لەسەر جوگرافیای جیهاندا ئاوارەیە، بەڵام ئەوەی تا بە ئێستا بۆتە پاڵپشت و هاندەر زمانەكەیەتی، یانی تەنیا نیشتمان و هۆی مانەوە. بۆ پێداگرتن و زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەم مەسەلەیە تیۆرێكی سیاسی ڕاست دەكەینەوە: لە ئاكامدا ستەم لە شێوازێكدا ڕەگاژۆی كردووە كە بەپێی ئەو شێوازە ئێمە و دیتران لە دیدی زماناسییەوە پێناسە دەكرێن، شێوازێك كە تێیدا پێگەی ئێمە بەهۆی وشەكان پێوەندییان لەگەڵ وشەكانی تر دیاری دەكرێ. بوونی ئێمە، شوناسی ئێمە و وێناكانی ئێمە لە ڕێگەی دیالۆگ و زمانەوە دروست دەبێ، بەڵام ئێمەی كورد بەو پارچە پارچەبوونەی ژیان بەسەر شۆڤینەكانی ناوچەكەدا و لەبەردەستی هەركام لەم دەسەڵاتە زاڵانەدا كەمینەین، ئایا زمانەكەشمان تووشی خەسار نەبووە، یان لە مەترسی فەوتاندا نین؟

بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و كولتووری و هەروەها هێرشی ئەندێشە و كولتوورو سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ. زمانی ئێمە لە گشت بوارەكاندا (نووسین، قسەكردن و بیركردنەوە) تووشی لاوازییەكی بەژان هاتووە و ناتوانین سادەترین هەستەكانمان بە زمانی خۆمان دەربڕین. هەروەها بەهۆی نابەرابەری و ڕكەبەرایەتی نێوان زمانی زگماك و زمانی دیاریكراوی شوێنە ڕەسمییەكان (زمانی قوتابخانە، ڕاگەیەنەگشتییەكان و..تاد) خێرایی لاوازی و لە ئاكامدا توانەوەی زمان زیاتر دەبێ.

ئەم چەشنە كردەوەیەی دەسەڵات هەست پێكردنی ئەوانە بەوەی كە ڕەنگە كورد بەزمانەكەیەوە بەرەو یەكێتی نەتەوەیی هان بدرێ، بەم جۆرە هەروەك «دكتۆر ئیسماعیل بێشكچی» دەڵێ: پێشگرتن لە زمان و كولتوور...تاد سەركەوتووترین شێوەی كۆیلەكردنی نەتەوەیە. ئەم دەسەڵاتانە زمانیان بە پێكهاتە و ناوەندی ناڕەزایەتیی كەمینەكان داناوە و بێگومان بەوەیان زانیوە كە دۆزینەوەی پێوەندیی زمانی لەلایەن كەمینەكانەوە (كورد) هەستكردن بە هێزێكی زۆرە و ئەوان (كەمینەكان) بەرەو پێكەوەلكانی كولتوورە لێكپچڕاوەكان كە لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەكیان هەیە، هان دەدا و لە ئاكامدا ئەو زمانە دەتوانێ دەسەڵاتی تێدا سەقامگیربێ. هەروەها جەختكردن لەسەر زمان بە بیانوویەك بۆ تێكەڵاوبوون لەگەڵ وڵاتێكی تر دەناسێنن و بە ویستێكی جیاییخوازیی دادەنێن، بە واتایەكی تر یەكگرتنەوەی زمان بەرەو یەكێتی و یەكدەست بوونی سیاسی و دەروونی دەڕوا. تەنانەت ئەوان قەت دان بە زمانی كوردیدا نانێن و بە زاراوەیەك ناودێری دەكەن. بۆ وێنە دەبینین كە لە كۆماری ئیسلامی ئێران زمانی كوردی بە یەكێك لە زاراوەكانی زمانی فارسی دانراوە و وەكو سیاسەتی شۆڤینی ئەو هەموو بەڵگەنامە و شوێنەوارە مێژووییە فەرامۆش دەكا كە بە زمانی كوردین و ئەگەریش لێرەو لەوێ زۆر بە كورتی وەك زمان ئاماژە بە زمانی كوردی دەكا و بە زمانێكی نوێی دادەنێ كە لەم سەد ساڵەی دواتردا زمانی كوردی دروست بووە. هەروەها هەڵوێستەكانی حكومەتی توركیاش نابێ فەرامۆش بكەین كە نەك هەر بۆ قسەكردن حەساسییەت لەخۆی نیشان دەدا بەڵكو تەنانەت ناوی كورد هێنان تاوانە، ئەگەرچی ئەم حكومەتانە لە هەلومەرجی ئێستادا و بەپێی سیاسەتی ڕووبەدەرەوەیان خۆیان لە بەشێك لە سیاسەتەكانی پێشوو پاشەكشەیان كردووە لە ترسی ئەوەی بە دژایەتی لەگەڵ مافی مرۆڤ تاوانبار بكرێن لە كەڵك وەرگرتن لە شێوازی سەركوتكەرانە وەك قەدەغەكردن و سزادان لە ئێستادا خۆ دەبوێرن و لە بەرامبەردا دەستیان داوەتە ڕاهێنانی زۆرەملیانەی زمانی ڕەسمی كە حكومەت بەڕێوەی دەبا و بەم جۆرە پەرە بە

کولتووری دەسەڵات دەدا. ئەم شێوە کردەوانە جۆرێک زمانکوژی، یان لەناوبردنی زمانی جەماوەرێکی تایبەتە کە بنەمای نەتەوە کوژیی مسۆگەر دەکا (٣). ئەم چەشنە هەڵوێستانە ڕوانگەی حکومەتەکانی ئاوا دەرخستووە کە هەمیشە وەکو ئامراز بۆ سەرکوتی کەمە نەتەوەکان زمان بەهۆکاری نارەزایەتی دەزانن و پێیان وایە کە زیندووکردنەوەی خواستەکان لەنێو چەمکی زماندا زۆر بەهێزترە لە چەمکەکانی تر.

ئەو خەسارانەی کە تووشی زمانی کوردی دێن بەهۆی قەدەغەکرانی ئاشکرا و نائاشکراوە بەرەو توانەوەی یەکجارەکیی شوناس و کولتووری ئێمەیە. دەبینین کە بیرکردنەوەی کورد بە شەپۆلی ڕاگەیەنە گشتییەکان و شوێنەکانی پەروەردەیی زمانی زاڵ کە بنچینەی زمان دیاری دەکەن، دەئاخندرێن. لەلایەکی ترەوە لە غیابی شوناسی زماندا دروستبوونی دەوڵەتیش فەرامۆش دەکرێ. کەمە نەتەوەیەکی وەک کورد دەبێ (بە سەرنجدان بە سەرجەمی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کە زمانەکەیان لە مەترسیدا بووە بۆ وێنە ئەوەی لە ئیرلەندی سەدەی نۆزدەدا دەبیندرێ«٤» بەرەو زمانی ستانداردی هاوبەش بۆ گەشەی زمانیی لە بەشەکانی تر هەوڵ بدا و داکۆکی لێبکا. بێگومان هەر نەتەوەیەک بیەوێ کەسایەتی خۆی بدۆزێتەوە و بەرەو گەشەی جوگرافی و شوناسی مرۆڤایەتی خود بڕوا دەبێ بۆ بنچینەکردنی ئەو چەمکانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا کار لەسەر پێکهاتنی یەکدەستیی زمانی بکا.

**پەراویزەکان:**

١- «میشێلە» دەڵێ: مێژووی فەڕەنسا لەگەڵ زمانی فەڕەنسی دەست پێدەکا، زمان نیشانەی سەرەکیی نەتەوەیە (مێژووی فەڕەنسا، کتێبی سێیەم، ١٨٤٠ز).

٢- «دۆسۆسێر» لە کتێبی وانەکانی زمانناسیی گشتیدا کە لە ساڵی (١٩١٥)دا بڵاوبۆوە ئەمەی ڕاگەیاند کە: عادەتی نەتەوەیەک لەسەر زمانی ئەو نەتەوەیە کاریگەری دەبێ و لەلایەکی ترەوە ئەمە زمانە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە هۆی دروستبوونی نەتەوە.

٣- بۆ وێنە تورکیا بۆ ئەوەی وەک ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا وەرگیرێت و ڕەخنەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لەسەر کورد و نەتەوەکانی تری هاتۆتە سەر لە بەرامبەر هێندێک لە داخوازییەکانی گەلی کورددا دابەزیوە، وەکو دانهێنان بەبوونی نەتەوەی کورد، کردنەوەی چەند کاتژمێر تەلەڤزیۆنی کوردی و...تاد.

٤- لەم بزووتنەوەیەدا خواستی سیاسی- نەتەوەیی بەرگری بەردەوامی لە زمانی ئیرلەندی (گالیک) کرد. هەروەها دەبێ ئاماژە بە نەتەوەی باسک لە ئیسپانیا بکەین، یان بزووتنەوەی برۆتۆنی لە فەڕەنسا.

**سەرچاوەکان:**

١- سرگشتگی نشانەها، نمونەهایی از نقد پسامدرن، (نویسندگان: بودریار، لیوتار، فوکو...)، مترجمان (بابک احمدی، افشین جهاندیده...)، چاپ دوم (١٣٧٨)، تهران، نشر مرکز.

٢- بارت، فوکو، آلتوسر/ مایکل پین، ترجمەی پیام یزدانجو، چاپ اول (١٣٧٩)، تهران، نشر مرکز.

٣- گذار از مدرنیتە؟/ نیچە، فوکو، لیوتار، دریدا/ مترجم: شاهرخ حقیقی، چاپ سوم، بهار (١٣٨٣)، تهران نشر آگاه.

٤- پسامدرنیسم در بوتەی نقد، مجموعەی مقالات، چاپ سوم (١٣٨٠)، گزینش و ویرایش: خسروپارسا، تهران، نشر آگاه.

٥- قوم شناسی سیاسی..

٦- دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، نووسەر، گرامشی، وەرگێڕانی مامەند ڕۆژە، چاپی یەکەم. خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٤ سلێمانی.

# ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی تۆماری لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا

د. عادل گەرمیانی
(زانکۆی بەغدا- کۆلێژی زمان)

(١ - ٢)

ئەم چەشنە ریالیزمە زیاتر لەنێو چیرۆکی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لەنێو هەندێ دەقی ڕۆمانیشدا بەدی دەکرێت. لەم چەشنە ریالیزمە زیاتر کێشە و ناکۆکییەکانی کۆمەڵ وەک خۆی تۆمار و بەرجەستە دەکرێ. پاڵەوانی ئەم چەشنە ڕۆمانە کەسێکی بێ توانا و سادەیە، چونکە زیاتر کەوتووەتە ژێر کۆنتڕۆڵی ڕۆماننووس یا دەوروبەرەکەی و هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵەکەی دەدا. خەمی گۆڕینی ژیان و گوزەرانی خۆی و کۆمەڵەکەی لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکەدا بەدی ناکرێ. خەمی خودێتیی پاڵەوان زاڵترە بەسەر کردەوەکانی و زیاتر خۆی بە شێوەیەک دەردەخات وەکو بڵێی تەنیا بۆ ژیان بەسەربردن لەنێو کۆمەڵەکەیدا دەژیت. ئەم لایەنە قەت ئەوە ناگەیەنێ کەوا پاڵەوانەکە خاوەن هیچ هەستێکی مرۆڤایەتی نییە، چونکە ئەگەر وەهای کرد ئەوسا دەبێتە پاڵەوانێکی بێهوودەیی و بێ پابەند و شێوازی ڕۆمانەکەش بەهۆیەوە لە بواری ریالیزمەت دەردەچێ، کەوا پاڵەوانەکەی دەبێ خاوەن ئاستێک بێ لە هەستی مرۆڤایەتی لەنێو کۆمەڵەکەیدا.

لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ریالیزمی تۆماری ئەوەیە واقیعەکە «وەکو خۆی تێدا تۆمار دەکرێت و وەسفی ئەتموسفێر بەسەر وەسفی دەروونیدا زاڵە و وەسفی ڕواڵەت و ڕووکەش و دەرەوە زۆرە. گرێ و چنین سادەن و نووسەر گرنگی بە ئەتموسفێرەکە دەدات وەک لە بزووتنەوە درامییەکە» (١). کات لەنێو ئەم چەشنە ڕۆمانەدا ڕۆڵێکی کاریگەر لە ژیانی شاکەس نانوێنێ و، بەهایەکی سەربەخۆی لە بزاڤەکەیدا هەیە. واتە کاتەکە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی کاریگەریی نییە و، گەشەسەندنی کاتەکە پابەندی گەشەسەندنی کۆمەڵەکە نییە. هەروەها ڕۆماننووس لەم چەشنە ڕۆمانەدا ڕاستییەکانی واقیع لە دیسانەوە خەڵقکردنی واقیعەکە بەشێوەیەکی هونەری تاڕادەیەک وەکو خۆی دەخاتەڕوو.

ئەم چەشنە ریالیزمە لەنێو ڕۆمانەکەی حوسێن عارف-دا «ئەندێشەی مرۆڤێک» ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە خوێنەری ئەم ڕۆمانە لەوانەیە هەست بە هەبوونی نزیکبوونەوەیەکی دەقی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ چەشنی دەقی ڕۆمانی بیروڕاکان بکات، چونکە لەنێو دەقەکەی ئەندێشەی مرۆڤێکدا هەمان بۆچوونەکەی فریدرێک جی هۆفمان لە بارەی ڕۆمانی بیروڕاکان بەدی دەکرێ، کەوا: «ئەو ڕۆمانە نییە بیروڕاکان بەشێوەیەکی لاوەکی پێشان بدات، بەڵکو ئەو ڕۆمانەیە تێیدا بیروڕاکان بەکاردەهێنرێ لەبەر نەبوونی دەستنیشانکردنێکی کەسەکان و نەبوونی تایبەتمەندێتییەکانی تر لە گێڕانەوەی تەقلیدیدا» (٢).

پاڵەوانی ڕۆمانی «ئەندێشەی مرۆڤێک» وەکو خۆی لە

لاپەڕە(٢٥٤)ی ڕۆمـــانەکـــە لە بارەی خـــۆیەوە دەڵێت: «منێکی سەرلێشێواوی سەرسەخت» خاوەن ئاستێکی باشـە لە بۆچوون و بیـروڕا لە بوارەکـانی ڕۆشنبـیـری و زانیاری و فەلسەفیدا، ئەم لایەنە لەڕێی بگێڕی هەمان شـتـزانەوە و لەڕێی پاڵەوان خـۆیەوە دەردەخـرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە ڕۆماننووسەکە و نە بگێڕی ڕۆمانەکە، کـەسـێـتـیی سـەبری پاڵـەوانیـان بە ڕوونی دەسنیـشـان نەکـردووە. ڕاسـتـە پاڵەوانی ڕۆمـانەکـەی «ئەندێشـەی مرۆڤێک» تاڕادەیەک هەمان سیفاتی پاڵەوانی ڕۆمانی بیـروڕاکـانی تێدا بەدی دەکـرێ، وەکـو ئەوەی «ئاسـوودە نییە لەنێـو برادەرەکانی و بە زەحمەت دەتوانێ پێوەندی لەگـەڵ هەمـوو کـەسـێـک ببـەسـتێ تەنیـا ئەوانە نەبێ بە هەمـــان زمـــانی بیـــرکـــردنەوە و ڕۆشنبـــیـــرییـــەکـــەی دەدوێن» (٣)، بەڵام لە هەمـــان کـــاتیـــشـــدا ســـروشـــتی ناوەرۆکی دەقـەکـەی «ئەندێشـەی مـرۆڤـێک» هاوتـەریبی سروشتی ناوەرۆک و تایبەتمەندێتیی ڕۆمانی بیروڕاکان نییە، کەوا خودی ڕۆماننووس هەمان خودی یەکێک لە کەسانی نێو ڕۆمانەکەیە.

یەکـێک لە تایبـەتمەندییـەکـانی ڕۆمـانی ڕیالیـزمی تۆمـاری ئەوەیە ڕۆمـــاننووس زیاتر تاکـــە کـــەســـێک هەڵدەبژێرێ خـــاوەن جـــۆرە بیـــروباوەڕێکە لەنێـــو دەوروبەرەکەیدا. ئەم لایەنەش لە ڕۆمانەکانی «ئەندێشەی مـرۆڤێک» حـوسـێن عـارف و «بوهژین» خوالێخـۆشبـوو دکتۆر نافع ئاکرەیی و «کانگەی بەڵا»ی حسام بەرزنجی و «لێقەومان»ی عـەزیزی مەلا ڕەش-دا بەدی دەکرێ. ئەم جـۆرە هەڵبـــژاردنە بە نەنگی لەنێـــو چەشنی ڕۆمـــانی بیروڕاکان دادەنرێ، بەڵام لەنێو چەشنی ڕۆمانی ڕیالیزمی تۆماری نەنگی نییە و شتێکی سروشتییە مادامێکی پاڵەوانەکـە لە واقـیـــعـــەکـــەی بە یەکـجـــاری دوور نەکـەوتووەتەوە و خـاوەن هەسـتـێکی مـرۆڤـایەتیـیـە و ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لەنێو دەوروبەرەکەیدا هەیە.

پاڵەوانی نێو بابەتی ڕۆمانی «ئەندێشـەی مرۆڤێک» مـــرۆڤـــێکی ڕۆشنبـــیـــرەو مـــەلا و مـــیـــرزازادەیە و فەرمانبەرێکی خانەنشینی ڕەبەنە و تەمەنی گەیشتووەتە «٥٩» سـاڵ و بەهیچ شـێـوەیەک دڵی نایەت ئەو خانووە بەجێبهێڵێ کەوا (٢٦) ساڵە تێیدا ژیاوە. هەرچەندە سـەبری پاڵەوان لە بنەمـــاڵەیەکی ئاینیـــیـــە، بەڵام ڕەفـتـــارەکـــانی بە پێـچـــەوانەیە و بە ئاشکرا لەنێـو خـانووەکـەی مـەی دەخـواتەوە. عـەشـقی لێکدانەوەی فـەلسـەفـیی هەمـوو شت و ڕووداوەکـانی ژیانی خـۆی و دەوروبەرەکـەی وەهای لێـدەکـات بە ئاسـانی ملکەچی داخوازییەکانی کەسانی نێو خێزان و دەوروبەرەکەی نەبێ. تەنانەت داخـوازییـەکـەی مـیـرزا سـاڵحی باوکی لە گفتوگۆکەی نێوانیاندا لە بارەی پێویستی ژن هێنانەوە بە بۆچوونێکی فـەلسـەفی ڕەت دەکـاتەوە و بەوە قـایل نابێ کەوا نەوەی ئادەمیزاد بەهۆی ژن هێنانەوە پارێزراوە.

بگـێـڕی ڕۆمـــانەکـــە کـــەوا ڕاست و ڕەوان نووســەری ناوەوەی دەقـەکـەیە، لە ڕێی بەکـارهێنانی ڕاناوی کـەسی دووەمی تاک «تۆ» بە «ئەو»ی خـــوێنەرو لەڕێی هەندێ دواندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پاڵەوانەکەدا، هەندێ زانیاری دەربارەی سروشتی کەسێتیی سەبری پاڵەوان پێشکەش دەکـات. پاڵەوانی ڕۆمـانەکە لە کـۆمـەڵەکـەی بە تەواوی دانەپچڕاوە، بەڵکو خاوەن هەسـتـێکی مـرۆڤـایەتیـیـە لە یارمـەتیـدانی خێـزان و منداڵە هەتیوەکـانی نووری کـۆنە فـــەڕاشی دائیـــرەکـــەیان. هەروەها پاڵەوانەکـــە ئەرکی کۆمەڵایەتیی سەرشانی خۆی لە پرسەی تۆفیـقـە فـەنیی کۆنە برادەری باوکی بەجێدەهێنێ.

سروشتی بیرکردنەوەی سەبری پاڵەوان وەهای لێدەکات گـومـان لە هەندێ کـردەوەی کـەسـانی دەوروبەری خـۆی بکات، تەنانەت دروسـتـکردنی ژوورێک لەسـەرەوەی خانووەکـەی ماڵی کەریمە کۆمی دراوسێیدا دەبێـتە هۆی سـەرهەڵدانی نەخـۆشـیـیـەکی دەروونی لەلای سـەبری و، بەرزکـردنەوەی دیواری ئەو ژوورە، کـەوا لەسـەر ڕووبەری لایەنی دەسـتـەڕاستی خانووەکەیەتی وەکـو بەرزکردنەوەی دیوارێک بۆ گۆڕەکەی لەم دنیایە دەبێ، چونکە ڕێی هاتنە ژوورەوەی تیـشـکی خـۆری لێـدەگـرێ. پەرەسـەندنی ئەم گـــرێچنە لاوەکـــیـــیـــە دەگـــاتە ڕادەی ئەوەی باوکی لە گفـتـوگـۆیەکی خەیاڵی نێوانیـاندا پێی بڵێت: «ئایا ڕۆژ پەرسـتـیـت؟!..». عـیـشق یا پەرسـتنی تیـشـکی ڕۆژ شتێکی سروشتییە لەلای پاڵەوانەکە، چونکە لەلایەکەوە مـــرۆڤـــێکی ڕۆشنبـــیـــرەو خـــاوەن نزیکەی دوو هەزار و پێنجسـەد کـتـێـبە لەنێـو کـتـێـبخـانەکـەیدا. هەردەبێ بەشێوەیەکی فەلسەفییانە مامەڵە لەگەڵ بەهای تیشکی خــــۆر بکات و، لەوانـەیە ڕەنگدانەوەی باوەڕێکی زەرادەشـتـیـانە بێ لە ناخی بیـروهۆشی خـەفـەی کـردبێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەروەکـو بگـێـڕەکـە ئامـاژەی بۆ دەکات، کـەوا «سەبری و ئەو یەکـەم تیشکەی خۆر، هەر بە ڕاستی بووبوونە دوو دڵداری یەکـتـر.. دوو دڵدار هەر بیست و چوار سەعاتە و جارێک، بواری یەکتر بینینیان هەبێ..»، چونکە سـەبری «لەو بابەتە مـرۆڤـە نەبوو، بیروباوەڕی پڕوپووچی نازانستییانە لەخۆ بگرێ..» (٤).

ئەم ڕکابەرییە خەفەکراوە لەنێـو دەروونی پاڵەوانەکە

بەرە بەرە دەڕەوێتەوە کاتێک بە لێکدانەوەیەکی مێشکی خۆی، لە پاش خوێندنەوەی نهێنی پەڕە کاغەزەکەی نێو سنووقە کۆنینەکەی بنەماڵەکەیان، بۆی دەردەکەوێ ئەو کەریمە کۆمە زڕبرای سابیری زڕبرایەتی، بە زانینی نهێنی زڕبرایەتیی خۆی لەگەڵ سابیر و کەریمە کۆمە شاگرێی ڕۆمانەکە دەگاتە ئەنجامەکەی و ئەوسا مێشکی پاڵەوانەکە و خوێنەرەکەی ئیسراحەت دەکات و کڵپەی ڕکابەرییەکە دەبێتەوە بە خۆڵەمێشی ناو کوانووی خێزانەکەیان.

نهێنی شاگرێی ڕۆمانەکە زۆر بەجوانی چنراوە، بەڵام خوێنەری دەقی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە هەست دەکات کەوا بناغەکەی بۆشە، چونکە لەگەڵ خودی خۆیدا هەندێ بڕیار دەدات، بەڵام جێبەجێیان ناکات. بۆ نموونە دەیویست بچێت بۆ لای کەریمە کۆم گلەیی لێبکات لە بارەی بەرزکردنەوەی دیوارەکە و لەبارەی پرسیارە بە مەغزاکەیەوە لەمەڕ ژن نەهێنانەکەی. هەروەها دەیویست پێشوەخت بۆ لای خاوەن خانووەکە بچێت تاکو فرۆشتنەکەی بە کەریمە کۆم پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام ئەم جۆرە ویست و بڕیارانەی ناچێتە سەر و پەنا وەبەر گۆشەگیری دەبات. تەنانەت لە شەوی چوونی بۆ نێو گۆڕستانی «سەیوان» لە ناخەوە حەز لە چوون بۆ ماڵی «زینەت» دەکات، بەڵام ملکەچبوونی بۆ سەر لێشێواوییەکەی دەبێتە هۆی مانەوەی لەنێو گۆڕستانەکە و لەناوچوونی بەهۆی گوللەی دەستڕێژی ئەو چەکدارانەی تاو و ڕاوی کەسێکی تریان لەنێو گۆڕستانەکە دەکرد.

لەم ڕۆمانەدا، کەوا زۆر بەجوان و سەرکەوتووانە هەردوو لایەنی شەپۆلی هۆش و خۆدواندن تێیدا مەزرێندراوە، چەند لایەنێکی بیرکردنەوەی مرۆڤی نێو کۆمەڵەکەمان خراوەتە ژێر تیشکی شیکردنەوە، وەکو جۆرەکانی هۆگری و چاکە و خراپە و پێکەنین و شەڕخوازی و موڵکداری. ئەم شیکردنەوەیە لە بۆچوونێکی فەلسەفیی پاڵەوان و باوکییەوە، هەروەها لەلایەن بگێڕەکەوە، دەردەخرێ. سوودی هەرە گەورەی فەلسەفە لەلای پاڵەوان ئەوەیە مێشک دەخاتە کارو تین و توانای پەلهاویشتن و بەرفراوانکردنی پێدەبەخشێ. بیروهۆشی ڕۆشن دەکاتەوە و دەبیاتە سەر ڕێگای پرسیارکردن. پرسیارکردنی بەردەوام و یەک بەدوای یەکدا. ئەمیش تەقەلای کردنەوەی گرێکوێرەی چەندین نهێنیی ژیانی پێدەدا.» (٥).

لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆر بە لایەنی گێڕانەوە دراوە و زیاتر خوێنەری ڕاستەقینە دەوری بۆگێڕاو دەبینێ.

سروشتی گێڕانەوەکە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئەستوونی چنراوتر دەبێ. لە گێڕانەوەکە تەنیا بگێڕی هەمان شتزان دەوری سەرەکی نابینێ، بەڵکو بەشێوەیەکی تەکداری پاڵەوانەکەش هاوبەشی گێڕانەوەی هەندێ ڕووداوی نێو ڕۆمانەکە دەکات.

هیچ هۆیەکی ماقووڵ لەنێو ڕۆمانەکە بەدی ناکرێ وەکو هاندەرێک بێت تاکو میرزا ساڵح برایەتیی سەبری و سابیر لە یەکتر بشارێتەوە، تەنانەت نەک خوێنەرەکە، بەڵکو سەبری خۆیشی ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە میرزا ساڵحی باوکی دەگرێ و دەڵێت: «دەی باشە باوکە تۆ ئەم ڕاستییەت بۆ حەشار دەدا؟!.. ژنە و هێناوتە و منداڵە و لەو ژنە بووتە. بۆچی نکووڵیت لێدەکردو لە ترسی چی؟!.. یا ژنە تۆ لە کوێ بوویت و چیت بەسەر هات و بۆ دەنگت نەکرد و تەنانەت پارچە کاغەزەکەش کە پێتر دەبوو بە تۆوە بنووسایە و لەلای تۆ هەڵبگیرایە، چۆن کەوتە لای باوکم؟!.. یا تۆ سابیر.. ئا سابیری برام!.. بۆ ئەو هەموو هەراو فەرتەنە و گیروگازەت لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەپای چی و بۆ چ مەبەستێک بوو؟!... ئەی مامۆستا ساڵح و ئەی کەریم! ئاخۆ لەم کەینوبەینە ئاگادارن؟! نانا تۆفیقە فەنیش دەبێ ئاگادار بووبێ؟!.. یا حەمە جەزا تۆش!.. ئا گومان لەتۆش دەکەم کە سەرەداوێکی ئەم کەینوبەینەت لەژێر سەردا بێ!..» (٦).

لە ڕاستییدا ئەم جۆرە پرسیارانەی سەبری لەلایەکەوە ئاراستەی بگێڕ و ڕۆماننووسەکە دەکرێ و لەلایەکی ترەوە خۆی پێ تاوانبار دەکات، چونکە سەبری کەوا بتوانێ هەندێ کتێبی وەکو ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»ی دیستۆیڤسکی و «بنچینەی ئادەمیزاد»ی داروین و چەندین کتێبی تر بخوێنێتەوە دەبوایە بیتوانیبایە ئەو نهێنییەی بزانیبایە، چونکە سندووقی نهێنییەکە لەپاش مردنی باوکی لەژێر دەستی بووە و یەک دوو جاری تریش شتەکانی پشکنیوە؟!.

بە زانینی ئەم نهێنییە قینە شاراوەکەی دڵی سەبری بەرامبەر سابیری زڕبرای دێتەوە، بەڵام هەمیشە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە ئەوە دەردەخەن کەوا سابیر لە سەبری بەسەبرترە، هەرچەندە ناوی هەردووکیان لە سەبر کردنەوە وەرگیراوە. کەسێتی سەبری، هەرچەندە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە بواری ڕۆشنبیریدا، بەڵام وەکو مرۆڤێکی بێدەسەڵات و سادە دەجووڵێتەوە و هیچ ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی نە لە گۆڕینی ژیانی خۆی و نە لە گۆڕینی ژیانی دەوروبەرو کۆمەڵەکەیدا نییە.

ڕووپێوی گێڕانەوەکە زیاترە لەوەی دیالۆگی نێو

ڕۆمـانەکـە هەیەتی. گـێـڕانەوەی ڕۆمـانەکـە زیاتر لە دیالۆگـەکـە چەند لایەنێکی کـەسـێـتـیی پاڵەوانەکـە دەردەخات، کەوا بووەتە چەقە مەڵبەندەیی ڕووداوەکانی نێـو ڕۆمـانەکـە. هەروەها لەنێـو گـێـڕانەوەکـە لایەنی وەسفکردن حەشار دراوە، کەوا بەهۆیانەوە ڕۆمـاننووس توانیـویەتی وێنەی تۆپۆگرافیـای نێـو شاری سلێـمـانی بخاتە ڕوو، پانتایی شوێن لەم ڕۆمانەدا تەنیا ناو شاری سلێـمـانی گـرتووەتە خـۆ و بینای شـوێنەکـە بازنەیی داخراوە، بەشێوەیەک نە پاڵەوان و نە کەسەکانی تری لە شارەکە دوور ناکەونەوە.

ڕۆمـاننووس لەنێـو گـێـڕانەوەکـەیدا کـاتی ناوەوەی دەقــەکـەی شـاردووەتەوە، بەڵام لە ڕێی وەسـفـکردنی سنووقـە کـۆنەکـەی دەزانرێ کـەوا کـاتی ئێـسـتـای نێـو دەقــەکـە، یا کـاتی گـێـڕانەوەکـە بۆ سـاڵی (١٩٦٦) دەگەڕێتەوە. ئەمەش لەپاش ئەوەی باسی تەمەنی (٥٩) سـاڵـی سـەبری کـراوە و لەپاش خـوێندنی مـێـژووی دروسـتکردنی سنووقـەکـە دەرکی پێـدەکـرێ. بگێـڕی ڕۆمانەکە ئەم زانیارییانە لە بارەی مێژووی دروستکردنی سنووقــەکـە و تەمـەنی پاڵەوان پێـشـکەش دەکـات و، دەڵێت: «سنووق خاوەنی مـێـژوویەکی دێرینی خۆی بوو وەسـتـاکـەی بە نەقـشـێکی وردی جـوان، لە گـۆشـەی خـوارەوەی ڕووی کـردنەوەیدا نووسـیـبـووی: دەسکردی وەستا حەمە موورادی سنەیی- ڕەمەزانی (١٣٠٩). ئەم بە مەزەنە دەیزانی تەمەنی دەکاتە چەند، لەگەڵ ئەوەشدا سـەرێکی بەرز کـردەوە و ڕوانیـیـە سـاڵنامـەکـەی بە بەرامبەرییەوە هەڵواسرابوو. زایینییەکەی واز لێهێناو کۆچییەکەی خوێندەوە (١٣٨٦)ی نیشان دا.» (٧). جا ئەگەر ئێمـەیش بە کـارێکی مـاتماتیکی جیـاوازی نێـوان سـاڵـی کـۆچی و زایینی دەسنیـشـان بکـەین ئەوسـا گـــێـــڕانەوەی کـــاتی ڕۆمـــانەکـــە دەردەکـــەوێ: (١٤١٦-١٣٨٦=٣٠ دەمێنێتەوە بە پێی ساڵی کۆچی و ئەگـەر (٣٠)ەکـەمـان لە سـاڵی (١٩٩٦)ی زایینی ئێـسـتـامـان دەربکەین ئەوسا ساڵی (١٩٦٦) دەبێـتـە سـاڵـی خـوێندنەوەی مـێـژووی سنووقـەکـە لەلایەن پاڵەوانەکـەوە. لێـرەوە دەردەکـەوێ گـێـڕانەوەی کـاتی ڕۆمـانەکـە ساڵی (١٩٦٦) لەگـەڵ دەقکاتی ڕۆمـانەکە نەگونجاوە، کەوا لە هەردوو ساڵی (١٩٨٨ و ١٩٨٩)دا بە (٤٦) ئەڵقـە لە ڕۆژنامەی «هاوکاری» بڵاوکرایەوە و لە ساڵی (١٩٩٠)دا بەشێوەی کتێب چاپ کراو لەسەر (١٧) چاپتــــەرو دووبەش ڕووداوەکــــانی دابەش کراونەتەوە.

دەقکاری لەنێـو ئەم ڕۆمـانەدا بەکـارهێنراوە، ئەمـەش لەڕێی مـەزراندنی چەند ڕسـتـەیەکی ڕۆمـانی «برایانی کـرامازۆف»ی دیسـتـۆیڤـسکی لەنێـو ئەم دەقـەدا. ئەوەی جێی سەرنجە ڕۆماننووس بەهۆی ناونیشانی ڕۆمانەکەی واتایەکی تاکەکـەسیی بە ناوەرۆکەکەی بەخشیـوە نەک واتایەکی گـشــتـی، هەروەها لایەنێکی نەناسـراوی پێبەخشیوە، چونکە دەڵێت «ئەندێشەی مرۆڤێک» نەک ئەندێشـەی مـرۆڤ، هەرچەندە ناوی مـرۆڤـەکـەش لەنێـو ڕۆمانەکەدا ئاشکرایە و ناوی سەبری-یە. لێرەدا دەبوایە ڕۆمـاننووس بیوتبـایە ئەندێشـەکـانی مـرۆڤـێک، چونکە مـرۆڤی نێـو ڕۆمـانەکـە، کـەوا سـەبری پاڵەوانە، زیـاتر لە ئەندێشـــە و ئەشکەنجــەیەکی هەیە. لە ئەنجــامی ئەم تێبینییە بەڕای ئێمە ناونیشانی ڕۆمانەکە لە چاپەکانی داهاتوویدا پێویستی بەم دەسکارییە هەیە.

شـاڕووداوی ڕۆمـانـەکـە بەرزکـردنەوەی دیواری سـەر خـانووبەرەکـەی مـاڵـی کـەریمە کـۆمـی دراوسـێی پاڵەوانەکەیە، کەوا زۆر بەدەستی دەتلێتەوە و مێشکی بە چەندین بیـرۆکـە و بۆچوون جـەنجـاڵ دەبێ. شـاگـرێی ڕۆمانـەکەش نهێنیی زڕ برایەتیی نێوان سەبری پاڵەوان و سابیرە. ئەم شاگرێیە لەسەر شێوەی گرێچنی بیروڕاکان چنراوە و چەندین گـرێچنی لاوەکی لەنێـو ڕۆمـانەکـەدا هەیە.

ڕاسـتـە ڕۆمـاننووس مـرۆڤـێکی زۆر ڕۆشنبـیـری وەکـو سەبری کـردووە بە پاڵەوانی ڕۆمـانەکـەی بۆ دەرخسـتنی چەند بیـروڕاو بۆچوونێکی فـیکری خۆی لە بارەی هەندێ لە کێشەکانی کۆمەڵ، بەڵام جۆری بابەتی ڕۆمانەکە زۆر خـەیاڵی و نییـە، بەڵکو لەنێـو واقیـعی کۆمـەڵەکـەمـان چەندین کـەس هەن هەست بە هەمـان نامــۆیی پاڵەوان دەکەن.

پاڵەوانی ڕۆمانە نۆبەرەکەی خوالێخۆشبوو دوکتۆر نافع ئاکرەیی* «بوهژین»، هەرچەندە قوتابییەکی «عیصامی» و زیرەک و ڕۆشنبـیـرە، بەڵام لەنێـو کۆمەڵەکـەیدا خـاوەن کەسێتییـەکی کاریگەر نییـە، وەکو مـرۆڤێکی خـاوەن کـەسـێـتـیـیـەکی سادە هەڵسوکەوت دەکـات بێـئەوەی کـردەوەکـانی هاوتەریبی نووسینی هۆنراوەی نیـشـتـمـانی بێ، کـەوا هەندێ جـار لە ڕۆژنامـەکـانی سـەردەمـەکـەی بڵاوی دەکردەوە. کەسێـتی سەعـیدی پاڵەوان لە ڕووی ئاستی خوێندنەوە و کتێب خوێندن و هۆنراوە نووسینەوە ڕەنگدانەوەی هەمـان کـەسـێـتـیی ڕۆمـاننووسـە، بەڵام لە ڕووی کاریگەری دەوری پاڵەوانەکەی لەنێو کۆمەڵەکەی، هەمـان کـەسـێتی ڕۆمـاننووس نییـە، واتە پاڵەوانی ئەم

ڕۆمـانە وەکـو پاڵەوانێکی ڕۆمـانی ڕیالیـزمی تۆمـاری هەڵسـوکـەوت دەکـات، کـەوا تەنیـا بۆ ژیان لەنێـو کۆمەڵەکەی دەژێت نەک بۆ گۆڕینی.

خوێنەری ئەم ڕۆمانە، لە ڕێی سروشتی بیرکردنەوەی سەعید لەماوەی دڵدارییەکەی لەگەڵ هەردوو کچی ماڵە دەوڵەمەندە دراوسێیەکەیاندا (ڤیان و پەری)، هەروەها لە ڕێی ڕەفتـارەکـانی لە سـاڵانی خوێندنەکـەی لە شـارە مـەزنەکەی «مووسڵ» دەرک بەوە دەکات کـەوا سـەعید خـاوەن ئاسـتـێکە لە هەسـتی چینایەتی، بەڵام نە ئەم هەستە چینایەتییە و نە ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی نابنە هۆیەکی کـــاریگەر لە هاندانی بۆ نواندنی ڕۆڵێکی کـاریگەر لە گـۆڕینی ژیانی کـۆمـەڵەکـەی، بەڵکو خوێنەر هەست دەکـا کـەوا سـەعـیـد دەیەوێ وەکـو پزیشکێک بەکاری فـەرمانبەری خۆی لەنێو شارەکەی هەڵبستێ. ئەم ناهاوتەرییییە لەنێوان ئەم دوو لایەنەی کەسێتیی سەعید لەگەڵ هەمان ناهاوتەرییییە لەنێوان ئامادەبوونی باوکی لە کۆبوونەوەکانی لایەنێکی نیشتمانپەروەر لە لایەک و ڕێگا نەدانی بە کچەکانی خوێندن تەواو بکەن و دانانی کـاری خوێندن بەکارێکی کافرانە، دوور لە یەکتر نییە. واتە سەعید و باوکی وەکو دوو کەسی سەرەکی ڕۆمانەکە خـاوەن کـەسـێـتـیـیـەکی دوو لایەنی لێکنەچوون. ئەم دیاردەیـەش لـەگـــەڵ واتـای بوهژیـن نـاگــــونجـێ و بە پێـچـەوانەی پێناسـەکـردنەکـەی ڕۆمـاننووسـە، کـەوا لە پەیڤەکەیدا دبێژێت: «بۆهژین و تاوانەڤە و دروست بینا نۆبیا کەسیت وێ نە دە دەریا ژیانی دا» (٨).

لایەنی عـیـصـامی کـەسـێـتی سـەعـید لەوەدایە، حەز نـاکـات بـارگـــرانی بخـــاتە ســـەر باوکی لە ســـاڵانی خـوێندنەکـەی لە شـاری مـەزندا، بەڵکو لە لوقـەنتـە کـار دەکات تا مەسرەفی خۆی دەربکات. هەروەها حەز ناکات لەکاتی نان خواردنی ماڵە خزمەکەیان لەنێو شاری مەزندا بگەڕێتـــەوە، بەڵکو هەندێ جـــار بە ئەوپەڕی توانای سەبرکردنەوە ڕۆژەکەی بەسووکە خواردنێک دەباتە سەر، هەروەها بە هەڵویست نواندنێک جلوبەرگە دیارییـەکە بۆ برادەرەکـەی دەگـەڕێنێـتـەوەو لەنێـو پۆلداو لەپێش چاوی مـامـۆسـتـا و قوتابیـەکـاندا پێی دبێژیت: «ئەز ژی ل پێش چاڤـێت هنگو هەمـیـان دبێـژمێ.. ئەز گـەلەک گـەلەکی مەمنونم.. من هیند تشتێت هەین کو شول و کارێت من ب ریڤە بچن و من نەڤێت وەکو خەلکێ دیکە... پێ خۆ ل بەرا خـۆ درێژتر لێبکەم.. ئەز گەلەک سوپاسـیـا وی دەکـەم بەلێ من سـەدەقـە و خـێـرنەڤـێن.. ئەو تشـتێ ب ئارەڤـا ئەنیـا من.. نەهێـتـە بەرێ من... من ئەو تشت نەڤێن چو دەور و زەمــــانـا.. هەرچەندە ئەزێ هەژار و بەلەنگازم بەلێ هیــڤی دەکــەم من ئەو هندە دلپــاکی و بلندییـا هەی کـو ئەز جلوبەرگـێت دریای و پیـلاڤێ بێ ئاڤزونە د بەرکەم بەلێ چو جارا دەستێ خۆ ل بەر کەسەکی درێژ نەکەم...» (٩).

بابەتی ڕۆمانەکە زیاتر هەوڵی دەرخستنی ڕادەی ژیانی کەساسی و بەلەنگازی سـەعـیدی پاڵەوان و خێـزانەکەی وەکو نموونەیەکی ژیانی سەردەمی کۆمەڵەکەیان دەدا. لە ڕێی ئەم هەوڵدانەشـەوە چەند ناکـۆکـیـیـەکی ژیانی کـۆمـەڵەکـەمـان لە سـاڵانی چلەکـان و پەنجـاکـاندا بە شێوەیەکی فۆتۆگرافیانە دەرخراوە و ئەم لایەنە یەکێک لە تایبـەتمەندییـەکـانی ڕۆمـانی ڕیالیـزمی تۆمـارییە کـەوا ڕۆماننووس تێیدا زیاتر خەمی پێشکەشکردنی واقیعەکە وەکو خۆی زاڵتـر دەبێ بەسـەر ڕۆڵی شـاکـەسـەکـە لەنێـو کۆمەڵەکەیدا.

ئومـێـدی سـەعـیـدی پاڵەوان لە سـاڵانی خـوێندنی سـەرەتاییـەوە هەر ئەوە بووە ببێ بە پزیشک، بەڵام کـە دەبێ بە پزیشـک ڕۆمـاننووس هیچ لاپەڕەیەک لە ژیانە تازەکـەی دەرنەخسـتـووە و لـەگـەڵ ڕۆژی دەرچوونی لە کـۆلێـجی پزیشکی ڕووداوەکـانی نێـو ڕۆمـانەکـە تەواو دەبێ. لە وانەیشە ئەو گۆڕانکارییە تازەی ژیانی سەعید لە بەرگی دووەمی ڕۆمانەکە چارەسەر کرابێ**.

ڕۆمـاننووس بایەخێکی باشی بە وەسفکردنی شوێن و دەوروبەری پاڵەوان داوە. تەنانەت لە ڕێی تابلۆیەکی نێو ژوورەکـەی سـەعـیـد-ەوە وەسـفـێکی زۆر جـوانی شـێـوە بیناسازییـەکـەی خانووبەرەکـانی شـاری ئاکـرێ دەکـات، کـەوا پاڵەوان سـەردەمی منداڵی و لاوێتی تێیدا بەسـەر بردووە. ئەو عـەشقەی لەنێوان پاڵەوان و شارەکەیدا هەیە زیاتر بۆ ئەوە دەگـەڕێتەوە، کەوا «خانووبەرەی منداڵێـتی ڕەگی شـوێنە» (١٠). ئەم جـۆرە عـەشـقـە لەلای هەردوو پاڵەوانی ڕۆمـــانی «کـــۆردەرە» و «هیـچ»ی خـوسـرە و جاف-دا نییـە. کەوا مـەیلیـان بەرەو لای گـەڕانەوەیەکی یەکجاری بۆ مـەڵبەندی سەردەمی منداڵێتییـان نییە. لە «بوهژین»دا ڕۆمـاننووس بەهۆی تابلۆی شـاری ئاکـرێ دەسـتی خـوێنەر دەگـرێ و پەلکێـشی دەکـات بەرەو وەسـفـێکی زۆر وردی لایەنی تۆبۆگـرافـیـای شـارەکـە بۆ ئەوەی ببێـتـە خـاوەن هەمان عـەشقی سەعـید بەرامبـەر شـارەکـەی، ئەو شـارەش وەکـو گـاسـتـۆن باشلار دەڵێت: «خەیاڵ بەرەو لای پەلکێش دەکرێ نابێ وەکو شوێنێکی بێ بایەخ بمێنێ و تەنیـا وەکـو خـاوەن چەند لایەنێکی ئەندازیاری سـەیر بکرێ. ئەو شوێنە نەک تەنیا خـەڵکی

بەشێوەیەکی بابەتی تێیدا ژیاون، بەڵکو شوێنەکە خاوەن هەموو لایەنگیرییە لە خەیاڵدا هەیە»(١١) ڕۆماننووس بینای شوێنەکەی بە شێوەی بازنەیی داخراو بەرجەستە کردووە، چونکە سەعید لە شاری ئاکرێ-وە بەهۆی خوێندن بۆ شاری مووسڵ دەچێ و پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی بۆ هەمان شار دەگەڕێتەوە. ئەو شێوە ریالیزمە لە وەسفکردنی شوێندا هەیە، بە هەمان شێوە ڕۆماننووس مامەڵەی لەگەڵ مەزراندنی گێڕانەوەی کاتی نێو دەقەکەی کردووە. بونیاتی کاتەکە تەقلیدی نییە، بەڵکو لەم بوارەدا ڕۆماننووس ڕەچاوی لایەنی تازەگەری کردووە و لە گێڕانەوەی کاتەکە زیاتر کاتی ئێستا کراوە بە بناغەی گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردووی ژیانی پاڵەوان. کاتی ئێستای نێو ڕۆمانەکەش زۆر کورتە و ئەو چەند ساتەی پاش وەرگرتنی بڕوانامەکەی گرتووەتەخۆ. ئەم لایەنە لە دەروازەی ڕۆمانەکە لەلایەن بگێڕی بزری زۆر شتزانی ڕۆمانەکەوە دەسنیشان کراوە و دبێژێت: «ئەو رۆژەیا ئەو تێدا ئەڤرو.. رۆژا باوەرناما خۆ لە کولێجا لێ دخویند وەرگرتی..»(١٢).

دەروازەی ڕۆمانەکە بریتییە لە چاپتەری یەکەم و، تێیدا وەسفی شاری ئاکرێ کراوە و بە زەمینە خۆشکردن بۆ زیاتر ئاشنایی پەیداکردن لە بارەی سەعیدی پاڵەوان دادەنرێ. ڕۆمانی ریالیزمیش لە دەروازەکەیدا سوود لەم جۆرە وەسفکردنە وەردەگرێت. دەروازەی ڕۆمانیش جیاوازە لە دەروازەی چیرۆکی کورت لە لایەن کورتی و درێژییەوە، هەروەها لە دەروازەی ڕۆماندا «تەنیا دەنگی بگێڕ ڕوون و ئاشکرایە هەتا ئەگەر کەسەکان لەو سەرەتایەدا قسە بکەن. بەهای دەروازە لەوەدایە ڕۆماننووس بە پێشکەشکردنی جیهانی تایبەتی بزاڤ و بیروڕای کەسەکان دەست پێدەکات»(١٣).

خوێنەری ئەم ڕۆمانە لەڕێی وەسفی تابلۆکەی نێو ژووری سەعید-ەوە ناوی شارەکەی دەزانێ کەوا شاری ئاکرێ-یە، هەروەها لە ڕێی وەسفی شارە مەزنەکە و هەبوونی کۆلێجی پزیشکی تێیدا دەزانێ کەوا ئەو شارە شاری مووسڵە، چونکە جگە لە شاری بەغدا، هەردوو شاری «مووسڵ» و «بەسرە» هیچ شارێکی تر لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا لە عیراقدا زانکۆیەکی تێدا نەبوو کۆلێجی پزیشکی تێیدا هەبێ. ئەم دوو نهێنییە لە ڕێی وەسفکردنەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەرکی پێدەکرێ. ئەم لایەنەش بەدی هێنانی ئەرکی وەسفە لەلایەن ڕۆماننووسەوە کەوا زیاتر وەسف لە خزمەتی شوێن دەبێ.

شاگریی ڕۆمانەکە لەسەر جۆری گرێچنی کردەوە بونیات نراوە و ڕۆڵی گرێچنە لاوەکیەکەی نێوان سەعید و ڤیان و پەری هاندەرێک دەبن بۆ گەیشتن بە بەدیهێنانی شاگریی ژیانی سەعید، چونکە لایەنێکی چینایەتی تێیدا هەیە ڕۆڵێکی کاریگەر لە زیاتر بەرەو پێش چوونی سەعید لە بواری خوێندن دەبینێ، تاکو بیسەلمێنێ کەوا مرۆڤی هەژار و بەلەنگازیش هاوشانی مرۆڤی دەوڵەمەندە لە بواری زیرەکیدا، تەنانەت سەعید لە خوێندنی سەرەتاییەوە تا خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات هەر بە یەکەم دەردەچێ. ئەم جۆرە کێشەیە لەنێو واقیعی کۆمەڵەکەمانەوە هەڵبژێراوە و خراوەتەڕوو کەوا لە بارەی خولیای تەواوکردنی خوێندنی کۆلێجی پزیشکییە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئیبراهیم قادر محەمەد- ڕۆمانی کوردی لە عیراقدا، نامەیەکی ماجستێرە، ل٨٣. ئەم دەقەی لە کتێبەکەی مختار اعجوبة- القصة الحديثة- في السودان، الخرطوم، (١٩٧٢)، ل٧٦، وەرگرتووە.

٢- وليام ڤان اوكونور- اشكال الرواية الحديثة- مجموعة مقالات- تحرير واختيار، ترجمة: نجيب المانع- مقالة فريدريك. جي. هوفمان: الدوس هكسلي ورواية الافكار- دارالحرية للطباعة، بغداد، (١٩٨٠)، ل٢٥١.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣.

٤- حسێن عارف- ئەندێشەی مرۆڤێک، ڕۆمان، مطبعة الاجيال، بەغدا، چاپی یەکەم، (١٩٩٠)، ل٤١.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

٨- د. نافیع ئاکرەیی- بوهژین، ڕۆمان، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر،

(١٩٨٩)، ل٣.

٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

١٠- جاستون باشلار- جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، كتاب الاقلام، دارالحرية للطباعة، بغداد، (١٩٨٠)، ل٨.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

١٢- د. نافیع ئاکرەیی- بوهژین، ڕۆمان، ل٥.

١٣- ياسين النصير- الاستهلال- فن البدايات في النص الادبي، مطابع دارالشؤن الثقافية العامة، بغداد، (١٩٩٣)، ل١٢٧.

* دکتۆر نافیع ئەیوب فەیزوڵڵا ئاکرەیی لە ساڵی (١٩٤٤)دا لە شاری ئاکرێی سەر بە پارێزگای دهۆک لە دایک بووە. زۆر بلیمەت بووە، تەنانەت توانیویەتی لە ساڵی (١٩٦٧)دا کۆلێجی یاسا لە زانکۆی (دیمەشق) بە شێوەی «خوێندنی پۆستەیی» (دراسة بالمراسلة) تەواو بکات و هەروەها لە ساڵی (١٩٦٨)دا کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی مووسڵ بە خوێندنی ئاسایی تەواو بکات. لە ساڵی (١٩٩٢)دا بە کارەساتێکی دڵتەزێن لەناوچوو. پێش مردنەکەی چەند ساڵێک سەرۆکی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی کورد لە یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عیراق بووە و چەند ساڵێک سەرنووسەری گۆڤاری «نووسەری کورد» بووە، هەروەها چەند ساڵێک جێگری سەرنووسەری گۆڤاری «تەندروستی و کۆمەڵ» بووە. لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە کوردی و عەرەبی بابەتی ئەدەبی و تەندروستی بڵاوکردووەتەوە. لە بواری نووسینی ئەدەبیدا خاوەن ئەم بەرهەمانەیە:

١- چەند یاداشتێن پزیشکەکی- کۆمەڵە چیرۆک، (١٩٨٠).

٢- ئەو شەڤا قەت ژبیر ناکەم- کۆمەڵە چیرۆک، (١٩٨٨).

٣- من شعر المقاومة الايراني- قصائد مترجمة، (١٩٨٩).

٤- بوهژین- ڕۆمان، (١٩٨٩).

٥- دەسنووسی ڕۆمانی (شاری خۆ).

** ئیبراهیم قادر محەمەد لە پەراوێزی لاپەڕە(١١٠)ی نامەی ماجستێرەکەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا بەرگی دووەم و سێیەمی ئەم ڕۆمانە لەژێر چاپدایە، بەڵام تا ئەم ڕۆژگارە نەکەوتوونەتە ژێر دەستی خوێنەوارانەوە!!.

# فەرهەنگیلەی ساوایانی کورد

مەحموود زامدار

دەمێکە چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری
**«پیرەمێرد»**

**نوێشکێک**

زمـان لای هەندێ لە لێـتـوێژەران تەنیـا دارشـتـنەوەی هەست و نەست و زانیـاریـیـە و لەنێـو چەند دەنگێکی سـیـلابیـدا خـۆی وەدەردەخـا. خـانمە لێـتـوێژەرێکی وەک (هۆرلۆک) لەو باوەڕەدایە کـە: (زمـان) بۆ هەمـوو وێنەکانی دەربڕین هەمەگیرە، کەچی (قسە) ڕووێکە لە ڕووەکـانی زمـان و ئەویش هەر لەڕێی چەند دەنگێکی سـیلابییـەوە پەیدا دەبێ. (کلود کۆهلەر)ی لێتـوێژەریش پێی وایە کە: زمان تەنیا هەر یەک بەکارهێنانی نییە، بەڵکو گەلێ کاری تری هەیە، وەک: کـاری هەڵچوون و کـاری گـەمـە و یـاری و کـاری پراکـتـیکی.. هەندێ لێتوێژەریش دەڵێن: زمان دوو زمانە، زمانی گوێچکە و زمانی چاو. هەندێکیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە: زمـانی سـیـمـبـول و زمـانی هەڵچـوون و زمـانی دەنگ و زمـانی ئاماژەش هەیە. تیـۆرییـەکـانی بنواشـەو بناوانی زمـانیـش لە ڕووی زەمـەنەوە بەسـەر (٣) بەش دابەش دەکرێ:

**١- بنواشـەی بایۆلۆژی:** بەپێی ئەم تیـۆرییە زمـان لە بنجـــدا لەیەک زریکە و هاواری منداڵەوە ســەری هەڵداوە.. (هێـردەر)ی فـەیلەسـووفی ئەڵمـانیـش ئەم تیۆرییەی بە (باو- واو) ناوزەد کردووە و جەختیش دەکا کـە: ئەم دیاردەیە لە هەمـوو زمـانێکدا هەیە و چەندین وشەش لەم ڕێگەیەوە سەری هەڵداوە وەک:

(بارە- زریکە- گـڤـە- جـریوە- جـرووکـە- سـرتە- شڵـپـە- تڵـپـە- ترپە- زرمـە- خشـە- پرقـە- خورە- زیکە-....تاد)

دوو زانای وەک: (داروین) و (سپنسـەر)یش سـوورن لەسـەر ئەوەی کـە: نرکـە و زریکە و هاوار لە جـیـهـانی ئاژەڵاندا زۆر بەکـارهاتووە و زۆریش سـوودی هەبووە، لە ئەنجـامـیـشـدا لەلای مرۆڤ بووە بە (قسـە). (لویس)ی لێتۆژەر دەڵێ: ڕەگوماکی (قسە) لەیەکەم هاوار و زوقەی منداڵ سەری هەڵداوە.

**٢- بنواشـەی سـایکۆلۆژی:** بەپێی ئەم تیۆرییە زمـان بەندیـوارییـــەکی پتــەوی بە فـــیکرەوە هەیە و هیچ پەیڤــینێکیش بەبێ بوونی عــەقڵ لە ئارادانییــە. کـە بشمانەوێ خۆمان بۆ خۆمان یا بۆ خەڵک لەڕێی فیکرەوە بنوێنین، ئەوا مانای وایە لە فیکرەوە بەرەو قسە هەنگاو دەنێین، دیارە ئەو فـــیکرەش بەردەوام بە هەڵچـــوون و داچوون و سۆز و خولیا و تاسە و حەز و گزوفتیشـەوە بەندە.

**٣- بنواشـەی کـۆمـەڵایەتی:** لـەبـەر ڕۆشـنـایـی ئـەم تیـۆرییـەشدا ئەوا: زمـان دیاردەیەکی کـۆمـەڵایەتییـە و دەسکەوت و سـامـانێکی تاکـەکـەسیی نییـە، بەڵکو سامـانێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵ خاوەنیـەتی. لەلای ڕەفـتـارخـوازەکـانیـشـدا زمـان لای منداڵ لە ئەنجـامی کـردەوەیەکی مـەرجـدارەوە دێتـەکـایە، واتە: لەڕێی ئەو مەرجەی کە لەنێوان (وشە) و شتە هاودەنگ و هاوڕەنگ

و هاوچەشنەکاندا پەیدادەبێ، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەو پێکهاتە لەفزییانەش- لەلایەن خودی منداڵەوە- مانای خۆی وەدەس دێنێ و وردە وردەش منداڵ لە سیمبولە لەفزییەکان تێدەگا و دەزانێ کە: ئەمە شتێک لە شتەکان سەراوەڵە دەکاتەوە. لەلای (پیاچێ)ی زانادا: (زمان لای منداڵ تا حەوت ساڵانەش زمانێکی سەر بەخودە و لەپاشا لەگەڵ فەراژی بوونی مۆرکی «قسەی کۆمەڵایەتی» وەردەگرێ..) لای (بوهلەر)یش سێ جۆرە کار لای منداڵی ساڵە وەختەدا هەیە: «یەکەمیان: کاری دەربڕین و ئەوی تریان کاری کۆمەڵایەتییە و منداڵ بەدوای شتێکدا وێڵە و سێیەمیشیان خۆ دەرخستنە، قسەی منداڵانیش لەرێی کاریگەری گەورەکانەوە نەشونما دەکا و پەرە دەسێنێ». (گریگۆر)ی لێتۆژەریش دەڵێ: «منداڵ لەنێو زگی دایکی خۆیدا متووی زمان دەبێ و خووی پێدەگرێ و جۆری ئاوازەی هەڵچوونی دایکەکەی کاری تێدەکا» هەروا هاوار و زوقەی منداڵیش لە مانگی یەکەمی تەمەنیدا کزو کورتە و لەیەک دەقیقەدا دەگاتە (٤٠) هاوار و لەکۆتایی هەر ئەو مانگەشدا بەهێز دەبێ و درێژ و لە دەقیقەیەکدا دەگاتە (٦٠) هاوار...! لە بارەی (نغەنغە)وەش ئەوا لەسەرەتاوە ئەم دیاردەیە لە (سیلاب)ێکەوە دەست پێدەکا، لەپاشا دوو و سێ و چوار و تاد...) (شیرلی) لێتۆژەریش لەو بۆچوونەدایە کە: «منداڵ لە دە حەفتەی ساڵی یەکەمیدا بەم نغەنغە دەست پێدەکا (موم موم- دادادا)». لەلای (یەسپرس)ی لێکۆڵەریشدا ئەو نغە نغە بەر لە سێیەم حەفتە دەست پێناکا، بەڵکو دوای حەفتەی حەوتەم و هەشتەم، لەلای (لوبس)یش نغە نغی دووبارکراوە لە مانگی سێیەمەوە دەست پێدەکا، لەلای (ئاشتاین)یش لەمانگی پێنجەم و لەلای (هێرلۆک)ی خانمیش لە کۆتایی ساڵی یەکەم تەواو دەبێ (شیرلی)یش دەڵێ: «ئاوازەی رستە و گۆکردن لەلای منداڵ یەکە وێنەی واتادار دەبەخشێ، منداڵانیش بێ ئەوەی تێی بگەن چێژ لە (شیعر) وەردەگرن، ئەمیش لە رێی کاریگەری ئاوازە و ریتمی جوان و ناسکەوە. لەپاشا ساوا هەوڵ دەدا لەنێوان وشەیەک و شتێک- هەرشتێ- جۆرە پێوەندییەک بدۆزێتەوە»، لەلای (بوهلەر)یشدا: «ساوا یا منداڵ یەکسەر لاسایی ناکاتەوە، بەڵکو تەرجەمەی ئەو دەنگانە دەکا کە دەیبیستێ». گرنگترین بەشی قسەکردنیش لای خانمە لێتۆژەرێکی ماندووی وەک (ویکدەر)دا لای منداڵ و لە ئاستی جیاجیادا پێگەیشتنی زمان بەم چەشنە دەکەوێتەوە:

١- ناو: لەتەمەنی دوو ساڵیدا (٦٢) ناو لە سێیەمدا (١١٠) و لە چوارەمدا (١٣١) و لە پێنجەمدا (١٥٨) و لەشەشەمدا (١٨٠) ناو.

٢- فرمان: لەتەمەنی دوو ساڵیدا (١٨) و لەسێیەمدا (٣٣,٥) و لە چوارەمدا (٣٩) و لە پێنجەمدا (٤٥) و لەشەشەمدا (٤٣) فرمان.

٣- (جێناو) لە تەمەنی دوو ساڵیدا (١٣,٥) و لەسێیەمدا (١٣,٥) و لە چوارەمدا (١٤) و لە پێنجەمدا (١٣,٥) و لەشەشەمدا هەر (١٣,٥) جێناو.

٤- (هاوەڵناو) لە تەمەنی دوو ساڵیدا (٧) و لە سێیەمدا (١٤) و لە چوارەمدا (١٦) لە پێنجەمدا (١٦,٥) و لەشەشەمدا (١٥) هاوەڵناوە.

٥- (ئامرازی پێوەندی) لە تەمەنی دوو ساڵیدا (٢,٥) و لە سێیەمدا (٦) و لە چوارەمدا (٨) و لە پێنجەمدا (٨,٥) و لە شەشەمدا هەر (٨,٥) ئامرازی پێوەندی.

* * *

ئا بەمجۆرە تاقیمانە و لێکۆڵینەوە وردو ئاکادیمیانەی پڕ لە شەکەتبوون و شەونخوونی و حەزەوە، ئەو لێتۆژەر و زانایانە، رووبەرووی جیهانی شیرین و بەرهەرای منداڵانی خۆیان دەبنەوە و چەندین چەند پیلە و موناقەشە و رای بە پێزیش هەڵدەخەن و جیاوازیش دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام هەر کۆڵ نادەن و لەیەک خاڵیشدا کۆدەبنەوە ئەویش: درکاندنی جیهانی پڕ لە سەراسیمەی منداڵانە و لە خزمەت و پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوویشە، بەڵام مخابن لە لای ئێمە هێشتا ئەم بزاڤە و ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە و باسانە سەریان هەڵنەداوە، سەریشی هەڵدابێ زۆر بەر تەسک و کزو خاوە، نیازخوازین لەمەولا هەندێ نامەی ماجستێر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستاندا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێ.

(پەپە= نان)
(چەچە= دەست)
(ئەعە= رێتن)
(حوحە= ترس)
(مەمە- مەم= مەمک)
(مئە- مچئەح- مچئە- پچئئە= خۆراک)
(ئووووە= ئازار)
(بڤە= ترس و ئازار)
(ئوما= ئاو)
(ئوللە= لایلایە و نووستن)
(حەم= بخۆ)
(توتی= دانیشە)
(تاتی= وەرە)

(بیبی- ببیی- بەبە= منداڵ)
(پشە- ماو= پشیلە)
(کخ- کخە- ئحە- قخە= پیس)
(فە- فەفە- ئوفە= چێشت)
(ڤدە- بڤردە= مریشک)
(هەچە- حەچە= کەر)
بەعە= مەڕ)
(دا= دایک)
(با= باوک)
(ما= مام)
(بیبیب- دیدی- عوعە= ئۆتۆمۆبیل)
(پخە- پخ= خەون یا سەربڕین)
(تەتە= بووکە شووشە)
(توشش= میز)
(چیچ کە= دانیشە)
(پاپۆ= پێلاو)
(وووو= فڕۆکە)
(توو توو= شەمەندەفەر)
(چزە= گۆشت)
(عوجی عوجی= باوەش)
(بدی= بردی)
کدی= کردی)
(ڕۆ= ڕۆیشت)
(ججە- جوجە= پەڕەوڵ)
(پا- پیپە- پاپە-پاپی= پێ)
(باقە= مانگا)
بغە= کۆتر)
(جوکە- جوقە= باڵندە)
(چزە= سەماوەر و مەل و مەنجەڵ و ئازار)
(حەپە- حەو= سەگ)
قرغە= قەتێ)
(قووقە= کەڵەشێر)
(گرم م م= هەور)
(گڤە= با)
(هاژ= گەڵا و لێژاو)
(وزە= مێشوولە)
(کشە= باڵندە و پەڕەوڵ)
(ششش= ڕووباری ترسناک و تاڤگە)
(پغە= ساردکردن)
(با ء و = چاوشارکێ)
(بەخە= بەرخ)
(وێهە= پێکەنین)
(غلە- غلەغل- گدی گدی= ختووکە)
(وەی= ترساندن)
(پشت= بێدار کردنەوە)
(قاق- ققە- هیک= هێلکە)
(گوجە= گوجیلە)
(قا- قاقا= کاکە)
(دق ق دق دق= گەمە و یاری)
(قغ غ غ= تفەنگ)
(کتە- کتەکتە- کت کت= کۆکین)
(دن م م م م= دەنگ و دەردەنگ)
(مممم= ترساندن و گەمە)
(کغە- قسە)...تاد

* * *

جا نازانم بۆچی زمانی ساوا و شیرەژە و زارۆک و فەراژیانی کورد، یەکسەر سەرچاوە و سەرەتای زمانی کوردی نەبێ...؟ بۆ فەرهەنگیلەی منداڵان یەکە فەرهەنگی نەنووسراوی زمان نەبێ لە مەیدانی فەرهەنگناسی و فەرهەنگنووسیدا.

دووریش نییە و ڕێی تێدەچێ چەکەرەی ئەم زمانە کەونارایەی ئێمە هەر بەمجۆرە بووبێ، خۆ هەندێ فۆنەتیکی تایبەتی (زمانی ئاوێستا)ش ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ..! باشە.. ئەی چ زمانێک چ جیهانێک چ ژیانێک، بە قەد زمان و جیهان و ژیانی منداڵان بێ بەندوباو و چاو و ڕاوە ..!؟ هەر سووکە سەرنجێ لە زمانی ساوایان، هەزار ڕاستیی شارستانی و سایکۆلۆژی ئەم نەتەوەی کوردە ئاوەژوو دەکاتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی تین و تەوژمی- لەم ساڵانەدا- ئەدەبیاتی منداڵ- لەنێو جەنگە و دڵی بزاڤی ژانگرتووی ڕووناکبیریی کوردیدا، باری مەسئولیەتێکی تری نەتەوەیی و پەروەردەیی و شارستانی، خرایە سەر کرۆژەڵەی شانی ئەو بزاڤە، کە بێ ئەگەر و مەگەر دەبێ هەوڵ و توانایەکی بەرگوشادی بۆ بخرێتە کار و لەلایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیری و قوتابخانەییەکانەوە، نەخشە و بەرنامەیەکی لەباری بۆ سازبدرێ.. مامۆستا و پسپۆڕانی پەروەردە و زمان و سایکۆلۆژیا، هاوشان لەگەڵ هونەرمەند و شاعیر و ئەدەبیانی کورد مشووری بۆ بخۆن و قۆڵی مەردانەی بۆ داچن و لە (ئامۆژگەی منداڵان)دا دووبارە و دە بارە فێری وانە قورسەکانی ژیان و زمان و جیهانی پاکی و پاشەڕۆژبن. هەر تاقە ئاوڕدانەوەیەکی ورد و بەراوردێکی زانایانە و منداڵانەی ئەم لیستە و ئەم شیکردنەوەیە، ڕەنگی گەلێ لە ڕاستییەکانی ئەم جیهانە جوانەمان بۆ دەڕێژێ:

١- هەندێ ناو هەیە، لە دەنگی شتەکەوە وەردەگیرێ و دەکرێ بە سیمبولێک بۆ شتەکە و منداڵی پێ ڕادەهێنرێ، وەک:

(فە- فەفە-ئوفە)

(مئە- مچئە- پچئئە- مچئەح)

(عە- عەعە)

(ئوللە)

(بیبیب-دیدی- عوعە)

(توششش)

(ووو)

(توتو توتو)

(باقە)

(بغە)، (جوقە)، (جزە)، (حەپە- حەو). (قرغە)، (قوقە)، (گرمە)، (وژە)، (گڤە)، (هاژە)، (وزە)، (ماو)، (بارە)، (باع پخە)، (پغە)، (گدی گدی)، (چزە)، (ڤن)، (ڕن).

٢- هەندێ ناو هەیە، هەروا باو بووە و ساوای کوردی پێ فێر کراوە و دەکرێ. وەک:

(پەپە)، (چەچە)، (بڤردە- دڤدە)، (پخ- پخە)، (تاتی)، (چیچ- توتی)، (کخە- کخ- قخە- ئحە)، (تەتە)، (قاق- قڤە)، (حەم)، (عوجی عوجی)، (بەبە- بیبی- ببی ی ی)...تاد

٣- هەندێ ناو هەیە کە بنجەکەی کوردییە، بەڵام پەرەی سەندووە و ئاڵۆزتر و قورستر بووە، دووبارە سووک دەکرێتەوە و منداڵە کوردی پێ ڕادەهێنرێ، وەک:

(مەمە)، (دا)، (با)، (پاپو- پیپە- پاپە- پاپی)، (پشە)، (گوجە)، (قا)، (ما)، (بەخە)....تاد.

٤- هەندێکی دیکەی فرمانە و سووک کراوەتەوە و بۆ منداڵ و منداڵ خۆیشی بەکاری دەهێنێ، وەک: (بدی- بردی)، (کدی- کردی)، (ڕۆ- ڕۆیشت)...تاد.

٥- هەندێ ناو هەیە، لە زاراوەی گەورانەوە- لەبەر سووکی و سادەیی- بۆ منداڵ دەخرێتە کار، هەروەک چۆن بۆ ئاژەڵەکە بەکاردەهێنرێ، وەک: (هەچە- حەچە)، (جوجە- ججە)، (کشە)...تاد.

٦- هەندێ ناوی تر هەیە، لە بارودۆخی شتەکەوە هەڵدەهێنجرێ و منداڵی پێ ڕادەهێنرێ- بۆ دڵنیایی و ترس و ئازار و خۆشی و دڵنەوازی- لە شێوەی ئامۆژگاری و فەرمانکردندا، وەک:

(ئووە)، (بڤە)، (ووو)، (حوحە)، (ششش)، (ئوعە)...تاد.

٧- هەندێ جار یا دەگوترێ (حەم) یا فرمانی یاریدەدەری لە تەکا بەکار دەهێنرێ، وەک:

(حەم کە- حەم بکە)...تاد.

٨- هەندێ جار کە زۆر ساوایە و ساڵە وەختە و تا ساڵ و نیو و دوو ساڵە- بە سیلابی لەفزیی سووک ڕادەهێنرێ، وەک:

(دایە)، (بابە)، (مامە)...تاد.

٩- هەندێ لەوانە لە ئەنجامی جووڵە و لەرینەوە و جمانەوە وەردەگیرێ و بەکاردەهێنرێ، وەک:

(با أو)، (غلە غلەغل). (وەی). (پش ت). (دق ق دق ق)، (خت). (مممم)، (قغ غ غ)، (کت کت- کتە کتە)، (دن م م م م)، (وێهە)...تاد.

هەر لێرەشدا دەبێ ئەوە هەڵنەبوێرم و بڵێم: هەندێ ناو و ڕاناو فرمان و سمبول و دەنگ هەیە، کە هەر لە منداڵییەوە، گەورە چۆنی پێ دەوێ و گوێ دەکا، ئاواش منداڵە کوردی پێ فێر دەکرێ.. هەندێکی تر هەیە- وەک باس کرا- لە ڕیتمی تایبەتی و ئاهەنگی دەنگی ئاژەڵ وەردەگیرێ، هەروا لە دەنگ و چرپە و خورپە و ترپە جۆراوجۆرەکانی ناوەوەی سروشت و ناخی ناخی مرۆڤ خۆی، برێکی تریش هەیە، دەنگ و ناو و ڕیتمی هەیە و بۆ منداڵ دەخرێتە کار، بەڵام نووسینەوەی هەر زۆر زۆر گرانە، ناڵێم مەگەر لەسەر شریتە دەنگی (ستیریۆ) یا (کۆمپیوتەر) تۆمار بکرێ. هەندێکی تری ئەو ناوانەش لەنێو فەرهەنگی گەورەی زماندا بەرچاو دەکەون، بەشێکی دیکەی ئەمانە درێژن، بەشێکی کورت و هەندێکی بە تیژی و خێرایی، هەندێکی بە هێمنی دەگوترێ.

ئا بەم چەشنە و بە- شێوەیەکی گشتی- منداڵانی کورد ئەم وشە و زاراوە و دەنگ و ڕیتمانە بەکاردێنێ، یا بۆی بەکاردەهێنرێ.

هەر لێرەدا دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کە (دیالێکت- شێوەزار) و لق و چڵووکی شێوەزارەکان، کارێکی دیار لەم فەرهەنگیلەیەدا دەگێڕن و بەپێی یاسا و ڕێسای شێوەزارەکە، گەلێ لە سیمبول و ناو و ڕیتم و دەنگەکان، لەم شێوەزارە تا ئەو شێوەزارە، لەم ناوچەیە تا ئەو ناوچەیە دەگۆڕێن و جێگۆڕکێ دەکەن.. ئەمە و هەروا ئەوەی دەبێ لەبەرچاویش بگیرێ ئەوەیە: کە هەندێ منداڵ و ساوای وا، کە توانایەکی ڕەگەمایی و سەلیقەیەکی تایبەتی هەیە لە زماندا، بۆیە و هەر چەندیش زمانە تایبەتییەکەی خۆی لەگەڵ بەکاردەهێنێ، بەڵام وەکو گەورانیش قسەی لەگەڵ دەکەن و دەدوێن، ئەمیش زۆرباش لێیان تێدەگا و زۆر باشیش دەوروبەری خۆی دەناسێ و یەکالایان دەکاتەوە. هەروا چونکە منداڵ

هێشتا منداڵە (خودگەرایی) یەکەی زۆر باش پەرەی نەسەندووە، بۆیە ئەو وشە و دەنگ و ڕیتمانەی کە منداڵ خۆی بەکاری دەهێنێ، کە یەکجار و زۆر (خودگەرا و سەربەخۆ و سەرازادە) هەر بۆیەشە ئەو (خودە) لە منداڵێکەوە تا منداڵێکی تر دەگۆڕێ.

مایەوە سەر ئەوە تا بێم و دووشت بڵێم:

(١) بەپێی ڕەوتی شارستانیەت، فەرهەنگی منداڵانیش گەشە دەکا و دەشنێتەوە، زمانی منداڵان لەژێر باری ڕژێمی پووچەڵی دەرەبەگایەتیدا بەخششی تایبەتی خۆی هەیە، هەر هەمان زمان لەژێر سایەی سیستەمێکی مرۆ دۆست و پێشکەوتوودا جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا دێت. لە شارستانیەتی تەکنەلۆژیاشدا، فەرهەنگەکە دەکەوێتە بارێکی ترەوە.

جا لەبەر ئەوەی بەشێکی باشی ئەو فەرهەنگیلەیە دەورێکی مەزن لە مەسەلەی (پەروەردە)دا دەبینێ، ئەوا منداڵەکە یا (ترسنۆک) یا (شەرمن) یا (ئازا) یا (لەخۆ بوردوو) یا (گەڵحۆ) یا (مردۆخ) یا (زیرەک)ی لێ دەرسکێ، بۆیە دەبێ لای پسپۆرانی منداڵاندا، بایەخێکی ڕاستەقینەی پێبدرێ و بە میهرەوە لەبەرچاوبگیرێ. ئەمە و دەبێ فەرهەنگی یەکگرتووی جیهانی منداڵان فەرامۆش نەکرێ کە وەک بزانم یەکە نیشانەی یەکگرتنی منداڵانی جیهانە، بە منداڵانی کوردیشەوە.

(٢) ئەم کۆششەی منیش، مایەی خۆشویستنی بێ پایانی زارۆکی کوردە، دەشزانم باسەکە هێشتا زۆر باش گەڵاڵە نەبووە، بۆیە هەوڵی بەردەوام دەدەم تا خارا و تری بکەم و بیکەم بە نامیلکەیەکی پوخت و جوان و بیخەمە بەردەستی منداڵان و منداڵپەروەران.

**سەرچاوەکان:**


١- علم نفس الطفل- ثلاث اجزاء- مجموعة باحثين.

٢- اللغة والفكر- د. نوري جعفر.

٣- اللغة عند الطفل- صالح الشماع.

٤- گەڕان و سووڕان و سەر و سۆراغی مەیدانیی.

# قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری کۆمەڵایەتی

ئیان کریب
و/ ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

(١-٢)

**جۆرج لۆکاش و مارکسیزمی هیگڵی**

کارە بەراییەکانی لۆکاش بریتین لە ڕەوتێک هزری شۆڕشگێڕی گەشبین، ئەو هزرە هەر بەتەنیا نەبوو بەهەڵم، بەڵکو لەنێو کەش و هەوای سیاسی ئێستادا جێگای بڕواو متمانەش نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لۆکاش زۆر هزر و بیرۆکەی مارکسی گرنگی پێشڤەبرد و زۆریش لەوانە بوون بەدەسپێکی ئەو قوتابخانەیەی بەتیۆری ڕەخنەیی دەناسرێت. بۆیە من ئەو بەشانە دەهێڵمەوە کە تایبەتن بەم هزرانە.

لۆکاش هەندێک ڕاوبۆچوونی هیگڵ و مارکسی وەرگرت و پێشڤەی بردن. چەمکی تۆتالیتار کە بە مانای ئەوە دێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ژیان یەکەیەکی گونجاو پێکدێنن، چەمکێکی گرنگە و بۆتە نیشانەی تیۆرەکانی تیۆری پۆست مۆدێرنە و یەکێک لە قوربانیانی، ئەو بۆچوونە سەرەکییەی تیۆری کردەش کە پێی وایە مرۆڤ خۆیان بەرپرسن لە ئافرێدەکردنی کۆمەڵگا، هەر بەتەنیا مشتێک نییە لەبارەی ئێستا، بەڵکو نموونەیەکە دەشێت لە ئایندەدا لەنێو کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا بێتەدی. لەنێو کارەکانی لۆکاش-دا تیۆرەکە پەیوەستە بەمێژووەوە و هەردووکیان ئەنجامێکن لە ئەنجامەکانی مێژوو و بزوێنەری ئەو مێژووەن، ئەوەش بیرۆکەیەکە تیۆری بونیادگەری و پۆست مۆدێرنە بەلاوەیان ناوە.

**چەمکی تۆتالیتار**

تا ئێستا هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەی لەبارەی تیۆرەوە ڕێکەوتمان کردوون، دوولای دژیەکن، یا پێیان وایە تیۆر مەعریفەیەکی ڕاستگۆمان پێدەدات لەهەموو شوێنێک و بۆ هەموو خەڵکیش وەکو یەکە، تا ئەوکاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت، بەشێوەیەک (٢ × ٢) لای سەرۆکی ئەمریکا و جوتیارێکی ڤێتنامی و ئەو کەسەی وا لەدوورەوە گوێم لەدەنگی سەیارەکەیەتی، هەر وەکو یەکە و دەکاتە(٤). یا ئەوەتا هەموو ئەو مەعریفانەی تیۆر پێمانی دەدەن، مەعریفەی ڕێژەیین و پشت بەتێڕوانینی خودی کەسێکی دیاریکراو و بارودۆخێکی دیاریکراو دەبەستێت. لۆکاش هەوڵدەدات کارێکی زەحمەت ئەنجام بدات و ئەو دوو بۆچوونە دژیەکە بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بۆیە لەلایەک پێی وایە مەعریفەی ئێمە پشت بەڕەوشی مێژوویی خۆمان دەبەستێت (نەوەکو ڕەوشی کەسایەتی)، چونکە کۆمەڵگا جیاجیاکان لە قۆناغی پێشڤەچوونی جیاجیایاندا فۆرمی جیاواز لە مەعریفە بەرهەم دێنن. لەلایەکی تریشەوە، ئەوە ڕاست نییە کە هەموو شێوەکانی مەعریفە لەیەک پلە و پایەدان، چونکە دەتوانین جیاکاری لەنێوان تیۆرەکاندا بکەین و بڵێین ئەوەیان لەویتریان باشترە. بەکورتی، پێوەری هەڵبژاردنی هەر تیۆرێک توانایەتی لەسەر لەخۆگرتنی دیاردەکان، چونکە تیۆر هەیە لەتیۆری تر تۆتالیتارترە.

ئەو ڕایە پێشتر گریمانی ئەوە دەکات کە مەعریفەی ڕاستەقینە بریتییە لەمەعریفەی تۆتالیتار نەوەکو مەعریفەی چەند بەشێکی جیاجیا. من ناتوانم لەڕێگای

زانینی شێوەی بەشە جیاجیاکانی ژوورێکەوە شێوەی تەواوی ژوورەکەم بزانم، لەبەرئەوەی من دەتوانم بیرۆکەیەکی باش لەبارەی مێزو کورسییەکان و ڕەنگی مافوور و دیوارەکان دروست بکەم، بەڵام ناتوانم بەتەواوی ژوورەکەم بزانم، تەنیا ئەوکات نەبێت کە دەتوانم لەشێوازی ڕێکخستنی هەموو ئەو بەشانە تێبگەم و بزانم کە لەنێو ژوورەکەدان. (جارێکی تریش تێبینی ئەو بایەخە بکە کەدەدرێتە پێوەندییەکان، نەوەکو توخمەکان).

بۆیە مەعریفەی کۆمەڵگا دەبێت مۆرکی مەعریفەی گشتی وەربگرێت، نەوەکو مەعریفەی بەشێک. بۆنموونە، من ناتوانم لەسروشتی خێزان و پێکهاتەکەی تێبگەم تاوەکو لەپێوەندییان بەسەمتی ئابووری و فێرکاری و دەوڵەت تێنەگەم، من ناتوانم ئەو پێوەندییە تەنیا لەڕێگای تیرامانی سەربەخۆی هەریەک لەخێزان و ئابووری و دەوڵەت تێبگەم، بۆیە دەبێت هەموو شتەکان بەیەکەوە وەربگرم. لۆکاش هەندێک جار دەگاتە ئەوەی بڵێت چەمکی تۆتالیتار گرنگترین چەمکی نێو تیۆری مارکسیزمە. پێشڤەچوونی سەرمایەداریش دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانرێت مەعریفەی تۆتالیتار لەبارەی کۆمەڵگا بەدەست بهێنرێت، چونکە سەرمایەداری خۆی سەمتێکە بەرەو تۆتالیتاریزم دەڕوات و خاوەنی میکانیزمێکە بۆ فراوانبوونی خودی، بەشێوەیەک لەکۆتاییدا هەموو جیهان دەگرێتەوە (ئەو میکانیزمەی فراوانبوون بە زۆر ناوی تر ناوزەد دەکرێت، وەکو ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی نوێ).

مەعریفەی نوێی ئێمە کاتێک دەبێتە بەشێک لەسیستەمێکی گەورەتری مەعریفی، ئەوکاتە دەگۆڕێت. ئەوەش مانای وایە ئێمە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە مەعریفەی ئێمە ڕاستگۆیانەیە یا درۆزنانەیە، چونکە بەردەوام چەند لایەنێکی ڕاستگۆ و درۆزنانە لەخۆوە دەگرن. ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە بۆ تێگەیشتن ساناتر بێت گەر لەئاستی گشتی پێشڤەچوونی مێژووی جیهانەوە بچێت بەرەو ئاستێکی تر کە ئاستی ژیانی تایبەتی خۆمانە. ئەگەر شانسمان هەبێت، هەرچەندەی بچینە نێو تەمەنەوە شتی زیاتر لەبارەی خۆمان دەزانین، بەڵام ئەو مەعریفە تازانە نابنە هۆی ئەوەی مەعریفەکانی پێشووترمان گەندەڵ و پووچ بن، بەڵکو مانای وایە لای ئێمە گۆڕاون. من کاتێک لەتەمەنی پازدە ساڵیدا بووم دەمزانی زۆر ناشیرینم، کەچی ئێستا دەزانم ناشیرین نیم ـ ئەگەرچی ئازایەتی ئەوەش ناکەم بڵێم جوانترین کەسی جیهانم. ئەو زانیارییە وادیارە وەکو ئەوەی ناکۆک و دژیەک بن، چونکە ڕەنگە شێوەی دەموچاوم گۆڕابێت، بەڵام هەرگیز بەو جۆرە ڕیشەییە نییە، بەڵام مانایەک هەیە بۆ ئەوەی هەردوو مەعریفە ڕاست یا درۆ بن.

من لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بە ڕاستی ناشیرین بووم – ئێستاش کە سەیری وێنەکانی خۆم دەکەمەوە هەمان ئەو ڕایەم هەیە – ئەگەرچی ئەم ناشیرینییە نەفرەتێک نییە بەمنەوە نووسابێت، وەکو ئەوەی ئەوکاتە پێم وابوو. ڕەنگە ئەو هەستەی من هەڵقوڵاوی ئەو ئەوەترە بێت کە من هەمبوو لە هەمبەر گەشەکردنی توانای سێکسی خۆمدا، بەشێوەیەک پاڵی پێوەنام خۆم بە شێوەیەکی ناشیرین بەدی بکەم و کەمتر تەماشای لایەنە جوانەکانی خۆم بکەم.

کەچی ئێستا، هەست دەکەم جوانتر و سەرنجڕاکێشترم، ئەگەرچی هێشتا هەر خاوەنی هەمان فۆرمە ناشیرینەکەشم – بگرە ڕەنگە هەندێک شوێنی دەموچاوم لۆچاویش بووبن – لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سیمای جوانم هەیە دەتوانم دیاریان بکەم، بۆیە ئیدراکی من بەوەی کە ناشیرینم ئیدراکێکی هەڵە نەبووە، بەڵکو ئیدراکێکی جوزئی بووە، پێشکەوتنی تەمەنم ڕێگای پێدام ئەو ئیدراکە جوزئییە بدۆزمەوە و هەندێک ئیدراکی جوزئی تریش دیاری بکەم.

جارێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر کۆمەڵگا و دەڵێین پێوەندی نێوان پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی مێژوویی و نێوان مەعریفەمان، بریتییە لەمومارەسە Praxis ــــ پراکسیس، ئەوەش چەمکێکی زەحمەتی ترە کە لە بەکارهێناندا ماناکەی دەگۆڕێت. مانا گشتییەکەی دەکاتە هەموو فۆرمەکانی چالاکی، چالاکی دوورمەودا و هەنگاوە کردەییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو پرۆژانە و بیرکردنەوە و دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسانی تر و هەموو چالاکییەک کە شارەزایی و ئەزموون و تێگەیشتنمان لە بارەی جیهان پێدەدات. مەعریفە، یان تیۆریش گوزارشتکردنە لەو شارەزاییە و فراوانکردنیەتی، لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان ئەم ڕوانینانەی لەپاڵی دووەمدا قسەمان لەسەرکردن و وا تەماشای کردە دەکەن کە شتێکە پەیوەستە بەمانا، سەمتە کۆمەڵایەتییەکانیش بریتی بوون لە مانای بەرجەستەکراو، کەچی مومارەسە بەتەنیا مانا ناگەیەنێت، بەڵکو پێوەندییە کردەییەکانیشمان دەگەیەنێت بە سروشتەوە واتا کارکردن، ئەوەش بوار بەتیۆری ڕەخنەیی دەدات تێڕوانینێک لەبارەی بونیادی ئابووری ماددی نزیک لەو شێوەیەی مارکسیزمی بونیادگەری پێشڤە ببات، زیاتر نزیک بێت لە سەمتی

ڕۆڵی شوێنگە لای تیۆری کردە.

**فێتشیزمی کاڵایی**

لۆکاش بڕوای بەزۆربەی ئەو شیکردنەوانەی مارکسیزمی بونیادگەری هەیە کە لەپاژی سێیەمدا خستمانەڕوو، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە بونیادی ئاستی ئابوورییەوە، ئەگەرچی ئەو بەشێوەیەکی جیاواز لە ئەلتۆسێر باسی ئەو مەسەلەیە دەکات. ئەو زیاتر بایەخ بەپێوەندی نێوان ئاستە ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەدات.

بۆ خستنە بەرباسی ئەم مەسەلەیەش، بەتیۆری فێتشیزمی کاڵایی ـ Commodity Feitishism دەست پێدەکات کە مارکس لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی کتێبی (سەرمایە) خستبوویە ڕوو. کورتەکەشی ئەوەیە کاڵا جیاجیاکان زۆرجار لە ڕێگای دراوەوە دەگۆڕێنەوە، بۆ نموونە دەکرێت بڵێین دوو کتێب دەکەنە پێنج قوتوو ساردەمەنی، ئێمەش بەتایبەتی ئەوانەی داهاتیان دیاریکراو و سنووردارە، بەردەوام ئەم حیساباتانە دەکەین، چونکە کڕینی کاڵایەک مانای دەسبەرداربوونە لەکاڵایەکی تر - ئەوەش دیاردەیەکە ئابووریناسەکان ناوی دەنێن تەکالیفی دەرفەت، کەچی ئابووریناسە تەقلیدییەکان هەموو هاوکێشەیەک بەپێی بنەمای خستنەڕوو و داواکردن ڕاڤە دەکەن، واتا چەندایەتی کاڵا و ژمارەی ئەوانەی داوای دەکەن. ئەم دوو هێزەش - مەبەستم خستنەڕوو و داواکردنە - دەستنیشانی نرخ دەکەن و ڕێگامان پێدەدەن کاڵا جیاوازەکان بەیەکەوە بەراورد بکەین.

کەچی شیکردنەوەکەی مارکس جیاوازە و پێی وایە نرخ ئاوەژووکردنەوەی بەهای کاڵاکەیە، ئەوەش ڕەنگە بەردەوام بەراوردکردنێکی زۆر ورد نەبێت. لێرەشدا مارکس جیاکاری دەخاتە نێو بەهای بەکارهێنان - کە لایەنێکی تەواو خودییە - لەگەڵ بەهای ئاڵوێردا. بۆ نموونە، من حەز بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن ناکەم و حەزم بە خوێندنەوەیە، لە کاتێکدا هاوڕێکەم بە پێچەوانەی منە، بەهای ئاڵوێری، کە بەهای کاڵایەکە بە بەراورد لەگەڵ کاڵایەکی تردا، وەکو ئەوەی کتێبێک بکاتە دوو قوتوو و نیو ساردەمەنی، پێشی وایە ئەگەر ئێمە توانیمان کاڵای جیاواز بەیەکەوە بەراورد بکەین، ئەوە دیارە خودی کاڵاکان شتێکی هاوبەشیان تێدایە. لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بەها، ڕادەی کاری سەرفکراوە لە بەرهەمهێنانیاندا. ئەم خاڵەش لەنێو تیۆری بەهای کاردا وتووێژی زۆری لەسەرە. بێگومان مەسەلەکەش ئاوا سانا نییە، ئەگەر وابووایە ئەوە ماندووبوونی من لە نووسینی ئەم کتێبەدا دەبووایە بیکردبووایە بەهایەک بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە خۆشگوزەرانیدا بووام، کەچی لە واقیعدا هەر ئەوەندەیە بەشی سەفرەیەکی خێزانی کورت دەکات.

مارکس کۆمەڵێک مەرج و جیاوازی داناوە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگییەکاندا کە لێرە لای ئێمە گرنگ نین. خاڵی گرنگ پەیوەستە بە فێتشیزمی کاڵایی، لە ڕادەی کاری پێویستدایە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکان، هەرئەوەشە بەهای ئاڵوێری کاڵایەک بە یەکێکی تر دیاری دەکات، ئەو ڕادەیە لە کار بەشێکی دابەبڕاوە لە تۆڕێکی ئاڵۆز لەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. دابەشکردنی کار لەکۆمەڵگادا، واتا شێوازی دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ هێزی کاری بەسەر سەرجەم بوارەکان بریتییە لە تۆڕێک لە پێوەندی بونیادنراوی نێوان خەڵک.

سیستەمی بازاڕی سەرمایەداری ئەو تۆڕە لەپێوەندی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بۆ تۆڕێک لەپێوەندی ئاڵوێری نێوان شتەکان، چونکە بەهای ڕێژەیی کاڵا جیاوازەکان تۆڕی پێوەندی کۆمەڵایەتی بونیادنراوی نێوان خەڵک ئاوەژوو دەکاتەوە. لێرەدا وشەی فێتشیزم دەکرێت لە دوو سیاقدا بەکاربێت (لەنێو زمانی ئینگلیزیدا): یەکەم بەمانای شتێکی جامد کە خەڵک دەیپەرستن و ڕۆحێکی پیرۆزی هەیە. دووەم بەمانای شتێک دێت کە شەهوەتی سێکسی دەورووژێنێت، ئەگەرچی پێوەندی بە ژیانی سێکسییەوە نییە، خەڵک هەیە بۆ نموونە پێڵاوێک یا جلێکی دیاریکراو دەیان وروووژێنێت، لێرەشدا هەردوو بەکارهێنان ڕاستن. وەکو چۆن ژیانی سێکسی لای مرۆڤ کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە جەوهەردا پەیوەستە بەکارلێکردن لەگەڵ کەسێکی تردا، کردەی بەرهەمهێنانیش هەروایە، وەکو چۆن ڕووگەی چالاکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بەرەو سێکس، ئاواش ڕووگەی چالاکی بەرهەمهێنان دەگۆڕێت بەرەو پێوەندی ئاڵوێری نێوان شتەکان. ئێمە لێرەدا قسە لەبارەی بازاڕ دەکەین وەکو ئەوەی بوونەوەرێکی زیندوو بێت دەستنیشانی ئەو شتانە دەکات کە ئێمە پێی هەڵدەستین - واتا هێزێکە کۆنترۆڵی کردووین. لێرەدا جارێکی تریش تێبینی بیرۆکەی ئەو شتانە دەکەین کە کۆمەڵگا پێکدێنن، ئاستی شاراوە لەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستێکی تری دیار و بەرچاوی پەیوەست بە پێوەندییەکانی بازاڕ، واتا پێوەندی بەهای ئاڵوێر کە حەقیقەتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەشارێتەوە و کۆنترۆڵی دەکات.

### بەشتبوون

لۆکاش بە چەند ڕێگایەک ئەم بیرۆکانەی پێشڤەبرد کە هەر هەموویان یەک ناویان هەیە ئەویش (بەشتبوون ـ Reification)ە، ڕەنگە باشترین پێناسەش بۆ بەشتبوون گۆڕانی سیفەتە مرۆڤایەتییەکانە بۆ شتی چەقبەستوو و وەرگرتنی بوونێکی سەربەخۆ و بەدەستهێنانی سیفەتی نادیاری نامرۆڤانە. ئەو بیرۆکەیەش ڕەخنەیەکی بەهێزی ئەخلاقییە لە سیستەمی سەرمایەداری کە سیستەمێکە مرۆڤ دەکات بە شتی وا کە دەکرێت کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت. باشترین نموونەش لێرەدا، پێوەندی هاوسەرێتییە، چونکە مێرد دێت چێژی سێکسی و هەندێک خزمەتگوزاری لە ژنەکەی وەردەگرێت، لە بەرانبەر ئەوەدا پیاوەکە بەخێوی دەکات بەشێوەیەک زۆرجاریش ئەو بەخێوکردنە ناگاتە ئاستی دابینکردنی خۆشگوزەرانی، هەروەها بەهای ژنەکە زۆرجار پەیوەستە بە جوانی لەش و لاری، یا ملکەچی و توانای لەسەر ئامادەکردنی خواردنی بەتام، یا ئەو سامانەی دەشێت لە باوکییەوە بۆی بمێنێتەوە. بەهەمان شێوەش من لە کاتی کارکردندا، وەک کالایەک خۆم دەفرۆشمە خاوەن کارەکەم.

لەگەڵ ئەوەی لۆکاش زیاتر بایەخ بەلایەنی تری بەشتبوون دەدات، کەچی بەشێوەیەکی تایبەت دەڕوانێتە کاریگەری بەشتبوون بەسەر تیۆر و مەعریفەدا. ئەوەشمان بینی کە جیهانی کۆمەڵایەتیش وەکو جیهانی سروشتی وای لێهاتووە لەسەر شێوەی جیهانێک لە شتەکان دەردەکەوێت. کۆمەڵگاش بۆتە (سروشتێکی تر) لەپاڵ جیهانی سروشتی ئەسڵیدا و واش دەردەکەوێت وەکو ئەوەی سەربەخۆ بێت لە ئاست کردەی مرۆڤ، وەکو چۆن یاسا سروشتییەکان سەربەخۆ لە یاساکان دەردەکەون، ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییە وا خۆی نیشانی ئێمە دەدات وەکو ئەوەی چیتر لە تواناماندا نەبێت بیگۆڕین، وەکو چۆن ناتوانین ڕێگا لە خۆرهەڵاتن بگرین. ئەوە تەنیا بارودۆخێکی دیار و بەرچاو نییە، لەبەرئەوەی ئەو کردانەی دەچنە نێو پێکهاتنی فیتشیزمی کالایی و بەشتبوون، بونیادی کۆمەڵایەتی دەرەکی ئافرێدە دەکات کە مرۆڤ دەبن بەبووکۆڵە لەبەردەستیدا.

ئەو بیرۆکەیە هەندێک وردەکاری تریشی هەیە. ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی کردەی پێشڤەچوون و گۆڕانن و لە ئەنجامدا شتێک بەرهەم دێت ناوی دەنێین مێژوو. بەشتبوون ئەو پرۆسەیەمان لەلا ون دەکات، لەبری ئەوەی شتەکان لە بزاڤی بەردەوامدا بەدی بکەین، ئەوە بەجێگیری لە پێوەندی جێگیر لەگەڵ یەکتریدا بەدییان دەکەین. بەم جۆرەش زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدەن بەپێی زانستە سروشتییەکان بونیادی مەعریفەی خۆیان بکەن. ئەوەش بەگەڕان بەدوای پێوەندییە متواترەکانی نێوان دیاردە جیاجیاکان و حیسابکردنی ئەو پێوەندییانە وەکو ئەوەی یاسای کۆمەڵگا بن، بۆ نموونە وەکو ئەوەی بڵێین ئەو کۆمەڵگایەی تەواوی کرێکارانی کاردەکەن دووچاری هەڵاوسان دێت وەکو ئەوەی چۆن لەپلەی گەرمادا کانزاکان دەکشێن. جگە لەوەش، بۆچوونێکی تریش هەیە بەرەو ئەوە دەچێت هەمەکی کۆمەڵایەتی بەش بەش بکات و کۆمەڵێک زانست پێشڤە ببات کە هەریەکەیان تایبەتە بە بەشێک وەکو کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیا و ئابووری و مێژوو و جوگرافیا و....تاد. ئەو ڕاستییەی شاراوەیە و لە سروشتی جیهانی کۆمەڵایەتیدایە، ئەوەیە کە هەموو بەشەکان یەک شتی هەمەکی پێکدێنن، ئەو شتە هەمەکییەش لە کردەی پێشڤەچوونی بەردەوامدایە و کردەی بەشتبوون ڕێگامان پێنادات ئەو هەمەکییە بەدی بکەین. بەشتبوون لەسەر ئاستی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا جێکەوتێکی دیاری هەیە، دامەزراوە یاساییەکان لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دابڕاون، یا بەشێوەیەکی واهیانە پێیەوە پەیوەستە، خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان دابڕاوە لە بەرهەمی پیشەسازی، ئەگەرچی ئەو نەخۆشییانەش بلاوبوونەتەوە کە پیشەسازی بلاویان دەکاتەوە. ئەو کردەیەی بەش بەش بوون کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان وەکو ئەوەی کاریگەری لەسەر مەعریفەشدا هەیە. جیهان دەکاتە بەشی دابڕاو لەیەکتری.

### قوتابخانەی فرانکفۆرت

بۆچوونەکانی لۆکاش ناکۆک نییە لەگەڵ زۆر لەو کارانەی کە سەر بەڕەوتی مارکسیزمیش نین و لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەریان هەڵداوە و بە (ڕەوتی ڕۆمانسی) ناوزەد دەکرێن. زۆرینەی ئەو کارانەش بەتەنیا دژی سەرمایەداری نین، بەڵکو دژی کۆمەڵگای نوێشن. ئەم ڕووگانە وا تەماشای مرۆڤی نێو کۆمەڵگای تازەیان دەکرد کە، یان ئەوەتا تاکی دوورە پەرێزکراون، یان یەکپارچە مرۆڤن لەنێو کۆمەڵگای پیشەسازی تازەدا، لەهەردوو حاڵەتیشدا، هەموو خێر و خۆشییەکانی ژیانی تاک لەناوچوون. بەپێی بۆچوونی ئەوان، کۆمەڵگای نوێ سارایەکی ڕۆحییە و هەموو مانا بالاکانی پەیوەست بە ژیانی تێدا ونبووە و خەڵکیش

تێیدا لەنێو بۆشاییەکی ڕۆحیدا دەژین و لەم جیهانەش تێناگەن. ئەو بیروبۆچوونە بەچەند شێوە و فۆرمێک لای کەسانی دامەزرێنەری کۆمەڵناسی دەردەکەون، چەمکی نامۆبوون لای مارکس، چەمکی تێکچوونی هاوسەنگی پێوەرەکان لای دورکایم ـ anomie، چەمکی ڕزگاربوون لە سیحر لای ماکس ڤیبەر ـ dis-enchantment. هەموو ئەوانەش لای قوتابخانەی فرانکفۆرت بوون بەدیوەزمە، چونکە جیهانی کۆمەڵایەتی بوو بەدرندەیەکی ئەلیکترۆنی کە لەسەر پارچەکانی لەشی خۆی دەژییێت و گەمە بەچارەنووسیان دەکات و هەموو بەرگرییەکیشیان لەناو دەبات. درککردنی ئەو وێنەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی بەش بەشیش بێت، ئەستەمە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە دەڕوانینە ئەو جیهانەی نووسەرەکان تێیدا ژیاون.

پەیمانگای فرانکفۆرت بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، وەکو سەنتەرێک بۆ لێکۆڵینەوەی سۆسیالیزمی لەساڵی (١٩٢٣) دامەزرا، لەو ساڵەی کە کتێبەکەی لۆکاش (مێژوو و وشیاری چینایەتی) بڵاوکرایەوە. ئەوکاتەش ئەو هەڵچوونە شۆڕشگێڕییەی پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم کپ ببوو. ساڵانی دواتریش دەرکەوتنی ستالین-ی بەخۆیەوە بینی و ئەو پرنسیپانەی شۆڕشی ڕووسییان لەسەر بونیادنرابوو کاڵ بوونەوە و سەردەمی تیرۆرکاری دەستپێکرد کە لێرەدا پێویست بە باسکردن ناکات. سەرهەڵدانی هیتلەر دوای دە ساڵ پاش ئەوە، بووە هۆی زێتر بوونی تیرۆرکاری و ئەندامانی ئەو قوتابخانەیەی ناچارکرد هانا بەرنە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مردنی یەکێک لە ئەندامەکانی، کە ئەوکاتە هێشتا زۆر دەرنەکەوتبوو و دواتریش بوو بە یەکێک لە ڕابەرانی ڕەخنەی ئەدەبی کە والتەر بنیامی بوو. دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم، ترس و تۆقین کەمتر ببۆوە، بەڵام سەرمایەداری زیاتر پێی خۆی چەسپاندبوو بەشێوەیەک ئەستەم بوو بەرەنگاری بکرێتەوە و پێداویستییە مادددییەکانی دابین دەکرد و بەشێوەیەکی ڕێکخراویش چەندین سەدە کولتووری هەڵدەوەشاندەوە. ئەو کاتەش وا دەهاتە بەرچاو وەکو ئەوەی تواناکاری ئەنجامدانی گۆڕانێکی ڕیشەیی لەنێوان چەکوشی سەربازگەکانی دەسگیرکردن و سندانی تەلەفزیۆنی ئاراستەکراودا تەواو خاپوور بووبێت.

کۆمەڵێک لە ناودارترین بیریاران ناویان پەیوەستی ئەو قوتابخانەیە بوو، لێرەدا ئێمە باسی ناوەکانیان دەکەین، بەڵام قسە لەسەر کارەکانیان ناکەین، ئەگەرچی لە شوێنی تردا ئەو کارەمان ئەنجامداوە، کەسانی وەکو: والتەر بنیامین، لیولویڤنتال کە پسپۆڕ بوو لە کۆمەڵناسی ئەدەبی، ئەریک فرۆم پسپۆڕ لە دەروونشیکاری، کارل ویتفۆگل پسپۆڕ لە کاروباری چین. لەگەڵ ئەوەشدا ناودارترین بیریارانی بریتی بوون لە تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، ماکس هۆرکهایمەر، هربەرت مارکۆزە کە هەر هەموویان ئێستاکە کۆچی دواییان کردووە، سەرەڕای جیاوازییەکان، بەڵام بیری هاوبەشیان هەبووە. ڕەنگە یەکێک لە جیاوازییە بەرچاوەکان ئەوە بێت، دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی هەریەک لە ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا، کەچی مارکۆزە هەر لە ئەمریکا مایەوە. ئەو سی کەسە لە ماوەی ژیانیاندا ئەوەندەیان نووسیوە زیاتر لەوەی یەکێک لە ئێمە خەون بەخوێندنەوەیان ببینێت، بۆیە قسەکردن لەبارەیانەوە لە یەک بەشدا کارێکی عەبەسیانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ئەم سەرکێشییە دەکەم.

### باڵادەستی

لەبارەی لۆکاش-ەوە، گوتم ئەگەرچی دانی بەشیکردنەوەی مارکسی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی ناوە، بەڵام بەشداری خۆی لە مارکسیزم نەبووە هۆی ئەوەی بتوانێت هیچ شیکردنەوەیەکی بونیادی ڕەسەن پێشکەش بکات. ئەوە بەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرتیشدا دەگونجێت، لەگەڵ جیاوازییەک، ئەویش ئەوەیە ئەوانە دانیان بەشیکردنەوەی بونیادگەری مارکسییەوە نەناوە، بەڵکو پێیان وابوو سەرمایەداری بە وێنەی یەکەمی کە مارکس خستوویەتییە ژێر شیکردنەوە و لۆکاش دانی پێدادەنێت سەرمایەدارییەکە ئێستا نەماوە. لەبری ئەوەش دێن شیکردنەوەیەکی بونیادی تر پێشکەش دەکەن. هاتن وتووێژیان لەسەر ڕووگە گشتییەکان کرد، یا ڕەنگە قسەیان لەسەر فەرمانە گشتییەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانیش کردبێت، بەڵام لەوە زیاتریان نەکرد. لەم دە ساڵەی دواییدا مارکۆزە لەوانیتر چالاکتر بوو لە پتەوکردنی بنچینەکانی تیۆری ڕەخنەیی و بەرەو ئەوە چوو کە دژکاری نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان ئێستا وەکو خۆی نەماوەتەوە، لەبەرئەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە کاتی ئێستادا ڕێژەیەک لە سامان بەرهەم دێنن، بەشێوەیەک خودی ئەو هێزانە ئێستا پاڵپشتی لە موڵکدارێتی تایبەتی دەکەن لە بری ئەوەی بچنە نێو ململانێ لەگەڵیدا. گەشەکردنی قۆرخکردن و زیاتربوونی دەست تێوەردانی دەوڵەت لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و

نێودەوڵەتیدا بووەتە هۆی ئەوەی سەرکەوتووتر کۆنترۆڵی ژیانی مرۆڤ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا مارکۆزە لە ئەوانیتر گەشبینتر بوو، چونکە پێی وابوو دژکاری نێوان ئاستی ژیانی خەڵک و ئەو ئاستەی دەکرێت لەژێر سایەی ئەو هەموو سامانەی کۆمەڵگاوە تێیدا بژین، دەشێت ببێتە سەرچاوەی بێزاری و نارەزایی دەربڕین. بۆ نموونە، لەو ماوەیەی کە مارکۆزە نووسینەکانی خۆی بڵاودەکردەوە، حکومەتەکانی ئەورووپای خۆرئاوا دەیانتوانی خزمەتگوزاری ئاست بەرزی پزیشکی بە خۆڕا پێشکەش بەخەڵک بکەن، بەڵام سامانی ئەم وڵاتانە لە خۆ پڕ چەککردن خەرج دەکرا، یان بیست و سێ جۆر تایت بەرهەم دەهێنرا، لە کاتێکدا یەک جۆری تایت بەس بوو بۆ شووشتنی جلوبەرگ. مارکۆزە پێی وابوو چیتر چینی کرێکار ناتوانێت سەرکردایەتی کردەی گۆڕانکاری بکات، مادام ڕژێم لایەنگری ئەوانی کڕیوە و لە نێوەخۆی گرتوون، بۆیە گرووپ و کۆمەڵە و توێژی تر هەن کە هێشتا بەو ڕادەیە لەخۆ نەگیراون لەلایەن حکومەتەوە دەکرێت ئەو بلێیسەیە بن کە ئەوانیتریش بەئاگا دەهێنن وەکو ڕۆشنبیران، قوتابیان، کەمە نەتەوایەتییەکان و وڵاتانی جیهانی سێیەم، بۆیە سانایە لەوە تێبگەین بۆچی لە شەستەکاندا مارکۆزە ئەوەندە ناودار بووە، چونکە جەنگی ڤێتنام و بزاڤی مافی مەدەنی و شۆڕشی قوتابیان تیۆر و بۆچوونەکەی ئەویان دەسەلماند.

لەگەڵ ئەوەشدا بەشی هەرە زۆری کارەکانی مارکۆزە دەچنەوە سەر لایەنی ڕەشبینی نێو تیۆری ڕەخنەیی. لە کاتێکدا لۆکاش بایەخی بە بڵاوبوونەوەی دیاردەی بەشتبوون و توانای چینی کرێکار لەسەر وەستاندنی ئەو دیاردەیە و شکاندنی ئەو کۆتەی خراوەتە گەردنیان دەدا، ئەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت جەختی کردە سەر سەرکەوتنی حاڵەتی بەشتبوون و بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە تیۆرەکە پێویستی بەفراوانکردنی چوارچێوەی کاری خۆی هەیە تاوەکو بتوانێت ئەو ڕەوشە تازەیە ڕاڤە بکات. یەکێک لەو بیرۆکانەی قوتابخانەکە لە دەوری کۆبوونەوە و لەسەری کۆک بوون، بیرۆکەی باڵادەستی بوو، لەبەر چەند هۆیەک کە بەم نزیکانە ئاشکرا دەبێت هیچ پێناسەیەکی وردیشیان بۆ باڵادەستی پێشکەش نەکرد.

ڕەنگە باشترین مانا بۆ بیرۆکەی باڵادەستی ئەو مانایە باوە بێت کە ئەگەر یەکێک باڵادەست بوو بەسەر مندا، ئەوە دەتوانێت هەموو ئەو شتانەم پێبکات کە دەیەوێت. ئەگەر منیش باڵادەست بووم بەسەر ژنەکەمدا، ئەوە هەموو ئەوشتانە جێبەجی دەکات کە دەمەوێت و کەسایەتی و ئازادی خۆی دەخاتە ژێر دەستی من، ئەگەر باڵادەستیش نەبووایە ڕەنگە ژیانێکی جیاوازی هەبووایە.

ئەوەی لای تیۆریستانی فرانکفۆرت گرنگە، ئەو شێوازەیە کە تێیدا سەمت خەڵک ناچار دەکات و ئیستغلالیان دەکات و فریویان دەدات تاوەکو گرێنتی بەردەوام نوێبوونەوەی خۆی وەربگرێت. لێرەدا من قسە لەبارەی سێ بواری باڵادەستی دەکەم کە بیریارەکان چارەسەریان کردوون، یەکەم پەیوەستە بەو تێڕوانینەی پاساو بۆ باڵادەستی مرۆڤ بەسەریەکتریدا دێنێتەوە و پاساوی باڵادەستی سەمتی هەیە، ئەو تێڕوانینەی لەنێو چەمکی عەقڵی ئامێرگەرادا بەرجەستە دەبێت. بواری دووەم ئەو شێوازەیە کە تێیدا کولتووری میللی خەڵک ئاوێتەی سیستەم دەبێت. بواری سێیەمیش جۆری بونیادی کەسایەتییە کە نەوەکو هەر باڵادەستی قەبووڵ ناکات، بەڵکو خۆی هەوڵدەدات بچێتە ژێر ڕکێفی.

## عەقڵی ئامێرگەرایی

لەنێو زنجیرەیەک لە نووسین و کتێبدا قسە لەبارەی چەمکی عەقڵی ئامێرگەرا و دۆزینەوەی ناوەرۆکی کراوە، ناودارترینیان ئەو کتێبەیە کە ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر بەیەکەوە نووسیویانە بەناوی (دیالیکتیکی ڕۆشنگەری- ١٩٧٢) و کتێبەکەی هۆرکهایمەر (ئاوابوونی عەقڵ - ١٩٧٤) و کتێبەکەی مارکۆزە (مرۆڤی تاکڕەهەند - ١٩٦٤). عەقڵی ئامێرگەرایی بریتییە لە لۆژیکێک بۆ بیرکردنەوە و شێوازێک بۆ بینینی جیهان. ئێمە پێشتر ئەوەمان بینی چۆن ئاستی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداری - بەڕای لۆکاش - بەشێوەیەکی وا ڕێکخراوە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ وا دەردەکەوێت وەکو ئەوەی پێوەندی نێوان شتەکان بێت، تەنانەت تێڕوانینی مرۆڤ بۆخۆیان و کەسانیتریش تێڕوانینە وەکو شتێکی ماددی و جیهانی کۆمەڵایەتیش وای لێهاتووە وەکو ئەوەی سروشتێکی دووەم بێت لەپاڵ سروشتی ئەسڵیدا و خودی سروشتیش سەربەخۆیە لە کارەکانی ئێمەو لە گۆڕاندایە. ئەو ڕایە کورتەی چەمکی قوتابخانەی فرانکفۆرتە بۆ عەقڵی ئامێرگەرایی، بەڵام ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە بەشێوەیەکی قووڵتر ڕۆچوونە نێو ناوەرۆکی ئەو بیرۆکەیە و مێژوویەکی تەواو جیاواز لەو مێژووەیان پێدا کە لۆکاش گریمانی کردبوو.

زاراوەی ئامێرگەرایی دوو مانا و ناوەرۆکی هەیە: یەکەم، شێوازێکە بۆ بینینی جیهان. دووەم، شێوازێکە بۆ بینینی مەعریفەی تیۆری. بینینی جیهان وەکو ئەوەی ئامێرێکە، مانای وایە توخمەکانی ئامرازی وان دەتوانن

مەبەستەکانی ئێمە بەدی بێنن، بۆ نموونە، من لەبەرئەوە تەماشای ئەو درەختە ناکەم، چونکە جوانە، بەڵکو وا تەماشای دەکەم دارێکە دەشێت بکرێتە کاغەز و ئەو کتێبەی وا دەینووسم لەسەری چاپ بکەم. وا تەماشای قوتابییەکانم ناکەم وەکو ئەوەی مرۆڤن و هاتوونە شتی زانستی فێربن، بەڵکو وا تەماشایان دەکەم کەسانێکن ئەگەر من بتوانم کاریان تێدا بکەم ئەوە ڕەنگە پلەی مامۆستایەتیم بەرزتربێتەوە. من وا تەماشای توانای خۆم ناکەم لەسەر فێرکردنی خەڵکانیتر گوایە ئەوە خزمەتکردنیانە، بەڵکو وا تەماشای دەکەم کە شێوازێکە ڕێگام پێدەدات وایان لێبکەم هەموو شتێک بکەن کە من دەمەوێت. کاتێکیش دەڕوانینە مێژووی عەقڵی ئامێرگەرایی دەگەڕێینەوە سەر ئەو ڕەهەندە.

ئێمە دەتوانین وا تەماشای مەعریفەش بکەین وەکو ئەوەی ئامراز بێت، وەسیلەیەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک. ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە زۆر زەحمەتتر بێت، چونکە ئاوێتەی نێو ڕۆشنبیریمان بووە بەڕادەیەک هیچ تێڕوانینێک قەبووڵ ناکرێت. لێرەدا من دێم جیاوازی نێوان هەردوو ڕەهەندی عەقڵی ئامێرگەرایی دەخەمە ڕوو، ئەوەش بەتێڕوانین لە دیدگای فەلسەفی تری جیاواز لەوەی لەنێوماندا باوە.

بەشی زۆری خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بیر لە فەلسەفە ناکەنەوە، ئەوانەی بیر لە فەلسەفەش دەکەنەوە، زۆرجار وەکو شێوازێک بۆ بیرکردنەوە لە ماناکانی ژیانمان بیری لێدەکەنەوە، یا بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەستنیشانکردنی شوێنگەمان لەم جیهانەدا و پێیان وایە شێوازێکە بۆ ژیان و گونجان لەگەڵ سروشتدا، پێیان وایە دەکرێت جیهانێکی گونجاو بێتەدی کە تێیدا حەقیقەت بەجوانترین شێوە باڵادەست بێت، لەبەرئەوەی حەقیقەت بەهایەکی بەرزە.

ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ فەلسەفە لای لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت تێڕوانینێکی هەڵە نییە، فەلسەفە شێوازێکە بۆ ژیان، بەڵام ئەگەر کەسێک هەڵگری ئەو بیرۆکەیە بێت و بچێتە یەکێک لە زانکۆکان، ئەوە ئەو جۆرە لە فەلسەفە نابینێت، لە بری ئەوە تێڕوانینێک بەدی دەکات کە پێی وایە فەلسەفە ئامێرێکە لە ئامێرەکان، زیاتریش ئەو بۆچوونە باوە کە فەلسەفە خزمەتی زانست دەکات. زانست مەعریفە بەرهەم دێنێت، فەلسەفەش یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕێگا لە زانست دەگرن، کێشەی پەیوەست بە چەمک و وێناکردن، واتا ئەو کێشانەی پەیوەستن بەلایەنی تیۆری زانستەوە. لێرەدا فەلسەفە وەکو ئەو کرێکارە وایە کە مەکینەی زانست هەڵدەگیرسێنێت، کەچی بیرۆکەی حەقیقەت وەکو ئەوەی شێوازێک بێت بۆ ژیان، هیچ کەس باسی لێوە ناکات.

بەم جۆرە عەقڵی ئامێرگەرایی تەواو تایبەتە بە مەسەلە کردەییەکان. دەکرێت مەسەلەکە بەشێوەیەکی تریش بخرێتە ڕوو و شیکردنەوەکەشمان مەودایەکی دوورتر وەربگرێت، ئەویش ئەوەیە کە عەقڵی ئامێرگەرایی ڕووداو لە بەهاکانەی دادەبڕێت، لەبەرئەوەی بایەخ بەدۆزینەوەی ئەوە دەدات کە چۆن شتەکان دروست دەکرێت، نەوەکو دەبێت چی دروست بکرێت. زانست دەتوانێت مەعریفەی پێویستمان پێبدات بۆ بەرهەمهێنانی داری کارەبایی - مەبەست ئەو جۆرە دارانەیە کە بۆ لێدانی خەڵک بەکار دێت و وزەیەکی کارەباییان تێدایە - جا ئەو دارە بۆ کۆنترۆڵکردنی مێگەلە مەڕ بێت یا بۆ ئازاردانی مرۆڤ، ئەوە مەسەلەیەکە گرنگ نییە. زۆرجاریش، بەتایبەت لەنێو کۆمەڵگا خۆرئاواییە دیموکراتییەکاندا دەگوترێت کە زانست دەتوانێت باشترین ڕێگامان بۆ دیاری بکات بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو، بەڵام ئەو مەبەستە دەبێت لەلایەن کەسانی ترەوە دیاری بکرێت، ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی ئازاد لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون. ئەگەر ئەو نوێنەرانەی میللەت بڕیاریان دا هەڵاوسان ڕایەڵەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دادەڕمێنێت، ئەوە ئابووریزانی دەبێت باشترین شێواز بدۆزێتەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو هەڵاوسانانە.

ڕەنگە ئابووریناسان پێمان بڵێن باشترین شێواز بۆ کەم کردنەوەی هەڵاوسان ئەوەیە خەرجی گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە، بەڵام کەم کردنەوەی خەرجی گشتی ڕەنگە ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری. ڕەنگە هەندێک کەسیش وای بۆ بچن کە بەرگەگرتنی ڕادەیەک و ئاستێکی دیاریکراوی هەڵاوسان ئەلتەرناتیڤێکی ماقووڵە بۆ بێکاری و هەژاری، ئەوکاتەش دەرگا دەخرێتە سەرپشت بۆ وتووێژکردن لەبارەی گونجاوترین شێواز بۆ کەم کردنەوەی هەڵاوسان، ئەوەش بەدەرکردنی حوکمی ئەپستراکت نا، بەڵکو بەدەرکردنی حوکمی بەهایی، بۆیە دەشێت شێوازە حەزپێکراوەکان باشترین شێواز بن بۆ کەم کردنەوەی هەڵاوسان.

کۆمەڵێک فۆرمی عەقڵی ئامێرگەرایی هەیە، بەڵام تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەموویان لەژێر یەک ناونیشان کۆدەکەنەوە کە (پۆزیتیڤیسم)ە. دەشێت ئەو وەسفە فریودەر بێت، لەبەرئەوەی خودی پۆزیتیڤیسم

مارکەیەکی فەلسەفی وردە و ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی فەلسەفی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وەسفە هەندێک پاساوی خۆی هەیە. ئەو پیاوەی زاراوەی (زانستی پۆزیتیڤیسمی) دارشت، ئۆگست کۆنت ـ ە کە بەیەکەم کۆمەڵناس دادەنرێت، ئەو پیاوە لەکاتی ململانێی کۆمەڵایەتی دوای شۆڕشی فەرەنسی دەینووسی. ئەو پێی وابوو زانست کۆمەڵگا بەرەو دۆزینەوەی حەقیقەتی کۆمەڵگامان دەبات، بەوەش ئاستێک بۆ هەموو ئەو وتووێژانە دادەنێت لەبارەی ئەوەی دەبێت فۆرمی کۆمەڵگا چۆن بێت. ئەو هەڵوێستەش جێگای ڕەخنەی تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە لە ئاست ژیانی کۆمەڵایەتیدا و وا تەماشای ژیانی کۆمەڵایەتی ناکرێت کە بەرهەمێکی مرۆڤانەیە، بەڵکو وا تەماشا دەکرێت کە واقیعێکی دەرەکییە و مەحکومە بەکۆمەڵێک یاسا لە شێوەی یاساکانی سروشت، ئەوپەڕی ئێمە دەتوانین مەعریفەی خۆمان لەبارەی ئەو جیهانە بەشێوەیەکی هونەرییانە بەکاربێنین تاوەکو ئەو لایەنە، یان لایەنێکی تری بگۆڕین، بەڵام ناتوانین گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدەین. کەواتە، هیچ چارمان نییە، تەنیا خۆگونجاندن نەبێت لەگەڵ شتەکان.

ئێستا عەقڵی ئامێرگەرایی شێوازی بیرکردنەوەی بالادەستە لەنێو جیهانی نوێدا، شێوازێکە حوکم لە زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. دیارە لۆکاش-یش دەگەیشتە هەمان ئەو ئەنجامە کاتێک باسی کاریگەری بەشتبوون دەکات لەنێو هزردا، بەڵام قوتابخانەی فرانکفۆرت پێی وایە ڕەگوریشەی عەقڵی ئامێرگەرایی بۆ قۆناغێکی زۆر دوورتر لە قۆناغە بەراییەکانی پێشڤەچوونی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە. چۆن ماکس ڤیبەر بەدوای ڕەگوریشەی ڕۆحی سەرمایەداریدا چوو و لە ڕێگای بیروباوەڕی مەسیحییەوە گێڕایەوە سەر بیروباوەڕی یەهودی، ئاواش هۆرکهایمەر ڕەگوریشەی عەقڵی ئامێرگەرایی لەنێو بیروباوەڕی یەهودییەتدا دۆزییەوە. ئەو عەقڵە ئامێرگەراییەش بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا دەرکەوت، ئەو سەردەمەی تێیدا شۆڕشێک لەبیرکردنەوە ڕووی دا و زانستە سروشتییەکان دۆزرانەوە. لەو ماوەیەدا کردەی گۆڕینی سروشت بۆ ئامێر ڕووی دا.

خەڵک بەر لەو کاتە، پێیان وابوو سروشت دەسکردی خوایە و دراوەتە مرۆڤ تاوەکو پارێزگاری لێبکات، کەچی وا تەماشای سروشتیان کرد کە ئامێرە، ماددەیەکی خاوە، دەبێت لەپێناو بەرز ڕاگرتنی خوادا بەکاربهێنرێت و ئیستغلال بکرێت. ئەو تێڕوانینە لە سەدەکانی دواتر تاوەکو ئەمڕۆش پێشڤەچوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگا و سیستەمی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە، چونکە تێڕوانینێکە گۆڕا و چیتر جیهانی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی ژیانی ئاسایش نییە، بەڵکو جیهان بوارێکە تاک دەبێت ئیستغلالی بکات و پێشکەوێت. دواتریش مرۆڤیشی گرتەوە، ئەو مرۆڤانەی لەمەودوا چیتر بوونەوەرێک نین خاوەنی کەرامەت و ئەرک و ماف بن، بەڵکو بوونەوەرێکی وان خاوەنی شارەزایی و توانایەکن دەبێت لە دەرەوەی خودی خۆیانەوە ئیستغلال بکرێت. بۆ نموونە تەماشای من بکە، من لە ڕوانگەی سیفەتە مرۆڤایەتییە بەرزەکانەوە ناڕوانمە هاوڕێیانم، من تەماشای ئەوە ناکەم چەندە خەڵکی باش و ڕۆح سووک و زیرەکن، بەڵکو تەماشای ئەوە دەکەم چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەیان هەیە و چەندە بە باشی کاری وانەبێژی و کارگێڕی خۆیان ئەنجام دەدەن و تا چەند بۆ بەرزبوونەوەی پلەکەم سوودیان لێ وەردەگرم. خەڵک لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و پاکی دانامەزرێن، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەنجامدانی ئەو کارانە دادەمەزرێن کە پێیان ڕادەسپێردرێت.

لەو نمایشەدا وادەردەکەوێت کە عەقڵی ئامێرگەرایی دیاردەیەکە لە میانەی مێژوومانەوە خۆی چەسپاندووە تاوەکو یەک لەدوای یەک کۆنترۆڵی بوارەکان بکات. پێدەچێت ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر نزیکتر بووبن لەوەی بڵێن سەرمایەداری بەرهەمی عەقڵی ئامێرگەراییە نەوەکو مارکۆزە. هەر کاتێکیش مارکسیزم بایەخ بە مومارەسە نادات – وەکو چۆن دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی (مێژوو و وشیاری چینایەتی) ڕووی دا – ئەوە لایەنە پۆزیتیڤیستەکانی نێو کارەکانی مارکس سەرهەڵدەدەن. لەو ساڵانەی دواییشدا تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخنەی زۆر و توندیان ئاراستەی مارکس کرد، بەتایبەتیش کارە دواییەکانی و گوتیان سیستەمەکانی ئەوروپای خۆرئاوای پێشتر، هەروەکو کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان، ئەنجامی ئەو عەقڵە ئامێرگەراییەیە.

بەپێی ئەم بۆچوونەش، ئەوە ڕووگە مارکسییەکەی ئەڵتۆسێر بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا شێوەیەکە لە شێوەکانی عەقڵی ئامێرگەرایی و تێیدا وا وێنای کۆمەڵگا دەکرێت گوایە ناکۆکە لەگەڵ بەرهەمی مرۆڤانەدا، کەچی ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کۆمەڵگا خۆی مرۆڤ بەرهەم دێنێت. بەپێی ئەم تێڕوانینە، شۆڕش و سۆسیالیزم دوو شت نین پەیوەست بن بەئازادی مرۆڤ،

بەڵکو دوو شێوەی نوێن لە ئامێر، یان مۆدێلێکی نوێی ئامێرن.

لەگەڵ ئەوەشدا لێکچوونێک هەیە لەنێوان قوتابخانەی فرانکفۆرت و ڕەوتی پۆست بونیادگەری. مەعریفە - بەلایەنی کەم لە وێنەی عەقڵی ئامێرگەراییدا - لای قوتابخانەکە یەکسانە بەهێز و باڵادەستی، جگە لەوەش ئارەزوویەکی هاوشێوە هەیە لە شێوازی نووسین لەبارەی ئەم پرسە لای هەردوولا بۆ لەناوبردنی باڵادەستی. هەردوولاش زۆرجار بە ئەنقەست بە ئاڵۆزی دەنووسن و ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بە قسەی ڕەوان و ڕوون گوزارشت لەو بابەتانە بکەن کە قسەیان لەبارەیەوە دەکەن، یا تەنانەت کەمتریش باسی بۆچوونە شەخسییەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام جیاوازییان لەوەدا دەردەکەوێت کە تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت شێوەیەکی تری مەعریفی لەپاڵ ئەو مەعریفەیە باوە دادەنێن کە لەسەر عەقڵی ئامێرگەرایی بونیادنراوە، ئەو مەعریفەیەش بریتییە لە خودی تیۆرە ڕەخنەییەکەیان.

هەر نووسەرێک لەو نووسەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، خاوەنی شتی جیاکەرەوەی خۆیانن کە لە هاوڕێکانیان جیایان دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا جیاوازییەکانیان جێگای بایەخ و گرنگی ئێمە نییە. تیۆری ڕەخنەییش بەو شێوەیەی لە پێشەکی ئەو بەشەدا وەسفم کرد ڕەخنەییە، توانای هەیە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی کۆمەڵگای بونیادنراو کۆمەڵگایەکی ناعەقڵێنی یا سەرکوتکەرە، لەبەرئەوەی هەردوو سیمای سەرەکی ژیانی مرۆڤ تێکدەشکێنێت و دەدزێت کە بریتین لە: توانای مرۆڤ لەسەر گۆڕینی ژینگەکەی خۆی و توانای لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی عەقڵێنی بەکۆمەڵ کە پەیوەستە بەژیانی هەموومان. ئەو تیۆرە بانگەشەی ئەوەش دەکات کە دەتوانێت ئەوە ڕوون بکاتەوە چۆن ئێمە لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی کردەییانە ئەو کۆمەڵگایەمان ئافرێدە کردووە و چۆن هەر بەڕاستی ئەو کۆمەڵگایە دروستکراوی دەستی مرۆڤە، تەنانەت ئەگەر لە تواناشدا نەبێت بەو شێوەیە بناسرێتەوە. بەگوزارشتێکی تر، کۆمەڵگاکەی ئێستامان و بیروبۆچوونەکانی دەخاتەوە نێو چوارچێوە مێژووییەکەی و ئەوە دەردەخات کە دوو شتی بەردەوام جێگیر نین، بەڵکو بەشێکن لە کردەیەکی دوور مەودا و زەحمەت کە تائێستاش هەموومان بەشدارین لە دروستکردنیدا.

کەچی ئەو شێوازەی دەکرێت لە میانەیدا ئەو بیرۆکەیە ڕوون بکرێتەوە، لەگەڵ مێژوودا جیاوازی تێکەوتووە، ئالێرەدا دەگەینە مەسەلەی سەختی شێوازی نووسین لای پێشڕەوانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. ئێمە بینیمان چۆن چەمکی هەمەکی - گشت لای لۆکاش، چەمکێکی بنچینەیی بوو، ئاماژەیەک بوو بۆ تواناکاری بوونی یەکێتییەک لەنێوان سروشت و کۆمەڵگا و سەرهەڵدانی مەعریفەیەکی عەقڵێنی کە هەردووکیان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کەچی لای تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، کۆمەڵگاکانی ئێستا، بەخۆرئاوایی و خۆرهەڵاتییانەوە، یەکەی هەمەکی گشتگیرن، بەمانا خراپەکەی سیستەمی گشتگیری تۆتالیتاریزم. ئەوانە کیانی یەکگرتوون و هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەیان مژیوە و بەلاوەناوە. ئەوەش مانای وایە کە بیرۆکەی هەمەکی چیتر پەیوەست نییە بە ئازادکردنی مرۆڤ، بەڵکو ئێستاکە پەیوەستی تێکشکاندنی بووە. مەسەلەی بەدەستهێنانی مەعریفەی گشتگیریش ئامانجی کۆمەڵگای تۆتالیتارە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕەوشە تۆقێنەرەش، هەر ئەوەندە بەس نییە جۆرێکی تر لە مەعریفەی هەمەکی بخەینە ڕوو، واتا هەرئەوەندە بەس نییە بەپێی بنەماکانی وازییەکەی خۆی گەمەی لەگەڵدا بکەین، بەڵکو دەبێت ئەگەر لە تواناماندایە ئەم جۆرە نەسەقە تێکبشکێنین، بەوەی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی لێوەربگرین و کون و کەلەبەر و درزەکانی ئاشکرا بکەین.

سەیر نییە گەر یەکێک لە کتێبە هەرە ناودارەکانی ئەدۆرنۆ (دیالیکتیکی نێگەتیڤ) بێت. ئەنجامی ئەو هەڵوێستەش ئەوەبوو تیۆرەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە زۆر کاتدا لە شێوەی دیالیکتیکی درێژ و ڕێکخراو دەرناکەوێت، بەوڕادەیەی پارچە پارچەی بچووکە و جەخت دەکاتە سەر موفارەقاتەکان و شتە ناکۆک و دژیەکەکان. ساناترین کاری لەو شێوەیەش هی ئەدۆرنۆیە و بەناوی (ئەخلاقە بچووکەکان - ١٩٧٤) تێیدا لەدەسپێکدا دەڵێت تاکە شوێن کە ڕەنگە حەقیقەتی تێدا دەسگیر بکەین هەمەکی، یان یەکەی تەواو نییە، بەڵکو لەو بەشە لەیادکراوانەی ئەزموونی تاکدایە کە لەژێر کاریگەری ئەو هەمەکییە دەربازی بووە. هەندێک جاریش وادەردەکەوێت وەکو ئەوەی هەر گوزارشتێک ڕاستەوخۆ لەبارەی جیهان وەکو تەنازولێک وابێت لەلایەن ئەو عەقڵە ئامێرگەراییەوە. ئەو هەڵوێستەش پێوەندی ئەدۆرنۆ بەتیۆری پۆست مۆدێرنیزم ڕوون دەکاتەوە، ئەوەش مەسەلەیەکە دواتر دەگەڕێمەوە سەری.



# سلێمان شاكر:
# زۆربەی شێوەكارانی كورد ڕۆشنبیرییەكی قووڵی هونەرییان نییە

هونەرمەند (سلێمان شاكر) یەكێكە لە هونەرمەندە پێشەنگەكانی بواری هونەری شێوەكاری كوردی، لە ساڵانی پەنجاوە چووەتە بەغدا تا لە ئامۆژگای هونەرە جوانەكانی ئەوێ وەک قوتابییەک لەسەر دەستی هونەرمەندە گەورەكانی وەک (فایەق حەسەن) و (ئیسماعیل ئەلشێخلی) بخوێنێ.

لەو كاتەوە تا بە ئەمڕۆكە دەگات بەبێ پچڕان لە بەخشش و كاری هونەریی دانەبڕاوە و بزاڤی هونەریی بە ڕێچكە و شێوازی خۆی كە (ڕیالیزمی)یە درێژە پێداوە.

بۆ بەسەركردنەوەی ئەو مێژووە هونەرییە و واقیعی هونەری شێوەكاری كوردی لە كوردستان بە گشتی و لە شاری هەولێر بەتایبەتی گفتوگۆیەكی فراوانمان لەگەڵ سازدا تا زیاتر بە بیروڕا و بۆچوونەكانی ئاشنا بین سەبارەت بەو بزاڤی هونەری شێوەكاری و بە هونەرەكەی خۆی.

**ڕامان:** پێمان باشە لەسەرەتاوە باسی ئەوە بکەیت چۆن خۆت لەناو هونەردا دۆزییەوە؟

**سلێمان شاکر:** دیارە من هەر لە منداڵییەوە زەوق و سەلیقەیەکی هونەریم هەبووە، بەتایبەتی وێنەم کێشاوە. ئەمەشم لەوکاتەدا بۆ بەدیارکەوت، کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم و لە شاری کۆیە لەگەڵ ماڵە مامێکم ژیانم بەسەر دەبرد. کوڕی مامەکەم کە ناوی عەبدولکەریم ڕەئووف بوو ئەو کاتە تازە لە خانەی مامۆستایان دەرچوو بوو، کە وێنەکانم پێشان دەدا دەستخۆشی لێدەکردم و زۆر سەرسامی خۆی دەردەبڕی.

ئەمە جگە لەوەی مامۆستا قاسم ناجی مامۆستا و هونەرمەند وانەی وێنەی پێدەگوتین و ئەویش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاندانم هەبوو، تەنانەت جاری وا هەبوو لە بری هەر وێنەیەک (٥٠) فلسی پێدەدام و منیش چ کاتێک حەزم چووبایە پارە وێنەیەکم دەکێشا، ئەوجا بە هەر شێوەیەک بووایە بە بیری خۆم، یان بە نەقڵکردن لەسەر وێنەی کتێبێک، یا گۆڤارێک، کارێکم دەکرد لەگەڵ ئەوەش ئەو بە چۆنیەتی وێنەکێشانەکەی دەزانی، کە لەسەر وێنەی دیکە لاسایی دەکەمەوە بەڵام هەر پارەکەی دەدامێ.

**ڕامان:** باشە چ ساڵێک بوو و بۆچی لە کۆیێ بوون و لە هەولێر نەبوون؟

**سلێمان شاکر:** پاش ئەوەی لە ساڵی (١٩٤٧-١٩٤٨) دایک و باوکم کۆچی دواییان کرد و هەمووشی سەرجەم ماوەی نێوانیان (٣) مانگی نەخایاند.

ئەوەبوو ئەوکاتە مامێکم فەرمانبەری میری بوو لە (گوێڕ) گواسترایەوە بۆ (کۆیە)، بەو پێیەی من لەگەڵ ئەوان دەژیام منیشیان برد بۆ کۆیە، بۆیە تا قۆناغی ناوەندی لە کۆیە ماینەوە و دواتر هاتینەوە بۆ هەولێر.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ هەولێر پێمان باشە بزانین کەشوهەوای هونەری و هێما دیارەکانی هونەری ئەو وەختەی کۆیە چۆن و کێ بوون؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان ساڵی (١٩٤٨) کە ساڵی ڕووخانی فاشیزم و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی بوو، زۆر بە ئاشکرا نەورۆز کردن و بۆنەی نەتەوەیی زیندوو دەکرایەوە، دیارە نەک هونەری وێنەکێشان، بگرە هونەرەکانی دیکەی وەک مۆسیقا و گۆرانیش لەو بۆنانەدا بە دیار دەکەوتن. بەو پێیەش کە مامۆستا جابیر پیرداود مامۆستای وێنەکێشان بوو لە قوتابخانەی سانیە لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی بەهرەمەند تابلۆیەکی کێشا، کە



مەحموود زامدار، سلێمان شاکر، ئازاد عەبدولواحید

هەموو وێنەکان گوزارشتیان لە بۆنەی نەورۆز و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی دەکرد و لە پێشانگایەک نمایش کران.

**ڕامان:** ئەگەر بە بیرت مابێت دەتوانی باسی چۆنیەتی وێنەکانی هونەرمەند و مامۆستا (جابیر پیرداود)مان بۆ بکەیت؟

**سلێمان شاکر:** مامۆستا جابیر پیرداود بە دەستکارییەوە وێنەی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە دەگواستەوە. بۆ نموونە: ئەو وەختی گۆڤارێکی میسری هەبوو هەندێ وێنەی ئافرەتان و پیاوانی لەسەر بەرگی پێشەوە بەرچاو دەکەوت، مامۆستا جابیر پیرداود وێنەی ئافرەت، یان پیاوێکی وەردەگرت و بەدەستکارییەوە قوفڵێکی لە لێوی دەدا کە ئەمەش ئەوەی دەگەیاند لە سەردەمی ئەو ڕژێمەدا قسەکردن قەدەغە بوو. بەواتایەکی دیکە ئەو شتانەی دەستکاری دەکرد و خەڵکەکەش زۆری پێ جوان بوو. من بەشبەحاڵی خۆم لەکۆیە بە تەنیا ئەو چالاکییەی وێنەکێشان و کردنەوەی پێشانگای جابیرە فەندیم دیت.

**ڕامان:** باشە لەناو مامۆستایانی دیکەدا، یان لەناو قوتابیان کەسێکی دیکە نەبوو وێنە بکێشێت؟

**سلێمان شاکر:** نەخێر... نەبوو. ئەوە نەبێ کە ئێمە مامۆستایەکی وێنەکێشانمان هەبوو ناوی (جەلال حەمەد) بوو کە ئێستاش هەر لە ژیاندا ماوە، بەڵام ئەم شێوەکار نەبوو، تەنیا وانەی وێنەی پێدەگوتین، بێگومان ئەوکاتە پەروەردەکردنی هونەریی منداڵ نەبوو، بەڵکو زیاتر وەک وانەیەک بوو لە تەک وانەکانی دیکە. سەبارەت بە بزاڤی هونەری شێوەکاری بەگشتی و ئەو وەختە لە کۆیە من هەستم پێنەکرد و ئەگەر بڵێین ئەو وەختی من نەفام بووبم! دواتریش شتێکی وام لێی نەبیستەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەو قۆناغە، ڕەوشی هونەری شێوەکاری لە

هەولێر چۆن بوو؟

**سلێمان شاکر**: بێگومان هەولێر لە رووی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی و هەستی دوای رووخانی فاشیزم هەر هەمان رەوشی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی هەبوو، ئەمەش وای لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان کردبوو زۆربەی چالاکییەکانیان لەم چوارچێوەیەدا چڕ بکەنەوە و زیاتر بایەخ بە هونەری خیتابە بدەن، نەک هونەرەکانی دیکە. بە واتایەکی دیکە هەر چالاکییەکی هونەریی لەو سەردەمەدا دەکرا زیاتر لە خوێندنەوەی وتار و نواندن بەرجەستە دەبوو، منیش وەک هەر قوتابییەکی دیکە بەبێ دوودڵی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بەشی خیتابەم هەڵبژارد، بە ئومێدی ئەوەی لەداهاتوودا ببم بە گوتاربێژێکی باش و لە بۆنەو یادەوەرییەکاندا وتار بخوێنمەوە.

**رامان**: تۆ بڵێی گیانی شۆڕشگێڕییەکەی ئەوکاتە کاری لە تۆش کردبێت و وای لێکردبێت ئەم بەشە هەڵبژێریت؟

**سلێمان شاکر**: ئەگەر بڵێم هەستی نەتەوایەتی و گیانی شۆڕشگێڕیم نەبوو وانییە، بەڵام هەڵبژاردنی بەشی خیتابە زیاتر بۆ ڕەچاوکردنی ئەوانی دیکە و ئەو لەبن گوێ خوێندنە دەگەڕێتەوە، کە لە هەموو لایەکەوە فشاریان خستبووینە سەر و وایان لێ کردین بە بێ ویستی خۆمان بەشی خیتابە هەڵبژێرین.

## بەدەر لە هەر فەلسەفەیەک، بە سروشتی وڵاتەکەی خۆم سەرسامم

**رامان**: بۆ ئەوەی ببی بە گوتاربێژێکی حزبی؟

**سلێمان شاکر**: بەڵێ.. بۆ ئەوەش جەماوەر بە جۆش و خرۆش بێنین... ئەوەبوو منیش وەک ئامادەم بۆ کرد چوومە بەشی گوتاربێژی و لەگەڵ ئەمەشدا دەستبەرداری وێنەکێشان نەبووم. خوا لێخۆشبوو مامۆستا (جەواد رەسووڵ ناجی) لە پۆلی یەکەمی ناوەندی وانەی وێنەکێشانی پێ دەگوتینەوە، دۆستێکی نزیکی کەریمی ئامۆزاشم بوو، کە چاوی بە وێنەکانم کەوت گوتی:

«سلێمان بۆ ناوی خۆت لە بەشی وێنەکێشان نەنووسیوە؟..» منیش لەوەڵامدا گوتم: نا مامۆستا من دەچمە بەشی خیتابە و دەبمە وتارخوێنێکی باشیش.

گوتی: «کوڕە خیتابەی چی و حاڵی چی؟ تۆ وێنەکانت باشن و پێم باشە بچیتە بەشی وێنەکێشان».

بەینی خۆمان بێت قسەکانیم زۆر پێ خۆش بوو، حەزیشم لێبوو بچمە بەشی وێنەکێشان، ئیدی وازم لە بەشی گوتاربێژی هێناو لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە چوومە بەشی وێنەکێشان مامۆستا جەواد فێری وێنەکێشانی دەکردین، بەڵام بەشێوەی کۆپیکردن و گواستنەوە.

**رامان**: ئەو قوتابییانەی کە لە مەرسەمەکە ئیشیان لەگەڵ دەکردی کامەیان لەژیاندا ماون و کێ بوون و کێ نەبوون؟

**سلێمان شاکر**: زۆربوون لەوانە سوداد عەتاوڵڵا و موراد عەتاوڵڵا کە برا گەورەی بوو، هەروەها جەلال مەدحەت خۆشناوی شاعیر و ئەندازیاریش خوالێی خۆش بێت، لەوانەشدا پێم وابێ سوداد و جەلال مردن و مورادیش لە ژیاندا ماوە، ئەمە جگە لە (ئەدوەر ولیەم)، ئەگەر بیناسن؟

**رامان**: بەڵێ.... ناسراوە.

**سلێمان شاکر**: ئێمە نزیکەی ئەم پێنج شەش کەسە بووین، کە دەستمان بە نیگارکێشان کرد و زەیتمان بەکار دەهێنا.

**رامان**: ئەی رەمزە گەورەکانی ناوشاری هەولێر جگە لەو قوتابیانەی خۆتان؟

**سلێمان شاکر**: لە رۆژگاری ئێمە جارێ هیچ جموجوولێک نەبوو، کە ئاماژەی بۆ بکرێت. ئەوەندە نەبێت مامۆستا جەوادە فەندی ئێمەی پێگەیاند، شایەنی باسە ئەوکاتە ساڵی (١٩٥٢) بوو، (نەجمەدین سائیب) متەسەریفی هەولێر بوو، (عەبدولمەجید حەسەن ئامێدی)ش بەرێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو، بڕیاردرا پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ قوتابخانەکان بکرێتەوە وەک ئەو پێشانگایانەی ئێستا چالاکی قوتابخانەکان سازی دەکات، بێگومان هەر کەسێک لە ئاستی خۆی بەشداریی کرد بۆ نموونە: قوتابخانەی سەرەتایی و تاقە ناوەندییەکی کوران و کچان هەبوو بەشدارییان تێدا کرد، ئەمەش وەک فیستیڤاڵێک وابوو، هەر لە هەمان ساڵدا واتە لە ساڵی (١٩٥٢)دا (خالید سەعید) خوالێی خۆش بێت لە سلێمانی هات پێشانگایەکی لە تەنیشت سوڵتان موزەفەری ئێستای هەولێر کردەوە و تێیدا هەموو جۆرە وێنەیەکی فۆتۆغرافی و چەندین جۆر وێنە و شێوەی تێدا



سلێمان شاکر ساڵی (١٩٤٧)

بوو کە سەری لە بینەر دەشێواند..

**رامان**: بۆ ئەو پێشانگایە هەواڵێک لەلای ئێمە هەیە کە لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوکراوەتەوە، دوو کەس شتی جوانیان لەسەر ئەو پێشانگایەی (خالید سەعید) نووسی: یەک (د. مارف خەزنەدار) بوو، کە بەناوی نەک پێشانگا، بەڵکو نیشانگای (خالید سەعید) و (حەسیب ڕەسووڵ ناجی) بە عەرەبی نووسیبووی، بەڵام زۆر جوانیان نووسیوە، واتە ئەو دوو ڕەخنەگرەش هەبوون، کە ڕەخنەیان لە پێشانگایەک گرتووە و جوان هەڵیانسەنگاندووە.. بۆ ئەمەیان چی دەڵێین؟

**سلێمان شاکر**: ئەوان بە تەمەن لە ئێمە گەورەترن و ئەمە باسێکی دیکەیە، بە واتایەکی دیکە پێش ئەوەش لە ساڵانی چلەکاندا جۆرە کزییەک لە جموجووڵی شێوەکاری هەبوو، بێگومان پاش دانیال قەساب ئەو پێشانگایەی ساڵی (١٩٥٢) ئەو کزییەی ڕەواندەوە و وەک جۆرە جووڵانەوەیەک وابوو لە هەولێر، لە قوتابییەکانی قۆناغی سەرەتایی، کە زۆر دیاربوون خوالێی خۆش بێت (ئەسکەندەر عوسمان) و (یەحیا مەرجان) ئەوکات پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوون و وابزانم جابیرە فەندی پەروەردەی دەکردن و ماوەی هەفتەیەک پێشانگایەکە بەردەوام بوو.

**رامان**: ئەگەر بگەڕێینەوە ساڵانی چلەکان و کەشوهەوای دانیال قەسابی گەورە هونەرمەند، چی لە بارەوە دەزانیت کە بۆمانی باس بکەیت؟

**سلێمان شاکر**: من دانیال قەسابم نەدیتبوو، هیچیشی لە بارەوە نازانم، کە من لە ساڵی (١٩٤٣) لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم لەوانەیە دانیال قەساب ئەوکاتە لە قوتابخانەیەکی دیکە بووبێت، واتە من زۆر منداڵ بووم و هزری نیگارکێشان و ئەوانەم تێدانەبوو، ئەوە نەبێ یەک شتم زۆر مەراق بوو ئێستاش لەبیرمە کە ساڵی (١٩٤٦) لە پێنجوێن بوومەلەرزەیەک بوو و کارەساتێکی لێ کەوتەوە؛ ئەوەشم لەبیرە کە تیپێکی شانۆیی لە سلێمانی هاتن و لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) چەند شانۆگەرییەکیان نمایش کرد لەوانە: في سبيل التاج، ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی، ئەمەی دووەمیانم زۆر بەلاوە خۆش بوو، کە (ڕەفیق چالاک) و یەکی دەنگ باریکیشی لەگەڵ بوو، کە ئەویش لەدواییدا بۆم بەدیارکەوت، کە (ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا) بوو.

**رامان**: دانیالت نەدیتووە، بەڵام دوای ئەوەی تابلۆیەکانت دی چۆن هەڵی دەسەنگێنی؟

**سلێمان شاکر**: سەبارەت بە (دانیال قەساب) من تا گەیشتمە قۆناغی ناوەندیی ئەو چووبووە بەغدا، واتە من هەر ئەوەندە لە دانیال قەساب دەزانم، کە جابیرە فەندی باسی دەکرد، لەبەر ئەوەی هەردووکیان هاوتەمەنی یەک بوون، ئەوجا مامۆستا جابیر دەیگوت: «دانیال قەساب مامۆستا و هونەرمەندێکی بەتوانایە و لە هەولێر چەندان چالاکی هونەریی نواندووە»، هەروەها بۆ خۆشم دوو تابلۆی ناوبراوم لە کتێبخانەی گشتی دیتبوو، کە یەکیان وێنەی منارەی چۆلی و ئەوەی دیکەشیان دەرکی قەڵا بوو، پاش ئەوەی کتێبێکی زۆرم خوێندەوە و وێنەیەکی زۆریشم کێشا، وام لێهاتبوو بە چاوێکی دیکە تەماشای هونەری شێوەکاری بکەم؛ بەواتایەکی دیکە چێژ لە بینینی تابلۆیەک و چوونە ناو وردەکارییەکانی وەک بەشێکی تابلۆکە وەربگرم، یان ڕۆژئاوابوونەکەی، پاشان پرسیارکردن لەسەر چۆنیەتی وێنەکێشانەکە لە مامۆستا جەواد خوویێک بوو پێمانەوە گرتبوو، هەر کە ئەو پرسیارانەشم ئاراستەی مامۆستا جەواد کرد سەبارەت بە چۆنیەتی وێنەکێشانی دانیال قەساب بۆ وێنەکانی ئایا نەقڵی کردووە، یان لەبەری دانیشتووە و کێشاویەتی؟ مامۆستا جەواد گوتی: هونەرمەند دانیال قەساب وێنەی نەگواستووەتەوە، بەڵام لە بەرامبەری دانیشتووە و کێشاویەتی.

**رامان**: ئەوکاتە لە هەولێر بینەری هونەری شێوەکاری هەبووە یان نا، بە تایبەتی ئەگەر تابلۆیەک لە شوێنێک نمایش کرابایە، یان پێشانگایەک کرابایەوە؟ ئەی باشە چ تێبینییەکت لەسەر جەماوەری هونەری شێوەکاری ئەوکاتە

و ئێستای هەولێر هەیە؟

**سلێمان شاکر**: مامۆستا دانیال قەسابی هونەرمەند جگە لەوەی هونەرمەندێکی بەتوانا و چالاک بوو، تۆوی چێژ وەرگرتنێکی لە دڵ و دەروونی جەماوەری شێوەکاری شاری هەولێر چاندبوو و لەدوای خۆشیدا قوتابییەکانی، هەروەها ئەوانەی لەسەر ڕێوشوێنی دەڕۆیشتن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دروستکردنی ئەم جەماوەرە هەبوو.

**رامان**: کێ بوون ئەوانەی لەسەر ڕێوشوێنی دانیال قەساب دەڕۆیشتن؟

**سلێمان شاکر**: جەواد ڕەسووڵ ناجی و فوئاد و فەریق سەید جەمیل و من و مزەفەر فەریق سەید جەمیل بووین.

**رامان**: باشە بۆچی ناوی مزەفەر نایێ، یان زۆر کەم ناوی دێت؟

**سلێمان شاکر**: ئاخر ئەو بەرهەمی نەبوو، تەنیا مامۆستا بوو دەرسی وێنەی لە سەرەتایی دەگوتەوە.

**رامان**: با بگەڕێینەوە سەر برگەی دووەمی پرسیارەکەمان، ڕۆشنبیریی هونەریی بوو لەناو جەماوەری هەولێر چۆن بوو؟

**سلێمان شاکر**: ئەگەرچی وەک ئاماژەمان بۆ کرد لە ساڵی (١٩٥٢) چالاکییەکی بەرچاو لە هەولێر نمایش کرا، دوای ئەمەش خەڵکەکە بەرهەمێکی زۆری بینی، هێشتا ڕۆشنبیرییەکی هونەریی ئەوتۆ نەبوو، تەنانەت لەناو خوێندەواران و ڕۆشنبیراندا کە ئاماژەی بۆبکرێت، بەڵام لە یانەی مامۆستایان یان فەرمانبەران، ئەگەر باسی هونەرمەندێک بکرابایە، هەر دانیال لە گۆڕێ بوو؛ ئەوانەش کە کەمێک سەرەدەرییان لە هونەرەکە دەردەکرد هەر هێندەی دەتوانی بڵێت: «لە ڕاستیدا وێنەکە زۆر جوانە».

**رامان**: باشە ئەو ویستە زۆرتر لەناو خێزانە ئورستوکراتییەکانی شاری هەولێر هەبوو، یان لەلای خەڵکی گشتیش هەبوو؟

**سلێمان شاکر**: هەرچەندە من زۆر شارەزاییم نەبوو، بەڵام ئەو شتانەی پێوەندی بە چێژ وەرگرتن و ڕۆشنبیریی هونەرییەوە هەیە ئەوسا نەبوو، بە بڕوای من کێشەکە بۆ خۆنواندن و خۆ هەڵکێشان بوو.

**رامان**: بۆ نموونە تابلۆیەکی دانیال قەسابمان لە ماڵی دەوڵەمەندێکی شاری هەولێر دۆزییەوە؟

**سلێمان شاکر**: کاتی خۆی هاموشۆکردن و تێکەڵاوبوونی خێزانی و ڕابواردنی شەوان لەناو ئورستوکراتییەکان لە هەولێر نەبوو، بەڵام سەردان و گەڕانی مالان هەبوو، بۆ نموونە: ئێمە فانۆسمان هەڵدەگرت و هەموومان دەچووینە ماڵی خزمێک، برادەرێک، ناسیاوێک، ماڵیش نەبوو شتی جوان و دەگمەن و تەسبێحی نایاب و تابلۆشی بە هەمان شێوە تێدا نەبێت، بۆ نموونە: ئاغایەکی وەک برایم عەلۆ و ماڵی سەید عوبێد کە گۆڤاری ڕامان تابلۆیەکی بلاوکردبۆوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵەکە تابلۆیەکی دانیالی لە ماڵی خۆی هەڵواسیبوو ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو چێژە هونەرییەی ئێمە دەماندیت لە ماڵێکی ئاساییدا هەبێت.

**رامان**: بەڕای تۆ لە چ کاتێکدا خەڵک هونەری وەک هونەر وەرگرت و چێژی لێوەرگرت و بایەخی پێدا، واتە لەناو هەولێر ئەو بەدواداچوونە لە شانازی پێکردنەوە لە هەڵواسینی تابلۆیەک و بڵێیت من فلانە شتم هەیە تا ئەو ڕۆژەی خەڵک چێژ لە هونەری شێوەکاری وەربگرێت کەی بووە و چ قۆناغێکە، چ ساڵێکە؟

**سلێمان شاکر**: ئەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن لە شەستەکان لە هەولێر دەستی پێکرد ئنجا نازانم هۆیەکەی بۆ هونەرەجوانەکانی بەغدا دەگەڕێتەوە، یان چالاکییە هونەرییەکانی ساڵانی پێشتر. جێی ئاماژە بۆ کردنە من و ئەدوەرد لە هەولێر یەکەمین کەس بووین کە چووینە بەغدا بۆ خوێندن لە هونەرەجوانەکان، پاش ئێمە بە ساڵێک (محەمەد عارف)یش هات، هەرچەندە ئەو دەیویست خانەی مامۆستایان تەواو بکات، بەڵام من لێی نەگەڕام و وام لێکرد بیروڕای خۆی بگۆڕێ و بێتە بەغدا، بۆ ئەوەی ئەویش لە هونەرەجوانەکان بخوێنێ، نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە قوتابی کوردی دیکەشمان لەوێ لەگەڵ بوون کە دەیانخوێند.

## خۆم بە هونەرمەندێکی پڕ کەموکوڕی دەزانم، باوەڕیش ناکەم لە داهاتوودا زیاترم پێبکرێ

**رامان**: ئەگەر بەناو بیلێییت؟

**سلێمان شاکر**: جگە لە هەولێر، کە من و ئەدوەرد ولیەم بووین، خالید سەعید و جەودەت مستەفا لە سلێمانی پێشی ئێمە لەوێ بوون، هەروەها لە کەرکووک ئازاد شەوقی و لە دهۆک ساوا ئەلیاس و موخلیس ئیشۆ

بوون و لە مەندەلی موحسین حەسەن.

**رامان:** ئەو ماوەیەی قوتابی بوون هیچ چالاکییەکتان نەبوو؟

**سلێمان شاکر:** ساڵی جارێک لە پێشانگای پەیمانگا بەشداریمان دەکرد.

**رامان:** ئەی خۆتان نەدەچوونە پێشانگاکانی بەغدا، چەند کاریگەریی بەسەرتانەوە هەبوو؟

**سلێمان شاکر:** بەڵێ.. من یەکەمین پێشانگایەکی کە لە بەغدا بینیم ئەو پێشانگایە بوو، کە لە جێی پردی بابەلشەرگی ئێستا بۆ هونەرمەندان جەواد سەلیم و فایق حەسەن و عەتا سەبری و ئەکرەم شوکری و کۆمەڵە کەسێکی دیکە کرایەوە؛ دواتر پێشانگایەکی دیکە بۆ جەواد سەلیم لە ماڵی ڕەفعەت چادرچی کرایەوە، هەروەها لە هۆڵی مەنسوور هەمدیس پێشانگایەکی دیکە بۆ کۆمەڵێک کەسی دیکە کرایەوە، کە مخالف جادریش بەشداری تێدا کرد، بێگومان دوایین پێشانگا کە من لە بەغدا بینیم ئەو پێشانگایە بوو، کە لە ناو ئۆلۆمپی کرایەوە و ئیسماعیل شێخلی ڕێکی خستبوو.. جێی ئاماژە بۆ کردنە هەر پێشانگایەکی لەبەغدا دەکرایەوە دوو سێ کەس بەشدارییان تێدا دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێوەکارانی بەغدا لەناوە خۆیان گرووپیان پێک دەهێنا و بەگرووپ گرووپ پێشانگایان دەکردەوە. گرووپەکانیش بریتی بوون لە: گرووپی هونەری نوێ، گرووپی ڕوواد، گرووپی هونەری بەغدا و هەندێ گرووپی دیکەش کە ئێستا لەبیرم نەماون.

**رامان:** ئەوکاتە تۆ لە چ قۆناغێکدا بوویت، ئەگەر ئاماژە بۆ ساڵەکە بکەیت؟

**سلێمان شاکر:** پۆلی سێیەم بووم و ساڵی (٩٥٦-٩٥٧) بوو.

**رامان:** تۆ لە ساڵی (١٩٥٢-١٩٥٣) پۆلی یەک بووی، بۆ لە ساڵی (١٩٥٦-١٩٥٧) بووی بە پۆلی سێ، پێت وانییە ئەو ماوەیە جۆرە هاودژییەک دروست دەکات، یان بە دوو ساڵ پۆلێکت بڕیوە؟

**سلێمان شاکر:** نەخێر.. هیچ هاودژی لە گۆڕێ نییە بەڵکو پاش مەسەلەی هاوپەیمانێتی پاکستانی و تورکی بۆ هاتنە ناو عیراق گەلێک پارتی نیشتمانی ئاشکرا و نهێنی دروست بوون، بەناوی پارتی سەربەخۆیی و پارتی نیشتمانی، ئەمانەش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی و لەلایەن خەڵکەوە لە ڕێی سازدانی کۆنگرە و سمینار و تەنانەت لە کۆتاییدا سەرهەڵدان و خۆنیشاندان هاتە ئەنجامدان.



**قوتابیانی بەشی ڕەسم لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا لەگەڵ مامۆستا «ئیسماعیل شێخلی»، ساڵی (١٩٥٤)**

**رامان:** باشە ئەو سەرهەڵدانە کاریگەریی چ بوو لەسەر هەڵکەوتی هونەریی ئەو کاتە؟

**سلێمان شاکر:** کاریگەرییەکە لەپاڵ ئەوەی هانی قوتابی دەدا بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین، بێگومان لە ڕووی هونەرییەوە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، لەبەر ئەوەی کەس نەیدەوێرا لە هونەرەکەیدا دەریببڕێت، چونکە دەسەڵات ئەو بوارەی نەدەدا تابلۆیەک گوزارشت لە سەرهەڵدان و ئەو جۆرە شتانە بکات، لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەریی زۆر بوو، بۆ نموونە ئێستاشی لەگەڵدا بێت قسەیەکی (ئیسماعیل شێخلی)م لەبیرە کە ئێمە لەناو پۆل بووین و هێشتا دەنگی تەقە دەهات، ئەو کاتە هێندێ قوتابی مووسڵاویمان لەگەڵ بوو جۆرە ترسێکیان لێ نیشتبوو، ناوبراو بە عارەبی پێی گوتن: «ئێوە شەرم ناکەن دەترسن لەکاتێکدا براکانتان لەسەر شەقامەکان دەکوژرێن، ئێوەش لێرە دانیشتوون دەترسێن؟»، هەروەها گوتی: تا ئێستا شتی وا لە هیچ جێگەیەک نەبووە خەڵک لە پاش تەماشا کردنی پێشانگایەک بێنە دەرێ و خۆپیشاندان بکەن، بەڵکو ئێمە بینیومانە خەڵک لە ئاهەنگێکی گوتار و خیتابدان کە دێنە دەرێ دەست بە خۆپیشاندان دەکەن، بەهەرحاڵ من پێم وایە نەک ئەوکاتە، بەڵکو ئێستاش جەماوەر ئەگەر پێشانگایەکی باش ببینێت نەرمە کاریگەرییەکی لێ دەکات، بەڵام وەک ئەو حەماسەتە نییە کە گوتارێک، یان شیعر خوێندنەوەیەک هەیەتی، بەواتایەکی دیکە زۆر کەسیش لە پێشانگایەک هاتوونەتە دەرەوە و بە ئاشکرا کاریگەرییان پێوە دیار بووە، یان زۆر دڵخۆش بوون، بەم جۆرە دەبینین کاریگەرییەکە وردە وردە دروست بووە.

**رامان:** ئەی لە چ ساڵێک پەیمانگات تەواو کرد؟

**سلێمان شاکر:** ئێستا دێمە سەر وەڵامی پرسیاری

پێشووتان سەبارەت بە بڕینی ساڵێک بە دوو ساڵ و ئەو سەرهەڵدانە، هەروەها بۆ بەهاریش لافاوێکی زۆر گەورە بەغدای گرتەوە و هەموو ئەوانە بۆ من و چەندانی دیکە بوونە مایەی سەرئێشە و دابڕانمان لە پەیمانگا بۆماوەی دوو ساڵان، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی ئێمە وەک قوتابی خوێن گەرم بووین و دەچووین بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە لافاوەکە، هەندێکی توندڕەویش لەسەردەمی عەبدولئیلا هەبوون و هاتنە لای لافاوەکە و خاکەناسیان لێدەدا دەیانگوت ئەمە گۆڕی تورک و پاکستانیانە، لەمەشدا بێگومان مەبەستی خۆیان هەبوو، لێرەدا گرنگ ئەوەیە ڕۆژی دوایی نەیانهێشت خەڵک بەگشتی و قوتابیان بە تایبەتی بچن بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەس و ماڵانەی بەهۆی لافاوەکەوە زیانیان لێکەوتبوو، ئەمە جگە لەوەی پارتی و شیوعی و نیشتمانی دیموکراتی و سەربەخۆ و ئەوانە جۆرە تێگەیشتنێکیان هەبوو لەسەر ئەوەی (١٢) ئەندام بنێرنە پەرلەمان، کە لەناویاندا کاکە زیادی کۆیە پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، وابزانم یەک کۆبوونەوەیان کرد و دوای ئەوە نووری سەعید پەرلەمانی ڕەتکردەوە و پاشان شاڵاویان هێنا سەر قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا و نزیکەی (٢٤) قوتابیان دەرکرد، کە منیش یەکێک لەو قوتابییانە بووم، کە بۆ ماوەی دوو ساڵان لە خوێندنی پەیمانگا بێبەش بووم و دواکەوتم.

بێگومان ئەوانەش کە لەگەڵ من لە پۆلی یەک بوون ساڵی (١٩٥٥) دەرچوون و من ساڵی (١٩٥٦) دەستم پێکردەوە و لە ساڵی (١٩٥٧)دا پەیمانگام تەواوکرد، بەمجۆرە وەک ئاماژەم بۆکرد دوو ساڵان پاش کەوتم، تەنانەت (محەمەد عارف) کە ساڵێک پاش من هاتبوو ساڵێک پێش من دەرچوو.

**ڕامان:** پاش دەرچوونت لەکوێ دامەزرایت؟

**سلێمان شاکر:** لە شەقڵاوە دامەزرام و لە (١٠/٥/١٩٥٧) دەست بەکاربووم، کە لە ماوەی مامۆستایەتیمدا وانەی وەرزش و وێنەم دەگوتەوە.

**ڕامان:** چالاکی ئەو کاتەت لە شەقڵاوە چی بوو؟

**سلێمان شاکر:** چالاکیم ئەوکات لە شەقڵاوە پێشانگای شێوەکاری نەبوو، بەڵکو زیاتر خەریکی فێرکردنی قوتابیان بووم تا بایەخ بە هونەر بدەن، بۆ خۆشم بەرهەمەکانم هەر لە قوتابخانە ئەنجام دەدا، کە بەرهەمەکانیشم زیاتر وێنە و پەیکەرسازی و کاری دەستی بەرجەستە دەبوو.

**ڕامان:** لەو بەرهەمانە هیچ شتێکت ماوە؟

**سلێمان شاکر:** کەمێک وێنەی ئەو شتانەم ماوە.

**ڕامان:** تابلۆیەکانت نەماوە؟

**سلێمان شاکر:** کە لە شەقڵاوە بووم یەک دوو پێشانگای پیشەسازی و کشتوکاڵ کرایەوە و تێیدا بەشداریم کرد، پاشان وێنەی ئەوانەم بە سلایدات و ڕەش و سپی گرتووە، نابێ ئەوەش لەیاد بکەم، من لەبەر ئەوەی مامۆستای وەرزش بووم لە چالاکییەکانی وەرزشی بەشداریم دەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش جارێکیان دیدەوانمان بردە گەلی عەلی بەگ و وێنەی ئەوانیشم لەگەڵ خۆم هێنایەوە، کە بەقەڵەمی دار کێشابووم، دەمەو عەسرێکیش لەیانەی فەرمانبەرانی شەقڵاوە وێنەی سەفینم بە قەڵەمی دار کێشا.

**ڕامان:** ئەمەش هەر ماوە؟

**سلێمان شاکر:** بەڵێ.. ئەوانە هەموویان ماون، هەروەها یەک دوو نامیلکەی نوگرە سەلمانم هەیە، کە بە هێڵکاری کێشراون بەشێوەیەکی خەیاڵی هاتوومەتەوە هەولێر و وێنەی سینەما سەلاحەدین و لە (مەحەتە)شەوە وێنەی هەولێر و قەڵاتم کێشابوو، هەموو ئەوانەم لەم دەفتەرانەدا پاراستووە، هەروەها وێنەی کۆمەڵە کچە کوردێکی جوانم کێشابوو و لەمەشدا تەنیا وێنەی ئەو شوێنانەم کێشاوە کە پێم جوان بوون بۆ نموونە: چیم لە لا زۆر جوان بووە لە لووت و لە پرچ و لە لێو و لەوانە کێشاومە، ئینجا هەموو جارێ لە ماڵەوە دەیانگوت: «مادام تۆ لە وێنەدرێ بووی بۆ وێنەکەت بە تەواوی نەکێشاوە و تەنیا جێیەکت کردووە؟

**ڕامان:** ئەی باشە یاداشتت نەنووسیوەتەوە؟

**سلێمان شاکر:** لە ڕاستیدا تا ئێستا نەمنووسیتەوە، بەڵام نیازم وایە بە وردی بینووسمەوە.

**ڕامان:** دوای قۆناغی شەقڵاوە؟

**سلێمان شاکر:** لە شەقڵاوە لەسەر داواکاری خۆم گواسترامەوە بۆ گوێڕ، کە ماڵی مامێکم لەوێ بوو، لە (گوێڕ)یش کردنەوەی پێشانگا و ئەو جۆرە چالاکیانە نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی وێنەم دەکێشا، دواتر هەمدیسان لەسەر داواکاری خۆم داوای هەولێرم کرد، لەبەر ئەوەی قبوڵیان نەکرد بێمەوە بۆ هەولێر، کە ئەوکات عەزیز قادر بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو، ڕەوانەی ڕەواندزیان کردم و چوومە ئەوێ.

**ڕامان:** مامۆستا فوئاد لەوێ مابوو؟

**سلێمان شاکر:** مامۆستا فوئاد هاتبووە گوندێکی ئێرە و پێکەوە لە قوتابخانەی خەبات پێشانگایەکمان بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی کردەوە، کە لە ژوورێکدا من و



فوئاد پێکەوە کارەکانی پێشانگاکەمان جێبەجێ کرد.

**ڕامان:** ئەو پێشانگایە شوێنەواری ماوە؟

**سلێمان شاکر:** لە ڕاستیدا من ئیشێکی زۆر خراپم کرد کە تەنیا وێنەیەکی فۆتۆغرافیم لە پێشانگاکە لەبەردەم تابلۆیەکاندا گرت.

**ڕامان:** بگەڕێینەوە ڕەواندز کە گەیشتیە ئەوێ دواتر چیت بەسەرهات؟

**سلێمان شاکر:** کە گەیشتمە ڕەواندز لە چایخانەیەکدا دانیشتم پشوویەک بدەم لەدواییدا لە قوتابخانەی زۆزگ بگەڕێم، چونکە ناوم لەوێ دەرچوو بوو بۆ ئەوەی لەوێ دەست بەکاربم، بەڵام لەگەڵ مامۆستایەک بەناوی تاهیر عەلی، کە ماڵە خەزوورانی لە ڕەواندز بوو، جێگۆڕێکمان کرد و من هاتمەوە هەولێر و ئەویش لە ڕەواندز مایەوە، بەواتایەکی دیکە لە ڕەواندز دەست بە کارنەبووم و هاتمەوە هەولێر و پاش مانەوەم بۆ ماوەی ساڵێک لە قوتابخانەی خەبات تەنسیبی ناوەندی زازایان کردم و لەوێش چەتۆ حەسەن و مەحموود حەمەد بێوەی، د. نەجیب، نەبیل، شامیلی کوڕی مەرداناغا قوتابی من بوون.

**ڕامان:** ئەی موفید کەسرە؟

**سلێمان شاکر:** موفید کەسرە قۆناغێک لەدوای من بوو، بەڵام کە لە پەیمانگا بووم و پۆلی سێیەم بووم، شاخەوان نامیق هات لەوێ وەرگیراو یەحیا مەرجان و موفید کەسرە و سەفوەت جەڕاح و ئەوانە پاشان وەرگیران.

**ڕامان:** بێینە سەر ئەو گرووپانەی باست کردن کە لە بەغدا بوون، گرووپی هونەری نوێ و گرووپی هونەری بەغدا و ئەوانە لەناو عارەبان هەبوون ئێستاش گرووپیان زۆرە، لەوانە: گرووپی (البعد الواحد)ی شاکر حەسەن ئالسەعید و گرووپی (أفق) و زۆر گرووپی دیکەیان هەیە، بەڵام لەناو کورددا زۆر بایەخ بە گرووپ نەدراوە، کە کۆمەڵێ هونەرمەند تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەبێت و لە گرووپێکدا کاربکەن و بەیەکەوە پێشانگا بکەنەوە و بەرگری لەبۆچوونێکی دیاریکراوی خۆیان بکەن، هۆی ئەمە چییە، لەکاتێکدا ئەمە بەشێکە لەکاراکردنی ئەو بزاڤە هونەرییە؟

**سلێمان شاکر:** بەڕای من پەیدابوونی ئەو گرووپانە لە بەغدا بۆ کاریگەریی یەکەمین گرووپ لە بەغدا دەگەڕێتەوە کە ئەویش گرووپی هونەری نوێ بوون، ئەوانیش پاش گەڕانەوەیان لە ئەوروپا و لەپاش ئەوەی جەنگی جیهانی بەسەرداهات، حافز دروبی و عەتا سەبری و جەواد سەلیم گەڕانەوە بەغدا و دەستیان بە ئیش کرد و ئەو گرووپەیان پێکهێنا، هەروەها گرووپێکی دیکەی پۆلۆنیش هەبوون، کە شێوەکاریان تێدا هەبوو، ئەمانە لەگەڵ گرووپی هونەری نوێ زۆر تێکەڵاویان هەبوو. بە واتایەکی دیکە کاریگەرییەکی زۆریان خستە سەریان و پۆلۆنییەکان زیاتر شێوازی ئینتیباعییان گرتبووە بەر و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر دروستبوونی گرووپە عیراقییەکان.

دوای ئەمەش قوتابییەکانیان دوای ئەوەی هونەرە جوانەکانی ئێواران لە ساڵی (١٩٣٩) کرایەوە خوێندنیان لەوێ تەواوکرد و پاش فێربوونی هونەری وێنەکێشان چەندان چالاکیان نواند و گرووپیان پێکهێنا، بەڵام بۆ لەلای ئێمە گرووپ نییە؟! پێم وایە سەرەتا شێوەکارانی کورد ژمارەیان کەم بوو و دواتریش کە زۆربوون ڕێبازەکان لێک جیابوونەوە، واتە ئەوانەی گرووپیان پەیدا کرد زۆربەیان شێوازەکانیان لێک نزیک بوو و پێکەوە وێنەیان دەکرد، هەروەها لەلای ئێمەش یەک دوو هەوڵ لە هەولێر لە ئارادا بوو، ئێستاش وابزانم جموجووڵیان دیارنییە، بەڵام لە سلێمانی گرووپی (٨) کەسی هەبوون و ڕاستە بەیاننامەیەکیان دەرکرد، بەڵام بەردەوام نەبوون.

**ڕامان:** پێت وانییە ئێستا ئەو هونەرمەندە عارەبانەی لێمانەوە نزیکن تەنیا بە ئیش کردن واز ناهێنن، جاری وا هەیە تەنزیراتیش دەکەن، واتە چوار - پێنجێکمان لە عیراق هەیە بەکاری تیوریزەکردنیشەوە خەریکن بۆ هونەری شێوەکاری. من وایدەبینم هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەوەندەی خەریکی ئیشە کە فڵچە وەشاندنەکەیە، ئەوەندە خەریکی لایەنە ڕۆشنبیرییەکە نییە بۆ ئەوەی هەم ڕۆڵی هەبێت لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکی هونەری لەناو خەڵک و هەم گوزارشت لە هزر و دنیابینی هونەریی خۆی بکات، ئەمە کەموکورییەکە، بۆ ئەمەیان چی

دەڵێیت؟

**سلێمان شاکر:** ڕەنگە هونەرمەندانی شێوەکاری کوردیش هی وایان تێدا هەبێت ڕۆشنبیرییەکی شێوەکاری هەبێت و پرسیارێکی لێ بکەیت بتوانێت وەڵامت بداتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆرمان بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەو ڕۆشنبیرییەمان نییە، ئەمەش کەموکورییەکە لە ئێمە.. من با باسی خۆم بکەم کە هەمیشە خۆم بە کەمتەرخەم داناوە، چونکە ئەو بیروڕاو ئەزموونەی لەلای من هەیە لام وابێت سوود بەخش تر دەبێت ئەگەر بخرێنە سەر کاغەز، بەڵام هێندێ جار بەخۆم دەڵێم قەیدی نییە مادامەکێ لە وێنەکێشان بەردەوامم، ئەگەر وام لێ بێت چاوم نەبینێ، یان دەستم بلەرزێ و وێنەی پێ نەکرێت ئەوسا چیم پێ دەکرێ، تۆ بڵێی نووسین و خۆ ڕۆشنبیرکردن چ دادێک بدا، بەڵام ئەمەش هەڵەیە و ڕاست نییە.

**ڕامان:** دەبێت کارکردن و خۆ ڕۆشنبیرکردن هاوشانی یەک بن.. وایە؟

**سلێمان شاکر**: بەڵێ دەبێت هاوشانی یەک بن.

**ڕامان**: لەوەدا هونەرمەند (محەمەد عارف)، باشتر گرەوی خۆی بردووەتەوە؟

**سلێمان شاکر:** هونەرمەند محەمەد عارف زمانێکی بێگانەش دەزانێت، بەم پێیە وەرگێڕێکی زۆر باشە، بەڵام ئێمە مونەزیرمان نییە، بەڵکو وەرگێڕمان هەیە.

**ڕامان**: باشە تۆ لە بەغدا و لە هەولێریش پێشانگای زۆرت دیوە، ئەو پێشانگایەی کە لە ژیانی هونەری خۆتدا کاریگەریی لەسەرت بەجێ هێشتووە و بووەتە خاڵی وەرچەرخان لەلات، بە واتایەکی دیکە چ پێشانگایەکت دیوە گۆڕانکارییەکی لەناو ئیشەکانت، یان لەناو ڕۆشنبیری هونەریشدا دروست کردبێ؟

**سلێمان شاکر**: بەداخەوە لەلای خۆمان تائێستا پێشانگایەکم نەدیوە کاریگەرییەک لەسەرمن بەجێ بێڵێ و ببێتە خاڵی وەرچەرخان، بە واتایەکی دیکە هیچ پێشانگایەکم نەدیوە، کە گۆڕانکارییەک لەناو ئیشەکانم، یان لەناو ڕۆشنبیری هونەریدا دروست بکات.

**ڕامان**: تەنانەت لە سەرەتای دەست پێکردنیشتدا؟

**سلێمان شاکر:** بەڵێ.. لەبەر ئەوەی کە ئێمە لە کوردستان دەستمان پێکرد هەموو شتێک سەرەتایی بوو، واتە نەوەیەک لەپێش ئێمە نەبوو تا شتێکیان کردبێت و لێیانەوە فێربین. بۆ نموونە بەرهەم و ڕێبازیان هەبێت، تا منێک کە تازە ئەو ڕێچکەیە دەگرم هیچ ماندووبوونێک ڕووبەڕووم نەبێتەوە.

**ڕامان:** ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕیی و سیاسی تۆ کارێکی وای کردووە زۆرتر ڕووبکەیتە واقیعیەت و بەرەو ڕیالیزم بڕۆی، بەڵام دوای ئەوەی کاریگەریی ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕییەکە نەختێک کەمدەبێتەوە و لە قۆناغی گەنجایەتیدا دێیە ئەولاتر بۆچی شێوازە هونەرییەکەت نەگۆڕی، بۆ نموونە. پەنا ببەیە بەر شێوازێکی دیکەی غەیرە واقیعی؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان شێوازی وێنەکێشانی من واقیعییە و هەوڵم داوە شێوازەکە نەختێ بگۆڕێت، واتە بەرەو واقیعیەتێکی نوێتربێت، ئەو شێوازەی بەکارم دەهێنا دوور لە هەموو فەلسەفەیەک تەنیا سەرسام بووم بە سروشتی وڵاتەکەی خۆم، بە واتایەکی دیکە تەماشا کردنی دیمەنێکی جوان، تەنانەت وای لێکردووم ئۆتۆمبێل ڕابگرم بۆ ئەوەی تێر تەماشای دیمەنەکە بکەم، من ئەوە بە شێوازی تازە و تەعبیری یان تەعبیرییە کە وا دادەنێم کاتێ نەتوانم ئەو جوانییە لەسەر تابلۆیەک دەرببڕم.

**ڕامان:** ئەی نەتدەتوانی هیچ نەبێت بەرەو ئینتیباعییەتی بەریت؟

**سلێمان شاکر:** ئێستا من لە زۆر لە تابلۆکانمدا بەرەو ئینتیباعییەت ڕۆیشتووم.

**ڕامان**: باشە لەم بابەتەدا چەند لەگەڵ هونەرمەند (ئازاد شەوقی) یەک دەگرنەوە و لە کوێ یەک ناگرنەوە، چونکە ئەویش هەر ئاشقی سروشتە، ئەویش بەرەو کاری تەعبیری و ئینتیباعی ڕۆیشت؟

**سلێمان شاکر:** من و ئازاد شەوقی سەبارەت بە دیمەنی کوردستان یەک خۆشەویستی و ویستمان هەبوو، بەڵام ئەو بە شێوازی خۆی منیش بە شێوازی خۆم. بە واتایەکی دیکە هونەرمەند ئازاد شەوقی سروشتی وەک سروشت وەرگرتووە و بەشێوازی خۆی و منیش بە شێوەی خۆم.

**ڕامان**: هەندێک هزرڤانی ئیستێتیکی یان هەندێ ڕەخنەگران پەیامێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە هونەر دەوێت، یان ڕەخنە لە مامۆستا ئازاد شەوقی دەگرن و دەڵێن سروشت بەبێ مرۆڤ وێنە دەکێشێ، ئەم هاوکێشەیە تەواوکەری یەکترە و دەبوایە لە هەموو تابلۆ ئینتیباعییەکانی مرۆڤ ئامادەیی هەبوایە؟

**سلێمان شاکر:** بەڵام ئازاد شەوقی بەرگرییەکی زۆر جوانی لەو لایەنەی خۆی دەکرد، واتە هیچ وێنەیەکی نەبوو شوێندەستی مرۆڤی تێدانەبێت.

**ڕامان**: تۆ بڵێی ئەمەی هەر بۆ تەعبیرییەکە بووبێت؟

**سلێمان شاکر**: بەڵێ ئەو کە خانوویەکی کردووە بیری لەوەش کردووەتەوە کەسێک هەیە کە تێیدا دەژیت، یان

ڕێگایەکی، کە وێنەی کێشابێت کەسێکیشی کردووە، کە هاتوچۆی لەسەر بکات.

**ڕامان:** واتە کاریگەریی هەبووە؟

**سلێمان شاکر:** بەڵێ زۆریش.

**ڕامان:** لەکوێی هونەرێکی شێوەکاری جیهانیی خۆت دەدۆزییەوە، کە کاری لە سەرت کردبێت؟

**سلێمان شاکر:** زیاتر لە لای هونەرمەندێکی تەعبیری و ڕیالیزمیدا.

**ڕامان:** تەعبیری لەکوێ و واقیعییەت لەکوێ؟

**سلێمان شاکر:** پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنم بۆ ئەو ڕێبازە، یان سوود وەرگرتنم لەواقیعییەت ئەوەندەی لەم ڕێبازەدا دەتوانم گوزارشت لە کەسایەتییەکان بکەم بە هەموو شێوەیەکیشیەوە، ئەوەندە ناتوانم لە ڕێبازەکانی دیکەدا گوزارشت لە جوانییەکان، یان کەسایەتییەکان بکەم، بۆ نموونە شێوەکار هەیە لەمیانەی وێنەکانیدا دەیەوێ پێت بڵێت ئەم مرۆڤە لەناو ئەو ئێش و ئازارەدا دەژێت، بەڵام من بەبێ ڕاڤەکردنی بەرهەمەکانم ئارەزووی ئەوە دەکەم بینەر بەبێ ئەوەی بۆی باس بکەم وەک ئاماژەم بۆ کرد، بۆ خۆی چێژ لە بەرهەمەکانم وەربگرێت و تێی بگات، هەروەها ئارەزووی ئەوەش دەکەم وێنەکانم لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی بێت، نەک بەتەنیا شێوازێکی ئەکادیمی بێت. سەبارەت بەو ڕێبازەی کە زۆر حەز و ئارەزووم لێیەتی ڕێبازی ئینتیباعییە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لەسەرەتادا لە فەڕەنسا سەریهەڵداوە، بەر لەوانیش لەلای ڕۆمانییەکان هەبووە، شێوازی فێرکردن و وێنەکێشان جیاوازن، چونکە دەبێ شێوازی وانە گوتنەوە ئەکادیمی بێت و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، ئینجا هەر شتێکی کە لە پەیمانگا لەلایەن مامۆستاکانمانەوە خرابێتە ڕوو لە ناخمدا ماوەتەوە و ڕوون و ئاشکرایە من بە شێوازی ئەکادیمی دەستم پێکرد و نزیکترین کاریش لەمنەوە لە تازەکان ئینتیباعی بوو، کە بۆخۆم زۆر چێژی لێدەکەم، ئەوانەی لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆن بۆ نموونە: هەموویان لە گۆشەیەکەوە تەماشا دەکەن، ئەوانە لەسەر شێوازێکی زانستی فیزیایی ڕەنگیان بەکار دەهێنا و لە شتێکەوە دەستیان پێدەکرد وەک ئەوەی ئەم دنیایە بە قوبەیەکی ڕەساسی داپۆشراوە، بەڵام ئەم ڕەنگە بە گوێرەی تیشکی خۆر ئەو ڕووناکییەی دێ بێگومان ڕەنگی تێدایە، ئەمەش هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەخاتە ناو ئەو شتانەی ئەو تیشکەی پێدەکەوێت، قۆستنەوەی دیمەنێک لەمانە بەبێ جوینەوە



ئەگەر لە یەکەمین جار زۆر سادە بێت دواتر زۆر قووڵ دەبێتەوە، ئەمە سەبارەت بە خۆم زۆر زۆر کاریگەریی خستە سەرم و ئێستاش هەر شتێک لەم بارەیەوە تەماشا دەکەم، یان دەخوێنمەوە کاریگەریی لەسەرم بەجێ دێڵێت.

**ڕامان:** کە کار دەکەیت ئارەزوو دەکەیت بەشەو کار بکەیت، یان بە ڕۆژ، یا بەرەبەیان، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ سروشتدا بکەیت؟

**سلێمان شاکر:** بەهیچ شێوەیەک بەشەو کارم پێ ناکرێت، ئەگەرچی هەموو شتێکیش ئامادە بێت لەبەر ئەوەی تاقیم کردۆتەوە و گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی هەر ڕەنگێکی بە شەو بەکاری بێنی بە ڕۆژ دەگۆڕێت، بۆیە حەز دەکەم لەکاتی کارکردندا نزیک بم لە ڕەنگی سروشت و بەڕۆژ وێنە دەکێشم.

**ڕامان:** بە ڕۆژ چ وەختێ؟

**سلێمان شاکر:** زیاتر بەری بەیانی و زۆریش ئارەزووی چوونە دەرەوە دەکەم، بە واتایەکی دیکە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە دەرەوە پلان دادەنێم، یان بەکامێرای فۆتۆگراف وێنەی دیمەنێک دەگرم و لە مەشدا مەبەستی نەقلکردنیم نییە، بەڵکو سوود لە ڕەنگەکانی وەردەگرم، لەوانەی لەبیرم چووەتەوە بۆ ئەوەی بەبیرم بێتەوە و لەبیرم نەچێت، بۆ نموونە: کە دەمەوێ وێنەی

بازاڕی شێخەڵڵا بکێشم، یان بۆ کێشانی وێنەی هەر جێیەکی دیکە پێڕاناگەم سێپایە و سندووقی ڕەنگ و ئەوانە بهێنم و سکێچێکی خێرا بکێشم و بڕۆمەوە، لێرەدا ئاشکرایە لەم لایەنەوە سوود وەردەگرم، ئەمەش کارێکی ڕەوایە و پێشتریش مامۆستا (فایق حەسەن) هەروا کاری دەکرد و ئەزموونی هەیە.

**ڕامان:** هونەرمەندی شێوەکاری دنیا زۆرجار هەستیان کردووە ئەو ڕەنگانەی لە فۆتۆگراف هەیە، مافی ئەو ئیحساسەی ناخی هونەرمەند نادا، یا ئەو ڕەنگەی لەناو چاویەتی تێری ناکات، بەواتایەکی دیکە بۆ خۆیان هاتوون وەک کیمیاگەرێک ڕەنگیان تێکەڵ و پێکەڵ کردووە، جاری وا هەیە خۆیان ڕەنگی نوێیان داهێناوە، زیاتر لەوەی ڕەنگەکان ئامادە بکەن. هونەرمەندی کورد لەو بوارانەدا چی کردووە تۆ چ تاقیکردنەوەیەکت هەیە؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان پرۆسەکە بە دوو شێوە دەکرێت: یەک لە ڕێگەی کۆمپانیایەک و کردارێکی کیمیاییەوە ئەنجام دەدرێت. دووەم دروستکردنی لەلایەن هونەرمەندەوە، کە ئەمەی دووەمیان لەوەی یەکەم باشترە و بۆ بازرگانی نییە. سەبارەت بە دروستکردنی ڕەنگیش ئاسانە و کردارەکە ئەوەیە ڕەنگەکە لەگەڵ پەرافین تێکەڵ دەکرێ و لەسەر مەرمەڕ، یان شووشەیەکی ئەستوور دادەنرێت و بەدەست دەگیرێتەوە، بەڵام ئەوەی دواییان باشترە لەوەی یەکەمیان کە بە ئامێر دەکرێت، بۆیە هونەرمەندەکە باشتری دەکات لەکۆمپانیایەکە و ڕاستی ئەم قسەیەش لە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی جیهانی بە دیار دەکەوێت. هەروەک لەمیانەی ئەو ڕەنگە کەسکەی ناو تابلۆی «الحرية تقود الشعوب»ی هونەرمەند دیلا کروا، بە دیار دەکەوێت و بە ئاسانی هەموو کەسێک نایبینێت هەر لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر هونەرییانە کێشاویەتی، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین، کە لە تەک ئەو تابلۆیەدا چەند تابلۆیەکی دیکەش هەیە و من بەشبەحاڵی خۆم ئەو تابلۆیانەم چەند جارێک دیوە و لێیان تێر نەبوومە.

**ڕامان:** خۆت چێژ لە چ ڕەنگێک وەردەگریت؟

**سلێمان شاکر:** زۆر حەز لە ڕەنگی وەنەوشەیی دەکەم، چونکە ئارامییەکی بێ هاوتا بەدڵ و دەروونم دەبەخشێت.

**ڕامان:** لە ئەنجامی خوێندنت لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا هەست دەکەیت وەک وێستگەیەک چەند سوودی بە تۆ گەیاندووە، پاش ئەو هەموو ساڵەی کە پەیمانگات تەواو کردووە و تاقیکردنەوەت هەیە چەند خزمەتی تۆی کردووە؟ یان ئەگەر بێتوو بەراوردێک لەگەڵ ئەو پەیمانگایەی خۆمان لە هەولێر، یان سلێمانی بکەیت چەند ئەو پەیامەیان هەڵگرتووە، کە ئەو وەختە بۆ پێگەیاندنی قوتابی هونەر پەیڕەو کراوە؟ ئێستا بۆ پەیڕەو ناکرێ؟ بۆ ناتوانن کادیری هونەری تەواو پێبگەیەنن، مەگەر قوتابییەکە خۆی لەو مەیدانەدا بەهرەدار بێت، یان خۆی حەزو عیشقێکی هەبێت پێ بگات، ئەگینا زۆربەیان سەقەتیش دەکرێن؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەی ئێوە ئاماژەتان بۆ کرد پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵ و مەرجێک بکرێت لەوانە:

ئەو مامۆستا و پسپۆرانەی لە پەیمانگا وانە دەڵێنەوە لەپاڵ ئەوەی دەبێ پسپۆڕی و شارەزاییەکی تەواویان لە بوارەکەیاندا هەبێت و شیاوی ئەو شوێنە بن، کە لەناوەکەی (هونەرە جوانەکان)، مەبەستەکە دەخوێنرێتەوە، پێویستیشە ئەو قوتابییانەی لەوێ وەردەگیرێن لەسەر بنەمای خزم خزمانێ و پلەوپایە نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو بەهرەیە وەربگرێت، کە هەیەتی. ئەوکاتە دەبینین چەندان هونەرمەند و مامۆستا لەوێ پێدەگەن و دیارە پاشەڕۆژێکی پڕشنگدار چاوەڕێیان دەکات.

**ڕامان:** تۆ وەک بەهرەمەندێک، یان وەک قوتابییەک قەدەر بۆ ئامۆژگای هونەرەجوانەکانی بەغدای بردیت، ئەوێ چەند خزمەتی تۆی کرد؟

**سلێمان شاکر:** ڕوون و ئاشکرایە من پێش ئەوەی بچمە پەیمانگا لە سەر دەستی مامۆستا (جەواد ڕەسووڵ ناجی) دەست و چاوم کرایەوە و مامۆستایانی پەیمانگاش هەندێک دەرگایان لەبەردەممان واڵاکرد؛ لەگەڵ ئەوەشەوە کە ماوەی خوێندنی ئەوسای پەیمانگا وەک ئێستا نەبوو، واتە سێ ساڵ بوو وەک ئێستا پێنج ساڵ نەبوو، دەرفەتی ئەوەمان بۆ نەڕەخسا فێری هەموو شتێک ببین، بۆیە پەنامان بردەبەر کتێبخانەی گشتی و لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەوە تاڕادەیەک خۆمان پێگەیاند، ئەگەرچی لەوێش هەموو سەرچاوەیەک بە زمانی عەرەبی و کوردی دەست نەدەکەوت.

**ڕامان:** لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کوردستان بە گشتی تا چەند خوێندنەوە و بەدواداچوون هەیە؟

**سلێمان شاکر:** وەک لە یەکێک لە وەڵامەکانی پێشوو ئاماژەم بۆ کرد و خۆم بە کەمتەرخەم دانا، بەڵام بۆ ئەوانەی ڕێگای هونەرییان گرتووەتە بەر پێویستە ڕۆشنبیریی هونەرییان هەبێت، ئەگەر نەشیان بوو

پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن، چونکە پاش دەرچوونیان بەناو کۆمەڵدا بڵاو دەبنەوە، ئەو کاتە کاریگەرییان لەسەر دەوروبەریش دەبێ، ئەمە جگە لەوەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نەک هەر هونەری شێوەکاری بۆ هەموو ڕۆشنبیرییەکی دیکە ڕێگای دیکەی وەک ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەیە کە لێوەی فێربن، ئەگەر مانگێ وتارێک لەمبارەیەوە بڵاوبێتەوە ئەوە خوێنەران سوودی لێوەردەگرن و ئەوکاتە ڕەنگە هەموو شتێکی وەک چێژوەرگرتن لە هونەر و ڕەخنەگری هونەری شێوەکاریش دروست ببێت، بە پێچەوانەوە هیچ شتێک لەمانە دروست نابێت، بۆیە لێرەدا پێم وایە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی هونەرمەندانەوە.

**ڕامان:** ڕەخنەگری شێوەکاریمان هەیە؟

**سلێمان شاکر:** ئەگەر ڕاستیتان دەوێت ڕەخنەگری شێوەکاریمان نییە و ئەوەی دەیبینین زیاتر هەوڵێکە، دەنا ڕەخنەگری هونەری شێوەکاری زۆر لەمە قووڵترە کە هەیە و دەنووسرێ.

**ڕامان:** ئەی ئەو پاشاگەردانییەی ئێستا لەو هەموو پێشانگا زۆرەی دەکرێنەوە بەچی لێک دەدەیتەوە، چ پێوەرێک، چ ڕێگایەک بگرینە بەر بۆ ئەوەی خۆمان لەو پاشاگەردانییە ڕزگار بکەین، بۆ ئەو زۆری و بۆرییەی هونەری شێوەکاری چ بکرێت باشە؟

**سلێمان شاکر:** لەدنیادا هۆڵی لاوان و هونەرمەندانی تازە پێگەیشتووان هەیە و لەیەکتر جیان، لە هۆڵی هونەرمەندان و خاوەن ئەزموونەکان ڕێگە نادرێ ئەوانەی سەرەتان پێشانگا لە هۆڵی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون بکەنەوە، بگرە لە هەوڵی ئەوەدا دەبن ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانیش لەوێ پێشانگا بکەنەوە و بەمجۆرە لەسەر ئەو بنەمایە ئیش دەکەن و لە هەوڵی گەیشتن بەم ئامانجەدا دەبن، بۆیە پێم وایە ئەو پۆلێن کردنەش، ئەگەر هەبێت شتێکی باشە و خراپ نییە.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر چارەسەر بۆ ئەو ڕەوشە و ئەو دوو هۆڵییە هەبێت باشە؟

**سلێمان شاکر:** وەک ئاماژەم بۆ کرد، ئەگەر نەک دوو هۆڵ، بەڵکو هۆڵگەلێکی شێوەکاریمان هەبێت باشە، بەڵام چی دەکەیت ئێمە لە بنەڕەتەوە هۆڵی شێوەکاریمان نییە و ئەوەی هەیە کافیتریای هۆڵی میدیایە کراوەتە هۆڵی شێوەکاری و هیچ هەلومەرجێکی هۆڵی هونەریی تێدا نییە، بۆیە تەماشا دەکەین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشیشی تێدا دەکرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە خاڵێکی گرنگ هەیە سەبارەت بە وانەی پێشانگای شێوەکاری دەکەنەوە، هاندانێکی زۆر هەیە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی کوردستانەوە، بەڵام پێم باشە لەگەڵ ئەم هاندانەشدا هەروەک لە بوارەکانی دیکەی هونەریی (وەک لە شانۆ)دا هەیە لیژنەیەک هەبێت کاری باش و خراپ لێک بکاتەوە و پێشانگا بۆ ئەوکەسانە بکاتەوە کە شیاوی پێشانگا بۆ کردنەوەن. بە واتایەکی دیکە لە کردنەوەی پێشانگادا ڕەچاوی کارە هونەرییەکە بکرێ و ئەگەر بەرهەمی هەر هونەرمەندێک شیاوی نمایشکردن نەبێت بۆی نەکرێتەوە، چونکە ڕوون و ئاشکرایە بەرهەمی کرچوکاڵ بە تەنیا کار لە نزمکردنەوەی ئاستی هونەری شێوەکاری لە کوردستان ناکات، بەڵکو کار لە جەماوەری هونەری شێوەکاریش دەکات و وایان لێدەکات، کە هونەرەکەیان لەبەرچاو ڕەش بێت و حەزی لێنەکەن.

بە پێچەوانەوەش هەر ڕاستە، بۆیە پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی بێلایەن لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ ئەم مەبەستە دابنرێ.

**ڕامان:** تۆ جەخت لەسەر کاری ڕیالیزم و ئینتیباعییەت دەکەیتەوە، بەڵام خۆ دەبێت وەک هونەرمەندێک بۆچوونت لەسەر ئەو کەسانە هەبێت کە مەشق، یان لەسەر شێوازێکی هونەریی نوێ ئیش دەکەن، ئایا ئەوانە لای تۆ قبووڵ کراون، یان ڕەت کراونەتەوە؟

**سلێمان شاکر:** پێوەرێک بۆ پێکهاتەی تابلۆ هەیە، سا بە هەر شێوەیەک وێنە بکێشرێت، بە شێوەی کلاسیکی، یان ئەکادیمی، یان ڕیالیزمی، یا هونەری نوێ، ئەو پێوەرە لەسەر هەمووان پێڕەو دەبێت. پێوەرەکانیش بریتین لە: یەکەم تابلۆیەکە سەرنجڕاکێش بێت، دووەم چێژ بە بینەر ببەخشێت، یان بینەر چێژی لێوەرگرێت، بۆیە ئەگەر ئەم پێوەرانەی تێدا نەبێت، ئەوە نەبوونی باشترە لە بوونی، هەر کەسێکی تەماشای بکات لەوە حاڵی دەبێت ئەو تابلۆیە نییە کە بەدوایدا دەگەڕێت تا تۆزێک دەروونی بحەسێتەوە.

**ڕامان:** مەرجە ئەوەی تابلۆیەک سەرنجی ڕاکێشا، ئەگەر ڕۆشنبیرییەکی هونەریی خاکەڕای هەبوو کە تابلۆیەکەی بەدڵ نەبوو مانای وایە ئەو تابلۆیە باش نییە، لەکاتێکدا ئەگەر بە چەمکە مارکسییەکەش بێ دەبینین کاتێک لینین و خێزانەکەی دەچنە پێشانگایەک دەڵێن ئێمە زەوقمان پیر بوو، دەنا ئەو تابلۆیانە جوانن، من هەست دەکەم زۆر جار تابلۆی زۆر ئاست نزمیش هەیە سەرنجی هەندێ کەس ڕادەکێشێت؟

**سلێمان شاکر:** ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیریی

هونەریی ئەو کەسەی دەچێت لە بەرامبەر تابلۆیەک ڕادەوەستێت، ئەگەر ڕۆشنبیرییەکی هونەری هەبێ ئەوە دەتوانێ هەڵیسەنگێنێ و دەگاتە ئەو ئاستەی چێژی لێوەرگرێت، یان کە پێوەرو مەرجەکانی تابلۆیەکی هونەریی تێدا بێت، ئەوە چاوی پێی دەحەسێتەوە، ئەگەر نا ئەوە لەنگی و کەموکورییەکان هەست پێدەکات لە تابلۆکەدا ئەوە سەبارەت بەو کەسانەی ڕۆشنبیرییەکی هونەرییان هەیە، بێگومان شتێکی دیکەش هەیە، کە زۆر لایەنی مەرج و پێوەرەکانی بە تابلۆ بوون لەناو دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەیە بۆیە دەبینی ئەگەر مرۆڤێک تابلۆیەک ببینێ لە شوێنێک بە خواری هەڵواسرابێت، ئەوە بەبێ ویستی خۆی هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ هەست بەم دیاردەیە دەکات، کەواتە هەست بە مەرج و پێوەرەکانی تابلۆیەکی شێوەکاریش دەکات، بەڵام لێرەشدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو بیروڕایەی تاڕادەیەک پێوەندیی بە ڕۆشنبیری و ئاستی ئەو بینەرەوە هەیە و دیدگاکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن و جیاوازن.

**ڕامان:** شتێکی دیکە هەیە کە بە خراپی لەسەرکاری هونەرمەندی تەجریدی وەرگیراوە، یان ئەوانەی ئیشی نوێ دەکەن، کە ئەویش کاری وەک شاعیران وایە، کاتێ یەکسەر پەلاماری دوایین مۆدێلی نووسینی شیعر دەدەن، بەواتایەکی دیکە ڕەنگە نەتوانێ چامەیەک بە کێشی عەرووزی بنووسێ، یان بە جوانی بیخوێنێتەوە، یا تێی بگات، ئەوانیش زۆرجار دەبینین نە لە (توێکاری-تشرع) و نە لە (منظور) چی و چی تێگەیشتووە، کەچی پەلاماری کاری نوێ دەدات. ئەوەش باری سەرنجێکی خراپی لەلای بینەران دروست کردووە، بۆچوونت لەسەر ئەوانە چییە؟

**سلێمان شاکر:** بۆچوونی من ئەوەیە ئەو کەسانەی لە هەست و سۆزی خۆیان هەڵدێن هەرگیز ناتوانن تابلۆیەکی وا دروست بکات داهێنانی تێدا بێت و بەمجۆرە هیچ فێرنابێت و لە کۆتاییشدا هەر چاوی لەدەستی خەڵکی دیکە دەبێت.

**ڕامان:** باشە بە شێوەیەکی گشتی جووڵانەوەی شێوەکاریی لاوان لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان زۆر شتی نایابی تێدایە کە زۆر دڵخۆشکەرەیە و من زۆرجاری دیش لە گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی دیکەدا ئەم بۆچوونەم هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی هاتوونەتە مەیدان زۆرترن لەو کەسانەی خۆیان پێوە هەڵواسیوە.

**ڕامان:** ئەی بە بۆچوونی تۆ گرنگترین دیاردەیەکی نالەبار لەناو بزاڤی هونەرمەندانی لاو کە ئیش دەکەن بە دیدگای هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون چییە؟

**سلێمان شاکر:** یەکەمین دیاردە لەخۆبایی بوونیایە، دواتر سڕینەوەی هەموو کەسێ، غەیری خۆیان بەتایبەتی هونەرمەندانی پێشەنگ، ئەمە شتێکی خراپە و ئەو جۆرە کەسانەش سەرکەوتنیان لەوەدا دەبیننەوە هێرش ببەنە سەر ئەوانی دیکە.

**ڕامان:** ئەی لە هونەری گرافیکدا ئیشت کردووە؟

**سلێمان شاکر:** نەخێر، ئیشم نەکردووە.

**ڕامان:** ئەی لە پەیکەرتاشی؟

**سلێمان شاکر:** سەرەتای دەرچوونم لە پەیمانگا خۆم لێدەدا، بەڵام زیاتر زەوق و سەلیقە و تایبەتمەندیم بواری وێنەکێشان بوو.

**ڕامان:** ئەی مۆمیاکاری (تحنیط)؟

**سلێمان شاکر:** ئەویش هەروەک حەز و ئارەزوویەک بوو.

**ڕامان:** ئەی واقیعی زەخرەفە لە بیناسازیی کوردیدا وەک شتێکی ڕەسەن چۆن دەبینی؟

**سلێمان شاکر:** گەر ئاوڕێک لە مێژووی هونەری کوردی بدەینەوە دەبینین هونەری کوردی لە نەخشەسازییەوە دەست پێدەکات و تا ئێستا من نەمبیستووە ڕابردوویەکی دێرینمان هەبێت لەتابلۆ و لە هونەردا، بەڵام لە ڕووی هونەری نەخشەسازییەوە ئەسپی خۆمان تاو داوە و پێشکەوتووین ئنجا ئەو نەخشەسازییە لە بیناسازی بێت، یان لە بەڕە و جاجم و چیغ و دەسڕازەی لانک و کۆچکی منداڵ و مڵاک و کۆتک و... تاد، زۆر بالادەستین. دواتر لە هەندێک جێگای وەک ڕەواندز تەپڵەیەکی کڵاوی ئافرەتان جۆرە نەخشێک و ڕەنگێکی هەیە کە بۆ خۆیان ڕەنگەکانیش دەگرنەوە؛ هەندێکی لە خەنە و کەرستەی دیکەیە، ئەمە توحفەیەکە باوەڕ ناکەم لە جێگەی دیکە هەبێت.

**ڕامان:** باشە تۆ ڕۆژانە کە لە ماڵ دەردەچیت هەر بینایە و هەر باڵەخانەیە بەرز دەبێتەوە. من ناڵێم تۆ ئەندازیارێکی بیناسازی، بەڵام وەک هونەرمەندێک هەست ناکەی جۆرە سەقەتییەک لەم حاڵەتەدا هەیە؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان نەک هەر بینا و باڵەخانە لە هەر شتێکدا پێویستە ئەوکەسەی کارەکەی ئەنجام دەدات ڕەچاوی هەموو لایەکی ناوەوە و دەرەوەی شتەکە بکات، ئەگینا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

**ڕامان:** باشە خۆت ڕازیت لەو بیناسازییەی دەیبینیت؟

**سلێمان شاکر:** لەگەڵ ئەوەی نامبزوێنێ، لەوانەیە سەریشم زۆر لێی دەرنەچێت، یان نەتوانم ڕەخنە لە هەموو شتێک بگرم، ئەگەر ڕەخنە لە تابلۆیەک بگرم لەوانەیە زیاتری لێبزانم لەوەی ڕەخنە لە بینایەک بگرم.

**ڕامان:** تۆ لە چ قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنت زۆر چالاکتر بوویت؟

**سلێمان شاکر:** لەسەردەمی لاوی چالاکتر بووم، بەڵام ئێستا قووڵبینترم.

**ڕامان:** باسی هونەری بیناسازیمان کرد، زۆر کەس لەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە و سەلیقە و زەوقێکی هونەرییان بەتایبەتی لە بواری هونەری بیناسازیدا هەیە، گلەییان لە ڕەنگ هەیە و دەڵێن: «پێدەچێت ئێوە هەمووتان لە حاڵەتی پرسەیەکی هەمیشەیی دابن، چونکە تەلارەکان هەموویان خۆڵەمێشی و ڕەشن و دڵگیر نین، پێت وانییە حکوومەتی هەرێم و ئەو داو و دەزگایانە پێویستیان بەوە هەبێت هونەرمەندانی شێوەکاری، کە خاوەن زەوقی هونەرین و هەست بە ڕەنگ دەکەن و دەکرێ بەشدار بن لەوەی هەندێک ئەو شارە جوان بکەنەوە تۆ چ پێشنیارێکت هەیە؟

**سلێمان شاکر:** من پێشنیارم ئەوەیە کە ئەمەش پێوەندیی بە دەوروبەر و ئەوانەوە هەیە، ئینجا کێ لەوانە دەکۆڵێتەوە و شارەزایی لە ڕەنگ هەیە؟ پاشان ڕەنگ لەناوماڵ، لە جلوبەرگ ڕەنگ لە بیناسازی.

**ڕامان:** چ لایەنێکی حکوومی بەرپرسە لەو واقیعە، گەر لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە لیژنە دابنرێت بۆ زۆر لایەن، ئەی باشە بۆچی بۆ بینایەش لیژنەیەک لە وەزارەتی شارەوانیدا نەبێت؟

**سلێمان شاکر:** زۆر ڕاستە.

**ڕامان:** وەک؟

**سلێمان شاکر:** ئێستا بۆ نموونە بینایەک کراوە و لایەکی چۆڵوهۆڵە، دەبا ئەو هونەرمەندانەی لە هونەری دیواربەندی دەزانن بەوێنە بیرازێننەوە. لە مەکسیک هیچ باڵەخانەیەک نابینی ئەگەر جێ پەنجەی هونەرمەندێکی تێدا نەبێت، کە هەمووی بەشێوەیەکی یەکجار جوان ڕازاوەتەوە، بێگومان کە لادیواێک ئەوها دەڕازێتەوە دەبێت ئەندازیارە بیناسازەکەش شتێکی زۆر جوان بۆ پێشەوەی باڵەخانەکە بکات، تا هونەرمەندەکە بزانێ چ ڕەنگێک و چ بابەتێکی لێ بنەخشێنێت.

**ڕامان:** باشە چ پێشنار دەکەیت بۆ وەزارەتی شارەوانی؟

**سلێمان شاکر:** هەوڵی کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە هونەری بیناسازی بدات لە وەزارەتی شارەوانیدا، هەروەک چۆن مۆڵەتی بینا دەدات، ئەوهاش مەرجێک لەسەر لایەنی بیناسازییەکە دابنێت.

**ڕامان:** لایەنی بیناسازییەکە لەولا بوەستێ، بگرە دەمانەوێ هونەرمەندەکەش بەشداری بکات؟

**سلێمان شاکر:** پێویستە هونەرمەند لە دیواربەندی و ئەوانەدا بەشداریی بکات لە ڕێگەی پێشبڕکێیەکی هونەرییەوە.

**ڕامان:** گوتت ئیشی مۆمیات کرد و وازت لێ هێنا باشە بۆ بەردەوام نەبوویت؟

**سلێمان شاکر:** لەبەر ئەوەی ئەوە ئیشی من نەبوو وازم لێهێنا.

**ڕامان:** مۆسیقا وەک هونەرێک زۆر پێوەندی بە هونەری شێوەکارییەوە هەیە، چەند ئاشنایەتیت لەگەڵ مۆسیقا هەیە و بۆ هونەرمەندی شێوەکار لەکاتی کارکردندا چەند سوودبەخشە؟

**سلێمان شاکر:** نکۆڵی لەوە ناکرێ مۆسیقا کار لە ناخی هەموو مرۆڤێک دەکات، هەرکەسە و بە گوێرەی خۆی، هەروەها مۆسیقاش تەنیا مەرج نییە تیپ و ئۆرکستراو ئەوانە بێت، جاری وا هەیە ئامێرێک کار لە مرۆڤ دەکات. بوونی مۆسیقا لە کاتی بەرهەم هێنان واتە هونەرمەندێک، نیگارکێشێک، ئەگەر لەگەڵ گوێگرتن لە مۆسیقا خەریکی تابلۆیەکەی بێت زیاتر زەوقی ببزوێنێ، هەروەک من زیاتر زەوقم پێی دەجووڵێ و دەمخاتە سەر ئیشەکە هەندێک جار سیمفۆنیام داناوە، هەندێ جاران حەیرانی عارەب عوسمان و هەندێ جاریش گوێم لە حەیرانی ڕەسووڵ گەردی دەگرت و منیش وێنەی دروێنەم دەکرد، یان لەگەڵ گوێگرتن لە سمیفۆنیایەک تابلۆیەکم دەکێشا، واتە کاریگەریی گەلێک زۆرە.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ هونەری پۆرترێت دیارە میانەت هەیە، حەز دەکەیت باسێکی ئەو میانەیەمان بۆ بکەیت لەگەڵ هونەری پۆرترێت و ئەو پۆرترێتەی تۆ بۆ بارزانیی نەمر کێشاوتە، کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە، تۆ چەند هەقی ئەو کەسایەتییەت داوە لەو پۆرترێتەدا؟

**سلێمان شاکر:** پۆرترێت مانای وێنەی کەسێک دەگەیەنێت کە نیوە بێت، ئنجا وێنەکردنی، یان بەمۆدێل لەکاتی دانیشتنی کەسێک، یان بە خەیاڵ دەکەیت. بۆ نموونە وەک وێنەی ئەو ئافرەتە کوردەم لە شەقڵاوە بەخەیاڵ کرد و عاسم حەیدەری وایکرد ون نەبێت. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە بە خەیاڵ کێشاومە، ئەوکاتە بایەخ بە

وردەکارییەکان نەدەدرا.

**رامان:** لەناو پانتایی کارە هونەرییەکانت ئەو هونەرە چەندی لە بایەخدانی تۆ داگیر کردووە؟

**سلێمان شاکر:** من زیاتر بایەخ بە سروشت دەدەم و لەناو سروشتیشدا مرۆڤی کورد، بەڵام ئەگەر ئەوانەت بۆ خورد بکەمەوە ، ئەوە پۆرترێت ڕەنگە بە پلەی سێیەمین بێت، چونکە لە کێشانی ئەو پۆرترێتە دەبێت مەبەستێکم هەبێت، چ لە ڕووی جلوبەرگەوە، یان وردەکارییەکانی دیکەی ئەو پۆرترێتەی دەیکەم.

**رامان:** لەبەرامبەر ئەوەی پەرلەمان، کە بارزانییە بیروڕاتان چۆنە؟

**سلێمان شاکر:** پۆرترێتی بارزانیی نەمر لە پەرلەمان لە ئاکامی پێشبڕکێیەک بوو کە لەنێوان کۆمەڵێک هونەرمەنددا ئەنجام درا و لە ئاکامدا پۆرترێتی من هەڵبژێردرا و لە پەرلەمان داندرا. بێگومان هەر شێوە کارێک کە وێنەی کەسایەتییەک دەکات، ئەگەر خەیاڵیش بێت، ئەوە دەبێ لەگەڵ ئەو مرۆڤە کارلێک بکات، هەر لەو دەقەیەی گوتیان وێنەی بارزانیی نەمر بکێشن، من شێوەی (بارزانی)م هێنا پێش چاوی خۆم، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر وێنەیەک پۆرترێتەکەم کێشاو لە چوارچێوەیەکی هونەریدا چی پێویست بوو ئەوەم دانا، ئەو شتانەشم ڕەت کردەوە، کە دەبێت ڕەت بکرێنەوە بۆ نموونە: ڕووناکی سێبەرێک لە جێگەیەکدا هەیە، ئەوە ڕەت دەکرێتەوە و بە جۆرێکی دیکە گوزارشتی لێدەکرێت، ئەوەبوو بۆ ماوەی دوو مانگان لە ماڵەوە ژوورێکم بۆ تەرخان کرد و دەستم بە وێنەکێشانی کرد؛ هەرچەندە هەندێ شوێنی ئەسکەلەشی دەویست و هەرکە دوو سێ فڵچەم لێدەدا و لە دوورەوە تەماشام دەکرد.

**رامان:** ئەوەش جۆرێکە لە شێوازی ئیشکردنی فایق حەسەن؟

**سلێمان شاکر:** بەڵێ، بەڵام ئەمە وەک گرفتێک ڕووبەڕووم بووەوە، لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی لەسەر جێگەی بڵند ئەو کارە بکەم، بۆ ڕزگاربوونیش لەم گرفتە بەشێوەیەکی دیکە وێنەکەم لە زەوی ئاڵاند، بە جۆرێک خۆم لە جێیەک بووم و زۆر بە ئاسانی ئیشم دەکرد، دواتر لە جێی خۆم ڕادەوەستام و تەماشام دەکرد، ئنجا ناوە ناوە بەشێکی کارەکەم تەواو دەکرد و لەسەر دیوارم دادەنا تا تەواو بوو.

**رامان:** ئێستا تۆ لە ئیشەکە ڕازیت؟

**سلێمان شاکر:** بەڵێ زۆر شانازی پێوە دەکەم.

**رامان:** بە بۆچوونی تۆ دروستکردنی گەلەرییەک کە ببێتە پێشانگایەکی هەمیشەیی بۆ ئەوانەی هونەرمەندی باوەڕپێکراون و جێ دەستیان هەیە لەناو هونەری کوردیدا، چەند خزمەت بە بزاڤی هونەری شێوەکاری دەکات، کە ئێستا بەڕێوەیە دروست بێت؟

**سلێمان شاکر:** لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی زۆر باشە و زۆر زۆر خزمەت دەکات و ئەو شتەش هەر دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوکەسانەی دەیانەوێت لە هەموو ڕوویەکەوە بەدواداچوونیان بۆ هونەری شێوەکاری هەبێت، ئەمە جگە لەوەی جۆرە کارلێکردنێک دروست دەبێت لەنێوان جەماوەر و بینەرانی شێوەکاری کورد لەگەڵ بەرهەم و کارەکانی هونەرمەندانی شێوەکاری کوردی.

**رامان:** ماوەیەک لە مەوبەر کۆمەڵێک هونەرمەند خوویان دابووە ئەوەی بە کۆمپیوتەر وێنەیان دەکێشا، تەنانەت هەندێک لەو برادەرانە پێشانگاشیان کردەوە و قسەشیان لەبارەوە کرد، دیارە تەجروبەکەش نوێ نییە، چونکە لە شوێنی تریش بەمجۆرە تەکنیکە کار کراوە، تۆ ئەو جۆرە تەجروبانە چۆن تیدەگەیت؟

**سلێمان شاکر:** مرۆڤی ڕۆبۆت چۆنە من وا دێتە پێش چاوم.

**رامان:** هونەرمەندانی هەموو بوارەکان پێوەندییان لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان هەیە بەتایبەتی شاری سلێمانی، کە لە ڕووی هونەری شێوەکاری و شانۆ و مۆسیقا پێشکەوتووە، تۆ وەک هونەرمەندێک پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی شاری سلێمانی چۆنە، جگە لە مامۆستا ئازاد شەوقی کە زۆر برادەرت بووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، لەگەڵ ئەوانی دیکە چۆن بووە و چەند سوودتان لەیەکتر بینیوە؟

**سلێمان شاکر:** من لەگەڵ ئازاد شەوقی و خالید سەعید پێکەوە لە پەیمانگا بووین، بەڵام من پێوەندیم لەگەڵ گەلەری زاموا هەر لە دامەزراندنی لە ساڵی (١٩٩٥) وەک کۆمەڵێک چووین، هەروەها پێوەندیشمان لەگەڵ یەکتر هەیە هەر لە (ڕۆستەم ئاغاله)وە تا ئەوەکانی دیکە.

**رامان:** ئەو پێوەندییە چەند خزمەت بە هونەرەکەتان دەکات؟

**سلێمان شاکر:** ئەو پێوەندییە زۆر باشە و تۆ کە کۆمەڵێک هونەرمەند بناسی و لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت بکەن، ئەوە بێگومان سوودێکی زۆر باشی دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر جێگایەکی پێکگەیشتن هەبێت لێی دانیشن و کۆببنەوە و کاتی تێدا بەسەر ببەن.

**رامان:** ئەوە سلێمانی، ئەی بادینان؟

**سلێمان شاکر:** بادینانیش بە هەمان شێوە وەک سلێمانی، من لەگەڵ هونەرمەندانی بادینان لەگەڵ هەموویان ئەو پێوەندییەم هەیە، بەڵام هەڵسوکەوتمان پێکەوە نییە، ئەمەش ئەو سوودەمان پێ ناگەیەنێ، کە پێویستە دەستمان بکەوێت.

**رامان:** واقیعی شێوەکاری لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستان بە تایبەتی هەولێر چۆن دەبینیت؟

**سلێمان شاکر:** واقیعێکی ئەوەندە تاڵە و لە تێکدان و ڕووخاندنی بنەمای ئەو خونچەیەی کە دێت بپشکوێت و بەسەقەتی دەپشکوێت، ئەو سەقەتییە لە وێڕا دەست پێدەکات، چونکە سەبارەت بە باخچەی ساوایان واچاکە ئەوانەی لە باخچەی ساوایانن و پەروەردەیان دەکەن مرۆڤی گەنجی بە جۆش و خرۆش بن، کەچی بەداخەوە هەموو کەسێکی لێیە تەنیا لەو جۆرە کەسانەی لێ نییە کە ئاماژەمان بۆ کردن، ئەگەر ڕاستیشتان دەوێت پەروەردەی هونەری دەبێت لەوێڕا دەست پێبکات، لەمەشدا مەبەستم بە هونەرمەندبوونی شێوەکاری ئەو منداڵ و قوتابیانەی سەرەتایی نییە، تەنیا مەبەست وەک ناوەکەی پەروەردەی هونەرییە، هەروەک چۆن پەروەردەی وەرزشی و ئاینی هەیە، ئەوانە دەبێت لە ڕێی هونەرییەوە پەروەردە بکرێن.

**رامان:** بۆ خۆت دەچیتە ئەو پێشانگایانەی بەردەوام دەکرێنەوە؟

**سلێمان شاکر:** کاتم هەبێت و پێڕا بگەم دەچم.

**رامان:** دنیای تۆ و شیعر لە چیدایە؟

**سلێمان شاکر:** بێگومان من زۆر زۆر زەوقم بە شیعر دێت، زۆر لەلام خۆشتریشە گەر شیعرەکەم بۆ بخوێنرێتەوە و گوێی لێبگرم.

**رامان:** ئەمانە بەنیو دێڕ، یان دێڕێک؟

داڤنشی؟

**سلێمان شاکر:** داڤنشی یەکەمین مامۆستای هونەرە.

**رامان:** دارا حەمە سەعید؟

**سلێمان شاکر:** بەڕاستی داهێنەرێکی باشە و ڕوویەکی کوردە لە هونەری پەیکەرتاشیندا.

**رامان:** محەمەد عارف؟

**سلێمان شاکر:** زۆر دڵسۆزە بۆ هونەر.

**رامان:** جابیر پیرداود؟

**سلێمان شاکر:** لە پەیکەرسازی لەتوانای خۆی زیاتر هەوڵی دا.

**رامان:** دارا محەمەد عەلی؟

**سلێمان شاکر:** زۆر بە گەرموگوڕی، وەفاداری کولتووری میللەتەکەیەتی.

**رامان:** ئۆپێرا؟

**سلێمان شاکر:** چێژی لێوەرناگرم.

**رامان:** تایەر تۆفیق؟

**سلێمان شاکر:** مێژووی پێشکەوتنخوازی میللەتەکەمانە.

**رامان:** ڤانکوخ؟

**سلێمان شاکر:** سیمفۆنیای ڕەنگە.

**رامان:** گۆرانی شاعیر؟

**سلێمان شاکر:** شاعیرێکی گەورەیە، هەرچی لەبارەوە بڵێم هەر کەمە.

**رامان:** گریان لای تۆ؟

**سلێمان شاکر:** زۆر شت دەمگریەنێ.

**رامان:** ئەسکەندەر عوسمان؟

**سلێمان شاکر:** زۆر زۆر حەزی لە فێربوون بوو، بە گوێرەی خۆی شتی بەدوای خۆی بەجێ هێشت.

**رامان:** خالید سەعید؟

**سلێمان شاکر:** کەلێنێکی لە دڵی من بەجێ هێشتووە وەک ئازاد شەوقی هەموو دڵمی بەتاڵ کردووە.

**رامان:** عەبدوڵڵا ڕەسووڵ؟

**سلێمان شاکر:** بەداخەوە ئاشناییم لەگەڵیدا نییە و ئیشەکانیشیم نەدیوە.

**رامان:** سەما؟

**سلێمان شاکر:** ئەگەر سەمای توانەوە نەبێت جۆرە پەرستنێکە.

**رامان:** حەسیب ڕەسووڵ ناجی؟

**سلێمان شاکر:** لەو کاتی کە لە ژیاندا بوو نموونەی لەش و لار و ڕێکوپێکی و قسە خۆشی بوو.

**رامان:** مۆنالیزا؟

**سلێمان شاکر:** جۆرە نهێنییەکە و زۆر کەس هەیە هەوڵ دەدا ئاشکرای بکات و دەرکی بکات، بەڵام هێشتا پەی پێ نەبردووە.

**رامان:** سینەما؟

**سلێمان شاکر:** تەواوکەری شانۆ و ڕۆشنبیریی هونەرییە.

**رامان:** پیکاسۆ؟

**سلێمان شاکر:** بە زۆربەی تابلۆکانی سەرسامم.

**رامان:** خۆت؟

**سلێمان شاکر:** کابرایەکی پڕ کەموکوڕی و هێشتا زۆرم ماوە پێ بگەم، بەڵام باوەڕناکەم تەمەن ڕێبدات، واتە

بگەمە ئەو شتەی کە حەزم لێی بوو.

**ڕامان:** ئەو دانیشتنەی (ڕامان) لەگەڵ جەنابت چۆن بوو؟

**سلێمان شاکر:** قسەی خۆم کرد و هەرچیم لە دڵدا بوو گوتم و ئەم گفتوگۆیەشم زۆر پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** گۆڤارەکەمان دەخوێنییەوە؟

**سلێمان شاکر:** تا پارساڵ کە لە ڕۆژی (٥)ی مانگان دەردەچوو دەمخوێندەوە، بەڵام ساڵێک و هەندێکە لێی دابڕاوم.

**ڕامان:** ئەگەر پێشنیارێکت هەبێت بۆ زیاتر پێشکەوتنی ڕامان؟

**سلێمان شاکر:** ئێستاش هەر دەڵێم بەڕاستی ڕامان قوتابخانە و مینبەرێکە بۆ داکۆکی کردن لە ڕۆشنبیریی کوردی، هیواخوازم بەردەوام بێت.

**ژیاننامە**

- (١٩٣٧) لە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە.
- (١٩٥٧) بە پلەی ئیمتیاز بەشی شێوەکاری لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.
- (١٩٧٦) ئەندامی دامەزرێنەر و سەرۆکی تیپی هونەری نوێی کورد بوو لە هەولێر.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عیراق و کۆمەڵەی شێوەکارانی عیراق بووە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- هەر لە ساڵی (١٩٥٢) تا ساڵی (٢٠٠٤) بەشداریی پێشانگەی بە کۆمەڵی کردووە لە هەولێر و بەغدا و ناسریە و سلێمانی و دهۆک و لە دەرەوەی وڵات لە پۆڵۆنیا و یابان.
- لە ساڵانی (١٩٥٥) و (١٩٨٩) و (١٩٩٢) سێ پێشانگەی تایبەتی کردۆتەوە.
- ئێستا تابلۆی هونەریی لەم وڵاتانەدا هەیە:

بریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، ئێران، سووریا، پۆڵۆنیا.

- لە گەشتە سیاحی و هونەرییەکانیدا لەم وڵاتانەدا گەڕاوە:

لبنان، تورکیا، ڕۆمانیا، نەمسا، یۆنان، بولگاریا، فەرەنسا، ئێرانیش لە کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)دا.

**هەڤپەیڤینی:**
**ئازاد عەبدولواحید - مەحموود زامدار**

پشتی سێ سالان، جارەکا دن، ل هاڤینا بۆری، من سەعید ڤەڕۆژ ل هەولێرێ دیت. لێ بەلێ ئەڤێ جارێ وەسا دیار دکر وەکو کەسانەکێ بیتر کاروەر و سەرقال و هێشتا مێشک پڕ هزرتر، و دل ژی گەلەک گەرمتر، و ئومێد فرە مەزنتر... و پشتی دوو ڕۆژان مە ئاخفتی، کۆمەکا کارو پرۆژەیان دپارزینێ وی دە هەبوو، هن چاندی، هند ئەدەبی، هنەک ژی ل بارەی ڕۆژنامەڤانی و وەشانخانەیێن کوردی. هەرچەندە کارکرن و بزاڤتن دبیاڤەکێ هۆسا پڕ ئاستەنگ و رکابەری دە، نەخەباتەکا هێسان و دەستخوەشە، لێ ئەڤینا وەلات و خزمەتکرنا مرۆڤایەتیێ هەردوو بهەڤرا دکەسایەتیا وی دە خویا بوون و، مرۆڤی هەست دکر کو ئەڤ ڕێچکەیە ل جەم وی کارەکی هەری پێویست و پیرۆز بوو، لەورا ژی مەب فەر زانی کو د مێڤاندارییا کۆڤارا رامان دە ئەڤێ هەڤپەیڤینێ دگەلدا ساز بکەین:



# دەربارەی چاند و ڕۆژنامەڤانیێ سەعید ڤەڕۆژ بۆ کۆڤارا (رامان) دپەیڤیت

* ب کورتی ژیانا وە وب تایبەتی یا چاندی چاوایە؟

– ئەز دسالا (١٩٦٦)ێ دە ل گوندێ (هۆپەک)ێ ب گرێدایێ قەزا پیران یا سەر ب دیاربەکرێ ژ دایکبوومە. من دبستانا سەرەتایی ل گوند، دبستانا ناڤەندی ولیسەیێ ژی ل دیاربەکر خلاس کرو د سالا (١٩٨٧-١٩٨٦)ئان دە ل دیاربەکرێ دەست ب خوەندنا زانکۆیێ کر. دسالا (١٩٩١)ێ دە، من بەشێ کیمیایێ ل زانکۆیا دیجلەیێ خەلاس کر و دسالا (١٩٩٢)ێ دە دەست ب مامۆستەیێ یا کیمیایێ کر.

خەباتا من یا ل سەر کوردی، د سالێن خوەندنا زانکۆیێ دە، دەست پێ کر. ب گشتی ل سەر بەرهەڤکرنا فۆلکلۆر و ب تایبەتی ژی ل سەر رووبرووکرنا دیالەکتێن کوردی دخەبتیام.

دسالا (١٩٩٧)ێ دە ب تەڤی چەندەک هەڤالێن دن

مە دەست ب وەشاندنا كۆڤارا (وار)كر. ژ وان خەبات و مــاتەریالێن كــو من دابوو هەڤ، گــەلەک ژوان دناڤ رووپەلێن (وار)ێ دەهاتن بەلاڤكرن. دگەل وی، ژ ئالییێ بەلاڤكرن و بەرهەڤكرنا نڤـیسـان و هتـد. دپشـتگرییـا گەلەک هەڤالێن دن ژی هەبوو.

* جـۆر و بابەتێن وار چاوانن، و بەرهەمـێن وەییێن چاپبوویی هەنە؟

- كۆڤارا (وار)، كۆڤارەک سێ مەهانەیە، لێكۆلین و لێگەرینێن ل سەر زمان، دیرۆک و چاندا كوردی دكە.

هەتا نووها (١٦) هەژمــارێن وێ دەركــەتنە، هەر هەژمـارەكی وێ دناڤـبـەرا (١٥٠- ٢٠٠) رووپەلان دە دگـوهەرە. هەژمــارا وی یا داوین، دۆسـیــایا ل ســەر كەركووكێیە.

هەتا نووها بەرهەمێن من یێن چاپبوویی ئەڤن:

١- رێزەیەک پەرتووكــێن زارۆكــان كــو ژ شــەش پەرتووكان پێک تێنە (ئالفابەیا كوردی، ٥٦ سەرەتایێن رێزمانا كـوردی، چیرۆک، تشـتانۆ/ مـامک، رەنگاندن، فەرهەنگۆک) هاتنە چاپكرن.

٢- فـەرهەنگێ كـورمـانجی- دملی- تركی و تركی- دملی كورمانجی.

٣- فـەرهەنگێ رووبرووكـرنا دیالەكـتـێن كـورمـانجی- هەورەمـــانی- دملی و ســـەنەنداژی (خـــەباتا من و عەبدرەحمان ئوجامانە). دگەل ئەڤ پرتووكان، د كۆڤارا (وار)ێ دە گەلەک نڤیسارێن من هاتنە چاپكرن.

* رەوشـا چاندی ل كـوردسـتــانا باكــوور چاوایە وب تایبەتی رۆژنامەڤانی؟

- ل كـوردسـتـانا باكـوور ب ئاواكی ئاكـتـیڤ خـەباتا چاندی، ب تەڤی پەیدابوونا فكرا نەتەوی یا كــوردی یانی د دەسـتـپـێـكا (١٩٠٠)ی دە گـەش دبە. پشـتی رۆژنامـەیا (كـوردسـتـان- ١٨٩٨)، یەكـەمین رۆژنامـەیا كـوردی ب ناڤێ «ئامیـدێ سودا» دسالا (١٩٠٧) دە ل ئەسـتـەنبۆل تێـتە وەشـاندن. «كـورت تەعـاون ڤـە تەراقی جەمعیـەتی گـەزەتەسی- رۆژنامـەیا تەعاون و تەراقی یا كـورد (١٩٠٨- ١٩٠٩)» د تەشـرینا سـانی یا سـالا (١٩٠٨) دە تێـتــە وەشــاندن. د هەمــان ســالێ دە رۆژنامـەیا (كـوردسـتــان) و (شـەرق ڤـە كـوردسـتـان) رۆژهەلات و كوردستان تێنەوەشاندن.

د حوزەیرانا سالا (١٩٠٩) دە ل دیاربەكـرێ ب ناڤێ پەیمان رۆژنامـەیەک ژ ئالییێ ئالیگرێن كۆمەلا ئیـتحاد و تەراقی ڤـە تێـتـە وەشاندن، ل پەی وێ دسالا (١٩١٣) دە وەک وەشانا كۆمەلا هێڤی، كۆڤارا رۆژی كورد (ئەڤ كۆڤار چار هەژمار هاتیە وەشاندن و دسالا (٢٠٠٢)ێ دە ژ ئالییێ وەشانێن (وار) ڤە ژبۆ تیپێ لاتینی و تركیـیە ئەڤرۆ هاتیە وەرگەراندن و چاپكرن) تێتە وەشاندن.

دهەمـــان دەمی دە ب ناڤێ (یەكــبـــوون- ١٩١٣) كـۆڤـارەكی دی ژی ژ ئالییێ كـۆمـەلا هێـڤی ڤـە تێـتـە وەشاندن، دناڤبەرا سالێن (١٩١٨- ١٩١٩)دە كۆڤـارا ژین تێـتــەوەشـاندن. كـۆڤـارا ژین، وەشـانا فـەرمی یا رێكخستنا جەمعیەتا تەعالی یا كوردستانێیە.

جــاردن دسـالا (١٩١٩)دە ب نـاڤێ كــوردســـتـــان كۆڤارەكی تێتە وەشاندن كو سەرنڤیسكارێ وێ ئارواسی زادە مـوحەمـەد شـەفـیـقـەو مـدیرێ وێ یێ مـەسـئـول ژی سەعـید حوسەین بوویە. رۆژنامـەیا (ئاگری) كو وەشانا فـەرمی یا ســەرهلدانا ئاگـری بوو دسـالێن (١٩٢٩- ١٩٣٠) دە تێتە وەشاندن.

دناڤــبــەرا ســالێن (١٩٣٥- ١٩٦٠)ێ دە گــەلەک رۆژنامـەیێن كـورتە ژیان و هەرێمی ژی تێنەوەشـاندن. د ســالا (١٩٦٣)ێ دە كــۆڤـــارەكی مـــەهانە ب ناڤێ (دەنگ)، كوردی و تركی تێتە وەشاندن، د هەمان سالێ دە ب ناڤێ (رۆژا نەوە) رۆژنامـەكی دەردكەڤە، كـو جێی چاپكرنا وی ئەسـتــەنبـۆلە وتەنێ هەژمــارەک هاتیــە چاپكرن، دسالا (١٩٦٥)ێ دە ل خارپێتێ (ئەلعەزیزێ) ب ناڤی چرا كـۆڤـارەكی ب زمـانێ تركی دەردكـەڤـە كـو مەسئول مدیرێ وی (كەمال بوركا)یە، ئەڤ كۆڤار شەش هەژمـار هاتنە چاپكرن. دسـالا (١٩٦٦) كـۆڤـارەكی ب ناڤێ یەنی ئاكـشی (حـەركـینا نوو)، ب زمـانێ تركی- كوردی دەردكەڤە و مدیر مەسئولێ سێ هەژمارێن پێشین محەمەد عەلی ئاسلانە. هەمان سالێ ب ناڤێ (هاوار) كـۆڤـارەكی تێـتـە دەرخستن، كـو تەنێ هەژمـارەک هاتیـە چاپكرن و مدیر مەسئولێ وی ڤەیزی زەیدانلی یە، د سالا (١٩٦٩) دە ب ناڤێ (دوغـو- رۆژهەلات) كـۆڤــارەكی دەردكـەڤـە. ئەڤ كـۆڤـار تەنێ دو هەژمـار تێـتـە چاپكرن خوەدی و بەرپرسیارێ وی (م. گونەش)ە.

پشـتی سالێن (١٩٧٥)ئان، ل كوردستانا باكور بێتر كـۆڤـارێن سـیـاسی هاتـن وەشـاندن. ژ وان كـۆڤـاران یێن ناڤێ وان ئەز پێ دزانم ئەڤن: ئوزگـورلوک (ریا ئازادی) ب تركـی- كـــــوردی ل ســـــالا (١٩٧٥)ێ دەست ب وەشـاندنێ دكـە. خـەبات- ١٩٧٦، رزگـاری- ١٩٧٦، پێـشـەنگ بۆ شـۆرەش- ١٩٧٧، رۆژا وەلات- ١٩٧٧، دەڤـرمـجی دەمـۆكـرات گـەنچلک (جوانێن دەمـۆكـرات-

شـۆرەشگەر) –۱۹۷۸، کـاوا– ۱۹۷۸، دەنگێ کـاوا– ۱۹۷۹، ئالا رزگـــاری – ۱۹۷۹، شـــۆرەش ۱۹۷۹، ژینـانوو– ۱۹۷۹، تێـکۆشـین– ۱۹۷۹، تیـــــرێژ– ۱۹۷۹.....هتد.

پشــــتی (۱۲)یێ ئیلۆنـا (۱۹۸۰)کــــو داربەیا عـەسکەری ل ترکـیـایێ چێـبـوو، گـەلەک نڤـیـسکار و کـادرۆیێن سـیاسی یێن کورد دەرکەتن دەرڤـایێ وەلات. چاپەمـەنیـا کـوردی ل دەرڤـایێ وەلات، مـژارەک فـرە و جـوودایە کـو هێـژایێ لێکۆلینەک کـوور و فـرەیە. د ڤێ هەڤـپـەیڤـینا کـورت دە ئەز ناخوازم بەحسـا چاپەمـەنیـا دەرڤایێ وەلات بکم.

* رەوشـا وەشـانخـانەیان چیـە، ب تایبـەتی ل بارەی بەلاڤکرنا پرتووکان؟

– پشـتی سـالا (۱۹۹۰)یێ ل کـوردسـتـانا باکـوور گـەلەک وەشـانخـانەییێن کـوردی هاتن دانین و گـەلەک پرتووک و کــــۆڤــــارێن هێـــژا هاتـن چاپکرن، وان وەشانخانەییێن کوردی یێن کو پرتووک و کۆڤارێن کوردی چاپ کرنە ونووها ژی دکن، هنەک ژ وان ئەڤن:

۱– وەشـانخـانا (دۆز) کـو ب ناڤێ رۆژ هەژمـارەکی رۆژنامـەیێ رۆژانە، ب نـاڤێ (سـەربەسـتی) ۱۷ هەژمـار کـۆڤـارەکی سـیاسی و شـیـرۆڤـەیی، ب ناڤێ (پەلین) ٥ هەژمار کۆڤارەکی ئەدەبی چاندی کو نووها نایێ وەشاندن و گەلەک پرتووکێن ل سەر کورد و کوردستانێ ب ترکی– کوردی چاپکرنە.

۲– وەشانخانا ئاڤەستا:

هەتا نووها ل سەر سەد و پێنجی دە پرتووکێن گشـتی و ل ســەر کــورد و کــوردســتــانێ ب ترکی– کــوردی چاپکرییە.

۳– وەشانێن نووبهار:

هەتا نووها (۸۰) هەژمار کۆڤـارا نووبهار چاپکرنە و دگەل وی پرتووکێن کوردی ژی چاپکرنە.

٤– وەشانێن پێری:

هەتا نووها ب دەهان پرتووکێن ل سەر کوردان چاپکرنە کو پرانیا وان ب زمانێ ترکی یە.

٥– وەشانێ وار:

ب ناڤێ (وار) کۆڤارەکی لێکۆلین و لێگەرینی یا سێ مـەهانە ل سـەر زمـان، چاند و دیرۆکێ چاپ دکە، هەتا نووها (١٦) هەژمـارێن کـۆڤـارا (وار) هاتنە چاپکرن و دگەل وێ نێزیکێ بیست پرتووکێن کوردی چاپ کریە.

٦– وەشانێن دەنگ:

ب ناڤێ (دەنگ) کـۆڤـارەکی سـیاسی دەردخن و دگـەل وێ هەتـا نووها گـــەلەک پرتـووکـــێـن کـــوردی– ترکی چاپکرنە.

۷– وەشانێن ئارام:

ب ناڤێ (ڤـەسـتـا) کـۆڤـارەکی چاپ دکن و دگـەل وێ پرتووکێن گشتی یێن کوردی چاپ دکن.

۸– وەشانێن بەرفین:

هەتا نووها ل سەر کوردان چەندەک پرتووک چاپ کرنە.

۹– وەشانێن باژار:

هەتـا نووهـا چەندەک پرتـووکـــێـن کـــوردی– ئەدەبی چاپکرنە.

۱۰– وەشانێن (ئۆز–گە/ oz-ge):

ل سـەر کـوردان هنەک پرتووکێن بالکێش چاپکرنە لێ بەلێ ئەز هەژمارا وان نزانم.

۱۱– وەشانێن نووژەن:

هەتا نووها چەندەک پرتووکێن ل سەر کوردان چاپکرنە، لی وسا تەخمین دکم کو نووها نە بکارە.

۱۲– وەشانێن مەد:

هەتا نووها چندەک پرتووکێن ل سەر کوردان چاپکرنە و ئەو ژی دناڤ وەشانێن پێری دە یە.

۱۳– وەشانێن وەقفا کوردی:

قـاسێ کو ئەز دزانم هەتا نووها ب ناڤێ گولستان (۷) هەژمارێن کۆڤارەکی چاندی– ئەدەبی چاپکرنەو ڤێ گاڤێ وەشاندنا کۆڤارێ هاتیە راوەستاندن.

١٤– وەشانێن کۆر (qor):

ل ســـەر کـــوردان چندەک پرتووک چاپکرنە و ئەو ژی نووها هاتیە راوەستاندن.

١٥– وەشانێن سی:

زێدەتر ل سەر ئەدەبا کوردی پرتووکـان چاپ دکە و ئەو ژی نـووهـا هاتیـــە راوەســـتـــاندن. ژ خـــەینێ ئەڤ وەشـانخـانەییێن کوردی، هنەک وەشـانخـانەییێن ترکی ژی پرتووکێن ل سەر کورد و کوردستانێ چاپکرنە.

* ئایا چ ئاسـتـەنگ و ئاریشـە د رێیـا وەشـانخـانەییێن کوردی دە هەنە؟

– دو ئاسـتـەنگێن ئەساسی ل پێـشـبـەر بەلاڤـبـوون و بەلاڤکرنا پرتووکێن کوردی هەنە:

یەکەم: پرتووکێن کو ب کوردی تێنە چاپکرن، ژ بەر کو پۆتانسـیـەلا خـوەندەڤـانێن کـوردی کـێـمـە و خـوەندن و نڤیسـاندنا ب زمانێ کوردی هەتا نووها ب ئاواکی توند قەدەغە بوو. خوەندەڤانێن وێ گەلەک کێمن.

دووەم: ئاستەنگ و زەحمەتیا پێشبەرێ بەلاڤکرنا پرتووکێن کوردییە. شریکەیێن بەلاڤکرن و راگەهاندنێ ژبەر هنەک سەدەمێن نەیینی، ناخوازن زوو ب زوو کۆڤار و پرتووکێن کوردی بەلاڤ بکن. ب پرانی کۆڤار و پرتووکێن کوردی ب دەستان تێنە بەلاڤکرن. ب چ ئاوایێ دبە بلا ببە د ئەنجامێ دە رەوشا وەشانخانەیێن کوردی نەباشە، لەورا پۆتانسیەلا خوەندەڤانێن کوردی گەلەک زەعیفە.

* د دەربارێ رۆژنامەڤانییێ دا خەباتێن وە چنە؟

– ژ سالا (١٩٩١)ێ ڤر دە ژی سەرنووسەری و رەداکسیۆنا کۆڤارا (وار) دکم. هەتا نووها شازدە (١٦) هەژمارێن وێ هاتنە چاپکرن و د هەر هەژمارێ دە نڤیسێن من هەنە.

* خوەندنا زمانێ کوردی ل جەم وە چاوانە؟

– ل جەم مە زمانێ کوردی ب فەرمی نایێ خوەندن. ژ (٥)ێ قانوونا (٢٠٠٣)ێ ڤرە کو دیالەکتێن کوردی گەر هەن هاتنە قەبوولکرن، تەنێ کورسێن هینکرنا دیالەکتێن کوردی هاتنە سازکرن، نە کو پەروەردەکرنا زمانێ ب کوردی. ئەڤ کورسی ژی خوەندەڤانێن وان پر کێمن، بالا گەلێ کورد ناکشینە کو زارۆکێن خوە بۆ خوەندنا زمانێ کوردی برێکن ڤان کورسان، لەورا پر سەدەمێن ڤێ یەکێ هەنە، ژ وان سەدەمان چەندەک ل ژێر هاتنە دیارکرن:

١– داخوازا پەروەردەبوونا ب زمانێ کوردی، د شکلێ «کورسێن تایبەتی» دە فۆرملکرن، شێلووکرنا ئارمانجا پەروەردەیی یا ب زمانێ کوردی یە. ژبەر رەوشا نوویا دنیایێ و تێکلیێن ب ئاورووپایێ رە، دەولەتا ترکیێ خوەست ڤێ بکە داخواز و چارەسەرییا کوردان.

٢– د بەندا (٤٢)ێ یاسا ئەساسی یا ترکیەیێ دە دبێژە: «نابە کو ژ خەینێ ترکی، زمانەک دی وەک زمانێ فەرمی یێ وەلاتیێن ترکیەیێ بێتە قەبوولکرن.» ئەڤ بەندا یاسا ئەساسی هەتا کو هەبە، ب فەرمی ناسکرن و پەروەردەیی یا ب زمانێ کوردی نە مومکنە. ژ خوە د رێزناما فەرمی دە بەحسا کوردی نایێتە کرن، تەنێ بەحسا دییالەکت و زمانێ رۆژانە یێن وەلاتیان تێتەکرن.

٣– مامۆستەیێن کو ژ بۆ هینکرن و خوەندنا زمانێ کوردی هاتین پەروەردەکرن نینن، کەسێن کو ڤێ گاڤێ د وان کورسان دە زمانێ کوردی ددنە هینکرن، کۆلەژێکی پەروەردەیی یا زمانێ کوردی خەلاس نەکرنە، ب جەهد و خەباتا خوە یا شەخسی ڤێ کاری دکن.

٤– ئەڤ کورسێن هەیی ژی، ژبەر کو ژ دەولەتێ ئالیکاری ناگرن، دەمەک دوور و درێژ بەردەوامکرنا وان نە مومکنە.

٥– د تەلەڤیزیۆنا فەرمی یا دەولەتێ دە، د هەفتەیێک دە (٤٥) دەقیقە وەشانا ب دیالەکتێن کوردی (کورمانجی و دملی) تێتە کرن، کو ئەڤ ژی قاریکا تۆرەک جوودایە. لەورا، ناڤەرۆکا بەرنامەیێن وان و شکلێ کارانینا وان دیالەکتێن کوردی، نە ژ بۆ پێشخستنا دیالەکتێن کوردی یە، بۆ پووچکرنا وانە.

* باشە، د چارچۆڤا پێشخستنا دەمۆکراتیەتی و تێکلیێن ب یەکیتیا ئاورووپایێ رە و بەشداربوونا یەکیتیا ئاورووپایێ دە چارەسەرکرنا پرۆبلەمێن زمانێ کوردی دڤێ چاوا بە؟

– ئەڤێ رەوشێ ئەز د ڤان خالێن ل ژێر دە دبینم:

١– زمانێ کوردی، دناڤ سینۆرێن ترکیەیا ئەڤرۆیی دە، زمانێ بیست میلیۆن ئینسانێ کوردە، کورد خەلکێ رەسەنێ ڤێ جوگرافیایێ یە و بەریا هاتنا ترکان بۆ ئانادۆلیایێ، ئەو خەلکێ جهنشینێ ڤێ جۆگرافیایێ بوو.

ژبەر ڤێ یەکێ، دڤێ زمانێ کوردی د چارچۆڤەیەکی تەریتۆلیال دە، دهەرێما کوردستانێ دە زمانێ فەرمی یە یەکەمین و گشتیێ ترکیەیێ دە ژی وەک زمانەکی فەرمی یێ دویەمین بێتە قەبوولکرن.

٢– ل ترکیەیێ هەفتێ زانکۆ هەنە، ژ وان هەفتێ زانکۆیان پێنجێ (٥) وان ل کوردستانێ نە، ب کێمترین د ڤان پێنج زانکۆیان دە ڤەکرنا بەشێ کوردی و دانینا کوورسیا کوردۆلۆژی، دێ ژ بۆ پێشخستن و چارەسەرییا پرۆبلەمێن زمانێ کوردی ببە گاڤەک گرنگ.

٣– د چارچۆڤا دەمۆکراتیەتیێ دە چارەسەرییا پرۆبلەمێن زمان، ب کورسێن تایبەتی نابە، دڤێ ژ سەرەتایی هەتا زانکۆیێ زمانێ کوردی ببە زمانێ فەرمی یێ پەروەردەیی.

* ئالفابەیا کوردی ب تیپێن لاتینی ل باکور و ب تیپێن عەرەبی ل باشور تێتە بکارانین، ب نێرینا وە چاوا ئەڤ پرۆبلەم وێ چارەسەر ببە؟

– ئیرۆ ژبۆ نڤیساندنا زمانێ کوردی ئەلفابەیێن جوودا تێنە بکارانین و ئەڤ ژی دبە سەدەمێ هەڤ تێنەگەهیشتنا کوردان. کارانینا ئالفابەیێن جوودا دنڤیسینا زمانێ کوردی دە راستیەکی تەحلە. ئیرۆ زمانێ کوردی، ژ خەینێ پرۆبلەمێن دەڤۆک و دیالەکتێن جوودا، ژبەر سەدەمێن دەرڤایێ مە، ب چەند ئالفابەیێن جوودا

ژی تێتە نڤیساندن کو ئەڤن:
– ئالفابەیا عەرەبی ژ لایێ کوردێن کوردستانا باشوور و کوردێن کوردستانا رۆژهەلات تێتە بکارانین.
– ئالفابەیا لاتینی ژ لایێ کوردێن کوردستانا باکوور و باشوورێ بچووک ڤە تێتە بکارانین.
– ئالفابەیا کریلی ژی، ژلایێ کوردێن سۆڤیەتا بەرێ ڤە تێتە بکارانین و ب هەر یەکێ ژی مەتەریالێن گەلەک زێدە و بروومەت بەرهەڤ بوونە. دگەل ئەڤ سێ ئەلفابەیێن جوودا، پرۆبلەمێن رێزمانی وراستنڤیسینێ ژی هەنە.

* هوون ئەڤێ پێشکەفتنا چاندی و گولڤەدانا زمانەڤانی ل کوردستانا باشوور چاوا د هەلسەنگینن ب تایبەتی ژ ئالیێ راگەیاندن و پەروەردەیێ ڤە، و کارتێکرنێن وێ لسەر وە چنە؟

– ئیرۆ کوردستانا باشوور ئازادە، ب راگەیاندن و نڤیسین و تەلەڤیزیۆن و یونیڤەرسیتەیێن خوە ڤە، هەر تشت ب زمانێ کوردی یە. لێ بەلێ ئەم کوردێن کوردستانا باکوور نکارن ژ ڤێ یەکێ ئیستیفادە بکن، دو سەدەمێن ڤێ هەنە:

یەکەمین ئەوە، ئەلفابەیێن کو ئەم بکارتینن جوودانە؛ باشوور ئەلفابەیا عەرەبی و ئەم یێن باکوور ژی ئەلفابەیا لاتینی بکارتینین.

یا دویەمین ژی پرسگرێکا دیالەکتانە، براستی ل باشوورێ کوردستانێ دەما کو زمانێ کوردی ب فەرمی هاتە قەبوولکرن، د ئەنجاما داخوازو هەولدانێن ترکیایێ ژ بۆ بریتانیایێ دە، دیالەکتا سۆرانی ئەساس هاتە گرتن. لەورا ترکیەیێ نەدخوەست پەروەردەییا ب زمانێ کوردی ب دیالەکتا کورمانجی و ئالفابەیا لاتینی ببە. چمکی وێ تەسیرەکی زێدە ل کوردێن ترکیەیێ ژی بکرا.

ژبەر سەدەمێن ل ژۆرێ ژی هاتنە دیارکرن، ب یا من دڤێ ل باشوورێ کوردستانێ ژی ئالفابەیا لاتینی بێتە بکارانین، قە نەبە ژ بۆ دەمەکی ئالفابەیا لاتینی و ئالفابەیا عەرەبی ب هەڤ رە بێتە بکارانین، هەر رۆژەکێ کو دەرباس دبە دنیا بچووکتر دبە، راگەیاندن و تێکلییێن دناڤبەرا جڤاکێن جوودا دە زێدەتر و گەشتر دبن، زانستی و تەکنۆلۆژی بێتر پێشدکەڤن و د دەمەکی کورت دە ل دنیایێ بەلاڤ دبن. ژبەر ڤێ یەکێ ژ بۆ پێشخستنا تێکلییێن جڤاکا کورد ب جڤاکێن پێشکەفتی رە و ب پارچەیێن دن یێن کوردستانێ رە، بکارانینا ئالفابەیا لاتینی دێ ب هێسانتر ببە.

سەدەمی دویەمین ژی ئەڤە، کو ئالفابەیا عەرەبی نە ل گۆر فۆنەتیکا کوردی یە.

* ئەدەبی زارۆکان چڤاس گرنگە و هوون چاوان دبینن؟

– زارۆک پاشەرۆژا مەنە، خەزینا مەیا هەری دەولەمەندن. زارۆکێن ئیرۆ مەزن و رێڤەبەرێن سبێ نە. ژ بەر ڤێ، پەروەردەییا زارۆکان چڤاس باش و پێشکەفتی بە، سبێ رۆژ ناڤەرۆک و تێگەیشتنا هەر فەردەکی کورد و جڤاکا کورد ئەو قاس بلند دبە. د جڤاکەکی دە چڤاس پێویستیا مەزنان ب ئەدەبیاتێ هەبە، ئەو قاس ژی یێ زارۆکان هەیە.

ئەز باش نزانم ل ڤرا رەوش چاوایە، لێ بەلێ د باکوور دە خەباتێن ل سەر زارۆکان گەلەک کێمن، یێن هەیی ژی قسمێ وان یێن زێدە ل ئاوروپا چێبوویە، کێم دگیژن وەلات، بگیژە ژی، ژ بەر کو خوەندنا ب زمانێ کوردی قەدەغەیە، پر هندک زارۆک دکارن ژ وان فەیدە ببینن. من ب خوە ژی وەک رێزەبێیک، شەش پرتووکێن زارۆکان چاپکرن و دگەل ڤێ ب ناڤێ (دەرگووش) مە گۆڤارەکی زارۆکان دەرخست، ئارەزوو و داواکاری پر کێم بوو، لێ بەلێ ئیرۆ د کوردستانا ئازاد دە شەرتێن خەباتا بۆ زارۆکان چێترن، ل سەر تەلەڤیزیۆن و رادیۆ و دەزگەهێن دن یێن راگەیاندنێ دە، دڤێ خەباتێن هین زێدەتر ژ بۆ زارۆکان بێنە کرن و د ڤان خەباتان دە گرانیا خوە بدن سەر ئالفابەیا لاتینی و دیالەکتا کورمانجی دە کو زارۆکێن کوردستانا باکوور ژی ژێ فەیدە ببینن.

**ئا: ئەحمەد قەرەنی**

# عەقڵانییەتی ڕۆشنبیرێتیی کوردی لەنێوان ئەخلاقی بەرپرسایەتی و نیهیلیزمی خەساودا

عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

(١)

خۆزێ ئۆرتێگا گاسێت (Jose ortega Gasset)، فەیلەسووفی بەناوبانگی ئیسپانیایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی «تماشاچی» دەڵێت، ڕۆشنبیر ئەوکەسەیە کە خاوەنی ژیانێکی دەروونییە و «لە هەر چرکەساتێکدا دەزانێ بیر لەچی دەکاتەوە و بۆ چ مەبەستێک بیر دەکاتەوە». لە کاتێکدا سیاسەتمەدار بێئاگا لە دەروون و هەناوی خۆیەتی، چونکە ئەو بۆ خۆی ناژیت، بەڵکو لەپێناوی زەنازەنا و هات و هاواری جیهانی دەرەوەدا زیندووە(١).

(٢)

دۆزینەوەی چەمکی هەقیقەت و کارکردن لەسەر پرسی هەقیقەت لە چوارچێوەی کاری ڕۆشنبیری سەردەمی ئێمە، سەردەمی مۆدێرنیتەدا، بێگومان لەمانای میتافیزیکی و خواوەندی خۆی داماڵدراوە و ناوەرۆکێکی حقووقی و ئەخلاقی و سیاسی وەدەست هێناوە. لەم دۆخە فیکری و فەلسەفییەی کە ئێمەی تێدا دەژین، ئەرکی ڕۆشنبیر ناساندنەوەی سەرلەنوێی سەرلەبەری ئەو هەقیقەتانەیە کە پێشتر لە گۆشەنیگای سوژە بەمانا لاتینییەکەی (Subjectum)، واتە ملکەچ و گوێ لە مست پێناسە کرابوو(٢) سوژەی مۆدێرن لەکۆت و بەندی باوەڕە دۆگماکانی دەرەوەی بنەمای هزر و تێفکرینی ئینسانی ڕزگاری بووە و لەسەر بناغەی ئەخلاقێک دەجووڵێتەوە کە عەقڵی کردەوەیی (عقل عملی) بۆی دیاری دەکات. کەوایە لە جیهانێکدا کە هەقیقەتە ڕەهاکان بۆیان نییە چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکەن، ڕۆشنبیران ئەوکەسانەن کە باسی هەقیقەتە ڕێژەییەکان دێننە گۆڕێ و لەسەر دەستی ئەوان لەبارودۆخی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵنەوە و بەهاو دید و فیکر و ڕەوشت و ڕەفتار بەگشتی دنیابینییەکی تازە بەرهەم دێنن. ڕۆشنبیری سەردەمی ئێمە ناشێت تەنیا یەک هەقیقەت بناسێ، تا بێتو مرۆڤ حەواڵەی ئەو هەقیقەتە تاکوتەرایە بکات و مژدەی ڕزگاریی هەتاهەتاییشی پێبدات، بەڵکو پێویستە مرۆڤ لە زۆر و هەمەجۆر بوونی هەقیقەتەکان ئاگادار بکاتەوە و بەهاو بایەخی هەر هەقیقەتێک لەچوارچێوەی چەمکی خۆیدا دەستنیشان بکات و هیچ کات ڕێگە نەدات بەرگی ڕەهاییەتی و موتڵەقبوون بکرێتە بەر هەقیقەتەکان تا دواجار بکرێنە گۆپاڵی دەستی ئیرادەیەکی ڕوو لە دەسەڵات. کەواتە بۆمان هەیە بڵێین «ڕۆشنبیری مۆدێرن» میراتگری ڕاستەقینەی هیومانیتی (مرۆڤگەرایی) چاخی ڕێنیسانس و «ڕۆشنگەری» سەدەی هەژدەی ئەوروپایە کە لە ڕێگەی ڕۆحییەتی ڕەخنەگرانەی خۆیەوە دژی ئوستوورەسازی و بەرهەمهێنانی خورافاتی فیکری و کۆنەپەرستی و تۆتالیتاریزمی هەمەجۆر ڕادەوەستێ و باوەڕی بە بەها

جیهانییەکانی وەک عەقڵ و عەدالەت و ئازادی و جوانی هەیە(٣)، بەڵام بیرمان نەچێت ڕۆشنبیر ناشێت بە بیانووی پشتگیری لە کۆمەڵێک بەهای جیهانی تەنیا لە فەزایەکی ئینتیزاعی و لەسەر دەستی عەقڵێکی سەڵت (تەجریدی) و دابڕاو لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگای خۆی و مرۆڤانی دەوروبەری کار بکات، وەک بۆ نموونە پێی وابێت باوەڕ بە ئەسڵی ئازادیی واتە باوەڕ بە ڕوونکردنەوەیەکی فەلسەفیی چەمکی ئازادی یان سەلماندنێکی عەقڵانی پێویستیی ئازادی لە کۆمەڵگای ئینسانی. لە ڕاستیدا کورتکردنەوەی ئەرکی ڕۆشنبیریتی لە تەنیا هەڵوێستگرتنێکی جوانیناسانەی هەرێمی زەینیدا بەمانای لەبیرکردنی ئەرکە سەرەکی و ڕاستەقینەکانی ڕۆشنبیرە لە پانتایی عەقڵی کردەوەیی و کرداری پێوەندیدا. وەک چۆن «تیۆدۆر ئادۆر نۆ» پێی وایە، «هیچ بەرهەمێکی هونەریی ڕەسەن و هیچ ئەندێشەیەکی فەلسەفی بەمانای ڕاستەقینەی وشە، ماهییەت و چییەتی خۆی بە تەنیا لەناواخنی خۆی، واتە بە تەنیا لە «تاقانەبوونی» خۆیدا وەدەست ناهێنێ(٤)»، ژیانی بەرهەمی هونەری تەنیا لە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا مانای هەیە، بیروهزر و هەست و هەڵوێستی ڕۆشنبیریش تەنیا لە چوارچێوەی عەقڵی کردەوەیی و کرداری پێوەندیدا واتای ئینسانی پەیدا دەکات و کاریگەریتی دەبێت، ڕاستە ڕۆشنبیر هەڵگری جیهانبینییەکی جیا لەبیروبۆچوونی خەڵکی ئاساییە، بەڵام جیاوازبوونی جیهانبینی ڕۆشنبیر بەمانای جیاوازبوونی چارەنووسی ئەو نییە لە چارەنووسی خەڵکی ئاسایی. ئەگەر ئاستی تێڕوانین و ڕەوشتی تێفکرین، ڕۆشنبیر لە خەڵکی ڕەشۆکی جیادەکاتەوە و تەنانەت زۆر جار لە کۆمەڵگا دووری دەخاتەوە، بەڵام دواجار چارەنووسی ژیانی کۆمەڵایەتی لەژێر ساباتی یەک کۆمەڵگادا، ڕۆشنبیر بە هەمان کۆمەڵگا دەلکێنێتەوە. کەوایە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆشنبیر باوەڕی بە کۆمەڵێک چەمکی هەمەکیی (کلی) وەک ئازادی و عەقڵ و عەدالەت و جوانی هەیە بەو مانایە نییە کە ڕۆشنبیر چاوی لە حاند ڕوخساری بەرهەستی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگای خۆیدا بنووقێنێ و تەنیا لە دنیای هزر و زەینی خۆیدا لە شان و شکۆ و پێویستیی ئەم چەمکانە بگات، یان تەنیا لە قەوارەی نووسراوەیەکی گشتی و بێ ڕۆحدا بەسەر باڵایاندا هەڵبڵێ و پەسندیان بکات. ڕاستە ئازادی چەمکێکی جیهانییە، بەڵام جیلوە و دەرکەوتی ئەم چەمکە لە بەردەمی ڕۆشنبیردایە: مرۆڤ و کۆمەڵگای خۆی. بە گوتەیەکی دیکە ئەم چەمکە جیهانییانە دواجار لە دەرکەوتێکی ناوچەییدا خۆیان دەخەنە بەردەستی ڕۆشنبیر. ڕێک وەک خاڵەکانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ کە تەنیا بۆیان هەیە لە چوارچێوەی قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتاندا ڕەچاو یان پێشێل بکرێن. بۆیە ئەو ڕۆشنبیرەی کە نەتوانێ، یان نەخوازێ لە ڕاستییەکانی دۆخی بوون، یان نەبوونی ئەم چەمکانە لە کۆمەڵگای خۆی بکۆڵێتەوە ئەوە بێگومان مافی ئەوەشی نییە لافی ئەوە لێبدات کە پشتگیری لەمانا و دەرکەوتە جیهانییەکانی ئەم چەمکانە دەکات.

ئەو جیاوازییەی کە «خۆزێ گاسێت» لەنێوان ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار دا دایدەنێ ئەوەی ڕاستی بێت دەشێت چاوی ئێمە لە حاند گرفتەکانی ڕۆشنبیریتیی کوردی بکاتەوە. ئایا ڕۆشنبیریتیی کوردی تائێستا توانیویەتی خاوەنی ئەو ژیانە دەروونییە بێت کە گاسێت ئاماژەی پێدەکا؟ ئایا ڕۆشنبیریتیی کوردی دەزانێ بیر لەچی دەکاتەوە و بۆ چ مەبەستێک بیر دەکاتەوە؟ ئایا پێمان وانەبێت زۆرجار ڕۆشنبیرانی ئێمە تەنیا تاپۆی ڕۆشنبیریتی بوون و تەنانەت هەندێ جار ویستوویانە دەوری سیاسەتمەدارانی پلە سێ و چواری دنیای سیاسەت بگێڕن و لەپێناوی هات و هاواری جیهانی دەرەوەدا بژین؟! ئایا ڕۆشنبیریتیی کوردی توانیویەتی بە کەرەسەی چەمکە جیهانییەکان دۆخی هەنووکەیی خۆی بخوێنێتەوە و میراتگری هیومانیستی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدە بێت؟ ئایا ڕۆشنبیریتیی کوردی بەمانا فەڕەنسەییەکەی ئەم وشەیە (intellectuel) کەسێکە خاوەن ویژدانێکی ئەخلاقی تایبەت بەخۆی کە پێی وایە دەشێت لەسەر پرسە ناوچەییەکان بەشێوەیەکی جیهانی بیربکاتەوە؟ ئایا ڕۆشنبیری کوردی لەباری فیکرییەوە ئەوەندە تەنیا و خۆ بژێوە کە بتوانێ سەربەخۆیانە و چالاکانە جیهان تەعبیر بکات و ئاوەزمەندانە و بەسەربەستی بیروڕای خۆی دەربڕێ؟ ڕۆشنبیری کورد تا چەند باوەڕی بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگای جیهانی و کۆمەڵگای کوردی هەیە و تا چەند ئەم باوەڕە لە سەر بنەمای لێکدانەوەیەکی عەقڵانی دادەمەزرێنێ؟ ڕۆشنبیریتیی کوردی بۆ شێوە ڕەفتاری خۆی لەگەڵ دیاردەکان کام ئەخلاق پەسەند دەکات و بەکردەوەش چ ئەخلاقێک ڕەچاو دەکات؟

(٣)

فەلسەفەی نیچە فەلسەفەیەکی دژە عەقڵە،

فەلسەفەیەک کە هەوڵ دەدات فرتوفێڵەکانی عەقڵ ئاشکرا بکات و پەردە لەسەر ڕاستییەکانی مێژووی عەقلانییەت هەڵبداتەوە، لەوانەیە نیچە یەکەم فەیلەسووفێک بێت کە بە ڕاشکاوی سزادانی سوقراتی بە ڕەوا زانیبێت، چونکە پێی وایە سوقرات «ڕەوشتی عەقلانی» داهێناوە باوەڕی بە «چەمکی ئاشکرا و زانستی ڕووت» هەبوو. نیچە عەقڵ لە بەرامبەر غەریزە دادەنێ و غەریزە بە ئیرادە لە قەڵەم دەدات و ئیرادەش بە ئیرادەیەکی ڕوو لە دەسەڵات (ارادەی معطوف بە قدرت) دەناسێنێ کە هونەر بەرزترین جۆری دەرکەوتیەتی(٥). بە باوەڕی نیچە، دوا بەدوای سوقرات، ئەفلاتوونیش دەیەویست ئەو شتە بەخۆی بسەلمێنێ کە عەقڵ و غەریزە ڕووە و ئامانجێک، ڕووە و «خێر»، ڕووەو «خوا» ملی ڕێگایان گرتووە. ئیتر لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە تا ئێستا خواناسان و فەیلەسووفان هەر شوێن پێی ئەم پرسەیان هەڵگرتووە و لە باسوخواسی ئەخلاقیدا هەمیشە غەریزە (یان بە گوتەی مەسیحیان «ئیمان» یاخود بە قەولی نیچە «مێگەل») سەرکەوتوو بووە. فەلسەفەی نیچە بریتییە لە لێکدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نیهیلیزمێک کە ئەو پێی وایە لە سۆنگەی لەبەر یەک هەڵوەشانی ئەم ئامانجە، واتە خێری باڵای ئەفلاتوونی-مەسیحی هاتۆتە ئاراوە: (نیچە مەسیحییەت بە ئەفلاتوونگەرایی خەڵکی ڕەشۆکی دەزانێ«٦») هەر لەم سۆنگەیەوە نیچە فەلسەفەی خۆی بە فەلسەفەیەکی دژە عەقڵی ئەفلاتوونی و دژە ئیمانی مێگەلی دەزانێ، تەنانەت بەخۆی دەڵێت دەجال (دژە مەسیح). بڕوای نیچە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێمەدا هەموو ئەو بەهایانەی کە لەسەر بناغەی عەقڵی ئەفلاتوونی و ئیمانی مەسیحیدا دامەزرابوون، بێ مانا و بێبایەخ کەوتوون. هەقیقەت و دروستی خێر و جوانی کە لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا بەناوی «لۆگۆس» دەناسرێن لەبەر یەکهەڵوەشاون. نیهیلیزمی هاوچەرخ پێشاندەری هەڵوەشانەوەی سەرلەبەری ئەسڵەکانی عەقلانییەتی یەکەم عەقڵگەرا واتە سوقراتە. نیچە دەڵێ: «باوەڕ بە بابەتەکانی عەقڵ ڕەگوڕیشەی نیهیلیزمە«٧»).

نیچە دوای ئەوەی هەڵوێستی خۆی لە هەمبەر پرسی عەقلانییەت دیاری دەکات و ڕیشەی نیهیلیزمی جیهانی هاوچەرخ لە عەقلانییەتی ئەفلاتوونیدا دەبینێ، دێت ڕێگا چارەی خۆی بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ بێ بەهابوونی ئەم بەها عەقلانییانە دەخاتە بەردەست. نیچە پێی وایە ڕێگای یەکەم قبوولکردن و دانپیانان بە نیهیلیزمی خەساوە (نیهیلیسم منفعل)، واتە خۆ بەجۆرێک پیشاندان و خۆ بەشێوەیەک نواندن کە گۆیا ئەم بەهایانە هەڵگری مانا و مەبەستن، لەکاتێکدا هەموو کەس لەناخی خۆیدا پەی بەو ڕاستییە دەبات کە ئەم بەهایانە لەبەریەک هەڵوەشاون. هەربۆیە ئەو کەسەی ئەم ڕێگایە هەڵدەبژێرێ لەژێر ساباتی پێوەرە ئاساییەکان، کە نیچە ناوی دەنێ ئەخلاقی کۆیلەکان، ژیان دەباتە سەر. ڕێگای دووەمی نیهیلیزمی کارایە، واتە دەربڕینی ئازایانە و دەرخستنی بوێرانەی ئەم ڕاستییە کە ئەم بەهایانە لەبەریەک هەڵوەشاون و شوێنەواریان سڕاوەتەوە، هەربۆیە قبوولکردنی بێ واتا بوونی جیهان و ماناکردنەوەی سەرلەنوێی جیهان بەیارمەتی هونەر ڕەوایە«٨»، لێرە بەدوا نیچە لەسەر ماناکانی «هەقیقەت» و «مەزنە مرۆڤ» (ابر انسان) لەنگەر دەگرێ و هەوڵ دەدات ئەو شتانەی کە مانا بەجیهان دەبەخشن دیاری بکات، چونکی پێوەندی بە باسی ئێمەوە نییە لێی خۆش دەبین و بەسەریدا پاز دەدەین.

ئەو چەمکەی لێرە بەدوا پێویستمان پێیەتی تا بتوانین کۆمەڵێک ڕاستەقینەی کایەکانی نێو مەیدانی ڕۆشنبیرێتی کوردی پێ بخوێنینەوە چەمکی «نیهیلیزمی خەساو»ە کە نیچە بۆ ڕەخنەگرتن لە مێژووی عەقلانییەتی ڕۆژاوایی بەو شێوەی کە ئاماژەی پێکرا بەکاری هێنا. گەر ئێمە بە تۆزێک دەسکارییەوە بە هەندێک پشت گوێ خستنی ڕەگوڕیشە فەلسەفییەکانی، بمانەوێ کارکردێکی دیکە بۆ خوێندنەوەی بابەتی بەردەستمان، کە دۆخی عەقلانییەتی ڕۆشنبیریی کوردی بێت، بەم چەمکە ببەخشین ئەوە ڕێگا بۆ خۆمان خۆش دەکەین بەشێوەیەکی تیۆریک و ڕەوشتمەند (میتۆدیک) لەسەر باسێک بدوێین کە تا ئێستا گەر هەستیش بە بابەتی بوونی ئەو باسە کرابێت، دواجار قسەی تیۆریکی کەمی لەسەر کراوە و لایەنە هەمەجۆر و دیار و نادیارەکانی بە وردی شی نەکراونەتەوە. زاراوەی «نیهیلیزم» بە ڕەچاوکردنی ئەو تۆزە دەسکارییەی باسم کرد لە فەزای ڕۆشنبیرێتیی کوردیدا نیهیلیزمێکە کە بە پێچەوانەی نوسخە نیچەییەکەی، لە بری ئەوەی بەرهەمی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ بەها عەقلانییەکان بێت بەرهەمی فام نەکردن و تێنەگەیشتنە لە بەها عەقلانییەکان، گەر بە گوتەی نیچە [لە ڕۆژئاوا] «باوەڕ بە بابەتەکانی عەقڵ ڕەگوڕیشەی نیهیلیزمە.» ئەوە لە ڕۆشنبیرێتیی کوردیدا باوەڕی بە بابەتەکانی عەقڵ، نیهیلیزمی بەرهەم هێناوە. دیارە بێباوەڕی بە بەباتەکانی

عەقڵ لە ڕۆشنبیریتیی کوردیدا دەرەنجامی ئیمان و ئیرادەیەکی فیکری- فەلسەفی نییە، وەک ئەوەی پێمانوابێت ئەم بێ باوەڕییە هەڵوێستگرتنی فیکرێک بێت دژ بە فیکرێکی تر، واتە لە پشت ئەم بێ باوەڕییە بە بابەتەکانی عەقڵ ئیرادەیەکی وشیاری کارا ئامادە نییە کە حسێبی بەدەستەوە بوونی بەرنامە و ستراتیژی و پرۆژەی بۆ بکرێ، بەڵکو لە دیوی ئەودیوی ئەم بێ باوەڕییەدا غیابی هەرچی ئیرادە و بیرۆکە و وزە و توانایی فیکرییە دەبینرێ کە ئاشکرایە بۆ هەر هەڵوێستگرتنێک لە هەمبەر دیاردەکان چەندە پێویستن. نیهیلیزمی ڕۆشنبیریتیی کوردی پیشاندەری هەڵوەشانەوەی سەرلەبەری ئەسڵەکانی عەقلانییەت نییە، تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە ئەم ڕۆشنبیریتییە تا هەنووکەش بەرهەمهێنی هیچ چەشنە ئەسڵێکی عەقلانی نەبووە تا دواجار قسە لەسەر هەڵوەشانەوەی و نیهیلیزمی زادەی ئەو هەڵوەشانەوەیە بکات. بە زمانێکی تر، گەر ئەو نیهیلیزمەی کە نیچە ئاماژەی پێدەکا ئاکامی پاشەکشێ کردن لە جۆرە هەڵوێستێکی فەلسەفیی تایبەت بێت، نیهیلیزمی ڕۆشنبیریتیی کوردی زادەی نەبوونی هیچ جۆرە هەڵوێستێکی فەلسەفی نییە کە دواجار بتوانێت پشتی بگرێت و پەسەندی بکات یاخود لێی هەڵگرێتەوە و دژی ڕابوەستێت.

لێرەدایە دەشێت لەخۆمان بپرسین بۆچی ڕۆشنبیریتیی کوردی، بە باڵی سوننەتی و مۆدێرنییەوە، نەیتوانیوە دۆخی هەنووکەیی خۆی بخوێنێتەوە و بیکات بە دەق؟! بۆچی ڕۆشنبیریتیی کوردی بەرهەمهێنی ئەو دەقە فیکری و فەلسەفی، تەنانەت ئەدەبییانە نین کە دواجار پێناسەکەری شوناسەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای کورد بن؟! بۆچی ڕۆشنبیری کورد بەناوی ڕۆشنبیر قسان دەکات، بەڵام دواجار قسەکانی دەسکەوتی ڕۆشنبیریتی لێناکەوێتەوە؟! بۆچی ڕۆشنبیری کورد بەناوی شاندی ڕۆشنبیری سەفەری ئەم دیو ئەودیوی سنوور دەکات، بەڵام دواجار بایی سازدانی دیالۆگێکی ڕۆشنبیری باسی بەدەستەوە و قسەی بۆ گوتن نییە؟!«٩»

لە ڕاستیدا ئایا گەڕان بەدوای سەرەداوی وەڵامی ئەم پرسیارانە ناشێت لە لێکۆڵینەوەی پرسی نیهیلیزمی ڕۆشنبیریتیی کوردییەوە دەست پێبکات؟! ئایا ڕۆشنبیریتییەک کە هیچ چەشنە تێکەڵاوییەکی لەگەڵ کێشە عەقلانییەکان نەبێت بۆی هەیە دواجار بەرهەمهێنی باسە عەقلانییەکان بێت؟!

بەڵام تراژیدیای گەورەتر بۆ ڕۆشنبیریتیی کوردی ئەوکاتە ڕوو دەدات کە بۆ بەربەرەکانی کردن و چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییە بە مەعریفی و فیکری و فەلسەفییانە دەستەوداوێنی «نیهیلیزمی خەساو» دەبێت، واتە بەشێوەیەک خۆ دەنوێنێ و بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات کە گۆیا ڕۆشنبیریتیی کوردی تژییە لە بەهای عەقلانی و بێبەرییە لە هەر چەشنە غیابێکی مەعریفی و فەلسەفی. ڕۆشنبیریتیی کوردی بۆ وێنە لەو جێگایەی کە پێی وایە بەیت و باوی کوردی پیشاندەری تێروتۆخی ئەدەبی کوردییە و ئیتر پێویست ناکات ڕووبکەینە ئەدەبی بیانی و ژانرە نوێیەکانی ئەدەبی جیهانی، یان لەو شوێنەی کە قەناعەتی بەخۆی هێناوە کە شیعری کوردی دەنگێکی جیهانییە و ناشێت گومان لە دەسکورتیی مەعریفی و جوانیناسی جیهانبینی شاعیرانی کورد بکەین، ناڕاستەوخۆ و لە ناخی نابەئاگای خۆیدا دان بەو نیهیلیزمە خەساوە دادەنێ کە سووره لەسەر ئەوەی خۆی بە چەشنێک بنوێنێ کە لە هەقیقەتی بوونی خۆی بە دوورە. لێرەوەیە کە ڕۆشنبیریتیی کوردی نیچە گوتەنی لەژێر ساباتی پێوەرە ئاساییەکان، واتە ئەخلاقی کۆیلەکان، ژیان دەباتە سەر. ئەخلاقی کۆیلایەتیی ڕۆشنبیریتیی کوردی واتە ئەو ئەخلاقەی کە نەک هەر ڕازی و سەر و دڵ خۆشە بەو ژیانە دوور لە مەعریفەیەی کە پێی ڕاهاتووە، بەڵکو گەلێ جار هەر لە بنەڕەتەوە پەی بە نەبوونی گوتاری مەعریفیی ڕۆشنبیریتیی خۆی نەبردووە، چ جای ئەوەی بەم هەقیقەتەی زانیبێت و خۆی لێنەبان بکات«١٠».

ڕۆشنبیریتیی کوردی ئەوە بۆ ماوەی نیزیکەی سەدەیەکە لەژێر دەسەڵاتی گوتاری سیاسی کوردیدا دەستەوەستان و ملکەچ ڕاوەستاوە و تا ئێستاش دژ بەم پاشکۆیەتی و ژێردەستەییەی خۆی دەنگی هەڵنەبڕیوە و بگرە زۆرجار کایەکانی لاساییکردنەوەیەکی داماوانەی کایەکانی گوتاری سیاسی بوون، تەنانەت هەندێ جار بەڕەوای زانیوە کە بە ڕێسای کایە سیاسییەکان کایەی ڕۆشنبیری بکات و ڕێسای ڕۆشنبیری، وەک ڕێسایەک کە لە سەردەمی بەرخۆدان و چاخی پاراستنی شەرەفی نەتەوەیی کارکردێکی ئەوتۆی نییە، بخەنە ئەو لاوە و هەڵیگرن بۆ ئەو سەروبەندەی کە کێشەی نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد چاری هاتبێت، وەک بڵێی کێشەگەلی لەم جۆرە پەیڕەوی لە ئەسڵێکی زانستی دەکەن کە بەو مەرجەی بارودۆخە پێویستەکەی ئامادەبێت بە ئەنجامی پێشبینیکراو دەگات، بۆ نموونە چارەسەرکردنی کێشەیەکی سیاسی حوکمی ئاوی هەبێت

کە گەر پلەی گەرماکەی بگاتە سەد پلەی سانتیگراد ئەوە دەکوڵێت و دەبێتە هەڵم، ڕۆشنبیریتیی کوردی کە لەساتەوەختی ئێستایدا تا سەرئێسک نیهیلیستێکی خەساوە، قەناعەتی بەوە هێناوە کە شەڕی ئەو ناحەزییانە نەکات کە هەنووکە کۆمەڵگای ئێمەی پڕ کردووە لەو مرۆڤانەی کە ئاستی پێوەندی ئینسانیی خۆیان دابەزاندۆتە سەر بەرتەسکترین و پووچترین بەرژەوەندییەکانی ڕۆژانە کە بەتاڵن لە هەر چەشنە کەڵکەڵە و هەوڵێکی مرۆڤدۆستی و ژیانخوازی بایی ئەوەندەی بشێت پشتی پێببەستی و تەعبیر لە لانی کەمی پێوەندی مرۆڤگەرایانە لەو کۆمەڵگایەدا بکات. کەچی لەو لاوە گەر چاوێک بخشێنین بەسەر ئەو کۆمەڵە پەخشان و وتار و نووسراوانەی کە باسی جوانی نیشتمان و مەزنایەتی قارەمانی مێژووی کورد و پیرۆزیی چەمکی کوردایەتی و پاک و خاوێنی شنەی کوێستانانی کوردستان و ڕۆحی گەورەی کەڵەشاعیرانی کلاسیک و بزاڤی بەتاو و تینی ڕۆڵەکانی ڕۆشنبیری سەردەم دەکەن، ئەوە بەسەر بەهەشتێکدا دەکەوین کە بچووکترین خەوش و دزێوی تێدا بەدی ناکرێ و ئەوەی هەیە ئایدیالی دڵخواز و یوتۆپیای ڕووتە«١١». نیهیلیزمی خەساوی ڕۆشنبیریتیی کوردی تەنیا لەو سۆنگەیەوە نییە کە با ئەوەی کاری بە چەمکی عەقلانییەت نەکردووە، وا دەنوێنێ گۆیا خاوەنی عەقلانییەتێکی کارایە و هەڵگری کۆمەڵێک بەهای عەقڵانی تەنانەت خۆبژێوە، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە دەیەوێ بەردەوام ئەو فەزا وەهمانییەی کە دەسکردی عەقلانییەتی خۆیەتی جوان بنوێنێ و بەرز بنرخێنێت، ئەویش بە قیمەتی کوشتنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەی خۆی بە خوێندنەوەی دۆخی فیکری و مەعریفی ئەو ژیانە ڕۆشنبیرییەی تێیدا دەژی. لە زاراوەناسیی ڕۆشنبیریتیی کوردیدا «جوان نواندن» و «بەرز نرخاندن» بە واتای لەبیرکردن و وەلانان و ڕەخنەنەگرتنە لە ناحەزی و دزێوییەکانی فیکر و کولتوور و ئەدەب و کۆمەڵگای کوردی لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، خستنە پێش و هێنانە ئاراو پێداهەڵگوتنی جوانی و خاڵە باشەکانی بابەتە کوردییەکانە، تەنانەت گەر دەسهەڵبەست و ساختە و زادەی فرتوفێڵیش بن. نیهیلیزمی خەساوی ڕۆشنبیریتیی کوردی وای لە خۆی کردووە کە پێی وابێت لێدانی دەمامک گەورەترین و بەکارترین چەکی قۆناغی بەرخۆدانە، تەنیا بە بیانووی ئەوەی کە کێشەی نەتەوەیی کوردیش لە قۆناغی بەرخوداندایە. عەقلانییەتی ڕۆشنبیریتیی کوردی هێشتا لەم تێزەی نەکۆڵیوەتەوە کە گەر کێشەی نەتەوەیی کورد بەهۆی بەربەست و ڕێگر و لەمپەرە تایبەتەکانی مێژووی خۆی هێشتا نەیتوانیوە لە قاوغی بەرخۆدانی و خۆپارێزی بێتە دەرێ، پێویست ناکات بزاڤی ڕۆشنبیریتیی کوردیش حەتمەن چاو لە دەستی ئەو کێشەیە بێت و ڕێسای کایەکانی خۆی لە دەستووری کایەکانی ئەو کێشەیە وەربگرێت. ئەگەر سەرەکیترین ئەرکی هەر بزاڤێکی ڕۆشنبیری سڕینەوەی دەمامک بێت لە ڕوخساری دیار دەکات لە ڕێگای داهێنانی فیکری و تیۆریک و کارکردن بە چەمکە مەعریفییەکانەوە، ئەوە دەبینین ڕۆشنبیریتیی کوردی ڕێک بە پێچەوانە هەوڵی لێدانی دەمامک لە ڕوخساری دیاردەکان دەدات. ئەم ڕاستییەش پیشاندەری چییە جگە لەو نیهیلیزمە خەساوەی کە سنوورەکانی ڕۆشنبیریتیی کوردی پەرژین کردووە. ئەو ڕێسایەی کە پێمان دەڵێ ئێمە ناشێت ناحەزییەکانی خۆمان پیشانی دیتران بدەین ڕێسایەکی کایە سیاسییەکانە کە بەر لەوەی هەقیقەتی لاگرینگ بێت و تەنانەت بەر لەوەی هەقیقەت بەڕەوا بزانێ بۆ بەرژەوەندی و سوود دەگەڕێت، ئەویش نەک بەرژەوەندی و سوود بۆ هەموان، بەڵکو بۆ ئەو تاقمە دەسەڵاتدارەکە خاوەن بڕیاری سیاسین.

ئەگەر ڕۆشنبیریتی کار بە چەمکی هەقیقەت بەگشتی یان لانیکەم بەرژەوەندی ئینسانی دەکات. بۆ دەشێت بە کەرەسەی فرتوفێڵی سیاسی بیربکاتەوە و کردارەکانی لە قەوارەی ئاکاری سیاسیدا بگونجێن؟ ئەم هەقیقەتە پیشاندەری هیچ شتێک نییە جگە لەوەی کە ڕۆشنبیریتیی کوردی پاشکۆی تێفکرینی سیاسییە و هێشتا نەیتوانیوە کەوشەنی مەملەکەتی سەربەستی خۆی دەستنیشان بکات. دیارە ئەم قسانە بە هیچ کلۆجێک بەمانای ئەوە نین کە ئەگەر ڕۆشنبیریتیی کوردی کلک و پاشکۆی سیاسەتە، ئەوە تەنیا تاوانی سیاسەتە کە ڕۆشنبریتی بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ و ئەوە زوڵمێکە کە هەر سیاسەت دەرهەق بە گەڕیانی ڕۆشنبیریتیی دەیکات و پەتی گوێڕایەڵی خستۆتە ملی و بەرەو هەر شوێنێک دڵی پێوە بێت پەلکێشی دەکات. ئەم قسەیە لە بنەڕەتەوە هەڵەیەکی گەورەیە گەر پێمان وابێت لەپێوەندی نێوان دوانەلێکدژی (تقابلهای دوگانە) سیاسەتی باڵادەست/ ڕۆشنبیریتیی ژێردەستدا، باڵادەستی سیاسەت هەمیشە لە ئەنجامی فێڵی سیاسەت و زوڵمی سیاسەتە لە ڕۆشنبیریتی. قسەی وا لانیکەم لە بابەت ئەم پێوەندییە بۆ کوردستانی ئێران فرێ بەسەر

چکۆلەترین ڕاستـیـیـەوە نییـە، تەنیـا لەبەر ئەوەی ئەم پێـوەندییـە هیـچکات شێوەی پێـوەندیی بڕیاردەر/ بڕیار وەرگری بەخـۆیەوە نەدیتـووە. لە ڕاسـتـیـدا گـەر بمانەوێ لەهۆکـارەکـانی ژێردەسـتـبـوونی ڕۆشنبـیرێتـیی کـوردی لە هەمـبـەر سـیـاسـەت- کـە زێتـر خـۆی لە بەرگی گـوتاری ناسـیـۆنالیـزمی کـوردی دەردەخـات- بـکۆڵینەوە، بۆمـان هەیە دیسان بگەڕێینەوە سەر چەمکی نیهیلزمی خەساو. ڕۆشنبیرێتیی کوردی کە تا ئێستاش هەوڵێکی جیددی و شـایانی سـەرنجی بۆ کـارکـردن بە چەمک و بەها عەقلانییـەکـان نەخسـتـۆتەگـەڕ و هێشـتـاش نەیتـوانیـوە کـۆشکی مـەعـریفـەی خـۆی لەسـەر کـۆڵەکـەی تێـفکرینی عـەقلانی دابمەزرێنێ، دیارە هەر بەم پێـیـەش نـەیتـوانیـوە پێوەندییـەکی عـەقلانی لەگەڵ سیاسـەت بەدی بێنێ. بە وتەیەکی تر پێـوەندیی ڕۆشنبـیـرێـتـیی کـوردی لەگـەڵ سـیـاسـەت لە بری ئەوەی پێـوەندییـەکی مـەعـریفی- عەقلانی بێت پێوەندییەکی عاتیفی- سۆزدارانەیە. دیارە بە پێی ئەو دۆخەی کە کێشەی نەتەوەیی کوردی تێدایە ئەم پێـوەندییـە دەبێـتـە هۆی باڵادەسـتـیی سـیـاسـەت و ڕۆشنبـرێتی لەم شـێـوە پێـوەندییـەدا تەنیـا ژێردەسـتی و پاشکۆبەتی پێـدەبڕێ. کـەچی ئەم پێـوەندییـە ئەگـەر پێوەندییەکی مەعریفی- عەقلانی بوایە ئەم ئەنجامەشی لێنەدەکـەوتەوە. ڕۆشنبـیـرێتـیـیـەک کـە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە جیـهـان نەڕوانێ و بە گـوێیـەکی ڕەخنە خـوازانەوە بەشـداری دیالۆگ نەبێت و بە زمـانێکی ڕەخنەگرانە لەسەر کۆمەڵگا و دیاردەکانی قسان نەکات، دواجـار نـەک هەر پێـوەندی ئەو ڕۆشنبـیـرێتـیـیـە لەگـەڵ سـیـاسـەت پێـوەندییـەکی دوالیـزمی (دوانەلێکدژی) و لەسـەر بنەمـای زەینیـەتێکی دوالیـزمی دەبێت، بەڵکو پێوەندییەکـانی تری لەگەڵ دیاردەکانی دیکەش هەر لەم قاوغەدا دەمێنێتەوە. ڕۆشنبیرێتیی کوردی لە قۆناغی هەنووکەیدا ئەوەندەی هەوڵی پاساودانەوەی واقیعەکانی کـۆمـەڵگای کـوردی دەدات نیـو ئەوەندە بۆ خـوێندنەوەی عـەقـلانیی ئەم واقـیـعـانە تێناکـۆشێ. بۆ نموونە ئەو ڕۆشنبیرەی دەیەوێ ئەم قسەیە بسەلمێنێ کە مۆدێرنیزم باڵاپۆشێکە هێشـتـا بۆ باڵای کـولتـوور و ئەدەبی کـوردی درێژ و فشـۆفـۆڵە، یان تەمـەنی نووسـینی زمانی کـوردی ئەوەندە دوور و درێژ نییە کە دەقی فەلسەفی پێ بنووسین لەچوارچێـوەی ڕۆشنبـیـرێتـیـیـەکـدا جـێی دەبێـتـەوە کە بەردەوام بۆ واقـیـعـەکـان پاسـاو دێنێـتـەوە و بەزمـانی خۆماڵی پینە و پەڕۆیان دەکات. ڕۆشنبیرێتیی پاساو دەر (توجـیـەگـر) لە ڕەگـوڕیشـەی بۆچـیـیـەتی (چرایی) واقیـعـەکـان ناکـۆڵێتـەوە، بەڵکو بەدوای ئەو پاسـاوانەدا دەگـەڕێن کـە سـەلمێنەری ئەو دۆخـە بن کـە ڕووبەر و ڕواڵەتی واقـیـعـەکـان تێیـدا دەژین. بۆ نموونە کـۆڵبـوونی زمـانی کـوردی بۆ بەکـارهێنانی ئەو زمـانـە لە ئاسـتی فەلسـەفیدا دەگەڕێننەوە بۆ سەر ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیـاسییـەی کـە ڕۆشنبیری کوردی تێیدا ژیاوە، نەک بۆ ئەو شێوە دید و تێڕوانینەی کە ڕۆشنبیری کورد لەمـەڕ زمان هەیبووە یان ئەو چەشنە بەکارهێنانەی زمان کـە نووسـەری کـورد ڕەچاوی کـردووە. واتە لێـرەدا واقـیـعی کـۆڵبـوونی زمـانی کـوردی لە ئاسـتـە کـارکـردە فەلسـەفییەکەی دادەبەزێتە سەر شێوەی ژیانی ڕۆشنبیری کـورد، بێـئـەوەی لەم لێکدانەوەیەدا پێگەی فـیـکری و ئاراسـتـەی مـەعـریفی ئەو ڕۆشنبـیـرە شـوێنی شـایانی بدرێتێ.

لێـــرەدا هێنانەوەی نموونـەیەکی دنیـــای ئەدەب بۆ ڕوونترکردنەوەی مەبەستی ئەم قسانە بە پێویست دەزانم. لە ڕاستیدا ئایا دەسپێشخەریی نالی بۆ شێوەی ڕوانین لە زمـانی کـوردی و جـۆری بەکـارهێنانی زمـانی کـوردی لە چوارچێـوەی ژانری شـیـعـری کـلاسـیـکیـدا هەر هەمـووی کـتـومت دەگەڕێتـەوە بۆ سەر ئەو بارودۆخە سـیـاسی و ئابووری و کـۆمەڵایەتییـەی کە نالی تێیـدا ژیانی دەبردە سەر، یان بەشێکی زۆری بەندە بە جیهانبینی شیعری و ڕێژەی مەعریفی و دەسەڵاتی زمانیی نالی؟! ئایا دەشێت وشـیـاری مـەعـریفی و دەسـەڵاتی فـیکری لە هەڵوێستی نالی بەرامبـەر بە زمـانی کـوردی دابماڵدرێت؟! ئایا ئەو دابڕانەی کە نالی لە مەیدانی شیعری کوردی و لەشێوەی بەکـارهێنانی زمـانی کـوردیدا هێنایە ئاراوە لە ئاکـامی دابڕانێکی دیاری کـۆمـەڵایەتی، ئابووری و سـیـاسی سـەردەمی نالیـدا بووە، یان لە ئەنجـامی دابڕانێکی مـەعـریفی و فـیـکری نێـو جـیـهـانی هزر و ئەندێشـە و تێڕوانینی نالیدا ڕووی داوە؟! جا خاڵی سەرنجڕاکێش و لە هەمـان کـاتیـشدا سەرسووڕهێنەر لێرەدا خۆیا دەبێ کە ڕۆشنبیرێتییەکی پاساو هێنەری لەم دەستە بێت و بڵێت، زمانی کوردی بەم حاڵەشەوە پێویست ناکات زۆر لە خۆی بکات و گـوشـار بۆ خـۆی بێنێ کـە حـەتمەن تێکەڵ بە جیـهـانی فـیکر و بیـرۆکە فـەلسـەفییـەکان بێت، مـەگین ئەوەی دۆخی هەنووکەیی کـۆمەڵگاکـەی گـۆڕانکارییـەکی بنەڕەتی بەسـەردابێت، تا ئەوکـات ئەو ڕۆشنبـیـرێتـیـیـەش وردە هومـێـدێکی هەبێت بۆ ئەوەی ئاوڕێک لە بابەتی بە فەلسەفەبوونی زمانەکەشی بداتەوە. لێرەوە دەکرێ بڵێین ڕۆشنبـیـرێتی پاساودەر هەمـیـشـەش ڕۆشنبیرێتێـیـەکی

چاوەڕێییە، چاوەڕێی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، چاوەڕێی وەدیهاتنی «ئامانجە زێڕینەکان لە دواڕۆژێکی نەک هێندەش دوورە دەست، چاوەڕێی هەڵاتنی خۆری ڕزگاری و ڕەوینەوەی هەوری سیای زۆرداری، هەڵبەت نەک ئەوەی بمانەوێ بەشێوەیەکی ڕەها و موتڵەق چاوەڕوانی لە هەرچی مانای موسبەت و ناوەڕۆکی جوانیناسانە بێت داماڵین، بەڵکو لێرەدا چاوەڕوانی بەو مانایە لێی دەڕوانین کە دواجار دەبێتەوە بە یەکێک لە شا ڕێگاکانی گەیشتن بە نیهیلیزمی خەساو. چاوەڕوانی لەم مانایەی لێرە مەبەستمانە بەواتای وەگەڕ نەخستنی کۆمەڵێک وزەی شاراوەیە بۆ گەیشتن بە بابەتە دڵخوازەکان. ئەو ڕۆشنبیرێتییەی «لە چاوەڕوانی گۆدۆ»دا دەمێنێتەوە و دڵیشی بەم چاوەڕوانییە خۆشە، ڕۆشنبیرێتییەکە سەرتاپا نوقمی نیهیلیزمی خەساو. ئەو ڕۆشنبیرێتییەی بە فەرهەنگی نیهیلزمی خەساو ڕاهاتووە نەک هەرشکی بۆ ئەوە ناچێت کە لەوانەیە گۆدۆ ناوێک ڕێی نەکەوێتە ئەم دەڤەرە، بەڵکو هەرگیزیش گومان لە نەبوونی گودۆ و وەهمبوونی گۆدۆ ناکات.

(٤)

ماکس ڤیبەر، کۆمەڵناسی ناسراو، لە وتارێکیدا بەناوی «پیشەی سیاسەت» باسی دوو جۆر ئەخلاق دەکات، ڤیبەر دەڵێ: «دەشێت تەواو ئاگامان لەم ڕاستییە بێت کە هۆکاری ڕەفتاری ئەخلاقی دوو جۆر حوکمی تەواو جیاواز و ناکۆکە. ڕەفتار بۆی هەیە لە سۆنگەی «ئەخلاقی ئەنجامە ڕەهاکان» (ethics of ultimate ends) یاخود «ئەخلاقی باوەڕمەندی»یەوە بێت، یان لە سۆنگەی «ئەخلاقی بەرپرسایەتی»یەوە (ethics of responsibility)، ڤیبەر ئەم پرسە شی دەکاتەوە و دەڵێ: مەبەست لە ئەخلاقی باوەڕمەندی ئەوە نییە کە مرۆڤ بەرپرسی کردەوەی خۆی نەبێت و ئامانجی ئەخلاقی بەرپرسایەتیش هەلپەرستی نییە.

سەرەڕای ئەمەش بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئەم دوو جۆرە ئەخلاقەدا بەدی دەکرێ. ڤیبەر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی نموونەیەک دێنێتەوە: «ئەو مرۆڤەی باوەڕی بە مەسیح هەیە بەنیازە ئەرکی خۆی بە جێ بێنێ و ئەنجام و ئاکامەکان بسپێرێتە دەست خودا.» بەڵام ئەوکەسەی شوێن پێی ئەخلاقی بەرپرسایەتی هەڵدەگرێ دەشێت لە بابەت دەسکەوت و دەرەنجامی شیمانەیی و پێشبینی هەڵگری کردەوەکانی خۆی بەشێوەیەکی عەقڵانی تێفکریبێت. لەنموونەیەکی دیکەدا ڤیبەر باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەندامی سەندیکایەک، کە دیارە بنکەیەکی عەقڵانییە، لەسەر ئەخلاقی باوەڕمەندی سووربێت، ناتوانن قەناعەتی پێبێنن کە کردەوە زێدەڕۆ و توندوتیژەکانی ئەو دەبێتە هۆی نیشاندانی پەرچەکرداری توندوتیژیی دەوڵەت و سەرکوتکردنی چینی ئەو ئەندامە و دواجار بەردخستنە سەر ڕێگای سەرکەوتنی. ئەگەر ئەوانەی باوەڕیان بەم جۆرە ئەخلاقە هەبێت و دڵنیاش بن کە مەبەستی کاری خێر و باشیان هەیە، بەڵام دواجاریش ئاکامی نابەدڵ و نالەبار لەکارەکانیان بکەوێتەوە، دڵنیان کە ئەوە یان دنیا یان گەمژەیی خەڵکانی تر یان ئیرادەی خوا بەرپرسی ئەم شکستە بووە، نەک خۆیان، بەڵام ئەو کەسەی باوەڕی بە ئەخلاقی بەرپرسایەتی هەیە، گەر بیهەوێ کارێک بکات، دەشێت کەموکوڕیی ئاسایی خەڵکان لەبەرچاو بگرێ، ڤیبەر لە زمان فیختە فەیلەسووفی ئەڵمانییەوە دەڵێ، کەسێکی وا تەنانەت مافی ئەوەی نییە کە چاکە و باشەی خەڵک بکاتە پێش گریمانەی کردەوەکانی خۆی، ئەو نابێت کارێک بکات کە ئەنجامی کردەوەکانی ئەوکی خەڵکانی تر بگرێت، چونکی دەشێت ئەنجامی کردەوەی خۆی لێکبداتەوە. ڤیبەر دەڵێ، ئەوکەسەی باوەڕی بە ئەخلاقی باوەڕمەندی هەیە تا ئەو ڕادەیە خۆی بە «بەرپرس» دەزانێ کە ڕێگا نەدات ئاگری مەبەستە باش و باڵاکانی بکوژێتەوە. نەکوژانەوەی ئەم ئاگرە لەسەر دەستی هەر کردووەیەکی ناعەقڵانیش کە هەلی بۆ بڕەخسێ «ئەرکی» ئەوە.(١٢)

ڕیمۆن ئارۆن لە کتێبی «قۆناغە سەرەکییەکانی ئەندێشە لە کۆمەڵناسیدا» ئاکامی کێشەی نێوان ئەم دوو جۆرە ئەخلاقە بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە، و دەڵێ: «بەڵام من، سەرەڕای گشت ئەمانە، پێم وایە کە لە کێشەی ڤیبەریی ئەخلاقی باوەڕمەندی و ئەخلاقی بەرپرسایەتیدا «بیرۆکە»یەکی قووڵ هەیە. ئێمە، بە کردەوە، بەتایبەت لە کردەوەی سیاسیدا، دەستەویەخەی کێشمەکێشێکی دوو لایەنە، تەنانەت دەبێ بڵێین دەستەویەخەی داگەڕان بۆ کێشمەکێشین لە دوو سەرەوە، یەک لەو لایەنانە، کە من ناوی دەنێم لایەنی ئامرازی (instrumental) ئەوەیە کە خوازیاری دابینکردنی کۆمەڵێک دەسکەوتی پڕ بە پێستی ئامانجەکانمانە و لەم سۆنگەیەوە ناچارە لەوەی لەجیهان بڕوانێ و ئەنجامی شیمانەیی (احتمالی) گوتە و کردەوەکانمان شی بکاتەوە. لایەنەکەی دیکە، کە من ناوی دەنێم حاڵەتی ئەخلاقی، زۆربەی جاران هانمان دەدا کە بێ گوێ پێدان بە دیتران (دیگران) و جەبری ڕووداو و بەسەرهاتەکان، هەرچییەک دڵمان پێوەیەتی بیڵێین و

هەرکارێکی مەیلمان لێی بێت بیکەین. جاری وا هەیە لە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی شتەکان جارِز دەبین و تەسلیمی ویستی ئەسپاردنی کاروبارەکان بەدەستی خوا و حەوالەکردنی ئاکامی گوتە و کردەوەکانمان بۆ جەهەننەم دەبین«١٣».

دیارە لێرەدا نامانەوێ و پێویستیش ناکات کە ئەو ڕێگایە بپێوینەوە کە ماکس ڤیبەر بۆ خوێندنەوەی ئەو چەمکانە و لێکدانەوەیان لەسەر «ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری» (ناوی کتێبە بەناوبانگەکەی ڤیبەر-یشە) و هەروەتر ڕەوتی بورۆکراتیزە بوون و پێوەندی ئەم ڕەوتە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتیزە بوون و دواجار دژوازیی نێوان ئەخلاقی باوەڕمەندی و ئەخلاقی وبەرپرسایەتی پێوای. ئەوەی لەم وتارەدا پێویستمان پێیەتی چەمکی «ئەخلاقی بەرپرسایەتی» ڤیبەریی-یە بۆ خوێندنەوەی دۆخی عەقڵانی ڕۆشنبیرێتیی کوردی کە مەبەستی سەرەکیی ئەم بەشەی وتارەکەمانە.

ئێستا ئەگەر ئاراستەی ئەو چەمکە ڤیبەرییانە لە مەیدانی سەرەکیی خۆی ڕووە و مەیدانی ڕۆشنبیرێتیی وەرچەرخێنین و بمانەوێ بە ڕۆحێکی ڕۆشنبیرییەوە باسی ئەخلاقی بەرپرسایەتی بکەین، ئەوە ناچارین سووکە لەنگەرێک لەسەر واژەی «بەرپرسایەتی» بگرین کە وێدەچێ قورساییەکی مانایی تایبەتی بەم دەستەواژەیە دابێت. لەزمانی ئینگلیزیدا هاوسەنگی وشەی «بەرپرسایەتی» وشەی responsibility-یە کە لەواژەی response-وە وەرگیراوە کە خۆی بە مانای «وەڵام»ـە. دیارە لە زمانی کوردیشدا ئەگەر پێشگری «بەر» پێش «ناو»ێک بکەوێت ئەوە دەشێت «ناو»ێکی تری لێدروست بێت کە ئەرکی «بەرکار» [مفعول]ی قبووڵ دەکات، وەک: بەرباس، بەردەست، بەرهەست. «بەرپرسیارە» یان «بەرپرس» واتە ئەوکەسەی کە لەبەردەم پرسیار یاخود کێشەیەکدایە، بەمانایەکی تر ئەوکەسەی کە دەشێت ئامادەی وەڵامدانەوە بێت. هاوسەنگی «بەرپرس» لە زمانی ئینگلیزیدا (واتە re-sponsible) هەر ئەم پێکهاتەیەی، بەڵام بە جۆرێکی تر، هەیە. ersponsible لە دوو بەشی (پاشگر بە مانای توانایی) response+able (وەڵام) پێکهاتووە، واتە ئەوکەسەی توانایی وەڵامدانەوەی هەیە. کەواتە بەرپرسیایەتی بەمانای توانایی و دەسەڵاتی وەڵامدانەوەیە لەبەردەم پرسیارەکاندا. جا ئەو ئەخلاقەی ڤیبەر بە ئەخلاقی بەرپرسیایەتی ناوی دێنێ ڕێک ئەو ئەخلاقەیە کە دەبێتە هۆی ڕەچاوکردنی ڕەفتارێکی وەڵامدەرەوە لەبەرامبەر پرسیارەکاندا، دیارە کاتێک باسی وەڵام و توانایی وەڵامدانەوە دەکرێت، مەسەلەی «ئەرک» و «بەجێهێنانی ئەرک»یش زەق دەبێتەوە، چونکی ناشێت کرداری وەڵامدانەوە لە باوەڕێکی «ئەرکخواز»ەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و لە هەمان کاتدا باس لە ڕاستی و ناڕاستیی وەڵامەکان بکرێت. بێباوەڕی بە پرسی «ئەرک» بێباوەڕیشە بە ڕەفتاری وەڵامدانەوە، تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە «وەڵامدانەوە» خۆی دواجار ئەرکێکە و دەبێت بەجێ بهێنرێت. لێرەوە دەبینین ئەخلاقی بەرپرسایەتی ئەخلاقی ئەرکیشە، ئەرکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. کە وایە ئەخلاقی بەرپرسیایەتی ئەوەندەی کردارێکە لەسەر تیۆری وەڵامدانەوە پێدادەگرێ، ئەوەندەش گرینگی بە لایەنی پراکتیکی وەڵامدانەوە دەدات بۆ ئەوەی «ئەرکەکانی» وەڵامدانەوە بەکردەوە بەجێ بهێنرێن. بەرپرسایەتی بۆی نییە تەنیا لە چوارچێوەی کردارێکی سوبژێکتیڤ (زەینی)دا بمێنێتەوە و تەنیا لە پرسەکان بکۆڵێتەوە، بەڵکو دەشێت پێ بنێتە جیهانی ئۆبژێکتیڤ (بابەتی)یەوە و ئەرکەکانیش وەئەستۆ بگرێت.

ئەخلاقی بەرپرسایەتی، ئەو ئەخلاقەیە کە بە پێچەوانەی ئەخلاقی کۆیلەکان نەک هەر نایەوێ بەجۆرێک خۆ بنوێنێ، کە گۆیا کێشەکان ئاساین و ڕەوتی سروشتی خۆیان دەپێون، بەڵکو بەردەوام بەردی پرسیار دەخاتە سەر ڕێگای ئەو کێشانە و لە هەمان کاتیشدا خۆی بەدەروەست دەزانێ تا بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕۆشنبیرانە تێبفکرێت و بەرهەمی تێفکرینی خۆی بخاتە بەرچاو. وەک چۆن ڤیبەر زانست تەنیا بە ئامراز لە قەڵەم نادات، بەڵکو بەهێزێکی ئەخلاقی دادەنێ کە بەرهەمی ئەو ئەخلاقە باڵغبوونی فیکری و قبووڵکردنی بەرپرسیایەتییە، ڕۆشنبیرێتیش وزەیەکی ئەخلاقی و پاڵنەرێکی کردارییە کە دواجار پەروەردەکەری هزری ئینسانی و بەرهەمهێنی ڕەوشتی عەقڵانی بۆبەجێهێنانی ئەرکێکی ڕۆشنبیرانەیە، ئەرکێک کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە تا مانا و مەبەستی کرداری عەقڵانی و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیر ڕوون بکاتەوە. دیارە بە گوتەی ڤیبەر ئەم کردەوەیە کردەوەیەکی «ئەخلاقی»یە، چونکی حاسڵی ئەم کارە ڕەواندنەوەی تەمومژ لەسەر خود و قبووڵکردنی بەرپرسایەتییە. کەوایە ڕۆشنبیر بەمانای ئاسایی خۆی تەنیا ئەو کەسە نییە کە خاوەنی بیرێکی ڕۆشنە، بەڵکو لەمانا بەرفراوانترەکەی خۆیدا ئەوکەسەشە کە بەرهەمهێنی بیری ڕۆشنە، واتە

کەسێکی بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی ئەو شێوە هزر و ئەندێشە و تیۆرییانەی کە نیشانەی عەقڵانییەتیان پێوە دیاربێت. ئەگەر هەندێ پێناسە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە توێژی رۆشنبیر تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەخۆ کە بەرهەمهێنی تیۆری و خوڵقێنەری فیکرن، ئەوە رێک ئاماژە بە ئاراستەیەک لەمانای رۆشنبیر دەکەن کە ئاراستەیەکی داهێنەرانەیە، نەک هەر لەسەر ئاستی جیهانی خود، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانی ئەوی تریشدا. رۆشنبیر نەدەتوانێ سۆفیی گۆشەی خانەقا بێت، نە بۆی هەیە زاهیدی خەڵوەتنشین بێت، بەو هۆیەی کە ئەرکی رۆشنبیرێتیی تەنیا لە نێو کۆمەڵگا و بۆ کۆمەڵگا و بە کۆمەڵگاوە مانای هەیە. ئەو رۆشنبیرێتییەی کە خوو و خدەی دەروێشە چلەکێشەکان دەگرێت، رۆشنبیرێتییەکە کە دواجار ئەرکی رۆشنبیر لە رەچاوکردنی ئەخلاقی بەرپرسایەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ رەفتارکردن بە ئەخلاقی باوەڕمەندی (اخلاق اعتقاد). ئەخلاقی باوەڕمەندی ئەو ئەخلاقەیە کە زیاترین قورسایی وەزیفە و ئەرکی ئینسانی دەخاتە سەر لایەنی بەرژەوەندییە ئەزەلی و ئەبەدییە تاکە کەسییەکانی مرۆڤ شوێنێکی پیرۆز چاو لێدەکا، پشت ئەستوور بە کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژە و زاراوەی پیرۆز، هەڵگری دیدێکی ئایینگەرایی یەقینخوازە و بەزمانی مۆنۆلۆگ و تاکبێژی دەدوێت و لە دەرەوەی بەسەرهاتەکانی رۆژانەی کۆمەڵگادا دەژی و لەپێناوی گەیشتن بە رزگاری تاکەکەسی بیردەکاتەوە و پاڕانەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ و دواجار دەسکەوتی ئەو رۆشنبیرێتییە لەکارکردن و دووپاتکردنەوەی ئەندێشەکانی رابردووی خۆیەتی. ئەگەر ئەخلاقی بەرپرسایەتی بەرهەمهێنی رۆشنبیرییەکی عەقڵانی بێت ئەوە ئەخلاقی باوەڕمەندی، وەک ئاماژەمان پێکرد، بەدیهێنەری رۆشنبیرێتیی خانەقاییە. لێرەدا بۆ ئاسانکاریی زیاتر و بۆ لەبەریەک رانانی ئەم دوو جۆر رۆشنبیرێتییە ئەم خشتەیە دەخەمە بەردەست (لەبیرمان نەچێ دانانی خشتە هەمیشە شتێکە قەرار دادی، بۆیە کەسێکی تر بۆی هەیە لە رێگای لێکۆڵینەوەیەکی تر دەستەبەندی و دابەشکردنێکی دیکە و دواجار خشتەیەکی دیکە لەمەڕ ئەم پرسە بەدەستەوە بدات):

| جۆری رۆشنبیرێتی | چەمکی ناوەندی | ئەخلاق | ئەرک | زمان | هەڵوێست | دید | پێگە | دەرامەیست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆشنبیرێتی عەقڵانی | عەقڵانییەت | بەرپرسیارییەتی | لێکدانەوە | دیالۆگ | هزرمەندانە | رەخنەگرانە | ناپیرۆز | رۆشنگەری بۆ کۆمەڵگا |
| | | | | | | | | |
| رۆشنبیرێتی خانەقایی | شەرافەت | باوەڕمەندی | پاڕانەوە | مۆنۆلۆگ | دەمارگیرانە | یەقینخوازانە | پیرۆز | رزگاری بۆ تاکەکەس |

خۆی. ئەخلاقی باوەڕمەندی لەسەر چەمکی رزگاری و بەختیاری تا هەتایی مرۆڤ پێدادەگرێ و بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەش پێی وایە باشترین رێگا بەکارهێنانی رەفتارێکە کە تێیدا زیاتر رێژەی پاڕانەوە و لالانەوە و کرووزانەوەی تێدا بێت. دیارە ئەرکی پاڕانەوە دواجار پێویستی بە خەڵوەتە و خەڵوەتیش مرۆڤی تەنیای دەوێ، مرۆڤێکی دابراو لە راستەقینەکانی کۆمەڵگا و تێکەڵ بە چەمکە بالادەست و سەڵتەکانی جیهانی میتافیزیک.

ئەخلاقی باوەڕمەندی رۆشنبیرێتییەکە کە لەم وتارەدا ناوی دەنێین رۆشنبیرێتی خانەقایی(١٤)، رۆشنبیرێتییەک کە پێگەو شوێنی خۆی وەک پێگەو

ئێستا بە پشتبەستن بەم خشتەیە و بە لەبەرچاوگرتنی چەمکی «ئەخلاقی بەرپرسایەتی» ماکس ڤیبەر بۆمان هەیە بڵێین رۆشنبیرێتیی کوردی تا هەنووکەش هەڵگری تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیرێتیی خانەقایی بووە و دواجار رەفتارێکی رەچاو کردووە پشت ئەستوور بە «ئەخلاقی باوەڕمەندی»، رەفتارێک کە لەبری ئەوەی ئەسڵی بەرپرسایەتی بکاتە بنەمای ئەخلاقیی خۆی، ئەرکی پاڕانەوە دەخاتە سەرشانی خۆی و لەسەر بنەمای ئەم ئەرکە هەڵسوکەوت دەکات. دیارە ئەخلاقی باوەڕمەندی ناشێت لێرەدا تەنیا لە روانگەی کارکردە ئایینیەکەیەوە بۆی بڕوانین، بەڵکو ئەم شێوە ئەخلاقە دواجار باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی دەبێت، کە

ئاشکرایە ئەم شێوە ئەخلاقە کاتێک بگاتە ئاستی ئەم بەستێنانە ناتوانێ بەشێوەیەکی مەنتیقی و عەقلانی لەگەڵ دیاردەکان هەڵسوکەوتی هەبێت و ڕووبەڕوویان بێتەوە. بە وتەیەکی دیکە زاتی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە پابەندی ڕۆحی کۆ و کاری هەرەوەزی و کارلێکی نێوان مرۆڤەکانە بۆی نییە بە ئەخلاقێک ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت کە لەگەڵ پرسی کارلێک (تعامل) نامۆیە و هەر لە بنەڕەتەوە زمان ئاخاوتنی زمانی مۆنۆلۆگە و بۆ مەبەستی ڕزگاربی تاکەکەس هەوڵ دەدات، ڕۆشنبیریتیی کوردی لەو جێگایانەی هێرش دەباتە سەر چەمکی نوێخوازی و گرووپە نوێخوازەکان شەرمەزار دەکات، یان لەو شوێنەی دژی هێنانە ئارای باسوخواسە تازە فیکرییەکان و دەستەواژە نوێیەکانی بواری تیۆرییە، بە کردەوە خانەقایی بوونی شوناسی خۆی دەسەلمێنێ، کاتێک ڕۆشنبیریتیی خانەقایی پێگەی خۆی بە پێگەیەکی پیرۆز لە قەڵەم دەدات (بۆ نموونە لەبەرگی «موقەددەساتی نەتەوە»دا باسیان دەکات) پێی وایە یەکەم ژێدەر و دوا ژێدەری مەعریفە ئەو ژێدەرەیە کە لە خودی تەکیە و بارەگای خانەقادا بەدی دەکرێت. جیهانی مەعریفی ڕۆشنبیریتیی کوردی تا ئێستاش جیهانێکی داخراو بووە بە ڕووی مەعریفەی ئەوی تردا. ئەوی تر لە قامووسی ڕۆشنبیریتی کوردیدا ئامادە نەبووە، چونکی کولتووری ڕۆشنبیریتی خانەقایی نەک هەر تەنیا «خود» بە ناوەند، بەڵکو بە ڕەواش دەزانێ. «خود» لە «ڕۆشنبیریتی خانەقاییدا ئەو «خود»ە نییە کە لە سۆنگەی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەوی تردا بۆتە «خود»، بەڵکو ئەو «خود»ەیە کە بەهۆی نامۆبوون لەگەڵ «ئەوی تر»دا «خود»ێتیی تاکڕەهەندی خۆی وەرگرتووە، بۆیە «خود»ی ڕۆشنبیریتیی خانەقایی خودێکی دەمارگرژە (متعصب)، هەر خۆی بە ڕەسمی دەناسێ و هەرخۆی بە ڕەوا دەبینێ، چونکی پێی وانییە لەدەرەوەی بازنەی «خود»ی ئەودا «خود»ێک بوونی هەبێت، یان گەر بەو بوونەی زانیبێت ئەوە ڕێک حاشا لە ڕەسەنایەتی ئەو «خود»ە دژە خودەی خۆی دەکات. ڕۆشنبیرتییەک کە هەڵوێستی دەمارگرژانەی لەمەڕ دیاردەکان هەبێت دیارە ناتوانێ لە مەنتیقی دیالۆگ تێبگات، هەربۆیە ڕوو دێنێتە زمانێک کە لە بری ئەوەی ڕووی لە «ئەوی تر» بێت ڕووی لە «خود»ی خۆیەتی. لێرەوە دەتوانین هەندێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دوو دیاردە، یان دوو کایەی نێو مەیدانی ڕۆشنبیریتیی کوردی دەستنیشان بکەین: کایەی دەستەگەرایی و کایەی ڕۆشنبیریتیی حزبی.

دیاردەی دەستەگەرایی کە لە ساتەوەختی ئێستادا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە پانتایی کاری ڕۆشنبیریتیی کوردیدا ئامادەیە، زادەی ئەو جۆرە تێفکرینەیە کە ئەخلاقی باوەڕمەندی ڕۆشنبیریتیی خانەقایی بەرهەمی هێناوە. دەستەگەرایی بریتییە لەو قەناعەتە گرووپییەی کە هەوڵ دەدات یەک زمان و یەک هەڵوێست و یەک بیر و دواجار یەک ستراتیژی بۆ ڕەفتاری خۆی دیاری بکات، ئەویش نەک بۆ تیشک خستنە سەر ڕاستییە هەمەجۆرەکان، بەڵکو بۆ زەقکردنەوەی ئەو تاکە ڕاستییەی کە ئەو دەستەو تاقمە تایبەتە باوەڕیان پێیەتی. دەستەگەرایی پێی وایە «خود»ێک هەیە کە «خود»ی ئەوانە و ڕەواترین «خود»ی بەردەستە و لەدەرەوەی ئەو «خود»ە ئەوەی هەیە و نییە وەهم و تراویلکەیە. هەر بۆیە ناکرێت دەستەگەرابیت و بەزمانی مۆنۆلۆگ نەدوێیت، دەستەگەرا بیت و دەمارگرژ نەبیت، دەستەگەرابیت و هەقیقەتە هەمەجۆرەکانت، لە چاو بەرژەوەندییە شەخسییەکان پێ هیچ نەبێت. دەستەگەراکان ئەو دەروێشانەن کە تەنیا تەریقەتی خۆیان بە ڕەواترین و ئاسمانیترین و ڕاستترین تەریقەت دەزانن. دەستەگەرا ڕۆشنبیرەکان، ئەوەندەی سەرقاڵی سەلماندنی ڕاستی و ڕەوایی دەستە و تاقمی خۆیانن دیارە بە نیوەی ئەو، کەڵکەڵەی ڕوونکردنەوەی بابەتە ڕۆشنبیریتییەکانیان نییە. بۆیە دواجار دەبینین دەستەگەراکان لە بری ئەوەی لە ڕێگای دەقەکانەوە وەدەنگ بێن لەسەر دەستی بڕیارنامە و بەیاننامە و پڕوپاگەندە و کۆڕ و دانیشتنی سەرەپێی و موربد و موڕادبازی و دەستوپێوەندەکانیانەوە خۆیان دەبن. دەستەگەراکان ئەو کەسانەن کە حەز دەکەن تەنیا هەر باسی خۆیان بکەن، لەو سەرەوە کە پێیان وایە تەنیا خۆیان شایانی ئەوەن کە باسیان لێبکرێ و لەسەریان بنووسرێ. دەستەگەرا هەموو پرسیارێک دەگەڕێنێتەوە بۆسەر «خود»ی خۆی، بۆیە گەر پابەندی ئەخلاقی بەرپرسایەتیش بێت ئەو بەرپرسایەتییە هەر خۆی دەگرێتەوە نەک «ئەوی تر». بەوتەیەکی تر دەستەگەرا ئەخلاقی بەرپرسایەتی لە مانای ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە و مانایەکی درۆزنانەی پێدەبەخشێ. ئەخلاقی بەرپرسایەتی بەبێ ئەوی تر بوونی نییە، ئەوی تریش دەشێت دانی پێدابنرێ و بهێنرێتە بەستێنی کارلێکەوە، بۆ ئەوەی بوونی هەبێت، کەچی دەستەگەرا نە ئەو دانپێدانانە بە ڕەوا دەزانێ. نە لە ترسی بەرژەوەندیی

خۆی باوەڕ بەکارلێکی نێوان خۆی و ئەوی تر دێنێ. بۆیە دەبینین دەستەگەراکان لە هەموو شوێنێک بۆ «خود»ی خۆیان دەپارێنەوە، داوای ڕزگاری و بەختیاری بۆ «خود»ی خۆیان دەکەن و ئاواتی پێشەنگی و پێشرەوایەتی بۆ خۆیان دەخوازن. ئەگەر دەستەگەرایی و تاقمخوازی لەکایە بەرچاوەکانی مەیدانی ڕۆشنبیریتیی خانەقایی بێت، ئەوە وەگەڕخستنی زمانی مۆنۆلۆگ و بەرەوپێدان بە هەڵوێستی دەمارگرژانە و ڕەفتارکردن بە ئەخلاقی باوەڕمەندی و ڕەچاوکردنی ئەرکی پارانەوەش ئەنجامی حاشاهەڵنەگری ئەو جۆرە ڕۆشنبیریتییەن.

دیاردەی ڕۆشنبیریتیی حزبی کە دەشێت بڵێین خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی دەستەگەرایی ڕۆشنبیری دیارە هەنووکە بەشێوەیەکی بەرهەست لە کوردستانی عیراقدا مەوزووعییەتی وەدەست هێناوە و بۆی هەیە لەو چوارچێوە تایبەتەدا لێی بروانین. دوای ڕاپەڕین و پاش ئەوەی حزبە کوردییەکان لە پەرتەوازێتی شاخەوە بۆ دەسەڵاتی شار گەڕانەوە و پایەکانی حزبایەتییان پتەوکرد و بەرنامە و ستراتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا بەدەستەوەدا، ڕۆشنبیریتیی حزبیش وەک یەکێک لە ئەنجام و ئاکامەکانی ئەم دەسەڵاتە سەری هەڵدا، ڕۆشنبیریتیی حزبیش لەو سۆنگەیەوە کە خاوەن دیدێکی یەقینخوازانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حزبیشە و لەو سەرەوە کە پێگەیەکی پیرۆز بۆ حزب قایلە دواجار دەچێتەوە خانەی ڕۆشنبیریتیی خانەقایی. دیارترین حاسڵی دیدی یەقینخوازی ئەمجۆرە ڕۆشنبیریتییە سڕینەوەی ئەوی ترە لە مەیدانی ڕۆشنبیریتیدا. یەقینی حزبی ئەو چەمکەیە کە دواجار لە چوارچێوەی ئیرادەیەکی ڕوو لە دەسەڵاتدا سەقامگیر دەبێت و دەکرێتە کەرەسەیەک بۆ سڕینەوەی ئەو ئەوی ترانەی کە پشت بەو یەقینە حزبییە نابەستن یاخود حاشای لێدەکەن. یەقینی حزبی یەقینێکە لەسەر دەستی ڕێساکانی حزبییەوە دەبێتە یەقین و دوای دەستوور و دۆگماکانی حزب پێگەیەکی پیرۆزیشی پێدەبەخشن و لە ڕێگای پروپاگەندە و بڕیاری حزبییەوە دەکرێتە هێمای ئاسوودەیی دەروونیی ئەندامانی حزب و ئەسڵی چەسپیوی باوەڕی لایەنگرانی حزب. دیارە دواجار ئەم شێوە یەقینگەراییە دەبێتە بەشێک لە ڕەفتاری ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بە کۆمەڵێک کەرەسە و چەمکی ڕۆشنبیرییەوە بۆ پاراستنی شان و شکۆ و شەرەفی حزب ڕۆشنگەری دەکەن، بەڵام ئەم ڕۆشنگەرییە ڕۆشنگەری نییە لە پێناوی درکاندنی ڕاستییەکانی حزب بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو دەکەوێتە خانەی ڕزگاری بۆ تاکەکەس، واتە ڕزگاری بۆ حزب، ئەگەر حزب وەک تاک چاو لێبکەین. ڕۆشنبیریتیی حزبی چاو لە دەستی ئەو ڕێسایانەیە کە دەسەڵاتی حزبی بۆی دیاری دەکات، گەرچی پاشان زمانی ئەو ڕێسایانە دەگۆڕێت و پێستی دەسەڵاتی لێدادەماڵێ و جلکێکی ڕۆشنبیرانەی بە بەردا دەکات، بەڵام دواجار ناتوانێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەست لە بنەما و ماناکانی ئەم ڕێسایانە وەربدات و تاوتوێیان بکات و بیانگۆڕێت. بۆیە ڕۆشنبیریتیی لە هەر شوێنێک تووشی ئەلتەرناتیڤێکی دژ بە ڕێساکانی حزبی بێت، سیاسەتی سڕینەوە وەکار دەخات و قەڵەمی سوور بەسەر ئەندێشە و لاپەڕەکاندا دێنێ. دیارە نابێت پێمانوابێت کردارێکیش بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی (خشونت). سڕینەوە (حذف کردن) کردارێک نییە بە دوای خۆیدا تەنیا بێدەنگی بێنێت، بەڵکو کردارێکە کە توندوتیژیشی لێدەکەوێتەوە. بە وتەیەکی تر سڕینەوە بێدەنگی لێهانێکە کە توند و تیژی بەرهەم دێنێت. کەوایە توندوتیژی تەنیا لە ئەنجامی پێکدادانداندا سەرهەڵنادات، بەڵکو لە سۆنگەی سڕینەوەشەوە دێتە ئاراوە. ئەو توندوتیژییەی کە لە قەوارەی هەڕەشە لێکردن و جنێوپێدان و یەکترشەرمەزار و تاوانبارکردن و قسەهەڵبەستن بۆ یەکدی و ڕەشەکوژیی کەسایەتی و سووکایەتی پێکردن لە مەیدانی ڕۆشنبیریتی کوردیدا خۆ دەنوێنێ لە دەسکەوتەکانی ڕۆشنبیریتی حزبییە کە وەک گوتمان لەسەر مۆدێلی ڕۆشنبیریتی خانەقایی کار دەکات. بۆیە ئەگەر وردتر چاو لە کێشەکە بکەین، دەبینین ئیمڕۆ لە پانتایی ڕۆشنبیریتی کوردیدا سڕینەوە لە ڕێگای سانسۆرەوە جێگای خۆی بۆ سڕینەوە لە ڕێگای سووکایەتی پێکردنەوە چۆڵ دەکات. هەربۆیە لە بڵاڤۆکەکاندا و بەناوی ئازادیی ڕادەربڕین و لەسەر دەستی عەقڵانییەتی ڕۆژنامەگەریی دیموکراتیک هەموو بابەتێک چاپ دەکرێت و هەموو دەقێک بڵاودەبێتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو بابەت و دەقانە ڕێک لە خزمەت سڕینەوە لە ڕێگای سووکایەتی پێکردنەوەش بن.

نموونەیەکی تر لەدەرکەوتەکانی ڕۆشنبیریتیی حزبی ئەو ڕکەبەرایەتی و ئاوقابوونەی یەکتری دەرگاکانی ڕاگەیاندنی حزبییە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە کوردستانی عیراقدا هەستیان پێدەکرێ. لەم ساڵانەی دواییدا کەناڵە ئاسمانییەکانی حزبی لە کۆمەڵێک بەرنامەی خۆیاندا، بەردەوام مەیدانیان بۆ ئەو ڕۆشنبیرانە خۆش کردووە کە ئاراستەی هەڵوێست و بۆچوونەکانیان

ڕووە و دەسەڵاتی حزبی بووە. ئەم ڕۆشنبیرانە کە دیارە بەناوی ڕۆشنبیری کورد دێنەسەر شاشەی ئەم کەناڵانە دواجار لە سنووری دیاریکراوی حزبی دەرناچن و- وەک پێشتریش لە بەشی نیهیلیزمی خەساودا ئاماژەم پێکرد- بە ڕێسای کایەی سیاسی- حزبی گەمەی ڕۆشنبیری دەکەن. دیارە ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەی (لێرەدا کەناڵی ئاسمانی) کە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی حزبێکی تایبەت بێت بەر لەوەی بیر لە بەرهەمهێنانی بابەتێک بۆ سوودی گشتی کۆمەڵگا بکات هەوڵی دارشتنی گەڵاڵەیەک دەدات تا سیاسەتەکانی حزبی خۆی پێ بەرێوەببات. بە وتەیەکی تر، سیاسەتی حزب سوودی گشتی کۆمەڵگا دیاری دەکات، نەک ئەوەی سوودی گشتی جەماوەری خەڵک چوارچێوەی سیاسەتی حزب ڕەنگرێژ بکات. لێرەوە ڕۆشنبیریتی حزبی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەسڵە سەرکییەی حزب، دێت و باس لەو بابەتانە دەکات کە پێی وایە بابەتی ڕۆشنبیرین و بۆ کۆمەڵگا پێویستن. بۆیە دەبینین ڕۆشنبیرێتیی حزبی لەکاری ڕۆشنبیرێتیی خۆیدا تێدەکۆشێ هەموو دەسکەوت و پێشکەوتێکی کۆمەڵگا لە سایەسەری حزبەکەی خۆی لە قەڵەم بدات و وابنوێنێ کە نەک هەر کیانی کۆمەڵایەتی کەرامەتی ئینسانیش پابەندی کیان و کەرامەتی حزبییە(١٥) ئەگەر چاوێک بەسەر سەردێر و ناواخنی بەرنامەکانی ئەم کەناڵانەدا بخشێنین، دەبینین جۆرە ڕکەبەرایەتی و شان لەشانی دانێکی حزبی لە گۆڕێدایە کە زیاتر لەوەی مەبەستی بەجێهێنانی ئەرکی ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتی بێت، دەیەوێ لە سنووری سیاسەتی ڕۆشنگەریی حزبی دەرنەچێت. بە وتەیەکی دیکە ژیانی ناوحزب ڕەواترین و ڕاستترین ژیانی سەرشاشەی ئەم کەناڵانەیە، کەچی ژیانی دەرەوەی حزبی، واتە ژیانی ئاسایی نەک ژیانی حزبی، کە سەرەکیترین و بەرفراوانترین جۆری ژیانی کۆمەڵگایە دەخرێتە پەراوێزەوە و زۆر کەم سەرنجی پێدەدرێ. دیارە لێرەدا بە هیچ کلۆجێک مەبەست سڕینەوەی یەکجارەکی ژیانی ناو حزب لەسەر شاشەی ئەم کەناڵانە نییە، چونکی حیزب لە لایەکەوە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لە هەموو وڵاتێکدا مافی ڕاستەقینەی خۆیەتی ژیانێکی چالاک بژیت و دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیشی هەبێت، لەلایەکی ترەوە لە کوردستان حزبەکان خۆیان خاوەن و مالیکی ئەم کەناڵانەن و ناشێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەم حزبانە لە ماڵی خۆیاندا کێشەکانی خۆیان زەق نەکەنەوە و باوەڕەکانی خۆیان بەدەستەوە نەدەن، بەڵام ئەوە گۆڕینی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گشتی بە دەزگایەکی بەرهەمهێنانی ئایدیالۆژییە کە دەشێت ڕەخنەی لێبگیرێ و وەک ستراتیژییەکی دزێوی حزبی باسی لێبکرێ و دواجار لە هەرا بدرێ(١٦). لێرەدایە کە ڕۆشنبیرێتیی حزبی ئەوکاتەی لە بری کارکردن بە زمانێکی ڕەخنەگرانە بە ڕۆحییەتی پاساودانەوەوە دێتە سەرشاشەی ئەم کەناڵانە ڕێک پێ دەنێتە ئەو بەستێنەی کە حزب تێیدا ئایدیۆلۆژیی خۆی بەرهەم دێنێت.

پوختەی قسان ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانی دەستەگەرا و ڕۆشنبیرانی حزبی دواجار دەچنەوە باوەشی ڕۆشنبیرێتیی خانەقاییەوە کە لەبنەڕەتەوە بۆ ڕزگاریی تاکەکەس (لێرەدا دەستەو حزب) هەوڵ دەدەن و ڕۆشنگەری بۆ کۆمەڵگا تا ئەو جێییە بەرەوا دەزانن کە هێمنایەتی و بەرژەوەندی و وەک دەڵێن شەرەفی دەستە و حزبەکانیان دەستی تێوەرنەدرێت و ئاڵۆز نەبێت. لێرەوە دەبینین ڕۆشنبیرانی دەستەگەرا و حزبی ئەرکی ڕۆشنبیرێتیی خۆیان لە پاراستنی شەرافەتی دەستە و حزبدا دەبینن، نەک لە بەرهەمهێنانی عەقڵانییەتی ڕۆشنبیریدا. چەمکی «شەرەف» لە قامووسی ڕۆشنبیرێتیی خانەقاییدا جێگای چەمکی «عەقڵ» لە ڕۆشنبیرێتی عەقڵانیدا دەگرێتەوە. ئەگەر ئەخلاقی باوەڕمەندی پاراستنی شەرافەتی دەزگای دەسەڵاتی مەبەستە،، ئەوە ئەخلاقی بەرپرسایەتی هەوڵ دەدات عەقڵانییەتی ڕۆشنبیری بەرهەم بێنێت. دیارە زەق کردنەوەی چەمکی شەرەفی ئایدیۆلۆژیک و کورتکردنەوەی ماناکانی شەرەفی ئینسانی بۆ شەرەفی دەستەگەرایی و شەرەفی حزبی و گوێ پێنەدان بە چەمکی عەقڵ و خستنەپەراوێزی عەقڵانییەت دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژیگەرایی و لەدایکبوونەوەی ڕۆحییەتی عەشیرەتی و خێڵخوازی. مرۆڤی توندوتیژ، یان جەنگاوەری عەشیرەت لە پێناوی پاراستنی شەرەفدایە کە کوشتوبڕ و شەڕ و پێکدادان بەرەوا دەزانن. بووژانەوەی چەمکی شەرافەتی دەستەگەرایی و حزبی بە واتای زیندووکردنەوەی ئەو ڕۆحە شەڕانخوازانەیە کە ئامادەن لەپێناوی پاراستنی تۆزێک شەرەفی خێڵ دنیایەک کاول بکەن و ئاگر لە جیهانێک بەردەن. شەڕی ناوخۆ نموونەیەکی دیاری ئەو کێشەیە بوو کە تێیدا پاراستنی شەرەفی حزب، لە نەڕشتنی خوێنی برا واجبتر بوو، بەڵام بۆ ڕۆشنبیری سەربەخۆ شەرەفی ڕۆشنبیر لە پاراستنی عەقڵانییەتی ڕۆشنبیردایە. بۆیە تەنانەت گرێدانی شەرەفی ڕۆشنبیر بە چەمکێکی گرینگی هەنووکەیی ژیانی کوردی واتە

گوتاری ناسیونالیزمیش شتێکی ناڕاست و ناڕەوایە. ئەوەی ڕۆشنبیر لە ڕۆشنبیریتی دەخات پشتکردنە لە عەقلانییەت و ڕوو وەرگێڕانە لە ئەخلاقی بەرپرسایەتی ڕۆشنبیری نەک لانەکردنەوە لەسەر گوتارە تایبەتەکان. ئەو ڕۆشنبیریتییەی لەسەر مۆدێلی خانەقا دامەزراوە دەیەوێ ئێمە بەردەوام لە زیندانی گوتارەکاندا بمێنینەوە، لەکاتێکدا گوتارەکان دەیان ژووری هەمەجۆر و هەمە ڕەنگن کە بۆمان هەیە سەر لە هەموویان هەڵێنین و لە هەمان کاتدا ناچاریش نەبین لە هیچ کامیاندا بمێنینەوە.

پابەندبوون بە ئەخلاقی بەرپرسایەتی لە مەیدانی ڕۆشنبیریتیدا پابەندبوون بە جیهانێکە لەسەر بنەمای چەمکی عەقلانییەت، جیهانێک کە مرۆڤەکانی بەزمانی دیالۆگ دەدوێن و هزرمەندانە لە دیاردەکان دەکۆڵنەوە و پێگەیەکی ناپیرۆز بۆ خۆیان و بۆ دیدی خۆیان قایلن و دوا مەبەستیان ڕۆشنگەری بۆ کۆمەڵگایە. دیارە جیهانێکی لەم دەستە ناشێت مۆرکی ئایدیالیستی بەنێو چاوانەوە بلکێت، تەنیا لەو سۆنگەیەوە کە لە جیهانی دیالۆگ و لە پێگە ناپیرۆزەکاندایە کە مرۆڤ بە دوای هەقیقەتی خۆیدا دەگەڕێ: هەقیقەتی دەست بەسەرداگرتنی بەشێک لە هەقیقەت، هەقیقەتی هەڵکردنی مرۆڤ و ڕێژەیی بوونی ڕاستییەکانی فیکری ئینسانی. ئەخلاقی بەرپرسایەتی ئەخلاقێکی بێغەلوغەش و بێهەڵەوپەڵە و پاک و پیرۆزی ئایدیالیستی نییە، ئەخلاقێکە لەنێو کایەکانی عەقلانییەتدا ڕەگی داکوتاوە، وێڕای هەموو بردن و دۆڕانەکانییەوە، بە سەرلەبەری ساتە درەوشاو و کاتە تاریکەکانییەوە. ئەخلاقی بەرپرسایەتی مزگێنی بەهەشتی خەیاڵ نادات، بەڵکو تێدەکۆشێت سەرزەمینی واقیع تەفسیر بکات و بیخوێنێتەوە. عەقلانییەتی ڕۆشنبیریتیی کوردی ئایا توانای ئەوەی هەیە ئەخلاقی بەرپرسایەتی لە بۆتەی ناخی خۆیدا بتوێنێتەوە و بیکاتە بەشێک لە ڕەفتاری فیکریی و کردەوەیی خۆی یان هەروا لەنێو زۆنگی نیهیلیزمی خەساودا پەلەقاژە دەکات؟!

**ژێدەر و پەراوێز:**

١- مدرنیتە، دموکراسی و روشنفکران، رامین جهانبگلو، نشر مرکز، ١٣٧٨، ص٦٩.

٢- هەمان ژێدەر، ص٦٦.

٣- هـ، ژ، ص٦٩.

٤- هـ، ژ، ص٥٥.

٥- خرد جامعەشناسی، یوسف اباذری، نشر طرح نو، ١٣٧٧، ص١٣٦.

٦- هـ، ژ، ص١٣٧.

٧- هـ، ژ، ص١٣٧.

٨- هـ، ژ، ص١٣٨.

٩- ئەوە جیا لەوەی ئەو وەفدانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەناوی وەفدی ڕۆشنبیری لەکوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عیراق چوون، زیاتر لەوەی کەڵکەڵەی ڕۆشنبیریتی هانەی ئەو سەفەرانەیان بداتێ هەندێک گەمەی ناڕۆشنبیریتی دەستی گرتوون و حەواڵەی ئەو دیویان دەکات، بۆیە سەیر نییە ئەگەر هەندێ لە ئەندامانی نەگۆڕی ئەم وەفدانە کە لەمدیو لەسەر خوانی ڕۆشنبیریتی کوردی پارووی گەورە و چەور بادەدەن لەودیو خۆیان بە دەمڕاستی دەسەڵات بناسێنن.

١٠- ئەم قسەیە لەسەر بەرەی سەلەفی کوردستانی ئێران زۆر ڕاستە. بەرەیەک کە زۆر جار بابەتی پێویستیی نانی میللەت لەگەڵ باسی زەروورەتی هەبوونی مەعریفەی ڕۆشنبیریتی تێکەڵ دەکەن. بەرەیەک کە پێی وابێت نەبوونی مەعریفە لای ئەوان لە نەبوونی نان لای هەژارانەوە سەرچاوە دەگرێ بەرەیەکن کە هێشتا نەیانزانیوە ئەخلاقی کۆیلەکان تا سەر ئێسک لە فیکریاندا ڕەگی داکوتاوە.

١١- یەکێکە لە هاوڕێیانی شاعیر چەند غەزەلێکی شاعیرێکی کلاسیکی کوردی وەرگێڕابۆوە سەر زمانی فارسی. دیارە ناکرێ لە وەرگێڕانی شیعردا بەتایبەت غەزەل، چاوپۆشی لە چەند بەیتێک بکرێت و وەرنەگێڕدرێن و چەند بەیتێکیش کە دەمێنێتەوە تەرجەمە بکرێن. کاتێک لەهۆی ئەم کارەمان پرسی، لە وەڵامدا گوتی: ئەو چەند بەیتەی دەرمهاوێشتوون و وەرمنەگێڕاون تۆزێک لەڕو لاواز بوون، نامەوێ خوێنەری فارس واتێبگات شاعیرێکی گەورەی کوردی لەم دەستە، شیعری کزیشی هەیە.

١٢- خرد جامعەشناسی، یوسف اباذری، نشر طرح نو، ١٣٧٧، ص١٤٣-١٤١.

١٣- مراحل اساسی اندیشە در جامعە شناسی، ریمون ارون، ترجمە باقر پرهام، انتشارات و اموزش، ١٣٧٢، ص٥٧١.

١٤- دیاره لەم وتارەدا مەبەستی من بەهادان بەو سیستمە ڕەفتاری و ئەخلاقییە نییە کە کولتووری خانەقا بەرهەمی هێناوە، بەڵکو لێرەدا دەمەوێ باسی ئەو جۆرە ڕۆشنبیریتییە بکەم کە بە ڕۆحییەتی کولتووری خانەقاییەوە کار دەکات، واتە خانەقا لێرەدا مۆدێلێکە لەسەری دەدوێم، نەک بابەتێک بێت بەهای بۆ دابنێم.

١٥- لە ڕۆچنەی ئەم باسەوە لەوانەیە باشتر لە دەستەواژەی «باوکی کورد» تێبگەین کە زۆرجار دەدرێتە پاڵ سەرکردە کوردەکان. دیارە گەر باوکێک نەبێت، نەوەکان نایەنە مەیدانی ژیانەوە و گەر باوکێکیش بێت و کورد نەبێت ئەوە شەرافەتێک بۆ کوڕانی ئەو باوکە نامێنێتەوە شانازی پێوە بکەن. لێرەوە دەبینین دەستەواژەی «باوکی کورد» هەم هەڵگری دەلالەتی دەوامی ژیانە، هەمیش شەرەفی ژیانە.

١٦- لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ئەم کەناڵانە هەر لە بنەڕەتەوە دەزگای ڕاگەیاندنی حزبین نەک گشتی، بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەم کەناڵانە خۆیان واناڵێن. «کوردسات» واتە سەتەلایتی گەلی کورد، «کوردستان تی ڤی» واتە تەلەڤزیۆنی نەتەوەی کورد. سروودی دەسپێکی بەرنامەکانی کوردساتی ی.ن.ک پێمان دەڵێ: «کوردسات دەنگی هەمووانە» و ڕادیۆی پ.د.ک پێمان دەڵێ: «ئێرە دەنگی گەلی کوردە». کەوایە ئەو شتەی ئێمە ناومان ناوە گۆڕینی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گشتی بەدەزگایەکی بەرهەمهێنانی ئایدیالۆژی حزبی، واتە بەناوی نیشتمانەوە بۆ حزب کارکردن.

١٧- دوای داڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عیراق لەسەر دەستی هێزە هاوپەیمانەکان، لە کوردستان و لە جەنگەی شایی و هەڵپەرکێی ڕزگاریی عیراقدا، وێنە و پەڕۆ و دروشمە حزبییەکان بەلێشاو هاتنەوە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان. لەکاتێکدا ئەو سەروبەندە لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستی بە زیندووکردنەوەی ڕۆحی نەتەوایەتی و خیتابی سیاسیی یەکدەنگ بوو، حزبەکان هەوڵی ئەوەیان بوو دەوری سەرکردەکانی حزبی خۆیان لەم ڕزگارییەدا گەورە بکەنەوە.

# خەسارناسیی ڕۆژنامەگەریی کوردی

**مادیح ئەحمەدی**
**(سنە)**

**پێشەکی**

ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەرەتای لە دایک بوونییەوە تا ئێستا تەمەنێکی پڕ لە ئەزموون و دۆڕاندنی تێپەڕاندووە و زۆر جۆرە تاڵی و سوێری و زەبروزەنگی چێشتووە و چەندین دیاردەی نادیار لەسەر چەوساندنەوەی سەریان هەڵداوە و ئەگەر و هەستی خۆیانیان بەسەردا سەپاندووە و بوونەتە هۆی پێشێلکردنی بوونی ڕاستەقینەی ئەم ڕەوتە. لەم پێناوەدا ئەگەرچی بەرە بەرە بە پێی هەر سەردەم و خولێکی تایبەت ڕادەی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆکارکردن و تیشک خستنە سەر بوارە جۆر بەجۆر و پڕ تەنگژەکانی ژیانی خەڵک و تێکشکاندنی هێندی سنوور و خاڵی داسەپێنراو لێکدانەوەی کێشە جیاجیاکان و.. زیادیان کردووە و هەریەک بەبۆچوون و شێوازێکی تایبەتەوە لەسەر ئەم لایەنانە چالاکیان نواندووە، بەڵام تائێستا شۆڕشێکە پێویستە و دەبێت سەرهەڵ بدات، بەدی نەکراوە تاکو پێناسەیەکی واقیعی لەم ڕەوتە بدات بە دەستەوە و ڕۆژنامەگەری کوردیش وەکو وڵاتانی دیکە لە هەر قۆناغێکی جیهانیدا باسی لەسەر بکەن و بوونی خۆی ڕابگەیەنێ و لەم نێوانەدا ئەم بڵاڤۆک و ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە هەریەک بە بۆچوون و شێوازێکی تایبەتەوە سەرقاڵی چالاکی خۆیان بوون، بە ئاماژە بەو گرفت و تەنگژە و ناهەمواریییە تایبەتیانە دەستەیەکیان بۆ ماوەیەکی بەرچاوبوونیان هەبوو و لە لایەکی تریشەوە زۆربەیان پاش ماوەیەکی کورت هەریەک بەبیانو و شێوازێکی جیاجیا تەمەنیان تێپەڕاندووە و داخراون و کۆتاییان پێ هاتووە.

باسکردن لەسەر تەمەن کورتی بڵاوکراوە کوردییەکان و ڕوانین و ئاوڕدانەوە سەبارەت بە کێشە و کۆسپ و تەنگژە و دیاردەکانی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی بۆ خۆی باسێکی جیاوازە کە پێوەندی لەگەڵ بوونی ڕامیاری ئێمەدا هەیە و بەردەوام لە کێشە ناوخۆییەکاندا و بەو بۆنەوە کە کورد تا ئێستا وەکو نەتەوەیەکی یەکگرتوو بوونی ڕامیاری نەبووە و لەنێوان چوار وڵاتدا دابەش کراوە و بەردەوام دەستی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری بەسەردا زاڵ بووە و لەناو کەش و هەوایەکی نامۆ و چەواشەدا ژیاوە. جگە لەمە، لەم بوارەدا هیچ بنکە و ڕێکخراوەیەکی تایبەت نەهاتووە پاڵپشت بێت بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی و لایەنگری لێ بکات تاکو درێژە بە چالاکییەکانی بدات و بەردەوام تووشی جۆرەها نسکۆ و تەنگژە و چەوساندنەوە هاتووە. تەنانەت ئەگەر جاروبار لاکردنەوەیەکیشمان بینیبێت کە وەکو پاڵپشت ویستوویەتی لایەنگری ڕۆژنامەگەری کوردی بکات، لە پێناو بردنەسەری مەبەستێکی دیاریکراودا بووە، نەک خزمەت بە چالاکی فەرهەنگی و.. تاد ئێمە کە بوونێکی ڕامیاری بەسەردا سەپێنراوە و ئەگەرێک لە پشتی ئەو

جۆرە بیرکردنەوەیەدا سەری هەڵداوە و بۆخۆی داڵدەی ئەو ئامانجە تایبەتە بووە. ئەگینا (١٠٦) ساڵ تەمەنێکی کەم نییە و ئەگەر کورد بۆ خۆی خاوەن دەسەلاتێکی سەربەخۆ بوایە، ئەم تەگەرانە بەم جۆرە پەرەیان نەدەگرت.

هەروەها بە ئاماژە بەوەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا پیشەی ڕۆژنامەگەری بەدوای پیشەی کرێکاری«کان»دا لە قۆناغی دووەمی پیشە، پڕ ئاستەنگ و خەسارەکان دایە، ڕۆژنامەنووسانی کورد بێجگە لەو گیروگرفتە پیشەییەی کە گیرۆدەی بوون، لەگەڵ کێشە و ناهەمواری گەلێکی تردا ڕووبەڕووبوونەتەوە کە کەمتر ڕۆژنامەنووسێک دەتوانین لە وڵاتانی تر بدۆزینەوە کە تووشی ئاوەها دۆخێک هاتبێتن. گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەگەلێک کە لەلایەکەوە سەرچاوە لە کردەوەی ڕۆژنامەنووسان دەگرێ و لەلایەکی ترەوە بۆ ئەو کێشە ناوخۆییانە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ یەکدا هەمانە و ئەو چەشنەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبینەوە، بوونەتە هۆی ئەوەی کە بابەتێک بە ناوی ڕۆژنامەگەری کارامەمان نەبێت و ڕێگای گەیشتن بەو ئاستەمان لە خۆمان داخستووە کە بۆ چارەسەرکردنی، پێویستی بە ئاوڕ و ڕێگا چارەیەکی بنەڕەتی و زانستی دڵسۆزانە هەیە.

بە هەرحاڵ، هێندە کۆسپ و گرێی جیاواز لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی شێوەی پەسەندکراوی ڕاستی ڕۆژنامە و جۆری ژۆرنالیستی لە هەمبەر بابەتە جیاجیاکاندا سەریان هەڵداوە کە بوونەتە لەمپەر بۆ درێژەدان بە ڕەوتی ڕاستەقینەی ئەم بابەتانە لە پێناوی چالاکی گۆڕەپانی دنیای ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانیدا و بۆ بەرگری لە خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و پێشخستنی کۆمەڵ و بوارەکانی تر ئەو پەڕی هەست و توانایی خۆیانیان بەپێی دەرفەتێکی لەبار بەکارهێناوە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ویستوویانە لە داسەپاندنی هەر چەشنە ئەگەرێک دەستیان ڕانەگرتووە و پرۆژەکانی خۆیانیان جێبەجێ کردووە تاکو بوونی واقیعی خۆی لێ بسڕنەوە و بە ئاماژە بەو کەش و هەوا لادەرەی کە خوڵقاندوویانە، لە پێدەشتێکی هەتا هەتاییدا هەڵیواسن.

ئەگەرچی ئەم دۆخە بە بۆچوون و شێوەی بیرکردنەوەی ئەوکەسانە بەستراوە کە لەم پێناوەدا سەرقاڵی چالاکی و بەرهەمهێنانن، بەڵام بە ئاوڕدانەوە و بەڵگە هێنانەوەیەکی کورت و ڕوون، دەتوانین لەمەڕ ئەم لایەنانە بەشێوەیەکی جیا باس و ئاخاوتن بکەین و بزانین کە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم، ئاوڕدانەوەیەکە سەبارەت بە خەسارناسیی ڕۆژنامەگەری کوردی و لایەنە جیاجیاکانی ئەم بوارە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دوای تێپەڕینی چەندین ساڵدا هەر زاڵ بوونیان لە هەمبەر چەوساندنەوەی ڕەوتی پەسەندکراوی ئەم بوارە بۆ چەواشەکاری و زەوتکردن و سڕینەوە بەردەوامە و بوونێکی جیاواز دەسەلمێنێ؛

**کێشە جیاجیاکانی بەردەم ڕۆژنامەگەریی کوردی**

١- کێشەی ڕامیاری.
٢- کێشەی پێوەندی نێوان بڵاوکراوەکان.
٣- کێشەی ناپسپۆڕیەتی.
٤- کێشەی ئابووری.
٥- کێشەی مێژوویی.
٦- کێشەی کۆمەڵایەتی.
٧- کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی.

**کێشەی ڕامیاری**

١- پڕ مەترسیبوونی باری ئاسایشی ژیانی ڕۆژنامەنووسان.
٢- دابین نەکردنی مافی ڕەوای ڕۆژنامەنووسان.
٣- دەست بەسەر داماڵین و سڕینەوە لەلایەن دەسەلاتەوە.
٤- سەلماندنی یاسای پەسەندکراوی دەسەلات لەلایەن کار بەدەستانەوە.
٥- سانسۆر و دەستێوەردان.
٦- داخستنی بڵاوکراوەکان و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان.
٧- یارمەتی نەدانی بڵاوکراوەکان لە باری ئابوورییەوە، بەپێی سیاسەت و بۆ چوونێکی تایبەت بۆ ژێر دەستە بوون و ناچارکردن.

ئێمە چونکە بنکە و ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆمان نییە کە دڵسۆزانە و بێ هیچ مەبەستێک داژدارمان بێت و لە کاتی لەوەمسەرهەڵدانی هەر چەشنە گرێ و کۆسپ و سووکایەتییەکگەنبە ڕۆژنامەنووسان، لەسەر دابینکردنی مافی ڕەوای ڕۆژنامەنووسان و پاراستنی هەستەکنیان جەخت بکات و ڕووبەڕووی ئەو دەسەلاتە داگیرکەرانە ڕاوەستێت، تاکو بتوانین بە باشی لەدرێژەدان و بردنە سەری ئەو ئەرکەی کە لە ئەستۆمان گرتووە سەرکەوتووبین، بەداخەوە کەش و هەواکە بە کەڵکی دەسەلات لێدەدات و ڕێگایەکی نامۆ و لادەری بەرەو

پێدەشتێکی تاریک بۆ ژێر دەستە بوون و سڕینەوە گرتووەتەبەر. بەو بۆنەوە، گەر سەر بە دەسەڵات نەبێت و لەپێناو بەرژەوەندی لایەنێکدا نەڕۆیت، ئەستەنگ و کۆسپ باوەشت پێدادەکەن و دەتبەستەوە و دەتشلەقێنن و دەتکەن بە میکانیزمێک بۆ بە دەستەوەدان و دەستێوەردان لە دیکەی بابەتەکاندا و...تاد! تا هەموو هەستەکانت زەوت بکەن و لەسەر دەستی ئەوان بچیت. هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە کاربەدەستانی دەسەڵات لەبەکارهێنانی ڕەوتی سیاسەتی خۆیاندا بە باشی بتوانن لەم بارەوە یاسای پەسەندکراویان هەمبەر بە نووسین و ڕادەی ئازادی دەربڕین و سانسۆر و.. بسەلمێنن. هەر چەندە کە زۆر دەبینین و دەتوانین بڵێین لە واقیعدا دوور لەمەیە کە من دەڵێم، بەڵام بە پێچەوانەوە هەموو ئەو کەسانەی کە تاڕادەیەک دەرفەتیان پێدراوە و هەلیان بۆ ڕەخساوە هێزێکی باڵادەستیان لەپشتە و بە پشتیوانی ئەو هێزە و کە لەناخی دەسەڵاتدایە، دێنە مەیدان بۆ تاقیکردنەوە و دیاریکردنی کەسانێکی تر کە دژ بە دەسەڵاتن و نایانەوێ لەژێر ئاڵای دیکتاتۆری و سیاسەتی فاشیزمی ئەواندا بژین، چونکە هەموو چالاکییەکانیان لەپێناوی بردنەسەری مەبەستی دیاریکراوی دەسەڵاتدایە و یاریدەری ئەوانن لە دۆزینەوەی ئەو بابەتە شاراوانەدا کە دژ بە دیموکراسی پەسەندکراوی دەسەڵات دێنە ئاراوە. بۆ وێنە: دەتوانین بە داخستنی چەند بڵاڤۆکێک ئاماژە بکەین، یان سەرنجی زیندان کردن و بانگکردنی کەسانێک بدەین کە لەلایەن دام ودەزگا ئاسایشیەکانی دەوڵەتەوە، بەهۆی ئەوەوە کە جەختیان لەسەر درکاندنی ڕاستی کردووە و تا ڕادەیەک ویستوویانە بەشێوەیەکی زانستییانە بۆ بردنە سەر و خزمەتکردن، ئەرکەکانی خۆیان بە باشی جێبەجێ بکەن و ئاوڕ لەو لایەنە شاراوانە بدەنەوە کە بووەتە هۆی دواکەوتوویی و وەستانی کۆمەڵگا و... دەستگیرکراون. چونکە گەر ڕێگای ڕاست بگریتە بەر و خۆت بە سانسۆر نەناسێنیت، هەموو دەرکی ژوورەکانت لێ کڵۆم دەدەن و بە تاوانی نووسین دیلت دەکەن. هەروەها، ئەوەی کە دەوڵەت یارمەتی ئابووری بڵاوکراوەکانی نادات، خۆی بوونێکی ڕامیاری لە پشتدایە کە ئامانج و مەبەستێکی تایبەت ڕەچاو دەکات و بەم چەشنە دەیانەوێت کەم و کوڕیەکانی ئەوان بەربڵاوتر بکەن. تاکو نەتوانن ئەرکی خۆیان بەرنە سەر و لەسەر دەرخستنی ڕاستی بابەتەکان کار بکەن، چونکە بەهۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا خزمەتی دروستیان نەکردووە و لەبیری چەواشەکاری و خولقاندنی دۆخێکی لادەر و نامۆدا بوون و لە کاتی درکاندن و لێکدانەوەی ئەو بابەتە شاراوانەدا دێنە ئاراوە و دەبینرێ کە ئەرکێکی گرنگیان لە هەمبەر سڕینەوە و لەناوبردن و سەرکوتکردندا بە ئەنجام گەیاندووە و زۆر جۆرە پرۆژەیان بەپێی ویستی خۆیان لەپێناو سەپاندنی سیاسەتیاندا جێبەجێ کردووە.

## کێشەی پێوەندی نێوان بڵاوکراوەکان

١- نەبوونی پێوەندی لەنێوان بڵاوکراوەکان.
٢- لایەنبازی و جیابوونەوە.
٣- دروستکردنی لەمپەر بۆ یەکتر.
٤- ڕێک نەخستنی گوتاری یەکگرتووی ڕۆژنامەگەری کوردی.
٥- چوونە ناو بازنەی دەسەڵات بۆ سازکردنی کەش و هەوایەکی نامۆ و لادەر.

نەبوونی پێوەندی لەنێوان گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چەوسانەوەی بواری چالاکی ڕۆژنامەوانی و ڕەوتی ڕاستەقینە بوونی پێوەندی لەگەڵ جەماوەردا داناوە. بەم پێیە، سنوورەکانی چالاکی ڕۆژنامەوانی بەرتەسک کراونەتەوە و بەرەو ئاسۆیەکی نزم هەنگاو هەڵدەگرن. هەر ئەمە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەر بڵاڤۆکێک بۆ خۆی تاقمێکی هاوبیروڕا کۆبکاتەوە و بە چەند نووسەرەوە لەو پێناوەدا بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان، لایەنێکی جیاواز بۆ خۆیان بخەنە ئاقاری بوارەکە و وەکو کەسانێکی مودێرن خۆیان بناسێنن و بوونی خۆیان بسەلمێنن.

کارناسان دەڵێن: «لە بواری پێوەندییە گشتییەکاندا بەهۆی فرە بوونەوەی ڕادەی دەنگوباس و هەواڵ و بەربڵاوبوونی مەیدانی پێوەندییەکان و هەروەها پەرت و بڵاوبوونەوەی پەیامگران، یان بیسەران و خوێنەران، هەروەها شێوەی زوو بڵاوکرانەوەی هەواڵ لە کەناڵی میدیاکانەوە، ئیتر ناکرێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر پێوەندی بگرین». بەم پێیە لێرەدا پێویستمان بە ئامرازێک هەیە، تاکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بتوانین لەگەڵ دەوروبەرماندا پێوەندی بگرین. ئەو ئامرازانەش کە پێویستن، بریتین لە: ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان، تەلەڤیزیۆن، ڕادیۆ، سەتەلایت، ئینتەرنێت و...تاد.

بۆ هەموومان ڕوونە کە خەڵکی ئێمە بەهۆی لاوازی و کەم و کوڕی ئابوورییەوە، تەنیا تاقمێکی زۆر کەمیان دەتوانن بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەوشتانەی کە پێویستیانە و ئاگاداریان دەکاتەوە لە دنیای دەوروبەریان،

کەڵک وەربگرن لە سەتەلایت و کۆمپیوتەرو...تاد، بەڵکو لێرەدا تەنیا شتێک کە بە نرخێکی زۆرکەم خەڵک دەتوانن ئامادەی بکەن و دەستیان پێ بگات و قازانجی لێ وەربگرن دێتە سەر ڕۆژنامە، تاکو لەو کەناڵەوە پێداویستیەکانیان بدۆزنەوە و خۆیان مسۆگەر کەن و بگەن بە ڕاستیەکانی دەوروبەریان. لێرەدا ئەم پرسیارە گرنگە دێتە ئاراوە، ئایا تاکو ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆ و لەبارمان لەسەر ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک توانیومانە خوێنەرانمان تێر بکەین و پێوەندیان لەگەڵ بیرکردنەوەدا پتەوتر کەینەوە، بە ئەنجام گەیاندووە؟ یان تا چ ڕادەیەک کاریگەر بووین لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی کورد بیری نەتەوایەتی بێت؟

بەهەرحاڵ، دروستکردنی لەمپەر و لەلایەن خودی بڵاوکراوە کوردییەکانەوە، بۆ یەکتر بارودۆخێکی ئاڵۆزیان ڕەخساندووە و بوون بۆ کۆسپ و ئەستەنگ و ئەمەش واقیعێکە کە ئێمە ڕۆژانە لەو بەرهەمانەیدا کە بڵاوی دەکەنەوە بە ڕوونی دەتوانین سەرنجی پێ بدەین و بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، چونکە هەریەکیان ڕەوتێک پەسەند دەکەن. هەروەها ڕێک نەخستنی «گوتاری یەکگرتوویی ڕۆژنامەگەری» لەنێوان گۆڤار و هەفتەنامە و بڵاڤۆکەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی کە کێشەی ناوخۆیی بڵاوکراوە کوردیەکان زۆرتر پەرەبگرێ و لە ئاست و ئاراستەی شیاو دابەزێن و بەردەوام فەزایەکی لادەر بۆ باشتر زاڵبوونی دەسەڵات پێک بێنن کە لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین: لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا بە جۆرێک خۆ فرۆشییێکی گەورەیە.

چۆن پەرە بە زیاتر چەوساندنەوەی ئەم بوارە دەدەن و لە قۆناغێکی سەرتردا دەکەونە بازنەی «دەسەڵات»ەوە! (واتا لە خزمەتی دەسەڵاتدان).

## کێشەی ناپسپۆڕیەتی

١- نەبوونی کەسی پسپۆڕ و لێهاتوو.

٢- پەروەردەنەکردنی ڕۆژنامەنووس، یان هەواڵنێرێکی کارامە.

٣- نەبوونی زانیارییەکی ئەوتۆ لە هەمبەر گرنگایەتی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا.

٤- سەرنج نەدان بەو فاکتەرە پێویستانەی کە دەبێت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا لەبەر چاو بگیردرێت.

٥- نەپاراستنی زمان.

٦- تێکەڵکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیات و ڕۆژنامە.

نەبوونی کەسی پسپۆڕ و چالاک و لێزان کە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا شارەزابێت و لەو بوارەدا بەشێوەیەکی کارامە و زانستانە هەوڵ بدات، بەجۆرێک کە تاکو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە لە خزمەتی پەرەپێدان بە چالاکییەکان و گواستنەوەیان بۆ ناو جەماوەر و ئاراستەکردنی گەڵاڵەیەکی شیاو لە ئەرکەکانی بواری ڕۆژنامەگەری، بەپێی بەرنامەڕێژی و میتۆدێکی زانستیانە و بە تەرخانکردنی ئامراز و کەرەسەی پێویست هەواڵنێر، یان ڕۆژنامەنووسێکی کارامە پەروەردە بکەین، ڕۆژنامەگەری کوردی بەم بۆنەوە لە بواری هەوڵدانی خۆیدا بۆ گەیشتن بە ڕەوتی ڕاستەقینەی بوونی ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەوانی زەرەر و زیانێکی قورسی تووش هاتووە و لە پێناوی درێژەدان بە ڕەوتێکی پەسەندکراو، بەجێ ماوە و کاریگەری چەوساندنەوەی بە ڕوونی، نەبوونی کەس و یان کادری پسپۆڕ دەسەلمێنێ و خۆی تۆخ دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە سەرنجێکی دەوروبەری خۆمان بدەین، دەبینین لە هەر ماڵێکدا بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەکان نەیانتوانیوە کەمایەسیەکانی خەڵک مسۆگەر کەن، دەبینرێ کە ڕادیۆکەیان لەلای دەستیانەوە ڕۆشنە و گوێ لە کەناڵێکی دەرەکی دەگرن و بۆ تێرکردنی خۆیان پەنا دەبەنە زۆر لایەنی تر. داکەوتی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کادری پسپۆڕ لەم بوارەدا و نەبوونی زانیارییەکی ئەوتۆ لە هەمبەر گرنگایەتی هەواڵ لە ڕۆژنامەدا و ڕادەی پێداویستی جەماوەر بە هەواڵ و ئاگاداربوونەوەیان لە دۆخی دەوروبەریان و داهاتوویان و.. لەم بوارەدا. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە بەم ڕووداوانەی کە لە وڵاتی ئێمەدا ڕوودەدەن، بە ئاسایی بەلایاندا تێدەپەڕین و هیچ شرۆڤەیەکیان لەسەر ناکەین، یان گەر شتێکیش بنووسین بەهۆی نەبوونی فەزایەکی دروست و هێڵی سوور و.. لەژێر نەشتەری قورسی سانسۆر دایە و هەموو ڕاستییەکانی لێ «کۆلۆنیال» کراوە و ئەو فاکتەرانەی کە پێویستە، ئاماژەیان پێ ناکرێ.

بۆ وێنە: هەر هەواڵێک بۆ خۆی داگری چەند تایبەتمەندی و خاڵی جیاوازە کە دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵ و تایبەتمەندیانە لەسەری کار بکرێت و بنووسیت، تاکو خوێنەر لێی تێ بگات و لەو بارەوە وەڵامی پرسیارەکانی خۆی وەربگرێ.

بەم پێیە لێرەدا خەڵک باوەڕیان بە ڕۆژنامە نەماوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان بۆ ئاگاداربوونەوەیان، لە کەناڵی ڕۆژنامەوە پێناسە ناکەن.

لە هەمبەر ئەمەدا باسێکی تر بەناوی پێوەندی نێوان (ئەدەبیات و ڕۆژنامە) دێتە ئاراوە کە ڕەنگە ڕۆڵێکی بەرچاو لەم نێوانەدا بتوانین بدۆزینەوە.

لە ژێدەر و زێدەکەماندا بەهۆی نەبوونی کادری پسپۆڕ و لێهاتوو، بە ناچار دەستەیەکی تر وەکو شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و سیاسەتوان و تەنانەت بازرگان و سەوداکەر و ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی تردا سەرقاڵی چالاکین و دێنە مەیدان کە بەهۆی ئەوەی کە ئاشنایەتیان لەگەڵ ویستی جەماوەردا نییە، قەت نەیانتوانیوە پێوەندیەکی پتەو ڕێ بخەن و بەرەو ناخی واقیعی بابەتەکان برۆن و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی واقیعی و لەبار خۆش بکەن و ڕەنگە ئەمە یەکێک لە گەورەترین ئەو گرفتانە بێت کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری وەکو پیشەیەک، دان بە ڕەسمی بوونیدا نەنێن، ئەمە ڕاستە کە ئەدەبیات و ڕۆژنامەوانی پێوەندیان بە یەکەوە هەیە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تایبەتدایە و هەر کامیان دەبێت لەژێر چاودێری پێویستدابن و کەسانێکی شارەزا لێیان بکۆڵنەوە، چونکە شێوە هونەر و توانایی تایبەت دەخوازن و بۆ خۆیان تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە.

هەروەها جگە لەمە ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن جیاوازی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەیە، بۆ وێنە: لە تەلەڤیزیۆن دەبێت بە ئاماژە بە زاراوە و دیالێکتی خەڵک، یان ئەو ناوچەیەی کە بۆ ئەوان بەرنامە بڵاودەبێتەوە، کار بکرێت تاکو هەموان لێی تێ بگەن، چۆن ڕەنگە لە ڕووبەڕووی ئەو بەرنامەوە کە ئاراستە دەکرێت کەسانێک بن کە نەخوێندەوار بن، بەڵام گەر بەزاراوەکەی خۆیان باس بکرێت تێدەگەن و دەتوانی کاریگەری خۆت دابنێی و مەبەستی خۆت ڕابگەیەنی، بەڵام هەر ڕۆژنامەیەک بۆ خۆی لەسەرەتاوە زمانی خۆی دیاری دەکات و بەو زمانەوە دێتە بەرەوە، لێرەدا ئەمە گرنگە کە دەبێت ڕۆژنامەکان لە بەکارهێنانی ئەو زمانەیدا کە هەڵیان بژاردووە، دەستەواژەیەکی جیاواز هەڵبژێرن و بە کەڵک وەرگرتن لە وشەی سانا (لەباری خوێندنەوە و ماناوە) خەڵک بگرنە خۆیان و بتوانن جەماوەر مسۆگەر بکەن و کاریگەری خۆیان بخەنە بەرچاو ئەمەش پێویستی بە کەسی پسپۆڕ هەیە کە بتوانێ کەمایەسییە جۆر بەجۆرەکانی جەماوەر لەبەرچاو بگرێت و لەو بارەوە مسۆگەریان بکات و بەپێی میتۆدێکی زانستیانە هەوڵ بۆ دەرخستن و چارەسەر کردنی کێشەکان بدات.

ڕۆژنامەگەری کوردی بەهۆی بێبەریبوونی لەمە، نەیتوانیوە لەم پێناوەشدا سەرکەوتوو بێت.

هەڵبەت کاری ئەو شاعیر و نووسەرانە و هەروەها ئەو کەسانەی وا لەم پێناوەدا سەرقاڵی چالاکین جێگای ڕێزە، بەڵام بەهۆی ئاشنانەبوونیان بەشێوەیەکی زانستییانە لەگەڵ ئەم پیشەدا و شارەزاییان لە بوارێکی تردا هێندێ خاڵیان تێکەڵ کردووە کە پێویستە سنووریان بۆ دابین بکرێت و ئاوری تایبەتیان لێ بدرێتەوە،

بۆ وێنە: بابەتێک وەکو زمانیان نەپاراستووە و بە بەکارهێنانی زمانی شیعر... لە ئاقاری ئەم بوارەدا، سەرقاڵی چالاکی بوون. بەم بۆنەوە، ئەو باس و بابەتانەش وا کراون نەک هەر نەبووەتە شتێکی مێژوویی و بەکەڵکی مێژوونووسان بێت، بەڵکو لەناو خەڵکیشدا بڕی نەکردووە و جێگیر نەبووە، چونکە ئێمە هەر ڕۆژ دەبینین کە تیراژی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان دێتە خوارەوە و تەنانەت ئەو ڕادەیەش کە لە بازاڕ بڵاودەبێتەوە بەگشتی بە فرۆش ناچێت و وەک ڕۆژنامە کۆنە، کۆی دەکەنەوە.

### کێشەی ئابووری

١- نەبوونی بودجەیەکی تایبەت.

٢- مسۆگەرنەکردنی مووچەی کرێکاران و کەرەسە و پێداویستییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣- ڕێک و پێک نەبوونی سیستەمی ئاگاداری و ڕیکلام.

٤- کەموکورتبوونەوەی لاپەڕەکان.

٥- خۆنووسان بە لایەنێکەوە بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کە لە بواری ئابووریدان.

٦- چەند پیشەیی بوونی ڕۆژنامەنووسان بۆ دابینکردنی مووچەی ژیانیان.

دابین نەکردنی بودجەیەکی دیاریکراو تایبەت بەکاری ڕۆژنامەوانی بۆ پەرەپێدان بەچالاکییەکانی ئەم بوارە و گواستنەوەیان بۆ ناو جەماوەر، گرفتێکی دیکەی بواری ڕۆژنامەگەری ئەم سەردەمەیە. لە کوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکەکان بە تایبەت ئەو بڵاوکراوانەی کە بەشێوەی دوو زمانە کار دەکەن لەگەڵ کەم و کوڕیەکی گەورەی ئابووریدا ڕووبەڕووبوونەتەوە، چونکە تائێستا دەوڵەت بودجەیەکی ئەوتۆی بۆ ئەم بوارە تەخان نەکردووە تاکو بتوانین کەرەسە و پێداویستییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و مووچەی کرێکاران و.. پێ مسۆگەر بکەین. بەم بۆنەوە زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و هەفتەنامە و بڵاوکراوانەی کە لایەنێک بێ هیچ مەبەستێک لە باری

ئابوورییەوە پشتگیریان ناکات و خۆیان سیستەمێکی ڕێک و پێکیان لەسەر وەرگرتنی ئاگاداری و ڕیکلام نییە، بوونەتە بازاڕی بازرگانی و دێن بۆ دابین کردنی خەرجی خۆیان بە تەرخانکردنی چەند لاپەڕەیەکی زۆر بە ئاگاداری بازرگانی و ڕیکلام دەیانەوێ لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەدا بوونیان بێت کە بوونێکە لە خزمەتی چەواشەکاریدا. بەم پێیە، ئەم جۆرە هەڵسووکەوتە وەکو سیاسەتێک دێتە ئاراوە بۆ ناچارکردن و تێپەڕین و ژێردەستە بوون کە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڵدەسووڕێ و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. هەر بەم بۆنەوە خەڵک ناتوانن کەمایەسییەکانیان لە بارەی داهاتوو و نەتەوە و فەرهەنگ و.. لە کەناڵی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە بدۆزنەوە و پێبگەن، بۆیە دەبینرێ کەمتر بەلای ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ڕاکێشراون. هەروەها ئەگەر لەم بوارەدا یارمەتی ئابووری هەندێ لە بڵاوکراوەکانیش دەدرێ لەپێناوی بەرژەوەندی لایەنێکی تایبەتدایە. بۆ وێنە: جێی باسە کە ئێمە گەر بێین بڕوانینە چالاکی ڕۆژنامەوانی و شێوەی ژۆرنالیستی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، دەبینین کە لەو وڵاتانەدا دەوڵەت بە تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانان، لەوان دەیەوێ ڕاستییەکان بگەیەنن بە جەماوەر و بۆ کارکردنەسەر بیروڕای گشتی، لە خزمەتی پەرەپێدان بە چالاکییەکانی ئەواندابن، تاکو کەمایەسییەکانی ئەوان مسۆگەر بکەن و ڕێگای پێشکەوتنیان بۆ ئاوەڵابکەن، بۆیە ئەو ڕەوتە ڕاستە لەو وڵاتانەدا بەردەوام درێژەی پێدراوە و وەکو ڕۆژنامە سەیریان دەکەن.

ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان بەپێی ئەو گرفتانەی کە لە بواری ئابووریدا تووشی دەبن دواتر بە ڕوونی زۆر کردەوەیان لێ سەرهەڵدەدات کە ئەگەر بێین بە ئاماژە بەو واتایانەی کە لەم بوارەوە سەبارەت بەم پیشە لە هەمبەر ئەرک و کاریگەری ڕۆژنامە ژۆرنالیست دەیکەینەوە، بڕوانینە ئەو بەرهەمانەی کە ئاراستە دەکرێت بەوە دەگەین کە لە پێناوی چەوساندنەوەیدا هەنگاو هەڵدەگرن و دەبنە هۆی لادان و ئاراستە کردنی پێناسەیەکی ناڕاست و پڕکردنەوەی مێژوویەکی ڕەش و...، چونکە بینیومانە کاتێ بڵاوکراوەیەک لە بواری ئابوورییەوە لاواز بووە و نەیتوانیوە پێداویستیەکانی خۆی مسۆگەر کات؛

١- لەکات و وادەی خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە و نەگەیشتووەتە دەستی خوێنەر.

٢- زۆرجار لاپەڕەکانی کەم و کورت کراون و چۆنایەتی چاپ و بەکارهێنانی کەرەستەی پێویست و باش تووشی گۆڕان هاتووە و بەرەو کزی چووە.

٣- جگە لەمانە زۆربەیان بۆ مسۆگەر کردنی پێداویستیەکانیان ناچار بوون بۆ ئەوەی کە بوونیان بێت، بنووسێن بەلایەنێکەوە، بەم پێیەوە؛ لەسەر هەواڵ و بابەتێک کار دەکەن کە هیچ کاریگەری و بایەخ و کەڵکێکی نییە و تەنیا لە خزمەت سەرخستنی ئاستی فیکری و نواندنی توانایی لایەن و پارت و دەستەیەکی تایبەتدایە.

ئەو خاڵەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە، لە بواری ڕۆژنامەگەریدا قەت واتایەکی ئاوەهامان نییە کە ڕۆژنامەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بێن بە مینبەری پارت و لایەن و دەستەیەکی تایبەت و بنووسێن بەلایەنێکی ڕامیاری، یان ئابوورییەوە، چونکە ڕەوتی ڕاستەقینەی بوونی ئەوان وەکو بڵاوکراوەیەک بەپێی ئەو واتاگەلەی کە لەم بوارەدا هەمانە، دەسڕێتەوە و دەبن بە میکانیزمێک بۆ دەستدرێژی کردن و چەواشەکاری. هەروەها بە ئاماژە بەوەی کە قەت بابەتێک بەناو ڕۆژنامەگەری حیزبیمان نییە، ئەگەر پارت و لایەنە ڕامیاریەکانی ئێمە بە باشی لەسەر تەبایی و میتۆدێکی زانستییانە، ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، چاپەمەنییەکان ناچار نابن ببنە تریبوونی ئەوان!. بەم پێیە، ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە لە بواری ئابوورییەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی چاپەمەنییەکان سەر بە لایەن و دەستەیەکی تایبەت بن و لە درکاندنی زۆرێک لە باس و بابەتە جیاوازەکان دووری بگرن و بکەونە بەر گوشاری لایەنێک و بەو چەشنەی وا دەیانەوێ بابەت و... خۆیانیانی پێ لە چاپ بدەن.

خاڵێکی تر کە لەم بارەوە چەوساندنەوەیەکی بەرچاوی داناوە و پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت و ئاوڕی لێ بدەینەوە، ئەوەیە کە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بۆ چەرخاندن و دابینکردنی بژێوی ژیانیان دێن لە چەند شوێندا کاردەکەن، یان چەند پیشە دەگرنە دەست و دوایین کاریان ڕۆژنامەگەرییە، کە دوور لە هەر چەشنە واتا و کارامە بوونێکە.

**کێشەی مێژوویی**

١- ونبوونی سەرچاوەکان.

٢- لەبەردەستدا نەبوونی سەرچاوەکان.

٣- کۆنەکردنەوە و ئاوڕنەدانەوەیەکی گشتی سەبارەت بەو بڵاوکراوانەی کە دەرچوون.

٤- کەڵکوەرگرتن بەشێوەیەکی دەقاودەق لە نامیلکە و بەڵگە مێژووییەکان، بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێک.

ڕۆژنامەگەری کوردی لە بواری مێژووییەوە وەکو بوارەکانی دیکە بەهۆی ئەوەوە کە تووشی چەوساندنەوە و زەبروزەنگ هاتوون و بەردەوام لەناو کەش و هەوایەکی ناتەواو و لێکترازاودا درێژەیان بەشێوە چالاکییەک داوە، کەم و کوڕیەکی بەرچاوی لەخۆی گرتووە و کاریگەری لەهەمبەر ماندوو کردن و بەرگری لەسەرکەوتن و بەرەو ئاستی جیهانی چوونی دەردەکەوێ.

بێگومان مێژووی هەر نەتەوەیەک لە هەر بوارێکدا بۆ خۆی بەپێی هەر قۆناغێک دابەشبوون و جیاکردنەوەیەکی هەیە کە لەو بارەوە هەڵسەنگاندن و ئاوڕی تایبەتیان بە ئەنجام گەیاندووە و لێدوان و بیروبۆچوونی جۆربەجۆریان لە ئاقاری لایەنە جیاجیاکاندا ئاراستە کردووە، هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسنامەیەکی پتەو لەخۆیان بدەنە دەستەوە و لەو بارەوە ئاوڕ و توێژینەوەیەکی ڕاستەقینە و بێ لایەن گەڵاڵە بکەن، بەڵام مێژووی ناهەمواری نەتەوەی کورد دوور لەم تایبەتمەندییانەیە، چونکە بۆ لێکدانەوە و توێژینەوە لە هەر بوارێکدا، پێویستمان بە سەرچاوەگەلێکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن و ئاوڕ و ئاراستەیەکی شیاو لەو پێناوەدا هەیە.

ڕۆژنامەگەری کوردی بە ئاماژە بەوەی کە یەکەمین ئەزموونی خۆی لەتاراوگەدا تێپەڕاندووە لە بواری مێژووییەوە بەهۆی بزر بوون و کۆنەکردنەوەیەکی گشتی و لەبەردەستدا نەبوونی سەرچاوەکان، سەبارەت بە سەرجەمی ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە دەرچوون،یان چ کەسانێک لەو پێناوەدا چالاکییان نواندووە تاکو بزانین چ ئەنجام و کردەوەیەک لە چ کاتێکدا، بە چ مەبەستێک و.. لەم بوارەدا سەریان هەڵداوە و لە ئاکامدا بەرەو کوێ چووە، زۆر باس و بابەتی لە هەمبەر وەرگرتنی مافی ڕەوای خۆی و ڕادەی ئازادی دەربڕین و کارکردن سەبارەت بە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی لەسەر هەڵوەشاوەتەوە و بواری دووپات بوونەوە و لادانی بۆ خۆی ئەفراندووە. ڕەنگە هێندێ لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە بە جۆرێک بە ئاماژە بەشێوەی کاریان، ڕێگا خۆشکەری ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەک بووبێتن و ویستبێتیان کە درێژە بە ڕەوتێکی کارامە بدەن. هەروەها دەتوانین بڵێین ئێستە بە پێی ئەوەی کە سەردەمی گەشەکردنی تەکنەلۆژیایە، ڕۆژنامەیەکی ئاوەهامان نییە کە ئەو شێوە دەستپێکردنەی لەخۆ گرتبێ. بۆ وێنە: ئەگەر ئێمە بێین لە ڕوانگەیەکی زانستییانەوە بابەت و شێوەی کاری ڕۆژنامەی کوردستان لێکدەینەوە کە لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە وەکو یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی لە (٢٢)ی نیسانی ساڵی (١٨٩٨) زایینیدا دەرچووە، دەگەین بە خاڵ و شێوە هونەر و بەکارهێنانێک کە جگە لەوەی کە بە ئاماژە بەو کاتە، سەرسووڕهێنەرە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شێوە هونەر و بەکارهێنانە لە ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆدا وێنەی نییە و ڕەنگە دواتر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەگەلێک سەریان هەڵدابێ و بە پێی درێژەدان بەو شێوە نوێیە کاریبیان ئەفراندبێت، کە ئێستە بەهۆی ئەوەی کە لەو بارەوە سەرچاوە و بەڵگەیەکمان لەبەر دەستدا نییە و کۆنەکراونەتەوە، ناتوانین بیروڕای خۆمان دەرببڕین و ئاوڕێکی تایبەتی ئاراستە بکەین.

هەروەها ئەگەر لەم پێناوەدا سەرچاوەیەکمان دۆزیبێتەوە، بەو بۆنەوە کە لەلای کەسانێکی نەناسراوەوە بوون و لە بارودۆخێکدا لە چاپ دراون کە لەژێر نەشتەری قورسی چاوەدێریدا بووە و ناتەواون، ناتوانین باوەڕیان پێ بکەین و وەکو سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە و گشتی دایان بنێین و کەڵکیان لێ وەربگرین.

جگە لەمە، لەم ڕێبازەدا خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەوکەسانەی وا لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە و چالاکییان بووە، زۆربەیان بەشێوەیەکی دەقاودەق بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێکی تایبەت لە نامیلکە و بەڵگە مێژووییەکان کەڵکیان وەرگرتووە و ڕەوتێکیان بەدوور لە هەر چەشنە تایبەتمەندی و بۆچوونێکی زانستییانە هەڵبژاردووە کە پێویستە گۆڕانی بەسەردا بێت و بەشێوەیەکی تر لەگەڵی ڕووبەڕوو ببینەوە.

بەم پێیە، بە ئاماژە بەبارودۆخی لێکترازاوی کورد کە لەژێر چەمکی دیکتاتۆری و کۆلۆنیالیزمدا ژیاوە و لەهەر سەردەمێکدا بە جۆرێک لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونەتەوە، ڕۆژنامەگەری کوردیش پەروەردەی ئەوکەش و هەوایەیە و لە بارودۆخی ڕامیاری کۆمەڵایەتی و ژێردەسەڵاتدا لە دایک بووە و بەردەوام زۆر جۆرە سڕینەوە و پەلاماری بەرکەوتووە و بەم بۆنەوە ئەو سەرچاوانەی کە پێویستن، ون بوون و لەبەردەستدا نین کە بتوانین لەم بوارەدا بچینە ناخی بابەتەکەوە و ئاوڕ و هەڵسەنگاندنێکی تایبەت ئاراستە بکەین.

### کێشەی کۆمەڵایەتی

١- کورتبوونەوەی ڕادەی دەرخستنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- دابڕانی پێوەندی نێوان جەماوەر و بڵاوکراوەکان.

٣- دووری گرتن لە کۆمەڵ و کارکردن بۆ دەستەیەکی تایبەت بەپێی مەرج و بۆچوونێکی جیا.

٤- روون نەکردنەوەی کارەسات و رووداوە جۆربەجۆرەکان.

٥- باسکردن لەسەر کێشەی وڵاتانی دیکە و سەرنج نەدان بە کێشەکانی دەوروبەریان.

کورتبوونەوەی ڕادەی دەرخستنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان گەورەترین کاریگەری لە سەردابڕانی پێوەندی نێوان ڕۆژنامە و جەماوەری کۆمەڵگا داناوە، چونکە ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکگیری کۆمەڵگابوون، لە ناخی ژیانی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێن و ڕێگا بۆ مەرگ و فەوتانی کۆمەڵ خۆش دەکەن. بەم پێیە، بەو بۆنەوە کە ڕۆژنامەکانی ئێمە نەیانتوانیوە بەپێی ئەرکی خۆیان لەپێناوی دەرخستنی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان چالاکی بکەن و لەهەمبەر پاراستن و پشتگیریکردن لەمافە ڕەواکانی خەڵک، جەخت بکەن لەسەر هەڵوەشاندنەوە و ڕامالینی هەموو دیاردە و مۆڵگە و کوانوویەکی سەرکوتکاری و زەبوونی، تاکو ئاستی تایبەتی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا بدۆزنەوە و ببنە پردێک لەنێوان خەڵک و ماف و کێشە و گرفتەکانیان لەهەمبەر دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا.

لە ڕاستییدا ئەگەرچی بابەتی ڕۆژنامە و ڕەوتی ڕۆژنامەگەری پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و دەبێت لەپێناوی گواستنەوەی ڕاستییەکاندا بۆ نێو جەماوەر، هەنگاو هەڵ بگرن و ڕێگای دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانە بەرتەسک نەکەنەوە، تاکو بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی لەبار و پێشکەوتووانە بتوانین بەپێی ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە هەمانە ئامادەیی خۆمان پتەوتر بکەینەوە، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی ڕۆژنامەکان بۆ پارت و لایەن و دەستەیەکی تایبەت بەپێی هێندی لاوازی و پێداویستی جیاواز کاردەکەن و سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی خۆیان لەنێوان یەکدان کە قەت پێوەندی بەکۆمەڵ و کێشەکانی ئەوانەوە نییە.

بە ئاماژە بە کورتبوونەوەی ڕادەی دەرخستنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سەرنج پێنەدان بەم بوارە لەلایەن ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانەوە، کاتێک کارەساتێکی کۆمەڵایەتی دەقەومێت، چون ڕوونکردنەوەیەکی باشی لەسەر ناکرێت و لێک نادرێتەوە، دواتر بە هەزاران جۆر لە چەشنی ئەوەش دیسان دەبینن و تەنانەت وەکو هێرشێک بۆ خۆی دێتە پێشەوە و پرۆژەکانی لەو پێناوەدا جێبەجێ دەکات، هەر ئەمە بووەتە هۆی ڕامیاری بوونەوەی کارەساتەکان و سەپاندنی کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە، بۆ بردنە سەری ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو، کە لەپێناوی چەواشەکاری و سڕینەوەدا بەپێی بۆچوون و ئەگەری تایبەت بە ئەنجام دەگات.

بەم پێیە، خەڵک بەو بۆنەوە کە هیچ باسێک سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانیان لەو بازنەدا نابینن و تەنانەت و هێندی باس و بابەتی دیکە بەرچاویان دەکەوێت کە قەت پێوەندی بەوانەوە نییە، باوەڕیان بە ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان نەماوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکانی خۆیان لەو کەناڵەوە پێ و شوێن ناگرن.

## کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی

١- لەبەر چاونەگرتنی ڕادەی چۆنایەتی و چەندایەتی لەڕووی زۆر بوون و دەرچوونی بڵاوکراوەکاندا.

٢- پاشەکشێکردن و لێکترازان.

٣- سەرهەڵدانی بابەتێک بەنێوی «ئاڵۆزنامەگەری».

٤- پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان بە دەقی کتێب، یان وەرگێڕان.

٥- بە فرۆش نەچوونی سەرجەمی ڕۆژنامەکان و مانەوە و کۆکردنەوەیان بەنێوی ڕۆژنامە کۆنە.

بە ئاماژە بەوەی کە لەم دواسالانەدا ڕادەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان پەرەیەکی زۆری گرتووە و ڕەنگە ئێمە ئەمە وەک ڕاپەڕینێکی جیدی باسی لەسەر بکەین و ڕاوبۆچوونی جیاوازمان بێت؛ بۆ نموونە: لە برێ لە کۆبوونەوە و نووسینەکاندا بینیومانە کە کەسانێک بە جۆرێک لەسەر ئەم مەبەستە جەخت دەکەن و پێیان وایە کە ئەمە وەکو ڕاپەڕینێک لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دەتوانێت خۆی بسەلمێنێ و بەرچاو کەوێت. بەم پێیە، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە هەر ڕاپەڕینێک چ تایبەتمەندییەکی هەیە و دەبێت چۆن بێت؟ یان چ مەبەست و ئامانجێک لەو پێناوەدایە و چ بۆچوونێک لە پشتی ئەو دیاردەوە پێوەستە سەرهەڵ بدات و هەروەها چ کەسانێک دەبێت لەو بوارەدا کار بکەن؟

بەهەرحاڵ ئەگەر بێین بەپێی ئەم پرسیارانە هەر ڕاپەڕینێک هەڵسەنگێنین و لەو پێناوەدا بەپێی مەرج و بۆچوونێکی زانستییانە ئاوڕی لێ بدەینەوە، بەوە دەگەین کە تا چ ڕادەیەک توانیومانە سەرکەوتووبین.

ئەگەر بێین لە بواری گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەپێی مەرج و بۆچوونی تایبەت و بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی چەندایەتی و چۆنایەتی و هەروەها کاریگەری و

ئەنجامی ئەم دوو وشە هاوتەریبە ئاوڕ لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکان و کەمایەسییەکانی ئەم بارە بدەینەوە دەبینین کە تاکو ئێستا ئەو ڕاپەڕینەی کە پێویستە، سەری هەڵنەداوە و تەنانەت پاشەکشەی هەبووە و لێکترازانمان بەدی کردووە، چونکە هیچ کام لەم وشەگەلە (چەندایەتی و چۆنایەتی)، کە پێویستن و پێوەندیەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە و یەکتر مسۆگەر دەکەن، بەپێی ئەو زانست و واتایانەی کە لەم بوارەدا، دانراوە هاوکات لەگەڵ تایبەتمەندییەکانیاندا بەکارنەهاتوون تاکو ڕەوتێکی پەسەندکراو و کارامە بخولقێت. هەر بەم بۆنەوە بە ئاماژە بەوەی کە بەپێی میتۆدێکی زانستییانە و بەشێوەیەکی کارامە کار نەکراوە، ڕادەی زۆربوونی بڵاوکراوەکان نە تەنیا ناتوانێت وەکو ڕاپەڕینێک بێتە ئاراوە، بەڵکو دەکرێت بەپێی ئەو پێداویستییانەی هەر بڵاوکراوەیەک بڵێین: لە خزمەتی چەواشەکاری و لایەنگری و شۆڕبوونەوەدان و نە تەنیا «ڕۆژنامەگەری» نییە، بەڵکو «ئاڵۆز نامەگەری»یە! چونکە ئەگەر بێین سەرنجێکی لاپەڕەکانیان بدەین، دەبینین کە زۆربەیان، دەقی کتێب و وەرگێڕان، یان ناوەرۆکێکی پووچەڵیان لەخۆگرتووە کە لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریدا دوور لە هەر چەشنە واتا و بۆچوونێکی تایبەتە. هەروەها بە سانایی لەهەمبەر کێشەکانی دەوروبەریان تێپەڕن و سەنجی ئەوپەڕی دنیا دەدەن و کێشەی وڵاتێکی تر دەخەنە بەر ئاوڕ و لێکدانەوە؛ لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەی کە لەم پێناوەدان، ئەم ئەرکە وەکو ئەرکێکی گەورە و نوێ و پۆست مۆدێرنانە لە دنیای ڕۆژنامەگەری و نووسیندا، دەزانن و پێیان وایە لە ئاستی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکدایە و دەتوانێت کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات.

لە هەمبەر ئەم بیرکردنەوەدا، کاتێک سەبارەت بە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بۆ خەڵک باس دەکەی، پێیان سەیرە(!) و بڕێکیان کاتێ ناوی برێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەبەیت، بۆیان تازەیە و لەگەڵی ئاشنایەتیان قەت نییە، تەنانەت تاقمێکی تریان بە دڵنیاییەوە ئاگاداری پیشەیەک بەناوی ڕۆژنامەگەری نین و نازانن چییە. هەروەها دەستەیەکی تر قەت ڕۆژنامە و ئەرکی ژۆرنالیستی بە شتێک نازانن کە بتوانێت لەسەر کێشەکانی ئەوان کار بکات و یاریدەری ئەوان بن لە هەمبەر پاراستنی ماف و بوارەکانی دیکەی ژیانیان. کەواتە لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی تۆخ دەکاتەوە کە، ئەم دوورە پەرێزی و بێ باوەڕیانە لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرن؟

بێ گومان ڕۆژنامە و ئەرکی ڕۆژنامەوان بەپێی ئەو واتایانەی کە بۆی دانراون، دەبێت لە خزمەت خەڵکدا بێت و بۆ هاندان و ڕاگەیاندنی ڕاستییەکان و دەرخستنی کێشە جۆر بەجۆرەکان هەوڵ بدات. بەم پێیە، بەوە دەگەین کە هەموو ئەو خاڵانەی کە لەم بارەوە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لە گرفت و ئاستەنگە سەرەکییەکانی ئەم بوارەن کە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکەکان لە هەمبەر ئەو ئەرکەی وا لە ئەستۆیانە، نەیانتوانیوە جەماوەر مسۆگەر بکەن، بۆ وێنە: ئێمە ڕۆژانە دەبینین کە تاڕادەیەکی زۆر لەو بڵاوکراوانەی کە لەچاپ دەدرێن، لە بازاڕ دەمێنێتەوە و کەس نایکڕێت. لە کاتێکدا لەم بوارەدا لە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن بابەتێکی ئاوەهامان نییە کە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی زیادە لەپێویست بەناوی ڕۆژنامە کۆنە بمێنێتەوە. هەروەها هۆی چەوساندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە بەناوی ڕۆژنامەنووس لەم پێناوەدا سەرقاڵی چالاکین، کە باشتر وایە بڵێین: نەبوونی کەسی پسپۆڕ.

بەم پێیە، بە ئاماژە بەوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی تەمەنێکی پڕ لە ئەزموون و نامۆی تێپەڕاندووە و هەروەها ڕۆژ بە ڕۆژ ڕادەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چووەتە سەرەوە، بەڵام تاکو ئێستا لەم بوارەدا قەت نەیتوانیوە ڕاپەڕینێکی جیدی و زانستییانە بخوڵقێنێت، تەنانەت نەیتوانیوە خۆی ڕزگار بکات لەو تەنگژە و ناهەمواریی ناوخۆییانە و.. بەم چەشنە بابەتێک بەناوی زیادکردنی ڕادەی دەرکردنی بڵاوکراوەکان بە ئاماژە بە لە بەرچاونەگرتنی ڕادەی چەندایەتی و چۆنایەتی نەک تەنیا هیچ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی دانەناوە، بەڵکو لەمپەر و کۆسپ و گرێی جیاوازی لەم ڕێبازەدا دروست کردووە.

ڕۆژنامەگەری کوردی بەهۆی کێشەی ڕامیاری، ئابووری، مێژوویی، ناوخۆیی، نەبوونی کادری پسپۆڕ و.. تاد، کورتبوونەوەی ڕادەی دەرخستنی کێشە کۆمەڵایەتی و داگیرکەرەکان لەنێو لاپەڕەکانیاندا تا کار بکاتە سەر فەرهەنگ و بیرکردنەوەی مرۆڤ و بارهێنانی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ ڕەخساندن و ئاراستەکردنی تایبەتمەندییەکانی لەو ڕێبازەدا، تاکو ئێستا ئاستی جیاوازی خۆی واتا پێگە و بایەخی تایبەتی بوونی ڕۆژنامەی بە تەواوی نەدۆزیوەتەوە و بەردەوام لغاو کراوە و لەگەڵ زۆر جۆرە تەنگژە و ناهەمواری و گرفتدا سازشی کردووە و بە هەزاران چەشن چەوساوەتەوە، تەنانەت

ئەگەر جاروبار جووڵانەوەیەک بەدی کرابێت، هەر لە سەرەتاوە هەزاران گرفت و کێشەی بۆ سازکراوە و هەروەها زۆرتر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی کە باس کراون و پێویستە هەوڵ بۆ پاراستنیان بدەین، پڕ لە مەترسی و گرفت بووە کە بێ گومان ئەگەرێک ویستوویەتی بە جۆرێک بەرژەوەندییەکانی پێ ڕاسپێرێ و لە ئازادی و نەریتی ڕاسەقینەی چالاکییەکانی دووربخاتەوە و بیکات بە میکانیزمێک بۆ داڵدەدان و پاراستنی ئەو ڕێگا نالەبار و چەواشەیە.

نەبوونی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی کوردی کە بۆ خەڵک بنووسێت و لە خزمەتی پەروەردەکردنی بیرێکی نەتەوایەتیدا بێ و تایبەت، یان سەر بە هیچ بنکە و ڕێکخراوەیەک نەبێت و لە بواری کێشەکانی ئابووری، کادری پسپۆڕ، ڕامیاری و... مسۆگەر بێت. کاریگەریەکی بە هێزی لەسەر چەوساندنەوە و سڕینەوەی کولتوور و شارستانیەت و بیری نەتەوایەتی و ناسیونالیزمی و...تاد، مرۆڤی کوردی داناوە کە بەرئەنجامەکەی بۆ هەموومان ڕوونە و شیاوی سەرنجە، چونکە ئەرکەکانی خۆی گۆڕیوە و تەواوی ئەو بایەخە پیرۆزانەی لە گۆڕناوە. هەروەها چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕۆژنامە و ژۆرنالیستەکان کە کۆمەڵێ هێڵی سوور دیاری دەکات و لەو بارەوە بە جۆرێکی تر دەکەونە ژێر نەشتەری لێکدانەوە و خوێندنەوە، بۆ خۆی یەکێکی تر لە ئاستەنگە گەورەکانی ئەم بوارەیە و پێویستە ئاوڕی تایبەتی لێ بدرێتەوە، تاکو نەبێتە هۆی زۆرتر پەرەگرتنی کێشە و دژواریەکانی ئەم بوارە، چونکە بینیومانە کە تاکو ئێستا بەتایبەت لەم سەردەمەدا ئەگەر یارمەتی ئابووری و... ڕۆژنامەیەک بۆ درێژەدان بە چالاکیەکانی لەلایەن دەسەڵاتەوە درابێت، لە پێناوی بەرژەوەندییەکی تایبەتدا بووە و ئەگەرێکی ڕامیاری لە پشتیەوە سەری هەڵداوە، تاکو لە خزمەتی بەرزکردنەوە و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا ڕاستییەکان و ڕەوتی پێناسەکردنیانی لێ بسڕنەوە و کەش و هەوایەکی نامۆ و لادەری بۆ پێک بێنن و بەسەر ئەمانی تردا کە دەیانەوێ بمێننەوە، ببێتە ئاستەنگ و کۆسپ و ڕێگای دەرچوون لەسەریان دابخەن.

ئەمەشمان لەبیر نەچێت، لەم سەردەمەدا کە سەردەمی تەکنۆلۆژیە، بۆ ئەنجامدان و بەرهەمهێنان (ئەم شێوە بیرکردنەوە بیر هێنانەوە) قەت ناتوانین لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا بڕوانینە چاپەمەنییەکان و نابێت سەقامگیر بوونی ئاوەها بۆچوون و دۆخێک لە هەمبەر ئەم کێشەدا، وەک وەڵامێک خۆمانی پێوە بخەڵەتێنین و بیانکەین بە دەسەڵاتێکی داگیرکەر. بێ گومان لەم بوارەدا هەوڵ بۆ گۆڕانکاری دراوە، بەڵام ناتوانین هەموو گۆڕانکارییەک بە پێشکەوتن دابنێین، چونکە هەر ئەنجامێ، یان هەر بزووتنەوەیەک بۆ خۆی بەر ئەنجام و ئاکامێکی تایبەتی هەیە لەویەوە بەرهەڵستەکانی ڕێگای بەدی دەکرێت.

لە ڕاستیدا دەبێت تێڕوانینەکانمان لەهەمبەر ئەم دۆخە بگۆڕین و بەشێوەیەکی زانستییانە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و دەست بدەینە دەستی یەکەوە. هەروەها ئەرکی سەرشانی هەموو دڵسۆزان و ڕووناکبیران و کاربەدەستانە بۆ ناساندنی ئەم جۆرە بۆچوون و گرفتانە بچنە ناخی بابەتەکەوە و بۆ چارەسەرکردنیان ڕێگاچارەیەکی تایبەت و نوێ بدۆزنەوە و ئاوڕیان لەسەر بدەینەوە تاکو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بێتە بەرهەم و بەپێی کارکردن و لێکدانەوە، بنیاتی چاوەڕوانی لە ئاستی گەیشتن بە داهاتوویەکی بەرز نزیک بێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- ئەحمەدی، مادیح- ڕۆژنامەگەری کوردی و ئەستەنگەکانی- هەفتەنامەی ئاسۆ، ژمارەی (٧٠).

٢- ڕۆژنامەی «شەرق» ژمارەکانی (٢٠١ و ٢٠٧).

٣- کەریمی، بەختیار، «کوردستان» نشریەای بی همتا در تاریخ روزنامەنگاری کردی «کوردستان بڵاوکراوەیەکی بێ وێنە لە مێژوویی ڕۆژنامەگەری کوردی)دا- ندای دانشجو (دەنگی خوێندکار) ژمارەی سێ.

# چەند بەڵگەنامەیەکی مێژوویی

و/ لە فەرەنسییەوە: زەنوون بیلال محەمەد عەلی
(سوێد)

ئەم بەڵگەنامـانەی خوارەوە کـە لەسـەرچاوەی ڕەسـەنی فـەرەنسی وەرگـێڕاونەتە سەر زمـانی کـوردی؛ هەمـوویان بۆنی شـۆڕشی فـەرەنسـیـان لێ دێ، یاخـود مـاوەیەکی مێژوویی فەرەنسا ڕەنگ دەداتەوە.

هەریەک لەم بەڵگەنامـــانە بابەتێکی گـــرنگ و فـەیلەسووفێکی مـەزن پیشـان دەدەن بۆ نموونە (ڕووسۆ) فـەیلەسـووفی (بەندی کـۆمـەڵایەتی)، (مـۆنـتـێـسکـیـۆ) فـــەیلەســـووفی (گـــیـــانی یاســـاکـــان)، تا دەگـــاتە ژنە فـەیلەسووفی وجـودی (سـیـمـۆن دۆ بۆڤـار)ی هاوسـەر و هاوفەلسەفەی (سارتر).

### مۆنتێسکیۆ

لەنێـــوان فـــەیلەســـووفـــەکـــانی ســـەدەی هەژدەیەم، مـۆنـتـێـسکـیـۆ یەکەمین فەیلەسـووف بوو دلێرانە هێـرشی بردە سەر چەند بابەتێکی قەدەغەکراوی سەردەمی خۆی، وەک: (مەسـیـحـیـەت «کریسـتـیـانیـسم» و پادشایەتی) و ڕەخنەی لێ گـرتن. ئەم هێـرشـەش لە کـتـێـبی «نامـە فارسییەکان»دا لەسەر شێوەی گاڵتە و ڕەخنە و توانجەوە دەستی پێکرد و لە (گیانی یاساکان) زۆر بە توندوتیژی بەردەوام بوو. (گـیـانی یاسـاکـان) بووە کۆتەڵێکی بەرز و پیرۆزی تایبەت بە پاراستن و بەرگری مرۆڤ.

### لە کۆیلەتی پێست ڕەشەکان

ئەگـەر پێـویست بووایە مـافی بە کـۆیلەکـردنی پێـست ڕەشەکان پاڵپشت بکەم، ئا بەم شێوەیە دەدوام:

ئەوروپاییــەکــان، پاش ئەوەی گــەلانی ئەمــەریکـایان تەفـــروتوونا کـــرد، پێـــویست بوو لەســـەریان ئەوانەی ئەفریقیاش بچەوسێننەوە و بە کۆیلەیان بکەن؛ بۆ ئەوەی لە چاککردنی زەوی و زار بەکاریان بێنن.

نرخی شەکر زۆرگران دەبوو، ئەگەر کۆیلە لە چاندنی ئەو ڕووەکەی بەرهەمی دێنێ نەخرابایە کار. مەبەست ئەوانەن کـە هەر لە بنی پێـیـانەوە تا تەوقـەی سـەریان ڕەشن و «لووتیشـیـان ئەوەندە پانە تەنانەت کەس ناتوانێ بەزەیی پێیان بێتەوە».

هیچ کـەسێ ناتوانێ نهێنییـەکـانی ڕۆح و گـیـان بزانێ تەنیـا خـوانەبێ؛ ئەم ئافـەریدەکـارە دەسـتـەڵاتدارەی کـە گیانێکی پاراوی لەناو لەشێکی ڕەش داناوە.

دەتوانرێ لەسـەر ڕەنگی پێست و قـژ حوکم بدرێ؛ ئەم ڕەنگە لەلایەن مـیـســریـیـە کـۆنەکـان، کـە چاکـتـرین فەیلەسووفی جیهان بوون، بایەخێکی زۆری هەبوو. بەم جـۆرە هەر مـرۆڤـێکی قـژ زەرد بکەوتایە ژێر دەسـتـیـان دەیانکوشت.

تاکە بەڵگەیەک کە نەبوونی هەستی هاوبەشی پێست ڕەشەکان دەسەلمێنێ؛ ئەوەیە کە ملوانکەیەکی شووشە لە یەکـێکی زێڕ زیاتر هەڵدەسـەنگێنن، کـە لەلایەن نەتەوە شارستانەکان نرخ و بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە.

هەرگیز ناتوانین ئەم پێست ڕەشانە بە مرۆڤ دابنێین؛ چونکە ئەگەر بەمرۆڤ لە قەڵەمیان بدەین وا هەست دەکەین کە ئێمە خۆمان فەلە «مەسیحی» نین.

بیرە تەسکەکان و دەروونە بچووکەکان زۆر ستەمکارانە لەگەڵ ئەفریقییەکان ڕەفتار دەکەن، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بێ کە ئەفریقییەکان باسی دەکەن؛ پاشا و میرەکانی ئەوروپا، کە جۆرەها ڕێککەوتننامەی بێ کەڵک لەنێوان خۆیان دەبەستن، ئەم بیرەیان نەدەهاتە مێشکی کە ڕێککەوتننامەیەکی گشتی لەپێناوی بەرژەوەندی بەزەیی و سۆز ببەستن؟

گیانی یاساکان 1748

**سەرچاوە:**

Montesquieu, Esprit des lois, XV,V 1748, (De L'Esclavage des negres).

### لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتداری مۆنتێسکیۆ

لە هەر وڵاتێک سێ جۆرە دەسەڵاتداری هەیە: دەسەڵاتداری یاسادانان، دەسەڵاتداری ڕاپەڕاندن و بەجێهێنانی ئەو کاروبارانەی سەر بە یاسای گەلانن(١) و دەسەڵاتداری ڕاپەڕاندنی ئەو کاروبارانەی سەر بە یاسای شارستانین(٢).

بە یارمەتی ئەوەی یەکەم، پاشایان دادگەر چەند یاسایەکی کاتی و کەم خایەن یان هەمیشەیی دادەنێت و یاسا کۆنە دانراوەکانیش ڕاست دەکاتەوە یان لایان دەبات. بە یارمەتی ئەوەی دووەم، داوای ئاشتی دەکا، یان جاڕی شەڕ دەدا، نوێنەری میری دەنێرێتە دەرەوە، یان پێشوازییان دەکا، ئاسایش دەچەسپێنێ و پێشبینی گشت هێرش و شاڵاوێک دەکا. بەهۆی ئەوەی سێیەمیش، سزای تاوانبارەکان دەدا و لە کێشە تایبەتییەکان حوکم دەکات. ئەوەی دوایی «مەبەست ئەوەی سێیەم» پێی دەگوترێ دەسەڵاتداری دادگەری، ئەوەکەی دیکەش دەسەڵاتداری ڕاپەڕاندنی وڵات.

سەربەستی ڕامیاری لەلایەن هاووڵاتی بریتییە لە هێمنی و دڵنیایی گیان و دەروون کە لە بیروباوەڕی هەر کەسێک دەربارەی ئاسایشەوە دێتە کایەوە و هەڵدەقوڵێت. بۆ وەدەستهێنانی ئەم سەربەستییەش، پێویستە میری تارادەیەک بەهێزبێت کە هیچ هاووڵاتییەک نەتوانێ یەکی تر بترسێنێ.

کاتێ دەستەڵاتداری یاسادانان لەلایەن هەمان کەس، یان هەمان دەستەی دادگەران تێکەڵ بەدەستەڵاتداری ڕاپەڕاندن دەبێت، هیچ سەربەستییەک نامێنێ؛ چونکە ئەو مەترسییە دێتەکایەوە کەوا هەمان پاشا، یان هەمان ئەنجوومەنی پیران هەڵسێ بە دانانی چەند یاسایەکی سامناک بۆ ئەوەی سامناکانە بەکاریان بێنێ.

دووبارە ئەگەر هاتوو دەسەڵاتداری دادگەری لەگەڵ دەسەڵاتداری یاسادانان و ئەوەی ڕاپەڕاندن. جیانەبووەوە؛ ئەوسا سەربەستی نامێنێ. ئەگەر لەگەڵ دەسەڵاتداری یاسا دانان تێکەڵ بوو، ئەوا دەستەڵاتداری بەسەر ژیان و سەربەستی هاووڵاتیان سامناک و ترسناک دەبێت: چونکە ئەوکاتە دادگەر دەبێتە یاسا دانەر. ئەگەر لەگەڵ دەستەڵاتداری ڕاپەڕاندنیش یەکیان گرت؛ ئەوا دادگەر دەبێتە خاوەن هێزی ستەمکارێک.

هەموو مافێک لەناو دەچێت ئەگەر هاتوو هەمان کەس، یان هەمان دەستەی سەرەکی، یان دەستەی نەجیب زادان، یان هەمان دەستەی گەل؛ مافی بەکارهێنانی ئەم سێ دەستەڵاتدارییەی گرتەخۆی: ئەوەی یاسا دادەنێ و ئەوەی بڕیارە گشتییەکان و بڕیارەکانی میری ڕادەپەڕێنێ و ئەوەی حوکمی تاوانەکان یان کێشە تایبەتییەکان دەکا.

دەستەڵاتداری دادوەری نابێ بدرێتە ئەنجوومەنێکی (٣) هەمیشەیی بەردەوام، بەڵکو پێویستە بدرێتە چەند کەسانێک لەناو جەرگەی گەل (٤)، لە چەند کاتێکی ساڵ، بەپێی پەیڕەوی دیاریکراوی یاسا هەڵبژێرێن، بۆ پێکهێنانی دادگەیەک پێویستی بڕیاری مان و نەمانی بدا.

بەم چەشنە، دەستەڵاتداری دادگەری سامناکی نێو مرۆڤ، لە ئەنجامی بەندنەبوونی بەهیچ وڵات و پیشەیەکی دیاریکراو دەبێتە دەستەڵاتدارێکی بێ نرخ و بایەخ دادوەران هەرگیز بە بەردەوامی لەسەر تەخت نامێنن؛ هەر دەستەی دادگەرانیشن کەوا جێگەی مەترسین نەوەک دادگەران خۆیان.

دەشێ دوو دەستەڵاتدارییەکەی تر (٥) بدرێتە چەند دادگەرێک، یان چەند دەستەیەکی هەمیشەیی بەردەوام، چونکە هیچ تایبەتمەندییەک بەکارناهێنن، لەبەر ئەوەی یەکەمیان تەنیا توانای گشتی دەوڵەتە و ئەوی تریش تەنانەت بەجێهێنانی ئەم توانا گشتییەی کەوتۆتە ئەستۆ.

بەڵام ئەگەر هاتوو دادگەکان جێگر و چەسپاو نەبوون، پێویستە «ئەحکامەکان» تاپلەیەک مۆرکی ئەم خاسیەتەیان پێوە دیاربێت. ئەم خاسیەتە بگرنە خۆیان هەرگیز لە دەقێکی ڕۆن و ئاشکرای یاسا بەولاوە زێتر نەبن. ئەگەر هاتوو ئەم «ئەحکامانە» چەند بیروڕایەکی دادگەربوون، ئەوسا مرۆڤ بێ ئەوەی بەتەواوی ئەو

پێوەندییە و ئەو ئەرکانەی سەرشانی بزانێ کە لەگەڵ کۆمەڵگە دەیبەستێ؛ ژیان دەباتە سەر.

**سەرچاوە:**

De la Separation Des Pouvoirs Esprit des lois X1, V1 (1748) Montesqioeu.

### ڕۆنێ دێکارت

سەرەتاکانی بلیمەتی دێکارت لەو خاڵەوە سەری هەڵدا کە گەیشتە مۆنتێنی(٦) و هەروەها کاتێ لە جیاتی زانیارییەکی کەسایەتی رووتی دامەزرا و لەسەر چەند بیروڕایەکی خەملێنراو، پەیرەوێکی سەرکەوتووی بێگومانی دامەزراند بۆ ئەوەی پسپۆرانە لەگەڵ عەقڵ و هۆشی ڕەفتار بکات و لە زانستەکانیش بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت. جا بۆ هێنانەدی هیواو ئاواتی، چوو بە تەنیا لە ژوورەکەی، شەوگاری درێژی لەگەڵ خامە و پەڕە و بیروهۆشی بەسەربرد و بەدوای دۆزینەوەی ڕاستی بەبێ وچان خەباتی کرد. لە ئەنجامدا چوار بناماکەی، کە ئێستا بنچینە و بنەڕەتی- کارتێزیانیسم(٧) پێک دەهێنێت، ئامادە کرد، بەڵام بەر لەم قۆناغە پڕ ڕەنج و ئەرکەی هۆش و بیری، فەیلەسوف ماوەیەک بێ تێرامان ژیاوە و هەر لەو ماوەیە هۆش و عەقڵی ساوای لەگشت هەڵە و چەوت و چەواشەی زویرکەر ڕزگار کردووە. بەم جۆرە دلێرانە هاواری ڕاستی کردووە و لەناو کتێبی گەورەی جیهان بەدوای گەڕاوە.

### کاتێ لە کتێبی گەورەی جیهان دەخوێنینەوە

هەرکە هەل و دەرفەتی ڕزگاربوونم لەژێر چنگی کۆیلەتی مامۆستاکانم بۆ ڕەخسا، بە یەکجاری وازم لە خوێندنی ئەدەبیات(٨) هێناو بڕیاریشم دا لەمەودوا بە شوێن هیچ زانستێک نەگەڕێم ئەگەر لە قەوارەی خودی خۆم، یاخود لە کتێبی گەورەی جیهانی نەدۆزمەوە. پاشماوەی لاویم بۆ گەشت و گەڕان و دیدەنی ئەنجوومەنی پاشا و میران و سەردانی چەند سوپاییێک و تێکەڵبوون لەگەڵ چەند کەسێکی خووڕەوشت جیاواز تەرخان کرد. ئەنجام و ئاکامی کۆششم؛ وەدەستهێنانی ئەزموون و شارازاییەکی زۆر بوو بە جۆرێک لە گشت چاوپێکەوتنێک خۆم تاقی دەکردەوە و ڕێکەوتیش لە هەموو شوێنێک هەل و دەرفەتی تێرامانی ئەوشتانەی کە دەهاتە مێشکم بە جۆرێک بۆ دەڕەخساندم کە کەڵک و سوودێکی چاکی لێ وەربگرم، چونکە وا دەهاتە بەرچاوم کە دەتوانم زیاتر لە ئامێزی سەلماندن و لۆژیکەوە ڕووبەڕووی ڕاستی ببمەوە. هەر سەلماندنێکیش بایەخ بە باسێکی تایبەتی دەدا و کارەساتیش دەستبەجێ سزای دەدا ئەگەر هاتوو بەناڕەوایی بڕیاریدا. جا من کەڵکم لەکاری بوێژ لە نووسینگەکەی، وەرگرت؛ ئەویش بێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێک بەخۆی و بەتێرامانەکەی؛ لە هەستی هاوبەش دوور دەکەوێتەوە و خۆی پێهەڵدەکێشی چونکە پێویست بوو لەسەری بیروگیانێکی زۆر و شێوازێکی ڕازاوەی ڕێک و پێک بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی تێرامانەکانی لە ڕاستی نزیک بنەوە. منیش هەمیشە ئارەزوویەکی بەتین هانی دەدام بۆ ئەوەی فێری جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەبم و بەجوانی ڕەفتار بکەم و بە دڵنیایی لەم ژیانە هەنگاو بنێم.

ڕاستە ئەو ماوەیەی تەنیا هۆگری پشکنین و تێڕوانینی ئاکار و ڕەوشتی خەڵکی تر بووم بە دەگمەن شتێکم بەرچاو دەکەوت کە پێی قایل بم، هەروەها تێبینی جیاوازییەکی گەورەم کرد لەو کارەی کە کاتی خۆی لەنێوان بیروباوەڕی فەیلەسووفەکان کردبووم. گەورەترین قازانجیش کە کاتی خۆی بەرزەفتم کردبێ بریتی بووە لە بینینی جۆرەها شت؛ کە ناوێزە و سەمەر و عەنتیکە دێنە بەرچاومان و ڕێگا نادەن لەلایەن نەوەی ترەوە پەسەند بکرێن. جا فێری ئەوەش بووم کە بەتوندی باوەڕ بە هیچ شتێک نەکەم تەنانەت ئەگەر نموونە و ئاکار قایلی کردم. بەم شێوەیە پەیتا پەیتا خۆم لەزۆر هەڵە و چەوت ڕزگار کرد کە دەبنە مایەی لێڵکردن و شڵەقاندنی دەریای زانستی سروشتیمان و هەڵدانی ڕەشماڵی هوڕ و گێلی بەسەر ڕاستیدا، بەڵام دوای ئەوەی چەند ساڵێکم بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لە کتێبی جیهان تەرخان کرد؛ هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرم دا بۆ پەیداکردن و کۆکردنەوەی شارەزایی و ئەزموون. ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕیارم دا کەوا لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی خۆشم بکەم و گشت هێز و توانای ڕۆح و بیروهۆشم بەکاربهێنم بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانەی کە پێویست بوو بیانگرمە بەر. ئەو شتەش کە بووە هۆی سەرکەوتن و پێشکەوتنم، وا بزانم دوورنەکەوتنەوەم بوو نە لە وڵاتەکەم و نە لە کتێبەکانم.

باسێک دەربارەی پەیڕەو (1637)

**سەرچاوە:**

Discours de la Mcthode 1637, 1er partie Rene Descartes.

## ژان ژاک ڕووسۆ
## ئێمیل لە تەمەنی پازدە ساڵی

بە دووپاتکردنەوە و گەشەپێدانی هەڵوێستی مۆنتێنی «Montaigne» ، کە پێویستە پەروەردگار لە ڕەوتی سروشتی منداڵ بیگرێتەبەر نەوەک شێوازی تایبەتی خۆی بسەپێنێتە سەری، ڕووسۆ لە کتێبەکەیدا «Emile» «ئێمیل» بە درێژی باسی بنچینەکانی پەروەردەی مەشقی کردوە، کە لەگەڵ سایکۆلۆژیا «دەروونناسی» و پێداویستییەکانی سروشت دەگونجێت.

ئێمیل خاوەن زانیارییەکی کەمە، بەڵام ئەو زانیارییەی هەیەتی بەڕاستی هی خۆیەتی و خۆی فێری بووە. ئێمیل هیچ زانیارییەک بە نیوەچڵی و کەم و کوڕی وەرناگرێ، ئەوشتە کەمانەی کە دەیزانێ، بە چاکی دەیزانێ، بەڵام گرنگترین شت لێرەدا ئەوەیە کە هێشتا زۆر شت هەیە فێریان نەبووە و دەتوانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان فێریان بێ؛ زۆر شتی تریش هەیە کەسانی تر دەیزانن کەچی ئەو هەرگیز فێریان نابێ. کۆمەڵە شتێکی بێ پایانیش کە هەرگیزاو هەرگیز هیچ مرۆڤێک فێری نابێ. ئێمیل خاوەن بیرێکی فراوان و گشتییە، نەک بە یارمەتی ئەو زانیاری و شارەزاییەی کە هەیەتی بەڵکو بە یارمەتی توانای دەستگیرکردنیان. ئێمیل زۆر زیت و زرنگە، زوو تێدەگا و ئامادەیە فێری هەموو شتێک بێ. هەروەکو مۆنتێنی دەڵێ: ئەگەرچی فێریش نەبووبێ، بەڵام توانای فێربوونی هەیە. منیش ئەوەندەم بەسە بزانێ مەبەستی کردەوەکانی و هۆی بیروباوەڕەکانی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە ئامانجی من هەرگیز ئەوە نییە کە مێشکی پڕ بکەم لە زنیاری؛ بەڵکو فێری بکەم چۆن لەکاتی پێویست وەدەستیان دێنی و وای لێ بکەم بە ڕاستی بەهای زانست و زانیاری هەڵسەنگێنی و نرخی ڕاستەقینەی خۆی بداتێ، ئینجا هانی بدەم پێش هەموو شتێک ڕاستی خۆش بوێت. بەپێی ئەم پەیڕەوە زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی هەنگاو دەنێین، بەڵام هەرگیز هەنگاوی بێ کەڵک و بێ مەبەست نانێین و هەرگیز بەرەو دواوە ناگەڕێینەوە. ئێمیل تەنیا چەند زانیارییەکی سروشتی و بەرجەستەی ڕووتی هەیە، تەنانەت ناوی «مێژوو» نازانێ و نازانێ «میتافیزیک» و «ڕەوشت» مانای چییە. ئێمیل پێوەندییە بنچینەکانی نێوان مرۆڤ و شتومەک دەزانێ بەڵام هیچ پێوەندییەکی ڕەوشتی و ڕۆحی نێوان خودی مرۆڤ نازانێ و هێشتا ئەو توانایەی نییە زانیارییەکی گشتی جۆراوجۆر لە مێشکی کۆبکاتەوە؛ بە سەختی دەتوانێ شت بێنێتە بەرچاوی خۆی و بیری لێ بکاتەوە. کاتێ کە چەند خاسیەتێکی هاوبەش لە چەند کەسانێک دەبینێ؛ بیر لە سەلماندنیان ناکاتەوە. ئێمیل بە یارمەتی چەند شێوەیەکی ئەندازیاری ڕووبەری ڕووت دەزانێ، بە یارمەتی چەند هێمایەکی جەبریش بڕی «چەندین» ڕووت دەزانێ. ئەم شێوە و هێمایانە یارمەتیدەر و دیرەگی ئەم بیرە ڕووتانەن و بەهۆیانەوە بیر و هۆشی تیایاندا دەسرەوێ. ئەو هەرگیز هەوڵ نادات فێری شتێک بێت ئارەزووی لەسەر نەبێت. ئەگەر پێوەندی و ئاشنایەتیشی لەگەڵ نەبوو هەڵی ناسەنگێنێ؛ بەڵام هەڵسەنگاندنەکەی زۆر ڕاست و ڕەوانە. تا ئێستا خۆشەویستی و ڕێککەوتن هیچ ڕۆڵێکیان نییە. ئەوشتەی سوودبەخش و بەکەڵک بێ زیاتر ڕێزی لێ دەگرێ؛ بەم جۆرە لە ئەنجامی جیانەبوونەوەی لەم چەشنە هەڵسەنگاندنە، هەرگیز ڕای خۆی دەرنابڕێت.

ئێمیل بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار دەکا و دەجووڵێتەوە بێ ئەوەی بایەخ بداتە کەسانیتر و بە باشی دەزانێ کە کەسانی تر بیری لێ ناکەنەوە. بەم چەشنە داوا لە هیچ کەسێک ناکات و بیری لە هیچ ئەرکێک ناکاتەوە بەرامبەر کەسی تر. ئێمیل لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا بە تەنیایە و تەنها پشت بەخۆی دەبەستێ. ئەویش لە کەسێکی تر زیاتر ئەو مافەی هەیە کە متمانە بکاتە سەر خودی خۆی چونکە هەر کەسێک لەم تەمەنەدا بێ؛ وەکو خۆی دەبێ. ئەو هیچ هەڵە و چەوتی نییە تەنانەت ئەوانە نەبێت کە ناتوانین لێیان دووربکەوینەوە، هیچ کەم و کوڕیەکیشی نییە تەنانەت ئەوانەی کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێ. ئێمیل خاوەن لەشێکی ساغە، ئەندامەکانی لە جووڵەدان، گیانێکی ڕاست و ڕەوان و بێ لایەنی هەیە و تا ئێستا دڵی سەربەستە و تووشی دڵداری نەبووە، خۆشەویستی خود یەکەمین و سروشتیترین خاسیەتە کە هێشتا تیایدا بە هاستەم جووڵاوەتەوە. ئەو بێ ئەوەی هێمنی کەسێک بشێوێنێ، کامەران و دڵشاد و سەربەست تا سروشت ڕێگای پێدا، ژیا. ئایا وا دەبینین کە منداڵێک بەم چەشنە گەیشتبێتە ساڵی پازدەهەم؛ وایە سانایی ساڵە سەرەتاییەکانی لەدەست بچێ؟

Emile a quinze ans

**سەرچاوە:**

Emile 1762 Livre III Rousseau, Jeaw Jacques.

## سیمۆن دۆ بۆڤوار
## هاوبەشی ستەمکار

دەبا هاوسەر لەگەڵ پیاوە هۆشمەندەکان فێڵباز بێت، «کێرکێگارد» دەڵێ: «ئای چەند کارەساتێکی گەورەیە گەر مرۆڤ ژن بێت!» کەچی لەگەڵ ئەوەش کارەساتەکە لەو ڕاستییەدایە کەوا تەنانەت وەک یەکەم یەک، یان هاووڵاتییەک هەست بەبوونیشی ناکرێ.» ماوەیەکی زۆر بوو بە بەردەوامی و بەبێ وچان خەریکی شاردنەوە و گۆڕینی ئەم کارەساتە بووین. بۆ نموونە: چاودێری «وصایە» لابردراو چەند پاڵپشتێک پێشکەش بە ئافرەت کرا. ئەگەر ئەم پاڵپشتانەش بوونە خاوەن مافی چاودێرە کۆنەکان ئەوا بۆ کەڵکی خودی ئافرەت دەبێ. بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی ژن و بۆ کەڵک و سوودی تایبەتی خۆی؛ لەکارکردن قەدەغە دەکرێ و لەماڵەوە دەچەوسێتەوە. دیمان چۆن کارامانە؛ لەژێر پەردەیەکی جوانی ڕازاوە؛ کارە قورسە ناخۆشەکانی سەرشانی ئافرەت وەک: بەڕێوەبردنی ماڵ و دایکایەتی؛ شاردراوە. لەجیاتی سەربەستی، دیارییەک پێشکەش بە گەنجینەی ژنایەتی فێڵبازی دەکرێ. بالزاک «Balzac» ژیرانە بەرەو پیری ئەم بابەتە چووە و زۆر بەهێز و بەشێوەیەکی ڕێک باسی ئەم کرێکارە نەزانەی کردووە و داوای لە پیاو کردووە، بەدەمکوتکردنی گوایە شاژنە؛ بیکاتە کۆیلەی خۆی. دوور لە بەربەرەکانێ و بەرەنگاری هاتنی خووڕەوشت و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان خەریکی هەوڵ و تەقەلای قایلکردنی خۆیانن کەوا ژن بەڕاستی و بێگومان خاوەن مافێکی تایبەتی زۆرە. ئەمڕۆ لە ئەمریکا کۆمەڵناسەکان بە وردی دیمانەی «کەڵک و قازانجی چینە نزمەکان» دەخوێنن. لە فەڕەنسەش گەلێ جار بڵاوکراوەتەوە و جاڕدراوە؛ هەر چەند لە ژێر ئاستی پەیڕەوی زانستی بووە؛ کەوا کرێکارەکان هەل و دەرفەتێکی چاکیان بۆ گونجاوە و سەڕیان بۆ «نواندن و پیشاندان» شۆڕنەکردووە، وێڕای ئەوەش ئاوارە سواڵکەرەکان مافی کۆنە جل لەبەرکردن و لەسەر شۆستە خەوتنیان پێ بەخشراوە. کەچی ئەم حەز و ئارەزووە بۆ کۆنتی دۆیۆمۆن(٩) و پیادە هەژارەکانی وێندێل(١٠) قەدەغەیە. هەروەکو نائومێد و بێزارە بێ هوودەکان؛ کەوا مێش و مەگەزە مشەخۆرە پیسەکانیان بە چالاکی دەڕنن و قولەڕەشە دڵخۆشەکانیش لەژێر لێدان و ئازاردان پێدەخەنن و عەرەبە ڕووگەشە خەندە لێوەکانی «سووس»(١١)یش منداڵەکانیان لەترسی برسێتی زیندەبەچاڵ دەکەن. «بەرپرسیار نەبوون» تاکە مافێکی تایبەتی ژنە و خۆی پێهەڵدەکێشی. لەبەر ئەوە بە هاسانی و بە ڕوونی دەبێتە خاوەنی نایابترین بەش، بەڵام ئەوەی شایانی سەرسوڕمان و حەپەسانە ئەو لاسارییە کە لەماوەی چەند سەدە و وڵاتێکەوە؛ بە تاوانە ڕەسەنەکەوە بەندە. جا خاوەن پشکەنایابەکان هەمیشە دەقیژێننە سەر چاکەکەرەکانیان: بەسە! ئەوە زۆرە! بەشی تۆم بەسە! کەچی سەرمایەدارە گەورەکان و جێنشینە دەسڕۆکان و نێرینە قەڕووحەکان فەرمان دەدەن: باشترین پشک بپارێزە! نایابترینیان بپارێزە!

لە ڕاستیدا پیاوەکانیان، لای ژنەکانیان هاوبەشییەکی زۆرتریان دەست دەکەوێ لەوەی کە زۆردار بەئاسایی لای زۆرلێکراوی دەست بکەوێ؛ جا بۆ یەکلاکردنی چارەنووسە مەبەستە سەپێنراوەکەی، هەلپەرستانە و نیازپیسانە؛ پشت بەهاوبەشییەکەی دەبەستن. ئەو ڕاستییە ئاشکرا بوو کەوا هەموو ئامانجێکی پەروەردەی پیاوەکە دەرگای یاخیبوون و سەرچڵی لە ژنەکە دادەخات. کۆمەڵگە بەگەورە و بچووکییەوە؛ دایک و باوکە بەڕێزەکەی پێش هەموو کەسێک، کاتێ کە باسی نرخی بەرزی خۆشەویستی و دڵسۆزی گیان قوربانی بۆ دەکەن؛ درۆی لەگەڵ دەکەن و ڕاستی و ڕاستەقینەیی خۆشەویست و مێرد و منداڵانی؛ کە هەرگیز ئامادەنین بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتکردنی لە کاروبارە قورسە ناخۆشەکانی؛ لێ دەشارنەوە، ئەویش «ژنەکەش» بە گەرمی پێشوازی ئەم درۆ و فڕوفێڵانە دەکات چونکە هانی دەدەن بۆ ئەوەی بەدوای کلکی ئاسانی و ساکاری بکەوێ. هەر لەتافی منداڵی و بەدرێژایی ژیانی بەردەوام بە نازوفیز پەروەردە دەکرێ و ڕەوشت و ئاکاری دەفەوتێ و فێری خو و ڕەوشتی خراپ دەبێ و وەک بانگەوازییەک هەموو شتێکی بۆ دەست نیشان دەکرێ. ئەوەش گەورەترین تاوانە کە دژی ژن دەکرێ. بەم چەشنە واز لە هەموو شتێک دێنێ، ئەم واز لێ هێنان و بەجێ هێشتنە سەرنجی گشت بوونەوەرێکی هۆشمەندی ڕاڕای پەرێشان بەدەست سەربەستییەکەی ڕادەکێشێ. ئەگەر هاتوو منداڵێک فێری تەمبەڵی کراو بەدرێژایی ڕۆژگار یاری لەگەڵ کرا بێ ئەوەی ماوەی خوێندن و گرنگی خوێندنی پێ بدرێ، کاتێ کە گەورە دەبێ پێی ناڵێن کەوا خۆی نەزانی و بێ توانایی خۆی هەڵبژارد: هەر بەم جۆرە ژن پەروەردە دەکرێ، بێ ئەوەی فێری گرنگ و پێویستی قاڵبوونی بکرێ لە ژیان؛ ئەوسا ئەویش دڵخۆشانە خۆی داوێتە ئامێزی پاراستن و خۆشەویستی و یارمەتی و

ئامۆژگاری. ژن بەهیوا و ئومێدی هێز و توانای خۆی هەڵدەخەڵەتێ؛ بێ ئەوەی هیچ شتێک بوونی بچەسپێنێ، زۆر هەڵەشە کە خۆی داوێتە باوەشی ئارەزوو و سەرنج، بەڵام پیاو بەدکارانە دێتە پێشەوە و سەرزەنشتی دەکا چونکی خۆی سەرنجی ڕاکێشاوە کاتێ کە دەمەقاڵێیەک لە نێوانیان ڕوودەدا، یەکتری بەرپرسیار دەکەن و تاوانەکە دەخەنە سەر شانی یەکتری؛ ئافرەتەکە سەرزەنشتی دەکا لەبەر ئەوەی دروستی کردووە: «فێری بیرکردنەوە نەکرام» «فێری نان پەیداکردن نەکرام...» پیاوەکەش لەگەڵ بیروباوەڕی ژنەکە دەگونجێ و ئەویش بەم شێوەیە سەرزەنشتی دەکا: تۆ هیچ نازانی... تۆ توانای هیچت نییە.. هەر توخمێک لایەنگیری خۆی دەکا و دەیەوێ تاوانەکە لەسەر خۆی لادا بەڵام هەڵە و چەوتی یەکێکیان ئەوی تریان بێ تاوان ناکا..

**سەرچاوە:**

Simone De Beauvoir, Le Dellxieme Sexe 1949.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەو یاسایەی پێوەندی نێوان نەتەوە و گەلان ڕێک دەخا.

٢- ئەو یاسایەی پێوەندی نێوان هاوڵاتیان ڕێک دەخا.

٣- مەبەست لێرە «ئەنجوومەنی پیرانە» «وەرگێڕ».

٤- مۆنتێسکیۆ بیر لە کۆماری ئەسینا دەکاتەوە.

٥- دەستەڵاتداری یاسادانان و دەستەڵاتداری ڕاپەڕاندن.

٦- Montaigne میشێل ئێکیم دۆمۆنتێنی (1592-1533) یەکێکە لە نووسەرە ناودارە بەرزەکانی فەرەنسە. خاوەنی شاکاری لێکۆڵینەوەکان «Des Essais»ە.

٧- Cartesianisme: ناوە بەواتەی «ڕێڕەوی فەلسەفەی دێکارت» ئاوەڵناوەکەی دەبێتە «Cartesianiste» واتە: دێکارتی یان سەر بە دێکارت و فەلسەفەکەی.

٨- ئەدەبیات «Lettres» مەبەستی نووسەر لێرە ڕۆشنبیری گشتییە چ زانستی و چ ئەدەبی.

٩- کۆنت دۆبۆمۆن Comte De Beaumont: لە خێزانە نەجیبزادەکانی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسەیە.

١٠- Wendel: وێندێل: خێزانێکی کۆنی سەدەی هەژدەهەمە؛ بە پیشە ئاسنگەربوونە. لەناوچەی لۆرینی باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە ژیاون. «وەرگێڕ».

١١- سووس: Sousse: سووسە ناوی شارێکە لە تونس.

# نەخۆشییە دەروونییەکان لەنێوان شاردنەوە و ڕاوێژکردندا

سەلاح حەسەن
(سلێمانی)

شێوازی پەروەردەیی لە کۆمەڵی کوردەواریدا شێوازێکی نا تەندروستە بەواتا پەروەردەییەکەی، ئەمەش پێوەندی بەو نا هاوسەنگییەوە هەیە کە لەنێوان پەروەردەی واقیعی و دابونەریتەکاندا هەیە، دابونەریتەکان کە ڕەوتێکی دوور و درێژیان هەیە و بوونەتە خوو، ڕۆژانە سیخناخن بەسەر تێکڕای ڕەنگدانەوەکانی ڕەفتارماندا، لەو نێوەندەدا (ناخ) پڕە لە شاراوەی سەیر و سەرسوڕهێنەر کە بەدەیان (ئەکلینیکی) سەرودەری لێ دەرناکەن، شەرم وەکو دێوەزمەیەک لەبەردەم هەناسە قووڵەکاندا خۆی مەڵاس داوە ناهێڵێ بە ڕاشکاوی منداڵان، کچان و کوڕان، دایکان و باوکان، ئەوانەی کە ناخیان نەخۆشە بدوێن، (ناخ)یش جەستەکان دەشێوێنێ و ڕەفتارەکان لاسەنگ دەکات.

مرۆڤ کاتێک تووشی ناساغی دەبێت، خۆشحاڵە بە زووترین کات بە نەخۆشییەکەی بزانێت بۆ ئەوەی داوای ڕاوێژ و چارەسەرکردن بکات. بەهۆی بوونی چەند نیشانەیەکی ئاشکرا لە نەخۆشییە جەستەییەکاندا وەک: ئازار، تا، تێکچوونی کاری ئەندامێکی لەش،... نەخۆشەکە زوو ئاگادار دەبێتەوە و بە ئاشکرا باسی دەکات و هەوڵی چارەسەری نەخۆشییەکەی دەدات.

تەندروستی مرۆڤ تەنیا لایەنی جەستەیی نییە، بەڵکو تەندروستی دەروونیش دەگرێتەوە. واتا تووشبوونیشی بە نەخۆشی تەنیا لە ڕووی جەستەییەوە نییە، بەڵکو نەخۆشییە دەروونییەکانیش دەگرێتەوە. چۆن پێویستە لەکاتی خۆیدا داوای ڕاوێژ و چارەسەر بکرێت بۆ نەخۆشییە جەستەییەکان، بە هەمان شێوەش پێویستە بۆ گرفت و نەخۆشییە دەروونییەکان، بەڵام بەداخەوە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵی کوردەواری بەرامبەر نەخۆشییە دەروونییەکان زۆر کەمە و زیاتر نەخۆشییەکان دەشارنەوە و لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ دەکەن، یان بەشێوەی نادروست داوای ڕاوێژ و چارەسەر دەکەن.

لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تووشبوو بە گرفت و نەخۆشییە دەروونییەکان، بەڵام وەکو پێویست ئاوڕ لەم لایەنە نەدراوەتەوە بە بەراورد بە نەخۆشییە جەستەییەکان لای خودی نەخۆش، کەس و کاری نەخۆش، کۆمەڵگا، حکومەت، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، خولەکانی ڕۆشنبیرکردن..

بڵاوی نەخۆشییە دەروونییەکان، ناوەکانیان، چارەسەرکردنیان، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان جیاوازی هەبووە لە سەدە کۆنەکانەوە تاکو گەیشتۆتە ڕۆژگاری ئێستا لە گشت کۆمەڵگا و کولتوورە جیاوازەکاندا.

شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشییە دەروونییەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لە گۆڕاندا بووە و شێوازێک جێگەی شێوازێکی تری گرتۆتەوە، یان لە هەمان کات و هەمان کۆمەڵگا زیاتر لە شێوازێکی مامەڵەکردن هەبووە لەگەڵ نەخۆشییەکان، لە کۆندا زیاتر لەبیروباوەڕە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بڕوایان وابوو نەخۆشەکە بەهۆی هێزێکی باڵای سروشتەوە تووش بووە، یان گیانێکی دڕندە چۆتە جەستەیەوە وەکو سۆمەرییەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان، فیرعەونییەکان، هیندییەکان، ئیغریقە کۆنەکان، ئەوانیش بە گشتی لە

ڕێگەی کاهن و جادووگەرەکانەوە هەوڵیان دەدا ئەو هێزە بناسن کە تووشی کردووە، یان ئەو گیانە دڕندەیە بکەنە دەرەوە لە جەستەی بەمەبەستی چارەسەرکردن.

لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانیشدا خەڵکی لێکدانەوەیان بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان ئاماژەکردنە بەوەی جنۆکە چۆتە لەشییەوە، یان دەستی لێ وەشاندووە. بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکەش، کۆمەڵێک ڕێگای نادروست بەکاردەهێنن وەکو لێدان، بەستنەوە، جۆرێ سزای تر، بڕواشیان وایە ئەم سزایانە ئاڕاستەی نەخۆشەکە ناکرێت، بەڵکو بۆ ئەو جنۆکەیە دەبێت کە چۆتە لەشییەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە چەندین نەخۆش بۆ ماوەیەک دوادەکەون لە چارەسەری بەهۆی ئەم بۆچوونانەوە.

وەکو ئاشکراشە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ نەخۆشییە دەروونییەکان ڕەت دەکاتەوە و ئەو کارانە زیاتر لە داب و نەریتەوە سەرچاوەی گرتووە نەک ئایین، لەگەڵ ئەوەی پیاوانی ئایینی ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئێستا نەخۆشییەکان بڵاوبوونەوەیەکی فراوانیان بەخۆوە بینیوە لە گشت وڵاتانی جیهاندا و هیچ کۆمەڵگایەک نییە گرفتاری ئەو نەخۆشیانەی نەبێت. ڕێژەی بوونی نەخۆشییەکان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، بەڵام بۆ هەندێک نەخۆشی ئەو جیاوازییەش نییە و ڕێژەکە چوونیەکە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرژمێریانەی پەیانگای نیشتمانی بۆ تەندروستی ژیری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامی داوە، نەخۆشییە دەروونییەکان بەشێوەیەک فراوان بوون ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە جیهاندا گرفتارن لەدەستیان. دەرکەوتووە (٢٧) ملیۆن گەورە و (٧,٥) ملیۆن منداڵی پێگەیشتوو دەستنیشان کراون بەوەی یەکێک لە نەخۆشییە دەروونی، یان ژێربییەکانیان هەیە. ئێستا هەندێک ڕیپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ژمارەی منداڵانی پێگەیشتووی تووشبوو بەرزبۆتەوە بۆ (١١-١٤) ملیۆن.

لە یەکێک لە تۆژینەوە ڕووپێویەکاندا لە ساڵی (١٩٩٤) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام درا، لەلایەن (National Institute of Mental Health) بە بەراوردکردنی (٨٠٩٨) کەس لە ژن و پیاو لەنێوان تەمەنی (١٥-٥٤) ساڵ، لەبارەی بوونی هەندێک لە نەخۆشییە دەروونییەکانەوە ئەنجامەکەی بەم شێوازە بوو(*):

| **جۆری نەخۆشییە دەروونییەکان** | **لە ساڵێکی دیاریکراودا ٪** | **لە کاتێک لە کاتەکانی ژیان ٪** |
|---|---|---|
| خەمۆکی توند | ٪١٠,٣ | ٪٠,١٧ |
| خووگیری لەسەر کحول | ٪٩,٧ | ٪٢٣,٥ |
| ترسی نائاسایی (نەخۆشی) | ٪٨,٨ | ٪١١,٣ |
| ترسی کۆمەڵایەتی | ٪٧,٩ | ٪١٣,٣ |
| بەکارهێنانی دەرمانی قەدەغەکراو | ٪٣,٦ | ٪١١,٩ |
| بێ هیوابوون | ٪٢,٥ | ٪٦,٤ |

خۆشبەختانە لەگەڵ بڵاوی و زۆربوونی گرفت و نەخۆشییە دەروونییەکان، لە بەرامبەردا باسکردنی هۆکارەکانیان بەشێوەیەکی زانستی، تایبەتمەندی نەخۆشییەکان بۆ دەستنیشانکردن، چارەسەرکردنیان، شێوازی مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵیان، شێوازی خۆپاراستن لێیان، دەرچوونی چەندین کتێب و بڵاوکراوە لەو بارەیەوە، بەرەو پێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵی کوردەواریدا تاکو ئێستا کەم و کورتی و بۆشایی فراوان هەست پێدەکرێت لەم لایەنەوە و زۆرێک لە حاڵەتەکان دەستەوسانن لە بەرامبەر نەخۆشییەکەیاندا و نازانن چی بکەن بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر دۆخی جارانی خۆیان و هەمان توانای بە ئەنجامگەیاندنی ئەرک و کارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ بگەڕێتەوە. زۆربەی ئەو حاڵەتانەی تووشی یەک لە نەخۆشییە دەروونی، یان کێشە هەڵچوونییەکان بوون وادەزانن تەنیان و کەسی تر حاڵەتی ئەوانی نییە، یان بەرامبەرەکانیان لێیان تێناگەن، لەبەر ئەوە زۆرێکیان حاڵەتەکەیان ئاشکرا ناکەن و تەنانەت هەندێک جار نکوڵی حاڵەتەکە دەکەن لەگەڵ خۆشیان، بەوەی نەخۆشی، یان کێشەیەکیان هەبێت.

نموونەیەکی گونجاو لێرەدا باسی بکەم ئەو کچە گەنجە

تەمەن (٣٠) ساڵە بوو، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی کارکردنم سەرقاڵ بووم، کاتێک دایکێکی بە تەمەن، لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی، ئەو کچە گەنجەیان هێنا، بۆ بەشی دەروونی بۆ چارەسەرکردن. دەبینم کچێکی زۆر تووڕەیە و جنێوی ناشیرین بە دایک و و برای و ستافی بەشەکە دەدات و نکوڵی دەکات نەخۆش بێت و دەڵێت بە زۆری منیان هێناوە بۆ ئێرە، کاتێک بەهێمنی پرسیارم لە دایکی کرد کچەکەت ئیشی چییە؟ ئەویش بە دەنگێکی هێواش و پڕ لە خەم وەڵامی دایەوە، وتی: دەرچووی زانکۆیە، بەڵام تائێستا دانەمەزراوە و لە ماڵەوەیە. پرسیم ماوەی چەندە نەخۆشە؟ پاش هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ، وەڵامێکی زۆر سەرسوڕهێنەری دامەوە وتی: ماوەی (٣ ساڵە) نەخۆشە و لە یەک ژووردا بە تەنیایە و تێکەڵی ئێمە نابێت، لەم ماوەیەدا بۆ تەنیا جارێکیش لە دەرگای ماڵ نەچۆتە دەرەوە.

خوێنەری بەڕێز خودی ئەم نەخۆشە و چەندین نەخۆشی تریش بەهۆی جۆری نەخۆشییەکان بەرچاو ڕوون نین بەحاڵی خۆیان و نکوڵی دەکەن نەخۆش بن، تاکو داوای چارەسەر بکەن، بەڵام سەرسوڕمان لەوەدایە کەمی هوشیاری خێزانێک بەشێوەیەک بێت، سێ ساڵ کچێکی دەرچووی زانکۆ لە ژوورێکدا بێت و بە تەواوی دابڕابێت لە چوار دەوری و جۆری قسە و هەڵسوکەوتەکانی تێکچووبێت بەهۆی نەخۆشییەکی دەروونی، بەڵام شەرمکردن و هۆکارەکانی تر ڕێگربن لەبەردەمیان بۆ داواکردنی چارەسەری.

خۆشبەختانە ئەم حاڵەتە پاش مانەوەی لە نەخۆشخانە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک و وەرگرتنی چارەسەری، حاڵەتەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو باشی چوو.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئایا دەکرێت خەم سارد بین لەبەرامبەر نەخۆشییە دەروونییەکان، لەکاتێکدا بەو ڕێژانەی سەرەوە هەبن و هۆشیاری خێزانەکانی کۆمەڵی کوردەواریشمان بەو شێوازە بێت؟ بێگومان نەخێر، ئێمەش بەو مەبەستە ئەم بابەتەمان نووسیوە، ببێتە هۆی ڕەواندنەوەی شەرم و نکۆڵی کردن لای تاک و خێزان لە بوونی نەخۆشییە دەروونییەکان، هەروەها داواکردنی ڕاوێژ و چارەسەری بۆیان لە زووترین کاتدا.

**ئەو خێزانانەی ئەندامێکی تووشبوو بە نەخۆشی دەروونییان هەیە بە چەند تێڕوانین و شێوازێکی جیاواز داوای ڕاوێژ و چارەسەری دەکەن:**

١- داوای ڕاوێژ و چارەسەری لە پزیشکی پسپۆڕ لە بواری جەستە بەگشت بەشەکانییەوە (هەناوی، نوژداری،....) دەکەن.

٢- داوای ڕاوێژ و چارەسەری لە پزیشکی پسپۆڕی دەروونی دەکەن.

٣- داوای ڕاوێژ و چارەسەری لە پیاوی ئایینی (شێخ، مەلا، قەشە،...) دەکەن، یان چوونە سەر گۆڕی پیاوانی ئایینی.

٤- لەناو خێزانەکەدا وتوێژ لەسەر نەخۆشییەکە دەکەن و هەوڵ دەدەن ئاشکرای نەکەن و بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

زۆرینەی خێزانەکان هەوڵ دەدەن بە چوونە لای پزیشکێکی هەناوی نەخۆشەکەیان چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی بەلایانەوە ئاساییە ئەم سەردانە، بەڵام ئامادەنین سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن، لەبەر ئەوەی شەرم دەکەن بەخێزانەکەیان بوترێت نەخۆشێکی دەروونییان هەیە. هەندێک خێزان پاش چوونەلای چەندین پزیشکی بوارەکانی جەستە ئەگەر نەیتوانی سوود وەربگرێت، پاشان پەنا دەباتە چوونەلای پیاوانی ئایینی. چوونە سەر گۆڕی پیاوچاک، بەکارهێنانی ڕێگاکانی تر، تا لە کۆتاییدا بەناچاری دەچێتە لای پزیشکی دەروونی و بەڵام زۆرجار بەم شێوازەی خوارەوە:

أ- بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی پزیشک دەکات، تەنانەت لە کەسە نزیکەکانی خۆشی دەشارێتەوە.

ب- لەگەڵ بۆچوونەکانی پزیشکی دەروونی هاودەنگ نییە و هەوڵدەدات نکوڵی واقیع بکات و بیسەلمێنێت نەخۆشەکەی لە ڕووی جەستەوە نەخۆشە نەک دەروون. بەتایبەتی زۆرینەی خێزانەکان داوادەکەن شیکاری تاقیگەیی بکرێت بۆ نەخۆشەکەیان تا بزانرێت نەخۆشی گرانەتا (تایفۆئید) یان نەخۆشییەکی تری جەستەیی نییە.

**خوێنەری بەڕێز بزانە**

چۆن ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ تووشی نەخۆشییەکی جەستەیی ببێت وەک: نەخۆشییەکانی جگەر، دڵ، گورچیلە، سپڵ، قورگ، یان گرانەتا.. و بۆ هەرکام لەم نەخۆشییانەش لە کتێبە پزیشکییەکاندا تایبەتمەندییەکانیان دیاری کراوە بە مەبەستی دەستنیشان کردن و چارەسەری. بە هەمان شێوە ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ تووشی نەخۆشییە دەروونی و ژیرییەکانیش ببێت وەک: خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، هیستریا، وەسواسی، فۆبیا، نەخۆشی دەروونی جەستەییەکان، شیزۆفرینیا، مانیا، .... و بۆ هەر کام لەم نەخۆشییانە لە کتێبە پزیشکییەکاندا تایبەتمەندییەکانیان دیاری کراوە بە مەبەستی دەستنیشان کردن و چارەسەری.

واتا بۆچی دەبێت خێزانەکان لایان ئاسایی بێت

ئەندامێکیان نەخۆشییەکی جەستەیی هەبێت و بە زوویی چارەسەری بکەن و بە ئاشکرا باس بکرێت بۆ ئەوەی خزم و کەس و هاورێکانی سەردانی بکەن، بەڵام شەرم بکەن نەخۆشییەکی دەروونییان هەبێت و بیشارنەوە، لەکاتێکدا هەردووکیان نەخۆشین و پێویستیان بە چارەسەری هەیە، بەڵام لە جۆری دووەمدا مافی کەسێک پێشێل دەکرێت و بێبەش دەکرێت لە چارەسەری.

**پەلەکردن لە داواکردنی ڕاوێژ**

چۆن بزانیت پێویستیت بە یارمەتی و ڕاوێژ هەیە؟

ئەم کارە ڕاوەستاوە لەسەر توندی ئەو گرفت و نەخۆشییەی تووشت هاتووە، ئەگەر بووەتە هۆی زەحمەتی بۆت لەم بوارانەی خوارەوە ئەوا پێویستیت بە یارمەتی و ڕاوێژ هەیە:

١- شوێنی کارکردن: توانا و ئارەزووی کارکردنت وەکو پێشتر نییە و جێگەی لۆمەی خۆت و چواردەورەکەشتی لەو بارەیەوە.

٢- پێوەندی کۆمەڵایەتی: پێوەندییەکانت لەناو خێزان و خزم و کەس و هاورێکانتدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەرەو کەم بوونەوە چووە و زیاتر ئارەزووی تەنیایی دەکەیت.

٣- بوارەکانی تری ژیانی ڕۆژانە: ناتوانیت ئەرکەکانی سەرشانت ئەنجام بدەیت و دەستەوسانیت لەبەردەم ئەرکی وادا کە پێشتر بەشێوەیەکی سانا ئەنجامت داون.

باشتروایە پەلە بکەیت لە داواکردنی یارمەتی و ڕاوێژ، پێش ئەوەی کێشە و نەخۆشییەکەت زیاتر ئاڵۆزتر بێت، لەبەرئەوەی ئەم پەلەکردنە ئەگەری لاچوونی کێشە و نەخۆشییەکەت گەورەتر دەکات.

**ئەگەر گومانت هەبوو لەوەی ئایا پێویستت بە ڕاوێژکردن هەیە یان نا؟ دەبێت ئەم پرسیارانە لەخۆت بکەیت:**

١- ئایا هەڵچوونەکانت لە زیادبوون و خراپ بووندان بەو شێوەیەی ببنە ئاستەنگ لەبەردەم ئیشکردن و پێوەندییەکانت لەگەڵ خەڵکی؟ ئایا بەرەو دابڕان چوویت و حەز بە گۆشەگیری بکەیت؟

٢- ئایا وات لێهاتووە کەم دڵخۆش بیت، کەم ئارامی دەروونیت هەبێت، کەم متمانەت بە خۆت بێت، کەم توانای کۆنترۆڵکردنی خۆت هەبێت، خەوت کەم بێت؟

٣- ئایا گەیشتوویتە ئاستی ناڕەحەت بوون بەهۆی دەروونتەوە؟ بەشێوەیەک بەردەوام لەبیری ئەوەدا بیت چۆن ڕزگار بیت لەو تەنگانەیە؟ یان بێ هیوا بوویت و ئارەزووی مردن بکەیت؟

٤- ئایا ئەندامانی خێزانەکەت، خزم و کەس، هاورێ نزیکەکانت هەستیان بە گۆڕانکاری کردووە لە هەڵسوکەوتتدا؟

٥- ئایا توانا تایبەتییەکانت خاموش بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکاندا؟

٦- ئایا مامەڵە کردنت لەگەڵ کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەت گەیشتۆتە ئەوەی کۆڵ بدەیت، یان بێ هیوا بیت؟

٧- ئایا تێرامان و ئاگاداریت زیاتر لەسەر کەم و کورتییەکانتە، یان لەسەر ئەو بارودۆخ و ژینگەی لە چواردەورتە؟

٨- ئایا هەست دەکەیت بێتوانایت لە ڕووی هەڵچوونەوە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانت و دروستکردنی گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژیانتدا؟

ئەگەر لە ڕێگەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە زانیت پێویستت بەداواکردنی یارمەتی هەیە، دەبێت بە زووترین کات داوای ڕاوێژ و چارەسەرکردن بکەیت.

**کێن ئەوانەی دەتوانیت داوای یارمەتی و ڕاوێژیان لێ بکەیت و حاڵەتی خۆتیان بۆ باس بکەیت؟**

١- پزیشکی تایبەتمەندی دەروونی.
٢- دەروونناس.
٣- چارەسازی دەروونی.
٤- توێژەری کۆمەڵایەتی.
٥- کەسانی ڕاهێنراو لە بواری دەروونی.
٦- تایبەتمەندی بواری ڕێنمایی خێزان.

لەکۆتاییدا تێدەگەین گرفت و نەخۆشییە دەروونییەکان مەترسیدارنین و نابێت تووشی بێ هیوایی بین بەرامبەریان، بەڵکو وەکو نەخۆشییە جەستەییەکان چارەسەریان هەیە و پێویستە لەکاتی خۆیدا داوای ڕاوێژ و چارەسەری بکەین بۆیان. هەنگاوی سەرەتای چارەسەرکردن بە قبوڵکردنی حاڵەتەکە دەست پێدەکات، پاشان داوای ڕاوێژ و چارەسەرکردن لە کەسانی تایبەتمەند بۆ دەستنیشانکردن و ناسینی حاڵەتەکە، هەروەها جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی ڕاوێژپێکراو، دواتر چاودێری کردنی حاڵەتەکە لەلایەن کەس و کاری نەخۆش لەلایەک و ڕاوێژپێکراوی تایبەتمەند لەلایەکی تر.

**(*) العناية بالعقل و النفس، د. ديانا هيلز و د. روبرت هيلز، الطبعة الاولى، (١٩٩٩)، ترجمة: د. عبدالعلي الجسماني.**

# بەڵگەسازی و ئەندازەکاری لە ئاکارەکانی ئاوەڵناودا

د. شێرکۆ بابان
(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلیژی ئەندازە)

**(١) دەستپێک**

لەبەر ئەوەی ئەو نووسینانەی لەبەردەستدایە پتر بایەخ بە ڕواڵەتی ئاوەڵناو دەدەن و لەسەر باری ئاسۆیی لێی دەکۆڵنەوە، کاریگەری دەرناخەن لەسەر ناخی ئاوەڵناو و لەسەر باری ستوونی بێ بڕشتن. ئێمە لە ڕێزمانی ئاوەڵناودا چێژێکی تایبەتی هەست پێ دەکەین و وا تێدەگەین کە لە دەرگای ئاوەڵناوەوە دەتوانین ڕووبکەین لە زۆر بابەتی دی. لە ڕاستیدا ئاوەڵناو ڕێزمانێکی ورد و ئاڵۆزی هەیە و ئەو ڕێزمانەش خۆی ڕاست دەکاتەوە و لەوانەشە بتوانێت زۆر بیروبۆچوونی بە هەڵە چەسپاو هەڵبوەشێنێتەوە. بەداخەوە ڕێزمانی زمانەکەمان زۆر ئەستوورە و زۆر پتەوە، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست دەستی بۆ نەبراوە و هێشتا زۆر ماوە کە بگوترێت و زۆری تریش دەمێنێت بۆ نەوەی نوێ.

**(٢) ئاکاری تەرخانکردن**

لەڕێزمانی ئاوەڵناودا ئاکارێکی سەیر هەیە و هەر ئاوەڵناوێک دەتوانێت خۆی تەرخان بکات بۆ چەندین ئاوەڵناوی تر وەک:




لە ڕاستیدا ئەم میکانیزمە کە دەشێت ناوبنرێت (میکانیزمی تەرخانکردنی ئاوەڵناو) بریتییە لە دەرگایەکی واڵا بۆ ژمارەیەکی کراوە لە (ئاوەڵناوی تەرخانکراو) بە واتایەکی دی ڕۆژانە هەر نووسەرێک یان هەر ئاخێوەرێک دەتوانێت ئاوەڵناوێکی ڕێزمانی دابڕێژێت کە هێشتا نەبیسترابێت. بۆ بەراورد لە ئەو نموونانەی سەرەوەدا، هەندێک ئاوەڵناو هەیە کە ڕاستەوخۆ بە میکانیزمی تەرخانکردن ڕیزکراون. بۆ نموونە (کراسی جوان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکەسەی کە بە جوانی کراسەکەی دەناسرێت، نەک بە جوانی خۆی. یان (کچ جوان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکەسەی کچێکی جوانی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە ئاوەڵناوە دەروازەی

بابەتەکە واڵا دەکەن و دەتوانرێت چەندین نموونەی تر ڕیز بکرێت. بۆ نموونە لەجیاتی (کراس جوان) دەشێت بگوترێت (دەسماڵ جوان، جل جوان، سەرپۆش جوان، کڵاوجوان، خشڵ جوان، سوخمە جوان، ...) یان لەجیاتی (کچ جوان) دەتوانرێت بگوترێت (کوڕ جوان، منداڵ جوان، دایک جوان، باوک جوان، براجوان، خوشک جوان...). بە هەمان شێواز، دەتوانین رووبکەین لە هەزاران نموونە و ڕاستەوخۆ بیخەینە بەر نووکی پێنووس.

لە ڕووی میکانیزمەوە، دەتوانین بڵێین، ئاوەڵناو، لەسەرەوە، خانەیەکی بۆش هەڵدەگرێت و نووسەر و ئاخێوەریش سەرپشکن بۆ پڕکردنەوەی ئەو خانە بۆشە بەهەر (ناو)ێکی بەجێ. بێگومان لەپاش چەسپاندنی (میکانیزمی تەرخانکردن) ئاوەڵناوەکە لە باری گشتییەوە وەک (جوان) وەردەچەرخێت بۆ ئاوەڵناوێکی تایبەتی و دیاریکراو وەک (کراس جوان). لەگەڵ ئەوەشدا واتای ئاوەڵناوەکە دەگوێزرێتەوە بۆ سەر کەسێک یان چشتێک کە خاوەنی ئەو ئاوەڵناوە تەرخانکراوە بێت، نەک بە خودی خۆی ئاکاری ئەو ئاوەڵناوەی تێدا بێت. بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (باڵا جوان) واتای (خاوەن باڵای جوان) دەبەخشێت. یان (کردەوە جوان) واتای (خاوەنی کردەوەی جوان) دەبەخشێت. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ئەم گەمەیە لە ئاستی هەر ئاوەڵناوێکدا واژ دەکاتەوە و ئاوەڵناوەکەش لە ئاستی هەر ناوێکدا بۆی هەیە هەڵوەستەیەک بکات.

### (٣) ئاکاری ناسراوی

لە زمانی کوردیدا ئامرازی ناسراوی (ەکە) بریتییە لە ئامرازێکی تایبەتی بۆ ناساندنی (ناو) وەک:

دار: دارەکە
باخ: باخەکە
مێز: مێزەکە

بێگومان، زۆر جاریش دەبینیت کە ڕێزمانەکە ڕێ دەدات ئامرازی ناساندن (ەکە) بلکێت بە ئاوەڵناو وەک:

جوان: جوانەکە
بەرز: بەرزەکە
سوور: سوورەکە

لە ئاستی جۆرە نموونەی ئاوهادا، نابێت چاو بخەڵەتێت و وا تێبگات کە ئامرازی (ەکە) نووساوە بە (ئاوەڵناو)ەوە، چونکە لە ئاستی هەر نموونەیەکدا لە چەشنی ئەوانەی سەرەوە، ناوێکی کرتاو هەیە، وەک:

جوانەکە: کچە جوانەکە
مێزەکە: مێزە بەرزەکە
سوورە: کراسە سوورەکە

لە ڕاستیدا، ڕێزمانەکە ڕێ دەدات کە ناوەکە بکرتێت و ئاوەڵناوەکەش ئامرازەکەی بۆ بپارێزێت، وەک:

کچەکە: کچە جوانەکە: جوانەکە
مێزەکە: مێزە بەرزەکە: بەرزەکە
کراسەکە: کراسە سوورەکە: سوورەکە

بەسەرنجێکی ورد و ژیرانە، بە ئاشکرا دیارە ئامرازی (ەکە) چووەتە سەر (کراسەکە) و پاشان ئاوەڵناوی وەرگرتووە و بووە بە (کراسە سوورەکە) و لە پاشتردا ناوی (کراس) کرتاوە و بووە بە (سوورەکە). بەواتایەکی دی، لە هەر جێیەکدا کە ئامرازی (ەکە) لەگەڵ ئاوەڵناودا دەرکەوت، ئەوا بە (بێگار) هەڵی گرتووە و هی خۆی نییە و هی ئەو (ناو)ەیە کە لەبەرچاو نییە.

### (٤) ئاکاری بەستن بە ئامرازی (ـە)

ئامرازی بەستن (ی) بریتییە لە ئەو ئامرازەی کە (ناو) دەبەستێت بە (ناو)ەوە، وەک:

بەرد (ی) دیوار
باخ (ی) میوە
پەرژین (ی) دارستان

یان، بریتییە لە ئەو ئامرازەی کە (ئاوەڵناو) دەبەستێت بە (ناو)ەوە، وەک:

بەرد (ی) سەخت
باخ (ی) جوان
پەرژین (ی) بەرز

ئەوەی سەیرە لە ئەم دوو دەستەواژەیەدا ئەوەیە کە لە دەستەواژەی (ناو+ناو)دا، دوو ئامرازی ناساندن (ەکە) بۆی هەیە بچەسپێت، چونکە دوو (ناو) هەیە، بەڵام لە دەستەواژەی دووەمدا هەر یەک ئامرازی (ەکە) بۆی هەیە کە بچەسپێت، چونکە یەک (ناو) هەیە، وەک:

- دەستەواژەی (ناو+ ناو)
بەرد(ەکە)ی دیوار(ەکە)
باخ(ەکە)ی میوە(ەکە)
پەرژین(ەکە)ی دارستان(ەکە)

- دەستەواژەی (ناو+ ئاوەڵناو)
بەردە سەخت(ەکە)
باخە جوان(ەکە)
پەرژینە بەرز(ەکە)

بەسەرنجێکی وردەوە، ئەگەر ئەو دوو دەستە نموونەیە بەراورد بکەین، چەندین ڕاستییەک دەردەکەوێت، وەک:
یەکەم: وەک لە برگەی پێشتردا باس کرا، ئامرازی

ناساندن(ەکە) بریتییە لە ئامرازی (ناو)، نەک (ئاوەڵناو). ئەمەش بە ژمارە (ناوەکان) و ئامرازەکەدا دیارە. بۆ نموونە لە ئەو شەش دەستەواژەیەدا، نۆ جار (ناو) بەکارهێنراوە و نۆ ئامرازی (ەکە) چەسپاوە.

دووەم: لە ئاستی دەستەواژەی (ناو+ ئاوەڵناو)دا، ئامرازی (ی) گۆڕاوە و بووە (ـە)، چونکە ئامرازی (ەکە) هی ناوەکەیە، نەک هی ئاوەڵناوەکان.

**(٥) ڕێزمانی ئاوەڵناو بە ئەندازە و پێوانە**

لە ئەو بابەتانەدا کە لەپێشەوە باس کران، سێ دیاردەی ئەندازەیی دەرکەوتن بۆ پێوانەکردنی بەژن و باڵای (ئاوەڵناو) و جوداکردنەوەی پسوولەکەی لە پسوولە (ناو)، وەک:

ئەندازەی یەکەم: لە ئاوەڵناودا، (میکانیزمی تەرخانکردن) بریتییە لە بارێکی گشتی و دەشێت، ئاوەڵناوی پێ بناسرێتەوە بۆ نموونە، ئەگەر باری شێلوویی بە ئاوەڵناوەوە هەبێت، دەتوانین بیانخەینە بەر میکانیزمی تەرخانکردن، وەک:

نەترس: (چاو) نەترس
سووتاو: (دەست) سووتاو
نووسراو: (ناو) نووسراو

کەواتە، ئەم وشانە ئاوەڵناون، چونکە دەشێت تەرخان بکرێن وەک (جوان: چاوجوان). بەواتایەکی دی، وشەکانی (نەترس، سووتاو، نووسراو) بریتین لە (ئاوەڵناو) و ئاکاری (ئاوەڵناو) دەپارێزن، هەرچەندە لە کارەکانی (ترسان، سووتان، نووسین)ەوە داڕێژرابن.

ئەندازەی دووەم: ئەو وشانەی کە لە ئەندازەی یەکەمدا خرانە بەر پێوانە، دەتوانرێت جارێکی تر بیانخەینە بەر ئەندازەی ئامرازی (ەکە)، وەک:

نەترس: نەترسەکە
سووتاو: سووتاوەکە
نووسراو: نووسراوەکە

ئەم نموونانە وەک (ناو) ئامرازی (ەکە)یان وەرگرت، بەڵام هی خۆیان نییە و هی (ناو)ێکی کرتاوە و ڕێ دەدەن کە بگەڕێتەوە.

کوڕەکە: کوڕە نەترسەکە: نەترسەکە
دارەکە: دارە سووتاوەکە: سووتاوەکە
نامەکە: نامە نووسراوەکە: نووسراوەکە
لەسەر ئەندازەی،
کچەکە: کچە جوانەکە: جوانەکە

ئەندازەی سێیەم: لە دەستەواژەی (ناو+ ناو)دا، دوو ئامرازی (ەکە) بۆی هەبوو بەکاربهێنرێت، چونکە دوو (ناو) لە ئارادابوو. لەبەرانبەردا، لە دەستەواژەی (ناو+ ئاوەڵناو) هەریەک ئامرازی (ەکە) بۆی هەبوو بچەسپێت، چونکە هەر یەک (ناو) لە ئارادایە. کەواتە لە ئاستی ئەو وشانەدا کە دەخرێتە بەر پێوانە، دەبێت هەریەک ئامرازی (ەکە) بچەسپێت، وەک:

کوڕە نەترسەکە: نەک (کوڕەکە نەترسەکە)
دارە سووتاوەکە: نەک (دارەکە سووتاوەکە)
نامە نووسراوەکە: نەک (نامەکە نووسراوەکە)

لە ئێرەدا، وەک ئەو وشانەی ئاکاری (ناو) پەسەند ناکەن و دوو ئامرازی (ەکە) پەسەند ناکەن، دەشێت (ئاوەڵناو) بن، چونکە یەکسانن لە ئاستی ئامرازی (ەکە)دا.

ئەمەش لە یاد ناکەین کە دەستەواژەی (کوڕەکەی نەترسەکە) واتای هەیە، بەڵام وەک (کوڕەکەی پیاو نەترسەکە). ئەم نموونەش جارێکی دی خۆی خۆی ڕاست دەکاتەوە و ئەو دوو ئامرازەی (ەکە) دەگەڕێتەوە بۆ دوو ناوەکە (کوڕ و پیاو)، نەک بۆ ئاوەڵناوی (نەترس).

ئەندازەی چوارەم: وشەی (ئاوەڵناو) دەلکێت بەناوەوە بە یاریدەی ئامرازی بەستن (ی)، وەک:

گوڵ (ی) گەش
هەنار (ی) مێخۆش

لە ئەو دەستەواژانەدا، ئامرازی (ی) دەگۆڕێت بە (ـە) ئەگەر ئامرازی ناساندن (ەکە)، یان ئامرازی ئاماژە وەربگرن، وەک:

گوڵ (ە) گەشەکە: ئەو گوڵ (ە) گەشە
هەنار (ە) مێخۆشەکە: ئەو هەنار (ە) مێخۆشە

لە ئاستی ئەم ئەندازەیەدا، هەر سێ وشەی (نەترس، سووتاو، نووسراو) یەکسانن بە (ئاوەڵناو)، وەک:

: کوڕ (ە) نەترسەکە: ئەو کوڕ(ە) نەترسە: کوڕ(ی) نەترس
دار(ە) سووتاوەکە: ئەو دار(ە) سووتاوە: دار(ی) سووتاو
وتار(ە) نووسراوەکە: ئەو وتار(ە) نووسراوە: وتار(ی) نووسراو

کەواتە، ئەو سێ وشەیە بریتین لە (ئاوەڵناو)، چونکە هەر چوار ئەندازەکە دەچەسپێت بەسەریاندا.

**(٦) بەرەنجام و لێکدانەوە**

* لە ئەم نووسینەدا، چوار ئەندازە بەکارهێنرا بۆ ناسینەوەی پسوولەی (ئاوەڵناو)، وەک:

ئەندازەی یەکەم: ئاوەڵناو ئاکاری تەرخانکردنی هەیە، وەک:
ناسک: دڵناسک
پاک: دڵپاک
نەمر: ناو نەمر

ئەندازەی دووەم: ئاوەڵناو ئامرازی (ەکە) وەرناگرێت و ئەگەر وەری گرت دەگەڕێتەوە بۆ ناوێکی کرتاو، وەک:
ناسکەکە: میوە ناسکەکە
ئەندازەی سێیەم: وەک (ئاوەڵناو) ئامرازی (ەکە) وەرناگرێت لە دەستەواژەی (ناو+ ئاوەڵناو)دا هەریەک ئامرازی (ەکە) بۆی هەیە دەربکەوێت، وەک:
کوڕە دڵپاکەکە: نەک (کوڕەکە دڵپاکەکە).
ئەندازەی چوارەم: لە دەستەواژەی (ناو+ ئاوەڵناو)دا، ئامرازی (ەکە)، ئامرازی (ی) دەگۆڕێت بە (ـە)، وەک:
شیرین: سێو(ە) شیرینەکە
مزر: هەنار(ە) مزرەکە

* ڕەنگە هەندێک لە ئاوەڵناوەکان، وەک ئەوانەی لە ئەم نووسینەدا لێکدرانەوە (نەترس، سووتاو، نووسراو)، گفتوگۆیان لەسەر دابمەزرێت، بەڵام ئەو وشانە چی بن و لە چی سەرچاوەیەکەوە هاتبن پسوولەی ئاوەڵناو)یان هەیە.
* هەندێ جار بابەتەکە شێلوو دەبێت بە (ناو)ەوە. بۆ نموونە، وشەی (سەگ) ناوە، بەڵام بە خوازراوی بریتییە لە (ئاوەڵناو) و ئاکاری (ئاوەڵناو) پەسەند دەکات، وەک:
سەگ: چاوسەگ: دڵسەگ، سەرسەگ
مشک: سمێڵ مشک: چاو مشک
گورگ: دڵ گورگ: دەم گورگ

ئەم ئاوەڵناوە خوازراوانە، ئامرازی (ەکە) وەرناگرن و ئەگەر وەری بگرن لەجیاتی ناو (کوانوو)ەکە وەری دەگرن. لە هەمان کاتدا، ئامرازی (ی) دەگۆڕن بە ئامرازی (ـە) بە زەبری ئامرازی ناساندنی (ەکە)، وەک:
منداڵە‌کە: منداڵە چاو مشکەکە
منداڵی چاومشک: منداڵ(ـە) چاومشکەکە

* لە هەندێک وشەدا، باری دوو لایەنە هەیە. بۆ نموونە وشەی (کچ) دوو واتای هەیە، وەک:
کچ: بەواتای ئافرەت بەگشتی (ناو)
کچ: بەواتای ئافرەتی شوونەکردوو(ئاوەڵناو)

بێگومان، لە ئەو دیوەدا کە (کچ) بریتییە لە (ئاوەڵناو) گشت ئەندازەکان دەچەسپێن بەسەریدا، وەک:
کچە کچەکەیان: بەواتای (کچە شوونەکردووەکەیان)
لە ئێرەدا، وشەی (کچ) لەبەراییدا، بریتییە لە (ناو) و ئامرازی (ەکە) بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و وشەی دووەم (کچ) بریتییە لە (ئاوەڵناو) و ئامرازی بەستن (ـە) بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.
* ئەگەر لە دەستەواژەی (ناو+ ناو)دا، زۆر بکەین لە (ئەندازەکانی ئاوەڵناو) و بیانخەینە سەری، ئەوا واتای ناوی دووەم چەواشە دەبێت بە دیوی (ئاوەڵناو)دا، وەک:
پیاوەکە: پیاو(ە) دڵبەرد(ەکە)

لە ئەم دەستەواژەدا، هەرسێ ئەندازەکە چەسپاوە و لە ئاستی هەر ئەندازەیەکدا وشەی (بەرد)، بریتییە لە (ناو)، ئاکاری (ئاوەڵناو)ی وەرگرتووە، وەک:
بەرد: دڵبەرد
پیاوەکە: پیاو(ە) دڵبەرد(ەکە).
پیاو(ی) دڵبەرد: پیاو(ە) دڵبەردەکە

* هەندێک ئاوەڵناو هەیە کە بە ئامرازی (ین) دروست کراون بە واتای (دروستکراو لە چشتێک)، وەک:
زیو: زیوین
زێڕ: زێڕین
ئاسن: ئاسنین
دار: دارین
پۆڵا: پۆڵایین
.... :...
ئەم وشانەش ئاکاری ئاوەڵناو پەسەند دەکەن، وەک:
زیوین: چێوە زیوین
: ڕەنگ(ـە) زیوینەکە

* ئەو ئەندازانەی کە لەنێو ئەم نووسینەدا بەکارهێنران دەتوانن ببن بە فیلتەرێکی بەکار، یان بە ئەندازەیەکی بە بڕشت بۆ هاوێرکردنی (ئاوەڵناو) لە زمانەکەدا. ئێمە لە ئەو باوەڕەداین، جۆرە بابەتی ئاوها کاریگەری لەلای منداڵ زۆرترە و ئەگەر فێری ببن مامۆستاکانیان بێزار دەکەن بە پرسیاری (بەجێ).

سەرچاوە:
– د. شێرکۆ بابان، ئەندازەیەک بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە «٢٣»، (٢٠٠٤).
– د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی یەکەم (ناو) بەغدا (١٩٧٩).
– لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا (١٩٧٦).
– هەندێک بابەتی بڵاونەکراوە، لە ئیشەکانی خۆمان.

# ڕەنگ لە هونەری تەلارسازیدا

و/ کامەران تاهیر

هەروەکو دەزانرێت پەرستگەکانی یۆنانی دێرین لە بنچینەدا فرە ڕەنگ بوون، بەڵام کات و سەردەمەکان دایڕنیون، هیچ شوێنەوارێکی بۆ ڕەنگەکان نەهێشتۆتەوە، بە چەشنێک بەردەکانی ئەو تەلارانە ئەمڕۆ بە ڕووت و قووتی ماونەتەوە، هەرچەندە ئەوشتانە وای کرد گۆڕانێکی یەکجار زۆر بێتەدی، بەڵام ئێمە تاکو نووکە وەک تەلاری خانەدان و بەهێز هەستیان پێ دەکەین.

کاتێک تابلۆیەکی هونەری (Rainting)، ڕەنگی ون بکات، بوونیشی وەک بەرهەمێکی هونەری ون دەکات، بەڵام ئەمە سەبارەت بە تەلارسازی دروست نییە، چونکە هونەری تەلارسازی بەر لە هەموو شتێک بایەخ بەشێوە و دابەشکردنی وردەکارییەکانی پانتایی دەدات، ڕەنگیش لە کۆشک و تەلاردا بۆ جەختکردنە سەر تایبەتێتی و کاراکتەری هەر خانوو بەرەیەک و دەرکەوتنی شێوە و کەرەستە و ڕوونکردنەوەی دابەشێنەکانی بەکار دەهێنرێت.

کاتێک ئێمە قسە لەسەر «ڕەنگ» دەکەین، مەبەستمان تەنیا ڕەگەزە بنچینەییەکان نییە، بەڵام دیسان تۆنە جیاکان لە سپییەوە بەرەو خۆڵەمێشی بۆ ڕەش و سەرجەم ئاوێتەکانی دی هەڵدەکشێت، ئەو دەمەش بە تەواوەتی بەدەردەکەوێت، کە هەر خانوو بەرەیەک ڕەنگێکی هەیە، ئەوەی گرنگە سەبارەت بە ئێمە بەکارهێنانێتی لە ڕووی هونەری تەلارسازی و هزری ڕووتەوە.

لە بنچینەشدا، ڕەنگ بەهیچ جۆرێک گرفت و کێشەیەک نەبووە، بەڵکو دواتر لەخۆ ڕاهاتۆتە ناوەوە، مرۆڤەکان ئەو کەرەستانەیان بەکاربردووە، کە لە سروشتدا هەبوون، ئەمەش شارەزاییەکی پێبەخشیون، کە ئەم کەرەستانە بەهێز و پێزە، دەکارێت ڕاژەیەکی چاک پێشکەش بکات، بۆ ئەمەش دیواری ماڵەکەی یانژی شوێنی داڵدەدانی دەشێت لە کەستەکی بەهێز چێکردبێت، کە لە شوێنی کارکردنی هەڵێنجاوە، یاخود لەو بەردانە دروستی کردوون، کە لە نزیک خۆی گردی کردۆتەوە، دواتریش دار و پەردووی سەری بە جۆرەها لق و چڵ و پووش و پەڵاش گرتووە، لە ئاکامیشدا هەیکەلێک لە ڕەنگەکانی نێو خودی سروشت بووەتە شوێن و داڵدەدانی مرۆڤەکان، پێکهاتەکانیشی وەک هێلانەی باڵندەکان بوویتە بەشێک لە ئەدگار و خەسڵەتەکانی سروشت.

مرۆڤە سەرەتاییەکان چوار پایەدارینەکەی خۆیان یاخود کوخە لە قوڕ دروستکراوەکەیان بە خەناوکە و ملوانەکەی گوڵان، یانژی دیوارە خۆڵەمێشەکانیان بەهۆی کوتاڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان دەڕازێننەوە، بەم شێوەیە هەوڵدراوە جۆرە چاکسازی و گۆڕانکارییەک لە کەرەستەکانی سروشتدا ئەنجام بدرێت، هەروەک چۆن دەشێت خشڵ و



نەخشی ئاڵ و واڵای ڕەنگاو ڕەنگ بە جەستەی برۆنزی و پەشۆکاوی مرۆڤەکاندا بکرێت.

دواتریش مرۆڤەکان ئەو شێوازەیان دۆزییەوە یاخود فێری ئەوە بوون، کە چۆن بەردەوامیێتی زیاتر بە کەرەستەکانی تەلارسازی ببەخشن، وەک ئەو شیعریەتەی لە سروشتدا هەیە، ئەمەش وای کرد ڕەنگی نوێتر دەربکەوێت، لە جیاتی خشتی ڕەنگ خۆڵەمێشی وشککراوەی بەر خۆرەتاویش، بەهۆی گڵکارییەوە کەرپووچی «سوور» یاخود «زەرد»مان دەست دەکەوێ، بەسەودایکردنی دار و قیرپیش ڕەنگێکی (ڕەشی تێر)مان چنگ دەکەوێ، ئەم ڕێگە جۆراوجۆرانە وای کرد چەندان ڕەنگی هەمەچیزە بێتە ئاراوە سەرپشک بین لە بەکارهێنانیاندا، وەک ڕێسایەکیش، هەرچەندە سنووردایش بێت، بۆ نموونە ڕەنگەکانی کەرپووچ تاڕادەیەک لە سنوورێکی بەرتەسکدایە، تەنانەت ئەگەر کەرەستەکانی تەلارکاریش بەهۆی بۆیەکردن یاخود سواخدانەوەش پارێزراو بێت، بۆ بەهێزی و بەردەوامیێتیش، تەنیا چەند ڕەنگێکی کەم دەشێت پشتی پێببەسترێت، لێرەدا پێوەندییەک لەنێوان کەرەستە و ڕەنگدا هەیە، کە ناتوانرێت شرۆڤە بکرێت، چونکە ئێمە بەشێوەیەکی سەربەخۆ سەودایی لەگەڵ ڕەنگدا ناکەین، بەڵکو تەنیا وەک یەکێک لە چەندان تایبەتمەندێتی هەر کەرەستەیەکی دیاریکراو، بۆیە دەشێت کارێکی چنین بەهەمان داوی ڕێسراوی ڕەنگکراو- بە چەندان ڕوخساری جیاواز ئەنجام بدرێت، چونکە ڕەنگ لەگەڵ بەرکەوتەکەیدا دەگۆڕێت، بۆ نموونە ساتانی بریسکەدار و مەخمەڵ هەردووکیان لە هەمان ئاوریشم دەچنرێن، کەچی یەکەمیان بریسکەدار و پرشنگدارە و دووەمیشیان خودان قووڵی و درەوشاوەیە. لەوساتەی مرۆڤەکان ڕەنگی تەلارسازییان خستەژێر ڕکێفی خۆیان لە بری ئەوەی لە سروشتدا بەرهەمی بهێنن، پێنگاڤێکی نوێ لە نەخشەسازی هونەری تەلارسازی هاتەدی، بەڵام ئەوەی بەدەردەکەوێ، ئەندێشەی مرۆڤەکان یەکجار هێواش و لەسەرخۆ بوو، لە بارەی تێگەیشتنی ئەگەرە نوێیەکاندا، ئا ئەوەتا زۆرجاران ئەو ڕەنگانەی دەوروبەرمان بەکاردەهێنین، کە لەسەر بینینیان ڕاهاتووین، تاکو نهۆ شوێنی حەوانەوە، بەشێکە لە ئەدگارەکانی سروشتدا، ئەگەر هاتوو لێرە بەردی «زەرد» لە ناوچەکانی دەوروپشتماندا هەبێت، ئەوا زۆربەی خانووبەرەکانیش ڕەنگیان زەرد دەبێت، چونکە لەم بەردانە چێکراون، تەنانەت ئەگەر دیوارەکانیش بە گەچ یان چیمەنتۆ بۆیە بکرێت یاخود سوواخ بکرێن یان ڕووکەش بکرێن، بێگومان بە ڕەنگی زەرد کەفماڵ دەکرێن، کە لەو لمە زەردە خۆماڵییە پێکدێت، چوارچێوەی پەنجەرە و دەرگەکانیش لەوانەیە بەشین یاخود سەوزی هاو دژ بۆیە یاخود ڕەنگ بکرێن.

لە چەندان ژیار و شارستانیەتی جیاجیادا زۆرجار ڕەنگە بریسکەدارەکان بە پەراوێزێکی سپی دەورە دەدرێن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی هەر ڕەنگێک چاکتر و بەهێز و بەپێزتر بەدەربکەوێت و بەجیا خۆی

نیشان بدات.

کاتێک ئێمە هەڵدەبژێرین، بەهۆی خودی کەرەستەکانی تەلارکارییەوە نەسەپێنراوە، زۆرجار دەستنیشانکردنمان دەکەوێتە سەر ڕەنگێکی سروشتی کەرەستەیەکی دیاریکراوی دی، بە پێچەوانەی ئەو ژینگە سەوزەی ئێمە لەسەری ڕاهاتووین، بۆ نموونە ئەو خانووبەرانەی لە قەدی درەختەکان، لە دەڤەرە کشتوکاڵییەکانی نەرویج و سوید دروستکراون، زۆرجار بە سوورێکی تیژ ڕەنگکراون، کەچی ئەمڕۆ ئەمە بوویتە شتێکی ئاسایی، بەڕادەیەک، کە سەرنجی هیچ کەسێک بەلای خۆیدا پەلکێش نەکات، بەڵام چۆن ئەم نەریتە دەستی پێکرد؟ ئەریک لوندبێرگ مێژوونووسی هونەری سویدی بیردۆزەکەی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو، کە دەسپێکی ئەم نەریتە بۆ ئەو خانووبەرە مەزنانە دەگەڕێتەوە، کە بەخشتی سوورچێکراون و بەردەوامێتییەکی زۆریان هەیە، بەم پێیە ئەم بیرۆکەیە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە خانووبەرەی ڕاستەقینە، دەبێ سووربێت، نەوەکانی دواتریش لاسایی خانووبەرەی گەچکاری و ڕەنگەکانیان کردەوە، بە زۆریش لە کێڵگەکانی وڵاتی نەرویج ئەو نموونانە دەبینیت، کە دەکارین بێژین تێکڕای خانووبەرەکانی کشتیار و جوتیاران بە ڕەنگی سوور لەسەر تەرزی دێرین ڕووکەش کراون، خانووبەرەکان لەسەر تەرزی گەرەکە کلاسیکیەکانن، کە لە دار ڕۆنراون، بەڵام یەکجار زۆر تۆکمەتر و چاکتر، لە تەختەداری لووس ڕووکەش کراون، کە ڕیزبەندن لەنێوان خۆڵەمێشی سپیدا، یاخود بە شەبەنگی نەرم و نیانی لەنێوان زەرد یان پەمەییدا خۆیان دەنوێنن، کە یەکجار زۆر لەخانووبەرە گەچینەکانی ئەو تافە دەچن، بەڵام زۆرجارانیش گەچ و ڕەنگە ڕۆشنەکانی دی لاساییکردنەوەن بۆ نموونە لەشارەکانی ئیتاڵیادا وا باوە، کە خانووبەرەکان لە هەمان ڕەنگی خاکە ژینگە خۆماڵییەکەدا بن، هەروەک لە سینادا (Siena)دا بە چاکی بەرجەستە بووە، هەروەک چۆن ڕەنگی خانووبەرە گەچینەکان، بریتییە لەو ڕەنگەی پێیدەوترێت خاکی سینا (Terre di siena) جگە لەوەش تۆ دەکاریت لە گەرەکی دی خانوو بەرەی وەها بدۆزیتەوە، کە دیوارەکان بە ڕەنگی سپی ڕووکەش کرابن، ڕەنگاندنی گەچکاری و قالبکاری (Mouldings) زەردی تیادا بەکارهاتبێت، واتە لاساییکردنەوەی تیادا ئەنجامدرابێت، یاخود بەشێوەیەکی دی هێماو جەڤەنگە بۆ بەردی لمین (Sand stone).

لەوانە کاتێک ئێمە بەم شێوەیە قسە لەبارەی بەکارهێنانی ڕەنگەوە یاخود لاساییکردنەوە (Imituation) دەکەین، تاکو ڕاستییەکان بە سادە و ساکاری نیشان بدەین، ئەمەش هەوڵدانێک نییە بۆ چەواشەکردنی خەڵکان، بەڵکو جگە ئەوە نەبێت، کە ڕەنگەکان هەروەکو هێما و جەڤەنگ دادەنرێن، بە شێوەیەکی گشتی و هەمیشە ڕەنگ لەلای زۆربەی خەڵکیدا، تژییە لە جەڤەنگگەری، لەم ڕووەوەش ڕەنگە بریسکەدارەکان لە پەکینی پایتەختی چیندا بەکارهێنانی قەتیس کراوە لە کۆشکەکان، پەرستگەکان، ئەو تەلارانەی، کە سروتی تایبەتییان تیادا ئەنجام دەدەن، ئەمەش وای کردووە، کە خانووبەرە ئاساییەکان بە ئەنقەست بێ ڕەنگ بن، چەپاندنی هەریەکە لە خشت و کەرپووچەکان بەهۆی سوورکردنەوەی تایبەتەوە، وایان کرد، ڕەنگی تۆز و خۆڵی شەقامەکانیان پێبەخشی، بەم پێیە سەرجەم ئەو بنمیچانەی دەکەونە نێو ئەو پانتاییە مەزنەی پەرستگەی ئاسمان (Temple of Heav-en)ەوە، خشتی (شین) یان تێ ئاخێنراوە، هەرچی کۆشک و تەلارەکانی شاهانشە، ئەوا بنمیچەکانی بە ڕەنگی زەرد ئۆکسیدبوون، دەرگە و دەروازەکانی شارەکەش بە ڕەنگی سەوز بۆیە کراون، هاووڵاتیانی ئاسایی یاساغە بۆیان، کە خشتی ڕەنگاو ڕەنگ بەکاربهێنین.

تاکو نهۆ ڕەنگ بەشێوەیەکی جەڤەنگگەرایی بە فۆرم و شێوازی هەمەچیزە بەکاردێت، لێرەدا ڕەنگی تایبەت بە نیشان و ئاگەدارییەکان هەیە، ڕەنگی نەتەوایەتی و قوتابخانە و جلوبەرگی کارکردن و ڕەنگی هەمەجۆری یانەکان، کۆمەڵەکان لە ئارادایە، جگە لەم بەکارهێنانەش هەندێک ڕەنگ واتای تایبەتی هەیە، یاخود ئێمە بۆ ئامانج و بۆنەی دیاریکراو بەکاریان دەهێنین، نەک بۆ جگەرەی ڕەنگ قاوەیی، بەڵام سەندوقی دروستکراو لە داری قاوەیی یاخود ئورز (Cedar) یان ماهۆگانی (Mahogany) باشترین شتە بۆ پاراستنی جگەرە و بۆن و بەرامەکەی، ئەم سەندوقانەی جگەرە بەم پەراوێزە سپیانەیانەوە، ئەو خانووبەرانەمان بیردەخاتەوە، کە کەمێک لەمەوپێش قسەمان لە بارەیانەوە کرد، کە دیوارەکانیان، خودان ڕەنگی سروشتی دیاریکراون، بە پەراوێزی سپی دەورەدراون، زۆرجارانیش سەندوقەکانی جگەرە بە نەخش و نیگار و کەرەستە و ڕەنگی دی دەرازێنرێتەوە- شێوە زێڕینی بەهێزە- کە لەسەر کاغەزی لووسی درەوشاوە، واتە (سلیفۆن) چاپکراوە، بەڵام بەدەر لە چۆنێتی لە پاکەتکردنی جگەرەکان، ناکارین وێنای



کاتێک ئێمە ڕەنگ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاربەرین، دەشێت ئەو دەمە ڕەنگەکان گوزارشت لە کەسێتی ئەو تەلارە و ئەو گیانە بکات، کە گەرەکمانە لە دوو توێیدا جێگیری بکەین، بۆ ئەمەش دەبێ دیمەنی هەر تەلارێک دڵگیر و ساکاربێت، بەشێوەیەک گوزارشتکردن بێ، لە ئاهەنگسازی و ڕابواردن، هەرچی دیمەنی تەلارێکی دیکەیە، دەبێ وا دەربکەوێت، کە جدی و بە چەشنێک پێکهاتووە، گوزارشتکردن بێ لە کارکردن و تێڕامان، بۆ هەردوو تەرزیش هەندێک ڕەنگ هەیە، بە تەواوی گونجاوە، هەندێکی دیش بە تەواوی ناگونجێت، بۆیە پێویستە لە فەرمانەکی سەرەکی هەر تەلارێک، ئاگاداربین، بەهۆی بەکارهێنانی ڕەنگێک یاخود سیستەمی ڕەنگێکی دیاریکراو، بەڵام دەشێت چەندان ڕەنگ لە ناوەوەی هەمان تەلار بەکاربەرین، بۆ جەختکردن لەسەر شێوە و دابەشێن و ڕەگەزە تەلارسازییەکانی دیکە، ڕەنگێکی دیاریکراو بکات شتەکە زیاتر سادە و ساکار بەدەربکەوێت، ڕەنگێکی دیکەش وابکات زیاتر قورس و ڕەزاگران خۆی بەدەربخات، دەشێت وابکرێت شتەکە بە مەزنی یاخود بچووکی یان نزیک یاخود دوور، بەزەقی یان بە هێمنی بەدەربکەوێت، ئەمانەش سەبارەت بەو شتەی ئەو ڕەنگەی پێی دەبەخشرێت، لێرەشدا لە ئەندازە بەدەر ڕێسا و ئاماژگە هەیە، بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ و شاردنەوەی ئەو خەوش و نەنگییانە، هەیکەل و پارچە ناشیرینەکان، دەشێت بەهۆی ڕەنگەوە بشاردرێتەوە یاخود کاریگەرێتی لەسەر ڕوانینگە کەمتر بکرێتەوە، دەشێت ژوورێکی بچکۆڵانە، ڕەنگێکی کراوەی پێببەخشیت، بە مەزنی بەدەر بکەوێت، یاخود، ئەگەر ژوورەکە ساردبوو، ڕووی لە باکوور یاخود ڕۆژهەڵات بێت، دەشێت ڕۆشناییەکی دەستکردی بخرێتە سەر و بەڕەنگە گەرمەکان بڕیاخ بکرێت، وەک ڕەنگی عاجی (Ivory) یاخود کەرەیی یان خۆخی (Peach)، بەڵام لەم شاردنەوەیەشدا شتێکی ناپەسەند هەیە، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە، ئێمە بۆمان دەربکەوێت شتەکە بەو شێوەیە نییە، لە تەلارێکی باش، کە هۆشیارانە نەخشەسازی بۆ ئەنجام درابێت، کە چاوەڕوانمان دەکرد، بۆیە ژووری بچووک، هەر بچووکە، ژووری مەزنیش هەر مەزنە، بۆیە لە باتی ئەوەی بیشارینەوە، دەبێ بەهۆی بەکارهێنانی لێزانانەی ڕەنگەکانەوە جەختی لەسەر بکەین، دەبێ ژووری بچووک بە ڕەنگی قووڵ و تیر بڕیاخ بکەین، تاکو بەڕاستی تۆ هەست بە ئاشنابوونت بکەیت،

ئەو جگەرانە بکەین، لە پاکەتی ڕەنگە تیرەکان، یاخود بنەوشەیی، زۆر جاریش ئێمە هزر لە پێوەندی ئەم ڕەنگانەی لەگەڵ سابون و بۆن و بەرامەکان دەکەین، ئەوەش ئەو بۆن و بەرامانەمان بیردەخاتەوە، کە لەگەڵ توتن بڵاودەبێتەوە، ئێمە پێوەندییەکی هۆشمەندانە لەنێوان ڕەنگی دیاریکراو و تایبەتییەکانی پیاوان یاخود ئافرەتان چێ دەکەین، ئیدی بەم شێوەیە ڕەنگە «توتنییەکان» بۆ ژووری پەرتوکخانە و ڕەنگە «بۆن و بەرامییەکان»یش بۆ ژووری خۆ گۆڕین: «Boudoir» دەگونجێت.

بەشێوەیەکی گشتی سەخت و دژوارە پەی ببەین، چۆن ئێمە گەیشتینە پێوەندی هۆشمەندانەی نێوان ڕەنگە دیاریکراوەکان، لە تەک شتومەکە دیاریکراوەکاندا، بۆ نموونە کەرەستەی خۆراک، دەبێ هەموویان ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیان هەبێ، ئەگەر لەژێر ڕۆشناییەکی هەڵخەڵەتێنەر بینیمان، ئەوا ڕەنگەکەی دەگۆڕێت، ئیدی حەزت بۆی ناچێت، هەندێک ڕەنگی دیاریکراو کاریگەرێتییەکی دەروونی گشتی هەیە، بۆ نموونە «سوور» ڕەنگێکی ورووژێنەر و داگیرسێنەرە، سەوزیش هێمن و ئارامە، بەڵام زۆر لە نەریتی ڕەنگەکان لە یەکدی جیاوازن، بە گوێرەی جیاوازی ژیارەکان.

کــــە هەر چوار دیوار بـە دەورەتدا دادەخـــرێت، دەبێ سیستەمی ڕەنگی ژوورە گەورەکان کراوە و دڵگیربێت، تاکــو وا لە تۆ بکات، زیاتر هەست بە دووری نێـــوان دیوارەکان بکەیت.

لێـتـۆژێـکی ئەڵمـانی بە تێـروتەسـەلی قـسـە لەبارەی چۆنێتی بەکارهێنانی ڕەنگ دەکات، نەک تەنیا لە بارەی گەورە و بچووکی شتەکان، بەڵکو دیسان جەخت لەسەر بەرزی نزمـــیـــشــــەوە دەکــات، دەبێــژێت زەوینەی هەر تەلارێک دەبێ سـەرنجـڕاکـێش بێ، وەک ئەو زەوییـەی لەسەری دەڕۆین، بۆیە پێـویستـە بە ڕەنگی خۆڵەمێشی یان قـاوەیی تایبـەت بە قـوڕین، یان بە زەوینەی بەردین ڕەنگرێژ بکرێت، لەلایەکی دیکەوە دیوارەکـانیش دەبێ یەکجار تێر ڕەنگ بن، وەک ئەو ڕووەک و درەخت و گوڵ و گوڵزارانە، هەر شتێکی کە لەزەوییەکی ڕەقێنەوە بەرز دەبنەوە، لێـرەوەش دەبێ ڕەنگی بنمـیـچـەکـان کـراوە و دڵگیـربن، بەتۆنی ڕەنگی سپی یاخود سێبەری نەرم و نیـان لە ڕەنگی پەمــەیی و شین بۆیە بکرێن، کــە لەو ئاســـمـــانە بچــێت بەبان ســەرمـــانەوەیە، درێژە بە تێـڕوانینەکانی دەدات و دەبێـژێت: هامـوشـۆکردن لەسـەر ئەرزیـــــــەتێکی پەمـــــــەیی یـان شین، هـەست بـە نائاسوودەییمـان لەلادا چێ دەکـات، ئەو دەمـەش هەست دەکـەین، بۆیاخە کە یاخود ڕەنگە، بۆتە بارێکی قـورس بەســەرمــانەوە، کــاتێک بە ڕەنگێکی تاریک بۆیاخ کرابێت.

کــاتێک دادەنیـشم، شـرۆڤـەکـردنە دیمانەکـیـەکـەی (نـــظـــري) دەخـوێنمـەوە، چاو لەسـەر پەرتووکـەکە بەرز دەکەمەوە، لە سووچ و لایەن و گۆشەکانی ژوورەکەم ورد دەبمەوە، زەوینەکەی بە مافورێکی چینی شین داپۆشراوە، ڕۆژانە بەسەریدا پیاسە دەکەم، بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ نائاسوودەییەک بکەم، من بیر لەو ژوورانە دەکەمەوە، کە لەخـانووبەرە قــەبەو زل و زەبەلاح و دێرینانە بینومن، زەوینەکەی بە ڕوخامی پەمەیی کراوە و، بەخـۆڵەمـێش داپۆشراوە، دیوارەکـانیـشی بە ڕەنگی سپی بۆیە یاخود ڕووپۆش کـراون، بنمـیـچـەکـانیـش بە ڕەشـێکی تاریک دەدرەوشێنەوە، بە ڕادەیەک، کە هەست بە قورساییەکەی دەکەیت.

وێڕای تەواوی ئەو بیـردۆزانەی، کـە دەکـرێت ئێــمــە قــســەیان لەســەر بکەین، لە بارەی ڕەنگەوە، هەروەک تێکڕای ڕەگـەزەکانی دیکەی هونەری تەلارسازی، لێرەدا نە یاســا و ڕێســایەکی ڕوون و ئاشکرا لە ئارادایە، نە ئاماژە گەلێکیشی هەیە، کە لێیەوە بە وردی کار بکەیت و، دەســتــەبەری هونەری تەلارســازییــەکی چاک بکات، کـەواتە ڕەنگ دەشـێت ببـێـتـە هۆکـارێکی بەهێـز لەلای تەلارسـازدا، بۆ گـوزارشـتکردن لەو شـتـەی دەخـوازێت، ڕەنگە لای یەکــێکیـــان ئەو واتایە بدات، کـــە دەبێ بنمـیـچـەکـە تاریک و قـورس بێ، لای ئەوی دیکەشـیـان دەبێ کراوە و دڵگیربێ.

کـاتێک مرۆڤـەکان گەیشتنە ئەو قـۆناغـەی، کە ڕەنگ بەکاربهـێنیت، نەک تەنیا بۆ پاراستن و پارێزگـاریکردنی کــەرەســتــەکـــانی تەلارســازی و جــەخــتکردن لەســەر کـاریگەرییەتییە هەیکەلی و بەرکەوتەکان، بەڵام تاکو وا بکات پێکهاتە تەلارسازییە مەزنەکـان یەکجار جوانتر بەدەربکەوێت و، ڕوونتر بکارێت گوزارشت لەو پێوەندییە هاوبەش و ئاڵوگۆڕکیییانەی نێوان ژوورەکان بکات، ئەو دەمەش بوارێکی مەزنی نوێی دی لەبەردەمیدا دەکرێتەوە، سـاڵی (١٩٠٠) ئەو (تەلارسـاز)ەی تەلاری پارێزگـەی کۆپنهـاگن یاخـود ئەوەی پێی دەڵێن هۆڵی شار (City tall)ی چێکرد، بایەخی بە سـەرجـەم وردەکـــارییــە تەکنۆلۆژیەکـاندا، بە ڕادەیەک تـەنیـا لەگـەڵیـدا ڕەنگی بەکارهێنا، بۆ پاڵپشـتیکردنی بەهای کەرەستەکان و بە دەرخـسـتنی لایەنە تەکنیکیـیـەکـانی تەلارکـارییـەکـە، دەرەنجـامـیش بەو شـێـوەیە، کـە خـودی ژوورەکـان وا بە دەربکەوێت، بەشەکانیان بەیەکەوە گرێ نەدراون، کە تۆ هەستی پێ ناکەیت، بریتییە لە گشتێکی تەواو کار و خـەمـڵـێـوی یەکگرتوو، بەڵام تەنیـا وەک ژمـارەیەک لە وردەکـارییـەکـانی ڕابواردن و خـۆشنوودییـەکـان خـۆی دەنوێنێت.

نەوەی دواتر لە تەلارســـازان دژی ئەم ئاراســـتــەیە وەرچەرخـان، هەروەک (کـارل پیـترسـۆن) لە مـۆزەخـانەی فــابورک (١٤-١٤١٢) ئەمـــەی ڕوون کـــردەوە، چۆن دەکــارین کــاریگەرێتــیــەکی تەواو هاودژمــان بەهۆی بەکارهێنانی ڕاست و دروستی ڕەنگەوە وەگیـر بکەوێت، لەباتی جەختکردن لە کەرەستـە و هەیکەلەکان، ڕەنگ بەکارهێنرا بۆ بەرجەستەکردن و پێبەخشینی کەسایەتی خودی ژوورەکان.

لە دەوروبەری ئەو پەیکەرە ڕەشـەی «کـای نیلسن»ی پەیکەرسـازدا، کـە بۆ (مـادز راسـمن)ی دامــەزرێنەر چێیکرد و لەناوەوەدا نەخشەسازییەکی وەها بۆ ئەو هۆڵە هەشتپاڵووە گومەزەدارە فەراهەم کراوە، کە ئەو پەیکەرە لەخـۆ دەگـرێت، ئەوا دیوارەکـانی بە گـەچ داپۆشـراون، دواتریش نیگارکێشییەکی مەزن و نایاب لەسەر گەچەکە ئەنجام دراوە، ڤێجا بە بۆیەیەکی تایبەتیش چەورکراوە،

ئەمەش وای کردووە هەیکەلەکە بە تەواوی بشاردرێتەوە بوار نەدراوەتە کەرپووچەکە، یاخود نەبۆتە مایەی ئەوەی سەرنجەکان لە خودی ژوورەکان بترازێن، بەشێوەیەک تەلارساز بە ڕەنگێکی شینی سەوز باوی (Coholt Blue) خاوێن دیوارەکانی داپۆشیون و بۆیەکراون، کە وای کردووە هەشتپالووەکان بۆ لای یەکدی پەلکێش بکرێن.

کارل پیترسۆن لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە پێگەیشتووە، لەو تافەشدا ڕەنگە چەپێنراو وشکاوەکان فۆرمێکی باو بووە، بە چەشنێکیش سەیری ڕەنگە زەقەکان کراوە، کە نا هونەری و سەرەتایین، ئەو لە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی دەیخوێند، کە هەندێک لە ژوورەکانی لەسەر شێوازی پۆمپی (Pompei) ڕازابوونەوە، لە ماڵی یەکێ لە مامۆستاکانیشیدا نیگارکێشێکی کلاسیکی، لەنەوەی پێشتر هەبوو، دیواری ژوورەکانی بە ڕەنگی شینی سەوز باو بۆیە کردبوو، هەر ئەم ڕەنگانەش شوێنەوارێکی هەمیشەییان لەلای ئەم قوتابییە تازە پێگەیشتووەدا جێهێشت.

لە مۆزەخانەی هونەری فابۆرکدا، گەمەیەکی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان ئەو ڕووناکییە خامۆشە کزە و ئەو ڕەنگە بەهێز و زەقەی هۆڵە گومەزەدارەکە لە ئارادایە، ڕەنگە خاوێنەکان یەکجار تژی و تێردەبن، ئەوکاتەی لەنێو ڕووناکیدا ببینرێت، هەر کەسێک کارە فسیفسائییەکان لە ڕۆشناییەکانی کلێسا دێرینەکان ببینێت، زۆر بە چاکی هەست دەکات، کاریگەرێتی ڕەنگی شینە سەوزباوەکەی هۆڵی مۆزەخانەکەش ناگەیشتە نیوەی ئەم دۆخەی، ئەگەر بە پرشنگی ڕۆشنایی خۆرەتاو ڕووناک بکرایە، بەڵام لێرەدا تەلارساز بە ئەنقەست کاریگەرێتی کۆنتراستی ڕۆشنایی بەکارهێناوە، ڕەنگ دەبێتە باکگراوندێک بۆ زیاتر لە ئامێزگرتن و بەرجەستەکردنی پەیکەرە ڕەشە لەبەرد دروستکراوەکە.

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان پێیان وایە، هەندێک ڕەنگ جوانە و هەندێکی دیکەش ناشیرینە، ئەم بۆچوونەش بەڕاست و دروست دادەنێن، بە دەر لە چۆنێتی بەکارهێنانی ڕەنگەکان، ئەگەر ئەمە دروست بێت، ئەو ئاکامە گوشادەی کە «کارل پیترسۆن» پێی گەیشت دەبێتە ڕاستییەک، زۆر بەختەوەریشە، چونکە ژمارەیەک ڕەنگی جوانی دۆزییەوە لە مۆزەخانەکەی بەکاری هێنا، بەڵام ئەمە بەم سادە و ساکارییە نییە، هونەرمەندان چاک دەزانن لەنێوان هەزاران تۆنی ڕەنگدا چاوی مرۆڤەکان دەتوانن لە یەکدی جیایان بکەنەوە، لێرەدا ڕەنگێک نییە، نەتوانین بەجوان دایبنێین، لەکاتی بەکارهێنانیدا لە کۆمەڵەی ڕاست و دروست و بەشێوازی ڕاست و دروستی خۆیدا، ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەش، ڕەنگێک نییە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا و بەشێوازی ڕاست و دروستی خۆی بەکاربهێنرێت ناشیرین بێت.

زۆرجار ئەوە ڕوودەدات لەکاتێکدا ڕەنگێکی سەرنج ڕاکێش لەبەری دەگیرێتەوە، لە دوای ئەوەی لەسەر دیواری ژوورێکی دیاریکراو دەبینرێت، لە ژوورێکی دی یاخود لە ژینگەیەکی نوێ ئەو کێشکردنەی نامێنێت، لە ڕاستیدا لەوانەیە هەمان ڕەنگ، لە هەمان ڕوودا، یەکجار جیاوازبێت، لەکاتێدا، کە لە تەک ڕەنگی جیاوازی دیکەدا دەبینرێت، بۆ نموونە کاتێک ڕەنگی خۆڵەمێشی بێلایەن، لە دژی ڕوویەکی سوور بەکاربهێنرێت، شێوەیەکی سەوزباو خۆی نیشان دەدات، بەڵام کاتێکیش لە دژی ڕوویەکی سەوزدا بێت، سوورێکی زەق بەدەردەکەوێت، هەمان دیواری خۆڵەمێشی لە ژوورێکدا، پەنجەرەکەی بە ئاراستەی باشوور بێت و ئەوی دیکەش بە ئاراستەی باکوور بێت، ئەوا تۆنێکی گەرمی دەبێت لە نزیک پەنجەرەکەی باشوور، ئەوی دیکەش سارد لە نزیک باکوور.

ڕەنگە گەرم و ساردەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی ئێمەدا دەگێڕن و، دەربڕی سۆز و مگێزە لە یەکدی جیاوازەکانن، ئێمە لە گۆڕانی ڕۆشنایی ڕۆژ لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە هەست پێدەکەین، ڕاستە چاو خۆی دەگونجێنێت، بۆ گۆڕانی بەرە بەرەیی، بەشێوەیەک ڕەنگە نزیکەکان لە وردەکاریدا، لە ڕۆژدا بەبێ گۆڕان بەدەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر لە گشت وەک یەکەیەک وردبینەوە، بۆ نموونە دیمەنی شەقامێک یاخود ڕوخساری زەمینی «landscape»- ئەو دەمەش ئێمە لە گۆڕانی سیستەمی ڕەنگەکان تێدەگەین، مگێزەکان گشتیان لەگەڵ ڕۆشنایی گۆڕاودا دەگۆڕێن، ئەم دیاردەیە لەو شارانەی نزیک ئاون، چونکە کەشوهەوا تێیدا شێدارە یەکجار ئاشکراتر دەبێت، کاتێکیش. لە کەنارەکانی ڕووباری شارلز لە بۆستن، یاخود ماساچوسنتس لە بەیانی زوودا پیاسە بکەیت، هەست بەوە ناکەیت، کە تەنیا دنیا ساردە، بەڵکو وا ئەندێشە دەکەیت تۆ دەکاریت ئەوە ببینیت، خانووبەرە دێرینەکانی ئەو شارە ئەگەر چاوەکانت بەم لاو ئەولادا بگێرێت «بۆستن» وا خۆیان نیشان بدەن برسکەدار و نوێ بن، بەو سێبەرە سارد و لێوار تیژو، تریفە ڕۆشنایانەی ئەو بەلەمە چارۆکەدارانەی لە ئاوەکەدان، بەڵام ئەگەر لە ئێوارەدا و بە تەواوەتیش بەر

له خـۆرئاوابوون بگەڕێیـتـەوە هەمـان شـوێن، ڕەنگە پرشنگدارەکـانی بەرە بەیانی دەبینیت، تیـرۆگـەرم داهاتوون، تەلاری هانکۆک (Hancock) کە سپی و خۆڵەمێشی و بەشێوەیەکی تیژ ڕووبەڕووی ئاسمانی بەرە بەیانیان قیت ڕاوەستاوە، هەنووکەش زێڕین و سووربۆو خـۆی نمایش دەکـات، گـومـەزی زێڕینی (سـتـایت هـاوس)یـش (State House) لە ئاسـمـاندا سەراو کەوتووە، بە کانالیتۆ (Canaletto) دەچێت وەک خـۆرێکی دی، تۆ هەست بە گـەرمـایی خـۆرەتاو لە ئاسـمـاندا دەکـەیت و، ڕۆشنایی و گـەرمـایەکـەیشی دەبینیت.

ئەگەر ئێـمـە ئەندێشـەی کـۆشک و تەلارێکی مـەزن بکەین، خودان چەندان ژووربێت، ئەوا ڕەمەکیانە ئێمە هەست بەوە دەکـەین، کـە سروشت و ڕەنگی ژوورەکـان، دەبێ لە یەکدی جیاوازبن، تەنانەت ئەگەر هەمووشیان بە هەمان ڕەنگی خۆڵەمێشی و سپی بێلایەنیش بۆیەکرابن، لێرەدا چەند ژوورێکی سارد بە ڕۆشناییـەکی ئاشکرا و درەوشـاوە دەبێ، چەندانی دیکەش گـەرم، دۆسـتـانە، حەساوە و دڵفڕێن، بەڵام لەڕوانگەیەکی ئیستـاتیکی و جوانناسەوە، ناکارین بگەینە ئەو دەرەنجامە، کە یەکێک لەو دوو کـۆمـەڵە ژووره لەوی دی باشـتـره، لە باکـووردا ژووره گـەرمـەکـان پەسـەندتره، هەرچی لە کـەشـە گەرمەکانیش، ئەوا ژووره ساردەکان هەڵدەبژێرن، کەشی سارد و ڕەنگە ئاشکراکانی ژووره باکوورییەکان جوانی و ڕازاوەییەکی زیاتر دەبەخشێتە کەلوپەلەکانی ناو ماڵمان، ئێمە جوانترین و باشترین تابلۆی هونەریش لەم ژوورانەدا هەڵدەواسین، چەندان خانووبەرەی چاک لە ڕابردوودا، ئەم جیاوازییەیان لە تایبەتمەندێتی ژوورەکانیان دەقۆستەوە خانووبەرەی «مۆنتیچلۆ، کە «جیفرسۆن-Jefferson» نەخشەسازییەکەی بۆ کێشاوە، لەسەر شێواز و ستایلی فـەرەنسی دەبێـتـە مـۆدێلێکی باش بۆ «خـانووبەرەی خـۆشنمـوود» یان «مـاڵی خـۆشنمـوود (Maisonde Plaisance) کــە ڕووبەڕووی پانـتــایی دەروازەی ڕۆژهەڵاتیش دەبێـتـەوە، تاڕادەیەک لە تەلاری دەرەوەیی سـارد دەچێت، هەر لەوێوەش دەکـاریت بچـێـتـە ژووره گەرمەکانی خانووەکە، کە ڕووبەڕووی خۆرئاوا دەبێتەوە، کە تەرزی (ڤێرجینی)یشی (Virginian) بەسـەردا دەبرێت، کـە بریتـییـە لە هۆڵێـک لەنێـو مـاڵەکـەدا، کە لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا درێژ دەبێـتـەوە، لە هەردوو ڕوویشـەوە، خـودان دەروازەیە، تاکـو شنەبای فـێنـک لە ڕۆژە گـەرمەکـاندا لێیـەوە دابین بکرێت، جۆرج واشنتۆن ئەم نەخشەسازییە سادە و ساکارەی لە ماڵەکەی خۆیدا لە ماونت ڤێرنۆن (Mount Vernon) زیاتر دەوڵەمەند کـرد، بە زیادکـردنی بۆشـاییـەک، خـودان ئەسـتـونگ و دیرەگی بڵندبێت، بە ئاراستـەی خۆرهەڵاتدا، بەوپێیـەی ئەمـە ژوورێکی سـاردە و لە دەرەوەیە، دەڕوانێـتـە ئەو دەشت و دەرەی سروشت، بە ئاراستەی پۆ تۆ ماک (Po to mac)، بەمـەش هاڤرکێکی جوان بەلای خۆرئاوادا بەرجـەسـتـە دەکـات، کـە بە پاشکۆی چێشـتـخـانە و کوخەکەی باخچەکەیە، ئەو بۆشاییەش لە ئامێز دەگرێت، کە خۆرەتاوی گەرمی نیوە ڕۆیانی لەوێوە دێتە ژووری، لە ناوەوەی مـاڵەکـەشـدا دیسـان تایبـەتمەندێتی ڕۆشنایی سروشتی بە لێهـاتوویـیـەکی مـەزنەوە بەکارهاتووە، ئەو ژوورەی کـارەکـان تیـایدا ئەنجـام دەدرا، بریتـیـیـە لە پەڕتووکـخـانەیەک، نەخـشـەسـازییـەکی ئابووریـیـانە و دۆسـتـانەی تیـادا پەیڕەو کـراوە، کـە پەنجـەرەکـانی بەرەو باشوورن، بەڵام دیسان یەکێک لەو زیادییانەی خراوەتە سەر خانووبەرە بنەڕەتییەکە هۆڵی ئاهەنگێڕانە، بریتییە لە ژوورێکی بەرز و بڵند و دڵگیر، پەنجەرەکانیش پلادی (Palladian) تۆکمە و قەبەن، بە ئاراستەی باکووردا.

کـاتێک ئێمە بیر لە خانوو بەرەو تەلارێکی لەم چەشنە دەکەینەوە، ئەوا بە یادەوەری ئێمەدا دێت، کە لە چەندان ژوور پێکهـاتووە، بە پەسن و ڕوخسـاری جیـاوازەوە، ڕووناکی سـروشـتی و ڕەنگەکـان ڕۆڵێکی گـرنگ و یەکلاکەرەوەی تیادا دەگێڕن، لە باتی ئەوەی هەوڵبدرێت ژووره ساردەکان، گەرم بکرێن، دەکارین بە بەکارهێنانی ڕەنگەکان بگەینە دەرەنجامێکی پێچەوانە، کە جەخت لە کـەشـێکی سـارد دەکـەن، کـاتێک خـۆر زیاتر گـەرم و پرشنگداربێت، ئەوا ڕۆشنایی سروشتیش لە ژوورەکانی لای باکـووره سـێـبـەرێکی شـاراوەی شین چێ دەکـات، چونکە هەمـوو ڕووناکـیـیـەک لێرەدا بریتـیـیـە، لە تەنیا ڕەنگدانەوەی ئاسمان، کە دەبێتە مایەی دروستبوونی ڕەنـگـی شـین و ڕەنـگـە دیـارەکــــــــانـی دی، بـە پرشنگدانەوەیەکی یەکـجـار زۆرەوە لە ژوورەکـانی لای باکـوور بەدەربکەون، بەڵام ڕەنگە گـەرمـەکـان بەکـاڵی و لاوازی بەدەر بکەون، بەو شـێـوەیە لە ژێر ڕووناکـیـدا ببینرێت، ڕۆشناییەکی شین باوی بخرێتە سەر، بۆیە گەر ڕەنگە ساردەکان لە ژوورەکانی باکوور و گەرمەکانیش لە ژوورەکـانی باشـووردا بەکـارهات، ئەو دەمـەش هەمـوو ڕەنگەکان بە تەواوی دەدرەوشێتەوە و پرشنگ دەدات.

دەکـــارین ئەم دۆخــــانەش زیاتر ڕوون بکـەینەوە بە پەنابردنە بەر تابلۆ هونەرییـەکـانی هەردوو هونەرمـەندی

بەناوبانگی هۆڵەندی (یان فێرمیر) و «پیتردی هۆچ»، کە هەردووکیان لە دیلفت (Delft) کاریان کردو نیگاری هەمان پانتایی ناوەوە و، ئەو خەڵکەیان کێشا، کە هەمان جلوبەرگیان لەبەر کردبوو، لەکاتێکدا هەردووکیان هاوسەردەمن و ماڵەکەیان و شوێنی نیشتەنییان لەیەکدی نزیک بوون، بەڵام ویڕای ئەمەش تابلۆکانیان لە یەکدی جیاوازە، وەک بەیانیان و ئێواران، «فیرمێر» بەیانیان بەرجەستە دەکات، نیگارەکەی بە ئاراستەی باکوور بەر «ڤۆلدەرگرایت» Volder gracht کراوەتەوە، چونکە تا کاتێکی درەنگی نیوەڕۆیانی هاوینان، خۆر بە دەرناکەوێت، لەو کاتەشدا وا بەدەردەکەوێت کە هیچ جۆرێک نیگاری نەکێشابێت، لەبەر ئەوەی لە هیچ تابلۆیەک لە تابلۆکانیدا، هیچ تیشکێک نابینرێت، هەرچی (پیتر هۆچ)یشە تابلۆکانی لە ئۆد دیلفت (oud delft) لەو ماڵەدا کێشاوە، کە ژوورەکانی دەڕوانێتە سەر باخچەکان بە ئاراستەی خۆرئاوا، کاتێک تیشکی خۆرەتاوی سوور وروژمی بۆ ژوورەوە هانیوە، جوانی ڕازاوەیی نیوەڕۆیی بە پەسند زانیوە، ئاکامیش لە هەردوو دۆخدا بە تەواوی کۆکن، لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی کە هەردووکیان هەڵیانبژاردووە کاری تیادا بکەن، یەکێکیان پەسنی جوانی ڕووناکی سارد و ڕەنگە ساردەکان دەکات، ئەوی دیکەشیان سەرنجڕاکێش ڕووناکی گەرم و ڕەنگە گەرمەکان دەکات، «ڤیرمێر» ڕەنگە ساردەکانی شین و ئەرخەوانی و زەردی لیمۆیی ئاوێتەی یەکدی کرد و دژی زەمینەییەک بە بیلاتی سپی و ڕەش، بە هەمان شێوەش (پیتردی هۆچ) ڕەنگە دۆستانی و گەرمەکانی قاوەیی و سووری ئاوێتەی یەکدی کردووە، لەم دۆخەدا و کاتێک تابلۆکانیان لە تەنیشت یەکدی دابنێین، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەردووکیان هەمان بڕو بەهای جوانی لە تابلۆکانیاندا بەرجەستە دەکەن.

**سەرچاوە:**

کتێبی، الاحساس بالعمارة، ستین ایلر رسموسین.

# بیرەوەرییەکانی دایە نوسرەت (۱)

هاشم سەلیمی
(سابلاخ)

باخچەی حەوشەکەمان دڵی ماندوویی لێ دەحەساوە، گوڵانی وەک شەوبۆ و ئەتڵەس و لاولاو، سەد پەڕ و یاسەمەنە و گوڵاو، تێکچڕژابوون و لێک هاڵابوون، زۆربەی خێزانی ماڵێ هەموو ئێواران، پێش ڕۆژئاوایە، ئاوی فێنکمان لە چاڵاوێ بەسەتڵان هەڵدێنجا و دە ئاوڕشێنمان دەکرد و ڕیز بەڕیز، بەنێو دێراوان دا دەهاتین و گوڵ و گیای باخچەکەمان بە ئیرۆیی ئاوپڕژێن دەکرد.

دوایەش لەبەر نسێی هەیوانێ، کەتە بەڕێکمان ڕادەخست و بڕێک ڕەژیمان، لە ڕەژیدان دەردێنا و دەتاوڵەمەمان و دەنا و چۆڕێک نەفتمان پێدا دەکرد بەشەمچەی ئاورمان دەدا و تاوڵەمەکەمان لەسەر سەرمان ڕادەوەشاند. هەتا دەگەشاوە، ئەوجار پۆلووی ئاوریمان دەئاتەشدانی سەماوەر دەکرد و تونگێک ئاومان دە سەماوەرەکەی دەکرد، وردە وردە سەماوەر وەگیزەگیز دەکەوت، ڕادەوەستاین هەتا قوڵت قوڵت دەکوڵا، جا ئەوجار چایەکمان دەم دەکرد و خێزانی ماڵێ ڕووبەڕووی باخچەی گوڵان، کە بە سەد ڕەنگ ڕازابۆوە و عەتر و عەبیری دەپڕژاند، دادەنیشتین، چامان دەخوارد و گەپ و جەفەنگمان لێ دەدا.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو حەسار و دەرک و بانە، زۆرتر بەهیمەتی محەمەدی زڕ کوڕم ڕازابۆوە و داچاندرابوو، چونکێ زەوق و هەستێکی یەکجار جوانی هەبوو، هەربۆیە بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستاین یا شەوانە، بۆن و بەرامی گوڵان هەموو دەرک و بانی دادەگرت و هەرخۆش بوو چاو دەگوڵان بڕی و مێشک و هەستی خۆت سەرمەست کەی.

من تازە مێردم بە بابی محەمەدی کردبوو، چونکێ ساڵێک لەمەوپێش، دایکی محەمەدی عومری بۆ ئێوە بەجێ هێشتبوو، هەربۆیەش لە زۆر شت و هەست و خۆشی ماڵێ ئاگادار نەبووم، بەڵام دەمزانی، ئەو گەڕەکە چەند ماڵی قەدیمی و نەجیبی تێدایە و دراوسێکان یەک لە یەکێ باشترن و یەکێک لەو دراوسێیانە ماڵی قازی محەمەدی نەمرە و لەسەرتاسەری شارەکان و ئاواییەکانی دوور و نزیک هەرکەس تێگیراوێک، یا گیروگرفتێکی شەرعی و کۆمەڵایەتی هەبا دەهاتە مەحکەمە و کارەکەی مەیسەر دەبوو.

ڕۆژێک هەواڵیان هێنا، کە قازی لە تەورێزێ وەستای هێناوە و دەیەوێ کارێزە و چاڵاوەکانی گەڕەکێ، کە هەموو، لە بن زەوی بەسەریەکەوەن، خاوێن کاتەوە، چونکە چەند ساڵ بوو، بەهۆی کەمتەرخەمی و بێ مەبالاتی بواری ئاوێ باش نەدەڕۆیشت. هەربۆیەش، لەسەری گەڕەکێ هەتا بنی گەڕەکێ ماڵ بەماڵ دەستیان بە دەردانی چاڵاوان کرد، حەوش و حەسار. پڕبوون لە قوڕ و چڵپاو و شڕوشاڵات، کاتێک کە گەیشتنە ماڵی ئێمە، وەستای کەن کەنەچی کوتی دەبێ، لە چاڵاو بچینە خوارێ و هەرچی تێیدایە، دەری دەین و دەباخچەی کەین، محەمەدی کوڕم کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو، کوتی



دونیاش خرابێ، ناهێڵم، ئەو گوڵ و باخچەی لەمن شپرزەکەن. قسێک لەوی قسێک لە وەستایی و کارگەرەکان، لێیان بوو بەکێشە، خەڵکی گەڕەکێ پێ وەربوون، هەرچی نێوبژیان کردن، کەس قسەی کەسی نەسەلماند، وەستای تەورێزی بە تووڕەیی دەستی لەکارکێشاوە و شاڵاوی بۆ ماڵی قازی برد، پاش تاوێکی قازی محەمەد (کە تا ئەودەم قەتم نەدیبوو) تەشریفیان هاتە حەسارێ، کەچاوی بە باخچەی ڕەنگاو ڕەنگ کەوت، فەرمووی: ئەشهەدوبیللا، حەیفە ئەو گوڵ و گوڵزارە بژاکێ، ڕووی دەکا برای وەستا کرد و فەرمووی: وەستا، خشت و خاڵی ئەو چاڵاوەی بەماڵێکی دیکەدا دەردە، وەستا کوتی: قوربان خەرجت دوو هێندە دەبێ، قازی فەرمووی: ئەگەر سێ هێندەش بێ، ناهێڵم ئەو دیمەنە جوانە تێک چی و هەستی ئەو لاوە تێک بشکێ، قازی ڕەحمەتی دەگەڵ محەمەد، سەبارەت بە دەرس و دەوری چارەگە سەعاتێک وتووێژی کرد. محەمەد کە قوتابییێکی زرینگ و وشیار بوو، کوتی قوربان کلاسی شەشەمم تەواوکردووە، قازی دەستی لەسەر شانی دانا و فەرمووی: ئافەرین کوڕم، دەبێ لەوەی دواوە، زوو زوو سەرم لێ بدەی، بەو جۆرە پێی محەمەدی بۆ ماڵی قازی کراوە...

## ڕۆژگار و شەوگار دەهاتن و تێپەڕدەبوون

لەو ڕۆژێوە، هێندێک لاو و گەنجی شار هاتوچۆی ماڵەمەیان دەست پێکرد و دەگەڵ محەمەد دەبوون، سرت و خورتی نەهێنی، دەمزانی ئاڵ و گۆڕێک بەسەر ژیان و بیری وی داهاتووە، بەڵام بۆم ساغ نەدەبۆوە، ئەوانە بۆ دێن و دەڵێن چی؟ جارجارەش بە تێکڕایی دەهاتن و دەچوونە ژوورێک و دەرگایان لەسەر خۆیان، گاڵەدەدا و زۆر بە ئەسپایی و شێنەیی دەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، وابێ کەس لە پشت دەرکەی لە قسەیان حاڵی نەبێ، خودا نەبێ کەس نەیدەزانی دەڵێن چی و ناڵێن چی! تەنانەت عەبدوڵڵای براچکۆلەی محەمەدیش کە جار جار چا و ئاوی بۆ دەبردن، دەیکوت دایە نازانم بۆ؟ هەر ئەمن دەچمە ژوورێ، هەموو بێ دەنگ دەبن و کە دێمە دەرێ، وەردەبنە قسان!؟

زۆری پێ نەچوو محەمەد دەگەڵ من و باوکی دەستی کرد بە قسە و باسی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و زوڵم و زۆرێکی کە لەگەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەکرێ. ئەوەی ڕاستی بێ، دەپێشڕا هەر دەتکوت، تەقەمان لە کەللەیەوە دێ، بەڵام زۆر بە زوویی گڕی نیشتمانپەروەری ئاوری دە جەستەی بەرداین و ئەمنیش دەنێو ژنانی گەڕەکێ و خزم و کەس. وە باس و خواس کەوتم. ڕۆژگار و شەوگار دەهاتن و تێپەڕدەبوون....

ڕۆژێکی ئاخری مانگی هاوینێ، بانگەواز درا، ڕەزاشا (٢)، کە لە هەموکەس بە کوردی خاینتربوو، تەنانەت جل و بەرگی کوردیشی قەدەغە کردبوو، لە تاران ڕای کرد و بەرەو چارەنووسێکی ڕەش، هەڵوەدای هەندەران بوو، هەموو خەڵکی ئێران شاییان دە دڵی گەڕا شادمانی و قەنداو خواردنەوەیان کرد هەستی نیشتمانی ڕۆژ بەڕۆژ پەرەگرتووتر دەبوو، لە هەموو کووچە و کۆڵانی شار و لادێ قسە و باسی کوردایەتی دەکرا، مەحکەمەی قازی محەمەدیش، کە لە زەمانی قازی عەلی بابیەوە مەکۆی عەدل و دادی موسڵمانان و لێقەوماوانی ناوچەی موکریان بوو، هێندەی دیکە شلۆقتر بوو، شەو و ڕۆژ هەرزمبەی دەهات و دەرزیت هەڵاوێشتبا وە عەرزی نەدەکەوت، ئەمن لە مێژبوو کە لە بابی منداڵەکانم بیستبوو، کاتێک قازی عەلی ئەمری خودای کردبوو(٣)، هەر لەسەر قەبران، خەڵکی شاری عەبای قازی عەلیان بەسەر شانی قازی محەمەد دا دابوو، ئەو جێی باوکی بە باشی گرتبۆوە، هەر لەویم بیستبوو، دوایی شەڕی ئەوەلی جیهانی ویشکەساڵی و قات و قڕی وڵاتی داگرت نا ئەمنی پەیدابوو، خەڵک هەستیان بە کەمبوونی دەغڵ و دان کرد، گرانی و بێ دەرەتانی وەک گورگی برسی، چەنگ و ددانی بە جەماوەرنیشان دەدا، کەس بێ خەم نەبوو تەنانەت دەوڵەمەندەکانیش ورەیان بەردابوو، قازی عەلی دەگەڵ پیاوانی بەرپرسی شار قۆڵیان هەڵکرد و مەڵبەندەکانی شاریان بە چەند گەڕەک دابەش کرد، بۆ هەرگەڕەکەش لێپرسراوێکی دانا، هەر ماڵە ساماندارەش دەبووایە چەند خزم و کەسی هەژار و نەداری خۆیان هەتا ساڵی داهاتوو کە دەغڵ و دان دەگاتێ، بەڕێ بەرن، بەڵێ قات و قڕی ڕووی دە وڵات کرد، ڕۆژ نەبوو چەند کەس

لەبرسان نەمرن و پێ ڕانەیەن، قازی عەلی حەجمانی لێ هەڵگیرابوو، لە هەمووکەس خۆی بە بەرپرستر دەزانی، بەڕاستی ببووە باوکی لێقەوماوان و هەژاران، بەهاری ساڵی دوایە، وردە وردە، گیا و گوڵ بووژاوە، کەنگر و گێلاخە و ئەسپەناغ و کیفۆک وەک هەموو ساڵێ خوارد و خۆراکی دوو سێ مانگی خەڵکی دابین کرد، گەنم و جۆش دوایە گەیشتنێ و خەرمانە پەیدا بوو.

شتێکی زۆر سەیر ئەوەبوو، دوایی قات و قڕی زستانێ خەڵک ماڵ بە ماڵ دەگەڕان تاکو بزانن، کێ ماوە، کێ نەماوە، خەڵکی شار، چەند ماڵیان دیت، کە کاتێک ڕزق و نانی بنەماڵە تەواو ببوو، گەورەکانی ماڵێ دەرگایان لەسەرخۆیان سواغ دابوو بۆ ئەوەی لەبرسان ژن و منداڵیان تووشی... سووکایەتی و قەیران نەبن، حازربوون بەتێکڕایی بمرن و دەستی سواڵێ بۆ کەس درێژ نەکەن.

بەڵێ دوای هەڵاتنی ڕەزاشا، ماوەی دووساڵ، سابلاغ بوو بە مەیدانی بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڕاستی ڕژێمی ڕەزاشای و دوایەش ئی کوڕەکەی هیچ ئاسەوارێکی لەناوچە دانەمابوو ماوەیەکی پێنەچوو کە نەخۆشی کەوتوویی شار و شارۆچکە و لادێی ناوچەی داگرت، سەدان کەس بە ناکامی و بێ دەواو دکتۆر سەریان نایەوە و بە فیڕۆچوون، محەمەد و ئامینی خێزانیشی تووشی کەوتوویی هاتن، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی هەردووکیان خزمەت بکەین، هەروەها ئەو ژن و مێردە لاوە، کە زۆر یەکتریان خۆش دەویست، ئاگایان لە دەردو مەرگی یەک نەبێ، لێکمان دوورخستنەوە، بە داخێکی زۆر گران، محەمەد زگی سووتاندین و ئامینیش دوای پازدە شەوان،، بێ ئەوە ئاگاداری مردنی محەمەد بێ، سەری نایەوە و هەردووکمان لە گۆڕستانی مەلا جامی مەهاباد لە تەنیشت یەکتری ناشتن(٤).

بە مردنی محەمەدی، پیاوەکەی من بە یەکجاری پشتی شکاو چیدی دەستی بۆ کاروکاسبی نەڕۆیشت و فەقیری و نەداری ڕووی تێکردین.

## ڕۆژگار و شەوگار دەهاتن و تێپەڕدەبوون

بیروباوەڕی کوردایەتی و سەربەخۆیی، ڕۆژ بەڕۆژ پەرەگرتووتر دەبوو، هەر کوڕ و کۆمەڵێک چووبای، یەک لە یەکتر، پڕ گەشەتر و نەشەتربوو، زۆرکەس دەیگوت، بە زوویەکی زوو، ئێران دەبێتە بەهەشتی ئازادی و کوردیش ڕزگاری دەبێت و منداڵمان بە زمانی دایکی لە قوتابخانە دەرس دەخوێنێ.

قازی محەمەد و هاوەڵەکانی، دەسەڵاتی سابلاغ و شار و ئاوەدانییەکانی ناوچەیان بە دەست گرتبوو، ڕۆژێک گوتیان مەلا مستەفای بارزانی بەخۆیی و بە چەند هەزارکەسەوە، لە گەرمێنێ ڕا هاتۆتە ئێران و تێکەڵ شۆڕشی کوردی بووە و لە ڕۆژێکی ساردی زستانێ لە مەیدانی چوارچرای مهابادێ، جێژنی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێبەری قازی هێندێک لە پیاوە مەزنەکانی ڕۆشنبیری گەرمێن و کوێستانێ بەڕێوەچوو، بەو جۆرە پاش سەدان ساڵ، کورد بوو بە خاوەن مافی خۆی و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و ئیدارەی کوردی دامەزرا و قوتابیان بە خوێندنەوەی سروودەکانی «ئەی ڕەقیب» و «خوایە وەتەن ئاواکەی» و «براینە لە خەو هەستن بەیانە»، عەتری هیوا و ئومێدیان بەسەر ئاسمانی شار و ئاواییەکاندا دەپرژاند.

ژن و پیاو لە هەر شوێنێک بوون بە خوشک و برای یەکتری و یەک بەیەک دەچوون سوێندیان بە (کەلام وڵڵا) دەخوارد کە سەبارەت بە یەکتری خاین نەبن و بەمافە ڕەواکانی گەلەکەیان وەفاداربمێنن، کاروکاسبی یەکجارخۆش بوو، فەقیرو هەژار، تێروتەسەل بوون، ئاغاوەت و زۆردارەکان، نەیاندەتوانی لە ترسی هێزی پێشمەرگە لە جوتیار و فەلە زوڵم و ستەم بکەن، دیار بوو هێندێک خوێڕیلکە و خۆ فرۆشیش هەبوون کە بە دزی پێوەندیان دەگەڵ کوڕی ڕەزاشای گرتبوو، لەو زەمانی، لە هەموو ئایین و زمان و هۆزێک حورمەت دەگیرا، تەنانەت بۆ منداڵی جوولەکە و هەرمەنیانیش قوتابخانەی تایبەتی داندرابوو، لەو پازدە مانگەیدا قەترە خوینێک لە کەپووی کەس نەهات، بە غەیری قەتڵێک نەبێ، کە ڕووی دا، ئەویش قازی بە توندی بەرەنگاری قاتلەکانی بوو، دەنا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە، یەکێتی ئافرەتان بۆ یەکەم جار لە کوردستان دامەزرا و لێمان حاڵی بوو، کە ژنیش لەو دنیا پان و بەرینەدا، مافی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەرچی تەنانەت لە ماڵە خۆشیدا، مافی سروشتی و کۆمەڵایەتی زەوت کرابوو.

## ڕۆژگار و شەوگار دەهاتن و تێپەڕدەبوون

بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە، لە ئەوپەڕی شایی و شادمانیدا، کە زۆری نەخایاند، هەواڵیان هێنا کە عرووسان کە دەپێشدا بۆ خۆیان تفەنگ و دەمانچەیان شەوانە بۆ لە پردی سووری و مەهاباد ڕوو دەکردین زۆر ناجوامێرانە، پشتی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجانیان بەرداوە و لە تەورێز و چەند شاری دیکەی تورکان، خەڵکێکی زۆر کوژراون، قازی خەڵکی شاری لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆکردەوە و پرس و ڕای دەگەڵ

کردن، هێندێک گوتیان بەرگری دەکەین، هێندێکیش گوتیان شەڕ چارەسەرمان ناکا، قازی فەرمووی ئەی براینە، من لەسەربیروڕای ئەنگۆم، ئەوەش بزانن، هەتا ئەمن بمێنم، ناهێڵم کەس لە گوڵتان کاڵتر پێ بڵێ!!

مەلا مستەفای بارزانی لە ژووری مەحکەمەی ڕا پێشنیاری بەربەرەکانی دەگەڵ لەشکری شای کرد، قازی نکوڵی کرد، مەلا مستەفا سێ جار دەمانچەکەی دەرهێنا و گوتی؛ «قازی خۆم بکوژم یا تۆ؟».

قازی، مەلا مستەفای بە هێمنی و لەسەرەخۆیی داوەت کرد و گوتی؛ «ئەمن شەڕناکەم، بەڵام دەمێنمەوە خۆم و برایانم بە قوربانی گەلەکەم دەکەم، دەنا دوژمن لە داخی من شارەکان و لادێیەکان وێران دەکا و بێ حورمەتی بە خەڵک دەکا، قازی ئاڵای کوردستانی بە ئەمانەت دا بە مەلا مستەفا و گوتی: هەر ڕۆژێک کورد سەری هەڵێناوە، با ئەو ئاڵایە بشەکێتەوە.

چەند ڕۆژێ دوایە لەشکری شای بەرەو کوردستان هات، قازی بەپێی قەرارێکی دەگەڵ «قەوام ئەلسەڵتەنەی» سەرۆک وەزیری ئێرانی کردبووی، بەرەو پیلی لەشکر، لە حەمامیانی بۆکان چوو، سەرتیپ هومایۆنی دەستی بە قورئانێ دادا و گوتی خۆت و خەڵکی ناوچە دەپارێزم و ناهێڵم کەس دەستو لێ دا، بەڵام هومایۆنی زۆر ناپیاوانە پەیمانی خۆی شکاند و قازی و براکانی زیندانی کرد و پاش دادگاییەکی نمایشی و زاڵمانە، کە دەوێشدا، قازی زۆر شێرانە بەرگری لە مافی بەشخوراوی کورد کرد، لە بەرابەر زەبر و زەنگی لەشکری شای ورەی بەرنەدا، ڕۆژێک لە خەو هەستاین و تەرمی هەرسێک باوکی قارەمانی کوردمان لە چوارچرای شار، بەداری بێدادەوە دیت(٦).

شین و شەپۆڕ تەواوی کوردستانی داگرت، زۆر کەس لە حەیفان دڵی تۆقی، زۆر کەس گیران زۆر کەس هەڵوەدای دووره وڵاتانی بوون، زۆرکەسیش هەتا ژیان، تەرکی شادی و خۆشی دنیایان کرد..

منی ئافرەتی جوان و جحێڵی ئەو سەردەمەش، وەبیرم هاتەوە، کاتێک کە تورکان گوڵی بابای بەرزەنجیان لە شاری مەراغە، سەبارەت بە دەربڕینی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی دژی تورکانی عوسمانی، لە سێدارەدا، مەلا مەولودی باوکم، تەرکی دنیایەی کرد، بە نیشانەی خۆڕاگری و وەفاداری هەتا مرد، هەر لەسەر ئەرزی ڕەق خەوت، دەمی لە چای نەدا و هەرچی خۆشی و شادی بوو، لەخۆی حەرام کرد. بەو غەمەوەش دنیای فانی بەجێ هێشت، هەربۆیە، منیش وەک زۆر لە ئافرەتانی پشت شکاو، دڵ قرچاو، دوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنە، تەرکی دنیایەم کرد، قەت جل و بەرگی شادم دەبەرنەکرد و سەرم لە خەنە نەنا، هەتاساڵی سەرکەوتنی گەلانی ئێران و هەڵاتنی حەمەڕەزای کورد کوژ. لەسەر عەهدی خۆم مامەوە.

**ڕۆژ و شەوگار هەر دەهاتن و تیپەڕدەبوون**

دیارە بە دیتنی ڕۆڵە قارەمانەکان و پیرۆزی بەهاری کوردی، ژیانی ئاسایی خۆم دەست پێکردەوە و ئێستاش بەو هیوایە دەژیم کە ڕۆژگاری نەگبەتی وتاریکی کورد بۆ هەمیشە بەسەرچێ و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ، ئاسۆی هیوای گەل ڕووناک و ڕووناکتر بێ،

بەڵام چی بکەم. بە ناشکوری نەڵێم، ئێستاش کە ئێستایە، ڕۆژگار و شەوگار هەردێن و تێپەڕدەبن، چاوم خێل بوو، ملم خێس بوو، نەبوو کە نەبوو، هەر بەو.....

**پەراوێزەکان:**

١- دایە نوسرەت، دایکی نووسەری ئەم بابەتەیە، لە شاری سابڵاغ لەدایک بووە و هەر لەوێ دەژی، ئێستا تەمەنی (٨٥) ساڵە و خۆشبەختانە بیرتیژ و لەسەرخۆ و ژیرە.

٢- شەهریوەری، (١٣٢٠) هەتاوی، (١٩٣١ز).

٣- (١٣١٠)هەتاوی، (١٩٣١ز).

٤- (١٣٢٢) هەتاوی، ژمارە(٢)ی ڕۆژنامەی نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ک، لە ئەوەڵینی لاپەڕەی خۆی نووسی ئەو ژمارەیە پێشکێشە بە ڕۆحی پاکی لاوی جوانە مەرگ محەمەدی سەلیمی (طوس). کە بەم چەشنە دەرکەوتووە هەر لە ڕۆژەکانی زۆر زووەوە، کاک محەمەد پێوەندی نهێنی دەگەڵ کۆمەڵەی ناوبراو هەبووە، هەروەک مامۆستا هەژاریش لە کتێبی چێشتی مجێور ل(٦٠) و مامۆستا مەلا قادری مودرەیسی لە کتێبی تمدن مهاباد ل(١١٩) بە ئەندامی ژمارە (نۆ)ی کۆمەڵەی ژ.ک. ناویان بردووە.

٥- ڕۆژی دووەمی ڕێبەندانی (١٣٢٤) هەتاوی.

٦- دەی مانگی بەفرانباری (١٣٢٦) هەتاوی، (١٩٤٧ز).

# فیردەوس لە میتۆلۆژیا و ئایینەکاندا (بیرۆکە و خەیاڵی فیردەوس)

محەمەد سلێمان عەباس

(١-٢)

### سەرەتایەکی پێویست

بۆ ئەوەی هۆی پەیدابوونی بیرۆکەی فیردەوس بزانین و زیاتر روون کەینەوە، پێویستە ئاگاداری ژینگەی مرۆڤ بین لە چاخە بەردینەکان و بزانین چۆن بووە، لە چاخ و سەردەمە باراناویەکان بەفرو بارانێکی یەکجار زۆر باری و بەشێکی زۆری باکووری زەوی گرتەوە تەنانەت ناوچە چۆڵستان و بیابانە وشکەکانیش سەوزبوون، گژوگیاو دارودرەخت لە زۆربەی ناوچەکان گەشەو نمایان کردو پەیدا بوون و کانی و جۆگە و رووبار لەم ناوچانە هەڵقوڵاون و هەموو جۆرە ئاژەڵ و باڵندەیەک لەم شوێنانەدا دەژیان و هەبوون، مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن و ناوەند لەم ژینگەو لەم مێرگ و چیمەنە سەوزانە ژیانی بەسەر دەبردو دەگوزەراند، لەو قۆناغەدا ژیانی مرۆڤ لەسەر بەروبوومی سروشت و ڕاوکردنی ئاژەڵ بووە، واتە سەرچاوەی بەرهەمهێنان سروشت بووە و لەم سەردەم و قۆناغەدا کە قۆناغی کۆکردنەوەو ڕاووشکارە، هیچ کەس، هیچ شتێک ناخاتە ژێر ڕکێفی تایبەتی خۆیەوە، چونکە سەرچاوەو چاوگی ژیان و بەروبوومی هەمووان سروشت و جەنگەڵە، یان دەریاو رووبارەکانە ئەمانەش لەژێر ڕکێفی هیچ کەسێکدا نەبوون، خوانێکی ئاوەڵای سروشتن لە خزمەت سەرجەم مرۆڤەکاندان، ئەوان پێکەوە ڕاویان دەکرد و دەیانخوارد، بۆیە خوان لە خزمەت هەمووان و بەرهەم لە خزمەت هەمووواندا بوو.

لەو سەردەمە سەرجەم چاوگە ئابوورییەکان بە یەکسانی لە خزمەت تەواوی مرۆڤەکاندا بوون، تاکپەرستی، پاوانخوازی لەو مرۆڤانەدا نەبووە، خاسیەتەکانی ئەم کۆمەڵگە سادەو ساکارە بریتین لە: ژیانی کۆمەڵایەتی، هاوکاری کۆمەڵایەتی، یەکسانی و پێوەندیەکانیان سادەو ساکار بووە وەک هۆیەکانی بەرهەم هێنانیان.

ئێمە دەزانین کە ڕاووشکار چالاکی و پیشەیەکە، خۆشی و چێژو کەیف و سەفای تێدایە و ڕاوچیەکان زۆر چێژ لە ڕاوکردن دەبینن، چونکە وەک خولیاو ئارەزووە زیاتر لەوەی کارکردن بێت و مرۆڤی کۆن ئەم چالاکییەی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەنجام داوەو بژێوی ژیانی بووە بەهەمان شێوە خۆشی و چێژی لێ بینیوەو دڵی پێ شادبووە. ڕاووشکار وا لە مرۆڤ دەکات گیانی گوێڕایەڵی تێدا بێت و لەگەڵ کۆمەڵە کەسێک پێکەوە کاربکەن و هاریکاری و هاوکاری یەک بکەن. ئازایەتی و چاونەترسی و خۆبەختکردن لە پێناو ئەوانی تر سیفاتی مرۆڤی ڕاووشکارە.

کارلتون کون دەڵێ: ئەو مرۆناسانەی کە لە ناو ڕاوچییە سەرەتاییەکاندا ژیاون، دەڵێن: ئەم ڕاوچیانە مرۆڤی ئاکار بەرزو ڕەوشت باشن و نەفس بەرزن و جوامێرییان تێدایە و زۆر هاوکاری یەکتر دەکەن، تەنانەت ڕێزو قەدری ئەم رووەک و ئاژەڵانەش دەگرن کە لە ژینگەی ئەواندا هەن. وەک ئاشکرایە ڕاووشکار

پێویستی بە جێگاو شوێنێک هەیە کە بە سەربەستی هاتووچۆی تێدا بکات. بێ گومان ئەم شوێنە دارودرەخت و بەردو گژوگیاو جۆگەی ئاو و باڵندەو گیانداری لێ هەیە و هەروەها دەبێ دەرفـــەت و بواری هەبێ بۆ ئەنجامدانی کارەکەی و لە هەمان کاتدا دەبێ بجووڵێ و گەشت و گەڕان بکات، واتە جیهانی ڕاووشکار جیهانی جەنگەڵ و یاخیبوون و کەیف و سەفاو عیشوەتە، بەڵام بەربەرەکـانێ و سەختی و ئاڵۆزبوونی ژیان لە چاخی بەردینی نوێداو لە چاخەکانی دوای ئەوە بووە هۆی لە دەستدانی ئەم حەق و مافانەی مرۆڤ کە لە چاخی بەردینی کۆن و ناوەنددا هەیبووە، لەبەر ئەوەی لە چاخی بەردینی نوێدا کـاتێک گـوند دروست بوون و ژمـارەی دانیشتووان زیادی کردو و شوێنەکان قەرەباڵغ و جەنجاڵ بوون، ئەمـە بووە هۆی ئەوەی کـە بەشـێکی زۆر لە مافەکانیان و پێداویستەکانی ژیانیان بەشخوراو و بێ بەش بن و بەزەحمـەت دەسـتـیـان دەکـەوت و فـەرق و جیاوازی سەری هەڵدا و ئەو خۆشی و تەبایی و یەکسانی جاران نەما کە لە سەردەمی کۆکردنەوەو ڕاووشکاردا هەبوو، لەو سەردەمەدا مرۆڤ هەنگاوی نایە قـۆناغی پاوانخوازی تاکرەوی و پارچەیەک زەوی قۆرخ دەکات و ناوی خۆی لەسەر ئەو سەرچاوە بەرهەمهێنانە دا دەنێت و یەکێتی مرۆیی گۆڕا بۆ پەرتبوونی مرۆیی و پێوەندی برایی و مرۆیی نەما و مێژوو لە قۆناغی یەکیەتی مرۆیی (سەردەمی زێڕین) گۆڕا بۆ بەش بەش بوونی مرۆڤەکان و سەردەمی ڕەسەنایەتی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ سەردەمی تاکێکی پاوانخواز و تاکگەرایی.

بەشەریەت یاخود مرۆڤایەتی بیرەوەری و یادگارێکی پاک و بێ گەردی لە ناخ و دەروونی خۆیدا هەڵگرتووەو لەژێر هەستی جێ مـاوە لە بارەی سەردەمی زێڕینەوە (چاخی بەرائەتی مرۆڤ) کـاتێک قین و خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ و نەخۆشی و دوژمنکاری نەبوو، مرۆڤەکانی ئەو چاخ و سەردەم دووربوون لە ئیرەیی و خەم و وەسواس و دڵەڕاوکێ، بۆیە مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەردەم و بەردەوام سۆز و ئەڤینی ئەم ڕۆژگـارە خۆشە (چاخی زێڕین)ی هەیەو دەکـات و ئارەزووی گـەڕانەوەی دۆخی پاک و بێگەردایەتی و بێتاوانباری خۆی دەکات کە هێشتا ناخۆشیەکانی ژیان نەهاتبوونە دنیاو سەریان هەڵنەدابوو. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەو خەیاڵی فیردەوس لەلای مرۆڤ، چونکە ژینگەو توخمەکانی ژیان لە چیرۆک و ئەفسانەکانی فیردەوس و ژینگەی ڕاووشکار وەک یەکن و لە یەک دەچن وەک بوونی: دارودرەخت و گژوگیاو ئاو و باڵندە و بوونی سەربەستی لە هاتووچۆدا و بوونی کات و بوار بۆ ڕاوکردن و حەسانەوە..... تاد.

### بیرۆکە و خەیاڵی فیردەوس

هزرو خەیاڵی فیردەوس گەلێک کۆنەو دەگەڕێتەوە سەردەمە کۆنەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە زۆر کات و شوێندا مرۆڤی کۆن خەیاڵی بۆی چووە و بیری لێکردۆتەوە. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ هیواو ئومێدی بە گۆڕان هەبووە لە پێناو ژیانێکی خۆشترو باشتر بۆیە ئەفسانەی فیردەوس لای هەموو گەل و میللەتان پەیدابوو کە ئەمەش دەربڕینێکی سلبی هیواو ئومێدی مرۆڤ بووە لە پێناو گۆڕانی ژیانیدا، چونکە خەون و خەیاڵ جێگای کاروکردەوەی گرتەوە.

مرۆڤ ناتوانێ بێ خەون و خەیاڵ و ئومێد بژی ئەگەرچی هەندێک لەم خەون و خەیاڵانە دژو پێچەوانەی سروشت و واقیعن و هەر کاتێک خەونێک دەبێتە واقیع جوانیەکەی لە دەست دەدات و شتەکان هەر لە خەیاڵ و یۆتۆپیادا خۆش و جوانن، خەیاڵ و زاکیرەی مرۆڤ تواناو هێزێکی لە ڕادە بەدەریان هەیە بۆ وەهمکردن و خەیاڵی مرۆڤ هێندە باڵا دەستە لە توانای دایە جیهانێکی خەیاڵی ئەفسووناوی بخولقێنێت و نەزانین، وەک زانین پیشان بدات و بیروباوەڕ وەک واقیع پیشان بدات و واقعیش بکات بەخەیاڵ یا بە خەیاڵی دابنێت. دنیاو جیهان لە باوەڕو هزری دینی و خەیاڵیدا دەبێتە سەدیێک یا هیولێکی کیمیاوی کە توانای هەموو شێوەو تەشکیلێکی هەبێت، عەقڵی دینی و سیحری گشت سنوورە سروشتی و واقعییەکان لا دەبات و نایهێڵێت بۆ ئەوەی جیهانە خەیاڵیەکەی خۆی تێدا دامەزرێنێت، واتە عەقڵی دینی و میتۆلۆژی لە چوارچێوەو سنووری مێژوویی و جوگرافی و زانستی و فیکری دەردەچێت و لەجیاتی ئەوەی جیهانێکی واقیع و هەبوو بناسێت وەهم و خەیاڵی جیهانێکی ئەفسانەیی دەکات و دەیهێنێتە ئاراوە.

بۆیە هزرو عەقڵی ئەفسانەیی و دینی مرۆڤ غەریب و نامۆ دەکات و دوور دەخاتەوە لە ژینگەو واقیعی خۆی و مەحکومی دەکات بە پێش مێژوو، یان دوای مێژوو؟ ئاشکرایە کە مێژوو لەسەر بنچینەیەکی سیحری بنیات نانرێن. هەروەک ئیماندارەکان ئارەزوو و حەز دەکەن، چونکە ئەم جۆرە دیدو ڕوانگەیە گوزارشت لە ئەقلیەتێکی سەرەتایی و بەرایی سادە دەکات کە دەیەوێت هەموو شتەکان بە ئاسان و خۆڕایی و بەلاش دەست کەوێت.

بەڵێ هزری دینی و ئەفسانەیی ململانێی ئەقڵ و

زانست دەکەن و دەیانەوێ بە وشەو وێنە یۆتۆبی و فەنتازی زاڵبن بەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

خەیاڵ و هزرو وێناندنی فیردەوس (بەهەشت) ڕەنگدانەوەی خەونێکی ئەزەلی مرۆڤایەتییە بە بنیاتنان و دروستکردنی سەردەمێکی زێڕین لەسەر زەوییەکی خەیالاوی کە هەرچی بەروبووم و میوەهاتەکانی دنیای تێدا بێت لە هەمان کاتدا تاڵی و ژان و ئازارو ناخۆشی تێدا نەبێت، ئەمە گوزارشت لە هەوڵەکانی مرۆڤ دەکات بەنیازی گەیشتن بە ئاسوودەیی و بەختەوەری، وەدەست هێنانی دادپەروەری کە لە ژیانی دنیادا دەسەبەر ناکرێت، لە هەمان کاتدا چەمکی فیردەوس ئەو مێرگ و باخچانە دەگرێتەوە کە هەمیشە وەرزی بەهار ڕازاندوویەتییەوە، چونکە ئاسوودەیی هەمیشەییانەی تێدایە و فیردەوس هێمای پاکێتی و بێگەردایەتی و بۆن و بەرامە خۆشەکانەو لەشێوەی باخێکی تەژی دارودرەخت و چیمەن و ڕووبارە.

واتە جیهانێکی ئەفسووناوی (ئەثیر)یی سەرسوڕهێنەرە. ئینجا لێی ورد بەرەوەو بیهێنە پێش چاوت کە ژیان لەم فیردەوسەدا دەبێ چۆن بێ؟ بێ گومان مرۆڤ لەوێدا جوانترین و گەشترین و سەیرترین ژیان دەژین و دوورە لە گوناە و تاوان و مرۆڤ لەوێدا مانای ململانێ نازانێت و هیچ ئەرک و کارێکی لەسەر نییە، بۆیە فیردەوس کات و سەردەمی بەرائەتی مرۆڤ دەنوێنێ، کاتێک مرۆڤ نەیدەزانی شەرم و تاوان چییەو هەستی پێ نەدەکرد و وەسفکردنی فیردەوس جۆش و خرۆشێکی خەیاڵ ئامێزو ڕۆمانتیکی لە نەفس و دەروونماندا دەخولٯێنێ و هەست بەوە دەکەین کە مرۆڤ لە فیردەوسدا لە حاڵەتێکدایە کە دەرک بە خودی خۆی ناکات. هەروەک (ئەریک فرۆم) دەڵێت: لە قۆناغی منداڵیدا مرۆڤ هەست بەشەرم ناکات، بۆیە ئەم قۆناغە وەک فیردەوس وایە کاتێک یادی دەکەینەوە تەنانەت (فیردەوس) شادی و بەختەوەری خەیاڵی جەماعیە لە بارەی منداڵیەتی مرۆڤەوە، چونکە مرۆڤ لە بەهەشتدا ڕووتن و شەرم ناکەن تا ئەوکاتەی شەرم و ترس سەرهەڵدەدات و ژیانی سێکسی دەست پێدەکات و دەشێ لە ڕێگەی خەونەکانمان بگەڕێینەوە فیردەوس.

دەکرێ بڵێین بیرۆکەی فیردەوس هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازارو ژانەکانی ژیان و هەروەها دەرککردنە بە مردن، چونکە هەندێک هەست و سۆزو ناخۆشی و هیواو ئامانجەکان بەرجەستە دەکات کە پێوەندی بە گەنجێتی و نوێکردنەوەی ژیان هەیە.

بە نیگا و بڕوای (فرۆید) ئەفسانەی فیردەوس پێوەندی بە ڕەحمی دایک هەیە، چونکە ژیانی منداڵ لەناو ڕەحمی دایکدا زۆر ئارام و ئاسوودەیەو بە ئاسانی خواردنی بۆ دێت و دەست دەکەوێت بێ ڕەنج و ماندیبوون و لە حاڵەتێکی دڵنیایی و جێگیرو سەقامگیر ژیان بەسەر دەبات ئەم جۆرە ژیانەش زۆر نزیکە لە ژینگە و ژیان لە ئەفسانەی فیردەوس و پێکدەچن و کاتێک مرۆڤ لە دایک دەبێ، مانای وایە کە بوونەوەرێکی زیندوو لە حاڵەتێکی ئەمان و سەقامگیر دەگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی نا ئارامی و ترسناک، بۆیە مرۆڤ وەک بوونەوەرێک هەردەم سۆزو حەنینی ئەم ڕۆژگارە دەکات کە لەناو ڕەحمی دایکدا بوو.

ئەفسانەو چیرۆکی فیردەوس کە ئەم فیردەوسە دنیای دڵڕفێن و کەیف و سەفای بەهەشت نشینەکانە شوێنێکی خۆش و پاک و دڵگیرە لەوێدا ژیان جوانترەو خۆشەویستی و ئەوین باڵی کێشاوە بەسەر ژیان و پێکەوە بوونی هەموان ئارامگاو مەنزڵگەی باب و باپیرانمانە، لەوێ پێکەوە دەژین و پێکەوە نان دەخۆن لەودیو دەرگاکانەوە بەهەشتێکی دڵڕفێن چاوەڕێمانە کە عەرشی خواکانی لێیە و فریشتە و حۆریەکان لەوێ دەژین، باخچەکانی ئەوێ هەمەڕەنگەو لە کەنار ڕووبارەکانی ئەوێدا ئازادانە لەگەڵ حۆریەکانی قەراغ دەریادا ڕووت دەبینەوە و دەخەوین و لە خەیاڵ و عیشوەی ئەوێدا مەست دەبین لەوێ ماچ هەیە ژیان هەیە ئەوین هەیە پێکەوە بوون هەیە شەڕ نییە، دڵشکاندن نییە، چەپاندن نییە مەرگ نییە، لێدان و سزادان نییە، پیاوکوژو دزی نییە.... تاد.

چەندین وێنە و وێناندنی تر کە درێژکراوەی وێنە خەیاڵییەکانی مرۆڤی کۆن و سەرەتایین هەروەها مرۆڤی هاوچەرخیش بە بەردەوامی لە وەهمی ئەو بە هەشتەدا دەژی، چونکە مرۆڤی هاوچەرخیش بێ بەش نییە لەم وێناندنە ئەفسانەییانە، هەروەها لەبەر ئەوەی تا ئێستا مرۆڤایەتی درێژکراوی ڕابردوویەکی ئەفسانە سازی ئایینییە و ئاینیش پێکهاتێکە لە ئەفسانەو سرووت و بیروباوەڕو هیچ ئاینێکیش لە دنیادا بێ بەش نییە لە وێنەو وێناندنی خەیاڵی و فەنتازی جۆراوجۆر لەسەر بەهەشت و زیندووبوونەوەو ئەو دنیا و وێنەی ئەو دنیا بۆ ئیماندارێک ئارامگاو بەهەشتێکی دڵگیرو پڕ ئەوینە و پەریەکان لەوێ چاوەڕێن و میوەکان لەوێدا تامەزۆرن. فیردەوس نشینەکان هەرگیزاو هەرگیز دوچاری نەخۆشی و نا ئارامی و ترس و لێدان و سزا نابن.

لە وێدا مرۆڤ زێدە تر خەسڵەتی پاکێتی و بێ گەردایەتی وەردەگرێت و کاملترو درەوشاوەتر

دەدرەخشێت و عیشق و خۆشەویستی و هێزو بەرەكەتی یەزدانی بەردەكەوێت، واتە فیردەوس ئارامگاو ژیانی بەختەوەری و ئاسوودەییە، كە تێیدا بزاڤ و سەماو تیشک، نوورو درەوشانەوە. مۆسیقا، چركەی بەختەوەری سلاوات و دوعاو لالانەوە تێكەڵاو دەبن، و گوزارشت لە خۆشی و ئاسوودەیی فەنتازی دەكەن كە بە ئەڤین و ئاشتی داڕێژراوە و پڕیەتی لە ئەڤین، خێر، حەق، ئارامی، كامەرانی، ژیانی ئەبەدی و نەمری.

كەواتە مرۆڤی سەرەتایی، پەنای بردۆتە بەر ئەو ئەفسانانە بەهیوای ئاسۆیەكی ڕوونتر لەو دنیا و بۆ ڕاكردن لە بارودۆخی واقعی ژیان، واتە مرۆڤی سەرەتایی ئەم ئەفسانەیەی هێنا كایەوە بۆ بەدیهێنانی حەزو ئاواتە نەهاتووە دیەكانی ئەم دنیا، ئەمەش نەک تەنیا لای مرۆڤی سەرەتایی و بەرایی، بەڵكو لە ئەمڕۆی ئێمەشدا سەرنەكەوتن و نەهاتنەدی ئاوات و هیواكان زۆركەس تووشی بێ هوودەیی دەكات و پەنای پێ دەباتە بەر بڕوا هێنان بە جیهانە نەبووەكەی ئەودیو.

### شوێنی فیردەوس

شوێنی فیردەوس یا بەهەشت لە هەر میتۆلۆژیاو ئایینێكدا جیاوازە لە هی دیكە، فیردەوسی مندائیەكان كەوتۆتە باكووری گەردوون كە ئەستێرەی جەمسەر (قطب)ی لێیە، كەچی فیردەوسی جوولەكان لە ڕۆژهەڵاتەوە هی بوودیەكان لە ڕۆژئاوایە و فیردەوسی مەسیحی و ئیسلامیش لە ئاسمانی سەرەوەیە و بە بڕوای هندیەكان لەسەر چیای (میرو Meru)یەو لای یۆنانیەكان لە چیای (ئۆلمپ)ە، وەلێ لە هەندێک میتۆلۆژیاو ئایینی دیكەدا كەوتۆتە كەنار دەریا یا دورگە سەوزەكان، وەک دورگەی (سیلان) كە چیای (ئادەم)ی لێیە، لە میتۆلۆژیای سلتیدا فیردەوس دەكەوێتە دورگەیەكی سەوز پێی دەڵێن (ئەڤالۆم) و فیردەوسی یۆنانی و میسری لە دورگەیەكە بەناوی (دورگەی كامەرانی). كەچی لای سۆمەری و بابلیەكان سەرچاوەی ڕووبارەكان شوێنی فیردەوسە كە خواوەندو مرۆڤ لەوێ دەژین و ناویان لێنابوو ئاپسو (Apsu) واتە ئاوە شیرینەكە.

و بەپێی ژینگەی خەڵكی (ئەسكیمۆ)ش بەهەشت لە ناوچە گەرمەكانەو پڕە لە ئاگری كراوەی بەتین و ڕووناک كەچی هەر ئەو ئاگرە بەتینە لای خەڵكی ناوچە گەرمەكان بەسزای خواوەند دانراوە.

واتە لەهەر میتۆلۆژیاو ئایینێكدا دیدوبڕوای جیاواز هەیە لەمەڕ شوێنی فیردەوس و بەپێی جیاوازی شوێن و ژینگە لە یەكتر شوێنی فیردەوسەكان جیاوازە.

### مانای وشەی (فیردەوس) و (بەهەشت) لە زمانی كوردیدا

دكتۆر (جەمال ڕەشید) دەڵێ: وشەی (فیردەوس) بەڕێگەی (پردەوس- pridaus) پەهلەوی كە لە (پەرادیز)ی هەخامەنشی داڕێژراوە كە بە واتای (بەهەست= بوونی چاكتری) ئاڤێستایی پەرەی سەندووەو لە زمانی كوردیدا بە (بەهەشت Bahasht) گۆڕدراوە و (د. محەمەد ئەمین هەورامی)یش دەڵێ: وشەی (بەهەشت) لە (ڤەهیشتە= Vahishta) هاتووە كە لە ڕیشەی (ڤەهو= Vahu) و پاشبەندی (ishta) دروست بووە بەشی یەكەم بە واتای (چاک، باش) هاتووە و پاشبەندەكەش بۆ پلەی (ترین)ە. واتە: باشترین پیشان دەدات.

### ئەفسانەكانی فیردەوس

ئەفسانەكانی فیردەوس لە زۆربەی میتۆلۆژیای میللەتان و كۆمەڵە ئایینیە جیاجیاكاندا هەیەو شكڵ و شێوەی جیاوازی هەیە و بۆ گەیشتن بەم فیردەوسە ڕێگاو شێوازی تایبەتی و جۆراوجۆری هەیەو بیروباوەڕی هەر میللەتێک یا كۆمەڵێكی ئایینی ڕێگایەكی دیاریكراوی داناوە بۆ گەیشتن بە فیردەوس ئەوەی خوارەوە چەمكی فیردەوسە لە هەندێک بیروباوەڕ و ئایینیدا:

#### أ- فیردەوس لای هۆزە سەرەتاییەكان

هندیە سوورەكان بڕوایان وایە گشت هندیە چاكەكان كاتی دەمرن بەرەو جیهانی گیان هەڵدەكشێن نزیک لە ئەستێرەكان و ئافرەتی جوان دەبینن كە هەرگیز پیر نابن و قەڵەو نابن و تواناو وزەیەكی زۆریان دەبێت بۆ ڕاوكردن كە پڕە لە ئاسک و ژمارەیان كەم ناكات، هەر چەندی ڕاوبكرێت هەر زۆر دەبن.

خەڵكی مەكسیكای كۆن بڕوایان وابوو ئەو پیاوانەی لەكاتی شەڕدا دەكوژرێن و ئەو ژنانەی لەكاتی منداڵبووندا دەمرن، ئەوا گیانیان دەڕوات بۆ ئەوێ و لە تەلارێک ژیان بەسەردەبەن نزیک خۆر، پاش چوار ساڵ گیانیان دەچێتە ناوباڵندەی جوان و ئەوكاتە دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بژیت چ لەسەر زەوی یا لە ئاسمان، خەڵكی دورگەی (گریلاند) كە دورگەكەیان دەكەوێتە ناوچەی ساردو بەفراوی و تێیدا شەو زیاتر لە مانگێک دەخایەنێت، بڕوایان بە فیردەوسێک هەیە كە لە قووڵایی ئۆقیانۆسدایە، یان لەسەر مانگە.

ئەو فیردەوسە لە هاوینێكی بەردەوام و ڕۆژێكی بەردەوام دایە بێ كۆتایی و گەلێک ئاژەڵ و باڵندەی

جوانی تێدایە.

خەڵکی ئەسکندنافی کۆن بڕوایان وابوو کە فیردەوس بۆ سوار چاکەکانە ئەوانەی لەکاتی شەڕدا دەکوژرێن، ئەوان لەوێ دەحەسێنەوەو پاڵکەوتووە و گوێ لە شیعرو هەڵبەست دەگرن کە ستایشی ئەوان دەکات و پەسەندی کارو کردارەکانیان دەکەن، کەواتە هۆزو کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیش بێ بەش نییە لە وێنەو وێناندنی خەیاڵی و جۆراوجۆر لەسەر بەهەشت و زیندووبوونەوەو ئەو دنیا، بە بڕوای کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەوانەی بەدکارو بەدڕەوشتن یا پیاوکوژو خوێنڕێژو دزو جەردەن کە دەمرن ڕوحەکەیان دەڕوات بەرەو دنیای ڕوحە شەڕانگێزەکان واتە دنیای شەڕو تاریکی و مەرگ، بەڵام کەسانی باش و وەجاخزادەو شامان (shuman) کاتێ کە دەمرن ڕۆحەکەیان بەرەو جیهانی ڕۆحی ئاشتیخوازو چاک و پیت و بەرەکەت و پارێزگاری ژیان دەڕوات، لەوێدا مرۆڤ لەخۆشی و کەیف و سەفادا دەژی.

هەروەها لە فیردەوسی مەکسیکیدا باسی فریشتەیەک دەکات کە لە دەروازەی مێرگ و چیمەنێکدا وەستاوەو چڵەدارێکی بەدەستەوەیەو لە خۆشیاندا دەگرییێت و دەوروبەری پڕە لە گوڵ و داری جۆراوجۆرو بەری دارەکانیش سەیرو عەجیبن و ئەم بێستانە بە ئاوی ڕووبارێک ئاو دەدرێت کە تەژی ماسییە و ڕووبارەکە خۆیشی لە دەمی کیسەڵی پیرۆز هەڵدەقوڵێ کە ناوی خواوەند (تلالۆک Tlaloc)، کە بە دیدوبڕوای (جۆن غریفرز) ئەم جۆرە وێناندن و بینینانە بەهۆی کاریگەری کەڕوو (فطر)ێکی ژەهراویە کە تاکو ئێستاش هەندێک کەس ئەم کەڕووە لە سرووتە ئاینیەکاندا دەخۆن لە هەندێک شوێنی مەکسیک.

**ب- فیردەوس لەلای گەلانی خاوەن شارستانی:**

**١- فیردەوس لای سۆمەریەکان**

فیردەوسی سۆمەریەکان گرنگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە بووە بە سەرچاوە و بنەڕەتێک بۆ ئەفسانەی فیردەوس لای گەل و ئایینەکانی کە پاش سۆمەریەکان هاتوون. دەقێکی سۆمەری هەیە کە گوزارشت لە سەردەمی زێڕینی مرۆڤ دەکات، پێش ئەوەی مرۆڤ دوچاری کۆیلایەتی و کارکردن و چەوساندنەوە ببێتەوە، ئەو دەمەی کە مرۆڤ سەروەری خۆی و سروشت بووە. دەقەکە دەڵێ:

**لەو ڕۆژگارەدا مارو دوپشک و کەمتیار نەبوو**
**شێرو گورگ و سەگیش نەبوو**
**ترس و لەرزو ئازارو تۆقین نەبوو**
**لە نێوان مرۆڤەکاندا دژیەکی و ململانێی نەبوو**
**لەو ڕۆژگارەدا (شوبور) زەویەکی ڕووناک بوو. زەوی بەرەکەت و دادبوو**
**خەڵکی پێکەوە بە ئارامی و ئاسوودەیی دەژیان.**

بەڵام چەمکی فیردەوس لای سۆمەریەکان بەشێوەیەکی ڕونتر لە ئەفسانەی (ئەنکی و ننگر ساک) یا (زەوی دلمون) دەردەکەوێت، ئەم ئەفسانە سۆمەریە باسی (دلمون) دەکات کە زەویەکی پاک و ڕووناکەو خوای ئاو (ئەنکی) تێدا دەژی و ئاوی شیرینی بۆ هێناوە و خوای زەوی دایک (ننگرساک) کە هاوسەری (ئەنکی)یە ئەویش لەوێ دەژی، خواوەند (ئەنکی) ئەنکی بە ئاوەکەی خۆی زەوی دایک ئاودەدات و (دلمون)ی کردە مێرگ و چیمەنی سەوز و لە یەکگرتن و تێکەڵ بوونی ئاو (ئەنکی) لەگەڵ زەوی (ننگرساک) ئەم فیردەوسە پڕ دەبێ لە دارودرەخت و بەروبوومی دارەکان. جگە لەمانە (ننگرساک) هەشت ڕووەکی سەیر خەڵق دەکات و خواوەند (ئەنکی) بێ ئاگاداری (ننگرساک) بەری هەشت ڕووەکە دەخوات و کاتێک (ننگرساک) بەمەی زانی زۆر تووڕە دەبێ و نەفرەت و نەخۆشی بۆ (ئەنکی) دەنێرێ و تووشی هەشت دەرد و نەخۆشی دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی نارەزایی خواوەندەکانی دیکە، چونکە نەفرەتکردن لە (ئەنکی) مانای کەمبوونەوەو نەمانی ئاوە، بۆیە خواوەندێک دەنێرنە لای (ننگرساک) و داوای لێدەکەن کە (ئەنکی) چاک و ساغ بکاتەوە ئەویش ناچار دەبێ گوێڕایەڵی خواوەندەکان بێت و هەشت خواوەند بۆ شیفاو ساغکردنەوەی هەشت ئەندامە نەخۆشەکەی لەشی (ئەنکی) دەخولقێنێ و هەر خواوەندێک ئەندامێکی لەشی چاک کردەوە تاکو دەگاتە ساغکردنەوەی (پەراسوو)ی (ئەنکی). ئینجا (ننگرساک) بە (ئەنکی) دەڵێت: کوێت دێشێ و ئازاری هەیە.

(ئەنکی) دەڵێت: پەراسووم ئازاری هەیە.

(ننگرساک) دەڵێ: بۆ شیفاکردنی ئەوێ خواوەند (ننتی)م خەڵق و ئافریدە کردووە.

زاناو زمانزانە سۆمەرییەکان دەڵێن وشەی (تی) لە زمانی سۆمەریدا دوو مانای هەیە یەکەم: (پەراسوو). دووەم: (زیندوو= زیندووکردنەوە). هەروەها وشەی (نن) مانای (خاتوون) دەدات، کەواتە (ننتی) بە مانای (خاتوونی پەراسوو= خاتوونی زیندووکەرەوە) دێت، ئەمەش لە (حواء)ی تەوڕات دەچێت و وەک ئەوە، چونکە (حواء) لە پەراسووی (ئادەم) خەڵق کراوەو لە هەمان کاتدا ژیان و حەیات دەبەخشێت و زیندووکەرەوەیە.

شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەم ئەفسانەیە هەندێک

شتمان بۆ دەردەخات و ڕوون دەکاتەوە وەک ئەوەی کە (فیردەوس)ی بەرایی لە ئەنجامی یەککگرتنی (ئاو) و (خاک) پەیدابووە و هەروەها باوەڕبوون بە پێوەندی کاری سێکسی بە پیتکردنی زەوی واتە جوتبوون و زەماوەندی (ئەنکی) و (ننگرساک) دەبێتە هۆی بە پیتکردنی سروشت و زەوی. هەروەها دەقی ئەفسانەکە باسی سەرەتاو بنەڕەتی شتەکان دەکات کاتێک دنیا کامل و ڕێک و تەواو بوو هێشتا گەندەیی و خراپەکاری سەریان هەڵنەدابوو. هەروەک لە دەقی ئەفسانەی (دلمون)دا هاتووە:

**زەوی (دلمون) شوێنێکی پاک و بێ گەردە. زەوی (دلمون) خاوێنە.**

**زەوی (دلمون) شوێنێکی خاوێن و ڕووناکە**
**لە (دلمون)دا قەلە ڕەشەکان قاڕەیان لێوە نەدەهات**
**باڵندەی کیتی ناقیژێنێ**
**شێر هێرش ناکاتە سەر کەس**
**گورگ پڕ ناداتە بەرخ**
**سەگیش لەوێدا هێرش ناباتە سەر گیسک**
**بەرازیش گەنم و جۆی نەدەخوارد**
**چاو ئێشە گرتوو ناڵێ من چاوم دێشێ**
**سەر ئێشە گرتوو ناڵێ من سەرم دێشێ**
**پیرەژن ناڵێ من پیربووم**
**پیرەمێرد ناڵێ من پیربووم**
**لەوێ شینگێڕو گەدایی نییە.**

کەواتە (دلمون) فیردەوسی نەمری و جاویدانییە ئەوانەی لەوێ دەژین پیرنابن و نەخۆش ناکەون و دلمون چاوگەی جۆگەو ڕووبارەکانە و جێنشین و ئارامگای خواوەندو مرۆڤە نەمرەکانە وەک: زیوسدرا یا ئۆتۆناپشتم و هاوسەرەکەی.

ئەم وەسف و وێناندنەی فیردەوس لای سۆمەرییەکان، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سفری (ئەشیعا)ی تەورات، هەروەها بوونی ڕووبارو سەرچاوەی ئاوەکان لە فیردەوسدا خاڵێکی تری هاوبەشە لەنێوان فیردەوسی سۆمەری و تەوراتدا، چونکە دیاردە بەرچاوەکانی فیردەوس بوونی ڕووبار و درەختی زانست و درەختی ژیانە. ئەم دیاردانەش جگە لە ڕووەکی زانست، زۆر جەخت لەسەر کراوە لە فیردەوسی سۆمەری و هەروەها لە هونەری سۆمەری کە بایەخ بە ئاو و داری ژیان دراوە وەک هێماو سەرچاوەی ژیان.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە (تەورات)دا بە فیردەوس گوتراوە (بەهەشتی عەدەن). وشەی (عەدەن)یش ڕەگەکەی سۆمەرییەو لە وشەی (ئیدن edin) هاتووە کە مانای (دەشت، زەوی سەوزی کشتوکاڵی) دەدات. هەرچەندە (فراس السواح) دەڵێ: دوور نییە وشەی (عەدەن) لە گۆڕین و تەحویرکردنی ناوی خواوەند (ادون)ی خواوەندی ڕووەک و سەوزایی و پیت بێت.

هەروەها لەبارەی لەدەستدانی فیردەوس و کەوتنی مرۆڤەوە ئەوا ئەفسانەیەکی سۆمەری هەیە بەناوی ئەفسانەی ئاداپا (Adapa) کە یەکەمین مرۆڤ بوو و نەمری لەکیس چوو بەهۆی هەڵەیەکەوە کردی هەرچەندە ئەم هەڵەیە لە ئاکامی بەدحاڵی بوون بووە، بەڵام لە ئەنجامدا (ئاداپا) نەمری و ژیانی فیردەوسی لە دەست داوە وەک (ئادەم). تێبینی هەردوو ناوی (ئاداپا- ئادەم) بکە.

پوختەی ئەفسانەی (ئاداپا) بەم شێوەیە: ئاداپا کوڕی خواوەندی حیکمەت (ئیا EA)یە، کاتێک خەریکی ڕاوە ماسی بوو لە کەناردەریا باڵندەی گەردەلوولە هێرشی کردە سەر بەڵام (ئاداپا) توانی باڵی بشکێنێت، بۆیە (ئەیا) لە دوای (ئاداپا)ی نارد بۆ ئەوەی هۆی ڕق و توندو تیژییەکەی بۆ ڕوون بکاتەوەو لە هەمان کاتدا تووڕەیی و ناڕەزایی (ئانو Anu)ی خواوەندی ئاسمانی پێ ڕابگەیەنێت و پێی گوت کە خواوەندەکان خواردن و خواردنەوەت بۆ دەهێنن کە دەبێتە هۆی مردن بۆیە دەبێت ئەم خواردن و خواردنەوانە نەخۆیت کە (ئاداپا/ چووە لای (ئانۆ)ی خواوەند ئەویش نان و ئاوی ژیانی بۆ (ئاداپا) هێنا بەڵام (ئاداپا) نەیخواردو گوێڕایەڵی ئامۆژگاری باوکی کرد، ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی جاویدانی و گەڕاندیانەوە بۆ سەر زەوی. ئەم ئەفسانەیە سەرچاوەو بنەڕەتی کەوتنی مرۆڤ و چیرۆکی (ئادەم و حەوا) پێک دێنێت، بۆیە ئەفسانەی (ئاداپا) و چیرۆکی (ئادەم) لە چەند خاڵێکدا هاوبەشن:

١- بابەتی سەرەکی لە هەردوو چیرۆکدا بریتییە لە هەڵەکردنی مرۆڤ و لەدەستدانی نەمری.

٢- لە هەردوو چیرۆکدا شتێکی حەرامکراو و تابۆ هەیە کە دەبێ مرۆڤ لێی نزیک نەبێتەوە و نەیخوات (نان و ئاوی ژیان)ە لە چیرۆکی (ئاداپا) و (داری مەعریفە)یە لە تەورات.

٣- هەردوو چیرۆکەکە باس لە یاخیبوون و لاساری مرۆڤ دەکەن کە فەرمانی خواوەندیان شکاندو جێبەجێیان نەکرد و قەدەغەشکێنییان کرد.

٤- خاڵێکی تری هاوبەش بریتییە لە دەرکردنی، یا دابەزاندنی مرۆڤ بۆ شوێنێکی نزمتر کە ئەویش (زەوی)یە وەک سزایەک بەرامبەر هەڵەکردن، هەروەک لە تەوراتدا هاتووە پایەی بەرزمان لە بەهەشت دا بە (ئادەم)

دوای ئەوە گەڕاندمانەوە بۆ نزمترین پایە کە ژیانی سەر زەوییە.

**٢- فیردەوس لای میسرییە کۆنەکان**

میسرییە کۆنەکان گەلێکی کشتوکاڵی بوون و بڕوایان وابوو کە فیردەوسەکەیان لە شوێنێکە کە باشترین شوێنە بۆ چاندن و کشتوکاڵکردن و کەوتووتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسماندا و بە (مێرگی ئیلیزی) ناسراوە و ئەو مێرگە بەردەوام سەوزەو بەروبوومی زۆرە و نیسک لەوێ زۆرەو گوڵە گەنمەکانی لە هەموو گوڵە گەنمەکانی لێواری نیل بڵندترە، شوێنی ئاشتی و ئاسایش و دڵنیاییە و هەموو کەس بەشی خۆی بەردەکەوێ، هەندێک ڕوح هەیە پاش مردن بەرز دەبێتەوەو بەرەو چینەکانی ئاسمان بەرز دەبێتەوە تاکو دەگاتە خۆر (رع) و ئاشنا دەبێ بەلایەنگیرو خاوەن باوەڕەکان کە بڕوایان بە (رع) هەبوو و مرۆڤ لەوێ وەک ئەستێرەیەکی ئەزەلی دەژی.

**٣- فیردەوس لە ئایینی زەردەشتیدا**

بە گوێرەی دەقەکانی ئاڤێستا دوو دنیا هەیە یەکەمیان: دنیای ئێستایە، دووەمیان: ئەو دنیایەیە کە مرۆڤ پاش مردن ژیانی تێدا بەسەر دەبات و بەپێی کارو بڕواو گوفتار لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ. ئاڤێستا دەڵێ: (لە ژیانی دووەمی جاویدانیدا دەروونی خێرخوازان پڕ لە کامەرانی دەبێ کەچی درۆزنەکان لە ئەشکەنجەیەکی هەمیشەییدا سزا دەدرێن). لەو دەقەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا مرۆڤی خێرخواز بەوە کامەران دەبێ کە ڕۆحی دەچێتە فیردەوس و بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بەهەشتی زەردەشتی بێ بەش نەبێ، پێویستە بڕوای بە پەیامی زەردەشت هەبێ و هەروەها کاروگوفتاری باش بێت و مەرجی سەرەکی چوونە فیردەوس لە ئایینی زەردەشتیدا ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ بڕوای بەخودای ئەهورامەزدای بێ شەریک و تەنیا هەبێ و ئیمانی بە پەیامی زەردەشت هێنا بێ. کە بەم جۆرەش گوێڕایەڵی ئیمان و بڕوا بێ لەوانەیە لەو دنیا بچێتە بەهەشت و بەدیداری (ئەهورامەزدا) بەختەوەر بێ، چونکە ڕوح پاش ئەوەی دەگاتە بارەگای (ئەهورامەزدا) گیانە باشەکان ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەنەوە پاش مردن، کە ناخۆشی و پیری و تاریکی و ئێش و ئازاری تێدا نییە و هەموو مرۆڤێک بە نەمری دەمێنێتەوە کە خوای ڕووناکی (ئەهورامەزدا) فەرمانڕەوایی تیادا دەکات و بڕوا بوون بە ژیانی ئەو دنیا (بەهەشت و دۆزەخ)ی زەردەشتی کاریگەری لەسەر ئایینی جوولەکە بەتایبەتی پاش دیلێتیان لە بابل هەبووە، چونکە لەوەو پێش بڕوایان بە هەڵسانەوەو ژیانێکی تر نەبوو، بەڵام دوای ئەوەو بەهۆی کاریگەری ئایینی زەردەشت (ئەشیعاو دانیاڵ) پێغەمبەر بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە لەو دنیا سزاو پاداشت هەیە.

بەهەشت و دۆزەخ لە (ئاردا ویراف) نامەی زەردەشتییەکانیش باس کراوە کە وەک (میعراج)ێکە بەنێو بەهەشت و دۆزەخدا و باسی بەهەشت لە نووسراوی (ویرافی) پیرۆز ئاوا هاتووە: (ویراف) وەختێ لە جیهانی بەرچاو دەچێتە بەهەشت و چینە جۆر بەجۆرەکانی دەبینێ

**یەکەم:** چینی ویراف لە چینی (ئەستێرەکان)ە کە لەوێ پێشوازی لەبیری چاک دەکەن کە لەم جێگایە-گیان-ەکان وەک تیشکی ئەستێرەکان گەشاوەن. لە چینی **دووەم:** چینی (مانگ)ە. لێرە- گیان-ێک هەن (پێشوازی لە گفتاری چاک دەکەن) ئەمانە جێگایان لە بەهەشتەو تیشکیان وەک تیشکی مانگ وایە. چینی **سێیەم:** چینی خۆرە لێرە کاربەدەستانی چاک کە بە باوەڕەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام داوە پاداش دەکرێن چینی چوارەم:

چینی بەهەشتی بەرینە لێرە (بەهمن) واتە (ئەندێشەی چاک) پێشوازی لێ دەکرێ و دەیبەنە خزمەت ئەهورامەزدا، پاشان (ویراف) دەبردرێتە جێگای جۆراوجۆر، ئەوانەی کە دەست بڵاون و ئەوانەی فەرمانی زەردەشتیان بەجێ نەهێناوە. ئەو ژنانەی هاوسەری چاک و وەفادار بوون، هەروەها (ویراف) چووە سەیری جێگای جوتیارو کاسیکارو شوانان و پیاوانی ئایینی و ئاشتیخوازان هەموو ئەمانە لەسەر فەرشی جوان بەخۆشییەوە دەژین و لێرەدا دیارە کە فیردەوس چین چین و پلە پلەیە.

**فیردەوس لای مانی**

فیردەوس لە ئاینزای (مانی)دا بە زەوی ڕووناکی و باغی پرشنگدار ناسراوە و بەم شێوەیە وەسفی کراوە: ئەم زەوییە پێنج ئەندامی هەیە: نەسیم، با، ڕووناکی، ئاو، ئاگر، شێوەی ئەم زەوییە وەک ڕووناکییەکی درەوشاوەی هەمەڕەنگە و هەردەم گەشاوەیەو تیشکی جوان و قەشەنگە و بەبڕوای مانی کاتێک ڕۆحی مرۆڤ پاقژ دەکرێتەوە لە تاوان و گوناه دەگۆڕێت و دەبێتە فریشتەیەک لە فیردەوسی ڕووناکی.

# تەندروستی دەروونی و ڕەهەندەکانی لە سەر مێژوونووس

سەعید محەمەد نووری

مـرۆڤ پێکهـاتەیەکی یەکـجـار ئاڵۆز و تێکەڵاوەی کۆمەڵایەتییە کە هەڵدەستێ بە کۆمەڵێ کرداری جیاواز و هەر لەم ڕێگایەوە جـێی دەسـتی زیاتر لەسـەر هەمـوو بوارەکـانی گـەردوون بە دیار دەکـەوێت. ئێـسـتـاش کـاریگەرییـەکـانی مـرۆڤ زیاتر ڕوونە لە ئەنجـامی پێشکەوتنی ژیاری و تەکنۆلۆژی و گەیاندن...تاد، بەڵام لەگەڵ هەمـوو ئەو کـارتێکردنانەی مرۆڤـیش، کـۆمـەڵێ هۆکـار و دیاردە و ڕووداو.. تاد هەیە کـە کـاریگەریی خـۆیان هەیە لەسـەر مـرۆڤ هەر ئەم هۆکـارانەی سـەرەوە زۆرجـار دەبنە ڕێگر لەبەردەم بە ئەنجـام گـەیاندنی ئەرکـەکـانی و جـۆرێک لە شـێـواندنی دەروونی لە لا دروست دەکات و هاوسەنگی دەروونی دەشێوێنێ.

ئەگـەر بڕوامـان بەبوونی جـەسـتـە و دەروون کـرد لە پێکهـاتەی مـرۆڤدا ئەوا زۆر چاک ئەو ڕاسـتیـیە ڕوونـتـر دەبێت لەلامان کە گرنگیدان بە منداڵ لەلایەنی جەستەیی بەتەنیـا کـاریگەری ترسناک و ڕەهەندی خـراپی لەسـەر کەسێتی دەبێت!

پەروەردە جیا لەوەی کە هۆکارێکی بنیاتنەری کەسێتی مرۆڤی تەندروستە، بۆ خۆی وەک دیاردەیەکی مێژوویی درێژخایەنە، کە بۆی هەیە لە دەرئەنجامی فەرامۆشکردنی زیانی دەروونی بە دیار بخات لەسەر کەسێتی مرۆڤ لە داهاتوودا.

هەروەک دیاردە مـێـژووییـەکـان کـاریگەرییـان لەسـەر مـرۆڤ هەیە بە هەمـان شـێـوەش تەندروسـتی دەروونی مـرۆڤـیش کـاردانەوەی دیاری هەیە لە شـێـواندن و تۆمارنەکردنی ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان و شێواندنی دەقە مێژووییەکان.

بە تەماشاکردنی مرۆڤ وەک سەنتەری کاری هەریەکە لە مێژوو و تەندروستی دەروونی جۆرێک لەیەکتر نزیک بوونەوە و یەکـانگیـری بە دیاردەکـەوێت لەنێـوانیـاندا لە مرۆڤدایە.

لەبەر ئەوەی کـە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە مـێـژووییـەکـان لەلایەن مـرۆڤـەوە بۆ خـزمـەتی مـرۆڤـە، بۆیە هەر جـۆرە ناساغیێک (نا تەندروستی) لە مرۆڤە مـێژوونووسەکان جـۆرێک لە ڕەنگدانەوەی خـراپی دەبێت لەسـەر ڕاسـتی تۆمـارکـردنی ڕووداوەکـان و شـاردنەوەی ڕووی ڕاسـتی کەسە تاوانبار و لایەنەکانی کە دەستی ناڕاستەوخۆیان هەبووە لە ڕووداوەکــەوە، چونکە شـێــوانی دەروونی کاردانەوەی زۆری هەیە لەسەر هەموو پێکهاتە جەستەیی و ژیرییەکانی مرۆڤ و زۆرجار دەبێـتە هۆی پەکخـستنی کـارو فەرمـانەکـانی و سەرنەکەوتنی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی. هەر بۆیە شتێکی ساکار نییە کە باس لەو قـەیرانە مـەزن و ماڵ ویرانکەرانە بکەین کـە لە ئەنجـامی ناساغی و نەخۆشیی مێژوونووس بەرجەسـتە دەبێت کە زۆرجـار بەشـێـوەیەکی بەدەر لە دەسـەڵاتی مـرۆڤ

ڕوودەدات، چونکە هەندێک بەش لە ڕووداوەکــــە لە داهاتوودا وەک دەرمـانێک ئازارەکـانی مـێـژوونووسی ناتەندروســـتی ســـارێژ دەکـــات و ســـرکـــردنێک لە نەخـۆشـیـیـەکـەی دروست دەکـات بۆ سـاتەوەختـێک مێژوونووسی نەخۆش ئازارەکانی خۆی لە یاد دەکات و پێـویسـتـیـەکـانی بۆ پڕ دەکـاتەوە، بەلاّم لەگـەڵ ئەم سڕکردنەدا هەندێک لە پێکهاتەکانی کەسێتی مرۆڤ کارەکانی خۆیان بە باشی ئەنجام نادەن وەک (من- الانا) کە وەک چاوی مرۆڤە بۆ بینینی واقیع و جۆرێکیش لە سستی بەدیاردەکەوێت لەکارەکانی مێشک.

تۆمـارکـردنی ڕووداوەکـان و پێـشـبـینی کـردن و لێکۆڵینەوە لێیان پێویستی بە مێژوونووسی ساغ و تەندروست هەیە بۆ ئەوەی کـێـشـەکـانی ڕابردوو لە داهاتوودا سەرلەنوێ دەست نەنێتە قاقای نەوەی تازە کە ڕووداوەکان پێوەندییەکی ئەوتۆی بەئەوانەوە نییە.

زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین تەندروستی دەروونی جیا لەوەی هۆکـارێکی مـەزنە بۆ ئەوەی مـێـژوونووس ڕووداوەکـــان بەڕاست و ڕەوانی تـۆمـــار بکات؛ هۆکارێکیشە بۆ نەشیواندن و تێک نەدان و نەشاردنەوەی ڕووی ڕاسـتی ڕووداوەکـان کـە بۆی هەیە لە داهاتوودا کاردانەوەی هەبێت لەسەر مرۆڤەکان.

لێرەدا ڕەنگە بپرسین ئایا تەندروستی دەروونی چییە چۆن بەرجەستە دەبێت بۆ دوورکەوتنەوەمان لە ڕووەکەی تری کە نەخۆشی دەروونییە؟

زۆر لە زانایانی سـایکۆلۆژیا جـەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە کە مرۆڤی تەندروست لەلایەنی دەروونییەوە ئەم چەند خاسێتانەی خوارەوە لە کەسێتیدا بەدیار دەکەوێت:

- لەلایەنی سـۆزدارییـەوە (العـاطفـیـة) کـەمـتـرین ململانێی ژیری هەیە و توانا و حـەزی ئاسـاییـە بۆ کارکردن، لەتوانایدا هەیە کەسێکی تری خۆش بوێت نەک هەر خودی خۆی.

- لەلایەنی ڕەفـتـارییـەوە توانای هەیە بگاتە سـەر کارەکانی خۆی بەبێ چاودێری زیاد، یان دواکەوتنی زۆر، هەروەها کـاری خـۆی خـۆش دەوێت و هەست بە هیـلاک بوون ناکـات لەگـەڵ ئەو کـارانەی کـە دەگـونجێ لەگـەڵ توانایدا.

- لەلایەنی جـەسـتـەییـەوە دوورە لە سکالاّ لەو نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییانەی کە هۆکارەکانیان جەستەیی نییە لە بنەڕەتدا. (٣-١٩٨٩-٣٢) چۆنیەتی بەرجەسـتـەبوونی تەندروسـتی دەروونی پێـویسـتی بە کـۆمـەڵێ بوار و هۆکـار و ئـامـراز و ژینگە و ئامـادەیی بۆمـاوەیی... تاد هەیە کـە لێـرەدا بە سـاکـاری دیاری ناکرێت بەهۆی هەبوونی جیا تاکی (الفروق الفردیة).

جا بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر نەخۆشییە دەروونییـەکـان بوەستین و بزانین چۆن کار لەسەر مـێژوونووس دەکـات، دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ بکەین:

**نەخۆشی دەروونی**

زۆرن ئەو نەخـۆشـیـانەی کە دەچنە ژێر ئەم ناونیـشـانە لەوانیش (دڵەڕاوکێ، هیـسـتـریا، تۆقـان، خـەمـۆکی) و چەند نەخۆشییەکی دیکە.

هەروەها جیا لەم چەند نەخۆشییە دەروونییانە چەند جـــۆرێک لە تێکچــــوونی دەروونی هەیە لەوانیش نرجسیەت- سادیەت- ماسوشیەت..تاد»

بڕواو بۆچوونی جـیـاواز هەیە لە مـەڕ نەخـۆشـیـیـە دەروونیـیـەکـان کـە زیاتر دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەو هەمـوو قـــوتابخـــانانەی کـــە لەم بوارە دەکـــۆڵنەوە و زۆری و تێکەڵاوی هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییانە.

نەخـۆشی دەروونی هەڵچـوونە، یان تێکچـوونە، یان لادانە لە هەستە ئاساییەکان. کە مرۆڤ تووشی دەبێت بەبێ ئەوەی کـە هۆکـاری جـەسـتـەیی یان تێکچـوونی جەستەیی هەبێت بە تەنیا... نەخۆشی دەروونی زۆرجار لەنێوان هەڵچوونێکی ساکار یان ناوەندیدایە کە نابێتە هۆی پەکخسـتنی کارەکانی مرۆڤ لە ژیانی ئاساییدا، هەرچەندە ئازاری ناوەکیشی هەیە، لەگەڵ هەڵچوونێکی دەروونی توندا یا کـــە دەبێـــتـە هۆی بە دیارکـەوتنی نیشـانەکانی لەسەر ڕەفتـار و میـزاج و توانای بەرهەمی مـرۆڤ (٢-١٩٨٤-٣٨-٣٩) هۆکـاری نەخـۆشـیـیـە دەروونیـیـەکـان یەکـێکە لەو لایەنانەی کـە زۆرترین بۆچوونی جـیـاوازی لەسـەر هەیە بۆ نموونە (سـیگمـۆند فـــرۆید S. Freud) ١٨٥٦-١٩٣٩ هۆکـارەکـانی نەخۆشی دەروونی دەگەڕاندەوە بۆ منداڵی و ویسـتەکـان (الرغبات) و ململانێیە چەپێندراوەکانی کە جێگیربوونە لە نەسـتـدا، کـە زۆرجـار هەوڵ دەدەن بۆ بە دیارکـەوتن بەشـێـوەیەکی شـاراوە، یان داپۆشـراو، بەلاّم هەوڵدانی بەردەوامی تاک بۆ پڕکـردنەوەی هەسـتی واقـیـعی، یان خـەیاڵی بە کـەم و کورتی (النقص) هۆکـاری نەخـۆشی دەروونییە لەلای (الفرید ادلر).. کـەچی (کـارڵ یونگ) ١٨٧٥-١٩٦١ بڕوای وایە کـــە نەخـــۆشی دەروونی ئەوەندەی کـە لە دەرئەنجـامی داهاتـووە ئەوەندە بەهۆی ڕابردووەوە نییە. (٣-١٩٨٩-١١٧).

«کـارین هورنی Karen Horny» ١٨٨٢-١٩٥٣

تێکچوون لە ژیانی غەریزی بە هۆکاری نەخۆشیی دەروونی نازانێت، بەڵکو بڕوای وایە کە ئەم نەخۆشییانە کە لە ڕێگای گواستنەوە مرۆڤ دووچاری دەبێت. بەواتایەکی تر لە ڕێگای کۆمەڵ و ژینگەوە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. کەچی ململانێی سەرەکی لەنێوان هەوڵدانی مرۆڤ بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و بەرجەستەکردنی خود و خۆشی و سەربەخۆیی لەلایەک و هەموو سیستەمە جیاوازەکان کە لەناو کۆمەڵگادا هەیە و ڕێگری دەکات لەم خەباتە، لەلایەکی ترەوە لە گرنگترین هۆکارەکانی نەخۆشی دەروونییە بە بڕوای (إریک فروم) جیا لە هەموو ئەم بۆچوونانەش چەند بڕوایەک هەیە کە دەڵێت: هۆکاری نەخۆشییە دەروونییەکان بۆماوەیە (وراثیە) و لە ڕێگای باوانەوە دەگواسترێتەوە بۆ منداڵەکانیان. بە هەرحاڵ لێکدانەوەی جیاواز زۆرە بۆ دیاریکردنی هۆکارەکان.

مرۆڤی مێژوونووس وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی ئامادەیەکی ژینگەیی و بۆماوەی تێدا هەیە (بە بڕوای بوونی جیا تاکی (الفروق الفردیة) بۆ تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی و هەندێ جاریش نەخۆشی ژیری (الامراض العقلیة).

ئامادەیی بۆماوەیی (الاستعداد الوراثي) و ئامادەی ژینگەیی و خێزانی ناجێگیر و ژینگەی نالەبار کە تێیدا منداڵ هەست بە ئاسایش و ئارامی ناکات و گرنگی دیاری هەیە بۆ سەر تەندروستی دەروونی و لادانی منداڵ و سەرنەکەوتوویی لە کەسێتیدا. جیا لەوەی کە بێبەش بوون (الحرمان) و چەوساندنەوە کە لەسەرەتاکانی ژیانی منداڵ ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە هۆکارە گرنگ و دیارەکانە.

لە سیما دیار و ناسراوەکانی مرۆڤی نەخۆشی دەروونی، هەستەوەرییە بەرامبەر بە ڕووداوەکان یان بەواتایەکی تر مرۆڤی ناتەندروست زوو هەست بە ڕووداوەکان دەکات و زیاترین لێکدانەوەی بۆیان دەبێت و زۆرجار گرێدان دەکات لەنێوان ئازارەکانی خۆی و ئەو ڕووداوانە. هەر ئەم هۆکارەشە کە پاڵی مێژوونووسی نا تەندروست دەنێت بۆ ئەوەی کە ڕووداوەکان لە ڕوانگەی خۆیەوە تۆمار بکات و هەندێ جار شێواندن و لادان لەتۆمارکردن بە پێشبینی کردنی ڕووداوەکان بە دیاردەکەوێت چونکە مرۆڤی ناتەندروست زیاترین ئەو بەشانە دەبینێ کە نزیکە لە ڕابردووی خۆی و کار لە کەمکردنەوەی ئازارەکانی ئێستا و داهاتووی دەکات کە ئەمەش پاڵنەرێکی باشە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا مێژوویەکی پڕ لە کارەسات و هەڵە و دوور لە ڕاستی بکەوێتە بەر دەست و دیدی نەوەی تازە.

مێژوونووسی نەخۆش لێکۆڵینەوە و تەماشاکردنی بۆ ڕووداوەکان زیاتر ڕووخسارییانە و لەدەرەوە دەبێت نەک چوونە ناو ناوەڕۆک و لێکدانەوەی هۆکارەکانی کە لە ڕاستیدا هۆکاری کارەساتەکەیە یان هەڵگیرسێنەری ڕووداوەکەیە یان جووڵێنەری دیاردەکەیە جیا لەوەی گرێدانەکانی مێژوونووس لەنێوان ڕووداوەکان و کارەساتەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لە ڕابردوو، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەپاندنی چەند هێمایەکی تایبەتی بەسەر تۆمارەکە، یان لێکۆڵینەوەکە و دەستگرتنی ڕابردووی مێژوونووس بەسەر ڕووی ڕاستی ڕووداوەکە و زیاتر هەوڵدان بۆ دەربڕینی خود کە زۆرجار لە چەوساندنەوە و ئازارەکانی خودی خۆیدا هەڵدەقوڵێ دەیکاتە موڵکی ڕووداوەکە خۆی لە ڕاستیدا ئەم ڕاستییانە بوونیان بەشێوەیەکی ترە، جیالەوەی کە ئەگەر مێژوونووس سیکوبات (نا کۆمەڵایەتی) بوو ئەوا هیچ جۆرێک لەئاسایش و ئارامی لە تۆمارەکانیدا بەدیارناکەوێت و ویژدان جۆرێک لە پووکانەوەی پێوە بەدیار دەکەوێت لە سنووری تۆمار یان لێکۆڵینەوەکە و زیاتر وسف بۆ خوێن ڕشتن و پیاهەڵدانی کوشتارەکانە و ڕەوایەتی دەدا بە دیل کوشتن و سەربڕینی تاکەکانی ناو ڕووداوەکە.

لە گرنگترین ئەو تێکچوونە دەروونی یان لادانی دەروونی کە کاردانەوەی لەسەر مێژوونووس هەیە ئەمانەن:

**نرجسیەت:** نرجسی وشەیەکی یۆنانییە کە «فرۆید Freud» لە ئەفسانەیەکی یۆنانی بەناوی (النرجیسی) وەریگرتووە و مانای خۆشەویستی خود (عشق الذات)ە.

نرجسی بریتییە لە خۆشویستنی خود (حب النفس) (١-١٩٨٨-٨٦) یان بە واتایەکی تر بریتییە لە حەزکردنی مرۆڤ لە خودی خۆی.

مێژوونووسی نرجسی زیاترین ئەو بەشانەی ڕووداو دەبینێ کە جۆرێک لە پڕکردنەوەی پێویستی بۆ خۆشویستنی خۆی بۆ دابین دەکات و بەجوانترین شێوە خۆی تیدا دەبینێ.

مێژوونووسی نرجسی زۆر حەز بەو ڕووداوانە ناکات کە خۆی تێدا نابینێتەوە، بۆیە زۆرجار ئەگەر مێژوونووسی نەخۆش خۆی بەجوانترین شێوە لە ڕووداوێکدا بەرجەستە نەکات، بە ساکار و نا گرنگ و بێ سوود... تاد پێشانی

دەدات و تۆماری دەکات و بەرەنگاری دەبێتەوە، چونکە پلەی پاڵەوانیەتی بەخۆی نەدراوە، بەڵکو کەسێکی تر ڕابەر و جووڵێنەر و هەڵگیرسێنەری ڕووداوەکەیە.

دۆزینەوەی ڕووە بەرزەکەی نرجسیەت لە تۆمار یان لێکۆڵینەوە مێژووییەکە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بینینی ڕووی ڕاستی ڕووداوەکە. هەر سەرنەکەوتنێک لە دۆزینەوەی ڕووی نرجسیەت لە بابەتەکەدا هۆکارێکی ڕێگر دەبێت لە پێشبینینی وێنەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە، چونکە مێژوونووسی نرجسی زیاترین هەوڵی بۆ هەڵمژینی وێنەکانی ڕووداوەکەیە و تێکەڵاوکردنیەتی لەگەڵ خوددا بۆ ئەوەی دەروونی تینووی پاراو بکات نەک وێنەی ڕوون پێشانی خەڵک بدات.

**سادیزم Sadism**: سادیەت جەمسەرییەکە لەو تێکچوونە دەروونییەی کە بە (سادی ماسوشی) ناسراوە.

تاکی سادی ئەو تاکەیە کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی جۆرێک لە ئازاردانی جەستەی یان دەروونی بۆ کەسی بەرامبەری.. لەگەڵ ئەوەی کە سادیەت وەک دیاردەیەک لەکۆنەوە ناسراوە، بەڵام هەڵبژاردنی ناوی (سادی) بۆ ئەم کردارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی نزیک.

(بناغەی ناوی «سادی» دەگەڕێتەوە بۆ (المركيز دوسيد Marquis desade) کە لە سالانی (١٧٤٠-١٨١٤) ژیاوە (٣-١٩٨٩-٣٣٢).

مرۆڤی سادی زۆربەی کات جۆرێک لە چێژ بەرجەستە دەکات لە ئازاردانی خەڵکی جا چ لە ڕووی جەستەیی بێت یان دەروونی.

مرۆڤی سادی ئەگەر نەتوانێ ڕاستەوخۆ کاری ئازاردان ئەنجام بدات ئەوا زۆرجار لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەی کە خەڵکێکی زۆر تێیدا ئازار دەدرێن هەندێک چێژ وەردەگرێت یاخود زیاتر بەدوای ئەو ڕووداوانەدا دەگەڕێ کە خەڵکی ئازار دەدات، هەربۆیە سەیر نییە گەر بڵێین مێژوونووسی سادی زیاتر گرنگی بەو ڕووداوانە دەدات کە هەستی سادیەتی پڕ دەکاتەوە یاخود جۆرێک لە چێژی بۆ بەرجەستە دەکات.

مێژوونووسی سادی لە ڕووداوە ڕۆمانسییەکاندا هەست بەهیچ خۆشییەک ناکات و ئەو کەسانەش بە ترسنۆک و ناپاک دەداتە قەڵەم کە گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی و یارمەتی و دەستگرتن پێشکەش بە خەڵکی لێقەوما و پاشماوەی کارەسات و ڕووداوەکان دەکەن جا چ دیل بن یان پاشماوەی خەڵکی بێدەسەلاتی دوژمن بن لە شەڕێک بۆ نموونە.

مێژوونووسی سادی زۆربەی کات ئەو وێنانەی کە گیانی شەڕانگێزی و تۆڵەسەندنەوە و وێرانکاری و تاوانەکان بە پاڵەوانیەتی و بە ئەمەکی و خۆبەختکەری لە قەڵەم دەدات و وێنەی جوانی بۆ دەکێشێت لەنێو تۆمارە مێژووییەکان، چونکە مێژوونووسی لەم جۆرە چێژ لە شەڕە کوشتار و ئازاردانی کەسانی تر بەرجەستە دەکات.

مێژوونووسی سادی شەرمەزاری و کەمتەرخەمی و بێ ئەمەکی بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمان دەبینێ لە وێنە مرۆڤایەتی ویژدانییەکان کە هەندێک لە جوولانەوە زیکری یان سەرکردایەتی ڕامیارییەکان ئەنجامیان داوە لە بەرامبەر بەرەی نەیار و ناحەزەکان، هەر ئەم جۆرە مێژوونووسە حەز بە باسکردنی لێبوردن و بڵاوبوونەوەی خۆشەویستی و لە یەکتر گەیشتن ناکات، بۆ نموونە دەرکردنی ڕەخنەگر و ڕۆشنبیری گەورەی عەرەبی (ئەدۆنیس) لە ئەندامیەتی یەکێتی نووسەرانی عەرەب وێنەیەکی زەقی سادیەتی سەرانی ئەو یەکێتییەیە.

هۆکاری دەرکردنی ئەدۆنیس تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە بەشداری کرد لەو فیستیڤاڵەی کە لە (غرناطة) ئەنجام درا، کە تێیدا چەند بیرمەندێکی جولەکە لەو فیستیڤاڵە ئامادە بوون.

بۆ خۆی دەرکردنی ئەدۆنیس لە ئەنجامی بە ئەمەگیی یەکێتی نووسەرانی عەرەب نەبوو بۆ دوو چاوی ڕەشی عەرەب، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستە سادیەتەی کە لە لاتەریک بوونی جوولەکە لە هەموو جیهان و کوشتارەکانی جوولەکە لەسەر دەستی هیتلەرییەکان جۆرێک لە چێژ وەردەگرێت و زۆربەی کات هەر ئەو هەستە شاراوەیە کە قاقای پێکەنینی دەکردە دیاری هەندێک کەس لە بەرامبەر ئەنفال کردن و کیمیاباران کردنی میللەتێکی وەک کورد لەسەر دەستی کەسێکی وەک سەددامی سادی و هاوڕێیەکانی!

**ماسوشیزم Maspchism**: ماسوشیەت بەشێکە لە جەمسەرەکەی تری (سادی و ماسوشی)، کە بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە ئازارە جەستەیی و دەروونییەکانی خود.. (کرافت ابنج) یەکەم جار ئەم ناوەی بەکارهێناوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ چیرۆکنووسی نەمساوی (لیبولد زاخر مازوخ) کە لە سالانی ١٨٣٦-١٨٩٥) ژیاوە.

وێنەی ماسوشیەت زۆر بە ڕوونی لە چیرۆکی (الڤینوس فی الفراء)دا دیارە (٣-١٩٨٩-٣٣٣).

مـێـژوونـووسی مـاسـوشی زۆر چێـژ لەم ڕووداوانە دەبینێ کە بە جۆرێک ئازاری دەدات، هەربۆیە زیاترین ئەو ڕووداوانە تۆمار دەکات یان لێی دەکۆڵێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ئەم هەستەیەتی.

مێژوونووسی ماسوشی بە پێچەوانەی مێژوونووسی سـادیەوەیە، چونکە سـادی زیاتر حـەز بە ئازاردانی خەڵکی بەرامبەر دەکات، کەچی ماسوشی چێژ لە ئازاردانی خەڵکی بۆ خۆی بەرجەستە دەکات.

چەوساندنەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ئازاردانی ویژدانی ئەو کۆمەڵگایەی کە مرۆڤە ماسوشییەکە تاکێکە لەناویدا و بەسەرکردنەوەی ئەو تۆمارانەی کە ئازارەکانی قووڵتر دەکاتەوە؛ جۆرێکە لە وێنەی جوان و تۆماری خۆشەویستە بەلایەوە و زیاتر ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر نووسراو و لێکۆڵینەوەکانی.

مێژوونووسی ماسوشی چێژێکی سیحری لە کوتەکی کەسانی سادی و ئازاردەران بەرجەستە دەکات، هەربۆیە زیاترین پیاهەڵدان و لایەنگیری بۆ ئەو سەرکردانەیە کە ژێردەستەکانی خۆیان چەوساندۆتەوە و توندوتیژی بەرامبەر بەکارهێناون، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە حەز بە ئازاردانی خەڵک بکات وەک مرۆڤی سادی، بەڵکو وێنەی خۆی لەو کەسانەدا دەبینێتەوە کە ئازار دەچێژن، واتا پێچەوانەی مێژوونووسی سادی کە وێنەی لە پیاوکوژ و جەلاد و شەڕانگێزەکاندا دەبینێتەوە، کەچی مێژوونووسی ماسوشی وێنەی خۆی لە ژێردەستە و چەوساوەکان دەبینێتەوە و چێژێکی زۆری لێ دەبینێت.

مێژوونووسی ماسوشی لەو تۆمارانە دەکۆڵێتەوە کە زیاتر باسی چەوساندنەوە و زیندانیکردن و ئازار چێشتن دەکات و زۆرجار ئەم جۆرە وێنانە لە نووسراوەکانی زۆر باڵا دەبێت و ئەو ئەشکەنجە دانانە بە پێویستی مێژوویی لە قەڵەم دەدات (کە ئەم شتە تەنیا مێژوونووسە ماسوشیەکە ڕاستە)، هەربۆیەش بە جوانترین وێنەی جوان پێشان دەدات و لایەنگیری لێ دەکات، بۆ ئەوەی پێویستی خۆی پڕ بکاتەوە، لە ئەنجامدا زیان بە نەوەی تازە دەگەیەنێ وایان پێشان دەدات کە «زوحاک» و دار و دەستەکەی لەسەر هەق بوونە و ئەو هەموو ئەشکەنجانەی کە ئاراستەی خەڵکیان دەکرد پێویستییەکی مێژوویی و سەردەمییانەی ئەوکات بووە. کە بۆ خۆی ئەم جۆرە بڕوا و بۆچوونانە جۆرێک لە شێواندن لە مێژوودا بەرجەستە دەکات.

**کورتەی باسەکە**

نەخۆشی دەروونی ئەو تارماییە ڕەشەیە کە ڕێگا نادات بە مێژوونووس بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستی ڕووداو و کارەسات و تۆمارە مێژووییەکان ببینێت. یان بە واتایەکی تر تەندروستی دەروونی ئەو تروسکایە ڕووناکییەیە کە مێژوونووس لە ڕێگایەوە دەتوانێ شتە شاراوەکانی مێژوو ببینێ و هەموو لایەنەکانی دیاردە و تۆمارە مێژووییەکان شی بکاتەوە.

تەندروستی دەروونی لە دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی کە لەگەڵ زانستی مێژوودا هەیە کە خۆی لە مرۆڤدا دەبینێتەوە، پێویست دەکات لەسەرمان لەکاتی بەسەرکردنەوەی تۆمارێک یان لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی مێژوویی بەلایەنی کەمەوە تەندروستییەکی دەروونی باشمان هەبێت و شارەزاییەکی تەواومان هەبێت لەمەڕ بنەماکانی سایکۆلۆژیا بۆ ئەوەی بتوانین ڕاستییەکانی ئەودیوی تۆمارەکان بدۆزینەوە و پێشبینییەکانمان لەسەر ئەو بناغەیە دابڕێژین بۆ ئەوەی بتوانین لە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر نزیک ببینەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- هول، کالفن- س. (ترجمة) دحام الکیال (١٩٨٨) علم النفس الفرویدي، بغداد: مکتبة دارالمتنبي، مطبعة الرصافي، الطبعة الثالثة.

٢- العظماوي،. ابراهیم کاظم (١٩٨٤) مبادیء الطب النفسي، العراق: دارالحریة للطباعة، الطبعة الاولی.

٣- کمال، علي (١٩٨٩) النفس، انفعالاتها وامراظها وعلاجها، بغداد؛ داوسط، طبع الدارالعربیة، الطبعة الرابعة منقحة و مزیدة.

# نود

**له ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر**

زمانی ئینگلیزی بەم هەموو بەخشندەیی و دەوڵەمەندییەی، (ڕووتی) و ڕووتبوونەوە، لێک جودا دەکاتەوە. ڕووتبوونەوە، مانای داکەناندنی جلەکانە و ئەم وشەیە (واتە ڕووتبوونەوە) خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە سەرسامی و دڵەڕاوکێ بەخۆوە دەگرێ کە زۆربەمان لە کاتی ڕووتبوونەوەماندا هەستی پێدەکەین. وشەی (ڕووت)، لەلایەکی دیکەوە، بەمانا پەروەردگارەکەی، هیچ جۆرە نیگەرانی و ناڕەحەتییەک بەخۆوە ناگرێ، وێنە تەم و مژاوییەکەی کە ئاراستەی ناو مێشکمان دەکات، ئاماژە بۆ لەشێکی یاخود جەستەیەکی بێ بەرگری و لەرزۆک ناکات، بەڵکو ئاماژە بۆ لەشێکی تێروپڕو بڕوا بەخۆبوو دەکات: مانای ڕیفۆرمی جەستەیە لە ڕاستیدا ئەم وشەیە لەلایەن ڕەخنەگرانی سەرەتای سەدەی هەژدەیەم بەسترایە نێو فەرهەنگەکەمان لەپێناو کردنی جەستەی مرۆڤ بەکرۆکی بابەتی هونەر بە تایبەتی بۆ خەڵکانی دوورگەنشینی بێ هونەر ئەوانەی بۆچوونێکی دیکەیان هەبوو لە بارەی نیگارکێشان و پەیکەرتاشییەوە. ئەم ڕاستییەش بەڵگەی زۆری هەیە. لە سەردەمە مەزنەکانی نیگارکێشاندا، ڕووتی چووبووە نێو جەرگەی تابلۆ مەزنەکانەوە و تەنانەت لەو کاتانەش کە تێیدا ببووە بابەتێکی ئیلزامی پایەی خۆی وەک ڕاهێنانێکی ئەکادیمی و داهێنانێکی بەرز پاراستووە.

ڤالاسکیوز کە لە کۆشکێکی پۆشتەو کورسییە بەندی (فیلیپی شەشەم)دا دەژیاو بیرۆکەی ئایدیالی لە هونەردا بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕەت دەکردەوە (یاخود توانای پراکتیزەکردنی نەبوو)، کەچی تابلۆی (ڕۆکبی ڤینۆس)ی سازدا. (سیر جۆشوا ڕینۆلدس)، بەبێ هیچ دیاردەیەکی وشکی فەرمی، کۆگایەکی مەزنی بە (سیمۆن و ئیفیگینیا)کەیەوە دامەزراند. لەم سەدەیەشماندا، کاتێک میراتەکانی گریک یەک لەدوای یەک دەشەقێنین- ئەوانەی لە سەردەمی ڕینساسدا بووژانەوە- چەکە ئاسن و قەڵغانەکانیان بەلاوە دەنێین و ڕقمان لە لاساییکردنەوەی تیۆرییان دەبێتەوە، بەڵام تەنیا چەمکی نود (ڕووتی) لەم پرۆسەیەدا بەسەلامەتی دەرباز دەبێ. لەوانەشە ئەم چەمکە ئازاری هەندێ توێژینەوە و لێکدانەوەی کیریۆس بدات، بەڵام چارەمان نییە، چونکە (نود) لێرەدا پردی سەرەکیمانە بۆ دیسپلینی کلاسیکی. کاتێکیش کە ویستمان بۆ نەوەیەکی هەرە بەختەوەر بسەلمێنین کە شۆڕشگێڕە مەزنەکانمان بە ڕاستی هونەرمەندی بەڕێزن لەنێو ترادیشن و نەریتی شێوەکاری ئەوروپیدا، پەنجەمان بۆ تابلۆ (نود: ڕووت)ەکانیان درێژ دەکەین. پێکاسۆ ئەم جۆرە فیگەرەی نەخستە نێو میتامۆرفۆسە دڕندەکەیەوە کە بە بەرۆکی جیهانێکی بینراوەوە بەستەوە، بەڵام زنجیرە (نود)ێکی بەرهەم هێنا کە لەوانەیە بەردەوام و بەبێ گۆڕان لە دواوەی ئاوێنەیەکی (گریکی- یۆنانی)دا پیاسە بکەن. هەروەها (هنری مور) لە گەڕانیدا بەدوای بەردێک کە تیایدا یاسا کۆنەکانی

ماده و بوونەوەرە بچووکەکان و ئێسقانە (موتەحەجیر)ەکان ڕەنگ بدەنەوە، هەمان کارێکتەری فاندەمێنتالی- ئەسڵی- کە داهێنانێکی پەیکەرتاشانی چەرخی بەردینی سەدەی پێنجی پێش زایین بوو، خستیە ناو پەیکەرەکانیەوە. ئەم نموونانە پێشنیاری وەڵامێکی کورت بۆ ئەم پرسیارە دەکەن: نود (ڕووت) چییە؟: فۆرمی هونەرێکە کە سەرەوەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین وەکو هونەری ئۆپێرا کە داهێنانێکی ئیتالیای سەدەی حەڤدەیەمە. ڕەنگە ئەم بۆچوونەمان ناوەختە و ناکاو بێت، بەڵام شایەنی ئەوەیە بڵێین لێرە کە (نود) بابەتی هونەر نییە، بەڵکو فۆرمی هونەرە. ئەوە زۆر باوە کە مرۆڤی ڕووت یاخود جەستەی ڕووت خۆی لە خۆیدا ئاستەنگێکە بۆ ئەو شتەی کە چاو دەیەوێ بیبینێت و چێژ لە نیگارکردنی وەرگرێت، بەڵام هەرکەسێک سەیری هونەرە جوانەکانی قوتابخانەکانی هونەر و وێنە و مۆدێلە سەرنجڕاکێش و ژیرەکانیان بکات، دەزانێ ئەوە تەنیا وەهمێکە لەشی مرۆڤ وەک فیگەری پلێنگ یان دیمەنی چیاو بانێکی بە بەفر داپۆشراو نییە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو هونەرەوە. زۆر جار کە سەیری دیمەنێکی سروشتی و جیهانێکی ئاژەڵان دەکەین حەز دەکەین بچینە نێویانەوە و لەگەڵیاندا یەک بگرین و بەم یەکێتییە بەختەوەرەش کارێکی هونەری بخوڵقێنین. ئەم پرۆسەیە کە قوتابیانی ئیستێتیکیش پێی دەڵێن هاوسۆزی گەرم و جەمسەری پێچەوانەیە بۆ ئەو چالاکییە خوڵقێنەرەی ئاوەزێک کە (نود)ی بەرهەم هێنا. کۆمەڵە فیگەرێک لە مرۆڤی ڕووت، یان لە جەستەی ئافرەتی ڕووت، ئەو هاوسۆزییە گەرمەمان بۆ ساز نادەن، بەڵکو هەستێکی یاخود دۆخێک لە ناوەهم و ترس. ئەو کۆمەڵە فیگەرە لە لەشی ڕووت، بەو شێوەیە نامان ورووژێنێ کە لاسایی بکەینەوە: بەڵکو هانمان دەدا بۆ ئەوەی تەواو و وەک خۆمان بین. لە ئاستی ئەو لەشە ڕووتانەدا دەچینە نێو دۆخێکی فیزیکی و وەک دێوگینس (لەژێر ڕووناکی فانووسێکی کزەوە دەڕوانینە پیاوێکی بەشەرەف) و وەک ئەویش، لەوانەیە هیچ پاداشتێکمان لەم کارە بەدەست نەکەوێت. فۆتۆگرافەمەندەکانی (نود) ڕەنگە بۆ هەر بەرژەوەندییەک، لەم کارەدا بەشداربن. ئەو فۆتۆگرافەمەندانە لەوانەیە بتوانن لە (نود)دا مۆدێلێک بدۆزنەوە و ئازادانە لە ڕووی جوانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، دەشتوانن ئەو جوانییە بەدەستلێدان دووپاتی کەنەوە، یان بەدیاری بخەن، بەڵام وێڕای پسپۆریی و چێژ وەرگرتنیان لێی، ئەستەمە بتوانن ئەو چاوانە ڕابێنن لەسەر فیگەری (نود)، کە پتر ڕاهاتوون لەسەر بینینی هارمۆنیا سادەو ئاسانەکانی ئاسەوارە کۆنەکانی نێو مۆزەخانەیەک. ئێمە لەوانەیە دڵتەنگ بین کاتێ دەبینین هەندێ لۆچ هەیە لەسەر جەستە، یان لەبن چاوانی لەشێکی ڕووتدا، هەرچەندە لە چوارچێوەی (سکیم: پلان)ی کلاسیکیدا ئەو لۆچانە هەڵدەوەشێندرێتەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر لە ڕاهاتنی وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو سەیری ناکەین، بەڵکو وەک نەخشەسازییەک: بۆمان بەدیاردەکەوێ کە ئەو دڵتەنگییە کاتییەمان پاساوی بەهێزی نییە، چونکە نەمانتوانیوە جوانییە شاراوەکەی ئەو لەشە ڕووتە بپێکین. دڵتەنگ بووین، چونکە یەکانگیری بەشە جیاکانی ئەو لەشەو پێوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتریدا نییە. هەر چۆنێک بێت، جەستە شێوەیەک نییە کە هونەر بتوانێ بیپێکێ. بۆ نموونە ئێمە چێژ لە وێنە فۆتۆگرافیەکانی داروبار و ئاژەڵان وەردەگرین، چونکە لێرەدا یاساکانی هونەر ئەوەندە توندوتۆڵ و وردنین. وێنەگرانی فۆتۆگراف، بیانەوێ و نەیانەوێ، زوو، یان درەنگ بۆیان دەردەکەوێ کە وێنەی فۆتۆگرافی (نود)- وەک بابەتێکی سەرەکی- بۆ بەرهەمهێنانی جەستەیەکی ڕووت نییە، بەڵکو بۆ زانینی گۆشەنیگای ئەو هونەرمەندانەیە سەبارەت بە بیرۆکەی (نود). واتە هەر هونەرمەندێک گۆشەنیگایەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەم بیرۆکەیە (چۆنە جەستەی ڕووت). (ریجلاندەر) یەکێک بوو لەو هونەرمەندانە کە دەوڵەمەندبوو لە ڕووی وێنەی فۆتۆگرافییەوە، بەڵام لەوانەیە بێ ئەوەی بزانێ، هاوچەرخێکی (کۆربیە) بووەو بەم هەموو پاشخانە هونەرییە و بەهرەدارییەی لە هونەری ئارکیتایپ: شێوازە کۆنینەکان)، توانی جوانترین (هەروەها یەکەمین) وێنەی (نود) بەرهەم بێنێ. ئەم دەستپێشخەرییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (ئاگاییە ئارکیتایپەکە)ی ریالیست بووە، واتە دەتوانین بڵێین، چەندە مۆدیلی هەڵبژێردراو بۆ وێنە ئایدیال بێت، ئەوەندەش بێبەخت دەبێ بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە دەیانەوێ وێنەی بکەن- ئەو ڕاستییەش لە ستایلەکەی-شێوازەکەی- هونەرمەندێکی وەک (ئینگریس) یان (ویستلەر) بەدیاردەکەوێ. هەرچەندە جەستەی ڕووت لە هونەردا پتر نییە لە هەر بیرۆکەیەکی هونەری دیکە، بەڵام بەها و ئامانجێکی مەزنی لەپشتە. بەدرێژایی مێژووی هونەر، ئەو بابەتانەی کە هەڵبژێردراون وەک (تویکلیک) بۆ وێنە، یان تابلۆ سازدان، خۆی لە خۆیدا ئەوەندە گرنگ نەبووە. بۆ سەدان ساڵ و هەر لە ئێرلانداوە تا چین، زیندووترین دەربڕینی هونەری، بریتی

بوو له وێنەی ئاژەڵێکی ئەندێشەیی کە خەریکی قەپگرتنە لە کلکی خۆی. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیان و فیگەرەکان هەروابووە و جوانترین تابلۆ لەو سەردەمەدا بریتی بووە لە وێنەی ئەسپێکی ئەندێشەیی سەماکەر، ئەمەش پاشان بووە نموونە زیندووەکەی هونەری ڕێنساس. لە هیچ بارودۆخێکیشدا ئەم جۆرە فیگەرە نەبۆتە بوونێکی سەربەخۆ، بەڵام جەستەی مرۆڤ، وەک ناوکێک و بنەچەیەکی دەوڵەمەند هەروەک خۆی ماوەتەوە و کاتێکیش کە وەرچەرخاوە بۆ هونەر ئەم دەوڵەمەندییەی لە دەست نەداوە. لەبەر ئەوە وەک جەستەی ئاژەڵ نەبۆتە مایەی شۆک ئێستێتیکی، بەڵکو بۆتە جۆرە دەربڕینێکی شارستانیی پان و بەرین، چونکە گوزارشت لە ئێمەمانان دەکات و یادگاری و بیرەوەرییەکانی سەرجەم ئەو شتانەمان بۆ بەئاگادێنێتەوە کە دەمانەوێ بیکەین: پێمان دەڵێ چی لە خۆمان بکەین، و چۆن خۆمان نەمر بکەین. ئەمەشیان وەک بابەتێکی کراوە و ڕوخسارێکی ئاشکرا، دەمەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەم، هەروەها خەڵکی ژیری دیکەش ویستوویانە چاوبنووقێنن لە ئاستیدا. پرۆفیسۆر (ئالیکسەندەر) دەڵێ: (ئەگەر بێتو نود وەک ئەو شتە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە لەنێو تێڕامانی هزری، یان لەنێو ئارەزووێک بۆ بابەتێکی ماتریالی سەرهەڵدەدا، ئەوا دەبێتە هونەرێکی درۆ و بەدڕەوشتییەک. ئەم بۆچوونە هزرییە بەرزە دژی تاقیکردنەوە و ئەزموونە، چونکە بۆ نموونە فیگەرەنودەکانی (ڕۆبینس) و (ڕینۆر) کە وەک تێکەڵەیەکن لە بیرەوەرییەکان و هەست و نەستەکان، (لەنێو ئارەزووێک بۆ بابەتێکی ماتریالی سەرهەڵدەدەن). ڕوانگەی ئەم فەیلەسووفە ناودارە زۆرجار ئاماژەی بۆ دەکرێ، بۆیە ئێمەش دەبێ بە ئاشکرا ڕای خۆمان دەربڕین و بڵێین، (نود) نییە، هەرچەندە ئەبستراکتیش بێت، نشوستی بێنێ لە بەدیارخستنی هەندێ ئاسەواری هەستی ئیرۆتیک، هەتا ئەگەر ئەم ئاسەوارە زۆر نادیار و وەک سێبەرێکی تاریک بێت و ئەگەر ئەمە نەکات، ئەوا هونەرێکی بەدە و خوڕەوشتێکی درۆیە. ئارەزوومان بۆ بەخۆوەگرتنی جەستەی مرۆڤێکی دیکە و یەکانگیربوون لەگەڵیدا شتێکی فاندەمێنتالە (ئەسڵییە) و بەشێکە لە مۆرک و سروشتمان، بۆیە دید و بۆچوونمان سەبارەت بە فۆرمی پاک لەژێر کاریگەری ئەو شتە دایە. یەکێک لە کێشەکانی (نود) لەوەدایە کە هونەرێکی غەریزییە واتە غەریزەکانی، مرۆڤ بەخۆوە دەگرێ و ناتوانێت بەدرۆ بیانشارێتەوە، چونکە ئەم جۆرە غەریزانە وەک ئەو چێژانەمان نییە کە لە شیعرێک وەریدەگرین و توانستێکی بەرز و سامی دەستەبەر دەکەین، بەڵکو ئەو غەریزانە وەک سەرکێشییەک بەرەنگارمان دەبنەوە کاتێک مامەڵە لەگەڵ کارێکی هونەریدا دەکەین کە ژیانی سەربەخۆیی خۆی لەو غەریزانەوە خواستووە. وێڕای ئەوەش، بڕی ئیرۆتیک کە کارێکی هونەری دەتوانێ بەخۆوە بیگرێ کاتێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین گەلێک زۆرە، پەیکەرەکانی پەرستگای هیندی لە سەدەی دەیەمدا، هەروەها هونەری پەیکەرتاشی نێو پەرستگاکانی هیند لەوسەدەیەدا وەک ڕێزلێنانێک و شکۆدارییەکن بۆ سەلیقە و بەهرە ئارەزووی فیزیکی، کاری هونەری مەزنن، چونکە ئیرۆتیکزمەکەیان بەشێکە لە گشتی فەلسەفەکەیان. جگە لە پێویستییە بایۆلۆژییەکان، هەندێ شتی دیکە لە ئەزموونی مرۆڤدا لە ئارادا هەیە کە جەستەی ڕووت بەڕازاوەیی بە بیرمان دێنێتەوە وەک: هارمۆنیا، وزە، ژیکەلەیی دڵپێسووتان. کاتێکیش کە ئەم دەرەنجامە جوانانەی بەرجەستە بوون دەبینین، دەگەینە ئەو بڕوایە کە (نود) وەک مانای دەربڕین، شتێکی یونیڤێرسال (گشتگەر)ە و بەهایەکی ئەبەدییە، بەڵام ئێمە دەزانین ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە ڕاست نییە، چونکە لەسەر کات و شوێنەکەی دەکەوێ. فیگەری ڕووت لە ڕۆژهەڵاتی دووریشدا هەیە، بەڵام تەنیا بەدرێژکردنەوەی ئەو دەستەواژەیە (واتە فیگەری ڕووت) دەکرێ پێی بگوترێ (نود). لە هونەری شێوەکاری یابانیدا بەشێکە لە (ukloye). لە ڕاستیدا بیرۆکەی سازدانی جەستەی ڕووت بۆ خۆی وەک بابەتێکی جدیی بیرکردنەوە، نەچۆتە نێو مێشکی چینی و یابانییەوە و تاکو ئیمڕۆش مایەی بەدحاڵیبوونە. هەروەها لە هونەری (گۆشی) باکووریشدا بەگشتی هەر ئاوا بووە. ڕاستە کە هونەرمەندانی ئەڵمانیا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بۆیان بە دەرکەوت کە نیگاری جەستەی ڕووت بابەتێکی هونەری بەڕێزە لە ئیتاڵیادا، بۆیە لەگەڵ پێویستییەکانی خۆیاندا گونجاندیان و ئینجا دەوڵەمەندیان کرد بە هەندێ بیرۆکە و سەرنجی خۆیان، بەڵام ململانێیەکەی (دورەر) ئەوەی بەدیارخست، ئەم جۆرە هونەرە چەندە خولقێنەرە. کاردانەوە غەریزییەکانی ئەو، کیریۆس و ترسناک بوون و دەبوایە هێڵ و دایاگرام و بازنەی یەکجار زۆر بکات پێش ئەوەی بتوانێ بە زۆر جەستە وێنەکێشراوەکە بکا بە (نود). تەنیا لەو وڵاتانەی کە لە لێواری چەرخی ناوەڕاست دەژیان، (نود) هاتە ماڵەکانەوە، بەڵام لەوێشدا ماناکەی لەبیرکرا. (ئیتروسکان)ەکان سێ چارەگی هونەرەکەیان بەخشییە گریک و وازیشیان لەو شێوە فیگەرەی پەرستگا نەهێنا

کە تیایدا مردووەکە سکی خۆی دەرپەڕاندبێ و بەخۆی نازیبێ (ئەوەی کە گریکی هەژاندبوو).

هونەری (هیلینی) و ڕۆمانی چەندین پەیکەر و مۆزاییک و نەخش و نیگاری وەرزشوانان و پاڵەوانانی تێیدا بەدی دەکرێ کە بەشێوەیەکی پسپۆڕانە ئەنجام دراون و دەشگونجێن لەگەڵ هەژموونی بیرۆکەکەیان لەسەر هونەری ئەو سەردەمانەدا، بەڵام (نود) هەتا لە ئیتالیاو (گریک)یشدا کاتی خۆی هەبووە و سنوورداربووە پێی. ئەم قسەیە باوە کە هونەری (بیزانتین)ی وەک درێژە پێدانێک و تەواوکەرێک بووە بۆ هونەری گریک، ئەمەش مانای ئەوەیە یاخود ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە (نود) بەرهەمی سەرکەوتنی پسپۆریی هونەرییە. لە سەردەمی درەنگی ڕۆمانەکان و لە چەرخی ناوەڕاستدا و لە دەرگا زیو و زێڕینەکانی (گیبرتی) هەندێ فیگەری (نود) بەدی دەکرێ، بەڵام زۆر کەمن و دەلالەتی ئەوتۆیان نییە، وەک ئەو پەیکەر و وێنانەی (ئاپۆلۆ) و (دافن) کە لەلایەن (ریڤلینا) بەساج و داری عاج سازدراون و هەندێ وێنەی ڕووتی (ئادەم و حەوا) و وێنەی (ئۆلیمپوس) کە بە تەختە و کارتۆن دروست کراوە، بەڵام هیچ یەک لەمانە وەک فۆرمێکی کۆنینە نایەتە بەرچاو. کەچی بە درێژایی هەزاران ساڵ (نود)ەکانی گریک نەفەوتاون و هەتا ئێستاش وەک چەمکێکی قەشەنگی هونەری و هەست وروژێنەر بۆمان ماونەتەوە لەکاتێکی درەنگی سەدەی دەیەم، وێنەی (ڤینۆسی سنیدی)ی هونەرمەند (پراکسیتلس) لە لایەن (تیۆدۆریۆس)ەوە گواسترایەوە بۆ (کوستەنتینا) و بووە مایەی دڵخۆشی ئیمپراتۆری ئەوسای ئەو شارە کە ناوی ئیمپراتۆر (پۆر فیرۆگینتوس) بوو، بەڵام نازانین ئەو وێنەیە ئەسڵییە، یان کۆپییە. ئەم چیرۆکە (رۆبەرت دی کلاری) دەیگێڕێتەوە لە کاتی هەڵمەتەکەی خاچپەرستەکان بۆ سەر (کوستەنتینا). هەروەها خودی جەستە هەمیشە بابەتی چێژبووە لە (بیزانتین)ەدا ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین، ڕامان لە جەستەی مرۆڤ ڕەگەزنامەیەکی دێرینی هەیە: لە باڵەخانەکەی (ست سۆفیا)شدا وەرزشوانانی (سیرک) تا ناو قەدیان ڕووتن. هونەرمەندان ئەوسا هەر ئەوەندەیان پێدەکرا کە جەستە تا ناو قەد ڕووت بکەن، چونکە (مۆدیل)ەکانیان ئەوکاتە پێویستیان بە دەربڕینی (نود) نەبووە، ئەمەش هۆیەکەی ڕەنگە بۆ ئەمانە بگەڕێتەوە: ترسان لە بتپەرستی ترسان لە تەقەشوف کردن لە جل و بەرگ، کاریگەری هونەری ڕۆژهەڵاتی بەسەریاندا، بەڵام ئەم پاساوانە تەواو نین، چونکە بەر لە سەدەیەک لە بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتی فەرمی، (نود) وەک بابەتێکی هونەر لە کار وەستا، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەرفەتێکی گەورە بۆ هونەرمەندان ڕەخسا بۆ سازدانی (نود) لەنێو دیکۆرسازییە کافرەکانیاندا و لەنێو بابەتە پیرۆزەکانیاندا کە گوزارشت لە سەرەتاو کۆتایی بوونمان دەکەن، بەڵام بۆچی پاش ئەوە (نود) نەما؟ ڕەنگە وەڵامێکی ڕووناککەرەوە لەنێو کتێبە بچووکەکەی ئەندازیاری بیناسازی سەدەی سێزدەیەم (ڤیلارد دی هۆنیکۆرت)دا بدۆزینەوە. ئەم کتێبە هەندێ فیگەری جوان و دڵگیری تێدا هەیە و ئاسەواری شارەزاییەکی بەرزی هونەری لە هەندێکیاندا بەدی دەکرێ، بەڵام کاتێک (ڤیلارد) دوو فیگەری (نود)ی کردووە لەو بڕوایەدا بوو شتێکی زۆر کۆنی ئەنجام داوە، بەڵام ئەم کارەکەی بەداخەوە شتێکی زۆر ناشیرینی لێکەوتۆتەوە. هۆی ئەمەش وادیارە ئەوە بووە، کە مەحاڵ بووە بۆی بیرۆکە و ستایلی هونەری (گۆش) بۆ بابەتێک بەکاربێنێت کە لەسەر سیستەمێکی یەکجار جیاواز بۆ سازدانی فۆرمی هونەری وەستاوە. لەو بڕوایەی بوو کە جەستەی مرۆڤ پێویستی بە تەکەهونێکی تەواو هەیە بۆ ئەوەی خۆی لە چوارچێوەیەکی گیۆمەتری دا بنوێنێ. (سینینۆ سینینی) کە دوا هونەرمەندی سەدەکانی ناوەڕاست بووە و کە پراکیزەی هونەری ئەو سەردەمەی کردووە، دەڵێ (من ناتوانم باسی ئاژەڵێ یاخود وێنەی ئاژەڵێکی نامەعقوڵتان بۆ بکەم، چونکە هیچ شتێک دەربارەی پێوەرەکانی نازانم. بۆیە پێتان دەڵێم، لەنێو سروشتەوە ئەم وێنەیە بکەن و بەم جۆرەش ئێوە شێوە هونەرێکی باش دەستەبەر دەکەن). هونەرمەندانی سەردەمی (گۆش)، ڕەسمی ئاژەڵیان کردووە، چونکە هیچ ئامرازێکی ئەبستراکتی تێدا نییە، بەڵام نەیانتوانیوە ڕەسمی (نود) بکەن چونکە (نود) بیرۆکەیەک بووە: بیرۆکەیەک کە فەلسەفەکەی ئەوان لە بارەی فۆرمەوە لەگەڵیدا نەگونجاوە. دەمەوێ بڵێم، ئێمە ئێستاکە بەدوای جوانی فیزیکیدا دەگەڕێین- وەک دیاگینیس- بەڵام ئارەزووە غەریزییەکەمان بۆ چاولێکردن و لاساییکردنەوە نییە لێرە، بەڵکو بۆ کامڵبوونە. ئەمەش بەشێکە لە میراتە (گریک)ییەکەمان ئەوەی (ئەرستۆ) بە فیێڵێکی ئاسان فۆرمەڵەی کردووە.

ئەرستۆ دەڵێ (هونەر ئەو شتە تەواو دەکا کە سروشت نەیتوانیوە کۆتایی پێ بێنێت). هونەرمەند زانیاریمان دەربارەی کۆتاییە لەبن نەهاتووە بەردەوامەکانی سروشت پێدەبەخشێت).

زۆر گریمانەی مەزنیش لەو وتەیەدا هەیە،

گرنگترینشیان ئەمەیە، هەموو شتێک فۆرمێکی ئایدیالی بەخۆوە دەگرێ بۆ ئەوشتەی کە دیاردەی ئەزموونەکەی زۆرتریان کەمتر بۆگەنە لە ڕووی ڕەچەڵەکیەوە. ئەم بۆچوونە جوانەش دوو هەزار ساڵە فەیلەسووفان و نووسەران لە بارەی ئێستێتیکاوە تووڕە دەکات. لە ڕاستیدا دوو بیرۆکە سەبارەت بە فیگەری ڕووت یاخود (نود) لە ئارادا هەیە، کە کەس بڕوای پێیان نییە، چونکە یەکەمیان زۆر جاڕسە و دووەمیشیان، چونکە زۆر سۆفستایی و تەم و مژاوییە. کێشەکە لێرەدا پتر پەیوەستە نەک بەخودی جەستەی ڕووتەوە، بەڵکو بە فۆرمەکەیەوە وەک شتێکی تەواو و سەربەخۆ لە ڕووی جوانی و ئیستێتیکییەوە. واش دیارە لەم لایەنەوە ناچارین ڕووبکەینە (بلیک)ی شاعیر. (بلیک) دەڵێ: (سەرجەم فۆرمەکان لەنێو هزر و مێشکی شاعیردا تەواون، بەڵام ئەم فۆرمانە لە سروشتەوە وەرنەگیراون، بەڵکو لە ئەندێشەوە). ڕاست دەکا، چونکە جوانی گرانبەهاو دەگمەنە و ئەگەر هاتوو وەک بووکەشووشەیەک میکانیکییانە دروستمان کردبا، ئەوا بەم شێوەیە هەڵمان نەدەسەنگاند، بەڵام ئەم دیدگایەی (بلیک) پتر وەک بڕوایەکە و هەوڵ دەدا بباتەوە یاخود سەرکەوێ، نەک گفتوگۆ بکات، ئێمەش دەبێ بپرسین بە چ مانایەک بیبەستینەوە، لەوانەشە ئەم پرسیارە باشترین وەڵامی بەدەستەواژەکانی (کرۆسێن)ەوە هەبێت: ئایدیال وەک ئەفسانەیەکە تێیدا فۆرمی کۆتایی تەنیا لەوکاتەدا دەزانرێ کە وەردەچەرخێ بۆ پرۆسەیەکی دوور و درێژ لە گۆڕینەوە و قەرەبووکردنەوە مەبەستی (ڕینۆلدس) و (بلیک) لە جوانی ئایدیال و فۆرمی سەربەخۆ، بەڕاستی میمۆرییەکی (ذاکرة) پەشێوە لە بارەی ئەو شێوازە یاخود ئەو جۆرە دۆخە فیزیکییە سەیرە کە لە گریکدا لەنێوان ساڵانی (٤٤٠-٤٨٠ پێش زایین) گەشەی کردووە و کە لەنێویدا- بەپلەی جیاوازی هێز و ئاگایی- ئاوەزی ڕۆژئاوایی ڕازاوەتەوە بە نموونەکانی کامڵبوون و تەواوبوون هەر لە سەردەمی ڕینیسانسەوە تاکو ئیمڕۆ. (گریک)ییەکان زۆر بایەخیان بە (ڕووتبوونی) خۆیان داوە. (ثیوسیدیس) لە تۆمارکردنی ئەو قۆناغانەی کە تێیاندا خۆیان جوداکردۆتەوە لە (بەربەرەکان)، ئەو مێژووە دیاری دەکات کە تێیدا (ڕووتی) بوو بە یاسایەک لە گەمەکانی (ئۆلۆمپیک)دا و ئێمەش دەزانین- هەروەک لە نیگار و پەیکەرەکاندا دیارە- کە زۆرانبازەکان لە فیستیڤالی گەورەی (ئەثینا)دا واتا سەرەتای سەدەی شەشەمیش هەر ڕووتبوونەوە یانیش تەنیا دەرپێیەک (لە بەرگی شێر)یان لەبەر بووە.. بۆیە لێرەدا زۆر گرنگە- لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە- بزانین کە ئایینی گریکی، چەمکی (ڕووتی ئەبستراکت) زۆر بەبایەخەوە بەخۆوە گرتووە، یان سەیری کردووە، چونکە خۆی لە خۆیدا مانای هێرشبردنە بۆ سەر ئەو خەڵکەی کە هێشتا کۆنەپەرستن: وەک ڕەتکردنەوەیەکە بۆ (گوناهی ئەسڵی ئەمەش- هەروەک زۆرجار پێشنیار دەکرێ- بەشێک نییە لە (وثنیة: بتپەرستی)، چونکە ڕۆمانییەکان بە وەرزشوانانی گریک ئەبڵەق ببوون و (ئینیۆس)یش وەک نیشانەیەکی لەناوچوون و وێرانبوون سەیری دەکرد. لە ڕاستیدا، ڕووتبوونەوەی ورزشوانان و زۆرانبازان لە گەمەکانی (ئۆلۆمپیک)دا پتر وەک مۆرکێک و نەریتێکی بەربڵاوبووە لە گریک بەگشتی و لە شاری (سپارتا) بەتایبەتی، ئەو شارەی کە تەنانەت خەڵکی (ئەثینا)ی گەندەڵ کردبوو یاخود ئابڕووی بردبوو بەماوەدان بە ئافرەتیش بۆ ئەوەی بە لەشێکی (نیمچە ڕووتەوە) بەشداری لەو گەمانەدا بکات. (ئینیۆس) و هەندێ مۆرالیستی (ڕەوشتخواز)ی دیکەش ئەم جۆرە ڕووتبوونەوە و (نود)ەیان بەدەستەواژەی ئەبستراکتی فیزیکییەوە ڕاڤە دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا، بیروبۆچوونی گریک لە بارەی جەستەوە، تەنیا بە فەلسەفەکەیەوە بەستراوە و دەشبێ تەنیا لەنێو پێوەندییەکەی بەم فەلسەفەیەوە شرۆڤەبکرێت، چونکە جەستە بەگشتی و جەستەی ڕووت بەتایبەی لای گریکییەکان پتر پێوەندیداربووە بە دیدوبۆچوونیان سەبارەت بە مرۆڤی تەواو و سەرتاپاگیر. بەواژەیەکی دیکە، لای ئەوان هەر شتێک پێوەندی هەبووبێ بە سەرتاپای مرۆڤەوە، یاخود بە سەرجەمی مرۆڤەوە، پەراوێز، یان فەرامۆش نەکراوە و ناشبێ بکرێ. ئەم شارەزاییە جدییەش لە بارەی جوانی فیزیکییەوە، پاراستیانی لە دوو شەیتانەکەی هەستیاری یاخود هەستخوازی و (ئیستێتیکیزم)، (نود) لای ئەوان بوو بە تەواوترین نموونە لە گواستنەوەی بابەت بۆ نێو فۆرم. ئەمەش داکۆکییەک نییە لەو پاگانیزم (بتپەرستی)یە کە دەڵێ: (جیهان گۆشتێکی پڕ خێروبێرە و ڕاستی دروست کردو فڕێی دایە نێومانەوە).

**سەرچاوە:**

کینیث کلارک، بەشێک لە کتێبی:

The Nude, Astudy of Idial Art England- 1964, Pelican Books.

# مەعنەوییەت و سەدەی بیست و یەکەم

بایدیاناسی سارا سوراتی
لە فارسییەوە: عومەر عەبدول
(هەڵەبجەی شەهید)

بە تێڕوانین لە بابەتی مەعنەوییەت و پاشەڕۆژی مرۆڤ لە پێوەندی بە زەمین و بوونەوەرەوە پێویستە چەند خاڵێک لەپێش چاوبن:

١- مرۆڤی مودێرن بە پشت بەستن بەو دەستکەوتە تەکنەلۆژییە گەورەیەی خۆی ڕووی لە پەرستنی خۆی کردووە. هەندێ لەبیریارانی هاوچەرخ لەو باوەڕەدان کە چینێکی پێشکەوتووتر لەسەر شانۆی قۆناغێکی تری کامڵ بوون دەردەکەون ئەم مرۆڤە نوێیە بەرهەمی دەستەمۆ کردنی سروشت دەبێت لە لایەن مرۆڤی مۆدێرنەوە، بەڵام دەبێ بزانرێت کە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ نەک تەنیا ئاسەواری پێشکەوتنی لەگەڵدا نییە، بەڵکو بە خولْقاندنی قەیرانێکی هەمەلایەنە لە ژیانی مرۆڤدا کۆتایی دێت.

٢- دەروازەی سەدەی بیست و یەکەم بەم گریمانەیە کراوەتەوە کە فراوانبوونی تەکنەلۆژیا، مرۆڤ (بیەوێ و نەیەوێ) بە بەهەشتی چاوەڕوانکراو و ڕێگای خەیاڵی لە پاشەڕۆژدا ڕێنوێنی دەکات. تەواوی ئاینەکان لەم بارەیەوە کۆکن کە ئایندەی مرۆڤ بە دەستی سیستەمێکی (جیهانی نیشتمانی) دیاری دەکرێت چەند قۆناغێکی دیاریکراو لەژێر ناونیشانی ڕابردوو، یان داهاتوودا بوونی نییە. دەتوانرێ لە بارەی ڕووداوێکەوە قسە بکرێ کە بەر لە ڕووداوێکی تر ڕووی داوە، کۆمەڵە ڕووداوێک کە لە بۆتەی زەمەندا ڕێک خراون. ڕاست وەکو مانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێک کە لە بۆشاییەکی دیاریکراودا ڕێک خرابێ.

٣- یاسا فیزیاییەکان پێمان دەڵێن کە جیهانی فیزیایی بووەتە یاسا، هەرچەندە هیچ کەس نازانێ ئەم یاسایانە لە کوێوە هاتوون، بەڵام زەمانێک کە بوونەوەر دراوەتە پاڵ یەک، خوا ئەم ڕاستییە کە جیهان جیلوەی زاتی ئەوە. هەموو جۆرە دژایەتییەک لەناو دەبات جیهانی بوون لە یاسا تایبەتییەکانی مرۆڤایەتی یاخود نموونەی هزری مرۆڤ پەیڕەوی لە واقیعییەت ناکات، بەڵکو ئەمە ژیانی مرۆڤەکانە کە بەشێوەی حاشا هەڵنەگر لە جیهانی هەستییەوە سەرچاوەی گرتووە و بەو یاسایانەوە پەیوەستە.

٤- تەکنەلۆژیای مۆدێرن، مرۆڤی بەخاڵێکی مەرگبار گەیاندووە کە ناچار دەبێت بە نابووت کردنی خۆی. ئەمەش هەمان شتە کە بە نیشانەکانی نەخۆشی (باسماسور) ناو دەبرێت. کە لە ئەفسانەیەکی هیندییەوە وەرگیراوە:

شەیتانێک هەزاران ساڵ خەڵوەتی کێشا تا لە شیوا (خواوەندی مردن) بەخششێک بە دەست بهێنێت. خواوەندی مردن خۆشحاڵ بەکارەکانی بۆی دەرکەوت و وتی: (بەخششێک داوا بکە) شەیتان هاواری کرد و وتی (خوای من ئەگەر لە ئیشەکانم ڕەزامەندی تەواوت هەیە با قەدەرت وابێ کە ببمە خاوەن توانایەک کە بە دەست هێنان بەسەری هەرکەسێکدا کە دەمەوێ، ئەو کەسە بگۆڕم بۆ خۆڵەمێش) شیوا وتی: (کەواتە وابە) ئێستا ئیتر شەیتان دەیەوێ وەکو تاقیکردنەوە ئەم توانایە لە خودی (شیوا)دا بەکاربێنێ و دەڕوات تا دەست بەسەر خاوەن ڕۆزیدا بێنێ، خواوەندی مردن لە نائومیدییەکی تەواودا لە دەستی هەڵدێ باسماسوری شەیتانیش بەدوایدا ڕادەکا، پاشان شیوا بەترسێکی زۆرەوە پەنا

دەباتە لای (ویشنو) خواوەندی پاراستن و ئاگادار. (ویشنو) دەسبەجێ لە شێوازی (موهینی)، (ژنێکی زۆر جواندا) دەرکەوتووە و لەژێر سێبەری دارێکدا لەسەر ڕێگای شەیتان دادەنیشێت. شەیتان عەشقی جوانی (موهینی) بووە و وەستاوە و داوای عەشق بازی لێ کردووە (موهینی)ش لە وەڵامی ئەم داواکارییەدا دەڵێت (من سەما کەرێکم، هەر چۆنێک خەیاڵی وەدەستهێنانی منت هەیە. دەبێ هاوشان لەگەڵمدا سەما بکەی، باسماسور پێشنیارەکەی قەبووڵ دەکات. بە تاسەیەکی زۆرەوە دەست دەکات بەسەما کردن لەگەڵیدا- شەیتان لە کاتی لاساییکردنەوەی جووڵەکانی سەمای موهینیدا دەستەکانی بەرزتر دەکردەوە تا ئەوەی هێنای بەسەری خۆیدا و کردی بە خۆڵەمێش. ئایا سەیر نییە ئەم شەیتانە لە بری حەزی تەمەنی جاویدانەدا بۆ خۆی، توانایی بۆ لەناوبردنی کەسانی تر دەخوازێ؟ لەوانەیە نەخێر. شەیتان لە داواکردنی ئاوا بەخششێکدا گەورەترین دەسەڵاتی شیوا وەردەگرێت و بەم شێوەیە کاتێک ئەم بەخششەی پێ دەدرێت (خواوەندی مردن) پەرێشان و بێ دەسەڵات دەبێت ناوەرۆکی ئەفسانەکەی باسی سور، هاوشێوەی چەرخی مودێرنە کە بەخششێکی تەکنەلۆژی شەیتانی بە مرۆڤ بەخشیوە.

٥- زۆربەی ئایینەکان باوەڕیان وایە کە کامڵ بوونی مرۆڤ تەنیا بە دابڕانی دەبێت لە دنیای دیاردەکان بۆ دنیای جاویدانی ڕۆحانی. ئەو دنیایەی نەخشە بۆ چارەنووسی مرۆڤەکان دەکێشێت.

جێگای خۆشحاڵییە لەنێوان مرۆڤی زانستی و مرۆڤی مەعنەویدا خاڵی هاوبەش هەیە. تیۆرەکانی زانستی ئەمڕۆ لەسەر ئەوە دامەزراون کە مەسەلەی لیل و سەرسام ئاوەری (بوون) بایەخێکی تایبەتی هەیە، تێگەیشتنی مەعنەوی جیهانی ڕەوانیش کەم تا زۆرێک بە هەمان شێوەیە.

٦- مەسەلەی بوونناسیی ژیان و مردن، ئەزموونێکی یەکسان بە دەستەوە دەدا، چونکە مردن ژیانێکی تازەی لەگەڵدایە، سەفەرێکە لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر، ئەمە بیروباوەڕی تەواوی ئەو ئاینانەیە کە باوەڕیان بە ڕۆژی هەستانەوە هەیە.

٧- نموونەی ڕاگەیەنراوی لۆژیکی (چەرخی نوێگەری) باوەڕی بەم شەقڵەی خوارەوە هەیە:

ئایین پێکهاتەی ڕێکخەری باوەڕ، فاکتەری سنووردارکردنی ڕەفتاری مرۆڤ و ئاوڕدانەوەیەکی زۆر کەمی غەریزەکانە. بوونی کۆمەڵە فاکتەرێکی ڕێگر لەم نێوەندەدا ئەوەندە لەبەرچاوە کە شوێنکە و توانی هیچ ئاینێک بەو شێوەیەی پێویستە هیچ کات چێژ لە دنیا وەرناگرن. دنیا ئاوێنەیەکی بێ سنوور و تخووبی جوانییە، بەڵام هیچ ئاینێک ئەوە نابینێ، دوورەپەرێزی لە دنیا و دیاردەکان و باڵادەستی ئاسمان بەسەر زەوییەوە حاڵەتێکی فێرکاری تەواوی ئایینەکانە.

مەعنەوییەت سیستەمێکی کراوەیە و پەیوەست نییە بە شوێنکاتەوە و لەوێوە کە ئەمە سەفەرێکە بۆ واقیعێکی شاراوە و نادیار. بۆیە مرۆڤ بۆ هەموو جێگایەک دەبا بۆ ناوە و دەرەوە، قایل نابێت بە هیچ جیاوازییەک لەنێوان مەعنەوییەت و دنیاگەرایی و بەرز و باڵادا. لەم سەردەمەدا (زانستی ڕووت) لەژێر دەسەڵاتی هەرچی زیاتری تەکنەلۆژیا و خزمەتگوزاریدایە، بەرەو پێش چوون و ڕوو لە میتالی بوونە لە ئەنجامدا ئەم کارە بە کێشمەکێشی نێوان زانست و کۆمەڵگا کۆتایی دێت. کە لە وێدا هیچ کام لەم دووانە قاڵبێکی گونجاویان نییە.

**تەکنەلۆژیای هیند حەوت ڕەگەزی سەرەکی هەیە:**

١- تەکنەلۆژیای ژێر سیستەمی ڕۆحانی.
٢- تەکنەلۆژیا دەبێت ڕێزێکی زیاتر بۆ ژیان دابنێت.
٣- تەکنەلۆژیا دەبێت گرنگییەکی زیاتر بە بەها ئیستاتیکییەکان بدات.
٤- تەکنەلۆژیا دەبێ سادە و لەژێر ڕکێف و ویستی مرۆڤدا بێت.
٥- تەکنەلۆژیا دەبێ لانی کەم خواستەکانی مرۆڤ دابین بکات و ئاسوودەیی فەراهەم بێنێت.
٦- تەکنەلۆژیا دەبێ لە ئاستی بەرهەم هێناندا دووربێت لە بزاوتی ڕکابەرایەتی سلبی.
٧- دواجار تەکنەلۆژیا دەبێت بەرەو مەنزڵگای ڕۆحانییەت هەنگاو هەڵگرێت.

سەرەنجام تەکنەلۆژیای باسماسوری سەدەی بیست و یەکەم ئەندێشەیەکی ترسناکە ئەم تەکنەلۆژیا شەیتانییە لە هەموو شوێنێکدا بەدوای مرۆڤەوەیە. پیرۆزڕاگرتنی تەکنەلۆزیا بەواتای دەرک کردنی سنووری تواناکانی مرۆڤە. مرۆڤی مودێرن ئامادە نییە تاوەکو لە ئاستانەی لۆژیکی خۆشیدا سەری ڕێز نەوی بکات. مرۆڤی مەعنەوی کە بوونی پاشەڕۆژ هەست پێدەکات هیچ نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێیەکی نییە، لەبەر ئەوەی بە (بازاڕێکی گەورە) پەی بە حەرەمی ئاگایی جیهان بردووە. ئەو دەزانێ کە زەوی بەشێکی زیندووە و بەردەوام لە ڕەوتی زیندووکردنەوەی خۆیدایە. جیهان خانەیەکی خۆساز و پشت بەخۆ بەستووە. تەکنەلۆژیا توانای لەناوبردنی جیهانی نییە. هەروەها ئەم ئەگەرە لە ئارادایە کە هەندێک لە نەوەکانی مرۆڤ لە کارەساتێکی سروشتیدا بنبڕبن و چەندین تیرەی نوێ بێنە گۆڕەپانی بوونەوە.

مەعنەوییەت تایبەت نییە بە ڕەگەزی مرۆڤەوە، بەڵکو پێداویستی بوونی تێکڕای بوونەوەرە گەردوونییەکانە تەنانەت باڵندە و ئاژەڵەکانیش لە توانای مەعنەوی بەهرەمەندن.

**سەرچاوە:**

نامە فرهنگ، ژمارە «٢٦».

# حەج

دڵشاد عەبدوڵڵا

سڵاو لە بەردێک، بەردێک کە ڕەنگی شەوێکی درێژی
بیابانی خڕکردۆتەوە لەخۆیدا. عەبای حەریری سەرشانی
پیاوێکی کەڵەگەتە. دەچەمێتەوە بۆ قوومە ئاوێک، لچکی
لە زەوی دەخشێ. لەو شوێنە پوونگ و نەعناع شین دەبن،
بۆنیان دەگاتە ئەستێرە. بەو بۆنە باڵندە دەیناسنەوە.
بە بەرچاوی ڕاوچییەوە هێلانە چێ دەکەن باڵندە
تاژی دەمیان بە سیحرێکی باریک دەبەسترێ.
لەناو ئەو هەموو پێست تاریک و قژلوولانە، چرای سەر کوڵمی
ژنێکی خاکوخۆڵ دەبریسکێتەوە. ئەو چرایە بە ڕۆنی بناری
بەهەشت دەسووتێ. ئەوە تۆ لێرەی؟
وەهمی پرسیار لە غەیبەوە دێ، هەڵمی سەرسووڕمان لە مەنجەڵی
سیما هەڵدەستێ: چی هێنای بۆ لای من؟
غەریبی بایەکی ناوەختە، ئەوەی وەریوە کۆی دەکاتەوە،
سبەینەکی زوو تەماشای بەردەرگا و بەرهەیوان بکە، هەمووی
پەلکی فرمێسکی منە بۆ لای تۆ هاتوون.
پشتی کام سەفەر نەوی بوو تۆ سواری بووی؟ کام جانتای
چارەنووسی هەڵیگرتی؟ شووشەی کام عەتر لەخۆیدا
خڕیکردییەوە، لێرە پەرتی کردی؟
ئای لە جۆگەی ئاودامان زیووی شارەزوور چۆن گەیشتە ئێرە
هەیداد بۆ جوانی تۆ ژنێ!
کە تۆ لێرەبی بۆ تەواف
لە دەوری کێ بخولێمەوە؟!
من شاعیری تۆراوی کۆسارانم، خدرم ناوە
سەردەمێک ئەوێم چاوێکی نووستووبوو
شار پڕ بوو لە زوڵم و
کوچە و کۆڵان پڕ بوو لە خەفیە
دەوری عالەم بەڕیا گیرابوو.
مودەتێک لەو چیا و دۆڵانە چەند سەربزن و
بازێکی خولیابەسەرم ڕاگرتبوو
بە شیر و ماستیان گوزەرانم بەسەر دەبرد
ئێرەم سەدقات خۆشتر بوو لەوڵات!
ئێستاکە سیحری تۆ گرتوومی لەخۆیدا
دەمبەی ببە لەگەڵ خۆت
دەمێنی لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە.
شیعر کەوتۆتە نێوانی گەنجی تۆ و پیری منەوە
ببمە چی لەلای تۆ وەکی چی بمێنم؟
وەکی خۆر لە تەوقی ئاسماندا، وەکی نوور لە دڵی نابینا



وەکی فڕین لە پەڕ و باڵدا.
مانگ کەوتبووە نێوان دوو بەردی نووک درێژ لەگەرووی چیادا
دەستم برد بۆ هەرمێی گەییووی، تریفەی هاتە دەستمەوە
بەڕووتی مایەوە، تەماشا: ئەوە منم بەبێ تۆ!
قەفەس تەنگە هەی لۆلۆ لۆلۆ لۆلۆ، باز وتی.
ماوەیەکی تر لێرە بمێنم پەڕ و باڵ هەڵدەوەرێ
ناگەم بەو شوێنەی دەمەوێ هەی لێ لێ لێ لێ لێ لێ..
شەوێکیان، هەموو نووستبوون: بەردەکانی دەوری
شەیتان ڕەجم کردن، چیای عەرەفات، ئاوی زمزم
کزبوو ورتەی نوێژکەران و نەدەهات دەنگی سەلاوات
دۆڵی خامۆش و بێدەنگ بوو چیا
ڕەش دەچووەوە دەشت و سارا
جوانی تۆ لە ناکاو ڕژا، پەلیان گرتم ئەو هەموو چرنووکی ڕووناکییە
هەڵیان کێشام بۆ سەرێ: ئەوە لێرەی؟!
بۆ حەج هاتبووم بۆ مەرگی لەشێوەی مانگ
مەزندەکەم وا هاتەدی: نەبووم بەوەی دەمەوێ
بووم بەوەی دەمخوازن لەسەرێ.
هەی لۆلۆلۆلۆ هەی لێ لێ لێ لێ لێ لێ
هەر جوانی دەمێنێ هەر جارەی بە چەشنێک و
هەر چەشنەی لە قەدەرێک و
هەر قەدەرەی لە بەشەرێکدا.

# هەستەکان

سەباح ڕەنجدەر


بینین
چاویلکە
ئایا تیر تەماشا دەبێت یان نا
چاویلکە
کوێرەکان بۆ جوانی بەکاری دەهێنن و شەکرلەمە دەخۆن
لە تەماشاکردنی هەوری لە کاچوو ڕاهاتووم
دەشزانم بەندەکانی ناو بەندیخانە بۆ پڕ هیوان

چێژ
پەنجەرە
پەنجەرە دڵی پیاوێکی چۆرتەیە
ڕێدەدا زەرگەتە و جورجەکوێر
وەک شەقامی پان و بەرین گرێی تێدا نەکەن
بە هێزی ئارەزووش دڵگرانە
دەستی ناسکی کیژیش نازی ڕادەگرێت
پاشان
لافیتەی پرسە دادەکوتێ

بەرکەوتن
یەکەم
میوە
تەنیا دانەی یەکەمی تامی خۆش دەدا
ئەوانی دی
دووبارەبوونەوەی یەکەمن

هەست
مردن
ڕامگەیاند ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مێژوو
پێشەنگایەک دەکەمەوە
تابووتێکی تێدا پێشکێش دەکەم
کە یاری بە هەستەکانی من کردووە
لەسەر ئەو قوڕەی بۆ دروستکردنی
ئادەم و حەوا خۆش کرا
کتێبی لەبیرنەچوونەوە جێدەهێڵم

بۆن
دەست
چەتە ترسنۆکترین کەسە لە نرکەی خوێنی کەفکردوو
جامی پێشەوەو پاشەوەی ئۆتۆمبێلیان
بە خوێن و قوڕ سواغ دا
هەردووکیان میهرەبانن
خوێن گەرمایی جەستەی گیاندارە



قوڕیش ماڵ پێکدەهێنێ
باران دەستی خوایە
جامی پێشەوەو پاشەوەی شوشت
سەرم هەڵگرت و هەر ڕامکرد
چیا و کەروێشکەکان تەماشایان کردم
قوربانیی یەکەمین گوناهم
چارەنووسی
زەمینی و ئاسمانیی خۆم دەستنیشان کرد
شێوەشم دا بە بێباکی

پێشبینی
قومری
قومری بێچووەکانی کرد بە بازووبەند
لە باڵی بەست
فڕین ئەوینە
دڵخوازەکانی یارمەتی بەرزبوونەوەی دەدەن

خەون
کیسەڵ
کیسەڵ هێلکەکانی بە لم سپارد
بەلایەوە گرینگ نییە
بگەڕێتەوە سەری یان نا
کوێر و کەڕ و لاڵە
لە ئاست تروکان

**پێکهاتن**
با
دەربەندی گۆم
گوندە بچووکەکەی خودا دەربەند
ڕووناک و گەرم بە تریفەی مانگ
فێنک بە گەشەی سییەکانی درەخت و دڵخۆش
بە کوڕی یەکەم زکی خۆت من
گیا پەخشانی زەوییە
کوڕی پێکهاتەی سروشت نووسیویەتی

ئاگر
وچان
هێڵێکی لەنێوان پاکی و بێگەردی کێشا
پاشان
چاوەڕوانی ڕووداوی نەکرد
چووە یاریی دوور و درێژی مار و پەیژە
گوتی بیپێون
بێباکی وشەیەکی گیانسووک و هەڵبژێردراوە
دڵسرەکان لەناوی دەپێتێن و وچان دەگرن

خۆڵ
گیانئاوێزان
تا خەو نۆبەرەی بینینی لە تاج و بەخت وەرداین
دەموچاوی بەروبوومی ژین و کتێبی گەنجیم
لەناو ڕووناکی چاوی مندا شەپۆلی دەدا
هی منیش لەناو ڕووناکایی چاوی ئەو نیشان
جریوەو کەمانچەی باڵی سیمرخمان دۆزیەوە
لەو بیرهێنان و بردنەدا بووم
کوڕەکەم تەواو لە من دەچێت
کوڕەکەشم هەموو شتەکانی دەبردەوە سەر ئەوەی
باوکی گیانئاوێزانی باپیریەتی

ئاو
دەرکەوتن
تەمەنی گوومبەزی ڕوونە
دەنگ بە باشی دەگەیەنێ
شتەکانیش چۆن هەن ئاوها لێیدەردەکەون
کە هەقیقەت ماسولکە جەزرەبەدراوەکانی خۆی
لەبەر هەتاو هەڵدەخات
دەکەوێتە ناو گومانێکەوە
بیر لە ڕێوڕەسمێک بکاتەوە
برادەران یەکتری تێدا
ببیێن و سەرگەرمی مەشق بن بۆ داگیرساندنی
مۆم و بخوور
وەک باران لەگەڵ زەردەی خۆرئاوابوون بدوێن
نەشدوێن وەک ئەوە وایە
کە لە بەرزترین بەرزاییەکانەوە
یان بە دوورایی چوار پەنجە
هیچ ڕووی نەدابێت

ئەشق
خەلات
کە ئەستێرە سوور دەبێت
لە دامێنی گردەکان کێڵگە دەخرۆشێن
چاوێکی کۆچەرییە مانگ
بە هێمنی بە قوولایی ئاسمانەوە ڕادەبووری
گوڵەکانی لەسەر گۆڕە تازەکان دانراون
دەلاوێنێتەوە و تاسەی دیدار دەشکێنێ
بەدانی بەرجووجەڵەی دڵ سوێند
مێخەکی سەرەتاکانی بوون
لە تیژی شاخی کەڵەکێوی
بۆن خەلات دەکات
سێ بەشی جەستەی شەوی گەرم کردووە
مەشخەڵی ئاگر و سێوێکی ئاڵی دزی ڕاوکەر


# شیعری شێت

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

هەر ئەسپ و مانیتۆڕ غار ئەدەین تاسبەی
لە مانیتۆڕی سبەیدا ڕەشترین هێڵ
بە تونێلی کۆڵاندا سوورترین من
تا تیربارێک لە خەونی هەڵفڕیندا شەلاڵ
تا
ئەرێ کێ دەڵێ شەهیدێک لە سوورەتی ئەسرادا
سەرکەوتن نازانێ؟
کێ دەڵێ گلاوەو سوورترین تەنیایە؟
لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا
پلیکان دەبارێ
ئەگەر...!
هەر خرمەی تێپەڕینە مەوداکان تا شەڕ غار ئەدا
شەو
کە بە چەپۆکانەوە لەگوڵدا
زەمان
سەرەتای شیعرێک لە مانیتۆڕی بێهۆشیدا نەبێ
مەگەر...
لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا ژیام ئەگەر
هەر غار ئەدا بەمندا مەوداکان
تا پلیکانێکم ڕاکردبێ و
لە مانیتۆڕی سبەیدا ڕەشترین هێڵ
لە مانیتۆڕی سبەیدا
درێژترین گەلاڵە دەبێ

– بایەک –
کە بەدەشتی هیچیدا دەجووڵێ
کە لەمندا گردەلوول قامەتی هەر بەرزە
کە بەدەماری کاتەکانا سەهۆڵە
کە قەتارێک بەخەونی لوورەدا سەفەری دەبێت و
ئیتریش حیلەیەک...

بایەک بە پلیکانەکاندا ڕەسووڵی سەرکەوتن
بایەک [تیرباری B.K.C ئەگەر دەقاسپێنێ
سرنج بدەن
ئێرەیە شەلاڵی کارەساتی ماندوویی ئەسپ
ئێرەیە– من–]
لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا.. پیاوێک دلۆپ دلۆپ ئەگەر خوێن بێ
تەنیایی لێواولێوە لە مانیتۆڕی هیچی
تەنیایی تاسەی سەرکەوتن ڕادەکا
تا
عەشق...



ژنێکی جوان بەرینی دەستەکانی سوورترە
ژنێکی جوان دەرگای هیچ ئەگەر نەکاتەوە
دادەڕژێ...
سووری ژنێک کە تاریکتر
غار ئەدا لەبیرەوەرییەکانی منێکدا و
منم من
هەر بەرزترە حیلەم
گەرمترە سمکۆڵانم
لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا
کە دۆش داماوە تا پلیکان ڕابکاو
تاکو وشەش کارەساتێکی ماندووتر...
[تیرباری B.K.C ئەگەر سوورە حیلەی
سەرنج بدەن
چ هەواڵێک بە گوڵی زەردەوە تا گیلگەمیش
کامە پەیام بەجەرگەی شەڕەوە
تا... نا.. نا..
چ منێک
تا ئینانا...]
گیل گەمیش بە ئەسپێکی زەردەوە خەونە و
بە مانیتۆڕی هیچەوە
ئەسپێک لە بیرەوەرییەکانیدا
گوڵی زەرد غار ئەدا...
ژنێکی جوان بە کەشەفێک ژاڵەوە: [ببوورن لە
بیرەوەرییەکانی مێوینەیەکدام- ئەگەر-]
شەڕابی سەرسوڕمان
دڵۆپ
دڵۆپ
مەست ئەکا و: [بەدەم یاری کام ئەسپەوە سەوز ئەبێ ژن
کەمن غار ئەدەم بیرەوەرییەکانی بەردێک
لە بزەی تاریکی گوڵێکی زەرددا
کە مارێک بە تەوێڵییەوە چوار ناڵە]
بەدەم بنێشت جاوینەوە، دنیا لە تۆقلەیەکدا کورت دەکاتەوە
ژنێک وێرای مەستیی گوڵێکی زەرد.
ماینێکی کەحلان بە خەفەتی ئیناناوە
دەگری.
بە خەفەتی ئیناناوە
تاڵە ئەو ژنەی تەمێک وەسەر ناوی کشاوە
تا
[ئەگەر ماندوویە ئەسپی گیلگەمیش
غار ئەدەین بیرەوەری بەردێک.
ئەگەر بنێشت سەرەتای جیهان بێ
چ تیربارێکی B.K.C
لە خەفەتی مندا سوور دەبێ]- سبەینێ.
لە بیرەوەرییەکانی پلیکانێکدا- سەرکەوتن بە مانیتۆڕی
هیچیدا ڕادەکا

هەروەها
ڕەنگە بێتە خوارێ
ئەرێ
من
لەو دەلاقەیەوە کە ئەسپێک حیلەی
هێشوو
هێشوو
بە ڕەزەکانەوە دەگا...
بایەکیش چەپۆکانێتی لە جەرگەی شەڕێکی زەرددا
کە هەموو بەرینایی کۆتری سوورترە...
لە جەرگەی شەڕێکدا
کە شەلاڵی سەرکەوتنی من نەبوو.
ژنراڵێک دەوەڕێ
ژنراڵێک لە بەردەم سەربازانی زەرددا
پاڵ دەدا بە چرپای حیلەوەو دەبارێ
[یەک... یەک... یەک...
برووسکە و... گەلاڵەیەک لە سبەیدا دووکەڵە
برووسکە و... ببیستن هەواڵی ڕزگاری- ئەگەر
سەرکەوتووانە دەبن
سەربازانی ئێمە...]
ئەسپێک ئەگەر تەنیایی سووری سوارەکەی غاربدا
تیربارێک شەلاڵی کارەسات دەبێ و من
ژێ سێیەک لە خەوی زستانەی ڕابووە و
باوێشکی درێژە...
[یەک... یەک... یەک...
لە بیرەوەرییەکانی ژێ سێیەکدا شەڕ دەکەم]
شەلاڵی من دەبێ ئەو ژنەی بە ڕەشترین هێڵدا ماندووەو
نابیستێ سروودی سووری خوێن
ئاوێتەی خەفەت و من دەبێ و
حیلەیەک ڕێژنەیە:
... کە منم لەبیرکراو لە جوانی ژنێکدا
کە منم پێشێلی تەنیایی بەرینی سوورێکی خەفەتبار...!

تیربارێک تا شەڕێ زیندووە و
منیشم.
گەر ژنێک خەفەتی بنێشتی جیهانی جاوبێ- عاشقیم
گەر مێژوو ئاخۆ پیرترە.
گیلگەمیش خەونێکە لە کۆڵانی ئێمەو
ئیناناش لە مندا هەر خوێنە و
مانیتۆڕ...
ئێستاکەش وەرن با بەتێکڕا غاربدەین
لە بیرەوەرییەکانی ئەسپێکدا
کە منم...

# سیامەند
# مانگ
# بەرزەخ

لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

**دەگەڕێمەوە هەڵفڕینت**
**من پیاوێکم لە خوێندا وەبیردێ**
**بەجێ ما لە دەستی لە بەرزی سەحەردا**
**کەسێکیش لە ئاگر دەبیستم**
**لەشی بوو بە میراتی دارێک.**
**سبەینێ کچێکیش دەزانم لە میعراج**
**سبەینێ خودایەک لە زگی هەتاودا**
**هەتاوێکی ئاوس.**

**دەگەڕێمەوە هەڵفڕینت**
**دەستەکانم وەک دوو دارەبەنی برسی**
**بەشوێن خوێنێکی مەستەوەن**
**هەنگاوە سوورەکانی خوێن**
**قورس**
**لەو هەڵفڕینەدا.**

**لە هەڵفڕینەوە بووکێنیم دارخورمایەک بوو**
**لە نیشتمانی ئەو خەڵکەی کە شێت دەبوون**
**دەمیان دەنا ناو دەمی خاک**
**نیشتمانی**
**مانگێک... لە ئایینی بەرزەخ**
**دەستەکانم دەڵێن**
**بووکێنی من لە ئاوێنەی دارێکی تردا مەحف بۆوە**
**لە پانتایی هەڵفڕینی ڕەوە پێغەمبەرانی مانگ**
**بەرەو کەلەپۆی کافری ئەفسانەیەکی دڕدۆنگ**
**بووکێنی خۆم دەخوڵقێنم**
**لە دارخورمایەکی مەحفەوە**
**لە سیامەندی ونەوە.**

**تامەزرۆی سەلماندنی شکۆی چەوسانەوەیەک**
**چەوسانەوەی پیرۆزی خودا لە مندا**
**چەوسانەوەی خاکی شێتم**
**لە بوولێڵی ڕووناکییەکی بەرزەخیدا.**
**..............**
*لە خۆر نشینەوە گەر هەڵبێی*
*لە ئەفسانەوە هەڵدەستم*
*ئەو کیشوەرە کیژانەیەم لە مندا*
*نازی خوێنخۆری بیعسەت دەگرێ و*
*لە عیسمەتی ئاگرینی ئامێزمدا*
*شەڕابیترین برسێتیت.. سوجدە دەبەم.*



**له ڕیساڵەتی پیرۆزی دەنگی برینداری ئێسکت**
**له خوێنت دەکرووزێمەوە**
**چاوت داڵدەی کۆچەرێکی بەرزەخییە**
**کە غەریبی دەستەکانی بە بەژنی ڕووتت دەسپێرێ.**
**ئیتر دەبمەوە تەمتومانی ئەستێرەو گڕ**
**مانگێک دەڕژێ بە لەشمدا و دەبێتە بەرد**
**له مندا پیاوێک دەدرەوشێ**
**ئەو ساتانەی لە دەمیەوە دەتکێمەوە**
**تۆمی مانگێک لە دڵمدا خوێن لە خوێنم بژار دەکات**

*من مانگ تۆم ناسی*
*بووم بە بوتێکی زێوین و چەمیمەوە لەناو لەشتا*
*من خۆر تۆم ناسی*
*کەللەم پڕ بوو لە گڕمەی نوور*
*شەقی بردو ئیتر بوو بە گڕکانی خۆر*
*لەناو دەستا*
*خودایەکی مەست تۆم ناسی*
*بووم بە لەشی شێتی ئاگر...*
*بێ دەسەڵات*
*لە باوەشتا.*

**خۆم تەوارێکی غەریب بووم**
**تۆ لەت بووی بە هەڵفڕین**
**من یەخسیری ڕکەی ڕووحت**
**هەڵفڕین بەرەو یەخسیری لە تۆ**
**پیرۆزە پیرۆزە**
**کیژی قەڵای بلێسە بووم**
**خۆشەویستی خۆت لە مندا**
**وەکو سیحری ئاگرنۆشی**
**تووانەوەم لە میحرابی سوور**
**لە تۆ پیرۆزە پیرۆزە**
**مانگی مێژووی دارەبەن بووم**
**بەبۆنی خوێنی تۆ گیرام**
**خوسووفی چارەنووسی من**
**لە تۆ پیرۆزە پیرۆزە**

**من لە ئاوێنەوە تا تۆ**
**بەردەنووسی نەناسراوی بەرزەخی شێت**
**مێشکی ڕەقی بەسەرهاتی حەپەساوی هەڵفڕین و**
**بەردەنووسێکی بێدەنگی**
**هاواری خۆشەویستی تۆم**

*سوبحانەیەکیەتی ناوت*
*لە سەرەتای ئیحرامی خوێن*
*سوبحانە دەستی دارەبەن*
*لە پاشەرۆکی مێژوودا...*

**ئەی ئاکامی ناتەواوی قەت سەرکەوتوو**
**زەمان ئێمە ناگرێتەوە**
**ئەو دوعایەی لەتاو تێپەڕینی زەمان**
**بەپێش نوێژی شەو کوێرانە**
**زینا لەگەڵ حەقیقەتە**
**ئیقتدایە بە برسێتی ئیبلیسەکانی ناو میحراب**
**ناسیامەند**
**زەمانی لە دایک نەبوو**
**هەڕەشە لە ڕیساڵەتی کارەساتی سیپان ناکا**
**لە تان و پۆی ئەو قیامەتەم بستێنەوە**
**کە ناوی تۆ کەوتە دەمی لاڵی بەرزەخ**
**تا ئیشراقی دەستەکانت لە زگی دارەبەنەوە**
**من: مەلەکەی ونی زەمان**
**کچێنی خۆم مەرگاومەرگ**
**لە تۆی توێی لەشی غەیانی**
**خودای موشریکی مێژوودا**
**دەپارێزم**

**هەتەر دەکا لە زگمەوە قورسایی مانگ**
**ئۆستوورەیە وجوودی من**
*بەناوی مرۆڤ*
*ڕووناک بێ*
*ئەوکەسەی عیبادەتی خوێنت دەکا*
*لە مانگەوە*
*لە چاوی ئاڵای شەڕابدا*
*هەموو زەمان تەناسوخی لەشی تۆیە لە کوشتنت*
*بەناوی مرۆڤ*
*ژیاننامەی خوداوەندە ئەو «ئێمە»یە*
*کە دەستەکانمان دەنێژین بۆ سڵاوێک لە داهاتوو*
*دەگرینە دڵ لقی بەرسەم وەک دارەبەن*
*لە ئاکامی هەڵفڕینت*
*خاک شێت دەبێ لە قیامەتی ئەستێرەوە.*

**هەرەس دێنێ جوامێرترین کوڕی شەڕاب**
**من دۆزەخی داهاتووی دارەبەنی ئاگرین و**
**نیشتمانی سبەینێی هەڵفڕینی مانگ**
**ئوستوورەیە وجوودی من**
**تامەزرۆی سەلماندنی شکۆی چەوسانەوەیەک**
**چەوسانەوەی پیرۆزی خودا لە مندا**
**چەوسانەوەی خاکی شێتم**
**لە بوولێڵی ڕووناکییەکی بەرزەخیدا.**

# چاوم خوڕەی تۆی لێوەدێ

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)

سەرم لەم شەوقی خەونانەت سپی کرد و
ڕۆحم مەستانە تریفەی تۆی لێوە دێ
بە خامۆشیت نزرگەکانی تەنهاییم بەسەرکەوە
خۆم لەبەر
ڕێژنەی غروورت ڕاناگرم
کە لە تۆ و ژیانی ناوەخت لێوڕێژ دەبم
چاوم خوڕەی تۆی لێوە دێ
سەحەری خەم لە چاومەوە هەڵدەقوڵێ
جەستەم چوار وەرزە گڕ دەگرێ
کە هاتمە ناو ئارامگەی بێداریتەوە
پەلی شیعرێکی بێ ناونیشانم گرتبوو
تەرتیلەی ڕۆحی خوماری قەسیدەیەک
بەلێوانمەوە نووسابوو
ڕۆژە ڕێیەک
وڕێنەم لێ دەڕۆیشت و
لە باخچەکانی بێداریتەوە
تام و بۆی وەرزی ئەوینم هەڵدەمژی
وەلێ نیگام لە شەرمی تۆدا بەجێما
* * *
لێم ببوورە
گەر سەرابی دوورکوژی حەسرەتەکانتم
بەشار زانی
وڵاتی خەونی تۆ ساردە و
زوو دەمکوژێ
* * *
کە پێم نایە ناو بەهەشتی تەماوی خەونێکتەوە
هاژەی سەفەرم لێ دەڕژا
وەلێ چیبکەم
دەستەکانم کوانووی کلّپەی تەماشات بوون
تەیەموممم بە نیگاکانت
ژانێکی تری نیشان دام
ڕۆژم پۆشی
شەوەکانتم پێک پێک هەڵدا
جار نەجاریش
پێت مەست دەبووم
* * *
لێم ببوورە ناوادەیەک
شاری خەونەکانتم تێک نا
غەرقی بەشەوبوونم مەکە
با دەرگای ئاوەدانی ون نەکەم
با دوا تۆزقاڵێ ڕۆشناییم
بەس نەزری بەشەوبوونت بێ
کە لە دەرگای خەونەکانتا هەڵدەکورمێم



ڕۆژە ڕێپەک تارمایی شەڕەکانمان ڕاودەنێم
لەم شەوستانە ساردەی تۆ
زەمەنێک ڕۆین دەبەم و
ولاتێک هەنگاوی ناهامتا فەرامۆش دەکەم
لەم کۆمارەی ئەودیوی ئاگاییتەوە
بولێلی حەرفێکی ونبووی چامەیەکت
سۆمای چاوەکانم دەبا
نووزە نووزی تووڕەبوونتم
لە تەنکاوی پێلۆکانما جێ کردەوە
ئەوینستانی فرمێسکم
لە کەناری دڵتا جێ هێشت
دونیایەک هاواری گەرمم
لە ماڵەکەتا ڕاخست و ئەوجا سەفەر

* * *

کە بێدارم کردیتەوە
هەردوو دەستم
لە تووڕەییتا پڕ کرد و
خواردمەوە
چاوەکانم لە شپرزەیی چاوانتا
بوون بەکانی
ئاوێنەکانی حەسرەتم هەموو شکاند
خۆم شکاندو
تۆیشم شکاند
تا هەردووکمان تێکەڵاوی بێ دەربەستی عەشق بووین و
تواینەوە
داهۆڵەکان لە پەنای باخەکانەوە
زەمین بەدەریان کردین و
گوناهی دەمدانەوەی هەناریان
بۆ گوڵەکان گێڕایەوە

* * *

لێم بەرەوە
با چرکەیەک لە کەناری هەناسەتدا
خۆم هەڵخەم
تێر لە نمەی چاوانت بم
کە لە دەرگای والای خەونێکتا نوقم بووم
حیکمەتی سێبەرە ونەکانی ژیان
لە کێ پرسم
لە کام سایە وشک نەبم
کە تۆم بانگ کرد
تەرتیلەی ڕۆحی قەسیدەیەکی سەرمابردوو و
تۆپەڵێ ژانی ڕۆح تەزیو
بە دڵمەوە ئاڵۆسکا بوو
ئیدی بۆچی دانەگیرسێم
هەر کە بێداریش بوویتەوە
پەتی قەسیدەکەم گرت و
لە تووڕەییتا نوقم بووین

٢٠٠٤/١١/٣٠

# دوو دایک

سوزان سامانجی
و: سۆنگول کەسکن
(ئیستەنبۆل)

چاوا دوەرمە و دفوورە، دیسا دین بوو قیزکا دژلە. بایەکی سڤک ب خوە رە بێهنا ئاخێ و نێرگزان تینە. رۆژ چقاس پشتا من خوەش گەرم دکە، راستە وایە جەمرا سسیان ژی دکەڤە. ئەڤ چەند جەمرە و چەند بهار دەرباس بوون، هێژی ئێشا ددلێ من دە کێم نەبوویە، هەر دچە زێدەتر دبە. ما قەی هێسانە؟ ل بەر چاڤێ مە دناڤ دەستێ مەدە وندا بوو چوو... کو مرن بە ئەزێ خوە باڤێژم سەر تربا وی تێرا خوە بگریم. ئاخ لاوۆ من تە ب چ خزانی و فەقیریێ مەزن کری! قەی ژ بنی گونەهێ تە ب مە نەهات! ئەم هەموو ژ خوە رە دگرین، چاڤێ مە ل تەلەڤزیۆن و رۆژنامەیایە، تەپە رەپا دلێ مەیە....

رۆژەکە وەکە ئیرۆ بوو: ژ دبستانێ هاتبوو، دیسا نە دپەیڤی؛ ل روویێ من ژی نەدنهێری، ل چەمێ دژ لە تەماشە دکر. ئێدی خوارنێ کو من چێ دکرن ژی نەدعەجباندن؛ تەیفکا پراخان یا کو مەدانی بوو بەر ژێ راهشتبوو یەکێ و ب پشتا دەستێ خوە داحفەک لێخستبوو. دەرکەتبوو ئەیوانێ نەساعەتەک و ددۆیا ل هلما کو ژ چەم دچوو تەماشە کربوو.

ل روویێ من نەدنهێرت و مۆنتێ خوە یێ د رەنگێ کەسکێ چیێ دە کو نوو ستاندبوو ژ من خوەستبوو. پییێ خوە سپارتبوو دەرەنجێ و بەنکێ پێلاڤا خوە یا سپۆرێ گرێ ددا وێ دەمێ رووێ وی سۆر بووبوو.

ب رها خوە یا فرک، ب سمبێلێ خوەیێ ژ رەنگێ حنێ تو چقاس خوەشک و دەلال بوویی لاوۆ! چاڤێ خوە هوورک کرن و ب لەزەکێ ل بەریکا خوە نهێرتبوو، خەلیتکا کو ئاپێ وی ژێ رە ژ گرتیگەهێ شاندبوو تەڤلی هەڤ دکر وخوە ژ دەرەنجێ دە بەردا ژێر، ب دەنگێ زەنگێ دەری من بازدابوو بەر باجێ. ل بەر دەڤێ دەری مۆنتێ خوە ل خوە دکر، بەستوکا مۆنتێ خوە هلدا دەستێ خوە خست بەریکا وێ دە و مەشیا. ل دەڤێ دەری ب کەچکا جیرانێ مە شیرڤان شابوو پێ لەیست تشتەک دایێ. (پشت رە گۆتن کو پێنج هەزار دایێ). بەرێ خوە نەدا کۆلانێ و وەکی کو لێ ڤەگەرە نهێرت. ئەز وێ رۆژێ تیری بەژنا وی یا بلند و گەودێ وی یێ گرس نەبووم، تو دبێ قەی من زانبوو؟ چزین ژ ناڤا من هات. ترسەک کەتە دلێ من. ژبۆ کو ئەز ترسێ ژ دلێ خوە بئاڤێژم ئەز مالۆ مالۆ گەریام.

بوو درەنگێ شەڤێ لێ دیسا ژی من نەدخوەست ئەز هەرم مالێ. پشت رە کورێ فلیتە ب من رە گها هەتا ب مال.

دلێ من وەکە یێ چڤیکا لێ دخست، من خوە ددا. من بەلا خوە ل کەچکێن کو جهێز چێدکرن خست. من خوەست مێرێ خوە یێ کو د خوە دە دکە خر خرە بخەنقینم، من ل ساعەتا کو ب هێت ڤە بوو نهێرت هێ زوو بوو.



گەرما هاڤینێ ل سەرێ مرۆڤ دخە. ل سەر هەر کەسی گرانیەک. دەنگێ ڤان چوکێن ل سەرێ داران ل مەژیێ من دسەکنە. تو دبێ قەی ئەز د ڤالاهیا ئەزمان دە دچم و تێم. ب یەک دەربێ دبە فزە فزا گوهێ من، دلێ من تێ گرتن. تشتێ بەرێ تێنە بیرا من، من زەفت دکن. ئەزێ ل بەر پاجێ دوشەمێن پاقژ و یەکشەمێن لەوتی یێن سەرخوەش بژمێرم. پۆستەگەر دیسا تەنە تەنە دمەشە. خوەزی وەکە بەرێ نامە ئانیبوونا و دەڤێ خوە بەش کربوونا. ب نامەیا کو ب «دایکا من» دەست پێ کری دە بحەلیاما، من نڤیسا وی بێهن و ماچ کربوونا ژناڤ کاغەزێ نامەیێ ژی وێنە بکەتایا... دایک بووم ئەز، ب سەر دە ژی دایکەکە بی... یا رەبی خوەدێیێ مرۆڤ خوە چاوا ل بەر شەوتێ دگرە!

ب شەڤ و رۆژ بێی بێنڤەدان کنجێ کو من د درووتن ئەز ژی وان عاجز دبووم، تالیا هەفتییێ من خوە ل دەڤێ دبستانی ددیت، ب گاڤێن سڤک دهاتە جەم من، ئەز هەمبێز دکرم ژ کنجێ خوە یێن قرێژی زەعف فەدی دکر. ب شەرمۆکی ل ناڤ چاڤێ من دنهێرت و دگۆت «کار ژتەرە دەرکەت» وان رۆژێن وسا مە ل ڤیرتین و دکانێ پرتووکان دنهێرت. پشت رە ئەم ل پارکا ئاکاسیالی روودنشتن و تشتن ڤەدخوارن، جارنا هەڤالێن وی خوە دگهاندنە ماسا مە، دهوو تقەتقا کەنێ خۆرتانییێ، دلێ من ب وان رە جوان دبوو. د رۆژێن زڤستانێی کن ل بەر پاجێ دەستێ من ل سەر کارێ من، چاڤێ من ل رێیا وی بوو، تو جاران ل دەری نەدخست. وێ دەستێ خوە ل پاجێ خستا. رووێ خوە بقەرمچاندا و بیەششیا، داوی ژی وێ پێیی خوە قەنج ب پاسپاسێ پاقژ بکرا. پشتی کو سەرێ خوە دشووشت ل سەر دۆشەکا پشتا سۆبێ روودنشت، تە دگۆت قەی کارێ وی یێ تێلا ژ قوماش دکە ژ کورێ جیرانێ مە سادی هنێ لێخستنا تەمبوورێ بوو بوو، وەختا کو چایامە یا ل سەر سۆبێ چێدبوو، وی ژی دبەر دە هێدی هێدی ل تەمبوورێ دخست و جارنا ژێ دپێ رە دگۆت، وێ چاخێ من نکاربوو بدرووم من ژێ لێ دنێهرت. دلێ من خورت دبوو، ب بەختیاری و دلشاهییێ ئەز د هەژیام. دەما ب من د حەسیا بێ دلێ من چقاس پێ ڤە یە مینا کو ژ ڤی حالی نەخوەش بوو، رادبوو تەمبوورا خوە ب هێت ڤە دارده دکر و قەدەمێ ل پشتا سۆبێ دادگرت و دگۆت: «ئۆخ چقاس بێهنەکە خوەش ژێ تێ، بێهنا بەرگوماتا ژێ تی.»

ئەز د هندورێ مەزەلێ دەچووم و هاتم ساعەت ژ بنی دەرباس نەدبوو. وەختا کو ساعەت بوو ددۆ ئەز دەرکەتم ئەیوانێ هەمو کەس راکەتبوون. بایێ کو ل سەر چەم دهات بێهنا شیناهیا رزیایی و هەرِیا گەور ب خوە رە دئانی. تە دگۆت قەی د دلێ من دە جەورکەکی هار هەیە، من نکاربوو دجهێ خوە دە بسەکنم. من خوە ل سەر بەتۆنێ ئاڤێتە عەردێ. کەچێن من د شباکێ رە ب ترس ل من دنهێرن و دچوون. من دخوەست ئەز بگریم، من نکاربیبوو بگریم، من بەتۆنێ ب نەینۆکێن خوە دناپرانت، تە دگۆت قەی ئەز دهوندرێ تەنوورەکێ دە مە. من خوە گهاندە سارنجا ل حەوشێ؛ چاوا کو ئاڤا جەمدی هاتە بەر چاڤێن من مینا کو رەحەک ژ دلێ من هلقەتە ل من هات. ترکێن ژ دلێ من چوو و من دەست ب گری کر. دەنگێ من د رەشاهیا شەڤێ دە ئەوقاسی مەزن بوو ئەز ب خوە ژی ژ دەنگێ خوە ترسیام، ژبەر دەنگێ من هەتا بوو ب حەوتە حەوتا سا ژی. من تەڤلی کنجێن خوە یێن شل خوە ل سەر سۆمیایێ تەختی کو ل ئەیوانێ بوو درێژ کر. من دەنگێ هیسکینیا کەچێن خوە دکر، ژ تالیا باژێر من دەست ب هەژمارتنا وەسائیتان کر؛ یەک، ددۆ، سسێ...

باهیڤ و کاکلێن گووزێ کو من ب دزی ژێ رە دکرین گاڤا من ددایێ من دگۆت: «فلان و بێڤان جیرانێن مە ژ تەرە شاندنە.» تو جاران من نەهشت پێ بحەسە کو من خوسووسی ژێ رە ستاندنە. هاڤینان رۆژێن مە زەعف خوەش دەرباس دبوون. ب رۆژ هلات رە مە پشتا حەوشێ ئاڤرەشاندی دکر، کولیلکێن کو تێر ئاڤ دڤەخوارن گەش دبوون. مەخوە ژ بەر تیرێژێن رۆژێ یێن کو دناڤ دارێن حلووک ڤیشنەیان دە ددا رووێ مە، مە خوە ددا ئالیێ سیێ، وەختا من دروونا ب دەستا دکر وی ژی کتێبا خوە دخوەند. جارنا کتێبا وی ل سەر سینگا وی بوو دخەو رە دچوو؛ ب دەنگی ژنکا جیران ژ خەو هلچەنی، رابوو سەر خوە وگۆت: «ئەز هنەکی بگەرم، پشتی قەدەرەک دن ئەزێ ڤەگرم.» ئەز و جیرانێ ب تەنێ ئەم ل جەم هەڤ دمان، ئێڤارێ وەختا ڤەدگەریا مالێ دۆندرما مەرەشێ ژی ب خوە رە دئانی. دکەنیا و دگۆت: «یا باش ئەوە کو ئەز ب کەچکەکە مەرەشی رە بزەوجم دا خەزوورێ من، من ژ دۆندرمێ تێر بکە.»

دەستێ من دلەرزن ئەز نکارم بدرووم، ئەز ژ کەل و پەلان دترسم، تەنێتی و بێدەنگی ب سەر من دە تێ... ژ دەرڤە رۆنییە، ئەز ژ رۆنیێ دترسم.

ئاخ خ، ئەز نزانم دەرکەڤم حەوشێ، چ بکەم؟ دەریێ حەوشێ زەنگار گرتیە. چقاس دەنگەکی نەخوەش ژێ تێ. دلێ من ل هەڤ دکەڤە. بێهنا گۆرستانێ ژ حەوشێ تێ، ئەز دترسم. شکلێن رەش ل بەر چاڤێ من دچن و

تێن: لەز و بەزا لەشکەرایە... د حەوشی دە سیلاح دتەقن... مژ ژ چییێ بلند دبە، کورێ من دناڤ مژ دە باز ددە. دکەڤە عەردێ، خوین ژ ئەنیا وی تێ... قەی من سەرێ خوە ل دەری خست؟ قەی زەنگل لێخست؟ تەلگراف... تەلگراف... کوری وە، ستۆپ، دکارێ خوە یێ وەلاتپەروەری دە، ستۆپ، شەهید کەتیە، ستۆپ...

ئەو دەر شرنەخ بوو... کورێ من ل کو یە؟... ئەز کورێ خوە دخوازم... کورێ خوە...

سەرێ سبەهێ ب هلما مێرێ خوە یی کو بێهنا جغارێ ژێ دهات ژ خەو رابووم. ب سەر ساری دگۆت: «پیرۆز، رابە وەرە هوندر.» لاشێ من تەڤ دە قەرمیبوو، دەنگێ من کەتبوو. ئەز ب رۆژا مام ل هێڤیێ، من ب ساعەتا ب هێت رە خەبەر ددا. من ل بەردلکا وی یا سپی نهێرت و ئەز سەکنیم، ئەز ب هەستییێ کو هەر شەڤ ژ بوفایێ دەردخست و ل سەر ڤان کار دکر شا بووم. ئێشا د میعدا من دە هەر دچە زێدە دبە؛ ڤێ داویێ من دکر کو ئەز عەمەلیات ببم... مێرکێ بێخەم بلا ئیسال بێن شەب بکە. دڤێ ئەز خوە بەردمە ژێر. شەڤەکە دن حنا قیزا منا ناڤینە... رۆژ کەتە پشت چیان دە. خوەزی کو ئەز بگهیشتما وان چیایان؛ ڤێگا چڤیک ب هەڤ رە دلەیزن. ئاخ کورێ من، من چقاسی بێریا رووێ تە کریە! حەزکرنا من، خەما من، ئیشا من کەچکا دژلە دزانە، ئەم کول و دەردێ خوە ژ هەڤ رە دبێژن، دوعا دکم، جارنا سلاڤ دشینیم؛ نزانم دەنگ تێ تە گەلۆ؟..

**تێبینی:**

ئەڤ کورتە چیرۆکە، من ژ پەرتووکا «بازارێ مرنێ» وەرگرتیە کو کۆمەلە چیرۆکەکا «سوزان سامانجی»یە، ژ رووپەلێن (٦٩-٧٢)، و ژ تیپێن لاتینی ئانییە سەر رێنڤیسا نها ل هەرێمێ بکار دهێت، هەژییە بێژین کو ناڤێ پەرتووکێ یێ ئۆرژینال (رەچنە کۆکویۆردو هەلن)ە کو ب زمانی تورکیە و ژ ئالیێ «سۆنگول کەسکن» ڤە هاتیە وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی، و ل دەزگەها ئاڤەستا-ئیستانبول ل سالا (١٩٩٦)ێ هاتیە چاپکرن. دمینیت بزانین کو سوزان سامانجی ئافرەتەکا کوردە و ژ دایکبوویا (١٩٦٢)یە ل شارێ دیاربەکرێ وخوەندنا خوەیا دواناوەندی ژی هەر ل وێرێ بدوماهیک ئینایە ونوکە ژی هەر ل وێرێ دژیت، و چەندین کتێبێن خوە ب تورکی بەلاڤکرینە و دبەریکانیێن چیرۆکنڤیساندنێدا ژی دا خەلات وەرگرتینە.

**«ئەحمەد قەرەنی»**

# به دزییەوە «سڵاو»

چنوور سەعیدی
(سنە)

سڵاو ناریێ گیان، سڵاو هەناریێ، سڵاو باوانیێ، سڵاوێک بۆ هەمووتان تەنانەت ئەوانەش وا مردوون.

دەرفەتێکی زۆرم نییە، تاکو دایم نەهاتووەتەوە ئەبێ ئەم نامەم خێرا تەواو کردبێ، لە جێگایەکدا ئێستا نازانم کوێ دایئەنێم. ناریێ کچێکی باشە ئەو کاتە وا ئێمە دەخەوین بڵێن بیخوێنێتەوە بۆتان. با خەم نەخوات هەناریش کچێکی باشە.

ئێوە لە کوێن؟ نەوا شەوانەش سەرماتان بێت، دەربایس ئەوە نایەم گەرماتان بێ، من تاسەی هەمووتانم کردووە تەنانەت عەبەڕەشیش وا ڕۆژێ حەوت جار شووشەی دراوسێکانی دەشکاند و بەسۆز دوعام دەکرد! س س... بێدەنگ بن هەست دەکەم دایکم بانگم لێدەکا...

من لە کاوەلی ڕقم هەیە. کۆڵانەکان حەوتەیەک جاریێ دەنگی دووری پیاوێک دووپات ئەکەنەوە:

– پیاڵە، دەوری، قاولەمە...

دایکم خێرا کراسەکەی لەنێو شواڵەکەیا دەرئەهێنێ، دەست دەخاتە نێو مەمکەکانی و مستێ پارەی گلۆڵە بوو دەرئەخات، ئنجا ئەڕواتە بەر دەرگاو وەکو ئێستا تا ماوەیەک نایەتە ماڵەوە:

– توغەوس، باوا شێخ ئەحمەو، لە جنسە باشەکەی بۆ کچی عازەو... من هەمیشە وا ئەزانم گیرفانی پانتۆڵی کاوەلی پڕە لە بۆنی لەشی ژنەکانی گەڕەکی ئێمەو ئەو گیرفانەکەشی بۆنی لەشی دایکم!

ڕاستی باوانیێ چی کرد لەگەڵ عەبەڕەشا؟ دەزانن چییە؟ عەبەڕەش کوڕێکی خراپ نییە. تۆزێ هارە. تۆزێکیش بێ گوێ و تۆزێکی دیکەش قسەزان! لە وەڵامی نامەکەمدا هیچ شتێک لە چاو ناخەن.


من لە کاوەلی ڕقم هەیە، دایکم ئەڵێت بریا باوکیشم وەکو ئەو غیرەتی ببوایە و لەبیر ژن و منداڵیدا.

کاوەلی هەر کات دێت دایکم دەستەکانی سارد ئەبێتەوە جا ئەڕواتە بەر دەرگاو دەنگی قاقایان دەئاڵێتە نێو کۆڵانەکاندا.

باوکم وەکو کاوەلی حەوتەیەک جاریێ سەرمان لێ ئەدات. جاری واش هەیە هەر نایەت.

کاوەلی جلوبەرگیش ئەهێنێ. ڕاوەستێ ژێری ئەو چێشتە خامۆش کەم نەکا بڕوا... جلوبەرگی ژنانە دێنێ دایکم بانگی کردم:

– وەرە کچێ کاوەلیش وەکو باوکی خۆتە! وەرە بزانە ئەم– ئێوەش وەکو



خوشکم– به بەرت دەکا؟

تا ئەو کاتە نەمدەزانی کاوەلی ئەوەندە کورتە! کورت و سوور و قەڵەو وەکو دایکم، ئیتر دایکم هەر کات لەگەڵیا ئەدوێ ڕوو بە ئاسمان نارِوانێ! من لەچکم دا بە سەرماو ڕۆیشتم. ئیتر ئەو کاتە چاوەکانی وەکو جاران نەمابوون. من... نازانم چاوان چلۆن بوون، بەڵام ئەو کاتە جۆرێکی دیکە بوون. من تا بەیانی لە ترسی ئەو چاوە گریام.

– تۆزێ ڕاوەستن... نا نایەتە ماڵەوە، هێشتا دەنگی پێکەنینیان دێت.

ڕاستی، شەوانە ئەو کاتە وا دەڕۆنە نێو پێخەفەکانتان بە جێگای من تیکەیەک نان و ماس، یان نان هەر شتێک بگرن بۆ خنجیلێ برای باوانێ تاکو نەیتەوە بیری دایکی نیە!

دایکم ئەڵێت:

شوورەییە کچێ! بووکەڵە بۆ کچی عازەو؟ وەڵڵا عەیبە! ڕۆژێکا هەموو پێخەف و سەرینەکانی دا بە منداڵە دراوسێکان، بەڵام ئەڵێت ئێوەی داشاردووە بۆ منداڵەکانم.

من گوتم تا ئەو کاتە هەمووتان پیر ئەبن، تەنانەت خنجیلێش.

عەبەڕەش و باوانێ بەقەد ئەم شارە منداڵیان دەبێت!

دایکم پێکەنی و گوتی:

ئەو کاتە ئەوەندەش دوور نییە.

من لەم ماڵانە خەریکم دەخنکێم، هەموو شەوێ خەوی ئێوە دەبینم و بەیانی تێر تێر دەگریم.

هەموو جێگایەک بە شوێنتانا گەڕاوم، تەنانەت ئەو ژێرزەوینە تاریکە وا پڕە لە پشیلەو جنۆکە. ئیتر مەدرەسەش نارِۆمەوە. مانتۆیەکی شۆڕ و درێژم هەیە. دایکم ئەڵێ بەم جۆرە باڵابەرز ئەنوێنم. وا ئەزانم هەموو شەقامی ئەم شارە بە مانتۆکەی من گسک ئەدرێ.

ئێوە لە کوێن؟ من لە کاوەلی و مانتۆی ڕەش و دەوری و کەوچک ڕقم هەیە. لەو چێتانە وا زوو زوو دەڕۆن. ئەو پیاوانە وا گیرفانی پانتۆڵەکانیان قووڵەو پڕن لە پارەی گلۆڵە بوو و بۆنی...

ماتڵی چارەسەری ئێوە...

# ماڵی بەر با

سولەیمان دڵسۆز
(پیرانشار)

- هێشتا نەخەوتووی؟

دەنگی خەواڵووی ژنەکەم بوو:

لێفەکەی بە گەرمای لەشی کچە بچکۆڵەکەماندا دایەوە و ئەمجارە دەنگی لەسەر جێگا دانیشتبوو:

- نەوتی سۆبەکە کەمێک زیاد کە شێرزاد، دیسان بای دێ!

بای دێ.. بای سێسەد و شەست و پێنج حەسرەت، بای سێسەد و شەست و پێنج فەرامۆشی، بای سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژە...

بێ ئەوەی بیرم لە گەڵاڵەیەک کردبێتەوە ئەوانەم نووسین. دیسان با قەڵەمەکەی وەپێش خۆی دابووم. دەنگی ژنەکەم لەژێر لێفەکەوە وە بڵغە بڵغ کەوت. لەوانەیە گوتبێتی: کە نوستی باڵنجێک بە دەرگەوە بنێ یا بۆڵاندبێتی: بەزەیی بە چاوی خۆیدا نایە شێرزاد. ئاخیری چاوەکانی لە سەر ئەو کاغەزۆکانە دادەنێ. لە کنەخۆ دوکتۆر لێی مەنع کردووە بەبێ چرای موتاڵا شت بنووسێ، کەچی ئەو، گڵۆپەکە دکوژێنێتەوە و لەبەر ئەو بڕە شۆقەی مۆم دەنووسێ. دەڵێ نووسینی بەر شۆقی مۆمم پێخۆشترە. دەڵێ کاتێ لەو تاریکییەدا چاو لە گڕی مۆمەکە دەبڕم، خەیاڵم دەورووژێ.

دەڵێ دیوتە گوانی مەڕێک دوای لەوەڕ لە گیای شلکی کوێستانان چۆن پڕ دەبێ لەشیر، زەینی منیش ئاوا پڕ دەبێ لە وشە، بەڵام دەزانم تەفرەمان دەدا. دەزانم بۆ ئەوەی من و منداڵەکان خەومان لێبکەوێ گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە. جا کە سەری بەسەر کاغەزان ڕۆگرت ئیدی هۆشی لەو دنیایە.. ئەرێ هێندە چی دەنووسێ؟

نووسیم:

دەڵێن ئەم شارە با هێناویەتی. لە سەردەمانێکی کۆنی مێژووییدا، لە زنجیرە چیاکانی قەوقازەوە هەڵیکەندووە و بێ ئەوەی بهێڵێ دیوار و شووشەیەکی درز بەرێ بە خڕی هێناویە و لێرە دایناوە...

کێ دەڵێ مێژوو ڕاستگۆیە؟ من کە باوەڕ ناکەم با، شارێک هەڵگرێ و تەفرو توونای نەکا..

بۆنی کووژانەوەی مۆمەکە تێکەڵی تاریکی بوو. لە دەرەوەش با بە سیمی دارتەلان فیتووی لێدەدا.

بەنێو بایەکی ساردا کە لە کەلێنی دەرگای ئاسنی دیوەکەمانەوە دەهاتە ژوور، دەستم لەو شەمچەیە گیرا کە نیوەی دەنکە سووتاوەکانم وێدابوونەوە. بێدەنگی ژوورەکە ولۆمی دەنگی شەمچەکەی ئەوەندە زیاد کردبوو، بە خشەی هەڵبوونی، خەو یان بێداریی کوڕەکەمان لەناو جێگادا سووڕا. خێرا



ئاوڕێکم.. خێرا ئاوڕێکی دایەوەو من بە پەلە چاوەکانم قووچاندن. لە دڵی خۆمدا گوتم نەکا بزانێ بەخەبەرم؟ شەوێک، نیوەشەو بوو، هات لە پەنام دانیشت و گوتی بۆ نانووی کوڕم؟ گوتم نوستووم.

گوتی بە لەرزینی مژۆڵەکانترا دیارە! بەڵام ئێستا ژوورەکە ئەوەندە ڕووناک نەبوو تا لەرزینی مژۆڵەکانم ببینێ و من توند چاوەکانم ڕێک دەگوشین. ئەگەر زانیبای نەنووستووم قەڵەمەکەی دادەنا، دەهاتە بن سەرم، حیکایەتی با هارەکەی بۆ دەگێڕامەوە و من هەموو گیانم دەلەرزی. وەک ئەو وەختانەی دایکم لە سەرشۆرکە دە تەشتێک ئاوی شیلەو گەرمی دەنام و بایەکی سارد لە کەلێنی بەردەکانی دیوارەکەوە لە کەلەکەی دەدام و هەموو لەشم دەبوو بە زیپکەی ورد، چەقوچۆیەکم هاتێ و لێفەکەم توند لەخۆم وەرپێچا. باوکە بە ترسەوە ئاوڕێکی دایەوە سەر من. ئینجا بەسەر خەوی منداڵەکاندا نیگای ئاسوودەم گێڕایەوە سەر گڕی زەردباوی مۆمەکە و قوونی قەڵەمەکەم لەقاند:

با لەو دەمەوە بەردەوام بە نێو کووچە و گەڕەکەکانی شاردا دەخولێتەوە. وەخت و ناوەخت خۆی بە ماڵاندا دەکا، لەژێر ساپیتەو کەلێنی دەرگا و لوولە سۆبانەوە دزە دەکاتە ژوورەکانەوە و قورم بەسەر نێو ماڵی خەڵک وردەکا.. شەوانی پایز بە بەر چاوی کوێری خانووەکانەوە درەختەکان ڕووت دەکاتەوە، ئاوێزانیان دەبێ و ئاوسیان دەکا.

سەری پەنجەکانم پڕ ببوون لە سەرما، هەستام، شێرەی سۆبەکەم کەمێک بەلای چەپدا بادا. گەرما هەر زوو لە پێستی تەنکی سۆبەکە تێپەڕی و ماڵی ئێمە گەرم بۆوە. ماڵی ئێمە چەند زوو سەرمای دەبێ و چەند زووش گەرم دەبێتەوە. پەیامنێرە دەمهەراشەکە نووسیبووی: ژووری نشیمەن و نان خواردن و خەوتنیان و ژووری نووسینی شێرزادیش هەر ئەو هۆدەیە بوو کە ژووری میوانیش بوو. نووسیبووشی: ماڵی مامۆستا بە مۆمێک ڕووناک دەبێ.. پڵێتەی کورتی مۆمەکە هێشتا خۆی بە سەر پێوە ڕاگرتبوو، ئەو تینە کەمەشی ئارەقەی بە لاسکی چاویلکەکانم کردبوو و لە پەستا لە لووتمەوە دادەخزین.

– بەسەر چاو دکتۆر، لەوە بەدوا بەبێ چاویلکە نانووسم.

– لەبیرت نەچێ چرای موتالاش حەتمەن بۆ مێزی نووسینت پەیدا بکەی.

شووشەی چاویلکەم بە نەرمیی لێچکەی ژنەکەم خاوێن کردبوونەوە، لاسکەکانم هاویشتبوونە پاش گوێیان و لەسەر زگ ڕاکشابووم. چەند وشە لەبەر دەستم سپی دەرچوون و گەڕامەوە سەریان.

قەڵەمەکەم نەیدەنووسی... بە خشە خشی کاغەزەکە کە قەڵەمەکەی لێدەخشاند خەبەرم بۆوە. لە کەلێنی لێفەکەوە شێرزادم دی بە هەڵمی زاری هووی لە نووکی قەڵەمەکەی دەکرد و بە دەستەپاچەیی بە کاغەزەکەیدا دێنا. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتبووی: «سامانی من تەنیا قەڵەمێکە و زمانێک و کۆڵێک کاغەزی نەنووسراو» ئەمن نووسەر بام لە باتی قەڵەمێک هەمیشە چەند قەڵەمجاف و خودنووسی ڕەنگاوڕەنگم دەبوون. جارێکیان کە ئەو باسەم دەگەڵ هێنایە گۆڕ پێکەنی و گوتی: «حەتمەن وەک سرویسی قابلەمە لەسەر یەکت هەڵدەچنین.» کوا سرویسی قابلەمە بە ناشکوری وەناڵێم. چما وەک خەڵکی دیکۆر و بەرومالم ڕازاندۆتەوە؟ ئەوە چی دەکرد شێرزاد؟ بە زەبری قەڵەمەکەی خەریک بوو کاغەزەکانی دەدڕاندن. چەند کەترەخەمە ئەو پیاوەی من! ئەوجار وردەواڵە بە کووچەیدا بێ خودکارێکی جوانی بۆ دەکڕم. وردکە نانیش تەواوێک خڕ بۆتەوە. دە لێی گەڕێ، ئەهە، بڵێ بۆ کێ خۆت هێندە ئازار دەدەی؟ بڵێ قەڵەمێکی مل باریک چی پێدەکرێ؟ ڕەقیش بوو ڕەق لەو پەنا دەرکەیە! بڵێ بۆ نایەی بنووی؟ هیچ نەبێ بن لێفەکە گەرمە. چاو چاو چۆنی بزە پێهەڵا دێ! حەتمەن قەڵەمەکەی.. قەڵەمەکەم وەکار کەوتەوە. هێڵێکی ڕاست و چەپم بەسەر ئەو ڕستەیەدا کێشا کە هێشتا نەمنووسیبوو:

با زۆربەی کات توورەیە و لە پڕێکا پەلەسوانەیەک، هەیوانێک هەڵدەگرێ، قۆرییەک، خەرمانێک دەڕفێنێ. یان لە چاوترووکانێکدا خۆڵەکەوەیەکی سوور بە هەوای شار وەردەکا. ئەوسا لەباتی باران قوڕ دەبارێ و خۆر لە قوڕ و چڵپاودا نوقم دەبێ. ئەو ساتە دەگمەنانەش کە توورە نییە سەرەتاتکێ دەکاتە سەر کاروباری هەموو کەس و تەنانەت بەنێو هەناسەدا دەچێتە ناو سیی خەڵکەوە، دیسان هەڵدەکا و لەبەر گڤەی ئەو دەنگی هیچ شتی تر نابیسترێ. لەسەر بەکاربردنی تابۆی «ڕەشەبا» گەلێ لاو و خاوی لە بەرزاییانڕا هەڵداشتوون و ئەستۆ و گردەڕانی ورد و خاش کردوون. کەچی خۆی دەڵێ ئاشی ئەم شارە با دەیگێڕێ و حەز دەکا هەمووان ئەوە بڵێنەوە.

گرم م م!!

هەموویان لە خەودا داچڵەکین و من قەڵەمەکەم لە

دەستی پەڕی. گرموهۆڕی ئەو دەرگە ئاسنە هەموو شەوێ لە خەودا دایدەچڵەکاندین و هەموو شەوێ دەمگوت سبەی دەبێ چاکی بکەم و سبەی نەمدەزانی چی لێبکەم. چ کەترەخەمە ئەو ژنەی من! هەموو ئێوارەیەک لەبیری دەکرد شیشە ئاسنێک، شتێکی وا دە بەر قڵفە جۆشکراوەکانی سەر دەرگاکە بنێ. چاوم لەو قڵفانە نەدەترازاند و بیرم لەوە دەکردەوە بەو نیوەشەوە بەچی لێکیان قایم بکەم؟

بالنجێکم بە دەرگاکەوە نا و ئاورێکم دایەوە سەر خەوی ناسکی منداڵەکان کە دوای دەمێکی تر بە پێکدادرانی ئەو دەرگا نەفرەتییە خەویان لێ دەشەمزا و وشەکان لە زەینی من غەیب دەبوون. مۆمێکی ترم لە قاڵ بۆوەی مۆمی پێشوو چەقاند و خوایە گیان نووسینەکەم! نووسینەکەم، لەچەند جێگاوە پەڵەی سپی تێکەوتبوو. هەندێ ڕستە نیوەچڵ و جێی چەندین وشان بەتاڵ! با دەرگای پێکدادابوو، منداڵەکان لەخەودا ڕاچەنیبوون و من قەڵەمەکەم لە دەستی پەڕیبوو و با وشەکانی سانسۆر کردبووم. با وشەکانی سانسۆر دەکردم و پاڵی بە دەرگاکەوە دەنا و لە بیچمی پیاوێکی قولەڕەشدا هەتا ناو قەد لە گەرمای ماڵەوەمان دەهاتە ژوور.

بۆ جارێکی تر قڵفە ئاسنەکان لەیەک دوور کەوتبوونەوەو پێش ئەوەی من فریا بکەوم چاو بترووکێنم:

گرم م م!!

ژنەکەم و کوڕە مێرمنداڵەکەم و کچە زمان نەپشکووتووەکەم وەک ئەوەی سەدان جار پرۆڤەی شانۆیەکی سامناکیان کردبێ، پێکەوە تێکڕابوون.

سەری وێرانم بەنێو ژوورەکەدا گێڕا، خوایە! هیچی وای لێنەبوو تا بەنێو جووتبوونی قڵفەکانیدا بکەم. وەک جەنگاوەرێکی تێشکاو سەرم بەسەر ئەژنۆمدا شۆڕ کردەوە و وەک جەنگاوەرێکی وەغیرەت کەوتوو غارم دا تەقەی دەرگاکە و چۆکم توند لەسەر سینگی دادا.

با ئیتر لە پشت دەرگە پەلەقاژەی بوو.

بۆ بەیانی دەنگی ژنەکەم تێکەڵی تامی نان و پەنیر و چای شیرین ببوو:

– ئەو قەڵەمەی تۆ دەبەر قڵفەی دەرگاکەدا چی دەکرد شێرزاد؟

بە جەفەنگێکەوە گوتم:

– ڕەنگە ویستبێتی چیرۆکی ژیانی ئێمە بنووسێ.

**خەزەڵوەری ١٣٨٢**

# سەعاتێک لە ژیان

**کیت چاپێن**
**لە فارسییەوە: عوسمان ئەحمەدی (مەهاباد)**

هەمـوو دەیانزانی خانمی مـەلارد نەخۆشی دڵی هەیە. دەیانەویست خـەبەری مەرگی مێردەکەی بەجۆرێک پێ بڵێن، مەبادا ڕانیشێ و سەکتە لێی بدا.

خوشکەکـەی ژۆزفین هەواڵەکەی بۆ هێنا؛ بە ئێماو ئیشـارەو ڕسـتـەی پچڕ پچڕ تێی گەیاند. ڕیچاردز ڕەفیـقی مـێردەکەشی لە تەنیشـتی ڕاوەستابوو. ڕیچـاردز لە چاپخـانەی یەکـێک لە ڕۆژنامـەکـان کـاری دەکـرد و هەواڵی کـارەسـاتی وەرگـەڕانی شـەمـەنەفـەرو کـوژراوانی، هەروەها نـاوی برێنتی مـەلاردی لە ڕیزی یەکـەمی کـوژراوەکـان دیتـبـوو، بەڵام ڕاوەسـتـابوو تا درۆ و ڕاسـتی ئەم هەواڵەی بۆ ڕوون ببێـتـەوە. بۆ گـەیاندنی هەواڵ زۆر بەپەلە بوو، نەکـا دۆسـتـێکی عـەجـوول و بێ ئەزمـوون بە ڕاشکاوی ئەم هەواڵە بە گـوێی خانمی مەلارد بگەیەنێ.

لەسـەرەتـادا خـانمی مـەلارد بە پێـچـەوانەی زۆربەی ئافـرەتان، بە بیـسـتنی خەبەری مەرگی مێردەکەی زۆر تێک نـەچوو و شلوێ نەبوو. خۆی لە باوەشی خوشکەکەی هاویشت و دەستی بەگریان کرد. کاتێک تۆفانی خەم نیشـتەوە، خۆی دەهۆدەکەی خۆی خزاند و کەسیش بە دوایدا نەچووە ژوورێ.

لە پێش پەنجەرەی ئاوەڵای ژوورەکەی، لەسەر قەنەفەیەکی گەورە دانیشت و ئەو تەمبەڵی و ماندوویەتییەی کە لە ئەندامی دابوو، رووحیشی ئەسیر کرد. لە چوارچێـوەی پەنجەرەکەی ڕا گڵۆفکی درەخـتـەکـانی کە بەشنەبای بەهاری هاتبوونە سەما، تەماشا دەکرد. هەوا ئێستاش بۆنی خۆشی عەتری بارانی لێ دەهات. دەستفرۆشێک عارەبانەی لە ناو کۆڵاندا لێ دەخوڕی. دەنگی ئاوازی دڵگیـر لە دوورەوە لەنـاو بادا ون دەبوو. هەزاران چۆلەکە لە گـوێ سـوانەکـان جیکە جیکیـان بوو. جار ناجارێک گەواڵە هەورەکان بەسەریەکدا دەخزین و سووچێکی ئاسمانی شین لە ئاسۆدا دەبیندرا.

سـەری بەپشـتی قەنەفـەکەدا لار کردەوە، کڕو کپ و مـات بوو. دەنگی لێوە نەدەهات. گـریـان و هەنسکی دە گـەروویدا قـەتیس دەمـا، جـار جـار هەڵدەبەزیەوە، وەکـو منداڵێک کـە ئەوەندە گـریابێ و خـەوی لێکەوتبێ، لە خەودا دەنگی گریانی دەهاتە گوێ.

ئافرەتێکی جوان بوو. ڕوخسـارێکی دڵگیـرو ئارامی هەبوو، سـەنگینی و خـۆڕاگـرییـەکی تایبـەت لە ڕوخسـاری جوانیـدا دەبیندرا. نیگـای قـووڵی لە سووچێکی ئاسمانی شین بڕیبوو کە لە نێوان هەورەکانڕا دیار بوو، بەڵام ئەو نیگایە، درۆ و ترسی لێ دەباری.

وەک ئەوەی کـە شـتـێکی بۆ لای بێ، بەترس و خـەیاڵەوە چاوەڕوانی بوو. چی بوو؟ نەیدەزانی، ئەوەنده هێـور و بەبێ دەنگی بۆ لای دەخـوشـا وەک خەیاڵێک بوو، نەیدەزانی ناوی چی لێ بنێ، بەڵام هەستی بە بوونی دەکرد.

هەناسەبڕکێی بوو. هەستی دەکرد کەلێی نزیکتر دەبێتەوە. تا ئاوێتەی هەستی بێ. بەو هەموو هێزەی کە لە دەستە نەرمو نۆڵەکانیدا بوو، بۆ پشتەوەی دەکشاندەوە.

کاتێک ئەهوەن بۆوە. دەنگێکی ئارامی لەدەم هاتە دەر: «گیانم ئازاد بوو، ئاسوودەبووم» ئەو نیگا بەتاڵەی چاوەکانی داگیر کردبوو، نەما. چاوەکانی لە خۆشیان دەدرەوشانەوە. تەپەتەپی دڵی هەر دەهات و توندتر دەبوو. خوێنێکی گەرم و ڕەوان و ئیحساسی بەنەرمی دەمارەکانی داگرت. سوورهەڵگەڕا گومانی لەوەدا نەبوو کە لە خۆی بپرسێ کە ئایا ئەوە ئەو ئیحساسە شەیتانییەیە کە تەواوی هەستی داگرتووە؟

ئیحساسێک بەکەیفی خۆی ئەوەندە بە توانا هەستی وی داگیر کردبوو کە ئیزنی بەخۆی نەدەدا ناوی خەیانەتی لێ بنێ و بەمجۆرە هەڵی سەنگێنێ.

دەیزانی ئەگەر دەستە نەرمو میهرەبانەکانی مێردەکەی ببینێ کە ئەجەل دوولای کردوونەوەو لەسەر سینگی دانابوون دەست دەکا بە گریان، ڕوخسارێک کە قەت بە ئەوینەوە چاوی لێ نەکردبوو، کە ئێستا ساردو سڕو بێ گیان مردبوو، بەڵام لە پشتەوەی ئەوکاتە تاڵەساڵیانێکی دەدیت کە لە داهاتوودا بۆ وی خۆش دەبێ. دەستەکانی لێک کردەوە تا خەیاڵی ئەو ساڵانە لە باوەش بگرێ. ئەوساڵانەی لەپێشی دان ئەو ساڵانەی کە بەدڵی خۆی دەتوانێ بێ ئەوەی کەسێک پێشی بگرێ یا لە کەسێک بترسێ بگەڕێ و بخولێتەوە. هیچ قودرەتێک هەرچەند بەهێزیش نەیدەتوانی بۆلای تێکوشانێکی بێ فایدەی ڕابکێشی کە پیاوان و ئافرەتان بۆ سەلماندنی ویست و داخوازییەکانی خۆیان بەسەر هاوتایانی خۆیاندا دەسەپاند.

سەرەڕای ئەوەی کە هەستی دەکرد هێندێک جار مێردەکەی خۆش ویستووە، بەڵام دەیزانی لە ڕاستیدا بێزاری بەسەر ژیانیاندا زاڵ بوو. ئەوین، ئەو نهێنییە بەسۆزە لە بەرامبەر خۆ بەزل زانیندا، کە هەمیشە ئەوی دە چەنگاڵی خۆیدا دەگوشی و زەختێکی زۆری دەخستە سەر، چ جیاوازی و چ بایەخێکی بۆ وی هەبوو؟ ئارام ئارام ئەم ڕستانەی لەدەم دەهاتە دەر:

«ئۆخەی ئاسوودە بووم، گیان و لەشم ئازاد بوو.»

ژۆزفین لەپشت دەرگای داخراو هەڵتروشکابوو. دەمی بەکەلێنی دەرگاکە وەنابوو، دەپاڕایەوەو دەیوت: «لۆئیز دەرگاکە بکەرەوە.»

- لێم گەڕێ خۆ هیچ بەڵایەکی بەسەرخۆم ناهێنم.

ئێستا کە بۆنی گیانبەخشی ژیانی لە ڕوانگەی جوان و ئاوەڵای هۆدەکەی خۆی هەڵدەمشت، بۆچی دەبوو بەڵایەکی بەسەر خۆی بێنێ؟ مەلی خەیاڵی لە ئاسمانی داهاتوویدا باڵی گرتبوو. ڕۆژانی بەهارو هاوین، ئەو ڕۆژانەی کە بڕیار بوو تێیاندا ئازادو دڵخۆش ڕابوێرێ، لەپێش چاوی کەوتبوونە سەما. بەحەپەساوی دەستی کرد بە پاڕانەوە لە دەرگای خوا بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژی بداتێ. هەردوێنێ بوو لە ژیان بێزار و تێر ببوو لە ترسی ئەو ژیانە دوور و درێژە دەلەرزی.

خوشکی لە پشت دەرگا ئارامی لێ هەڵگیرابوو. هەستاو دەرگای کردەوە. چاوەکانی لەشەوقی سەرکەوتن دەدرەوشانەوە و شەپۆلیان دەدا. وەک فریشتەی سەرکەوتن بەسەرمەستی هەنگاوی دەنا. لەگەڵ خوشکی دووبەدوو بە پێپلیکەدا هاتنە خوارێ. ڕیچاردز لە خوارەوەی پێپلیکەکان چاوەڕێیان بوو.

کەسێک بەکلیل دەرگای کردەوە. ئاغای برێنتی مەلارد بوو هاتە ژوورەوەو ماندوو و مردووی ڕێگای سەفەر جانتاو چەتر بە دەست، دەرگای لەپشت سەری خۆی داخست. برێنتی لەکاتی کارەساتی شەمەنەفەرەکەی لەوێ نەبووەو هەر لەو ڕووداوەش ئاگادار نەبوو. ژۆزفین پڕ بەگەرووی قیژاندی. برێنتی مەلارد سەری سوڕما.

ڕیچاردز بە پڕتاو لەپێش برێنتی ڕاوەستا تا ژنەکەی نەیبینێ، بەڵام زۆر درەنگ ببوو.

کاتێک دکتۆرەکان گەیشتنە سەر جەستەی خانمی مەلارد، وتیان: لە خۆشیان سەکتە لێی داوەو مردووە.

**سەرچاوە:**

**تلخ عین عسل- داستانهای کوتاه طنزجهان**

**ترجمه‌ء أسدالله امرایی.**

# تیۆرەکانی پەیدابوونی مۆسیقا

زەیتۆ شێخانی

لەنێو ئەم پێشکەوتنە گەورەی تەکنۆلۆژیا و تەقە و زرینگەی ئامێری کارگەکان، مۆسیقا وەک هۆکارێکی هێورکەرەوە خۆی دەنوێنێت. بۆیە کە لە ئارەزووەکانی خەڵکی ئەم سەردەمە دەکۆڵینەوە، مۆسیقا لە پێشەوەیان دێت، هەر لەبەر ئەوەشە هەندێک لە زانایانی دەروونزانی مۆسیقا دوای ئایین و وەرزش و گەشت و گوزار دادەنێن. لەبەر ئەم گرنگییە لەوانەیە چەندین جار بەبیرماندا هاتبێت ئایا مۆسیقا چۆن پەیدابووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەوڵ دەدەین گرنگترین تیۆرەکانی پەیدابوونی مۆسیقا ڕوون بکەینەوە لەگەڵ ئەو ڕەخنە و تێبینیانەی دەربارەیان هاتووە.

**بژاردنی سێکسی**

داروین خاوەنی ئەم تیۆرەیە، بەپێی بۆچوونی ئەو، ژمارەیەکی زۆر لە باڵندەکان هەر بە تەنیا نێرەکانیان لە ڕەنگ و پەڕەکانیان لە مێیەکان جوانتر نییە، بەڵکو لە ڕووی دەنگ و گۆرانیشەوە لە مێیەکان بەهرەدارتر و دەنگخۆشترن. ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر ڕوون لە وەرزی زاوزێ دەردەکەوێت، بۆیە (داروین) دەڵێت مۆسیقا و گۆرانی وەک شێوەیەک لە شێوەکانی غەزەل دەرکەوت. ئەگەر سەیری ئەم بۆچوونە بکەین لەنێو ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی، بۆمان دەردەکەوێت کە دروستکردنی ئامێرە مۆسیقییەکان وەکو چەک و تەقەمەنی بەزۆری لە لایەن نێر دروست دەکرێت. زۆربەی گۆرانیەکانی خۆشەویستی، ئافرەت بابەتەکەیەتی، ئەگەرچی ڕاستی ئەم بۆچوونە لە هەندێک باڵندە دەبینین کە نێر گۆرانی دەڵێت، بەڵام هەندێک جۆرە باڵندەی تر هەن وەک باڵندەی (Wrens) کە قەبارەیەکی بچووکی هەیە و لە کەناراوەکانی (پەنەما) دەژیت، مێیەکەی نەک تەنیا وەڵامی نێرەکەی دەداتەوە، بەڵکو دەستپێشخەری دەکات لە گۆرانی وتنەوە، بۆ زیاتر سەپاندنی خودی خۆی. بەهەرحاڵ باڵندەکان لە ڕووی پێشکەوتنەوە زۆر لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دوورن، هەروەها تیۆری غەزەل ئەم هۆکارانە شی ناکاتەوە کە وا لە زۆربەی شیردەرەکان دەکات هیچ جۆرە مۆسیقا و گۆرانییەکی وەک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکەش ناکەن.

ئەم تیۆرە گیروگرفتێکی تری هەیە ئەویش ئەوەیە، ئەگەرچی پیاوان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مۆسیقاو گۆرانی زیاتر لە ئافرەتان دادەهێنن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پیشەی مۆسیقاژەنی تەنیا تایبەتە بەپیاوان، بەڵکو ئافرەتانیش مۆسیقا دەژەنن و ئاواز دادەنێن و گۆرانی دەڵێن.

هەروەها لەنێو زۆربەی گەلانی جیهان ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانی و سروودی ئایینی و جەنگی و لای لایەی منداڵان هەیە وەکو گۆرانی خۆشەویستی باون، بەڵام ئەم تیۆرە نەیتوانیوە شییان بکاتەوە. بەهۆی ئەم ڕەخنانە، تیۆرەکەی داروین نەیتوانیوە هەموو لایەنەکانی ڕەفتاری مۆسیقا شی بکاتەوە.

#### وتەی سۆزەکی

زانای کۆمەڵناسی (هربرت سپنسر) دەڵێت ئێمە کە هەست بە وروژاندن دەکەین، دەنگمان بەرز دەبێتەوە و مەودای نێوان وتەکانیشمان دیاری دەکرێت و ڕێکتر دەبێت. (سپنسر) وای بۆ دەچێت ئەو گۆڕانکارییەی کە لە وتەکانمان بەهۆی وروژێنەری هەڵچوونی بەرز ڕوودەدات بناغەی گۆرانی و مۆسیقایە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە دوو هەڵوێستی لە یەکتر جیاواز دەهێننەوە. هەڵوێستی یەکەم: ئەو ئافرەتەی کە هاوسەرەکەی خۆی بۆ یاری تێنس ئامادە دەکات و ئەویش لە هەڵوێستێکی سەرپێی پێی دەڵێت «هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم». هەڵوێستی دووەم، ئەو شاژنەی لە شانۆگەریەکی شکسپیر بەیەکێک لە سەرکردە سەربازیەکانی دەڵێت، کە خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکات «بەسەرکەوتوویی بگەڕێوە».

لە هەڵوێستی دووەم بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانە ڕوودەدات، دەبێت وشەکان بەشێوەیەکی وردو مۆسیقی ڕێک خرابێت و بەدەنگێکی بەرز ئەنجام بدرێت، ئەنجامەکەشی بەم شێوەیە دەبێت، دەربڕینەکە ئیقناعکردن و هێزی هەڵچوونی زیاتر لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت بە بەراورد لەگەڵ دەربڕینی یەکەم. ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرە دەڵێن مەودای ئازادی وتە (free rangre speech) ڕێگا دەدات بەجیاکردنەوەیەکی تایبەت لەنێوان هەڵچوونە جیاوازەکان زیاتر لە ڕێگای پێدانی شتەکانی تر لە کاتی گۆرانی وتن بە ئاوازێکی دیاریکراو. هەروەها ڕەخنەگران بەردەوام دەبن و دەڵێن شتێکی زۆر گرانە ئەو بڕە بەدەست هێندراوە ببینین کە بەهۆی ئەو گریمانەی بە لاسایی مۆسیقایی دیاریکراو بە دەست دێت.

بەڵام لایەنگرانی ئەم تیۆرە وەک (ڤاجنر و ڕۆسۆ) دەڵێن هێزی هەڵچوون لەم کاتانەش بەدەست دێت کە جیاکەرەوە تایبەتیەکانی درێژەپێدانیش ون بێت. بۆیە ئەو دێڕە شیعرەی بەهۆی ئاوازێکی دیاریکراو دەوترێت لەوانەیە بەهێزیش نەبێت، بەڵام لە ڕووی هەڵچوونەوە پڕ مانا دەبێت و لە هەر دێڕە شیعرێکی تر کە بەبێ ئاواز دەوترێت بەهێزتر دەبێت.

#### بانگەوازەکانی کار

زانای ئابووریناس کارل بۆخر لە کتابی (Work and Rhuthm) دەڵێت گۆرانی و مۆسیقا بەهۆی دەرچوونەکانی هەڵچوونی دەنگی مرۆڤ هاتۆتە کایەوە، ئەو ئامێرە مۆسیقیانەی کە مرۆڤی سەرەتایی بەکاری هێناوە بۆ ئاسانکردنی ئەو کارانە بووە کە پێویستی بە وزەیەکی زۆر هەیە. بۆ نموونە گەلانی جیهان چەندین گۆرانی جۆراوجۆریان هەیە لە بارەی کارە گرانەکانەوە، تاکی کوردیش لەم کارە گرانانە بێبەش نەبووە، بۆیە گۆرانی زۆری لە بارەی (ساوار کوتانەوە و درووێنە و سوارسوارانی...تاد) داهێناوە.

یەکێک لەم ڕەخنانەی ئاراستەی ئەم تیۆرە دەکرێت کە تۆژینەوەکانی ئەنثرۆپۆلۆجی دەریانخستووە، ئەوەیە: گۆرانییە سەرەتاییەکان بەوە جیاناکرێتەوە کە سادە و ڕوونن، لەمەش زیاتر گۆرانییە سەرەتاییەکان بەدەگمەن لە خودی کارەکە دەرهێندراون، هەروەها ئەم گۆرانییانە تەنیا بۆ زیادکردنی داهاتی کارەکان بەکارنایەت، بەڵکو بۆ جۆرێک لە کاریگەری سیحری لە بەرهەمی تایبەتی کارەکە بەکاردێت. ئەم تیۆرە لایەنێکی دیاریکراوی مۆسیقا وەسف دەکات، بەڵام شیکردنەوەیەکی گشتگیر بۆ ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا پێشکەش ناکات.

#### گەیاندنەکانی ماوە دوورەکان

بەپێی بۆچوونی (کارل ستامف)، Lang- dis-tance communucation، کە بانگی کەسێکی دوور دەکەین، دەنگمان بە تەنیا لە هێزی زیاد نابێت، بەڵکو بەرزیشی زیاد دەبێت، ئاوازەکەشی زیاتر بەردەوامی و جێگری بەخۆیەوە دەبینێت، بەپێی بۆچوونی (ستامف) بەهۆی ئەم ڕێگایە گۆرانی دروست بووە (ئەم تیۆرە تارادەیەکی زۆر بەتیۆری وتەی هەڵچوون دەچێت). ڕەخنەگران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەڵگەکان لەسەر بەکارهێنانی مۆسیقا لە لایەن گەلە سەرەتاییەکان بۆ ئەم مەبەستە زۆر بێ هێزن. هەروەها ئەو هاوارانەی کە گیانلەبەران بۆ یەکتر دوواندن لە ماوە دوورەکان بەکاری دەهێنن، هیچ ڕوخسارێکی مۆسیقییان تێدا بەدی ناکرێت. ئیشارەتەکانی تەپڵ لێدان، شێوازی ناسراون بۆ دوواندن لە ماوە دوورەکان، بەڵام لەسەر بناغەی لێدان و ژمارەی لێدانەکان دەبێت. فاکتەری تایبەت بە پلەی دەنگ (Pitch) کە فاکتەرێکی سەرەکییە لە بۆچوونی ڕۆژئاوا بۆ مۆسیقا، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە مۆسیقای سەرەتایی.

#### زمانی سەرووی سروشت

(نادل) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو شێوەکانی هونەر وەکو گۆڕینی زانیاری مرۆڤایەتییە بۆ شێوەیەکی نائاسایی. بۆیە دەڵێت مانای جەوهەری مۆسیقا شاراوەیە لە توانای بوونی لەسەر شێوەی خاسیەتی نوێ و نائاسایی سروشت. هەروەها دەڵێت مۆسیقا هیچ پێویستییەک لە پێویستییەکانی ئاسایی ژیان وەرناگرێت، بەڵکو دیاردەیەکی خوداییە و زمانێکی سحری تایبەتە. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەکارهێنانی

فرەوانی مۆسیقا پێوەندی بە نەریت و دروشمەکانەوە هەیە، بۆیە چارەسەرکاران و کاهینەکان جل و بەرگ و دروشمی تایبەت بەکاردەهێنن بۆ بەشداریکردن لە جیهانێکی تر، واتە جیهانی لە سروشت بەدەر و نائاسایی. هەروەها پێویستە دەنگی مرۆڤ ئاوازێکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی بە تەریبی لەگەڵ ئەم دروشمانە بڕوات. ئەم بارە نائاساییەی وتەی تایبەتی مرۆڤ بنەڕەتی گۆرانی و مۆسیقایە.

بیروبۆچوونی (نادل)یش وەکو تیۆرەکانی تر لایەنێکی سەرنج ڕاکێشی تێدایە، بەهۆی توانای تیۆرەکە لە شیکردنەوەی هەندێک لایەنی مۆسیقا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە گواستنەوەی سۆزی نادیار. لەگەڵ ئەوەش ئەم تیۆرە نەیتوانیوە هەندێک لایەنی تری مۆسیقا وەک گۆرانی خۆشەویستی و سەما شی بکاتەوە. هەروەها نەیتوانیوە ئەوەش شی بکاتەوە بۆچی مۆسیقا بۆ ئامانجی خراپ و دژ بە شتە پیرۆزەکان بەکاردێت.

دوای خستنەڕووی هەموو بیروبۆچوونەکان لە بارەی پەیدابوونی مۆسیقا دەتوانین هەندێک خاڵ هەڵبهێنجین کە ئەمانەن:

١- تیۆرەکان هەموویان بەشێک لە ڕاستی دەردەخەن، بەڵام بەتەنیا ناتوانن شیکردنەوەیەکی تەواو و ڕاست و دروستمان بدەنێ.

٢- هەموو تیۆرەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مۆسیقا لە بنەڕەتدا لە گۆرانییە سەرەتاییەکان پەیدابووە.


٣- هەروەها تیۆرەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئامێرە مۆسیقییەکان درێژەپێدانی کۆئەندامی دەنگی مرۆڤە، ئەگەرچی هەندێک لە زانایان دەڵێن ئەم بۆچوونەی تیۆرەکان سادەکردنێکی زۆرە بۆ کێشەکە.

٤- سەرچاوەکانی وەڵامدانەوەمان بۆ مۆسیقا جۆراوجۆرن ئەم سەرچاوانەش بۆ ناخی دەروونمان قووڵ دەبنەوە، بەشێوەیەک لە سەرووی بۆچوونی هەموو تیۆرەکانە.

**سەرچاوەکان:**

١- ویلسون، جلین، ترجمة (د. شاکر عبدالحمید)، سیکولوجیة فنون الاداء، مطابع الوطن، الکویت، ٢٠٠٠.

٢- لندال، دافیدون، ترجمة: (د. سید الطوب، د. محمود عمر واخرون)، مدخل علم النفس، دار ماکجروهیل للنشر، القاهرة، ١٩٨٣.



# سەردار ڕەووف
# نیگایەک بۆ جوانبەخشی

**حەمە هاشم**


هەندێ جار وردبوونەوەو ڕامانەکانی مرۆڤ وا دەکات کە لەبیرکردنەوەدا و لەبینیندا بگەینە ڕەهەندە قووڵەکانی کایەکانی وجوودو هەموو ئەو شتانە ببینین کە لەو فەزا سەرسەختە بەرینەدا دەورەی داوین، ئەم وردبوونەوەیە بۆ کەسێک کە نیگاکانی تیژ بێت و هۆشمەندییەکەی فراوان نەبێت ئەستەمە بگات بەو ڕواڵەتە سەربەخۆیانەی کە ڕێک دیوێکی دیکەیە بۆ بینین.. بینین لە ڕەنگی جیاوازی وجوود و هەموو ئەو بارستە و قەبارەو هێڵانەی کە نیگامان پەرش و بڵاودەکەنەوە لەسەر نەخشەی جەستەکانی خۆیان.

«سەردار ڕەووف» هونەرمەندی سەلیقەدارو جوانبین لەو پەنجەرانەوە دێتەوە بۆ لامان و کۆمەڵێ فۆرممان بۆ دەخولقێنێ کە ڕێک بە دەسەڵاتی سەربەخۆ و پڕ لە لوغز و ڕەسەنێتی بنیات نراوە، هونەرێکمان بۆ نمایش دەکات کە لە قووڵاییەکانی گەڵاو ناواخنە هەستەوەرەکانی شاخ و ئاو، جوانییە لێوانلێوەکانی سروشت دەمانگەیەنێتەوە بەردەمی خۆی. هونەرێک کە ناکرێت لە ئاستیدا بەخامۆشی تێپەڕین و نیگامان نەلەرزێنێت.

ئەم بینینە جوانبەخشانەی «سەردار» لەو (٢٠) تابلۆ قەبارە گەورانەدا ئاشکرا بوون، کە لە ٢٣-٢٩/١١/٢٠٠٤ دا و لە چوارچێوەی پێشانگا تایبەتەکەیدا خستییە ڕوو، کە لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی کردیەوە. سەردار ڕەووف لەو پێشانگایەیدا بەرهەمی زەمەنێکی دیاریکراوی خستە ڕوو، بەرهەمی سێ مانگی تەواو، سێ مانگ کارکردنی بەردەوام لەناو سروشتە سەرسوڕهێنەرەکانی «گوندی بەڵخەی هەورامان» بەبێ وەستان و نەفەس، سێ مانگ عەوداڵ بوون، لەنێو ئاپۆڕەی ڕەنگە شاراوەکانی دەماری گەڵاکانی هەورامان و نەخشەی ڕەنگینی سەر بەردەکانی ئەو ناوچەیە و ڕوانگە بەرفراوانەکانی کوتلە و فیگەرە سەربەخۆکانی دەڤەرەکە. سەردار و (٢٠) تابلۆی قەوارە گەورەی ١٥٠سم×١٥٠سم، کە لە تەکنیکدا هەوڵی داوە ماتریاڵی جۆراوجۆر بەکاربهێنێت و جگە لە ڕەنگی ڕۆنی سوودی لە کەرەستەی سروشتی وەرگرتووە، بۆ کارە هونەرییەکانی سەردار لە ئاقاری هونەری «ئەبستراکت»دا، توانیویەتی تەجاوزێکی گرنگ بکات لە هەموو بینینەکانیدا ڕەنگ بە پانتاییەکی زۆرەوە مەوداکان داگیر دەکات و لە هەر بەرهەمێکیشدا

ڕەنگێک قەوارەکان کۆنترۆڵ دەکات. جگە لەوەی کە هێڵ و بۆشایی بایەخی خۆیان ون نەکردووە و گرنگی ئیستاتیکی زۆریان خستۆتە سەر تایبەتمەندییەکانی هونەری (سەردار). دەرخستنی ئەم جۆرە هونەرەی سەردار بایەخی زۆری هەیە بۆ بینەر، چونکە سەردار لە پێشانگاکەیدا، نمایشێکی دیکۆمێنتی بەرهەمەکانی بەهۆی (فۆتۆگراف بە کۆمپیوتەر) و (ڤیدیۆ بە سینەما ڤیژن) خستە ڕوو، لەکاتی کارکردندا و چۆنیەتی بنیاتنان و دارشتنی کوتلەو فیگەرە سەرەکییەکانی بۆ بینەرەکانی شیتەڵ کردەوە. سەردار لەوێدا دەیەوێت بابەتی ئەو تەفسیرکردنەی بەهۆی نیشاندانی جووڵەی کارکردن و بنیاتنانەوە پیشان بدات، لە پرۆژەکەیدا چونکە ئەو پرۆژەیە و ڕەسم کردنەکانی بەگشتی دەسەڵاتی ئەوە دەدات بەخۆی کە توانای پرسیارکردن و لێوردبوونەوە و تێگەیشتنی هەیە.

هەروەک چۆن هەندێ لە فەیلەسووفان پێیان وایە کە بابەتی تەفسیرکراو، دەشێ سیمبولێک بێت بۆ بوونی ئادەمیزاد خۆیی و مێژووی کات و گۆڕانکارییەکان ئاراستەی دەکەن و بەرەو ڕەهەندی هەمەلایەنەی دەبەن لە ژیاندا، کە هێندێ جار داهێنانی لێدەکەوێتەوە، ئەم جۆرە تەفسیرکردنەش باڵادەستییەکی ئەوتۆشی نییە کە پایەی بەرزو دەرەکی بێت چونکە لەوێدا هەموو ئەو بایەخ و دەرک پێکردنانە دەگەڕێنەوە بۆ مرۆڤی داهێنەر، کە لەوێدا سەردار ئەو ڕۆڵەمان بۆ دەگێڕێ کە لە تەفسیرکردنەکەدا دەسەڵات دەسەپێنێ، واتە لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕایەی کە سەردار دەیەوێت بۆ خۆی مێژوو و بینین و بوونی خۆیمان بۆ بنووسێتەوە و ئەوەمان پێبڵێت کە مرۆڤ هەوڵ دەدات و عەوداڵ دەبێت بەدوای جوانییەکاندا، هەوڵ دەدات و دەیەوێت بارستەو قەبارە دەرەکییەکان داگیر بکات بۆ بەرژەوەندیی پرۆژەکانی داهێنان کە ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ خۆی لە بارە و کارێکی گونجاوە، سەردار دەیەوێت نکوولّی لە بایەخە بەهادارەکانی گەردوون بکات کە ئاساییانە مرۆڤ بەسەریدا تێدەپەڕێت و ئاگادارمان بکاتەوە لەو کایەو ڕواڵەتە گرنگانەی ئەو بوونە کە شاراوەیە و پەی پێبردنی ئاسان نییە و دەیەوێ لێی نزیک ببێتەوە و لە بەرامبەریدا خۆی وەک یەکێک یان پارچەیەک لەو ڕواڵەتانە نیشان بدات کە دەشێ بەیەکەوە فەزایەکی داهێنان گەرانە بنیات بنێن و ئاکامەکەی بگاتە سەر فۆرمی چەند تابلۆیەک، کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە یاخیبوون و گەڕانەوە بۆ ژێر ڕکێفەکانی ئەندێشە و



ڕامان، ڕامان بە ماناو چەمکە هەمە لایەنەکانی وردبوونەوە و سەرنجدان تا گەیشتن بە حەتمییەتی سەرەکی و ڕەسەنی شتە بینراوەکان.

هەر بۆیە سەرەنجام دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە بەبێ ترازان لە سنوورەکان و یاخی بوونی تەواوەتی مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی داهێنان و سەربەستی و ڕەسەنێتی مرۆڤ نەگونجاوە. واتە ئەگەر لە پێشتر هەموو بابەت و جەوهەر و گوزارشتەکان دابڕێژرێت و دواتر فۆرمیان بۆ هەڵکۆڵین، ئەوا هونەر دەبێت بەکایەیەکی نەگۆڕ و ڕەها کە بۆمان نییە تێیدا داهێنان ئەنجام بدەین و دەرفەتی یاخی بوونیش نامێنێ، هەر بۆیە هەمیشە مرۆڤ لەبیری ئەوەدایە کە سەرەتا لە ئاراستەکانی فۆرمەوە، هەنگاو دەنێ و ناوی بۆ دەدۆزێتەوەو دەربڕین و گوزارشتی بەسەردا دەبڕێت.

هەر لێرەشەوەیە (سەردار ڕەووف) لە هەوڵێکی ئەفراندن ئامێزدا، چەند تابلۆیەکمان نیشان دەدات کە ڕووگەکانی دەچنەوە سەر ئەو حاڵەتە و پەنجەرەی نەگۆڕین و ڕەهایی لە هونەردا ناهێڵێ و دەیانخاتە سەر پشت ئەو دەچێتە نێواخنی شتەکانەوە کە تێیدا بتوانێ بەها ئیستێتیکییەکان هەڵێنجێ، چونکە ئەو کەسێکە دەشێ پەی بە هەموو جوانییەکان بەرێ، دەرک بە زۆربەی ڕەنگە گونجاو و نەشیاوەکان بکات و نەخشەیەکمان بۆ دابڕێژێ لە تەبایی و هارمۆنی لە نێوان هێڵ و ڕەنگ و بۆشاییەکاندا کە ئەمەش مەبەستی سەرەکیی سەردارە لە کارکردندا و خواستەکانیەتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی ڕەسەن لە فۆرمە ئەبستراکتەکانیدا.



# سبیلبێرگ و «لیستی شێندلەر»

**جەلال زەنگابادی**
**(کەرکووک)**

سبیلبێرگ بە هونەرمەندێکی ڕۆمانسی و ئایدیالی، بگرە بە یەکێک لە گرنگترین فیلمسازێن مێژووی سینەما لە گێتیدا دەژمێردرێت کە بە شینگێن خوە توانیویەتی چەندان توخمێن دژاودژی سینەمایی ئامێتە بکات، کە گرنگتریان: نیگەرانی و ڕۆحی گەپچاڕی و حەپەساندن و میلۆدرامایە، بە ڕادەیەک جگە لەو کەسێکی تر، لە سەدەیەکی دیرۆکی سینەماسازیدا نەیتوانیبێت میناک وی بنەماییێن سینەمای ئەفسووناوی لەگشت فیلمەکانیدا بقۆزێتەوە، هەروەک لە: «باغچەی ژۆراسی»، «ئیندیانا جۆنز» و «دیددارێن نزیک لە جۆری سێیەم»دا.

سبیلبێرگ پێی وایە کە بالاترین وزەی گەیشتن بە دۆخی ئەفسوون و جوانی و ئەندێشە، بە بێسنووریییەوە هاوبەندە، بۆیەش باشترین فیلم لە ڕوانگەیەوە ئەوەیە کە شتێکی ئەوتۆ بنوێنێ، ڕادەی بینین و هزرین و ئەندێشە بەبەزێنێ، تا بتوانێت بینەران بگەیەنێتە جیهانگەلێکی ئەفسووناوی و تژیی خەونێن جوان.

سبیلبێرگ لە زۆربەی کارەکانیدا، پێکەنین و چریکە و هاوار تێکەڵی یەکدی دەکات، کەچی (تارمایەکان) بە بەرجەستەترین لایەنێن تاریکی تەمەنی خوە دەژمێرێت.. جا بەڕاستی لە ڕۆژێن منداڵێتیدا، ستیفن جار جار برا بچووکەکانی خۆی تا ڕادەی هەترەشچوون دەترساند!

هەروەساش پێی وایە، کە مرۆڤ نەک بەقسە و هەڤپەیڤین و نووسین دەتوانێ هەستونەستی خودی خوە دەرببڕێ، بەڵکو بە گوزارشتی کامیرا کە لە تەنیا چرکەیەکدا دەتوانێ بیست و چوار دۆخی جۆراوجۆری جیاواز بنوێنێ!

ڤێرێش پێویستە ئاوڕێک لە منداڵێتی و تافی هەرزەکاریی ستیفن و باندۆریان لە ئایندەی ئەم کەڵە فیلمسازەدا، بدەینەوە، چونکە بە فیلمی «لیستی شێندلەر»ەوە پێوەندییەکی ئەوتۆی هەس.

ستیفن سبیلبێرگ لە (١٨/١٢/١٩٤٦)دا لە ئەمریکا لە دایک بووە. باوکی ئەندازیاری کۆمپیوتەر بووە و دایکی پیانۆژەن بووە و بە ئەسڵ خەڵکی ئۆکرانیان و لە پۆڵەندا ژیاون و لە جەنگی دووەمی گێتیدا ئازارێکی فرەیان کێشاوە.

ستیفن لە منداڵیدا زۆر هاروهاج بووە، تەنانەت کتێبەکانیش لە بەدکارێتیی ڕزگارنەبوونە! بە گشتی لە



کەشوهەوایەکی نالەباردا ژیاوە، نەمازە لە تەمەنی حەڤدە سالاَندا، باوک و دایکی لە یەکتری جودابوونەوە، بەلاَم لەو ڕەوشە ناهەموارەدا سێ شت ببوونە مایەی دڵنەوایی ستیفن: درەوشانەوەی شاشەی جادووئامێزی تەلەڤیزیۆن، داستانە چکۆلانەکەی خوەو بەرنامەی دەیدەوانی، کە بەخۆی دەربارەی ئێژێ:

– «ئەگەر لە دەیدەوانیدا نەبایام، دەبوومە قەسابێک، یان بکوژێک!»

ستیفن هەرگیز لە منداڵێتی و هەرزەکاریدا، خەونێکی ئەوتۆی نەدیتبوو کە ببێتە دەرهێنەرێکی سینەمایی، گەرچی خەونی بە ڕاپەڕاندنی ڕۆڵێن گشت و قارەمانە بەرجەستەکانی سینەماو تەلەڤیزیۆنەوە دەبینی..

بەلای ڕەخنەگرێن و پسپۆرێن هونەری سینەماوە، بەهرەمەندیی سپیلبێرگ لەوەدایە، کە کارامەیی بەکارهێنانی تەکنیکێن تازەی سینەمایی لەگەڵ چیرۆکێن ئاساییدا ئاوێتە کردووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی سەرکەفتنی، بۆیەش ئێژێ:

– «بەڕاستی سەرکەوتن ڕزگارمی کرد و دەرفەتی ئەوتۆی بۆم ڕەخساند کە بتوانم هەرچییەکم بوێ بیکەم، نەک دەبێ ئەمە و ئەوە بکەم. ئەگەر هەر بۆ سەرکەفتن بگەڕابایام، هەڵبەتە ئەو فیلمانەم دروست دەکرد کە ئارمانجیان لە سەرەتا و بنەتادا هەر ڕابواردنە و بەس، بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە جیهانی دەوروبەرم بدەم، یان بەهۆشی تایبەتی خۆم سەبارەت بەم جیهانە».

کەواتە سپیلبێرگ هونەرمەندێکی دۆزدار و هەڵوەستدارە و چەند فیلمێکی لە خوڵگەی بایەخدان بە بابەتێن چەوساندنەوە و کەمینە چەوساوەکان دەسووڕێنەوە، بگرە فیلمی (ئەمیستاد) بابەتێکی دیرۆکانە دەنوێنێ، کە بەکۆیلایەتی و کۆیلەکانەوە پەیوەستە و بە گفتی خۆی:

– «بابەتی کۆیلایەتی مایەی شوورەیییمانە و ئەو خوێنەیە کە دەستمانی ڕەنگ کردووە و دانپێیانانیشی ئەستەمە!» و هەڵبەتە «ستۆدیۆکانی سینەما پێشوازی لە بابەتێن مێژووییانە ناکەن، کەچی بابەتی ژاوە ژاوئامێز لەکنیان پەسەندترن، واتە بابەتێن پڕ لە بگرەو بەردە و تەقینەوە و جەربەزەیی و ملهوڕی دەخوازن»

پێدەچێ بایەخدان بە توخمی دیرۆکانە لە فیلمێن سپیلبێرگدا، لە نیمەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەسەریەوە زاڵ بووە، بگرە قۆناغێکی نوێی بەرچاوە لە دیدی ئەم فیلمسازەدا و بەخوە ئەم ڕاستییەی دووپات کردۆتەوە کە هەڤبەندی لە دایکبوونی (ماکس)ی یەکەم کوڕیەتی لە (١٣/٦/١٩٨٥)دا:

– «بێ گومان، بوونم بە باوک وای لێکردم کە هۆشی منی فیلمساز لە پێشتر گەورەتر بێ، گەر نەشبمە فیلمسازێکی باشتر. هەڵبەتە دەرکم بەو ڕاستییە کردووە کە بوومەتە باوکێک و کارەکە جەختئامێزە و بە تەواوی بێدارمی کردۆتەوە، کە لە قۆناغێکەوە دەچمە قۆناغێکی دیکە، ئەگەر گوزارشتم لەنگ نەبێ».

## لیستی شێندلەر

گەرچی ڕەخنەیێن پەسەندئامێزی فرە دەربارەی ئەم فیلمە بلاوبۆتەوە، وادیارە بەلای دەسەلاتدارێن هۆلیوود و خەلاتی ئۆسکارەوە، هەژی پیاهەلدانێکی ئەوتۆ نییە!

ئەنجومەنی ڕەخنەگرێن نیویۆرک (لیستی-٩٠٠ یان بەنایابترین فیلمی سالی (١٩٩٣) هەلبژارد، کەچی خەلاتی باشترین دەرهێنەریان، بە سپیلبێرگ نەبەخشی، هەروەسا ڕەخنەگرەیلی لۆس ئەنجلێس!!

ئەم فیلمە میلۆدرامییە سێ کاتژمێر و شازدە خولەک دەخایەنێت. بە ڕاستی شاکارێکی مەزنە لە مێژووی هونەری سینەمادا. فیلمنامەکەی لە ڕۆمانی (تۆمس کنێلی) وەرگیراوە، کە دەربارەی بازرگانێکی زرنگی سالێن جەنگی دووەمی جیهانییە و ناوی «ئۆسکار شێندلەر» بووە و (ولیام نیسا) ڕۆلی دەگێڕێت. ئەم بازرگانە توانیویەتی دەلیڤە ڕەخساوێن بازاڕی ڕەش بۆ خۆی بقۆزێتەوە و سامانێکی مەزن خڕ بکاتەوە و کارخانەیەک دابمەزرێنێ و بتوانێ نزیکەی (١٢٠٠) ئافرەت و پیاوی جوولەکە، بەناوی کرێکارێن کارخانەکەی لە مەرگی تەلخی ئۆردووگاییێن ترسناکی



نازییەکاندا ڕزگار بکات کە نەهۆ شەش هەزار زارۆچەیان لەیرە و لەورە ژیاون. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بزانین کە شێندلەر بە کابرایەکی بەدڕەفتار دەژمێردرا، نەمازا کرێی ئەو کرێکارانە لە هەموان کەمتر بوو، سبیلبێرگ بە یادی باوک و دایکی، کە ئازاردیدەی ئەو جەنگە بوونە، ئەم فیلمەی دروست کردووە و دەڵێ:

– «لەو باوەڕەم کە هێمان لەرۆژگارێکدا دەژین لە ڕۆژگاری ئەو جەنگە دەچێ (....) نەخاسمە لە عیراق و بۆسنە و هەرزگڤیندا»

ئینجا لەبەر ئەوەی فیلمەکە لە پۆڵۆنیاو بەتایبەت لە ئۆردووگای «ئۆچڤیتس»ی زنۆقبەردا جێبەجێ کراوە «ڕۆژگەل تێدەپەڕین و بزەیەک لەسەر لێوێن کەس نەدەبینرا!» و «سەختترین و ناخۆشترین ڕۆژمان، ئەو ڕۆژانە بوون کە وێنەی دیمەنێن کۆقەنارە بە گازمان، دەگرت.. نازیگەل ئەو کاتانە دیلەکانیان بۆ پشکنینی پزیشکی خڕدەکردەوە.. ژنەیلی ئۆردووگا پەنجە کەڵەکانی خۆیانیان دەگەزی و بەو خوێنەی- دەستکەوتبایە- گۆنای خۆیانیان سوور دەکرد، چونکە باشیان دەزانی، سەرنوشتی نەخۆش قڕکردنە!»

سبیلبێرگ، سێزدە ساڵێک پێشتر، مافی فیلمسازیی ڕۆمانەکەی لە (کنێلی) کڕیبوو، بەڵام هیچ ستۆدیۆیەک ئامادە نەبوو سەرمایەگوزاری پرۆژەکەی بکات، بگرە هەموو بەڕێوەبەرانی ستۆدیۆکان لەو باوەڕە بوون، کە فیلمێکی ئاوهانە هەمرە نافرۆشرێت، کەچی ستیفن هەر لەسەر ڕاپەڕاندنی پرۆژەکەی زۆر سوور بوو، لە (١٩٩٤)دا بۆی لوا بە بیست و سێ ملیۆن دۆلار وەدی بهێنێ و نزیکەی دووسەد ملیۆن دۆلار پێی بگرێتەوە!!

بۆیەش بەو بۆنەوە وتوویەتی:

– «ئەگەر خەڵاتی ئۆسکارم وەگرت، فرە خۆشحاڵ دەبم، بەڵام گەر وەری نەگرم، بنەتای دنیا نایەت، چونکە ئۆسکار جامی پیرۆز نییە!»

لە بنەتادا هەژی ئاماژەیە کە کارنامەی سبیلبێرگ هەر لە ساڵی (١٩٧١)وە بە فیلمێن گرنگ دەوڵەمەندە میناک:

– شەوێلکەی دڕندە (١٩٧٥).
– دیدارێن نزیک لەجۆری سێیەم (١٩٧٧).
– هەڵمەتبەزێن قایغی بزر (١٩٨١).
– E-T (١٩٨١).
– ئیندیانا جۆنز (١٩٨٤).
– ڕەنگی ئەرخەوانی (١٩٨٥).
– قەڕاڵستانی هەتاو (١٩٨٧).
– پارکی ژۆراسی (١٩٩٣).
– جیهانی بزر (١٩٩٧).
– ئەمیستاد (١٩٩٨)
– دەربازکردنی «ڕایان»ی سەرباز (١٩٩٨).

**ژێدەرەکان:**

١- ئینتەرنێت/ بە زمانی ئینگلیزی.
٢- آفاق عربیة/ ع٥-٦/ (١٩٩٩)، ستیفن سبیلبیرغ- السینما الحدیثة/ ایان فریر/ ترجمة: د. محمد درویش.
٣- وڵات/ ژ(١٨٦) ١٩ئاب (١٩٩٦ پێرستی شێندلەر/ هیو دەیڤیس/ و: هۆما پالانی.

# هنریک ئەبسن
# لە ڕۆمانسیزمەوە بەرەو ڕیالیزمی هاوچەرخ

**عەبدوڵڵا مەحموود زەنگەنە**
**(سلێمانی)**

ڕەخنەسازان و تۆژەرەوانی بواری شانۆ «هنریک ئەبسن»ی شانۆنووسی ناوداری نەرویجی بە نووسەرێکی سۆسیۆلۆژی دادەنێن، چونکە ئەو شانۆییانەی کە لای ئێمەو لە جیهانی خۆرئاوادا ناودارو ناسراون، وەک «ماڵی بووکە شووشە» و «تارماییەکان» و «دوژمنی گەل» ، هەموویان چارەسەری چەند دۆزێکی کۆمەڵایەتی دەکەن و شۆڕشن لە دژی چەند مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا ، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا. بەهۆی ئەو دەقانەوە ڕەخنەسازان و لێکۆڵەران لە بواری شانۆدا «هنریک ئەبسن، بە باوکی شانۆی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ دادەنێن، بە تایبەتی «ولیام ئارشر»ی ڕەخنەگری ئینگلیزی کە هەموو ئیشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەبسنی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و هەر لەو ڕێیەشەوە خەڵکی جیهان «ئەبسن» یان ناسی هەروەها «برناردشۆ»ی نووسەری ناوداری ئێرلەندی کە کتێبێکی ناوداری بەناوی کاکڵەی «ئەبسنیزم»ەوە نووسی و تێیدا ئەبسنی بە دامەزرێنەری شانۆی کۆمەڵایەتی ناوبرد. لە ڕاستیشدا کتێبەکەی «برناردشۆ» زیاتر تەعبیر لە خودی بیرۆکەو ئامانجەکانی ئەبسن دەکات لە بارەی شانۆی کۆمەڵایەتییەوە، وەک لەوەی باس لە ڕاستیی «ئەبسنیزم» بکات.

کەواتە دەبێ ڕاستیی «ئەبسنیزم» چی بێت؟

بەبێ هیچ گومانێک، ڕەخنەسازان و لێکۆڵەرەوانی شانۆ ستەمیان لە «ئەبسن» کرد، بەتایبەتی «ولیام ئارشر» کە هەر تەنیا شانۆییە کۆمەڵایەتییەکانی وەرگێڕایەسەر زمانی ئینگلیزی و هەر لەو سۆنگەیەشەوە ئەبسنی بە جیهان ناساند. هەروەها «برناردشۆ»یش ستەمی لێ کرد کە وەک چاکخوازێکی کۆمەڵایەتی ئەبسنی ناساند، بەڵام لە ڕاستیدا شانۆی «ئەبسن» شانۆییەکی زۆر هەمەڕەنگ و دەوڵەمەندو لە هەمان کاتدا توندوتۆڵە لە ڕووی پێکهاتەوە، بۆیە «ئەبسن» لە هیچ کام لە قۆناغەکانی ژیانی نووسەریدا هەر تەنیا چاکخوازێکی کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو لە بنەڕەتدا شاعیرێکی گەورەی وەک شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی و لە هەمان کاتدا شاعیرێکی شانۆش بووە. خودی شانۆ کۆمەڵایەتییەکانیشی لە قۆناغەکانی گەشەسەندنیدا وەک نووسەرێک هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیما بوون کە شیعری شانۆ لە شیعری دیکە جودادەکەنەوە. کەواتە من پێم وایە قۆناغی کۆمەڵایەتیی شانۆی ئەبسن بە قۆناغێکی ئەزموونگەریی دادەنرێت، بەو مانایەی کە نووسەر لەم قۆناغەدا کە قۆناغی مام ناوەندیەتی لە بارەی گەشەسەندنییەوە، هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگەی دەدا.

دوای ئەوەی لە ئیشەکانی پێشوویدا تیشکی دەخستە سەر پێوەندیی تاک بە خودی خۆی و چارەنووسییەوە.

لە قۆناغی ناوەڕاستدا- واتە قۆناغی کۆمەڵایەتی -ی ئەبسن تەکنیکێکی نوێی شانۆیی گەشە پێ دەدا کە پێشتر بەکاری نەهێنابوو، ئەویش بریتی بوو لە درامای پەخشانی کە لە بونیاددا سوودی لە تەکنیکی تۆکمەی شانۆی «سکریب» وەردەگرت و هەروەها لە تەکنیکی

نمایشی «فلاش باگ»ی سۆفۆکلیس لە هەمان کاتدا. ئەبسن لەم قۆناغەی «سکریب»دا تەکنیکی «گرێ-الحبکة»ی تۆکمەی لە شانۆی «سکریب»ەوە وەرگرت، بە جۆرێک کە لە «گرێی» ڕۆمانە پۆلیسییەکانەوە نزیکتر بوو.. شانبەشانی چەند فێڵێکی شانۆیی دیاری کراوی وەک ئەو نامانەی کە بڕێک نهێنییان لەخۆ دەگرت و لە ناکاوداو لەکاتی گونجاودا دەکرانەوە یان ئەو نهێنییانەی کە لای کارەکتەرەکان دەپارێزران و لە خاڵێکی دیاری کراودا دەدرکێنران تاکو مەسەلەکان ئاڵۆزتر بکەن... تاد، بەڵام وەرگرتنی ئەو فێڵانە لە «سکریب»ەوە لای ئەبسن هەر تەنیا بۆ ئیشارەی درامی نەبوو، وەک لای «سکریب»ی فەرەنسی، بەڵکو ئەبسن لە پێناوی ئامانجی قووڵتردا بەکاری دەهێنان، وەک دۆزینەوە و پەردە لابردن لە ڕووی حاڵەتێکی مرۆڤایەتیی دیاری کراو لە ململانێ و پێکدادانیدا لەگەڵ هەندێ بەهای گەندەڵی کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەو درامایەی کە لە لووتکەی قەیرانەکەوە دەست پێ دەکات و وردە وردە ڕووداوەکانی ڕابردووی تێدا بە جۆرێک دەخرێنەڕوو کە هەنووکە و ڕابردوو لە بزاڤێکی شانۆییدا هەماهەنگ بن و حەتمیەتی ڕوودانی کارەساتێک فەراهەم بێنێ، ئەوە لە سیماکانی شانۆی نووسەری گریگی «سۆفۆکلیس»ە کە ئەبسنیش لە بونیادی درامیی خۆیدا بەکاری هێناوە و هەندێک لە ڕەخنەگران ئەوە بە تەکنیکی نمایشی بەرەو دواگەڕانەوە دادەنێن، بەڵام لەگەڵ شانۆیی «مراویی کێوی»دا ئەبسن هێدی هێدی لە بابەتی «کۆمەڵایەتی» تەکنیکی ئەو جۆرە شانۆییانە دوورکەوتەوە، هەرچەندە ئەو پارێزگاری کرد لە ژووری هۆڵی بۆرژوازی وەک شانۆیەک بۆ نمایشی شانۆییەکانی ئەم دواییەی، هەروەها پارێزگاری کرد لە زمانی پەخشانیی شانۆییەکانی، بەڵام لە شانۆییەکانی ئەم دواییەیدا چەند کارەکتەرێکی پێکهاتە تۆکمەو لە واقیع گەورەتری فەراهەم هێنا، وەک «هیدا جابلر» و «ڕۆزمر» و بونیادی مەزنی «سولنس» و «جۆن جابریل بورکمان».

هەروەها ئەم دوا شانۆییانەی زیاتر پشت بەستن بوون بە زمانی هێما نەک دەلالەت و ئیستیعارە درامییەکان کە پێشتر لە شانۆ کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاری دەهێنا، وەک سەماکەی «تارا نتیلا» لە «ماڵی بووکە شووشە» یان خانەی هەتیوانی «ئەلفنج خانم» لە شانۆیی «تارماییەکان» یان گەندەڵیی ئەنجومەنی شارەوانی لە دەقی «دوژمنی گەل»دا. هەر لەم قۆناغەی دواییشدا «ئەبسن» لە کاریگەریی تەکنیکی «سکریب» ئازادبوو کە هەم بەکاری دەهێناو هەم ڕقیشی لێ دەبووەوە، بۆیە دوور لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێ شانۆیی پێکهاتە بەتین و زۆر شاعیرانەشی نووسی کە هیچی کەمتر نەبوو لە ئیشە گەورەکانی مێژووی درامای ئەغریقی و شکسپیری. هەر لەم قۆناغەی دواییندا «ئەبسن» توانی بگاتە لووتکەی کارامەیی و پێگەیشتنی هونەری... ئەو دەمەی ڕووداوی بونیادنراو لەسەر ژیانی هاوچەرخ و داخوازییەکانی شیعری باڵای شانۆی لە یەک گرێ دا، بۆیە شانۆییەکانی ئەم دواییەی -نەک شانۆییە کۆمەڵایەتییەکانی- بەسەرکەوتنی ڕاستەقینەی واقیعییەت «ڕیالیزم» دادەنرێن.

من پێم وایە بۆ ئەوەی «هنریک ئەبسن» وەک یەکێک لە کەڵە درامانووسەکانی جیهان بخەینە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی، دەبێ بە دوادا چوون بۆ قۆناغەکانی گەشەسەندنی شانۆیی بکەین، هەر لە شاعیرێتی و نووسینی شانۆی شیعرییەوە، تا ئەو دەمەی بەدوا شانۆییەکانی گەورەترین سەرکەوتنی بۆ «ڕیالیزم» تۆمارکرد.

«هنریک ئەبسن» لە مانگی «نۆڤەمبەری ساڵی (١٨٥١)»دا یەکەمین دان پێدانانی وەرگرت لە بارەی بایەخداریی وەک هونەرمەندێک و وەک نووسەرێکی شانۆ، ئەو ساتەوەختەی کە وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری شانۆی «بێرگن»ی خرایە بەردەست کە بریتی بوو لە شانۆی نەتەوەیی سەرەکی لە شاری «کریستیانیا»ی نەرویج. لەو کاتەشدا شانۆی نەرویج - لە زۆربەی کاتەکاندا - شانۆییە دانیمارکییەکانی بە زمانی دانیمارکی پێشکەش دەکردو هەروەهاش کولتووری دانیمارکی تەنانەت دوای سەربەخۆیی نەرویج لە دانیمارک لە ساڵی (١٨١٤)دا بەزەمەنێکی دوورودرێژیش هەژموونداربوو. هەروەها زمانی ئەدەبیی باویش زمانی «ڕیکسمال Riksmaal» بووە، کە زمانێکی ئاوێتە بووە لە نەرویجی و دانیمارکی، کارە ئەدەبییەکان بەو زمانە نووسراون.... لەکاتێکدا زمانی نەرویجی کە بە «لاندزمال Landsmaal» ناوبراوە، بۆتە زمانی وتووێژی خەڵکی نەک زمانی ئەدەبی.

ئەگەر بزاڤی ڕۆمانسیزم لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سەرلەبەری ئەورووپای گرتبێتەوە و شکڵی جۆراوجۆری وەرگرتبێت و هەموشیان کۆک بن لەسەر شۆڕش لە دژی کلاسیزمدا، ئەوا بزاڤی ڕۆمانسیزم لە نەرویجدا شکڵێکی دیاری کراوی وەرگرت کە بریتی بوو لە هەوڵەکانی سەربەخۆیی لە ئەدەب و کولتووری دانیمارکی.

بێگومان دامەزراندنی شانۆی «بێرگن» یەکێک بوو لە

گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم لایەنەی ڕۆمانسیزمی نەرویجی. ئەرکی «ئەبسن»یش لەم قۆناغەدا وەک بەڕێوەبەری شانۆی «بێرگن»، وەک لە دۆسیەکانی ئەم شانۆیەدا هاتووە، بریتی بووە لە یارمەتی دانی ئەو شانۆیە وەک نووسەرێکی دراما، بۆیە لە پێناوی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی شانۆ لە جەخت کردنەوە لە کولتووری نەرویجی و ڕۆحی نەتەوەیی نەرویجی لە ڕووی سەربەخۆیی لە دانیمارک، ئەبسن دەستی کرد بە نووسینی شانۆییەکانی بۆ شانۆی «بێرگن» لە بارەی مێژووی نەتەوەیی و فۆلکلۆری نەرویجی. بەم ڕەنگە کارە سەرەتاییەکانی بریتی بوون لە بابەتەکانی مێژووی نەرویج و داستانە میللییەکان، چیرۆکی قارەمانێتییە دێرینەکان، بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکان. دیارە «ئەبسن» هەموو ئەو شانۆییانەی بە زمانی شیعر نووسیوە.

جگە لە شانۆیی یەکەمی «کاتۆلین Catiline» ئیدی یەکەم بەشداریی «ئەبسن» لە پرۆگرامی شانۆی «بێرگن»دا بریتی بوو لە «شەوی جەژنی قەدیس یۆحەنا» ساڵی (١٨٥٣). ئەم شانۆییە پشتی بەستبوو بە یەکێک لە تقووسە فۆلکلۆرییەکانی نێوخۆی نیهادی گەلی نەرویج، کە ئەویش داگیرساندنی مەشخەڵە بە درێژاییی نیوەشەوی نیوەی هاوین، شەوی ئاهەنگگێڕان لە جەژنی قەدیس یۆحەنا، چونکە خەڵکی لەو باوەڕەدا بوون کە لە و شەوەدا دێوەزمەکان لە شوێنی نادیاری خۆیان دێنە دەرەوەو خۆیان پیشانی مرۆڤ دەدەن و کاریگەرییان دەبێ لەسەر چارەنووسیان. «ئەبسن» لە شانۆیی «بێرگنت»دا توانی زۆر بە جوانی لە لووتکەی ڕۆمانسیزمیدا ئەو ڕەگەزانەی کەلەپووری میللی بەکاربهێنێت.

لە شانۆیی «جەژن لە شارۆچکەی سۆلهاوج» ساڵی (١٨٥٦)دا ئەبسن جارێکی دی ڕەگەزەکانی کولتووری میللی ڕوونتر بەکارهێنایەوە و بابەتەکانی لە گۆرانییە میللییە فۆلکلۆرییەکان وەرگرت.

لە شانۆیی «فایکنجەکان دادەبەزنە زەویی هەلەجە» ساڵی (١٨٥٨)، سەرەڕای بابەتە ڕۆمانسییە سادەکەی، بەڵام بەلای نووسەر خۆیەوە بایەخێکی زۆری دابوو بە بابەتە وەرگیراوەکانی لە چیرۆکە میللییەکانەوە، لێرەدا خۆشەویستی و چارەنووسی تاک بابەتی شانۆییەکەی بوو کە دوو بابەتی سەرنج ڕاکێشی ڕۆمانسین. هەرچەندە ئەبسن لە ماوەی ڕۆمانسییەتیدا زۆرێک شانۆیی جۆراوجۆرو دەوڵەمەندی نووسیوە، بەڵام هەموویان ڕەگەزە ڕەسەنەکانی کولتوورو کەلەپووری نەرویجییانی تێدا بەکارهێنراوە. هەروەها زمانی شیعری بۆ تەعبیری درامی و بونیادی ڕۆمانسی بێ گرێ کۆیان دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا بونیادی ئەو شانۆییانە تەواو لەگەڵ ڕۆحیەتی داستانی و فۆلکلۆریدا دەگونجا. شانۆییەکانی «براند» و «بێرگنت» بە لووتکەی ئاراستەی بەرهەمە ڕۆمانسییەکانی ئەبسن دادەنرێن.

«ئەبسن» کاتێک شانۆیی «پایەکانی کۆمەڵگە»ی نووسی لە ساڵی (١٨٧٧)دا، ئەو شانۆییە بوو بە ئاماژەی دەست پێ کردنی قۆناغێکی نوێ لە ئیشەکانی و سەرەتای زنجیرەیەک شانۆیی کە بە «شانۆییە کۆمەڵایەتییەکان» ناسرا و هەر لە ڕێی ئەوانیشەوە «ئەبسن» لە ئەوروپا و جیهاندا ناوی دەرکرد. لە نووسینی شانۆیی «پایەکانی کۆمەڵگە» ئەبسن گەورەترین بڕیاری دا کە ئیدی بابەتی شانۆییەکانی لە ژیانی هاوچەرخەوە وەربگرێت و لە بریی زمانی شیعر، پەخشان بکاتە تاکە هۆکاری دەربڕینی دراماکانی. هەروەها پێویستی کرد میتۆدی دراماکانی بگۆڕێت لە درامای پاڵەوانی تاکەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە لە ڕووداوە دراماکەدا پێگەی باڵای هەبێت.

ئەبسن لەم قۆناغەیدا بە تەواوی دەستبەرداری بەکارهێنانی بابەت مێژووییەکانی و فۆلکلۆرو داستان و قارەمانێتییە میللییەکان بوو، بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر دیاردەکانی ساختەیی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە دۆگماو کۆنەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ یان وەک «ڕۆبەرت برۆستاین»ی ڕەخنەگر دەڵێت «بۆشایی نێوان ئەوەی کە ڕۆڵەکانی گەل دەیڵێن و ئەوەی بە فیعلی مومارەسەی دەکەن».

شانۆیی «تارماییەکان» بە باشترین ئیشەکانی ئەبسن دادەنرێت لە قۆناغی بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکانیدا. ئەبسن بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەگران ئەم شانۆییەی نووسی کە ئەوان هێرشیان کردبووە سەر شانۆیی «ماڵی بووکە شووشە»، بەڵام ئەبسن خوازیاری ئەوەبوو هێرشی پێ بکاتە سەر هاوسەرگیری وەک دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی.

لە شانۆیی «دوژمنی گەل»دا کە ڕاستەوخۆ دوای شانۆیی «تارماییەکان» نووسراوە، ئەبسن گواستنەوەی دەست پێ دەکات، بەڵام زۆر بە وریایی بۆ قۆناغی سێیەم و کۆتایی کە من بە گەورەترین و پێگەیشتووترین قۆناغی دادەنێم. لە شانۆیی «دوژمنی گەل»دا ئەبسن پارێزگاری دەکات لە زرنگەی هێرش کردنەسەر ڕەهەندەکانی گەندەڵی و ساختەیی کۆمەڵایەتی. هەروەها باس لە دوورایی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ دەکات، بەڵام لەم شانۆییەدا دەرەنجامی ململانێ و بەرەنگاری

بوونەوەی نێوان تاک و کۆمەڵگە کۆمەڵێک دەلالەتی گشتگیرو فراوانتر لەخۆ دەگرێت، تا لە کۆتاییدا دەست لە ملانی ڕاستی دەبێت.

قۆناغی سێیەمی گەشەسەندنی شانۆیی ئەبسن پشت بەستن بوو بە توێژینەوەی قـــــوڵ بۆ پاڵنەرە مرۆڤایەتییەکان کە دەلالەتی ئەوتۆی گشتگیر هەڵدەگرن کە هەر واقیعێکی کۆمەڵایەتی بگوزەرێنێ. ئەگەر لێک چوونێک لەنێوان پاڵەوانە سەرەتاییەکانی ئەبسندا هەبوو بێت لە قۆناغی ڕۆمانسیزمدا، ئەوا بەڕای من خاڵی جیاوازی لە هەڵوێستی نووسەر خۆیدا لە ئاستی پاڵەوانەکانی لە هەردوو قۆناغەکەدا، وەک جیاوازیی نێوان دوو دراما وایە، چونکە شانۆییە سەرەتاییەکانی گۆڕانکارییەکانی دەروونی خودی نووسەریان دەخستە ڕوو کە دەکرێت کارەکتەرەکانی هەموو ئەو شانۆییانە لە یەک تەعبیردا کورت بکەینەوە، وەک تەعبیرەکەی براند کە دەڵێ «هەموو شتێ یان هیچ شتێ» یان فەلسەفەی «بێرگنت» کە تەنیا وتەی «بۆ خۆت ببە.. ئیتربەسە» ڕوونی دەکاتەوە. ئەبسن ئەم پاڵەوانانەی لە چەند هێڵێکی دیاردا وەک وەشاندنی فڵچە بەبێ سێبەر، بگرە ئەبسن لە وێناکردنی کارەکتەر لە شکڵە ڕووتەکەیدا بێ دەربەست بوو کە هیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز بدات بە کارەکتەرەکانی.

هەرچی شانۆییە مەزنەکانیشێتی کە لەدوا قۆناغی سێیەمیدا نووسیویەتی کە من بە ڕیالیزمی هاوچەرخی ناوزەد دەکەم، ئەوا پاڵەوانی تاک، سێبەری تەواوی خۆی ناخاتە سەر ڕووداوەکان، هەروەک لە شانۆییە ڕۆمانسییەکانیدایە، بەڵکو هەموو کارەکتەرەکانی دیکەش بە هەمان بایەخ بەشداریی دەکەن. بگرە پاڵەوان لەم شانۆییانەدا تەنیا کارەکتەرێکی سەرەکییە نەک کارەکتەرێکی کۆنترۆڵکەر یان زاڵ. زۆرجار ئافرەتانی وەک «ربیکا وست» لە «ماڵی ڕۆزمەر» یان «هیلدا واگنر» لە «تەلاری مەزن »دا دێنە مەیدان و ژیانی پاڵەوان دەگۆڕن و کاری تێ دەکەن و کاریان تێ دەکات.

کەواتە ڕیالیزمی هاوچەرخ لای ئەبسن لە قۆناغی سێیەم و مەزنیدا.. وا دەڕوانێتە واقیع کە پێکهاتەیەکی هێمایی بێت، چونکە لە هەموو شانۆییەکانی ئەم قۆناغەیدا، ئەبسن هێمایەکی سەرەکی و زاڵ لەگەڵ کۆمەڵێک هێماو دەلالاتی ناسەرەکی بەکاردەهێنێ کە دەتوانێت تیشک بخاتە سەر پاڵنەرە نادیارەکانی کارەکتەرەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ڕووداوەکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستێکی گشتگیریی مرۆڤایەتی.

دەبینین هێمای زاڵ لە دەقی «مراویی کێوی»دا خودی مراوییە کێویەکەیە لە پێوەندیدا لەگەڵ بیناسازی هێمایی خانووەکەی «ئەکدال» و دەلالەتەکانی وێنە گرتنی فۆتۆگراف لە بەرامبەر خوڵقاندنی هونەریدا. لە شانۆیی «ماڵی ڕۆزمەر»دا ئەسپەسپییەکان هێمای زاڵن و کۆمەڵێک هێمای ناسەرەکیش هەن، وەک پەردەکەو هەستی ترسناکی ئامادەگیی ژنە مردووەکەی کە سێبەری خستۆتە سەر ڕووداوەکان، هەروەها بە هێمابوونی میتۆدی ماڵی ڕۆزمەر خۆیان لە شێوازی ژیاندا. لە شانۆیی «خانمەکە لە دەریا»دا هێمای زاڵ بریتییە لە خودی دەریاکە، هەروەها لە شانۆیی «هیدا جابلر»دا هێمای زاڵ بریتییە لە دەمانچەکانی ژەنراڵ جابلر کە کچەکەی هەڵیگرتوون.

لەم شانۆییانەدا هێمای زاڵ ئەرکێکی زۆر جیاوازیان هەیە لە هێمای شانۆییەکانی قۆناغی ڕۆمانسیزمیدا، چونکە لە شانۆییە ڕۆمانسییەکانیدا هێما هاوکار بووە لە دیاری کردن و وێنەکردنی کارەکتەری تاکە پاڵەوان، وەک هێـــمـــای «خـــواوەند» لە دەقی «براند»دا، بەڵام لە شانۆییەکانی قۆناغی کۆتاییدا هێما دەلالەتی زۆری هەیە، بەڵام ئەرکێکی بنەڕەتی جێبەجێ دەکات لە کورتکردنەوە و تیشک خستنەسەر پێشهاتەکانی ڕووداو، بەڵام هێمای زاڵ ناکرێت بە ئامــاژەیەک دابنرێت بۆ پێکهێنانی کارەکتەر یان خودی ڕووداوەکە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) دراسات في الأدب المسرحي، سمير سرحان.**

**(٢) أبسن النرويجي، ميوريل براد بروك.**

# ڕەگەزناسی نەتەوەیی و ژیانی میللی

لێدوانی: عەباس سلێمان سمایل

(ڕەگەزناسی نەتەوەیی و ژیانی میللی)، کتێبێکی (٢٨٢) لاپەڕەییە، لەلایەن ئیسماعیل یۆرد شاهیان لە ساڵی (٢٠٠١) لەتاران بە چاپ گەیشتووە و بریتییە لە سێ بەش و پاشکۆیەک، جا بەر لەوەی بخزینە نێو لێدوان لەم کتێبە کە تۆژینەوەیەکە لە ئوستانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا، بە پێویستم زانی ئەم دەستپێکە بخەمە بەرایی لێدوانەکە.


## دەستپێک

حکومەتانی وڵاتی ئێران بەتایبەتی حکومەتی ئیسلامی بواری تۆژینەوە مێژوویەکانی تەنیا بۆ دار و دەستەی سەر بە حکومەت دەڕەخسێنێ و بواری کەسانی دیکە نادرێ و کتێبێکی لەم جۆرە تۆژینەوانەش بۆ هەموو کەس نییە چاپ و بڵاوبکاتەوە، ئیرەج ئەفشاری سیستانی یەک لەو کەسانەیە کە ئەم بوارەیان بۆ ڕەخساندووە و چەند کتێبێکیان لەسەر مێژووی ئوستانە کورد نشینەکانی ئێران بۆ چاپ و بڵاوکردۆتەوە (ئیسماعیل یۆرد شاهیان)ی دانەری ئەم کتێبەش لەم جۆرە مێژوونووسانەیە، ئەم نووسەرە لەم کتێبەیدا وای دەگەیەنێت کە زمانی کوردی شێوە زمانێکی فارسییە و (کورد)یش بەشێکە لە نەتەوەی فارس، کولتووری ناوچە کورد نشینەکانیش بەشێکە لە کولتووری ئێرانی باستان و فارسی ئەمڕۆ، جا ئەم مێژوونووسانە سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان زۆر سادە و ساکارە بەهۆی نامۆبوونیان لە زمان و کولتووری کوردی و نەشارەزابوونیان لە ڕیشەی زمانی کوردی و باری کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ژیانی هۆزانی کورد.

جا بەهۆی ئەم ئەگەرانەوە نووسەر بەهۆی هەڵەیەکی زۆر، تۆژینەوەکەی بەهایەکی ئەوتۆی لەنێوکوردان نییە، بۆ نموونە دەڵێت: ئەگەر نەتەوەی فارس هەموو زمانەکەی لە دەست بدات، ئەوا لە کوردیدا دەست دەکەوێتەوە.

لە بارەی تورکی ئازەریشەوە دەڵێت: ئەوانە لە ڕەسەنی ئێرانین و نەوەی نوێیان بەرە بەرە دەبنە فارس.

دواتر نووسەر باس لە ئابووری و دیاردەی سروشتی ئازربایجانی خۆرئاوا دەکات، لە بارەی مێژووی گەلانی ئەم ئوستانەش دەڵێت! بەر لە میدیەکان، مانناکان لەم ئوستانە نیشتەجێ بوون و سکاییەکانیش لە باکووری مانناکان و لەسەر ڕووباری ئاراس نیشتەجێ بوون، بەڵام دوای شکست هێنانی ئاشوورییەکان لە (٦١٢ پ ز) کە سکاییەکانیش هاوپەیمانی ئاشوورییەکان بوون، ئیتر گلۆرەیان دەکەوێتە لێژی و بەرە بەرە لەنێو میدیەکان دەتوێنەوە و تا وای لێ دێت هەموو دانیشتوانی ئازربایجانی گەورە لەنێو ڕەگەزی میدی



دەتوێنەوە و ئازربایجان بە میدی گچکە دەناسرێت. بە قسەی محەمەد کوڕی ئیسحاق لە ساڵی (٣٧٧ک) بە ئوستانی ئازربایجان و چوار ئوستانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران وتراوە فەهلەوی، (پەهلەوی) کاتێکیش کە سەلجوقیەکان ئازربایجان داگیردەکەن، هەردوو ئوستانی ئازربایجان کوردنشین بووە و لەژێر فەرمانڕەوایی کورداندا بووە بە سەرۆکایەتی (محەمەد) و دوای خۆی براکانی هسوزان و مەرزەبان جلەوی فەرمانڕەوایی ئازربایجان دەگرنە دەست.

هەروەها هەزبانیەکانیش ڕۆڵیان بینیوە لە فەرەمانڕەوایەتی ئازربایجانی گەورە و تا (١٥٠) ساڵ لەمەوبەریش هۆزانی بلباس و مەنگوڕ ڕۆڵیان لە فەرمانڕەوایی مەراغە و بەرگریکردن لەدەست درێژی تورکان هەبوو.

جا دوای ئەوەی ئازربایجانی خۆرهەڵات بە تورک دەکرێت، ئینجا بەرە بەرە دەخزنە ئازربایجانی خۆرئاواو بەشێکی زۆر لە دەشتاییەکان بە تورک دەکرێت، جا ئەگەر کوردستان هەمووی دەشتایی بوایە، دوورنەبوو گەلی کورد بە یەکجاری لەنێو بۆتەی ڕەگەزی تورک بتوابایەوە، کەوابێ سەختی خاکی کوردستان بووەتە هۆی پاراستن و مانەوەی گەلی کورد و دەشتاییەکانیشی بووەتە مایەی بەرزبوونەوەی ئابوورییەکەی و پێشکەوتنی شارستانیەتی.

دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی (سمکۆی شکاک)یش ژمارەی تورک زۆر بەخێرایی لە ئوستانی ئازربایجانی خۆرئاوا زیادی دەکرد.

ئەمڕۆکەش بێجگە لە شاری ورمێ و میندواو و خۆیی و نەغەدە کە تورک و کورد بە تێکەڵاوی دەژین لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی کەم لە ئاسووری و ئەرمەن و جوولەکە.

ناوچەکانی دیکەش زۆربەی دانیشتوانی کوردنشینن.

## بەشەکان

نووسەر لە بەشی یەکەمدا باس لە خاسیەتەکانی گەل و جۆری ژیانی دانیشتوانی ئەم ئوستانە و میللەتە جیاجیاکانی دەکات. لە بەشی دووەمیش لە گەلانی ئەم ئوستانە دواوە، لێ کەمێک چەواشەکاری پێوە دیارە، لەوانە:

## ئازەریەکان کێن؟

گەلی ئازەری ئەو گەلەن کە لە هەردوو ئوستانی ئازربایجانی ئێران و کۆماری ئازربایجان نیشتەجێن و بە زمانی تورکی قسەدەکەن و هەندێکیشیان کە ژمارەیان دەوروبەری (٥٠٠) هەزار کەس دەبێت، بە چەند زاراوەیەکی ئێرانی کۆنی وەک: تات، تالش، هرزند و...تاد دەدوێن، ئەمانەش لە دوای داگیرکاری سەلجوقیەکان و مەغۆلەکان بەرە بەرە ناویان نامێنێت و بەم دواییەش پسپۆرانی زمان و مێژوو بە سەریان کردنەوە.

جا ئەو ئازەریانەی بە زمانی تورکی لە هەردوو ئوستانی ئازربایجان بە تورکی قسە دەکەن، پسپۆرانی ئێرانی بۆچوونی جیاجیایان لەسەریان هەیە، ئی وا هەیە بە گەلێکی سەربەخۆی ئێرانیان دادەنێ، ئی واش هەیە بە نەوەی گەلانی مید و ماننا و گەلانی دیکەی ئێرانی کۆنیان دادەنێن، هەندێکیش دەیانبەنەوە سەر تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست، کە لەسەرەتای چاخی دوازدەی زایینی کۆچیان کردووە و دواتر بەرە بەرە بە خورتی و بەهۆی زۆری ژمارە و دڕندایەتیان توانیویانە زۆربەی گەلانی ڕەسەنی ئەم ئوستانانە لە بۆتەی ڕەگەزی تورک بتوێننەوە و زمانیان ئاوێتەی زمانی ئەوان بکەن. ئەمڕۆکەش ئەوانەی بە زمانی تورکی قسە دەکەن، نزیکەی (٢٠٪) وشەکانیان فارسیە و ژمارەیەکی زۆریشیان دەڵێن ئێمەش تورک نینە و لە ڕەگەزی ئێرانی کۆنین پسپۆرانیش بۆیان ڕوون بووەتەوە کە بەر لە فەتحی ئیسلامی و دەیەها سەدە بەر لەم مێژووەش تورک لەسەر ئەم دوو ئوستانە نەژیاون، بەڵکو گەلانی ئورارتو، هوری، کادۆسی، سکایی، ئەسکیسی و مادەکان لە ئازربایجان ژیاون و شارستانیەتیان دروست کردووە، ئیتر نووسەر دەڵێت: زۆربەی مێژوونووسان، ئازەریەکان دەبەنەوە سەر ماننا‌کان و دواتر ئاوێتەی تورکە کۆچەرەکان بووینە و بە خورتی و بە درێژایی مێژوو لە بۆتەی ڕەگەزی تورک تواونەتەوە.

ئەمڕۆکەش ژمارەیەکی کەم لەو ئێرانیە کۆنانەی کە بەزمانی ئازەری کۆن دەدوێن، لە چەند شوێنێکی سەختی دووره دەست ماون.

نووسەر ناوی ئازربایجانیشی بەم جۆرە لێک داوەتەوە؛

ئازربایجان، یا ئاتورپاتگان لە سێ بڕگە، یا وشە پێک هاتووە:

آذر (ئازەر یا ئاتور)= ئاگر (بەزمانی پەهلەوی).

بای (پات)= چاودێر (بەزمانی پەهلەوی)

جان= جێگا، شوێن.، ئیتر ئازربایجان، یا ئازەرئابادەگان، یا ئاتور ئابادەگان واتای شوێنی چاودێری

ئاگر دەگەیەنێت.
دواتر مێژوونووس بە درێژی لە کولتوور، زمان، مۆسیقا و ئەدەبیاتی ئازەریان دواوە.

### ئاشوورییەکان کێن؟

دەوروبەری (١٠,٠٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر گەلانی هاوخوێن و هاوزمان لە شێوەی چەند تیرەیەک لە عەرەبستان دەژیان و لە ژێر ناوی سامی دەناسران، دوای تێپەربوونی چەند چاخێک، هەندێک لەو تیرانە روویان کردە زەوی و زاری بەپیتی باکووری عەرەبستان و تێیدا نیشتەجێ بوون و لەوانە لوبنان، فەلەستین، سوریە و هەندێکیشیان گەیشتنە میسر و حەبەشە.
دواتر بەناوی جۆراو جۆری وەک: فینیقی، ئاموری، کەنعانی، ئارامی و ناوی دیکە ناسران، دەستەیەکی دیکەی ئەم کۆچەرەوە سامییانە لە میسۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون لەناوچەیەک کە باشوورەکەی وڵاتی سۆمەر بوو، نێوانی هەردووکیشیان بە ئەکەد دواتر بە بابل ناوی دەهات.
باکووری سۆمەریش سوبارتوو بوو کە دواتر بە وڵاتی ئاشوور ناوی دەرکرد.
لەوکاتی کە سۆمەر و ئەکەد حکومەتیان هەبوو ئاشوورییەکانیش لە (٣,٠٠٠ پ ز) لە باکووری ئەوان نیشتەجێ بوون کە رابەرەکەیان ناوی سارگۆنی یەکەم بوو.
دواتر لە ساڵی (٢٢٠٠ پ ز) حکومەتێکیان بە سەرۆکایەتی شەمشی ئادادی یەکەم دروست کرد کە پایتەختەکەیان شاری ئاشوور (شەرگاتی ئەمرۆ بوو).
لەدوای نەمانی دەسەڵاتی حەمورابی لە بابل، حکومەتی بابل دەکەوێتە بەردەستی کاسیەکان و لە ساڵی (١١٧٠پ ز) سوپای ئاشووری بێهێزی کاسییەکانی بەهەل زانی و دەتوانێت بابل داگیربکات (تیگلت پیلسری یەکەم)یش توانی وڵاتەکەی فراوان بکات و رۆژئاوای سوریا داگیر بکات و لە رۆژهەڵاتیش ورمێ.
ئەم ئیمپراتۆریەتە بەهێزە لە ساڵی (٦٢٠پ ز) بە دەستی میدیەکان رووخاو لە ناوچوو، دوای ئەوەی ئاشوورییەکان توانیان دەوڵەتێکی گچکەی ئاشووری بەناوی ئەسروین) لە ئورفە دروست بکەن، کە لە مێژوودا بە دەوڵەتی ئابگار (ئەبجەر) دەناسرا، ئەم دەوڵەتە گچکەیەش کەوتبووە نێوان ئیمپراتۆریەتی رۆم و ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی و هەر جارەی دەکەوتە ژێر فەرمانڕەوایی یەک لەمانە و ئەوانیش نیمچە خود موختارییەکیان بەم ئاشووریانە دەدا، ئەم دەوڵەتەش لەگەڵ سەرهەڵدانی مەسیحیەت نەماو لەناوچوو، دواتر نووسەر باس لە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لەنێو ئاشوورییەکان دەکات و نیشتەجێ بوونیان لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا و وڵاتانی دیکە، هەروەها نووسەر لە شەڕ و شۆڕەکانیان دواوە، هەر لە (٣,٠٠٠ پ ز) تا کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و تا ئەمرۆش هەوڵ دەدەن دەوڵەتێک بەناوی ئاشوور دروست بکەن.
نووسەر بە کورتیش لە نووسین و مەزهەب و کڵێساکان و زاراوەکانیان دواوە.

### ئەرمەنیان کێن؟

لە مێژووی کۆندا هاتووە کە سەرۆک و سەردەستەی ئەرمەنیان یەکێک بووە بەناوی هایک و ئەرمەنیان ئەویان بەناوونیشانی یەکەمین پاشای دەوڵەتیان ناو هێناو لە هەموو لایەکەوە خۆیان بەهای، واتە کوڕی هایک دەناساند و وڵاتیشیان بە ئەرمەنستان یا (هایستان) ناساند.
ئیتر ئەرمەنیاتی هیند و ئەوروپایی بەرابەری هایک لە ئەرمەنستان بەدەرکەوتن، دوای ئەوەی ئەرمەنیان سەر زەمینی ئورارتوویان لە دەوروبەری ساڵی (٥٠٧ پ ز) داگیر کرد و ئەرمەنیانی هیند و ئەوروپایی بوونە چینی باڵادەست، دانیشتوانی کۆنی ناوچەکەش واتە ئورارتووەکان بوونە ژێر دەستەی ئەوان و بە درێژایی رۆژگار لەناو یەکتر توانەوە، واتە دوو میللەتی لەکاژی دووچینی جیا گەلی ئەرمەنی ئەمرۆیان پێک هێنا.
دواتر نووسەر لەسەر بوونیان بە مەسیحی دەڵێت: دەبێت ئەمانە زەردەشتی و بت پەرست بووبن و لە شەڕەکانی نێوان رۆمەکان و مادەکاندا یارمەتی رۆمەکان و دواتریش یارمەتی سلۆکەکانیان داوە، لە دوای (٣٠٠) ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دەبن بە مەسیحی و چەند ئاتەشکەدە و بتخانەی ئەرمەنیان هەبووە، وێرانیان دەکەن، نووسەر لە بارەی زمانیشیانەوە دەڵێت: زمانیان هیند و ئەورووپیە و زۆر وشەی فارسی تێ خزاوە، رێزمانیشیان کاریگەربووە بە رێزمانی تورکی، بەنیسبەت شێوە زمانیشیان، سێ شێوەی سەرەکیان هەیە:
١- گرا بار
٢- شێوەی ئەرمەنی ناوەراست.
٣- ئاشخارابار زمانی ئەرمەنی ئەمرۆش لە (١٩٤٠)

وشە پێک هاتووە، لەوانە (٤٣٨) وشەی ئەرمەنی ڕەسەنە و (٦٨٠) وشەی پەهلەویە (١٧١) وشەی لە فارسی و عەرەبی وەرگیراوە، (١٣٣) وشەی ئاشوورییە و (٥١٨)ی لە زمانانی دیکە وەرگرتووە.

نووسینیشیان لە خەتی یۆنانی و عیبری وەرگیراوە کە لە ساڵی (٤٠٥ز) لەلایەن مەسروب ماشوتی کە قەشەیەک بوو لە ئورفە داهات.

ئینجا نووسەر دەڵێت: بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (٣٠١ز) تیرداد پاشای ئەرمەنستان بوو بە مەسیحی و ئیتر هەموو ئەرمەن بوون بە مەسیحی و ئاتەشکەدە و بتخانەکانیان کاول کرد و کەنیسەیان لە شوێنیان ئاوەدان کردەوە.

گەورەترین پیاوی ئایینیشیان ناوی گریگۆر بوو، بۆیە بە مەزهەبی مەسیحی ئەرمەنی دەڵێن (گریگۆری) لە بارەی مێژوو و زمان و کولتووری میللەتی کوردیشەوە شتێکی نوێی تێیدا نییە کە شایانی باسکردن بێت و لە شوێنێک دەڵێت؛

کوردان و فارس نەوەی گوتیەکانن، هەروەها پرۆفیسۆر هەمارتون و نۆلدکە و ویساخیش دەڵێن: کە مێژوونووسە یۆنانیەکانی کۆن گەلی گوتیان بە بەشێک لە ماد و فارس داناوە و گەلی کوردی ئەمڕۆش بە نەوەیەکی گوتی داناوە و پاشان لەنێو مادەکان تواونەتەوە، نووسەر زۆر بە کورتی لە زمان و ئەدەبی کوردی دواوە و ئەوەشیان شایانی لێدوانی نییە.

## «کلیماها کیستند»
## جوولەکەکان کێن؟

جوولەکەکان بەشێکی گچکەی سنووردارن، لە ڕۆژگاری مێژوو لە ناوچەی جۆراوجۆری خاکی ئێران و ئاسیای گچکە و ناوچەکانی قەفقاس بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشتەجێن لە شێوەی کۆمەڵی گچکە لە تەک گەلانی دیکە دەژیێن و لە ڕەوشی ژیانیان بەردەوامن. مەڵبەندی بنەڕەتی کۆبوونەوەی یەهودیان و سەر زەمینی گەلانی بەنی ئیسرائیل لەنێوان دووزێ و ڕۆخانەی ڕۆژهەڵاتی کەنار دەریای سپی ناوەڕاست و باکووری بیابانی سینایە.

بە هەمان شێوە دەگوترێت جوولەکەکان بەشێکی گەلانی کۆنی جیهانن، ئایینیان یەهودیە و باوەڕیان بەخودای تاک و تەنیای یەهوەدە هەیە و پێغەمبەریشیان ئاشۆ موسایە و کتێبی پیرۆزیشیان تەوراتە.

تەورات ئەو بیروباوەڕیە لەسەردەمانی کۆن لای جوولەکەکان هەمیشە هەبووە و هەیە. گەورەترین و کۆنترین سەرچاوە کە پشتی پێ دەبەسترێ لە زەمینەی مێژوو و ڕابردوو و ژیانی و بەتایبەتی هۆی پەڕاگەندەبوونی ئەم گەلەیە کە ئەویش کتێبی پیرۆزی تەوراتە، کە لەم بەشانە پێک دێت.

١- ئەسفار (گەشتی پیدایش، گەشتی خروج، گەشتی داوەران،.. تاد).

٢- کتێبی پاشایان، مێژووی ڕۆژان، کتێبی ئەستر، مەزامیر و سلێمان.

فەرهەنگ و بابەتی نەوەی بەنی ئیسرائیل و گەلانی دیکە بە تایبەتی ستیز شمشون و ئەفسانەی زۆرمەندی ئەو گەلە مووڕەشە بووە و هەروەها یەفتاح جلعادی و داستانی تراژیدی قوربانی بوونی کچەکەی و لە کۆتاییدا ونبوونی سندوقی سەردەمی ناوبژی فلشیان کە دووبەرەکایەتی بنەڕەتی ناوەخۆ بووە و کارەساتی دیکەی مێژوویی و ئەفسانەی گەلانی ناوچەیە.

ئیتر ئەوەی جێی باوەڕیە کە گەلی یەهود بەر لە چەند چاخێک بەو بەڵگانەی کە لەدەست دان، نیشتمانی بنەڕەتیان هەمیشە لە کلشیاتی گچکە لەسەر زەمینی، یا هەرێمی جۆراوجۆر بەسەر بردووە و هەنووکەش بەشی زۆریان لەوانە لە دەڤەر و وڵاتە گەورەکان و پێشکەوتووەکانی جیهان ژیان بەسەر دەبەن و لە ڕابردوودا لە شێوەی کۆمەڵی پچڕ پچڕ و جیاجیا و دوور لە یەکتر ژیاون و بێ نیشتمان و سەرگەردان بووینە و تا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەوڵەتێکیان لە فەلەستین بۆ دروست کردن.

(جوولەکەکانی ئێران)یش بەشێکن لە پاشماوەی یەهودیانی بابل، کە لە ئەنجامی جەنگ و بەربەرەکانی لەگەڵ حکومەتی ئاشوور بەتایبەتی لە داگیرکردنی بابل لە لایەن هەخامەنیشیەکان، کورشی فەرمانڕەوا، ئازادی تەواوی لەبەردەست دانان لەکاری کشتوکاڵ و بەتایبەتی بازرگانی کردن و نیشتەجێ بوونیان لە هەر شوێنێ کە بیانەوێ لەناوچە جۆربەجۆرەکانی ئێران، ئینجا لەم وڵاتە بڵاوبوونەوە لە پارس و ئازربایجان و ناوچەی دیکە دەستیان بەکارو کۆشش کرد کە لە ئەنجامی ئەزموون، نفوز و دەسەڵات و مەڵبەندی بەڕێوەبردنی ئابووریان لە ئێران پەیدا کرد.

## جوولەکەکانی ئێران

لە بارەی ڕیشە و نەژادی جوولەکەکانی ئێران، چەندین لێکۆڵینەوەی فراوان کراوە پێشتر دوو بیروڕا لە

ئارادابوو: گرووپێک لە مێژوونووسان و مرۆڤناسان لەو بڕوایەدان کە یەهودیەکانی نیشتەجێی ئێران لە گرووپی ئەشکنازیم-ن کە لە ڕۆژگاری کۆنەوە لەناوچەی ئاسیای گچکە و ئەرمەنستان و ناوچەکانی باکووری ئێران واتە لە ئازربایجـــان دەژیێن و گـــرووپێکی دیکەش لەو باوەڕەدان لەو یەهودیە ژێردەستانەی (بابل)ن کە کورشی پاشای ئێران ئازادی کردن و لە زەمینەیا بواری بازرگانی و فراوانی کارو ژمارەیەکیان بۆ ئێران کۆچیان کرد، لەناوچەی جیاجیای ئەم وڵاتە نیشتەجێ بوون، هەڵبەتە ژمارەیەکیان بەهۆی ئەو زانست و زانینەی هەیانبوو لە بارەی فەرمانڕەوایی ئێرانەوە، شوێنی خۆیان گرت و پایەی بەرزیان وەدەست هێنا لەوانە (ئەستر) کچی برای مەردخای ناوداری جوولەکەیە کە لەسەردەمی خدشایارشای هەخامەنیشی وەک نموونە ناوی دەهێنرێت، کە ئێستا گۆڕی ئەستر و مەردخای لە شاری هەمەدانن و بووەتە زیارەتگای یەهودیان و بە ئاسەوارێکی گرنگی ئێران دەژمێردرێت.

لەناوەرۆکی کتێبی ئەستر لە (سەردەمی کۆن)دا هاتووە کە لە ساڵی سێیەمی فەرمانڕەوایی پادشا خشایارشا، ئەنجومەن ڕێک خراو لە ڕۆژی هەفتەم خشایارشا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و لە ئەنجومەنی خواست و داوای لێکردن کە تاجی شاژنی لەسەر سەری (وەشتی) دابنێن و بەرامبەر ئەنجومەن و گەورە پیاوان تەماشای شکۆ و جـوانی ئەو بکەن، واتە ببێ بە دەسگیرانی، بەڵام (وەشتی) ئەم فەرمانەی ڕەت کردەوە و نەهات، بۆیە پاشا (وەشتی) لە شوێن و پایەی خۆی هێنا خوارەوە و بۆ بەیانی داوای لە گەورە پیاوان کرد کچی جوانی شاری بۆ کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی یەکێکیانی لێ هەڵبژێرێت و بیکا بە شاژن.

جا کە هەواڵ بە مەردخای گەیشت (هەدەسە)ی کچی برای جوان کرد و ڕازاندیەوە و بۆ دیداری شای ڕەوان کرد و (خشایارشا)ش لەنێوان کچان هەدەسەی هەڵبژارد و ناوی لێنا ئەستێرە واتە ئەستێرە و یەکێ لە کارە گرنگەکانی ئەستر ڕزگارکردنی یەهودیان بوو لە کوشتار و چەوساندنەوە و زیندانی.

گۆڕی ئەستر و مەردخای لە شاری هەمەدانە تاکو ئەمڕۆ وەک ئاسەوار و شوێنەوارێکی ئێرانی کۆن و شوێنەوارێکی پیرۆزی جوولەکان دەپارێزرێت.

### نەژادی گەلانی کلیمی (جوولەکە)

زۆربەی یەهودیان خۆ بە نەژادی بەنی ئیسرائیل دەزانن، بەڵام ڕاستی ئەوەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا بە بەڵگەی تێکەڵاو و جۆراوجۆر ناتوانرێ کۆمەڵێ پەیوەست بەیەک ئایین و بەیەک نەژاد و ڕەگەز بزانرێت و دابنرێت.

هەڵبەتە تایبەتی ڕەگەزی گەلی بەنی ئیسرائیل لەسەردەمانی کۆن تێکەڵاوی چینایەتی هەیە، ئێستاش ناتوانرێ یەهودیان لە گۆشەی تیرە و نەژاد، بەیەک گەلیان دابنێین. ئەگەر تەوراتت خوێندبێتەوە، ئەوە دەگەیتە ئەوەی کە لە ئاسیای گچکە و ئاسیای ناوەڕاست، میللەت و گەلانی جۆراوجۆر لە تیرە و ڕەسەن و نەژادی جیاجیا ژیانیان بەسەر بردووە، وەکو ئاموریان بەژن بەرز بووینە، هیتیەکان ڕەنگ ڕەش بووینە و گوایە هەیکەلی مەغۆلیان هەیە و گوێچکەیان لە نەژادی ڕەش بووە و گەلانی دیکەش لە نەژاد و ڕەسەنی دیکە لە هەرێمەکە بوونیان هەبووە.

بە پشت بەستن بە مێژوو، عیبریانی کۆن کە بەشێک لە گەلانی بنەڕەتی هەرێمەکە و لە پێکهاتنی گەلی ئیسرائیل بووینە. بەم جۆرە لە زۆربەی سەرچاوەکان، هەروەها لە تەوراتیشدا هاتووە کە جوولەکە لەگەڵ گەلانی دیکەی هەرێمەکە ژن و ژنخوازیان کردووە و تێکەڵی یەکتر بووینە، بۆ نموونە ئاشۆ برایم لەگەڵ ئەوەی سارای هاوسەریشی هەبووە، (هاجەر) میسری بووە و بووە بە هاوسەری، ئاشۆ یوسف لەگەڵ ئەسنات زەماوەندی کرد کە خەڵکی میسر و کچی کاهینێک بوو. ئاشۆ موسا لەگەڵ سەفورای ناوچەی مەدین زەماوەندی کرد.

سامسونی قارەمانی یەهودی لە بنەڕەت فەلەستینی بوو و دایکی پێغەمبەر داوود لە موابیان بوو، بەڵام دایکی ئاشۆموسا هیتی بوو. کچی فیرعەونی میسر و ئافرەتانی موبیان و عەموریان و ئەدومیان و سەیدو نیان و هیتیان ویستوویانە دڵداری لەگەڵ ئاشۆ سلێمان بکەن.

ئیتر ئەوەی پێوەندی بە دڵداری کچان و ژنانی دڵدار بەسلێمانیش هەیە، قسەی زۆری لەسەر دەکرا.

لە ناوەرۆکی (تەورات)یش دەزاندرێت کە لەنێو یەهودیان زۆری ژنهێنان ئاسایی بووە، زۆر جار ژنیان لەگەلانی دیکەش هێناوە کەواتە بەهۆی ئاوارەییان نژادیان لەگەڵ گەلانی دیکە تێکەڵاو بووە، ئەمڕۆکەش ئەم گەلە بەناوچەکانی جیهان لەوانە مەراکش، ئەسپانیا، بەریتانیا و باکووری ئاسیای گچکە، ئەرمەنستان، گورجستان، هەروەها لە ڕۆژئاواش بڵاوبوونەتەوە لە وڵاتانی لە هەستان (پۆڵەندا)، هۆڵەندا و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بۆ ئێران و ناوچەی دیکەی ئاسیا کۆچیان کرد.

ئەمڕۆکەش جوولەکەکان بە دوو چین، یا گرووپی سەرەکی دابەش دەبن! سەفاردیم و ئەشکنازیم.

### بەشی دووەم
### زمان و فەرهەنگی هاوبەش

نووسەر لەم بەشەدا لە زمانی ساکاری مرۆڤ دواوە و دەڵێ: بەپێی پێشکەوتنی میللەت زمانەکەشی دەوڵەمەند بووە و پێشکەوتووە، دواتر کۆمەڵێک بیرو بۆچوونی زانایانی لە بارەی پێناسەی زمانەوە خستۆتەڕوو، ئینجا باسی لە زمانانی هیندو ئەورووپی و دواتر باسی لە زمانانی هیند و ئێرانی کردووە و ئینجا باسی لە شێوە زمانەکانی ئێران و زمانی فارسی و زمانەکانی دیکەی ئێران دەکات و نووسەر وای بۆ دەچێت هەموو زمانانی ئێرانی هەریەکە و لقێکە لەزمانی فارسی وەک زمانی کوردی، ئازەری، بلوجی، سەمنانی، تات، تالش و گێلەک،...تاد.

دواتر دەڵێت زمانی فارسی، بێجگە لە ئێران لە ئەفغانستان، تاجیکستان و بەشێ لە هیند و بەنگلادێش و میسۆبۆتامیا و سەرووی ڕووباری ئاراس و کۆماری ئازربایجان و ئەرمەنستان و قەفقاس قسەی پێ دەکەن و کاریشی لە زمانی گەلانی ناوچەکە کردووە.

لەدابەشبوونی قۆناخەکانی زمانی فارسیش دەڵێت: زمانی فارسی بۆ سەر سێ قۆناغ دابەش بووە!

١- زمانانی ئێرانی باستان ئەم قۆناخە لەسەرەتای نیشتەجێ بوونی گەلان لە ئێران تا ساڵی (٥١٠ ز) دەگرێتەوە کە بریتییە لە زمانانی ماد، سکایی، پارسی، ئاوێستایی.

٢- زمانانی ئێرانی ناوەڕاست کە لە سەدەی (٥١٠ پ.ز) دەگرێتەوە تا سەدەی (٨) زایینی و بەدەرکەوتنی ئیسلام دەگرێتەوە کە بریتی بوو لە زمانی پەهلەوانێک، پاریسیک، سەغدی و خوارزەمی و هی دیکە.

٣- زمانانی ئێرانی ئەمڕۆکە لە سەدەی هەشتەم تاکو ئەمڕۆ دەگرێتەوە، کە زمانی پەهلەوی و فارسی و دەری دەگرێتەوە، نووسەر زمانی کوردیشی هەر بە بەشێک لە زمانی فارسی کۆن دانایە.

### بەشی سێیەم

نووسەر لەم بەشەدا لە فەلسەفەی مێژوو و ژیانی مرۆڤ و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و باری ئابووری ئازربایجان دەدوێت و دواتر باس لە فەلسەفەی ئایینە کۆنەکانی ئازربایجان دەکات.

### پاشکۆ

نووسەر لەم بەشەدا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کورتی لەسەر کۆمەڵگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا کردووە لە دانیشتوانی شار، گوند، هۆزایەتی (کۆچەرایەتی).

دواتریش کۆچەرانی دابەشی سەر چوار جۆر کردووە:

١- کۆچەری مەگەردان: ئەم جۆرەیان بەردەوام لە کۆچکردن دان و هەواری هەمیشەییان نییە.

٢- نیمچە کۆچەر: ئەم جۆرەیان خاوەن مەڕو ماڵاتن لەسەرەتای بەهار دەچنە هەواران.

٣- کۆچەری بەردەوام: ئەمانە دوو هەواریان هەیە گەرمیان و کوێستان ساڵانە شەش مانگ لە گەرمیان و شەش مانگ لە کوێستان بەسەردەبەن.

٤- جۆری چوارەم ژمارەیان زۆر کەمە و جار جارە بەدەردەکەون و لە دەوروبەری شارەکان ڕەشماڵ هەڵدەدەن و بەتایبەتی لە کاتی داهاتی کشتوکاڵی بەدەردەکەون.

ژمارەیەکی زۆر لەم هۆزانە، تاکو ئەمڕۆ بە کۆچەری دەژین وەک: هۆزانی جەلالی، میلان، شکاک، پیران، مامەش، مەنگوڕ، زەرزا،..تاد.

**سەرنج:**

* هۆزان و تیرە و بنەماڵە کۆچەرەکانی ئوستانی ئازربایجانی خۆرئاوا، هەمووی لە ڕەگەزی کوردن بێجگە لە هۆزانی (حەیدەرلو) و (قەرەپاپاق) کە لەڕەگەزی تورکن.

* ئەستر: تاکو ئەمڕۆ جوولەکەکانی کوردستان و ئێران کچانیان بەناوی (ئەستر = ئەستێرە) ناو لێدەنێن بەهۆی ئەوەی ئەستری خێزانی کورش خزمەتێکی زۆری جوولەکەکانی کردووە.

* پادشای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی بێزەنتی کە ناوی قوستەنتینی پاشا بوو لە ساڵی (٣١٣ ز) بەیاننامەیەکی بەناوی بەیاننامەی میلانۆ بڵاوکردەوە و تێیدا ئایینی مەسیحی کردە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆریەتەکەی.

# بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی شانۆی نوژەندا

لێدوانی: کامەران سوبحان
(سلێمانی)

بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی شانۆی نوژەندا ناوی کتێبێکی (١١٥) لاپەڕەیی شانۆکاری دوورە وڵات (سیروان ڕەحیم)ە، لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی چاپ کراوە.

ئەم کتێبە لە حەوت بەشی سەرەکی و پاشبەندێکی وێنەیی و چەند مانشێتێکی کورت پێکهاتووە، بەختیار عەلی پاشەکییەکی کورتی بۆ ئەم هەوڵەی سیروان ڕەحیم نووسیوە، لە پەرەگرافێکی کورتی ئەو پاشەکییەی دا هاتووەو دەڵێت: ئەم کتێبەی سیروان ڕەحیم شاهیدێکی ئەو ڕاستییەیە کە هەوڵێکە بۆ سەفەرێکی خێراو زیندوو بەناوبەشێک لە شانۆ گرنگەکانی دنیادا، سیروان لێرەدا ڕوویەکی دیکەی ئەکتەرو دەرهێنەری کوردمان نیشاندەدات کە پێشتر ئێمە پێی ئاشنا نەبووین، ئێمە هەمیشە شانۆگەری و شانۆکارانمان لە ڕێگەی کتێب و ڕۆژنامەوە ناسیوە، بەڵام ئەوەی شانۆکاری کورد خۆی لەسەرچاوەکان نزیک بێتەوە خەونێکی گران بووە.

لەم کتێبەدا سیروان ترپەکانی ئەو گەشتەی خۆی لە هۆڵی شانۆدا بۆ ئێمەش دەگوازێتەوە، شانۆ کارێکی کورد کە هەلی ئەوەی هەبێت ئەو دیو قەڵا داخراوەکانی قەڵای شانۆی ئەورووپی ببینێت، ئێمەش بکاتە هاوڕێی ئەو گەشتە، شانۆ تەنها ئامادەبوون دروستی دەکات، هەموو لێکترازانێک بۆ شانۆ وەک مردن وایە.... تاد.

(بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی شانۆی نوژەندا) ڕەنگە وەک کتێبێکی میتۆدی و ڕەخنەیی قووڵ تەماشا دەکرێت، بەڵام هێندە هەیە هەوڵێکەو شانۆکارێکی کوردو چەندین ئەزموون و ستایل و میتۆدی شانۆی بەسەرکردۆتەوەو لە نزیکەوە بەو هەوڵانە ئاشنابووە کە ڕەنگە ئێمەی شانۆکاران تەنها لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و بەچەندین دەستی وەرگێڕان ئینجا بەسەرەتایەک لەو ئەزموونانە گەیشتبین، بەڵام ئێستا ئەم شانۆکارە کوردە بەو دەروازانە گەشتووەو دەیەوێت لە چوارچێوەی خۆی دەرچێت و تێکەڵ بە ئەزموونە باڵاکانی شانۆی ڕۆژئاوا بێت.



لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا کە بەناوی (گەڕانی ڕەنگاڵەیی) نووسەر باس لەو هەوڵە خەون ئامێزانەی خۆی دەکات لەسەرەتاکانی خەون بینین و گەیشتن بەو بزاڤ و جووڵە شانۆییانەی کە لە ڕۆژئاوا جێی گرنگی پێدانی ناوەندە هونەری و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانن، هەر بۆیە ئەو هەوڵەی کە سەرەنجام بەم کتێبە کۆتایی هات زۆرێک لە پرۆژەو هەوڵەکانی وڵاتی ئیتالیایە، ئیتالیای ئێستاو ڕۆمای دووەم گەورە شارستانییەتی مرۆڤایەتی (ڕۆماو گریک) دووکۆڵەکەی زۆر پتەوی شانۆ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بۆیە لەو گەشتە هونەرییەیدا نووسەر سەرجەم تێبینی و چاوپێکەوتنەکانی لەتەک

دەرهێنەرانی شانۆگەرییەکاندا ئەنجامداوەو ئەمەش بۆتە هەوڵێکی بەپیتی ئەم کتێبە.

لە بەشی دووەمدا لەپای گۆڕینی جیهانی باودا، عیشق و دەسەڵاتی جەستە: ڕەنگە زۆرجار ئەو پرسیار گەلە بەمێشکماندا هاتبێت کە بڵێین ئەفسوون و گرنگی جەستە لەچیدایە کەوا زۆرێک لەبیرو باوەڕو ئایدۆلۆژیاو پەیامی ئینسانی و میتافیزیکییەکان جەستەیان بەسەنتەری زۆر شت داناوە، زۆرجار جەستە بکەری زۆرێک لە کردارە نێگەتیڤەکانەوە زۆرجاریش جەستە گوزارشتی هەموو کردارە نهێنییەکانی مرۆڤە، ئەو جەستەیە گوتاری شانۆ لە ڕیتوارێکی ناوچەییەوە دەگوازێتەوە بۆ پەیامێکی جیهانی، سەیر نییە کاتێک دوو ئەکتەر بەتەنها ئاخافتن لەسەر شانۆ دەکەن ڕەنگە تەنها ئەوکەسانە لەو دوو ئەکتەرە بگەن کە لەو زمانە دەگەن، ئەگینا کەسانی بیانی هەرگیز نازانن باسی چی دەکەن، بەڵام کاتێک ئەکتەر لە دیمەنێکی سەما، یان لە شانۆیەکی ئاماژەکاریدا لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەون بە گوزارشت و هێمای جەستەیان هەموو سنوورەکانی زمان دەبڕن و زمانی گوزارشتیان بۆ هەموو سنوورە دوورەکانی دنیا دەچێت و هەموو کەس و هەموو بینەرێک بەپێی ئاستی هوشیاری خۆی لەو گوزارشتانە دەگات. ئەی کەواتە سیحری ئەو جەستەیە لە کوێدایە؟

جەستە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ ئەکتەر بۆ ئەوەی ئەو مەبەستانەی کە خۆی هەیەتی بەبینەرانی بگەیەنێت، (جەستەو دەنگ) دوویەکەی زۆر بەهێزی ئەکتەرن بۆ گوزارشت کردن.

هەر ئەکتەرێک نەزانێت جەستەی خۆی بەکاربهێنێت ئەکتەرێکی مردووە، ڕەنگە ئەو قسە زۆر بەناوبانگەی (ئانێت هێمان) بەس بێت بۆ کۆتایی هێنان بەم پەرەگرافە کە دەڵێت: (مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ شتەکانی ترو لەزۆر باردا درۆ بکات، بەڵام ئەو دەمەی ئەکتەرێک لەگەڵ جەستەی خۆی درۆ دەکات ئیتر هەموو شتەکان کۆتاییان پێ دێت).

بەشی سێیەمی کتێبەکە نووسەر باس لەو سەردانەی خۆی دەکات کە لە مانگی تەمموزدا کردوویەتی بۆ شارۆچکەی ڤۆڵتێری هەرێمی (تۆسکانا) لە وڵاتی ئیتالیادا لە چوارچێوەی فیستڤاڵی ساڵانەی ئەو هەرێمەدا چەندین شانۆگەری بینیوە کە بەرجەستەکردن و ستایل تێدا هەمەجۆرە، زۆرێک لەو میتۆدانە بەهەموو هۆکارەکانی گوزارشتەوە جیاوازن، بەتایبەتی زمان، چونکە زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ پێوەندی کردن بە بینەرەوە، زمان ئامرازێکە بۆ جیاوازبوون، هەروەک ئەوە ئاماژەی پێ دەدات ئەو شانۆگەرییانەی پێشکەش کراون بەزمانی ئیتالی نمایشیان کردووە، بەڵام بینەرەکان ئیتالی نەبوون و سەربەنەتەوەی جیاوازن، ڕەنگە بەهیچ شێوەیەکیش ئیتالی نەزانن، هەر ئەمەش وادەکات سیستەمی پێوەندی کردنی گوتاری شانۆیی بکاتە ئاستێکی باڵاو لەبری گوزارشتی زمان گوزارشتی جەستە بکاتە ئاستی باڵا.

مرۆڤ لەکاتێکدا دەتوانێت لە شانۆی (کرۆتۆفسکی)دا کاربکات، کە لە هەلومەرجی ژیانی خۆی خۆشحاڵ نەبێت، گەر مرۆڤ لە ڕەوشی ژیانی خۆی خۆشحاڵ بوو ناتوانێت دەست بداتە کارێکی وا دژوار.

## (کرۆتۆفسکی)

کرۆتۆفسکی تا هەنوکە بەیەکێک لە قوتابخانەو دەرهێنەرو میتۆدە باڵاکانی هونەری شانۆ دادەنرێت لە جیهاندا، ئەو تا ئەوکاتەی کە لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کرد بەردەوام وەک ستایلێکی کراوەو دەوڵەمەند لەشانۆدا دەبینرێت، بەڵام بەمردنی ئەم دەرهێنەرە ئیدی کۆتایی نەهات بە میتۆدی شانۆیی هەژار کە کرۆتۆفسکی دامەزرێنەری بوو، بەڵکو (تۆماس ڕیتشارس) و ئەندامانی (مەڵبەندی کار) درێژە بەو شێوازە شانۆییە دەدەن کە کرۆتۆفسکی نەخشەڕێژی بوو، دیارە قسەکردن لەسەر شێوازو کاری کرۆتۆفسکی لەم چەند لاپەڕەیەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بە قسەگەلێکی بەرفراوانتر دەبێت، چونکە کرۆتۆفسکی لە زۆرێک لە بیریاران و دەرهێنەرانی شانۆی هاوچەرخ قووڵترو بەرفراوانتر لە ڕەگەزە گرنگەکانی شانۆ دواوە لەوانە ئەفسوونی جەستەو چەمکی دەنگ و دەسەڵاتی بینەر لە نمایشێکی شانۆییدا، هەر ئەمەش وای کرد ئەم کەڵەدەرهێنەرە شمولی ترو بەرفراوانتر لەم ڕەگەزانە بڕوانێ کە دواتر لەگەڵ تیمەکەیدا بەرجەستەیان کات.

شانۆکەی کرۆتۆفسکی کە دواتر بە (شانۆی هەژار) ناوبرا زۆر هوشیارانەو بەستوونی و شاوڵی لەسەر ئەکتەر ئیشی دەکرد ئەوەتا (تۆماس ڕیتشارس) خۆی دەڵێت: ئێمە کردەی شانۆی وامان هەیە کە دوو خولەکە، بەڵام ئێمە لە پرۆڤەدا نزیکەی دوومانگ پرۆڤەمان تێدا کردووە، بێگومان ئەمەش ئەوپەڕی وردبینی و بەسەلیقەیی نیشان ئەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگای شانۆدا.

هەموو ئەم ئەزموونانە ڕەنگە بۆ ئێمە بچێتە چوارچێوەی سیستمێکی زمانەوانی و میتۆدییەوە، بەڵام جوانی و گەورەیی ئەم پرۆژە لەوەدایە نووسەری ئەم بابەتە

لە وڵاتی ئیتالیا خۆی بەچاوی خۆی مەشق و ئەزموونە پراکتیکەکانی ئەم گرووپە شانۆییەی بینیوە.

نووسەر لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا هەڵوێستە لەسەر شانۆی سیاسی و ئەزموونەکانی دەکات، کە وەک دوو ئەزموونی زۆر دیاری شانۆی ڕامیاری دەرکەوتن، بەتایبەتی ژودیت مالینا سەرەتا ناوبانگ دەرکردنی تەنها بەرلین بوو، بەڵام دواتر ناوبانگی هەموو کیشوەرەکانی دنیای بڕی و بووەناوێکی دیاری بواری شانۆ.

ئەم ئەزموونە لەشانۆ، چونکە زیاتر لە چەمکە سیاسییەکەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە نزیکە زیاد لە ئاراستەکانی تری شانۆ لەناو بینەردا پێشوازی کرا، چونکە هێڵی نێوان ئەم شانۆیەو بینەران زۆر تەنکەو بینەر زۆر لەم بەرهەمانە نزیکە، دواجار خەون و خولیاکانی چینی هەژاران لەناو سیاقی ئەم پرۆسەیەدا دەخولێتەوە.

لە بەشێکی تردا کە ئەو بەشانۆی ڕۆژنامەوان ناوی دەبات، کەبەشێک لەم ئەزموونانە بەشانۆی شاراوە ناودەبرێت کە ناوەندەکەی لە شاری (ڤولتێرای) وڵاتی ئیتالیایە، دەرهێنەرو بەڕێوەبەری شانۆی شاراوە ژنە شانۆکار (ئانێت هێنمان)ە، کە ژنێکی بەڕەگەز هۆڵەندییەو لەسەرەتای هەشتاکانەوە لە ئیتالیا دەژی.

ئەزموونی شانۆی ڕۆژنامەوان ئەزموونێکی ناباوە لە دنیای شانۆدا، لەم ئەزموونەدا دەق بەمانا باوەکەی هیچ بوونێکی نییە، ئەمان نایەن دەقێکی تایبەت هەڵبژێرن کە نووسەرێک نووسیویەتی، یان ئامادەی کردووە، بەڵکو گرووپەکە بە ئارەزوو و ویستی خۆیان دێن تەرحی گرفت و کێشەیەک دەکەن و دواتریش ئەکتەرەکان دەبنە شکلێک ڕۆژنامەوان و ڕیپۆرتاژو بابەتی ڕۆژنامەوانی لەسەر ئەوبابەتە بە ئەنجام دەگەیەنن، ئیدی دەق وەک دەزگایەکی زمانەوانی و مەعریفی توخمێک دەبێت وەک توخمەکانی تری بەرجەستەکردن لەلایەن بەشدارانی بەرهەمەکەوە دەئافرێندرێت، ئیدی ستافی شانۆگەرییەکەیان (ئەکتەرەکان) لەکۆی هەموو ئەو ڕیپۆرتاژانە دەقێکی شانۆیی ئامادە دەکەن بۆ پرۆڤەکردن. دواتریش ئەم نمایشە دەبرێتە شوێنە قەرەباڵغ و شوێنە گشتییەکان وەک وێستگەی شەمەندەفەرو هێڵی گواستنەوەو سوپرمارکێت، چونکە لەم شوێنانەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کۆدەبنەوەو ئامادەییان هەیە.

لەم ئەزموونانەش نووسەر چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە جگە لە پاشبەندێکی وێنەیی نمایشە شانۆییەکان.

# گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا

**لێدوانی: جەلال سنجاوی**

لەم دواییـەدا کـتـێـبی (گـەڕان بەدوای ژیان لە گـەردووندا) لە دووتوێی (١٦٤) لاپەڕەو لە قـەوارەیەکی گـەورەدا، کـەوتە بەر دیدی ڕۆشنبـیـران و ئاشقانی گەردوونناس و کەلێنێکی بەتاڵی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردەوە.


ئەم کتێبە دانسقەیە کە بەرگەکەی بە وێنەی دابەزینی یەکەم مرۆڤ لەسەر ڕووی (مـانگ) ڕازاوەتەوە، لە ئامـادەکـردنی برای نووسـەر (ئەژی چەتۆ حـەسـەن)ەو لە بڵاوکـراوەکـانی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـانەو لە چاپخـانەی ڕۆشنبـیـری لە هەولێـری پایتـەخت چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کتێبە ناوازەیە پێشکەش کراوە بە ماندوونەناسانی ڕێگای دۆزینەوەی نهـێنییـەکـانی گـەردوون، ئەوانەی بەردەوام بەدوای دەسـتکەوتنی وەڵامی پرسیارەکاندا سڵ ناکەن و کۆڵ نادەن لە پرۆسەی گەڕان بەدوای ژیانێک، یان شارستـانییـەکی هۆشـمـەند لەم گـەردوونە بەرفـراوانەدا بەهیـوای گـەیشتن بە ڕێگایەک بۆ وەدەستهێنانی وەڵامێکی بنبڕ و یەکلاکەرەوە سەبارەت بە بوونی ژیان لەسەر یەکێک لە هەسارەکانی گەلەستێرەی گەردووندا.

سەرچاوەکـانی کـتـێبەکە لە ژمارەیەک کـتـێب و گـۆڤـارەکـانی ئینگلیزی و عـەرەبی ڕێچکە دەگـرن، جگە لەوەی نووسـەر سـوودی لە تۆڕی ئینتـەرنێت و کەناڵە ئاسمـانییـەکانیش وەرگرتووە، وێڕای ئەمەش ژمارەیەکی زۆری وێنەی فەلەکناسان و هەسارەکـان و مەجەڕەی ڕێگای کاکێشـان و گالیسکەی گەڕۆک و تەلسـکۆبەکـان و دەفـرە فـڕیوەکـان و نەیزەکـەکـان و کلکدارەکـان و.... تاد کتێبەکەیان ڕازاندۆتەوە.

لە پێشـەکی کـتـێـبەکەدا دانەر ئاماژە بەوە دەدات کە: «ئادەمیـزاد هەرگـیـز حـەزی نەکـردووە بەتەنیـاو بەگـۆشـەگـیـری لە سـووچێکی ئەم گـەردوونە بەرفـراوانەدا ژیان بەسەرببات، هەردەم هیـواو ئاواتی ئەوەبووە کۆمـەڵگەیەکی ئاسـوودەو پێـشکەوتوو بونیـات بنێ، لەوەش دەچێ کـەوا ئادەمـیـزاد وەکـو بوونەوەرێکی هۆشـمـەند ئارەزووی لە بوونی دراوسـێـیـەکی دیکە هەبێت و هەوڵبدات بە دوایاندا بگەڕێت و پێوەندی لەگەڵیاندا دروست بکات و پردی هاوکـاری و دەسـتی پێـوەندییـان بۆ درێژ بکات، بۆیە وا خـەریکە لە ڕێگەی ئامێرە تازە پێگەیشتـووەکانیدا نامەی کراوەی بەردەوام ئاراسـتـەی بۆشایی گەردوون دەکات، بەو هیـوایەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دراوسێیـەکی دوور یا نزیک وەڵامی نامەکەی بداتەوە!».

کـتـێـبەکە بەسەر (حـەوت)بەش و (حەڤدە) هەنگاو دابەش کـراوە جگە لە دواین وێـسـتگە کـە پرسـیـارگـەلێکی زۆری خـەیاڵی زانسـتی ئاراسـتـەی



خوێنەران دەکات بە ئومێدی کردنەوەی گرێکوێرەکانی گەردوون لە ئایندەیەکی نزیک یان دووردا.
هەنگاوی یەکەمی بەشی یەکەم لە ل١٣ باسی سەرەداوی بەرایی لە دایکبوونی ژیان دەکات لەسەر هەسارەی زەویدا، لەم ڕێڕەوەدا دێتە سەر باسی دروستبوونی گەردوون لە نزیکەی (١٢ تا ١٥) ملیار ساڵ پێش ئێستا بەهۆی تەقینەوەی مەزن (The Big Bang) و بەتێپەڕبوونی چەند قۆناغێک و دروستبوونی چەند پەڵە گازێکی سەرەتایی و دوای خولانەوەی ئەم بارستە گازییانە بە دەورەی خۆیانداو دڵە سەرەتاییەکانی گەلەستێرەکان (GalaXies) دروست بوون کە نزیکەی (٢٠٠) ملیار ئەستێرەی جیا جیای تیایە لەشێوەو قەبارەو دووری و نزیکیدا و یەکێک لەوانە هەسارەی زەوییە.
زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە سەرەتای ژیان لەسەر زەوی «لەنێو دەریاو زەریاکانەوە دەستی پێکردووە، وەک هەندێ جۆرە ماسی سەرەتایی و گیانلەبەرە دەندوکدارەکان و گوڵاڵەی دەریا و مەرجان و هەندێ جۆری پەرەسەندووی دڕکە پێستەکان لە دواییشدا بەدیارکەوتنی گیانلەبەری قەبارە گەورە.».
هەروا لەبارەی پەیدابوونی ژیان لەسەر وشکانیدا نووسەر دەڵێ: «بەپێی لێکۆڵینەوە لەسەر بە بەردبووەکان دەرکەوتووە کەوا لە چاخی جیۆلۆجی (دیڤۆنی)دا، واتە بەر لە نزیکەی ٤ر٥ ملیۆن ساڵدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەسارەی زەویدا ڕووەکی سەرەتایی لەسەر وشکانیدا بەدیار کەوتوونە و پاشان چەندین خشۆکی سەرەتایی لەنێو ئاودا هاتینە دەرەوەو بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی کەش و هەواو ژینگەو گۆڕانە فسیۆلۆژییەکان بۆ گیانداری سەر وشکایی گۆڕاون».
پاشان گیانلەبەرە زەبەلاحەکان (دایناسۆرەکان) پەیدا بووینە، سەبارەت بە ئادەمیزادیش، بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە بواری بە بەردبووە دۆزراوەکانی ئێسقانی مرۆڤ دەرکەوتووە کەوا دوای کۆتایی هاتنی چاخی (سەهۆڵی زوو) واتە لە ١ تا ٣ ملیۆن ساڵدا لەسەر هەسارەی زەوی بەدیارکەوتووە، ئەگینا بارودۆخی کەش و هەوا بەر لەو کاتەدا لەبار نەبووە بۆ گوزەرانی ئادەمیزاد.
پاش جێگیربوونی مرۆڤ لەسەر هەسارەی زەوی و دەست پێکردنی خەبات و ململانێی لەگەڵ ژینگەو دەوروبەر و ڕوانین بۆ ئاسمان و بیرکردنەوە لە نهێنییەکانی گەردوون، لێرەدا نووسەری «گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا» ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکمان دەکاتەوە: ئایا ئێمە بەتەنیاین لەم گەردوونە؟ ئاخۆ کەسی دیکە هەیە وەکو ئێمەی داهێنراوی خوای باڵا دەست ژێر تر یان دواکەوتووتر بێت لە ڕووی زانست و تەکنەلۆژیاوە؟ چ لەنێو سنووری گەلەستێرەکەمان بەتایبەتی، یان لەنێو دوورگە گەردوونییەکانی دیکە بەگشتی.... ل٢١.. ئاشکرایە زانستی فەلەکناسی (Astronomy) ڕێ نیشاندەری مرۆڤە بەرەو بۆشایی ئاسمان و بەشێکی بچووکی ئەم گەردوونە جەنجاڵە کە بەگوێرەی تەلەسکۆبی (هابڵ)ەوە توانراوە (٢٠٠) ملیار ئەستێرەی جیاجیا مەزەندە بکرێ و تا ئەمڕۆش توانراوە (٢٢٥)ملیار گەلەستێرە بە جیاوازی شێوەو تەمەنەکانی بدۆزرێتەوە.
لە ل٣٨ی «گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا» دەڵێ:
«کەوابوو لەنێو گەلەستێرەیەکی وەکو ڕێی کاکێشان و لەکۆی زیاتر لە (٢٢٥) ملیار گەلەستێرەی دیکەو لەنێو سەدان هەزار ئەستێرەی وەکو خۆردا، هیچ بەدوور نازانرێت کەوا هەندێکیان خاوەن هەسارەی وابن کە ژیان لەنێویاندا هەبێت.».
ئاشکرایە نۆ هەسارە هەیە بە دەوری خۆر دەسووڕێنەوە کە هەسارەی زەوی پاش (عەتارد و زوهرە) بە پلەی سێیەم دێت لە دووری لەخۆر، بەڵام زانایان ساڵانێکی زۆرە مەزەندەیان بۆ ئەوە دەچێ کە ژیان لەسەر یەکێک لەو هەسارانەدا هەبێت، کەچی سیماکانی بوونی ژیان تاوەکو ئەمڕۆ لەنێوان بوون، یان نەبوون لە هەسارەکان یەکلانەکراوەتەوە، تەنها ئەوە نەبێت پاش هەوڵدانێکی زۆر و دابەزینی مرۆڤ لەسەر مانگ، گالیسکەی (لونار پریس پێکتەر) ڕووبەری ئاوی لەژێر ڕووی مانگدا دۆزییەوەو لەساڵی (١٩٩٨)یش گالیسکەی (Nasa) بۆ یەکەم جار توانی عەمبارە ئاوێکی مەزن لەژێر چەندین ناوچەی مانگدا بدۆزێتەوە.
هەروەها لەسەر هەسارەی (مەریخ) گالیسکەی (مارس- ئۆدیسی) لە ساڵی (٢٠٠٢) عەمبارێکی زۆر مەزنی سەهۆڵی ئاوی دۆزییەوە تەنها لە قووڵایی (١ تا ٥و١) مەتر لەژێر ڕووی خاکی مەریخ، ئەگەرچی تاوەکو ئەمڕۆ لە ڕێگای گالیسکە نێردراوەکان بۆ (مەریخ) هیچ هێمایەکی بوون، یان نەبوونی ژیانمان نەدۆزیتەوە، بەڵام یەکێ لە دۆسیە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی مەریخ، دۆزینەوەی چەند پێکهاتەیەکی (مایکرۆبی) شێوە ئەندامی بوو لەنێو دوو پارچە بەردی نەیزەکی مەریخ کە لە ساڵی (١٩٨٤) لە نێو بەفری کیشوەری بەستووی باشووری زەوی دۆزراوەتەوە تێیدا شێوازێکی زۆر نزیک

لە کرمێکی بە بەرد بوو لەنێو سلایدێکی وەرگیراوی زۆر تەنکی بەردەکە دۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانایان هیوایان بە مەریخ گەلێ زۆرە بۆ لە باوەش گرتنی مرۆڤ لە ئایندەدا و (ناسا- Aasa)ش مژدەی ئەوەی داوە کە چاوەڕوان دەکرێت دامەزراندنی یەکەم نشینگەی مرۆڤ لەسەر هەسارەی سوور (مەریخ) لە کۆتاییساڵی (٢١٠٠) تەواو ببێت لە لەبارترین ناوچەی ئەم هەسارەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە نزیکەوە تاقیکردنەوەکانی ئەنجام بدات و بەدوای ژیان بگەڕێت، چونکە ئەم هەسارەیە تا ڕادەیەک لەگەڵ هەسارەی زەوی لەخاڵی وێکچوون بەشدارە.

لەبارەی بوون یان نەبوونی ژیان لەسەر هەسارەی (زوهرە) کە بە (جمکەی زەوی) دەناسرێت، نووسەر لە ل٦٢ی کتێبەکەدا دەڵێ: «ئەگەرچی (زوهرە) خاوەن بەرگە هەوایەکی چڕو پەستانێکی هەوایی قورس و پلەیەکی گەرمی بەرزە، بەڵام لەبەر توندڕەوێتی ئەو سێ لایەنە گرنگە زانایان بیر لەوە ناکەنەوە ئاخۆ ژیانێکی ئاسایی هەبێت» بەهەمان شێوە لەنێو هەسارەکانی (موشتەری، زوحەل، ئورانوس، نیپتۆن، پلۆتۆ).

لەم سەروبەندەدا پێویستیمان بە دەستپێکێکی ئەکادیمییانە هەیە بۆ گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا، چونکە دوای ئەنجامدانی گەشتەکەمان بەنێو سیستەمی خۆردا، سەلمێنرا کەوا ژیانی هۆشمەند تەنها بە نوێنەرایەتی ئادەمیزادە، نووسەر لە ل٨٩ی کتێبەکەیدا دەڵێ: «بەهەر حاڵ، گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ژیانێکی هۆشمەند، یان ساکار ئەمڕۆ کارێکی ئەستەم و گرانە، تەنانەت لە سنووری ئەستێرە دراوسێیەکانیشمان، بەڵام ئارەزوو و خواستی ئەنجامدانی ئەم ئامانجە تەکانێکی گەورەی پێدرا کاتێک فەلەکناسی ئەمریکی فرانک دراک Frank Drake پلانێکی زانستی -تیۆری- ماتماتیکی بۆ ئەم ئامانجە خستەڕوو بۆ ئەوەی ببێتە بنەماو ڕێنیشاندەرو سەرچاوەو پلانێکی کارکردن بۆ داهاتوو لەپێناو دۆزینەوەی شارستانییەتێکی دەرەکی لە گەردووندا».

بەشی پێنجەمی کتێبەکە تایبەتە بە (لەزەوییەوە بۆ دراوسێیە هەرە دوورەکانی!) ئەویش هەنگاوی پراکتیکانەیە لەمەڕ گەڕان بەدوای شارستانییەتە هۆشمەندەکانی نێو گەلەستێرەکەمان بەهۆی:

١- ناردنی نامە لە ڕێگای شەپۆلە ڕادیۆییەکانەوە بەهۆی دەفرە زەبەلاحەکان.

٢- ناردنی نامە لە ڕێگای هەڵکەندن لەسەر لەوحی ئەلەمنیۆمی، یان تۆمارکردنی دەنگە جیاجیاکانی مرۆڤ و ئاژەڵ لەسەر دیسکێکی ڕووپۆش کراو بەزێڕ بۆ پاراستنی لە کاریگەرە دەرەکییەکان و ڕەوانەکردنی دیسکەکە بەهۆی دەفرە زەبەلاحەکان هەروەک ئەو نامانەی بەهۆی (دەفری ئەریسیبۆ) نێردرا لە یەکێک لە نامەکان دەڵێ: (خۆر هەیە... هەسارەشی بەدەوریدا دەخولێتەوە... ئەمەش هەسارەی سێیەمە... ئێمەش دانیشتوانی سەر ئەم هەسارەیەین).

لە ل١١٤ کتێبەکە باسی دیاردەی دەفرە فڕیوە نەناسراوەکان دەکات لەگەڵ تۆمارکردنی ژمارەی باری بینینی ئەو دەفرانە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا، ئایا ئەو دەفرانە ڕاستین، یان خەیاڵی؟ کە لەو سەردەمەی پێشکەوتووی زانست و تەکنەلۆژیای گەیاندن و بوونی سەدان مانگی دەستکردو ڕادار و تەلەسکۆبی زەبەلاح نەتوانراوە تەنها یەک وێنەی فۆتۆگرافی، یان دیمەنێکی ڤیدیۆیی ئەو دەفرانە تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی بکرێتە بەڵگەی بوونی دەفرەکان.

لەم سەردەمەی ئێستاشماندا لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و بەرازیل و سویسرا و کوردستانی خۆشمان لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧ و ١٩٩١) دیاردەی بینینی تەنی ئاسمانی «دەفرەکان» تۆمارکراوە، بەڵام تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە بەڵگەیەکی ڕاست و بەرجەستەی هەبێ بۆ ڕازیکردنی بەرامبەری بەدیتنی دەفرەکان.

کەواتە ئەم هەنگاوەش بە مەبەستی (گەڕان بەدوای ژیان لە گەردووندا) دەبێتە بڵقی سەر ئاو.

بەهەر حاڵ، ئایا چی دەبێت ئەگەر بەتەنیا لەم گەردوونەدا بژین؟ ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر شارستانییەتێکی دیکەی هۆشمەندمان دۆزییەوە؟ ئاخۆ دەبێ ئەوان بە دراوسێیەتی ئێمە ڕازی بن؟ یان ڕاستییەکان بە پێچەوانەی خەونە ئەرخەوانییەکانمان دەبێت؟!

ئومێدەوارین زانایانی ماندوونەناسی ڕێگای دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون لە ئایندەدا وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بدەنەوەو دەروازەی ئومێدو ئاواتەکانمان بۆ بکەنەوە.





# ئەلفرێدا یێلینک به داهێنان و جیاوازییه‌كه‌ی خەڵاتی نۆبڵی بردەوە

کاوه عه‌بدولكه‌ریم شێروانی
(كۆلێژی ئاداب - زانكۆی سه‌لاحه‌دین)

چەند دەیەیەک لەمەوبەر زۆربەی ئەوانەی سەروکارێکیان لەگەڵ خوێندنەوە و ڕۆشنبیریدا هەبوو، هەر لە قوتابییەکی زانکۆوە بگرە تا کۆلکە خویندەوارێک، داهێنەرەکانیان دەناسی و جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕیان بوو، بەتایبەتی ئەو داهێنەرانەی خەڵاتێکی نێودەوڵەتیان دەبردەوە. ئەمە چونکە بوارەکانی داهێنان زۆر تەسک بوون و ژمارەی داهێنەرەکانیش کەم بوون. کەس نەبوو نەزانی کێ کارەبا یان تەلەفۆنی داهێناوە، کێ بۆ یەکەم جار زانیویەتی زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، کێ خەڵاتی نۆبڵی لە زانست یان ئەدەب وەرگرتووە، بەڵام ئەمڕۆ بوارەکانی داهێنان زۆر فراوان بوینە، زانستەکان لقوپۆپێکی زۆریان لێ بووەتەوە و تایبەتمەندییان وەرگرتووە، ئەدەب بە سەدان قوتابخانە و ڕێباز و شێواز و جۆری لێ پەیدا بووە. نووسەران هەریەکە و تایبەتمەندییەکی وەرگرتووە و خۆی بە گۆشەیەکی بەرتەسک خەریک کردووە، لەلایەکی تریشەوە، بە هەمان شێوە خوێنەری گشتگیریش نەماوە، هەر خوێنەرە و حەز و خولیا و گرنگیپێدانەکانی خۆی لە گۆشەیەک دەبینێتەوە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە. زۆر زەحمەتە ئەمڕۆ خوێنەرێک هەموو داهێنەرەکانی بوارە جیاجیاکانی زانست و هونەر و ئەدەب.. بناسێت. ئەمڕۆ لەبەر زۆربوونی لە ڕادەبەدەری داهێنانەکان و سەرقاڵی و نەبوونی کات ئەستەمە خوێنەر بتوانێ بە هەموو داهێنانەکان ڕابگا.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە ژمارەی نووسەران و هۆکارەکانی گەیاندن و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ئەوەندە زۆر بوونە هەرگیز تاکێک، یان دەتوانین بڵێین دەزگایەکیش ناتوانێ ئاگای لە هەموویان بێ و بەسەریان کاتەوە. بۆیە زۆر زەحمەتە نووسەر و داهێنەری چاک و هەڵکەوتوو بناسرێتەوە، دەرهێنان و دەستنیشانکردنی نووسەری هەڵکەوتوو و ناوازە لەنێو ئەو ئاپۆڕە زۆرەی نووسەران و داهێنەران کارێکی زۆر زەحمەتە، هەتا ئەگەر

بابای داهێنەر زۆر دیار و ناوازە و جیاوازیش بێ. پێم وایە لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکارییانەدا، ساڵ بەساڵ ئەرکی ئەکادیمیای سویدیش، لە دەستنیشانکردنی کەسی شیاو بۆ پێدانی خەڵاتی نۆبڵ لە بوارە جیاجیاکاندا، قورستر دەبێ. هەڵبژاردنی ئەلفریدا یێلینک بۆ خەڵاتی نۆبڵی ساڵی (٢٠٠٤) لە بواری ئەدەبدا بە پلەی یەکەم بۆ جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە. یێلینک لە بیرکردنەوە و نووسینەکانیدا لەگەڵ نووسەرانی تر جیاوازە: هەندێ مەسەلەی وروووژاندووە، لەوانەیە بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا زۆر کۆن بن و هەر باویشیان نەمابێ، بەڵام ئەو پێی وایە کە ئەم گرفتانە بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی نوێ خۆیان هێناوەتەوە ناو کۆمەڵگای ئەوروپی بۆ نموونە وەکو کێشەی دەسەڵات و چینایەتی. لەلایەکی ترەوە هەندێ مەسەلەی تری وروووژاندووە، لەوانەیە بابایەکی ڕۆژهەڵاتی وەکو من هەرگیز بڕوا نەکا لە ئەوروپا شتی وا هەبێ، بۆ نموونە هەندێ شێوازی نوێی لادانی سێکسی وەکو مەغزاکانی سادیزم و سەرکوتکردنی سێکسی لە ڕۆژگاری مۆدێرنی نەمسادا.

لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین سەرەداوەکانی ناوازەیی و جیاوازی یێلینک بدۆزینەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی هەندێ لایەنی ژیانی کارەکتەرەکانی بەتایبەتی لە ڕۆمانی (مامۆستای پیانۆ)دا. ڕۆماننووس و شاعیر و درامانووسی نەمساوی ئەلفریدا یێلینک بەدیدێکی جیاواز و شێواز و ناوەڕۆکێکی نوێیەوە هاتۆتە نێو ناوەندی ئەدەب و داهێنانەوە، سەرەڕای مەغزاکانی لە بارەی سەروەرێتی و ملکەچی کە دووشتی کۆنتراستن، زۆرجاران بەنووسەرێکی فیمینستی دادەنرێت، هەرچەندە لەبەرهەمەکانیدا بە ئافرەتانی هەڵنەگوتووە بەڵکو ڕۆڵی لاوەکی ئافرەتانی بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن و قۆرخکردن لە کۆمەڵگا چینایەتیەکاندا، بە ئەوروپاشەوە، ڕوون کردۆتەوە.

لە ڕۆمانی (خرۆشان ١٩٨٩) باس لە خاوەنی کارگەیەکی کاغەز دەکات، کە چاوچنۆکێکی برسی پارە و سێکس بوو، لێرەدا نووسەر بەهاوتەریبی سەیری چڵێسی پارە و سێکس دەکا و دەیەوێ بڵێ پێوەندییە سێکییەکان لە کۆمەڵگا چینایەتیەکاندا بناغەی دەسەڵاتن. لە ڕۆمانی (کاتە سەرسوڕهێنەرەکان ١٩٨٠)دا کەڤاڵێکی لە ژیانی ڕەنجەڕۆیی تاوانبارە هەرزەکارەکان پیشان داوە. پارێزەرێک لە پارکێکی گشتیدا لەلایەن چوار هەرزەکارەوە دارکاری دەکرێ و وەبەر شولاقان دەدرێ. ئەم قارەمانانە بۆ پارە لێی نادەن



بەڵکو لەبەر بیروباوەڕەکەی، «پاشان پۆلیس هات! بەڵام کەس گوێی پێ نەدا.

یەکێک لە هەرزەکارەکان (ئانا) هاتنی پۆلیس بە پاساو دادەنێ بۆ لێدانەکە، چونکە ئەو دژی پۆلیس بوو، کە هەمیشە ئاژاوەچییەکان وان». لەم ڕۆمانەدا یێلینک بە چاوی ڕەخنەوە سەیری فەلسەفەی بوونایەتی (Existentiulist) دەکات: یەکێک لە کارەکتەرەکان ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ئەلبێرت کامۆ (نامۆ ١٩٤٢) دەخوێنێتەوە کە تێیدا توندوتیژی و پیاوکوشتن ڕێگایەکە بۆ هەڵاتن لە دەست بێ مانایی ژیان و بوون.

ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (مامۆستای پیانۆ) یەکێکە لە ڕۆمانە مەزنەکانی ئەم سەردەمەی ئێستای ئەوروپا. مەغزاکانی سێکسی سادیزم و سەرکوتکردن لە ڕۆژگاری ئێستای نەمسادا تیایدا بەرجەستەیە، چیرۆکێکە دەربارەی تارمایی کوشندە و ڕەشبینی لەزەتوەرگرەکان، ئەوانەی هیچ شادی و خۆشی و خرۆشانێک گیانی بەتاڵیان پڕ ناکاتەوە و لە کرداری سێکسیشدا لەزەت لە ئازاردان وەردەگرن. ئیریکا مامۆستایەکی پیانۆیە لە پەیمانگای هونەری مۆسیقا لە ڤییەنا، تەمەنی نزیکەی چل ساڵێکە و هێشتاش لەگەڵ دایکی دەژی، بەڵام چ ژیانێک، ناتەبایی و تێکنەگەیشتن باڵی بەسەر ئەم پێوەندییە کێشاوە. دایکەکە ئافرەتێکی زۆردارە و دەیەوێ ژیانی کچەکەی داگیر بکا، بە زۆر دەیەوێ ئیریکا بکاتە پیانۆژەنێکی بەناوبانگ و سەرکەوتوو، بەڵام پێدەچێ ئیریکا ئەم ئاراستەیەی پێ خۆش نەبێ. لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە ئەم بەهرەیەی تیادانەبێ یانیش لە ڕقی دایکی وابکا، بەهەرحاڵ ڕۆژ بە ڕۆژ یاخیبوونەکەی خۆی زیاتر وەردەردەخست، تا وای لێهات شەوانەش نەدەهاتەوە ماڵێ. بە مانەوەی شەوانە لە دەرەوە فێرە خوویەکی سەیر بوو، ئەویش ئەوەبوو کە شەوانە دەچووە سەیری ئەو پێشانگایە سێکسییەی کە بە نهێنی لەژێر پردێک لە گەڕەکێکی لابەلای ڤییەنا ئەنجام دەدرا. لەوێرا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەیری کرداری سێکسی دەکرد، تەنیا ئافرەتێکیش بوو لەوێدا خۆی کاری سێکسی نەکا، لەدوایدا وردە وردە خولیای سەیرکردنی فیلمەکانی ئازاردانی سێکسی کەوتە مێشکی، وادیاربوو زۆر تام و چێژی لێ وەردەگرت. لە پاشان تووشی خوویەکی سەیرتر هات؛ لە درەنگانی شەوێدا دەچوو بە دزییەوە سەیری ڕاموسانی نێوان ئاشقەکانی دەکرد. لەوانەیە ئەمانە بەشێکی زۆریان ئەنجامی هەڵسوکەوتی دڵڕەقانەی دایکی بێ، بەڵام

بەشێکیشی بگەڕێتەوە بۆ پێوەندییە پێشینەکەی لەگەڵ کوڕێکدا، کە لەم پێوەندییە سەرکەوتوو نەبوو. لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا نووسەر باسی کوڕێکی زیرەک و قۆز و خاوەن لەشێکی وەرزشی دەکات، کە کەوتۆتە داوی خۆشەویستی ئیریکای بە تەمەن لەخۆ گەورەتر.

ئەم کوڕە قوتابی خۆی بوو (لێرەدا لە سەرەتای ڕۆمانەکە خوێنەر وا هەست دەکات، لەوانەیە ئەم پێوەندییە گەشە بکاو ببێتە پلۆتی سەرەکی ڕۆمانەکە، ڕۆمانەکەش ببێتە چیرۆکێکی ئاشقانەی نێوان کوڕێک و کچێک، حەز و ئارەزووەکان، لەزەت و ئازاردانە سێکسییەکان لەم پێوەندییە پیشان بدرێت) بەڵام وانەبوو، ڕۆمانەکە بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت (کە من پێم وایە ئەمەش لایەنێکی تری جیاوازی نووسەرە). لە کۆتاییدا کوڕەکە دەگەڕێتەوە ناو هاوڕێ قوتابییەکانی خۆی و لە سەرکەوتنەکانی خۆی بەردەوام دەبێ، دایکەکە وردە وردە دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا، ئیریکاش لە تاریکییەکەی خۆیدا بەردەوام دەبێ..

یێلینک بەم شێوەیە باسی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی دەکا: ئیریکا ئافرەتێکە ئامێری سێکسی پیاو دەپەرستێ، مافی مێیینە داگیردەکا و ژیانی خۆشی لەپێناو بەخت دەکا..

ئەم ڕۆمانە لەلایەن مایکل هانێکی دەرهێنەرەوە کراوە بە فیلم و ئەستێرەی فیلمەکەش ئیزابێک هەبێرت بوو، لە فیستیڤاڵی کانی سینەمایی بۆ فیلم لە ساڵی (٢٠٠١) خەڵاتی سەرەکی بردۆتەوە.

کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵ ڕۆمانی «مامۆستای پیانۆ» بە ژیاننامەی خود (ئۆتۆبایۆگرافی) ناو دەبات، بەڵام یێلینک بەمە ڕازی نییە و نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەم ڕۆمانە لە ژیانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێ. لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (من حەز ناکەم وەڵامی ئەمە بدەمەوە و حەزیش ناکەم ڕۆمانەکەم وەکو ژیاننامەی خود سەیر بکرێ، هەر چەندە چەند توخمێکی ئۆتۆبایۆگرافی تێدایە، ئەمەش زۆر سروشتییە).

لێرەدا لەگەڵ ئەم قسانەی یێلینک دەگەینە ئەو ئەنجامەی، لەوانەیە چەند وێکچوونێک لەنێوان ئیریکای پاڵەوانی ڕۆمانەکە و نووسەردا هەبێت. ئەگەر سەیری ژیانی نووسەر بکەین دەبینین ئەویش هەروەکو ئیریکا، دایکی ویستوویەتی بە زۆر فێری پیانۆ و ئۆرگ ژەنینی بکات، هەروەها ژیانی نووسەر، هەروەکو ژیانی پاڵەوانەکەی ڕادیکاڵیانە گۆڕاوە. کاتێکیش نووسەر کیژۆڵەیەک بووە، هەروەکو ئیریکا، وازی لە مۆسیقا



هێناوە، بەڵام دەستی بە نووسین کردووە.

هەرچەندە سکرتێری گشتی ئەکادیمیای سویدی، هۆراس ئنگدال دووپاتی کردەوە کە ئەم خەڵاتە نابێ بەشێوەیەکی سیاسییانە ڕاڤە بکرێ، بەڵام یێلینک لەدوا شانۆنامەیدا بەناوی (بامبیلاند) کە لە ساڵی (٢٠٠٣) نووسیویەتی، هێرشێکی توند دەکاتە سەر جەنگی ئەمریکا لە عێراق. لە دوای ئەم شانۆنامەیەش، پاش وەرگرتنی خەڵاتەکە، شانۆنامەیەکی تری وەدەرکەوت بەناوی «بابل»، لەم شانۆنامەیەدا باس لە گیراوەکانی زیندانی ئەبوغرێب دەکات، لە هەمان کاتیشدا باس لە شێواندنی جەستە (لووت و گوێ بڕین)ی ئەمریکییەکان دەکات لەلایەن تیرۆرستەکانەوە لە فەللوجە. کاتێک ئەلفرێدا یێلینک زانی خەڵاتی نۆبلی پێ بەخشراوە گوتی (ئەم خەڵاتە یان پێ بەخشیوم بۆ ئەوەی کارەکانم بنرخێنن، نەک لەبەر ئەوەی ئافرەتم) و ناوی لێنا (گەورەترین شەرەف). پاشان باسی ئەوە دەکات کە چۆن خەڵک و دۆست و برادەرەکانی بە لێدانی زەنگی دەرگا و تەلیفۆنەکەی بێزاریان کردووە و بڕیاری داوە بۆ ماوەیەک خۆی بزر بکا.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم خەڵاتە چەکێکی بەنرخی نزیکەی یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار دۆلاری بۆ دابین کرد، بواری ئەوەشی بۆ ڕەخساند کارەکانی بگەنە خوێنەرانی ئەمریکا (پێدەچێ یێلینک ئەمەشی زۆر لا گرنگ بێ)، چونکە بازاڕی ئەمریکا پێشتری زۆر بەزەحمەتی کارە وەرگێردراوەکانی یێلینکی دەگەیشتێ. پیتەر ئایرنۆتی بەلاڤکاری کتێب لە چاوپێکەوتنێکدا لە پێشانگای کتێب لە فرانکفۆرت گوتی: (من هەوڵم دەدا بلاڤکارانی ئەمریکا گرنگی بە کارەکانی بدەن، بەڵام ئەوان دەیانگوت ئەو (یێلینک) زۆر خەمۆکی و ڕەشبین و لادارە، یان زۆر مچومۆڕە، وای بۆ دەچوون کاری ئەم جۆرە نووسەرانە بازاڕی نەبێت.. ئەم ئافرەتە نووسەرێکی زۆر داهێنەر و جیاوازە، لە هەردوو لایەنی شێواز و ناوەڕۆک. ڕۆمانەکانی زۆر ئاسان نین، با خەڵاتی نۆبڵیشی وەرگرتبێ، ئەمە نابێتە هۆی بازاڕ پەیدا کردن).

ڕەخنەگران زۆربەی بەرهەمەکانی ئەلفرێدا یێلینکیان بەسەر کردۆتەوە، هەندێکیان تۆمەتی لادانی سێکسی و ماسۆکیزمیان دەدایە پاڵ، هەندێکی تریان پێیان وایە دراماکانی یێلینک بەردەوامیان بە دژە شانۆی تەقلیدی داوە کە لەلایەن بێرتۆلد برێخت هاتۆتە کایەوە و ئەو وەهمانە ڕەفز دەکاتەوە کە دووریبیەکیان لەنێوان جەماوەر



و ئەکتەر دروست دەکرد، کۆمەڵێکی تر پێیان وایە کە یێلینک زیاتر نووسەرێکی ناوچەیی بووە نەک جیهانی، چونکە لە بەرهەمەکانیدا زیاتر گرفت و کێشەکانی نەمسا بەرجەستە بووە. هەندێکی تر پێیان وایە پێوەندیەکی خۆشەویستی/ ڕق لەنێوان یێلینک و نەمسا هەبووە، هەرچەندە شانۆکانی لە نەمسا پیشان دەدران و چەند هەستێکیشی تێدابوو بۆ وڵاتەکەی، بەڵام ئەو بەخۆی دەڵێ: (ئەمە تەنیا خۆشەویستییەکە بۆ ڤییەنا و چەند شوێنێکی تر، بەڵام من هەستی نیشتمانپەروەریم بۆ ئەم وڵاتە نییە).

لە کۆتاییدا، ئەلفرێدا یێلینک، ئەگەر نووسەرێکی ناوچەیی بێت یان جیهانی، لادەر بێ یان کۆنزەرڤەتیڤ چەپڕەو بێ یان ڕاستڕەو... گرنگترین شت، ئێمە لە خوێندنەوەی ژیان و بەرهەمەکانی گەیشتینێ بە تایبەتی لە ڕۆمانی (مامۆستای پیانۆ)، ئەوەیە نووسەرێکی جیاواز و داهێنەر بوو.

**سەرچاوەکان:**

١- ڕۆمانی (The Piano teacher) کە لەلایەن Joachim Neugroschel کراوەتە ئینگلیزی و من لە ئەنتەرنێتەوە کورتەیەکیم خوێندۆتەوە.

٢- File://C: /WINDOWS/ Desktop/ Elfride %20 Jelink-htm.



# یێلینک: نۆبڵێک بۆ فێمێنیزم

ئا: سلێمان ڕەسووڵ

«یێلینک» ژنە نووسەرێکی بە ڕەچەڵەک چیکییە و بەردەوام لە دەرەوەی هێڵی پانی و درێژیی سنوورەکانی نووسین کایە دەکات، بەسەر بەرزییەوە خۆی لەو ڕەوتە باوانەی نووسین لادەدات و بەرگری لە بیکیت و کافکا دەکات. یێلینک ئافرەتێکە خیانەت لە ناسنامە نەمساییەکەی خۆی دەکات، ئەو وڵاتەی خاوەنی مێژووی نازیزمە. ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکەی خۆی دەبێتەوە، ئەو کۆمەڵگایەی پاڵی پێوەدەنێت ڕووەو زۆنگاوەکانی سیاسەت و پۆرنۆگرافیا و دارمانی ببات.

بێگومان بۆ کەسانێک کە ئاگاداری ڕەوشی ڕۆشنبیریی نوێ و بزاڤی کولتووری نەمسا نەبن، پێیان وایە یێلینک شایانی خەڵاتێکی گەورە و ناوداری نۆبڵ نییە کە ساڵانە ئەکادیمیای سوێدی بە کەڵەنووسەر و بیریارانی جیهانی دەبەخشێت، چونکە یێلینک بەر لەوەی لە ڕێگای وەرگرتنی ئەو خەڵاتەوە ناوەکەی ئەم سەر و ئەو سەری دنیاش بکات، لە وڵاتەکەی خۆیدا نزیکەی (٣٠) خەڵاتی ئەدەبی پێدراوە. یێلینک نووسەرێکە بەردەوام لە هەڵوێستی سیاسیدا بزاوت و جێگۆڕکێ دەکات، هەموو دەمیش لە ڕیزی چەوساوەو زوڵم لێکراواندایە.

ئەو کەسێکی چەپڕەوەو ڕووبەڕووی ڕاسترەوی دەستڕۆیشتووی نەمسا دەوەستێتەوە، فێمێنیستەو لە دژی دەسەڵاتی ڕەهای پیاوسالاری نێو کۆمەڵگای پاتریارکی دەوەستێتەوە، ئافرەتێکی ئەوروپی دژە ئەمریکییە.

ئەو بەردەوام لەلایەن ڕەخنەگرانەوە سەرزەنشت دەکرێت و بەوە تۆمەتبار دەکرێت گوایە نووسەرێکی پۆرنۆگرافی و بەدڕەوشتە و برەو بە ئەدەبی ئاست نزم و کەمبەها دەدات، کەچی لە ڕاستیدا نووسەرێکی ڕەوشت بەرزەو لە ڕێگای نووسینەوە کەموکووڕییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەخاتە ڕوو و دەزگا دەوڵەتییەکان شەرمەزار دەکات.

ئەلفرێدا یێلینک لە دایک و باوکێکی تێکەڵە هاتۆتە دنیا، باوک یەهودی و دایکیش کاتۆلیکی، باوک چیکی و دایک نەمسایی، باوکێکی هەژار و دایکێکی بۆرژوازی، باوکی یێلینک پیاوێکی چەپڕەو بوو، بۆیە بەهیچ شێوەیەک فێری یەک وشەی ئایینی نەکردووە، بۆیە یەهودییەتەکەی تەنیا بەناو بوو، لەلایەنی مەسیحیشەوە دایکی ڕەوانەی پەیمانگای سیون-ی دەکات، بۆ ئەوەنا تا فێری بنەماکانی ئایینی مەسیحی بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەو پەیمانگایەدا بەشێک هەبوو بۆ فێربوونی مۆسیقاو سەماو زمانی فەڕەنسی. یێلینک وەکو کافکا سلاڤییە، بەڵام بە زمانی ئەڵمانی دەنووسێت، بۆیە هەندێک هاوشێوەیی لەگەڵ کافکادا هەیە وەکو: ترسێکی قووڵی میتافیزیکانە، ترس لەو



هێزە نهێنی و شاراوەیەی نێو جیهان، ترسێکی تێکشکێنەر، بۆیە ئەو سەرەڕای ئەوەی ئافرەتێکی شەفاف و لەرزۆکە، ئەگەرچی داڕماو و تەنیایە، بەڵام بە گەورەییەوە ڕووبەڕووی ئەم هەموو ترسە دەبێتەوە.

یێلینک ساڵی (١٩٤٦) لە شاری ڤیەننای نەمسا لە دایک بووەو یەکەم ڕۆمانی بەناوی (ئێمە باڵندەی ورووژێنەرین بچکۆڵەکەم) نووسیوە، ئەم ڕۆمانەی لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر سەخت و دژواردا نووسیوەو بەتەواوی لە کۆمەڵگا دابڕاو بووەو لە ملململانێیەتی توندیشدا بووە لەگەڵ دایکیدا، بۆیە دەقەکەی زیاتر لە گوتارێکی ئەخلاقی دەچێت و ڕووەو ئەوە هەنگاو دەنێت نهێنی و ئابڕووچوونەکانی کۆمەڵگاکەی بخاتە ڕوو لەبری ئەوەی بیانشارێتەوە، بۆیە ئەو ڕۆمانەی چەندین دیمەنی سێکسی توندی تێدایە کە خوێنەر دوچاری ڕق و بێزکردنەوە دەکات زیاتر لەوەی دوچاری ورووژاندنی بکات و هەستی سێکسی لەلا بجوولێنێت، هەر بۆیەش کۆمەڵگای نەمسایی بەتوندی دژی خۆی و ڕۆمانەکەی وەستانەوە، بەشێوەیەک سیاسەتمەداران دەسەڵاتدارەکانیش هاتنە نێو مەسەلەکە و سەرکۆنەیان کرد گوایە خەریکە ئابڕووی کۆمەڵگای نەمسایی دەبات، کەچی لە ڕاستیدا ئەو ڕۆمانە ڕەخنەیەکی توندە لە سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی و لە ڕێگایەوە ئەلفریدا یێلینک دێت زوڵم و ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەخاتە ڕوو.

جگە لەو ڕۆمانە، یێلینک چەندین دەقی شانۆیی نووسیوە، ئەو دەقانەش سەربەهەمان ڕەوتی نووسینی ڕەخنەیین و سەرزەنشتکردنی سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتین و ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ باڵی ڕاستڕەوی دەستڕۆیشتوی نێو کۆمەڵگای نەمسایی، بۆیە یێلینک ڕووبەڕووی هەڵمەتی گەورەی ڕاگەیاندن بۆتەوە، ئەگەرچی هەموو ئەو هەڵمەتانە نەیانتوانیوە لەو ڕووگەیە لای بدەن کە هەڵیبژاردووە.

یێلینک لە ڕێگای ڕەخنە توندەکانییەوە گەرەکییەتی کۆمەڵگای نەمسایی بەئاگابێنێتەوە، ئەو کۆمەڵگایەی کە پێی وایە دوچاری نەخۆشی لەبیرکردنی مێژوو هاتووەو تا ئێستاش بەشێک لە نازیزم و فاشیزمی تێدا ماوەتەوە، بەشێک لە حەزکردن بە هێز و باڵادەستی و توندوتیژی. یێلینک کە بەردەوام بەوە تۆمەتبار دەکرێت گوایە نووسەرێکی پۆرنۆگرافی و سێکسییە، پێی وایە مێژوو بریتییە لە مێژووی چەوساندنەوە و لەناوبردنی ئافرەت، ئەو بۆچوونەش بەیەکجار ڕاستڕەوەکانی تووڕە کرد، بۆیە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دروشمێکیان بەرزکردەوە و تێیدا دەڵێن: (ڕۆشنبیریت دەوێت یا یێلینک؟).

زمانی یێلینک زمانێکی تایبەتە، زمانێکە بەشێوەیەکی توندوتیژ دادەڕژێت، بەڵام ناگات، زمانێکە لەنیوەی ڕێگای گەیشتن بە مانادا، دەپچڕێت، ئەوە زمانی پۆست مانایە، زمانێک دوچاری هەناسە سواریت دەکات، زمانێکی هاندەر و قورس و تێنەگەیشتراو، ئەوە زمانی سروش بەخشینە زیاتر لەوەی زمانی گەیاندن بێت، زمانی ڕەمزە نەوەکو نووسین و باسکردن، زمانی ئەو دەنگانەی لەیەکتری دادەبڕێن و دوور دەکەونەوە، دەنگە بێزارو غەمناکەکان، ئەو دەنگانەی لە دووری یەک هەڵناکەن و بەیەکەوەش هەڵناکەن. دەنگێک بەهێمنی بەنێو دەنگەکاندا دەڕژێت، ئەوە دەنگی هێمن و شەرمنانەی یێلینک-ە، دەنگێکی غەمبارو تەنیاو دابڕاوە، دەنگێکی نامۆ و تێکشکێنراو، بەڵام پڕە لە هاندان و توندوتیژی، ئەوە ئەو دەنگەیە کە بڕیاری داوە ئابڕووی بێدەنگی بەرێت، دەنگێکی ئافرەتانە پێی وایە ئافرەت بەردەوام وەکو کەمایەتی و کۆچبەر و ڕەش پێستەکان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، مێژووش بریتییە لە مێژووی باڵادەستی نێر بەسەر مێینەدا. ئەوە ئەو دەنگەیە کە سیاسەتی ناسنامە و باڵادەستی و ملکەچکردن ڕیسوا دەکات.

لەنێو ڕۆمانی (ئافرەتە پیانۆ ژەنەکە)دا، یێلینک باس لە ژیانی ئەریکا کۆهۆت دەکات، ئەو ئافرەتەی تەمەنی لە ناوەڕاستی سییەکاندایە و بۆتە قوربانی حەزو ئارەزووەکانی دایکی و لەسەر داوای ئەو بۆتە پیانۆ ژەن، بۆیە لەو ڕۆمانەدا ئەریکا هەموو ژیانی تەنیا مەشق و ڕاهێنانە لەسەر پیانۆ بۆ ئەوەی لەسەر داوای دایکی پیانۆ ژەنێکی گەورەی جیهانی لێ دەربچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەریکا ئەوەندە بەهرەدار نەبوو بتوانێت داواکەی دایکی پێ جێبەجێ بکرێت، بۆیە هەر ئەوەندەی لێ دەردەچێت ببێتە مامۆستای مۆسیقا لە پەیمانگای ڤیەنا بۆ مۆسیقا. داهێنانی هونەری یێلینک لەنێو ئەم ڕۆمانەدا لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زۆر زیندووانە وێنەی ئەریکا دەکێشێت کاتێک بێدەنگ و ملکەچی دایکییەتی لە ماڵەوەدا، کەچی ئەریکا خاوەنی ژیانێکی تریشە جگە لەو ژیانەی ماڵەوەی، ژیانێکی تەواو جیاواز لە ژیانی مامۆستای مۆسیقا، چونکە ئەو پەروەردە توندوتیژەی دایکی جۆرێک لەلادانی لای ئەریکا دروست کردووە، جۆرێک

لەلادانی سێکسی بەشێوەیەک ئەریکا خۆیشی ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات و بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە هەموو شەوێک بەدزی دایکییەوە دەچێتە یانەکانی شەوانە یا یەکێک لە پارکەکان کە پڕە لە کەسانی بە ڕەگەز تورک و کرۆواتی و سربی بێ شوێن و بێ لانەو شەوانە لەو پارکەدا دەخەون، لەوێدا پێوەندی سێکسی لەگەڵ ئەو کۆچبەرانە سازدەدات. ئەریکا خۆی شەوانە وەکو ئافرەتێکی سۆزانی پیشاندەدات و هەر وەکو ئەوانیش ڕەفتار دەکات بەشێوەیەک لەلایەن پیاوانەوە دەستدرێژی دەکرایە سەر و لێی دەدرێت و ئازار دەدرێت و لە ڕەوشێکی زۆر سەختدا گوزەران دەکات. دواتریش لەگەڵ بەرەبەیاندا دەگەڕێتەوەماڵەوە تا وەکو ژیانی پارێزگارانەی سروشتی خۆی بژیێت، بێدەنگ و هێمن، مۆسیقاژەن، مامۆستا، تاوەکو دواتر دەکەوێتە داوی خۆشەویستی یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی بەناوی والتەر کلیمیر. ئەریکا سەرەڕای ئەوەی بەڕاستی والتەری خۆش دەوێت، بەڵام ناتوانێت لایەنی ماسۆشییانەی خۆی کۆنترۆڵ بکات و داوای لێدەکات لێی بدات و ئازاری بدات بەرلەوەی کاری سێکسی لەگەڵدا بکات، بەوەش والتەر خۆی لێ دووردەخاتەوە، بۆیە ئەریکا نامەیەکی دوور و درێژ بۆ والتەر دەنووسێت و تێیدا جەخت دەکاتە سەر یەک پرسیار ئەویش ئەوەیە: قێزت لێم دەبێتەوە؟

یێلینک هەموو ئەو دیمەنانە وا دەنوسێتەوە کە تێیدا زمانی پەخشانی ئاڵۆز بەکار دێنێت و جەخت دەکاتە سەر نیشاندانی ئارەزووە لادەرەکانی ئاوێتە بوو بە هەمەجییەتی مرۆڤ، بەوەش کەسایەتییەکان دووبارە بەشوێنی جوگرافی و بە شار دەبەستێتەوە، وەکو ئەوەی لادان بەشێک بێت لە ژینگەی شار، بەشێک بێت لەو ژینگەیەی ئازادی مرۆڤی تێدا زیندانی دەکرێت، بۆیە بەکارهێنانی هێز جارێکی تر شێوە شاراوەکەی ڤیەننا دەردەخات، توندوتیژیش ئابڕووبردنی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵە، دواتریش بەکارهێنانی خوازەی ڕەمزی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای سێگۆشەی خۆشەویستی عوسابییەوە، توندوتیژی گەمارۆدراو بەخۆشەویستی، خولیای فاشیزمی کۆمەڵایەتی کە لەبری ئەوەی بەرەو وەستان بڕوات، هەست و سۆزی ئاژاوەگێڕی لای خەڵک دەورووژێنێت.

دەقەکانی یێلینک گەشتێکی دۆزینەوەن بۆ خولیای فاشیزم لەنێو کۆمەڵگای نەمساویدا، بەتەنیا لە نێو



کایەی سیاسی نا کە ڕۆژانە نەزعەی فاشیزم لە گەشە سەندندایە، بەڵکو لەنێو ئارەزوو و هەستی تاکە کەسەکانیشدا، چونکە ئەو زمانە قورس و پڕ لە سرووش بەخشەی یێلینک ئاوێتەی خوازەو توندوتیژییەکی زمانی دەبێت و هێدی هێدی لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەڵدەکشێت تا دەگاتە لووتکە، بۆیە لە ڕێگای ئەو زمانەوە ناکۆکی و دژکارییە ئاڵۆزەکانی کەسایەتییەکان دەردەکەوێت، ئەو کچە پارێزگارەی بە ڕۆژ مامۆستای مۆسیقایە، بەشەو دەبێتە سۆزانییەکی پڕ لە توندوتیژی و حەزە ماسۆشییەکانی دانامرکێتەوە.

ڕۆمانێکی تری یێلینک بەناوی (زەمەن، زەمەنێکی خۆش)ە، ئەو ڕۆمانە باس لەسەردەمی دوای ڕووخانی ڕایخی سێیەم دەکات، واتا سالانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و ڕووخانی ئەڵمانیای نازی، تێیدا یێلینک وێنەیەکی خەمۆک و ئاڵۆزمان بۆ دەکێشێت، چوار لاوی تازە پێگەیشتوو لەیەکێک لە پارکەکانی شار تاوانی کوشتنی کەسێک ئەنجام دەدەن، مەسەلەکە لێرەدا گۆڕانی بەرائەتی گەنجێتییە بۆ تاوانکاری و دوژمنداری، کاری لەناکاوی نابەرپرسانە، ئەنجامدانی تاوان بەبێ ئەوەی پاساوێک هەبێت، ئەو ڕۆمانە ڕۆچوونە بەنێو دونیای کەسایەتییەکانی پاش جەنگ، چونکە کێشەی مرۆڤ لەگەڵ جەنگەکان هەر ئەوەندە نییە جەنگ تەواو بێت، کێشە ڕاستەقینەکان دوای وەستانی جەنگەکان دەست پێدەکەن، چونکە قۆناغی دوای جەنگ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، زۆر لە قۆناغی جەنگ قورسترە. بۆیە پاشماوەی تاوانی باوکەکان بۆ منداڵان جێ دەمێنێت، منداڵان کە نازانن سەرچاوەی ئەو هەموو ڕق و قینە و توندوتیژییەیان لە کوێوەیە.

یێلینک لە ڕێگای ئەو ڕۆمانەیەوە دەیەوێت وێنەیەکی نەمسای دوای جەنگ بکێشێت، کاتێک ڕۆحێکی زاڵ و پڕ لە ئاژاوە کۆنترۆڵی شار دەکات و سیمای پاکی و بێگەردی منداڵ و تازەپێگەیشتووەکان دەشێوێنێت. یێلینک گەرەکییەتی بڵێت لە کاتی جەنگ و کارەساتەکاندا کەس پاک نییە، کەسێک نییە بێ گوناه و بێ تاوان بێت، پاکی و بێ تاوانی لە فەرهەنگی یێلینکدا نییە، بەتایبەتیش لەنێو کۆمەڵگایەکدا کە ئێستاش خەون بەسەردەمی نازیزم و فاشیزمەوە دەبینێت.

ئەو ڕۆمانەی یێلینک بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت کە ئەخلاق بەیەکجار لە ئەوروپا بەبنبەست گەیشتووە،

ئەوروپا کە لە سەدەکانی ڕابردوودا خەونی بە ڕۆشنگەری و عەقلانییەتەوە دەبینی، خەونی ئەوەی عەقڵ حوکمی مێژوو بکات و ئاراستەی بکات، دوچاری حاڵەتێکی تر هاتووە، ئەویش ناعەقلانییەتی عەقڵە.

ڕۆمانی (ئافرەت وەکو عاشق یا دەمامک) بریتییە لە نیشاندانی حاڵەتێکی ڕۆمانسی دوو ئافرەت بەناوی پاولا بریجیت کە هەردووکیان بە دوای پیاوێکی نموونەییدا دەگەڕێن، لە کۆتاییشدا پاولا بەدوای پیاوێک دەکەوێت بەناوی ئەریک و بریجیتیش دەچێتە نێو باوەشی هاینزی قەڵەو، هاینز پیاوێکی گەمژەو نەزانە، ئەریکیش سەرخۆش و پیسە و بەو شێوەیە گوزەران دەکەن، لێرەدا یێلینک دەیەوێت ژیانی پڕ لە بێهوودەیی جیهانی سەرمایەداری بخاتە ڕوو، چۆن سیستەمی سەرمایەداری وەکو ئامێر مامەڵە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤدا دەکات و مرۆڤیش دەکاتەوە بەکۆیلەی دەسەڵاتی خۆی و تاکە هیوا و ئاواتی مرۆڤ دەبێتە ئەوەی کەسێک بدۆزێتەوە تێی بگات، لە کۆتاییشدا لە گەمژەو سەرخۆش زیاتری دەست ناکەوێت. لەم ڕۆمانەدا ئەو دوو ئافرەتە لەنێو ژیانێکی زۆر سەخت و ناخۆشدا دەژین و یێلینک بە ناخۆشترین شێوە نیشانیان دەدات و هەرگیز دڵی پێیان ناسووتێتەوە، وا نیشانیان دەدات وەکو ئەوەی ئافرەتی چاوچنۆک بن و دوای لە دەستدانی هەموو شتێک بەدوای چێژی سێکسیدا بگەڕێن، کەچی ئەوەشیان دەستناکەوێت.

یێلینک سێ دەقی دوورودرێژی لە بارەی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق نووسیوە، یەکەمیان ناوی (بامبی لاند)ە، دووەمیان ناوی (بابل)ە، سێیەمیشیان بریتییە لە مۆنۆلۆژێکی درێژ بەناوی (پیتەر دەڵێت) و تێیدا باس لە مەسەلەی ئەشکەنجەدانی زیندانییە عێراقییەکانی نێو زیندانی ئەبوغرێب دەکات، لەو دەقەدا پیتەر قسە لەبارەی شێوازی ئەشکەنجەدانی زیندانییە عێراقییەکان دەکات و باس لەو ژنە مارینزە دەکات کە وێنەی ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان دەگرێت، خودی دەقەکە زیاتر وڕێنەکانی پیتەرە، پیتەر دوچاری وڕێنە دێت و لە ڕێگای زمان و گێڕانەوەیەکی ئاڵۆزەوە مەسەلەکان دەخاتەڕوو. ئەو دەقەی یێلینک وەکو دەقێکی شانۆیی بەم دواییانە بلاوکراوەتەوەو کاردانەوەیەکی زۆریشی هەبوو لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا، بەتایبەتیش لە هەندێک نێوەندی سیاسییەوە سەرکۆنە کرا. ئەوەبوو



نوێنەری ئەکادیمیای سویدی ناچار بوو لە ڕێگای چەندین لێدوانی ڕۆژنامەنووسیدا ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە ئەو خەڵاتەی دراوەتە یێلینک بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە بڕیاری سیاسییەوە نییەو خەڵاتەکە بەر لەوەی ئەو دەقە بلاوبکرێتەوە بە یێلینک دراوە.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش دەنووسێت کە یێلینک لە ساڵی (١٩٧٤) تا وەکو ساڵی (١٩٩١) ئەندامی حزبی شیوعی نەمسایی بووە، دوای ئەوەی هێزەکانی سۆڤییەتیش لە نەمسا کشانەوە، ئەو حزبە بوو بە (کەی جی بی)، واتا دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی، ئەوکاتەش یێلینک وازی لەو حزبە هێنا کە سۆڤییەتییەکان پارەیان لەو حزبە بڕی. هەندێک نێوەند و ڕۆژنامەی تریش پێیان وایە بەخشینی ئەو خەڵاتە بە یێلینک هاوشانی سیاسەتێکی ئەوروپییانەی دژ بە ئەمریکایە، هەندێکی تریش پێیان وایە دژی یۆرگن هایدەری سەرۆک وەزیرانی نەمسایە. یێلینک خۆبشی دەڵێت ئەو نایەوێت لە ڕێگای وەرگرتنی ئەو خەڵاتەوە هیچ شانازییەک بداتە ئەو نەتەوە پەرستە نەمساییانە، نایەوێت ببێتە هۆی ئەوەی شانازی بە کولتووری نەمساییەوە بکەن، چونکە ئەو خۆی نەمساییە.

سەرچاوە:
الفريدة يلينك، عنف اللغة و نسيان التاريخ، علي بدر، جريدة المدى العدد (٢٤٠).



# ئەها، دیسان وایان کرد

**ئا: لە ئینگلیزیەوە: گۆران سەباح**

لووت بەرزییە ناسراوەکەی ئەکادیمیای سویدی وەک گۆڕەپانێکی سەربازی پڕ لە ترس وایە، وەک زستانێکی ساردی لەبن نەهاتوو وایەو یەکێکیشە لەو دەزگایانەی کە بەرزترین ڕێژەی خۆکوشتنی هەیە لە جیهان! ئا ئەمجارەش، خەلاتی نۆبلی لە ئەدەب بەخشی بە نەناسراوێک، نەزانراوێک و چەپڕەوێکی دەمارگر. بەلێ، خەلاتی نۆبلی (٢٠٠٤) لە ئەدەب بەر (ئەلفرێدا یێلینک)ی نەمسایی کەوت، ئەم جارە بەتەواوی پێوانەکانی ئەدەبیان تێکوپێک شکاند، چونکە نووسینەکانی یێلینک زیاتر پەیوەستە بە جیهانی ڕووت و سێکس.

دوا کاری خاتوو ئەلفرێدا یێلینگ شانۆگەرییەکە بە ناوی بامیلانە کە بە هێرشێکی زیقە زیقە وەسف دەکرێ (a strident attack) لەمەڕ دەست تێخستنی ئەمریکا بۆ ناو عیراق. ئەو شانۆگەرییە لە (٢٠٠٣) لە نەمسا بلاوبۆوەو بۆ سەر زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕدرا.

بێگومان لە داهاتووەکی زۆر نزیک لەسەر شانۆی ئەمریکی- بەریتانی نمایش دەکرێت.

نوێنەری ئەکادیمیای سویدی[هۆراس ئینگدال] لەژێر کاریگەری ئەو باوەڕە کاردەکات کە هەموو جیهان دەتوانرێ تا هەتایە دەستەمۆ بکرێ، زۆر نەزانانە ڕایگەیاند کە خەلاتەکە نابێ وەک خەلاتێکی سیاسی ناوزەند بکرێت، لەمەڕ شانۆگەری بامیلانە و ئەو بڕیارەی وتی «کاتێ ئەو شانۆگەرییە بلاوکراوە ئەو بڕیارە گەر دەریش نەچووبێت، ئیشی لەسەر دەکرا!».

ئینگدال لە وەسفی بامبیلاند دەلێ «بامبیلاند باسی ئەو ڕاستییە دەکات کە چۆن حەماسەتی نیشتمانی دەگۆڕێ بۆ شێتی و ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەلفرێدا لەم ڕووەوە تەواو ڕاستەو ئامانجەکەی پێکاوە.»

ئەی نابینی سویدییەکان چەندە پەرۆشی نیشتمانەکەیانن، ئەوەتا کاتی جەنگی جیهانی دووەم سوید بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندو لە ژێرەوەش کانزای خاوی فلزی دەفرۆشتە نازییەکان!!

لە وتارێکی گۆڤاری (new york Times) دا هاتو بەناوی «بنەچەی شێوازی پێشبڕکێی خەلاتی نۆبل»دا هاتووە (The Racing Formaj the Noble Prize Compelition) کە یێلینک ئەندامی حیزبی شیوعی نەمسا بووە لە (١٩٧٤-١٩٩١). گەر یەکێک تۆزقالێک زانیاری لە بارەی مێژووی شیوعیەتی ئەوروپی هەبێت ئەو کاتە دەزانێ چەندە ناحەز و ناپاکە گەر هاولاتیەکی نەمسایی ئەندامی حیزبی شیوعی بێت.



حیزبی شیوعی نەمسا تاکە حیزب بوو لەو دەڤەرە کە هەرگیز مایەی سەرنج ڕاکێشان نەبوو و ڕۆڵێکی ئەوتۆشی نەگێڕا لە هیچ ڕووداوێکی مێژوویی.

کاتێ سەربازەکانی سۆڤیەت کشانەوە لە (١٩٩٥) لەو ناوچانەی کە لە نەمسا داگیریان کردبوون، حیزبی شیوعی نەمسا هیچی کەمتر نەبوو لە دەزگای هەواڵگری ڕوسیا KGB؛

کاتێ موسکۆ یارمەتی ئابووری بڕی، یێلینکیش حیزبی شیوعی جێهێشت و لەگەڵ ئەوەش ڕێکخراوەکە خەڵاتی ئالای نیشتمانی پێ بەخشی!!

بەڵام خەڵاتی نۆبل تەرخان کراوە بۆ نووسین بۆیە دەبێ بڵاوکراوەکانی یێلینک جێگای سەرنج بن. بڵاوکەرەوە ئەلیکسەندەر فێست لە دەزگای فێر بووک فرانکفۆرت Frank Furt Book Fuiv وتی: نووسینەکانی ئەلفرێدا یێلینک هاندانێکی مەزن و دڕندایەتییەکی زۆر گەورەی نیشان داو ئەمجارە، ئەکادیمیای سویدی ئەوەی سەلماند کە قەرەبووی ئاکامی حوکمە ڕاستەکانی دەکاتەوە بە دڕندەیی و هۆڤانیەت.

ئەوەی ستیڤن مەبەستیەتی لەو وتارەیدا ئەوەیە کە ئەلفرێدا زۆری مابوو بگاتە ئەو خەڵاتە! کەچی لیژنەی بڕیاردەر هەر لە سەرەتای دانیشتنەکانیاندا مشتومڕیان بووە لەسەر ئەوەی کە خەڵاتەکە بدەنە ئەلفرێدا یان نا.

هەندێکی تر پێیان وایە کە ئەلفرێدای تەمەن (٥٧)ساڵ توانیویەتی شتێکی زۆر دانسقەو نایاب و گرانبەها پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات لە ڕێگەی ژانرەکانی ئەدەبەوە. ئەلفرێدا توانیویەتی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بە وشە چارەسەر بکات لە نێو جیهانی خەیاڵئامێزی ئەدەبدا. بۆیە حاکمی پراگ کاتێ خەڵاتەکەی پێشکەش کرد وتی: «خەڵاتی نۆبڵ شایەنی کەسێکی زۆر لێهاتوو و بلیمەتە لەنێو جیهانی ئەدەب، شایەنی نووسەرێکە کە بتوانێت دڵی هەموو ڕەخنەگرانی جیهان ڕازی بکات، بۆیە ئەو نووسەرە (ئەلفرێدا یێلینک)ە.

لە لایەکی ترەوە، باڵیۆزی نەمسا لە کۆماری چیک خەڵاتی (کافکا)ی بۆ یێلینک قبووڵ کرد کە پەیکەرێکی بچووکی (کافکا)بوو لەلایەن هونەرمەندی بەناوبانگی چیکی (ڕۆنا) دروست کراوە.

لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە، باڵیۆزی چیک وتی ئەوەی ئەلفرێدا لە کارەکانیدا دەیکات، ئێمەی زانستخواز تا ماوین پێمان ناکرێت.

ئەلفرێدا نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بە کتێبان چاک دەکاتەوە.

هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە هەرچەندە زۆر نووسەری بە توانای تر هەبوون کە شاکاری جوان و دانسقەیان نووسیوە، بەڵام ئەلفرێدا ئەم جارە دەمی هەموو ڕەخنەگرانی داخست بەهۆی شانۆگەری بامیلاندا کە باس لە داگیرکردنی عیراق دەکات لەلایەن ئەمریکاوە. ئا لەو کارەیدا زۆر بلیمەتانە بەرگری لە ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات و ئەوە ڕادەگەیەنێت کە مرۆڤ دەبێ لە ژیانیدا ئازاد بێت. ئەوە بە مرۆڤایەتی دەڵێت کە گەر مرۆڤ خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەوی تر ئا لەو کاتەدا ژیان بەتاڵ دەبێت و ئەوەی وجودی هەیە دەبێتە هەڵم لە گەردوون!

هەندێ لە ڕەخنەگران، مشتومڕی ئەوەیانە کە دەبوایە خەڵاتی نۆبڵ ببەخشرایە (لیۆتۆلستۆی) کە ئەدەبی خوڵقاندووە و زۆری خزمەت بە مرۆڤ کردووە. یاخود ئەو پرسیارەیان لەلا دروست بووە کە «بۆچی لیۆ تۆلستۆی خەڵاتی نۆبلی پێ نەبەخشرا».

گەر بێت و بەراوردی ئەلفرێدا و تۆلستۆی بکەین ئەوا لای هەموو کەس ئاشکرایە کە ناخی مرۆڤ بەو هەموو دەرگا زنجیربەوە لە چیرۆکەکانی تۆلستۆی کراوەتەوەو گەورەترین شتی پێشکەش بە مرۆڤ کردووە کە ئەویش خوێندنەوەی ناخیەتی- ئەمە بابەتێکە هەرگیز قسەی لەسەر ناکرێت. جا بۆیە ئەم جارە گەلێک لە ئەدیب و ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانی سەرسام کرد، واتە زۆربەیان بە بەخشینی ئەو خەڵاتە حەپەساون و بە نایەکسانی لە قەڵەم دەدەن.

بەڵام هەندێکیش هەن کە پێیان وایە بڕیارەکە لەجێی خۆیەتی و تەواوە، چونکە ئەلفرێدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونەوە دەخوێننەوە. پێیان وایە کە ئەلفرێدا ئەدەبی لەسەردەمی تەکنۆلۆژیاو پیشەسازی و تەقەنیاتەوە جارێکی تر بووژاندەوە.

**سەرچاوە:**

لە ئینتەرنێتەوە.



# نۆبڵ و یێلینک

ئیسماعیل خالید قادر

هەر لەو دەمەی ئەلفریدا نۆبڵی زانای سویدی هەستی کرد کە دۆزینەوەی دینامیت دەبێتە مایەی کاولکاری و وێرانی، پتر لەوەی کە خۆی بۆ سوود لێ وەرگرتن بە تەمای بوو. قامکی پەشیمانی گەست و بڕیاری دا هەرچی سەروەت و سامان هەیە بیکاتە بەخشش و خەڵات بۆ ئەوکەسانەی کە لە بوارە جیاجیاکانی زانست و زانیاریدا خزمەتی ناوازە بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن. ئەوەبوو خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی (١٩٠١)دا دامەزرا. لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ ساڵانە ئەکادیمیای سوێد داهێنەرترین داهێنەرانی جیهان هەڵدەبژێرێ تاکو ئەو خەڵاتە شایستەیان پێ ببەخشێ.

دیارە ئێمەی کوردیش بەهۆی بارودۆخی نالەبار و دوورەدەستیمان قەدەرمان وایە کە زۆرجاران تا ئەوکاتەی لە میدیاکانەوە هەواڵی ئەو کەسانەمان وەبەر گوێچکە و چاوان نەکەوێ کە داهێنەری بەتوانان و خەڵاتی نۆبڵیان پێ ڕەوا دەبینرێ، ئێمە هەر ناشیانناسین و تەواو لە کار و داهێنانەکانیان دوورین پێیان ئاشنانین. هەر لەبەر ئەوەش کە بە سروشت چەشەی ئەدەبی لای کوردان بەهێزە و بایەخدان بە بواری ئەدەبی لای ئێمە زیاترە و بڵاوکراوە و پەخشانەکانمان پتر ئەدەبین و کولتوورین و هێشتا لە بواری ڕاگەیاندنی زانستیدا پێڕەوکەین و ئەم چەند ساڵەی دوایی لێ بترازێ- پێوەندیمان لەگەڵ جیهانی داهێنانە زانستییەکاندا تەواو کزە و لە تانوپۆی ڕەنگینی داهێنانی زانستیدا نابەڵەدین، بۆیە سەرنجی بایەخ و تێڕامانمان پتر بە لای ئەو نووسەر و وێژەوان و ئەدیبانەدا دەشکێتەوە کە ساڵانە ئەم خەڵاتە وەدەست دێنن.

ئەمساڵ لەناکاو ڕاگەیانرا کە دوای توێژینەوەیەکی زۆر، ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی ئافرەتی نەمساوی ناودار ئەلفریدا یێلینک هەڵبژێردراوە تا خەڵاتی نۆبڵی (٢٠٠٤)ی پێ ببەخشرێ. ئەکادیمیای سوێد ڕایگەیاند کە ئەو نووسەرە لە پای «کایەی مۆسیقی دەنگ و دەنگی کۆنتراست لە ڕۆمانەکانیدا» ئەو خەڵاتەی پێ ڕەوا دیتراوە، هەروەها ڕایگەیاند کە یێلینک بەشێوازێکی زمانەوانی ئاوارتە و ناوازە بێهوودەیی و دەسەڵاتی ئیستیبدادی بەڵگەنەویستە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو.

کە ئەم هەواڵە ڕاگەیانرا زۆربەی ئەوانەی بەدوای هەواڵی ئەدەبیدا وێڵن تووشی سەرسوڕمان هاتن، بەڵام پەخشکاری کارەکانی یێلینک دووچاری ئەو سەرسامییە نەبوو، چونکە پێی وایە یێلینک ئەدیبێکی لێهاتووی وروژێنەری ناوازەیە و بەشێوازێکی توند و گردەبڕ مامەڵە لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکات کە لە کارەکانیدا دەیانخاتە ڕوو.

جێی ئاماژەیە کە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا (١٠) ژن نۆبڵی ئادابیان پێ براوە کە دەیەمیان یێلینکە و بەم شێوەیە:

١- سەلما لاگیرلۆف، ١٩٠٩، سوێد.

٢- گراسیا دیلیدا، ١٩٢٦، ئیتالیا.
٣- سیگرید ئۆندەست، ١٩٢٨، نەرویج.
٤- پیرل پاک، ١٩٣٨، ئەمەریکا.
٥- گابریێلا میسترال، ١٩٤٥، چیلی.
٦- نیلی ساک، ١٩٦٦، بە ڕەگەز ئەڵمانییە و نیشتەجێی سویدە.
٧- نادین گۆردیمەر، ١٩٩١، ئەفریقای خواروو.
٨- تۆنی مۆریسۆن، ١٩٩٣، ئەمەریکا.
٩- ویسلاو سلیسمبۆرسکا، ١٩٩٦، پۆلاند.
١٠- ئەلفریدا یێلینک، ٢٠٠٤، نەمسا.

ئاشکرایە لەنێو وڵاتانی دنیاشدا فەرەنسا پێشەنگە و نووسەرانی ئەو وڵاتە تا ئێستا زیاترین خەڵاتی نۆبڵیان چنیوە و ژمارەیان دەگاتە (١٣) نووسەر. مایەی سەرنجە کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا جان پۆل سارتری گەورە فەیلەسووف و نووسەری فەرەنسا ئەو خەڵاتەی ڕەت کردەوە لەبەر ئەوەی بە گوتەی خۆی نەیدەویست بە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ببێتە بەشێک لە دامەزراوێک. ڕۆژهەڵاتیش تا ئێستا لە بواری وەدەستهێنانی نۆبڵی ئاداب لە ڕیزی دواوەیە و تائێستا تەنیا نەجیب مەحفوزی ڕۆماننووسی میسری لە ساڵی (١٩٨٨)دا ئەم خەڵاتەی پێ بەخشراوە. جێی ڕامان و پرسیاریشە کە بۆ تا ئێستا ڕۆماننووسی داهێنەر و بە توانای کورد ڕەگەزی تورکی نووس یەشار کەمال تاکو ئێستا ئەو خەڵاتەی پێ ڕەوا نەبینراوە لەگەڵ ئەوەی کە چەندین جار بۆ وەرگرتنی پاڵێوراوە و خاوەن هونەرکاری و داهێنانێکی مەزنە و کارەکانیشی زۆر هونەرمەندانە گوزارش لە موعانات و هەستە تێکچڕژاوەکانی مرۆڤ و کێشە و کۆنفلێکتە جیاجیاکانی دەکەن.

ئەلفریدا یێلینک لە بیستی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٤٦) لە باوکێکی جوولەکەی چیکی و دایکێکی نەمسایی لە شاری مورزوشلاگی باشووری نەمسا هاتۆتە دنیا، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە مۆسیقای لە پەیمانگای ڤیەننا خوێندووە، لە ساڵی (١٩٦٤) بڕوانامەی ئەو پەیمانگایەی وەدەست هێناوە. دواتر لە خوێندن بەردەوام بووە و شانۆ و مێژووی هونەری لە زانکۆی ڤیەننا خوێندووە و لەپاڵ ئەمەشدا لە مۆسیقا دانەبڕاوە و بەردەوام بووە.

یێلینک لە ساڵی (١٩٦٧) بە دیوانە شیعرێک هاتۆتە نێو دنیای ئەدەب و وێژە، بەڵام بەهۆی ڕۆمانی «کیژۆڵە عاشقەکان-١٩٨٠» ناو و شۆرەتێکی لای ئەدەبدۆستان و خوێنەرانی زمانی ئەڵمانی وەدەست



هێناوە، بێجگە لەمانە چەندین کاری ئەدەبی دیکەی ئەنجام داوە کە گرنگترینیان ئەمانەن؛ «دوورخراوەکان-١٩٨٠»، «پیانۆژەن-١٩٨٣» کە دواتر کراوە بەفیلمێکی سینەمایی.

ئەلفریدا یێلینک هەر لە (١٩٧٢) ڕا هەتا (١٩٩١) ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بووە. ماوەیەک وەک سیناریست کاری کردووە، گرنگییەکی زۆریشی بە ئۆپێرا و کتێبە وەرگێڕدراوەکان داوە. هۆراس ئەنجیدهال کە ئەندامێکی ئەکادیمیای سویدە لە وەسفی ئەم نووسەرەدا دەڵێ: یێلینک یەکێکە لەو نووسەرە تاک و تەرایانەی کە توانایەکی باشی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەمز و ئەفسانەکانی کولتوور و ڕۆشنبیری خەڵکی ڕەمەکی کە پەیوەستن بە فیلم و ڕێکلام و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و پیشەسازی کات ڕابواردن بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها دەڵێ؛ «یێلینک لە ڕیزی پێشەوەی نووسەرانی سیاسیدایە، چونکە بیروباوەڕی وایە کە خەڵک بەهۆی پیشەسازی کات ڕابواردن خافڵ و بێئاگا دەکرێن، بەشێوازێکی وا کە دەبنە یاری نێو دەستی دەستەبژێر و سەرمایەداران. بۆیە هەردەم لە ڕۆمانەکانیدا خەریکی ئەوەیە کە بەشێوازێکی گاڵتەئامێز کۆت و بەندی ئەو بەڵگەنەویستە کۆمەڵایەتییانە تێک بشکێنێ.

یێلینک گەلێ جار دەکەوێتە بەر تیروتوانجی ڕەخنەگرانی، لەبەر ئەوەی لە کارەکانیدا شێوازێکی ڕاستەوخۆ بەکاردێنێ کە زۆران جار دەبێتە مایەی هەست ڕووشاندن و بریندار کردن، ئەمەش بە زەقی لە ڕۆمانی «ئارەزوو-١٩٨٩»دا ڕەنگ دەداتەوە. هەروەها یەکێک لە ڕەخنەگرانی سینەما فیلمی «مامۆستای پیانۆ» کە لە ڕۆمانی «پیانۆژەن» وەرگیراوە و لەلایەن مایکل هانیل دەرهێنراوە بە خود وێرانکاری و بەرەڵڵایی سێکسی لەسەر نەغمەی ئاوازەکانی شۆپەرت وەسف کردووە، بەڵام ئەم فیلمە لەبەر بایەخ و گرنگی لە ڤیستیڤاڵی کاک (٢٠٠١)دا سێ خەڵاتی سەرەکی وەدەست هێناوە. ئێمەش پێمان وایە گەر لێرە کورتەیەکی بەسەرهاتەکانی ئەم فیلمە بخەینە بەردەست ڕەنگە بێ سوود نەبێ تا ئەو ڕۆژەی دەبێتە قسمەت و هەر هیچ نەبێ لە کەناڵەکانی سەتەلایتدا دەیبینین:

**ناوی فیلم: مامۆستای پیانۆ.**
**نووسین: ئەلفریدا یێلینک**
**دەرهێنان: مایکل هانیک.**
**ڕۆڵی سەرەکی: ئیزابێل ئۆبیر.**

ئەم فیلمە فیلمێکی کشتە، لە ڤیەننا وێنەگیراوە، وا

هەست دەکەی گوێت لە سەدای نازیبەت دەبێ لەو توندوتیژییە ناوەکیانەوە کە ڕووکەش و دیاردەکانی ژیاری کلاسیکی هەڵیاندەمژن. تەلاری شۆخ و شەنگ و ماڵی جوان و ڕازاوە و، کۆنسرڤاتوارێک کە پاڵەوانی فیلمەکە لەوێ خەریکی گوتنەوەی وانەی پیانۆ ژەنینە. لەو کۆنسرڤاتوارەدا چەندین پارچە مۆسیقای شۆپەرت و شۆپان و هونەرمەندانی دیکە دەبیستین.

ڤیەننا گۆڕەپانی ئەو مامۆستا پیانۆژەنەیە کە لە ڕووی جلوبەرگ و ڕووکەش و مامەڵەی لەگەڵ قوتابییاندا زۆر توند و موحافیزکارە، بەڵام ئەو ژنە (ڕێکوپێکە) ژیانێکی پڕ لە ئیزدیواجیەت بەسەر دەبا، هەر هێندەی کە لە کۆنسرڤاتوارەکە دەردەچێ و لە کەشوهەواکەی دادەبڕێ. هەر زوو شەوانە ڕوو لە چینەکانی ژێرەوەی شار دەکات و بە زەوق و چێژەوە تەماشای نواندنی سکێسی و ئەو فیلمە سێکسیانە دەکات کە تا ئەوپەڕی نوقمی نێو ئەندامگەری و ماددیەتن. ئەو پاڵەوانە ژنێکە لە ترۆپکی هەست و سۆزی ناسکدا دەژی و بە ژەنینی مۆسیقای کلاسیک گوزارشی لێدەکات. لە هەمان کاتدا بەرەو هەرە ژێرەوەی هەستەکانیش دادەکشێ کە بە چوون بۆ مۆڵگەکانی ڕابواردن و نواندنی سێکسی دەری دەبڕێ.

هەمان ئەم ئیزدیواجیەتە لە پێوەندی نێوان پاڵەوانەکە و دایکیدا بەدی دەکرێ. دایکە دەیەوێ کیژەکەی بەرەو پیرێتی پەلکێش بکات، کچەکەش هەوڵ دەدا خۆی لەو چارەنووسە ڕزگار بکات، بۆیە هەمیشە دەیەوێ ئارەزوو و زیندەگییەکانی جەستەی خۆی بسەلمێنێ و دووپاتیان بکاتەوە.

شانبەشانی ئەو ڕووداوانە مامۆستای پیانۆ پێوەندییەکی سێکسی توندوتیژی لەگەڵ یەکێک لە قوتابییەکانیدا هەیە. ئەو گەنجە ئەریستۆکراتەی کە سنووری کەشی موحافیزکارانەی وی دەبەزێنێ و ئارەزووە خەفەکراوەکانی دەتەقێنێتەوە.. لێرەدا حەزەکانی ژن بە ئازادی و ڕەهایی ڕێناکەن، بەڵکو تێکەڵ بەو هەموو ئیزدیواجیەتە دەبن کە بەهۆکاری ژیاری و کولتووری ماک و پاشماوەی توند و تیژی نازیبەتەوە دووچاریان دەبێ کە هێشتا بەدار و بەرد و تەنانەت ئارەزووەکانی مرۆڤیشەوە لکاوە.

لە کۆتاییدا بۆ پتر ئاشنابوون بە ژیان و داهێنانەکانی ئەلفرێدا یێلینک وامان پێ چاکە باگراوندێکی بایوگرافی بخەینە بەردەست و هەندێ لە وێستگەکانی ژیانی وی بەسەر بکەینەوە.

* لە (٢٠)ی ئوکتەبەری (١٩٤٦) لە مورزوشلاگ، ستایریا، نەمسا لە دایک بووە.



* لە (١٩٦٠) دەستی بە خوێندنی مۆسیقای (ئۆرگ) کردووە لە کۆنسرڤاتواری ڤیەننا.
* لە (١٩٦٤) چۆتە زانکۆی ڤیەننا بۆ خوێندنی شانۆ و مێژووی هونەر.
* لە (١٩٦٧) یەکەم دیوانە شیعری چاپ کردووە.
* لە (١٩٧١) بەسەرکەوتوویی ئەزموونی دیپلۆمی ئۆرگ ژەنینی لە کۆنسرڤاتواری ڤیەننا ئەنجامداوە.
* لە (١٩٧٤) یەکەم شانۆنامەی ڕادیۆیی نووسیوە بە ناوی «کە ڕۆژئاوا دەبێ کاتی داخستنی دوکانەکانە» بە زمانی ئەڵمانی. لە لایەن (Die Presse) بە چاکترین شانۆنامەی ڕادیۆیی ئەوساڵە دانراوە.
* لە (١٩٧٨) میدالی یادی ڕۆزویذای لە شاری ستادباد- گاندەرشیم وەدەست هێناوە.
* لە (١٩٧٩) خەڵاتی فیلم نووسینی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە پێ بەخشراوە.
* لە (١٩٨٣) خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕێزلێنانی هونەری ئەڵمانیای ڕۆژئاوای وەدەست هێناوە.
* لە (١٩٨٦) خەڵاتی هینریش بیل وەردەگرێ لە شاری کۆڵن.
* لە (١٩٨٧) خەڵاتی ئەدەبی لە هەرێمی ستایریا پێ دەبڕێ.
* لە (١٩٨٩) خەڵاتی ڕێزلێنانی ئەدەبی وەردەگرێ لە شاری ڤیەننا.
* لە (١٩٩٤) لە شاری ئاخن خەڵاتی والتەر هانسکلێڤەر وەردەگرێ.
* لە (١٩٩٤) لە شاری بۆخرم خەڵاتی پلیتەر وێس وەردەگرێ.
* لە (١٩٩٦) خەڵاتی ئەدەبی برێمەر وەردەگرێ.
* لە (١٩٩٨) خەڵاتی جۆرج بوخنەر وەدەستدێنێ.
* لە (٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆیی بەرلین وەردەگرێ.
* لە (٢٠٠٣) خەڵاتی ئیلس لاسکەر سکوکەر وەردەگرێ.
* لە (٢٠٠٤) سێ خەڵاتی پێبەخشراوە:
* خەڵاتی لێسینگ کرینیکس.
* خەڵاتی ستیگ دا جیرمان.
* خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەب.

**سەرچاوە:**

١- سایتی noble prize.com، و چەندین سایتی ئینگلیزی و عەرەبی دیکە.
٢- چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی ئینگلیزی و عەرەبی.



# ئەلفریدا یێلینک و خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ

**ئا: فوئاد یوونس**

نۆبڵ بەیەکەم خەڵاتی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی دادەنرێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام ساڵانە دەدرێ بەو کەسانەی کە توانیویانە بەپێزترین نووسین و تاقیکردنەوە پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن لەو بوارانەی کە خۆیان تێیدا هەوڵی بۆ دەدەن لەوەتەی ساڵی (١٩٠١) تاوەکو ئیمرۆ، بەتایبەتی لە بوارەکانی (فیزیایی، کیمیایی، فسیۆلۆجی، پزیشکی، ئەدەب، هەروەها لەبواری ئاشتی. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٦٨) بانکی نێو دەوڵەتی سوێدی هەڵسا بە پێشکەشکردن و دەوڵەمەندکردنی زیاتری ئەم خەڵاتە لە یادی داهێنەری خەڵاتەکە (ئەلفرێدا نۆبڵ). خەڵاتەکانیش لەهەر بوارێکدا جیاوازن بریتین لە: میدالیا، بڕوانامەی کەسیی، یاخود بڕێک پارە.

ئەلفرێدا یێلینک لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی (١٩٤٦) لە شارۆچکەی موزوشلاگ سەر بە هەرێمی ستیریای نەمسا لە دایک بووە. باوکی کە چیکی نەژادە، کیمیازان بووە، لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاوی پیشەسازی بۆ وڵاتەکەی. دایکیشی سەر بەخێزانێکی دەوڵەمەندی ڤیەننای پایتەختە.

یێلینک هەر لەم شارە گەورە بووە هەر لەم شارەش چۆتە بەرخوێندن لە ساڵانی زووی تەمەنییەوە فێری ئامێرەکانی پیانۆ و ئۆرگ و ڕیکۆردەر بووە، هەروەها لە قوتابخانەیەکی مۆسیقی ڤیەننا وەرگیرا کە تایبەت بوو بە خوێندنەکانی هونەری مۆسیقا، دوای دەرچوونی لە ئەلبەرت جمناسیۆم لە ساڵی (١٩٦٤) دەستی کرد بە خوێندنی شانۆ و مێژووی هونەری لە زانکۆی ڤیەننا لە هەمان کاتیشدا بەردەوام بوو لە خۆڕاهێنانی لەسەر ئامێرە جیاوازەکانی مۆسیقا. لە ساڵی (١٩٧١) لە تاقیکردنەوەیەکی توانستی مۆسیقا کە لەیەکێک لە قوتابخانە هەرە بەناوبانگەکانی مۆسیقای ڤیەننا ئەنجامدرا پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

دوای بەسەربردنی چەندین ساڵ لە بەرلین و ڕۆما، یێلینک شووی بە پیاوێکی ئەڵمانی کرد بەناوی گۆتفرێد هەنکسبێرگ، ناچار کاتی خۆی دابەش کرد بۆ ڤیەننا و میونخ.

دەزگای ئەکادیمی سوێدی کە پێشکەشکەری خەڵاتی نۆبڵە بۆ جاری نۆهەم لە دە ساڵی ڕابردوودا هەڵسا بە پێشکەشکردنی خەڵاتەکەی بەخاتوون نووسەرێکی ئەورووپی کە لەنێو بەرهەمەکانیدا بەتایبەت ڕۆمانەکانی بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا باس لە پڕوپووچ و گەندەڵی نێو کۆمەڵگەی ئەورووپی دەکات. ئەلفرێد یێلینکی نەمساوی بۆتە نۆیەم ئافرەتی نووسەر لە بواری ئەدەبدا کە بووە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەم ساڵی (٢٠٠٤) لەوەتەی سەرەتای دەستپێکردنی ئەم خەڵاتە لە ساڵی (١٩٠١). دواهەمین ئافرەتیش کە ئەم خەڵاتەی بەدەست هێنا شاعیر بوو (ویسلاوە سیمبۆرسکا) لە ساڵی (١٩٩٦) کە نووسەرێکی بەناوبانگی وڵاتی پۆڵەندا بوو. هەروەها ئافرەتانی خاوەن بلیمەتی وەک ئەوانیش (تونی مۆریسۆن ١٩٩٣، نادین گۆردیمەر ١٩٩٨....).

یێلینک توانی پارێزگاری لە نازناوی خۆی بکات بە نووسینی ڕۆمانی (مامۆستای پیانۆ) لەساڵی (١٩٨٨) کە تێیدا باس لە چیرۆکی ئەو مامۆستایە دەکات

(ئیریکه) لەکاتی فێرکردنی قوتابییە مۆسیقاژەنەکەی کاری سێکسی لەگەڵدا دەکات، ئەم ڕۆمانە لە ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن مایکل هەنیک کراوەتە فیلم.

**ئەلفرێدا و ژیانی هونەری**

ئەلفرێدا یێلینک وەک هەر نووسەرێکی تری جیهانی لەسەرەتای تەمەنییەوە دەستی داوەتە نووسینی ئەدەب بەتایبەت لە بوارەکانی (شیعر، ڕۆمان، شانۆ). یەکەمین دەرکەوتنی بەرهەمی ئەدەبی لەساڵی (١٩٦٧) بوو، بەهاوکاری بزووتنەوەی قوتابیانی ئەم شارە. زۆرینەی بەرهەمەکانی ڕەخنە ئامێز و کۆمەڵایەتین.

(wir sind lockvogel baby?) ناونیشانی ئەم ڕۆمانەیە کە لە ساڵی (١٩٧٠) نووسیویەتی کە بەیەکێک لە بەرهەمە هەرە بەناوبانگەکانی نووسەر دەژمێردرێن، شان بەشانی ڕۆمانەکەی دواتری:

(Michael. Ein jugendbuch fur die infantilgese lschaft)

کە لەساڵی (١٩٧٢) بڵاوی کردۆتەوە.

ئەم ڕۆمانە پێکهاتووە لە کارەکتەرێکی زمانەوانی هەڵگەڕاو، هەروەها نووسەر مەبەستێکی تری هەبووە لە نووسینی ئەم ڕۆمانە، ئەویش باسکردنی کولتووری میللی و پێشکەشکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکەکە.

بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکانی وەک (ئافرەتان وەک عاشق ١٩٩٤ و کاتە سەر سوڕهێنەرەکان ١٩٩٠ و مامۆستای پیانۆ ١٩٨٨) توانی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر ئەدەبی ئەوروپی بەگشتی و ئەدەبی ئەڵمانی بەتایبەتی.

ئەم ڕۆمانانە هەریەک لە چوارچێوەی خۆی باس لە کێشەیەکی تایبەتی نێو کۆمەڵگا دەکات، کاتێک خوێنەر دەست دەکات بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکان ڕووبەڕووی دنیایەکی بێ بەزەیی و شەڕانگێز و دژ واتا دەبێتەوە، وەک زۆرداری و گوێڕایەڵی و ڕاوکەر و نێچیر. لەلایەکی ترەوە یێلینک پرۆتیستۆی ئەوە دەکات کە چۆن خۆشگوزەرانی بخاتە نێو ویژدانی خەڵکەوە.

هەروەها یێلینک باس لە هەڵئاوسانی شارستانیەتی کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات بە نووسینێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی زۆرداری سێکسی دژ بە ئافرەتان کە بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو لەو کۆمەڵگایە.

یێلینک زۆر بەتوندی ڕەخنە لە وڵاتەکەی دەگرێ کە بە (هەرێمی مەرگ) ناوی دەبات لەنێو ڕۆمانە پڕ ئەندێشە و خەیاڵییەکەی (Die Kinder der Toten) کە لە ساڵی (١٩٧٥) نووسیویەتی.

یێلینک هەرچەندە نووسەرێکی ئافرەتە، بەڵام توانیویەتی بەرهەمەکانی بگەیەنێتە ئەوپەڕی سنووری باوەڕپێکراوی لەنێو دڵی جەماوەرەکەی بە بەراورد لەگەڵ نووسەرە پیاوەکان، ئەمەش بە پشت بەستن بەو دابونەریتە دوور و درێژەی کۆمەڵگەی نەمسا. سروشتی نووسینەکانی یێلینک پێویستییان بە هەوڵێکی زۆر



هەیە بۆ پێناسەکردنیان، چونکە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە لەنێوان شیعر و پەخشان و وشەی ستایشی خودا و نووشتە بە پێچەوانەشەوە، هەروەها ڕووداوی شانۆیی و ئاکشنی فیلمی بەشێوەیەکی بەرچاو لە نووسینەکانیدا هەستی پێ دەکرێت، سەرەتای نووسینەکانی لە ڕۆمانەوە گۆڕرا بۆ شانۆ یەکەم نووسینی شانۆیی کە بۆ ڕادیۆ ئامادەی کردبوو ناوی (wenn die sonne sinkt ist Fur manche schom burosch luss). بوو لە ساڵی (١٩٧٤).

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر دەقی شانۆیی نووسیوە بۆ ڕادیۆ بەجۆرێک هەموو ئەو دایەلۆگە تەقلیدیانەی پشتگوێ خستووە کە دەمێکە کۆمەڵگەی نەمسا پێوەی دەناڵێنێ، لە بری ئەمە جۆرێک لە مەنۆلۆجی مۆسیقی بەکارهێناوە کە ڕێگە بە هەموو دەنگێک دەدا زۆر بەئاسانی لەلایەن هەموو چین و توێژێکی جیاوازی نێو کۆمەڵگە ببیسترێت.

ئەم بەرهەمانەی کە بەم ساڵانەی دوایی لەسەر شانۆ پێشکەشی خەڵکی کردوون بریتین لە: (Totenauberg، Rastsatte، Wolken، Heim، Ein sportstuck، Inden Alpen، Dos werk تاد) هەروەها بەناوبانگترین کاری درامی یێلینک کە لەم ساڵانە نووسیویەتی (Der Tod und das Madchen I.V 2003)ە کە بە (شازادەی درامی لە ئەدەبی ئەوروپی ناوزەد دەکرێ. یێلینک لەگەڵ نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی و سەرقاڵ بوونی بەفێربوونی زیاتری ئامێرە موسیقییەکان، بەرهەمی چەندین نووسەری تری جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی نەمساوی، لەوانەش (تۆماس پینکۆن، جۆرج فێیدیۆ، یۆکین لابیشی، کریستۆفەر مایۆ). هەروەها چەندین دەقی فیلمی نووسیوە لەگەڵ نووسینی دەقی ئۆپێرایەک. لەتەک نووسینی ئەم بەرهەمانە هەمیشە بیری لە نازناو و بەهرەی خۆی کردۆتەوە، بەردەوام وەک نووسەرێکی ئافرەتی ئەوروپی شان بەشانی نووسەرە بەناوبانگەکانی تری سەدەی بیستەم پەردەی ڕاستی لەسەر هەموو ئەو دیاردە نابەجێیانەی کۆمەڵ هەڵدەماڵێ وەک ڕەخنە دەیخستە بەردەم کاربەدەستانی ئەمانەش بەزەقی لە ڕۆمانەکانییەوە دیارن.

دەربارەی سەرکەوتنەکانی لە بواری بازرگانی و ڕەخنەگری و بوارەکانی تر، یێلینک ڕۆڵێکی باڵاو بەرچاوی هەبووە، هەمیشە ناوی لەسەرووی لیستی ئەو کەسانە بووە کە بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ چاککردنەوەی کۆمەڵگە لە کاری گەندەڵی. هەروەها یێلینک ئەندامێکی چالاکی پارتی کۆمۆنیستی نەمسا بووە لە ساڵانی (١٩٧٤- ١٩٩١).

**سەرچاوە:**

- WWW. google @. com

# پێشینانمان پەندی دەروونی-یان نەدەزانی

یووسف عوسمان حەمەد

لە ژمارە (٧٥)ی گۆڤاری ڕامان بابەتێک لە بەشی (کەلەپوور)، لاپەڕە (٢٤١)دا بڵاوکراوەتەوە بەنێوی (تیۆرییەکانی دەروونزانی، پەندی پێشینانمان دەدوێن) لەلایەن برای نووسەر (زەیتۆ شێخانی)یەوە ڕاڤەکراوە. ئێمە باس لە پەندەکانی کورد ناکەین کە جێگای گوتاری کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆیان بوون و دەقی پوختەی عەقڵی کەسانی ئەوکات بوون کە بە ڕێگای ئەزموون بەسەرهاتی تاڵی ژیانی تاک دوای گەڕان بەدوای دەقێکی مەعریفی گەیشتنە ڕستەیەکی ژیربێژی، کە بتوانن بەکاری بهێنن وەکو دەستوورێکی خولاوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سادەی ئەوکاتە. ڕەنگە ئەم پەندە کوردییانە بۆ توێژینەوە لەسەر دابونەریت و کولتوورو سامانی نەتەوایەتی هەڵبسەنگێندرێ، زۆر لەو پەندانەش ئێستا لەلایەن پسپۆری تایبەتییەوە گولڵبژێرکراوە و پۆلێن کراوە بەپێی کار و کردەوە و کات و شوێن و چۆنیەتی بەکارهێنانی.... بەهەرحاڵ ئەم باسە دوورودرێژە.. بەڵام ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوەمان داوە کە دەروونزانی ئەکادیمییەکی سەربەخۆی هەبێت هاوشانی زانستی ئەندازەی بۆماوەو پرۆگرامسازی و ئەتۆمی بێت، دووربێت لە کەلوو و خوێندنەوەی دەست و ئەماتیکی (خورافات) و فیراسەو ئەوانی تر، چونکە ئەوانە دەرگای تری زانستین پێوەندی بە دەروونزانییەوە نییە. (کاک زەیتۆ) لەسەرەتادا کۆمەڵە پەندێکی هەڵبژاردووە کە هیچ دەستپێکی زانستی تێدا نییە هەڕەمەکی پەندەکانی بەخەیاڵی هاتووە و باسی کردووە بێ ئەوەی پۆلێنیان بکات بەپێی ئاستی مەعریفەو کات و شوێن و گێڕانەوەی بابەتی پەندەکان، چونکە ئەو گولڵبژێرەی کاک زەیتۆ هەر پەندەو لە کەندارێک هەڵبژێردراوە بەبێ دیراسەکردن. لەسەرەتای نووسینەوەی باسەکەدا دەڵێ (پێویستە هەر پەندێک وەک تیۆرییەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە تیۆرییەکان هەر هەموویان لە چەند ئەگەرو گریمانێک دروست بوون....) کەچی لەشیکردنەوەی پەندەکاندا دەقاودەق دەیخاتە قاڵبی زانستی دەروونی بەبێ گریمان و ئەگەرەکان. چونکە ئێستا لە دەروونزانی و کۆمەڵناسیدا ئەگەرەکان نەماون بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای مەعریفەکان. شیکردنەوەی پەندەکان کاری دەروونزانی نییە، بەڵکو کارێکی زانستی فۆلکلۆریستەکانەو تایبەتمەندی مێژووی کولتووری نەتەوەکەمانە.

**پەندی یەکەم:** (سوار تا نەگلێ نابێت بەسوار) ئەم پەندە بۆ کەسێک دەوترێت کە زەرەر دەکات لە کارێک بۆ دڵنەوایی و ورەبەرزکردنەوەی و بەردەوام بوونی

لەسەرکارەکەی. ئەمە پێوەندی بەفێربوونەوە نییە چونکە ناتوانین بە قوتابییەکی دەرنەچوو بڵێین (قوتابی تا نەکەوێ (ڕاسب) سەرکەوتوو نابێت) یان شوفێرێک تا ڕووداوێک (تامپۆن) نەکات نابێتە شوفێری تەواو، ئەمە لێکدانەوەیەکی کۆنە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ تیۆرییەکەی (ثورندایک) هاوتا نییە، دوورونزیک پێوەندی بە بیردۆزی فێربوونەوە نییە و پوختەی تاقیکردنەوەی ثورندایک لەسەر هەوڵدان و هەڵەکردن بووە واتە هەرچەند هەوڵ بدرێت هەڵە کەم دەبێتەوە و لەسەر مەیموون کراوە کە لەناو قەفەسدا دایدەنێن و هێشووی مۆز بەرز دەکەنەوە، مەیموونەکە کاتێ برسی دەبێ هەوڵ دەدات لە ئەنجامدا زۆر جووڵانەوەی هەڕەمەکی دەکات، بە ڕێکەوت دەستی بە قولابی هاتنە خوارەوەی مۆزەکان دەکەوێ، دەگاتە ئەنجامێک. چەند جارێک تاقیکردنەوەکە دووبارە دەکرێتەوە هەمووجارێک هەڵەکان کەمتر دەبنەوەو کاتیش کەمتر، لەکۆتاییدا مەیموونەکە دەگاتە ئەو پێوەندییە کە هەیە لەنێوان قولابەکە و هاتنە خوارەوەی مۆزەکان و تێربوونی پێداویستی. نەک ڕاهاتن، بەڵکو دروست بوونی پێوەندی لەنێوان فیگەرەکانی فێربوون، بەیەکەوە گرێدانی ئەم فیگەرە پێوەندیدانە واتە کاتێ سەگەکەی باڤلۆڤ لەوە ڕادێت هەرکاتێ گلۆپی سوور دابگیرسێت خواردن دێت پێوەندی دروست دەبێ لەنێوان (گلۆپی سوور، هاتنی خواردن، ڕژانی لیک)، بەڵام مانای ئەوە نییە سەگەکە بۆ گلۆپی سووری ترافیک لایت لیکی بڕژێت و فێربوون دەبێ لە ڕێگای مەشق و پراوەکردن بێت بەڕێگای زانستی نەک هەڕەمەکی و خەسارەت. لە کۆتایی پەرەگراف ئەم پەندە دەڵێ (ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ بەهۆی ئەزموون و هەڵەکردن «المحاولة و الخطأ» فێردەبێت) [ڕامان ژمارە ٧٥ ل٢٤١] ڕاستییەکەی هەوڵدان و هەڵەکردن کە پێچەوانەی یەکترن لە هاوکێشەی ثورندایک نەک ئەزموون.

**پەندی دووەم:** (مار بەقسەی خۆش لە کونێ دێتەدەر). ئەم پەندە هیچ پێوەندی بەیاسای (پتەوکردن) (تدعیم)ی پاڤلۆڤەوە نییە، ئەم پەندە باس لەگوتاری کەللەڕەقیی تاکی بەرامبەر دەکات کە دەبێ ئەنتی گوتارمان هەبێت، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم پەندە نیوەیە، نیوەکەی تر دەڵێ (شەرعی مار بەدار) واتە دوو ڕووی دژ بەیەک نیشان دەدات، کە دەتوانین بڵێین پاداشت و سزا لە ڕەوشت بەکار دەهێنرێت بەپێی یاسای پاداشت و سزا دوو کاریگەریان هەیە، گۆڕینی ڕەوشتی ئاراستەکراو، لەگەڵ وەستاندن (کف)ی چالاکی ڕەوشتی، بەڵام ئێستا منداڵ بەگشتگیری (تعمیم) لەمار دەترسێن و مار ناتوانرێت قسەو ئاخاوتنی لەگەڵ بکرێ بەپێی مەنتیقی عەقڵ و دەتوانین بڵێین (مارانگاز لە خشەی گوریس دەترسێ) واتە مار هێمای ترسە نەک ئاخاوتن و قسەی خۆش و ڕەوشتی باش.

**پەندی سێیەم:** (مەڕ بەپێی خۆی و بزنیش بەپێی خۆی) سەرچاوەی ئەم پەندە بۆ ئەوە وتراوە کە خەڵکی چەوساوە دەنگ نەکات و بە بەشەکەی خۆی ڕازی بێت لەبەرامبەر بەشەکەی ئاغاو گەورەکان هەر کەسە بەشی خۆی وەردەگرێت ئەوەش کردەی مردنی دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزاییە بەرامبەر واقیعی بوون، بەڵام (کاک زەیتۆ) لە بەرامبەر پێوەری دەروونی و جیاوازیی تاک هەڵدەسەنگێنێ کە هیچ پێوەندییان پێوە نییە. لەو باوەڕەم خەڵکانی ئەوسا هیچ بیریان لەو عەقڵە نەکردۆتەوە کە (کاک زەیتۆ) باسی دەکات بۆ پێوەری تاک و جیاوازییەکانی. ئەمە شێواندنی هەموو پێوەرو هاوکێشە زانستییەکانی دەروونزانییە، ڕەت کردنەوەی میتۆدی زانستی پێوەری دەروونییە. ئەگەر نا بەقسەی نووسەر، قوتابخانەو ڕێبازی پەندی پێشینیان، هاوشانی قوتابخانەی ڕەفتاری و بواری و شیکردنەوەی دەروونی دەبێت.

**پەندی چوارەم:** (مەشکەی خۆی ناهەژێنێ. مەشکەی ماڵی میر دەهەژێنێ بەزڕوپۆلییە) ئەمە بۆ کەسێکە کە زیاتر موجامەلەی ماڵی میر بکات بە زمانی ئێستا (پانۆلۆجی) پەیڕەو دەکات، ئەگەر کەسێک هاوکاری خەڵکی تر بکات و ویژدانی بجووڵێت بۆ بەشداری کردن باوەڕ ناکەم هەرزەکارێکی تەمبەڵ و پشتگوێخەر بێت لە کارەکانی ئەوەی هاوکاری خەڵک بکات لە دەروونزانی پێی دەڵێن بە کۆمەڵایەتی بوون (إنبساطی).

**پەندی پێنجەم:** (هەر کەسە گوێز لە باری خۆی دەژمێرێت) ئەمە بۆ ئەوە دەوترێت کەس ئاگای لە کەس نییە لەبەرامبەر ئەم وتەیە (ئەوەی لە ماڵم نییە ئاگای لە حاڵم نییە) واتە هەر کەس ئاگای لە حاڵی خۆیەتی ئاگاداری ئەوانی تر نییە و ئەوە هیچ پێوەندی بە سیفەتی

ئەرێنی و نەرێنییەوە نییە خۆ ئەمە ڕەوشتێکی ناکۆمەڵایەتییەو.. پەرەگرافی (بیرۆکەی ئەم پەندە لە دەروونزانییە وەک شێوازی.... تا کۆتایی پەرەگرافەکە) (ڕامان ژ ٧٥ لا ٢٤٢) هیچ پێوەندی بە پەندەکەوە نییە هەمووی زیادەیە بابەتەکەی شێواندووە.

**پەندی شەشەم:** (ئاقڵ ئەو کەسەیە لەگەڵ شێت بەڕێوە بچێت) نازانم نووسەر چۆن ئاقڵ و شێت دەخاتە تای تەرازوویەک و وەکو یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، باوەڕ ناکەم لە کولتووری کوردیدا ئەم پەندە باوی مابێت دوورونزیک پێوەندی بەخۆ گونجاندنەوە نییە ئەمە چ گونجانێکە لەگەڵ شێت. کاکی نووسەر خۆ گونجاندن لە دەروونزانی زۆر جۆری هەیە، بۆ نموونە وەکو خۆ گونجاندنی ئەرێنی و نەرێنی، گونجانی بەزۆرو هەڵبژاردە، تاک و کۆمەڵ، خۆ گونجاندنی شوێن و ئابووری..... ئەمانە شتێکی بابەتی زانستین بەو پەندە سەقەتە ناگۆڕدرێتەوە، بەڵام وتەیەکی عارەبی هەیە زۆر لەبارترو شیاوترە بۆ مەبەستی نووسەر و دەروونزانی کە دەڵێ (عامل الناس بقدر عقولهم) شێت دەبێ هۆکاری فەسلەجی و دەروونی بزانرێت و لێکۆڵینەوەی ئیکلینکی بۆ بکرێت لەژێر چاودێریدا بێت لە ئێش و ئازاری کەم بکرێتەوە ئەمە کاری عاقڵە. مامۆستا زەیتۆ ئەوەی تۆ باسی دەکەیت مل کەچ بوونی لۆجیکی عەقڵ بۆ مەنتیقی شێت. لە کۆتاییدا برای نووسەر ئەم سەرچاوانەی تەنیا ڕیزکردووە بۆ دەرخستن، باوەڕ ناکەم ئەم سەرچاوە بەهێزانە بەکارهاتبێ، ئەمە نەک هەڵەی تۆ، بەڵکو هەڵەی زۆربەی نووسەرانی ترە. کاکەی نووسەر نەدەروونزانی ئەوەند کلۆڵ و هەژارە لە ڕووی زانستییەوە، نە پەندی پێشینیانیش بێ خاوەن و پسپۆری تایبەتییە.

ئەگەر وایە دەبێ سەدان کتێب لەسەر سایکۆ- پەندی پێشینان بنووسرێت و هەر کەسە بەبێ بەڵگە لەلای خۆیەوە شیکردنەوە بکات، دەبێ نووسەر بە عەقڵێکی زانستی ئەم دەروازەیەی دەروونی قەبووڵ بکات مەبەستمان تەنیا لاپەڕە پڕکردنەوە نەبێ.

# نامەیەکی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ د. فریاد فازڵ لەبارەی چاپە عەرەبییەکەی (شەرەفنامە)وە

پێش شەهیدبوونی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لە شاری بەغدا، مامۆستا شوکور مستەفای ڕەحمەتی کە دۆست و هاوڕێیەکی نزیکمان بوو، ئەو نامەیەی بۆ هێنام و فەرمووی مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ د. فریاد فازڵی نووسیوە، ئەگەر دەستێکی ئەمین هەبوو بیناسێ با بۆی بنێرێت، ئیتر لەو ساوە تا ئەم لەحزەیە کە هەردوو مامۆستا کۆچیان کردووە، کەسێک ڕێنەکەوت ئەو نامەیە بەدەستی بگەیەنێتە د. فریاد فازڵ، لەبەر ئەوەش کە نامەکە باسی چاپی عەرەبی (شەرەفنامە) دەکات و سەرنج و تێبینی وردی لەو بارەیەوە تێدایە، بۆیە بۆ مێژوو و بۆ شادکردنی ڕەوانی پاکی مامۆستا و بۆ ئاگەداربوونی دکتۆری بەڕێز لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە، بڕیارمدا وەک خۆی و بە ڕێنووسی گۆڤارەکەمان بڵاوی بکەمەوە.

**(سەرنووسەر)**

**هێژا پرۆفیسۆر دکتۆر فریاد فازڵ–ی خۆشەویست**

ڕۆژباش، سڵاو

هیوام خۆشیت و کامەرانیتە.

– جارێک بۆ کاکە حەمەت نووسیبوو، ئەمساڵ چاپی شەرەفنامەکە ڕێک ناکەوێ.

– پاشان لەلایەن فەخری کەریم زەنگەنەوە کەوتە ژێر چاپ، نوسخەی چاپی بۆ هەڵەچنی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان نێردرا بۆ کاکە حەمە. لەگەڵ ئەوەشدا کە من و کاکە حەمە یەکێکین، بەڵام زۆر سەرم سووڕما لەو کارە.

– چاپەکە ئەو تەعلیقانەی پێوە نەبوو کە نووسیبووم، هەروا باسی (مقدمە)کەش نەبوو.

– لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەدارا ئێوە زۆر لەم بارەوە دوابوون، ئەو ئامۆژگاریی کردبوون کە بینێرنە هەولێر نەک سوریا، کەچی ئێوە بە پارەیەکی زیاتر لەگەڵ سوریا ڕێک کەوتبوون. هۆیەکە مەعلووم نییە!

– من شەرەفنامەکەم خوێندەوە، نامەم نووسیوە بۆ کاک شاکر ڕۆژبەیانی بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە چاپەکەی (مصحح) نەنێرێتەوە بۆ کاک فەخری، تا بە تەواوی لەیەک دەگەین.

– کاک فەخری هاتۆتە هەولێر وتوویە: ئێمە نەخشەی کوردستان ناخەینە پاڵ شەرەفنامە، چونکە سانسۆر ڕێ نادا.

– ئێمە تەنیا (٢٠) دانە دەدەین بە ڕۆژبەیانی لەو (٢٠٠٠) نوسخەی کە چاپی دەکەین.

– کاکە دکتۆر! کوردییەکەی تەرجەمەی شەرەفنامەی هەژار، جارێ لە نەجەف (٥٠٠٠) نوسخە چاپ کرا، جارێ لە تاران (١٠٠٠٠) نوسخە، وابزانم ئێستە لە بازاڕ زۆر کەمە. ئێمە عەرەبییەکە بۆ هەموو وڵاتی عەرەب، جگە لە کوردستان، چۆن (٢٠٠٠) دانە؟ وابزانم لەم ڕووەوە دکتۆر مارف خەزنەدار دیسان قسەی لەگەڵ کردبووی.




– من ئەوەم لا گرنگە، (شەرەفنامە) جاری دووەم بە تەعالیقی تازە و مقدمەکانی (محەمەد عەلی عەونی–خلیامنیوف زورنوف) و مقدمەی خۆمەوە چاپ بکرێت. وادیارە جەنابت (مقدمە)کانی منت بەدڵ نەبووە، وات زانیوە کە توندە، دەربارەی دەزگاکان، خۆ تۆ لە ئەڵمانیای، لەم وڵاتە کاولە نیت، لەبەر ئەوە هاتم مقدمەیەکی تازەم نووسی و لەم بارەیەوە لەگەڵ د. موکەرەم تاڵەبانی ڕاوێژم کرد و بە داڕشتنی نوێ (مقدمە)کەمان نووسی کە (ڕەخنە)ی دەربارەی کەس تێدا نەبێ.

هەروا من ئەم جارە، هەموو تابلۆکانی (شەرەفنامە)م خستە ناو، لە لەندەن بە ڕەنگی چاپ کراوە، هەروەها چەند پەیکەرەی تریش.

– جا ئەگەر فەخری کەریم موافقە لەسەر ئەم شتانە نەکات، من ڕازی نیم بە چاپی کتێبەکە، بۆی بنوسە، چاوەڕوانی وەرامم.

ئیتر خۆشیت

**ئیمزا**
**برات**
**ج. ڕۆژبەیانی**
**١٩٩٩/٥/١**



## قاله مەڕە:
# دێ بەدێ، شاربەشار بەدوای شمشاڵ فێربوون گەڕاوم تا بەو ئاستەی ئێستا گەیشتووم



**قاله مەڕە شمشاڵژەنێکی بەتوانایە و لە هیچ قوتابخانەیەکی ئەکادیمی نەیخوێندووەو پڕۆڤەی نەکردووە. خۆڕسکێکی بێگەردە ئەو پەنجە پڕ بەهرانەی کە لەسەر کونی شمشاڵەکەی دەبزوێنێ هەست دەکەیت هەموو خەم و ئاه و خۆشییەکی مرۆڤی خۆی دەردەبڕێ و دەیگوازێتەوە ناو هەستەکانی کەسی بەرامبەری. لەم دیمانە کورتەیدا لە خۆڕسکی هونەری بێگەرد دەدوێت.**

* پێمان خۆشە لە بارەی خۆتەوە بۆمان بدوێی لە کوێ لە دایک بووی، چۆن فێری ئەو شمشاڵەی بووی؟

– وەلەدی «کولیجە»م کەسەر بەشاری مەهابادە، چوار مامم بوو هەر چواریان شمشاڵیان لێدەداو ئێمە سێ برا بووین هەر سێکمان شمشاڵمان لێدەدا.

من لە بابم و مامم و وان فێر بووم، لە ئاخریشدا دەستم لەوان بڕی، دایم و دەرهەم پێییەوە گەڕام، لێمدا، هەر کەس بیانگوتبایە شمشاڵی چاک لێدەدا دەچوومە کنی هەر کەس شایەری باش یا بەیتبێژێکی باش بایە دەچوومە کنی، شار بەشار، دێ بە دێ من بە دووی ئەم شمشاڵەدا گەڕاوم هەتا گەیشتوومە ئەوڕۆکە.

* مامە قالە فەرمووتان ئەو زەمان لەگەڵ شایەر و بەیتبێژان پێوەندیت بووە ئەدی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندەکانی کورد؟

– بەڵێ، هەژار بوو، هێمن بوو، قانع بوو ئەوە ڕەفیقی خۆشەویست و دۆستی سەمیمی من بوون، ئەوجار لەو شاعیرانەدا سەیدی عەولای بورهانێ شاعیرێک بوو ئەگەر ئەلحان مابایە لە جیهاندا نموونەی نەدەبوو. دەگەڵ محەممەدی ماملێ هەر بەینم خۆش بوو، دەگەڵ حەسەن زیرەکی ڕەحمەتی، دەگەڵ خالقی- یادی بەخێر، ئەوجار دەگەل کاک سواری بەینم زۆر خۆش بوو. جا ئەوەی کەلیمەیەکی شاعیرەتی زانیبێ من دەگەڵی ڕەفیق بووم و خۆشم دەویست. عەلی کەردار وەڵڵاهی بەیت بێژی باش بوو، حەمە جان بەیتبێژی باش بوو، حەمەدی بەیتان بەیتبێژێکی باش بوو. حوسێنی مەحموود شەشە پێیان دەگوت حوسێن کەلیلە بەیتبێژی ئەسڵ ئەو بوو. حەمەدی ئاغای کە خەڵکی کانی باغێ بوو، بەیتبێژی چاک بوو، ئەوانە هیچی نەماون، هەموویان بەیتبێژی باش بوون.

* مامە قالە تۆ بۆ ئەو بەیتبێژانە لە وەختی گوتنی بەیتدا شمشاڵت لێداوە؟

– ئەرێ وەڵڵا شمشاڵم لێدەدا، هەرچی لە زاری ئەوان هاتبایە دەرێ لێمدەدا.

* باسی پێوەندیی نێوان خۆت و کاک سوارەی ئێلخانیزادەت کرد.. دەکرێ باسی چۆنیەتی پێوەندیی خۆت و ئەو شاعیرە بە ناوبانگەمان بۆ بکەی؟

– کاک سوار لە شاعیریدا کەم کەس دەیگەیشتێ. بۆ سەدا خۆش بوونەکەی کەم کەس دەیگەیشتێ، بۆ لەسەرەخۆیی و ئینسان پەرستی و هونەر پەرستی کەس نەیدەگەیشتێ. کاک سوار بۆخۆی زێڕێک بوو خودا نیشانی داین و لێی ستاندینەوە.

* تۆ گۆیا بە پێشنیاری کاک سوار ماوەیەک چووی و لەگەڵ ڕادیۆی کرماشانی ئەو زەمان هاوکاریت کردووە، بڕێک لە بارەی ئەو پێوەندییەوەو ئەو هاوکارییانەت بۆمان بدوێ؟

– ئەو ناردمی بۆ ڕادیۆ، چوومە ڕادیۆی سنە، چوومە ڕادیۆی کرماشان، جارێ مودەتێکی لە ڕادیۆی کرماشانێ بووم، دوایە بەڕێیان کردم بۆ ڕادیۆی قەسری شیرین و لەوێ بڕێکم لێدداو ئەوجار هاتمەوە لە ڕادیۆی سنە یەکجاری مووچەیان بۆ بڕیمەوە.

ئیدی هەر لەوێ بووم و دەچوومە ماڵی ناسر، ئەی ناسر، یادی بەخێر ناسر گیان.

* کام ناسر؟

– ناسری ڕەزازی.

* مامە قالە ئەتۆ وەک دەزانین لەزۆر فیستیڤاڵ و میهرەجاندا بەشداریت کردووەو خەلاتت بردۆتەوە، تکایە لەو بارەوە بۆمان بدوێ؟

– لە کرمانێم خەلات وەرگرتووە، لە یەزدێ، لە ئیسفەهانێ، لە شیرازێ، لەتارانێ، لە مەشهەدێم وەرگرتووە، لە هەموویان لەوەندەی چووبێتم خەلاتم وەرگرتووە.

* گۆیا چەند ساڵ لەمەوە پێش لە فیستیڤاڵێکدا کە شمشاڵژەنێکی زۆری لەسەر تاسەری ئێران لێ بوون، پلەی یەکەمت بەدەست هێناوە، ئەوە چ ساڵێک بووەو بەچ بۆنەیەک بووە؟

– بە موناسەبەیەکی زۆر گەورە بوو، ئێستا موناسەبەکەم لەبیر نەماوە، ئەمما لەسەرتاسەری جیهان یەکەم هاتوومەوە، ئەوەڵ بووم. ئەوەندەی چووم و هاتوومەتەوە قەت، قەت دەرجە دوو نەبووم هەر ئەوەڵ بووم. کەلیمەیەک لە زاری کوردی بێتە دەرێ من لێیدەدەم، قورئان بخوێنێ شیعر بخوێنێ لێیدەدەم، بەندان بڵێ بەیتان بڵێ لێیدەدەم ئەگەر قەتیشم نەبیستبێ، بۆی دانامێنم.

* دەمانەوێ بزانین ئەو ناوی «قالە مەڕە»یە چۆن بەتۆ براوە؟

– شێخ محەمەد کوڕی شێخی بورهانی هێندەی خۆش دەویستین، ئەودەمی ماڵمان لە شەڕەفکەندی بوو، کاکە عەولاّم شوانی مەڕی بوو، شوانی مەڕی وان بوو، پێیان دەگوت عەولاّ مەڕە: جا ئەوجار کاکە مستەفامیشیان نێونا مەڕە، ئەمنیش مەڕە چکۆڵەکەم، ئێستا مەڕە چکۆڵەکە ماوە، مەڕە گەورەکان نەماون.

* بیروڕات سەبارەت بە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی چییە و لەگەڵ ئەو مۆسیقا تازەی کە داهاتووە چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟

– نژادی باب و باپیری ئێمە شمشاڵ بووە، نژادی کورد شمشاڵ بووە، حەزرەتی مووسا مەڕی لەوەڕاندووەو شمشاڵیشی لێداوە، جا بزانە شمشاڵ چەند قەدیمیە. ئەوانەش تازە دایانکوتاوەتە ئەو ڕمبە ڕمبە، ئەویش بە کەڵک دێ، بۆتە دنیای ڕمبە ڕمبی، ئەویش دەڕوا یەکی دی دێتە جێی. ئەو دنیایەی دەیبینی بە هەموو جۆر دەسووڕێ، دەنا شمشاڵ، حەیران، ناسرو ماڵماڵ، لەشکری، سوارۆ ئەوانە بەیت و باوێکی هی قەدیمن، زەمانی ساسانیان شوانێکیان بووە شمشاڵی لێداوە، هەوایەکی لێداوە بەناوی «هاوارە بەرە» ئەوە نییە کاک فەتاح ئەمیری کردوویەتە کتێب. هەر کەس حەوت ساڵ شوانی ئەو ماڵە دەوڵەمەندە بوایە ئەگەر چاک و ئەمین بوایە کچی خۆی دەدایەو ئەویش وەک کوڕی ماڵێ دەبوو بەکوڕی ماڵێ. شمشاڵ قەدیمیە، زەمانی ساسانییان هەبووە، ئەو دەم پێیان گوتووە بلوێر لە پەڕغوو دروستیان کردووە.

* وەک بیستوومانە ئەو شمشاڵەی تۆ زۆر کۆن و قەدیمیە و زۆری حەز لێدەکەی لە هەموو شوێن پێتە، چ بیرەوەرییەکت لەو شمشاڵە هەیە، ئایا قەت وابووە لێت ون بووبێ؟

– نەخێر لێم ون نەبووە، بەڵام جارێکی دابووم بە عومەری برایمی خانەی لە قادراوایە، شوان بووم، دامە دەستی، من دروێنەم دەکرد، ئەگەر هێنایەوە شمشاڵەکەم خوارببوو، ئەلحانیش قووپاوێکی هەر هەیە، هەتا ڕاستم کردەوە کلکی وشتر گەیشتە عەرزی.

* تۆ تەمەنت زۆرە و دیارە زۆر بیرەوەریت وەبیر دێت سەبارەت بە کۆماری مەهاباد و سەرۆک بارزانی کە ئەو زەمان لە ئێران بوو؟

– سەرۆک بارزانی ئەگەر هاتە ئێرانێ هەواڵەکەی بە وڵاتیدا بڵاو بووەوە، بۆ خۆم ماڵم هاتبووە یالاّوا، دوو مانگایان بوو، دوو مانگاکە بۆ خۆم بەخێوم کردن وڵاغەکانیشم بەعزێک بۆ بردنە سەهۆڵاّن، مەلا مستەفا زۆر پیاوێکی مسوڵمان بوو، ئەو دەمەی کە هاتنە نارەحەتی و تەنگانە بە قازی محەمەدی گوت قوربان بابڕۆین دەتکووژن، قازی محەمەد گوتی مەلا مستەفا فەقەت تۆ ئەو ئاڵایەی کوردستان، تۆ ئاگات لەو ئاڵایە بێ و دەزانم منداڵ و بۆخۆم و مەسەبی من دەپارێزی، دەشزانم دەفەرمووی بڕۆین، ناکرێ ئەمن دەبێ خۆم بە قوربانی میللەتەکەم بکەم، میللەتەکەی بە قوربانی خۆم ناکەم، سبحەینێ میللەتی زۆر نارەحەت دەکەن، میللەتی زۆر دەکووژن، هەر چێکی بوو دەڵێم کاری خۆمەو برای خۆمە، ئەمن ئەو کارەم کردووە بەخۆم و بەبرامەوە. جا هەرواشی لێهات بەخۆی و بە برای و بەخوشکەزایەوە، عەلی بەگیش هەر خوشکەزای بوو. هەموویان شەهید کران، ئەو نەڕۆیی، ئەگەر ڕۆیبایە چاتر بوو.

* مامە قالە وەک دەزانین شمشاڵ ئامێرێکی زۆر ڕەسەنی کوردییە و هەموو کوردێک دەنگی شمشاڵی زۆر پێخۆشە، ئایا ئەتۆ کەسێکی وات لەو ماوەیە دا فێر کردووە تا لە داهاتوودا دەنگی ئەو ئامێرە لەناو کورداندا هەر بمێنێ؟

– وەڵا زۆرم فێرکردوون، ئەلحان عوسمانە سوور شاگردی خۆمە، ئەوەی دەیبینی نایە لێدەدا، کوڕی ئەبوو بەکری ڕەحمان قۆقێ لە خانەقایە شاگردی من بوو فێرم کردووە، ئەو ئێستا لێنادا.

خلە ئالاّن-یش شاگردی خۆم بووە، خۆت دەزانی ئەویش سەقەت بووەو لەجێدا کەوتووە، زۆرم فێرکردوون، هەمووشیان توزەلەو نایە لێدەدەن، هی واشە زوڕنا لێدەدا. کوڕی ڕەسووڵ کەڵەندەن، فێرم کرد ئەلحان ئەوە زوڕنا لێدەدا.

ئەمن عوسمانم زۆر خۆش دەوێ هونەرمەندێکی گەورەیە، ئەو جێی من دەگرێتەوە ئەگەر بمرم، دەنا کەس جێم ناگرێتەوە قەت.

* جگە لە شمشاڵ حەز لە کام ئامێری مۆسیقا دەکەی؟

– ئەمن نایەی عوسمانم زۆر پێخۆشە، ئەوجار ڤیۆڵۆنیشم زۆر پێخۆشە، تاری تۆفیقیشم زۆر پێخۆش بوو، یادی بەخێر. سێتاریش دەنگی زۆر خۆشە، زۆر غەریبە.

* تۆ ساڵەها لە مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن نزیک بووی، چ بیرەوەرییەکت سەبارەت بەو شاعیرانە هەیە؟

– بەقوربانیان بم، جا خۆ هەمیشەو دایەم تێک دەگیراین. هەمیشە بەیەکەوە بووین. جارێکی شوانێکمان بەکندا هات، مەڕی لە قەدی شاخی هەڵگرت،

ئیتیفاقەن، گەیشتە ڕاستی ئەشکەوتەکەی ئێمەو، سێ چوار چڵی کەنگر لێبوو. کەنگریش دڕووی کردبوو، کەری شوانەکە زاری داپچڕاو قەپی بە کەنگرەکە داگرت. لەتێکی لە کەنگرەکەی کردەوە، قانع گوتی: تەمەشا ئەو کەرە چەن هەژارە! ئەو دڕووە کەنگرەی دەخوا، مامۆستا هەژاریش وەجواب هات، فەرمووی، ها ئاخە هەموو شتێک دەبێ ئاوا قانع بێ- هێمن بێ بیخوا! هەر دووکی گرتنەوە.

* چ ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ هونەرمەندانی کورد بەتایبەت ئەو کەسانەی کە تازە دەستیان بە شمشاڵ کردووە؟

– دەبێ لە کاری خۆیان غافڵ نەبن، ئیشەڵڵا خودا یەدیان دەدا.

هەر لە بەیتەکان، حەیرانەکان، هەر لە هەوا بەزمییەکان، لە هەموو هەواکان لەگەڵیان بێو بچێ، ئەلحان دەبوو دەنەفەر شاگردی عوسمان ببوایە، فێری ئەو قامک و دەستووراتەی بن، ئەمن تازە نەماوم، لەگەڵ کەس ناتوانم بدوێم. فەقەت عوسمان ئەلحان لەسەری لازمە، تاقەتی هەیە، جحێڵە، دەبوو وا بکا، دەنا ئەوانی دیکە، هیچیان هیچی نازانن، هەر هاڕەی دێ و هوڕەی دێ، دەنا هیچ نازانن. فەقەت عوسمان دەزانێ هەواکان لێدا.

* ئەگەر لە سەتەلایتەکانی ئەو دیو وەک کوردستان تیڤی و زاگرۆس تیڤی و ئەوانی تر بانگهێشت بکرێی، ئامادەی کە لە بەرنامەکانیاندا بەشداری بکەی؟

– ئەرێ وەڵڵا حازرم، بەڵام نەیان ناردووە لە دوام، دەنا بۆ بەرنامەی هەموو کوردێک حازرم بچم.

* زۆر زۆر سوپاس و ئەگەر وتەیەکت مابێ؟

– خودای تاعالا هەموو کوردێکی بەشەرەف و بەناموس بپارێزێ، یا ڕەبی خودا سەرۆکەکانیشمان بێمزەڕەت بکا.

**ئا: مستەفا ئێلخانیزادە**
**(بۆکان)**

---

# د. فازیل جاف
# لە کۆڕێکی گۆڤاری ڕامان-دا



بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری ڕامان ڕۆژی (٢٠٠٤/١٢/٢١) و لە هۆڵی ئوتێلی چوارچرادا کۆڕێکی بۆ هونەرمەند و ڕۆشنبیری ناسراو «د. فازیل جاف» گرت.

لەم ئێوارە دیدارەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەند و نووسەر و دەستەبژێرانی هەولێر ئامادەی بوون سەرەتا بەڕێز مەحموود زامدار بەناوی گۆڤاری ڕامانەوە و بە چەند وتەیەکی کورت سەرپیکی کۆڕەکەی دامەزراند، ئینجا هونەرمەندی ناسراوی کورد «جیهاد دڵپاک» لە ژیانی هونەریی شانۆکاری لێهاتوو «د. فازیل جاف» دوا و وێڕای باسکردنی سەرە قەڵەمێ لە وێستگەکانی ژیانی هونەرمەند ئاماژەی بە کار و داهێنانە هونەرییەکانی کرد. لە پاشان دکتۆر جاف دەستی بە لێدوانە ئەکادیمی و هونەرییەکەی کرد و لە چەند تەوەرێکەوە بەنێو باسی لایەنە زانستی و ئەزموونییەکاندا شۆڕ بۆوە.

د. فازیل جاف لە وتەکانیدا جەختی لە سەر «میتۆد» لە شانۆدا کرد و گوتی: «بوونی ڕێباز یان میتۆد بەر لە هەموو شتێک تێڕوانینێکی سەرانسەری (شموولی) دەداتە هونەرمەند لە چارەسەرکردنی دەق لەو گەشتەی کە پێی دەگوترێ لە دەقەوە بۆ بینەر.

ئەم تێڕوانینە شموولییە نەک هەر بەتەنیا لایەنی تەکنیکی هەیە، بەڵکو لە سەرەتادا گرنگیی بوونی ئەم مەنهەجییەتە لایەنی ئینسانی و جیهانبینی و چۆنیەتی تێڕوانینە بۆ گەردوون و بۆ دیاردەی وجوود.

«ڕێباز» ئەو چرایەیە کە بەدەستەوەیە، دەتوانی جیهانی پێ ببینی و لەسەر شانۆ چارەسەری کێشەکانی ئیستێتیکا و کێشەکانی تەکنیک و کێشەکانی مرۆڤی پێبکەی. هەموو ڕێبازێک بۆچوونی لەبارەی مرۆڤەوە لەدوو ڕواڵەتدا خۆی دەبینێ: مرۆڤ لە واقیعدا و مرۆڤ لەسەر شانۆ. جیهان لە شانۆی ناتۆرالیستیدا هەوڵ دەدا مرۆڤ هەمان مرۆڤ بێ کە لە واقیعدا هەیە.»

ئینجا فازیل جاف لە بارەی شێوازی کارکردنی خۆیەوە گوتی:

«من لە میتۆدێکدا کار دەکەم کە پێی دەگوترێ میتۆدی «مایرهۆڵد» ، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە کارەکانم لە هی ئەو بچن، یان لە ڕووی هونەرییەوە وەک کارەکانی ئەو ئاست بەرز بن، ئەوەی مەبەستمە بیلێم ئەوەیە هەر ڕێبازێک دەکرێ بە هەزاران قوتابی هەبن، هیچیشیان لەیەک نەچن، ئێمە دەبێ یاسا سەرەکییەکانی ڕێبازەکە بناسین و لە کاری خۆماندا بەکاری بهێنین.

من پێشتریش گوتوومە دەرهێنەری کورد میتۆدی نییە، ئەو گوتەیەی من کەوتە بەر ڕەخنە، نەبوونی میتۆد تانەو تەشەر نییە، گەلێ دەرهێنەری باش هەن کە بەبێ میتۆد کار دەکەن. لەسەر «حەدس» کار دەکەن. تێبینیەکەی من ئەوەیە لەسەر حەدس ئیش کردن زۆرجار هەڵە قبووڵ دەکا، بەڵام ئەگەر لەسەر ڕێباز کار بکەی مسۆگەری پتر تێدایە.»

ئینجا د. فازیل جاف هاتە سەر باسکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەکتەر کە بە گرنگترین دیاردەی ناو ڕێبازی دانا و گوتی: کاری ئەکتەر لە ڕێبازدا لە چوار ڕەهەندەوە جێگای بایەخە: یەکەمیان لایەنی زیهنی و ڕۆشنبیریی ئەکتەرە، ئەکتەر چەندە لە بارەی ژیان و گەردوون و مرۆڤەوە زانیاری هەیە؟ ڕەهەندی دووەم، لایەنی ڕۆحیی ئەکتەرە کە کارکردنە لەگەڵ ناوەوەی خۆی و هارمۆنییەکی لە دەروونیدا دروست دەبێ. ڕەهەندی سێیەم لایەنی هەست و نەستی ئەکتەرە کە ئەکتەر دەبێ لە هەست و نەستی خۆی ئاگادار بێ و کاریان لەسەر بکا.

چاکترین کار بۆ ئەم لایەنە ئەوەیە ئەکتەر لە دەمارگرژی (تعصب) ڕزگاری بێ. کە ئەم لایەنانە دەبێ لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە لە قوتابخانەکان بایەخی پێبدرێ، لە پەیمانگاکان کە وانەی ئەکتەریی تێدا دەگوترێتەوە، تەنانەت مامۆستاکان لەم ڕووەوە دەبێ خۆیان تاقی بکرێنەوە، تۆ ناتوانی مامۆستایەک بهێنی خۆی کۆنە فاشیست بێ بڵێی وەرە دەرسی مرۆڤایەتی بڵێوە.

ڕەهەندی چوارەم، لایەنی فیزیکییە، کە یەکێک لە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانە چونکە ئەو لایەنەیە کە زیاتر لە





شانۆدا دەبینرێ و گوزارشت لە ناوەوەی مرۆڤ و زیهنیەت و ڕۆشنبیریی مرۆڤ و گەوهەری مرۆڤ دەکات.

ئەگەر ئەکتەرێک لەسەر ئەم ڕەهەندانە ڕانەهاتبێت، کە هاتە سەر شانۆ هەر لە سەرەتاوە دیارە کە بۆشە و ناتوانێ گوزارشت لە ناخ و ناوەوەی ڕۆڵەکەی بکات.»

د. فازیل جاف پاشان لە ڕێبازی ستانسلاڤسکی دوا و بە وردی ئاماژەی بە لایەنە زانستی و وردەکارییەکانی ئەو میتۆدە کرد و گوتی: «خەیاڵ شۆڕشگێڕترین هێزە بۆ هونەرمەند و لە هەموو هێزێک گەورەترە.»

دواتر گەڕایەوە سەر باسکردنی لایەنە فراوانەکانی ئەو میتۆدەی خۆی کاری تێدا دەکا واتە ڕێبازی مایر هۆڵد.

جاف لە بەشی دوایی وتارە نیو کاتژمێرییەکەیدا پەنجەی خستە سەر لایەنێکی گرنگی هونەر بەگشتی ئەویش بوونی ڕاستگۆییەکی دەروونی لەلای هونەرمەند و گوتی:

«هونەرمەند سەر بە هەر ڕێباز و میتۆدێکی هونەری بێ ئەگەر ڕاستگۆیی ناوەوەی هەبێ و ئەو شتەی دەیڵێ خۆی قەناعەتی پێی هەبێ، بێگومان دەتوانێ قەناعەت بە بینەریش بهێنێ. بەبێ ئەو ڕاستگۆییە لە هەر ڕێبازێکدا کار بکا هەر مایەپووچ دەبێ.»

تا ئێرە د. فازیل لە پشت مێزێکی بچووکەوە قسەی دەکرد، لێرەدا هەستایە سەرپێ، کەمێک لە مێزەکە دوورکەوتەوە و بەدەم نمایشکردنەوە وتەیەکی فەیلەسوفە جوولەکەکانی گێڕایەوە کە چڕکردنەوەیەکی مێژوویی ڕای کەڵە فەیلەسووفانی دنیا بوو. ئەو گوتی: «یەکەم جار سلێمانی پێغەمبەر گوتی: هەموو کێشەکە لێرەدایە (دەستی نایە سەر مێشکی خۆی) واتە کێشەی مرۆڤ عەقڵ و هزرە. مەسیح هات، گوتی: نەء، لێرەیە (دەستی لە سەر دڵی دانا) واتە کێشەکە سۆز و دڵە. مارکس هات، گوتی: نەخێر کێشەکە لێرەدایە، (دەستی لەسەر سکی خۆی دانا) واتە کێشەکە بژێو و ئابوورییە. فرۆید هات گوتی: نەء لێرەیە (فازیل جاف دەستی بەرامبەر ئەندامی زاوزێیی خۆی ڕاگرت) ئەنیشتاین هات، گوتی: نەء هیچیان نییە، نیسبییە، کێشەکە لە هەر هەموویاندایە (لێرەدا بە بازنەیەکی خەیاڵی دەوری

هەموویانی کێشا.)

لە دوابەشی دیدارەکەدا سێ پەردە لە شانۆی «هەزار و یەکشەوە» لە دەرهێنانی د. فازیل جاف کە بۆ ماوەی سێ مانگ لەشاری «هێرسن بۆر»ی وڵاتی سوێد و بە زمانی سوێدی پێشکەش کراوە، لەسەر شاشە بۆ ئامادە بووان نمایش کرا.

شیاوی باسە کە ئەم شانۆگەرییە لە لایەن دکتۆر خۆیەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە زمانی سوێدییەوە وەردەگێردرایە سەر زمانی کوردی. ئاستی بەرزی نواندن و شێوازی هونەریی ئەم شانۆگەرییە ئامادەبووانی ئەم ئێوارە کۆڕەشی وەک (٧٠٠) بینەری ناو هۆڵی «هێرسن بۆر» سەرسام کرد.

پێدەچێ فازیل جاف ئەوەی لە بارەی شانۆوە بەشێوەی تیۆری دەیڵێ، توانیویەتی لەخۆیدا هەزمی بکات. بە گوتەیەکی دی ناسینی شێوازو ڕێبازە هونەرییەکان و قاڵبوونەوە لەناو ڕۆشنبیرییەکی قووڵی فەلسەفی و هزریدا، وای کردووە ئەم هونەرمەندە لە پراکتیک و قۆناغی کاری بەکردەوەدا گەیشتبێتە چڵوکە ناسکەکانی داهێنان.

پێم وایە د. فازیل جاف خۆی قەناعەتی بە هونەرەکەی هەیە و لەگەڵ خۆی ڕاستگۆیە، بۆیە بەم بەرهەمە هونەرییەی توانی قەناعەت بە هەموومان بێنێ کە ژیان هەر گێڕانەوەی چیرۆکە چێژبەخشەکانی شەهرزادە و هەر دەمێ ئێمە ئەو چیرۆکانەمان لێ ببڕێن، ئیتر...

**ئا: س. دڵسۆز**




# ڕاپۆرتێک سەبارەت بە یەکەمین فیستیڤاڵی گەرمیان

لە پێناو بەخشینی گوڕوتینێکی فراوان بەو هونەرمەندانەی کە لە شارۆچکەکاندان و تەقاندنەوەی بەهرەو تواناکانیان، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان، لە وەرزێکی نوێی چالاکیەکانیدا لە دەڤەرە تازە ئازادکراوەکاندا، ڕۆژی ١٢ بۆ ١٤/ ١٢/ ٢٠٠٤ لە شاری خانەقین یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری گەرمیان بە بەشداری تیپە شانۆیی و هونەرییەکانی شارۆچکەی (کەلار، خانەقین، کفری، دوز، دەربەندیخان، چەمچەماڵ) کارەکانی خۆی دەستپێکرد...

لە ماوەی سێ ڕۆژی فیستیڤاڵدا، جگە لە ئاشنابوونی هونەرمەندان بەیەکتری و خولقاندنی کەشێک بۆ گفتوگۆی هونەری، لە هەمان کاتدا ڕۆحێکی ململانێی شەریفانەی لەنێو هونەرمەندانی ئەو ناوچەیەدا خولقاند، بەرنامەکانی فیستیڤاڵیش بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

بەرنامەی ڕۆژی یەکەم بریتی بوو لە کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ (٣٠) شێوەکاری گەرمیان، کە هەریەک لەو هونەرمەندانە بە ستایل و شێوازی تایبەتی خۆی کاری کردبوو، کاتژمێر ٣٠ر١٠ خولەک ئاهەنگی گۆرانی و مۆزیکا بۆ تیپەکانی دەربەندیخان و چەمچەماڵ و خانەقین دەستی پێکرد، لەم ئاهەنگەدا چەند هونەرمەندێکی ناوچەکە گۆرانییان پێشکەش کرد لەوانە: (حەسەن هەیاس، ئەحمەد هەیاس، دڵشاد جاف، ڕەمەزان کەریم، ئیحسان زیرەک، سۆران بابان، هونەر عەلی، پشتیوان نامیق، عیرفان شەهابی، دڵشاد لەتیف، عەزیز کەریم).

پاشتر و سەعات ١٢ی پاش نیوەڕۆ تیپی شانۆی دەربەندیخان شانۆگەری (ژەنەڕاڵ)یان نمایش کرد، ئەم شانۆیە لە نووسینی کامەران سوبحان و دەرهێنانی حەسەن حەمە ساڵح.

هەر هەمان ڕۆژ کاتژمێر ٣٠ر٤ی پاش نیوەڕۆ شانۆگەری (کلیل و تراویلکە) پێشکەش کرا لە بەرهەمی شاری دوز خورماتوو، دەرهێنانی محەمەد زەنگنە..

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٢/١٣ هەڵسەنگاندن

بۆ هەردوو شانۆگەرییەکە کرا و گیروگرفتەکانیان بەشێوەیەکی زانستی خرانە ڕوو.

کاتژمێر ٢ی هەمان ڕۆژ شانۆگەریی (ڕۆژگارەکان ڕەت دەبن) نووسینی ڕەفیق سابیر و دەرهێنانی تالیب عەبدولکەریم و بەرهەمی تیپی شانۆی چەمچەماڵ بوو.

سەعات ٤ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ تیپی شانۆی خانەقین شانۆیی (یەک چشتیکە) یان نمایش کرد نووسینی کازم حاجی و دەرهێنانی خەلیل باوەخان.

ڕۆژی ١٢/١٤ کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی شانۆگەری (ڕۆژی لە دایکبوونم) نمایش کرا نووسینی (جبران خەلیل جبران) و دەرهێنانی (عیمران ئەحمەد)...

سەعات ١١٫٣٠ شانۆگەری (جەنەڕاڵ) پێشکەش کرا دەقی (غولام حوسێن) و دەرهێنانی عوسمان قادر. بەم شێوەیە نمایشەکان کران و کاتژمێر ٤ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ خەڵاتی لیژنەی دادوەران ئاشکرا کرا کە خەڵاتەکان بەم شێوەیە بوو:

* خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ (حەسەن ساڵح) لە دەربەندیخان.
* خەڵاتی سینۆگرافیا بۆ تالیب عەبدولکەریم لە چەمچەماڵ.
* خەڵاتی هاندان و پشتگیری بۆ ئەکتەری کوڕ بە هاوبەشی بۆ: ئاراس ڕەحمان (دەربەندیخان) محەمەد ڕزگاری (کفری) کامەران ڕەحمان (کەلار)..
* خەڵاتی هاندان و پشتگیری بۆ ئەکتەری کچ بە هاوبەشی بۆ: ئاشنا عارف (دەربەندیخان) زانست سەلام (دەربەندیخان) مەریەم حەمە ساڵح (دوز خورماتوو).
* خەڵاتی ڕێزلێنان و پشتگیری بۆ (خانەقین و دوزخورماتوو) بۆ یەکەمین جار بەشداری کردنیان لەم فیستیڤاڵەدا.
* دواتریش ناوی لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم فیستیڤاڵەدا ئاشکرا کرا کە بریتی بوون لە:
* سەربەست ئەحمەد
* سەفین شوکری
* کەمال ڕەشید
* کامەران سوبحان
* کەمال خەلیل.

**کاروان سەعدی**
**(خانەقین)**




## دوو هونەرمەند لە پێشانگایەکی هاوبەشدا


سۆران ڕەفعەت و زانا ڕەسووڵ دوو هونەرمەندی شێوەکارین هەر لە سەرەتای قوتابییەتیانەوە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و ئێستاش لە بەشی شێوەکاریی کۆلیژی هونەر وەک دوو لاوی چالاک و پڕئەزموون لە نێوەندی شێوەکاریدا دەرکەوتوون، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەم دەرکەوتنەشیان بۆ ئیشکردنی جدی ئەوان بێت بە ئاڕاستەی ناباو و ناتەقلیدی.

ڕاستە کارکردنی هەر یەکەیان تایبەتمەندی و شێوازی خۆی هەیە بەڵام هەروەک هەردووکیان جەختیان لەسەر دەکردەوە بوونی هاوبەشیەتی کارکردن و دنیابینیە لە دنیای شێوەکاریدا، زانا ڕەسوڵ کارکردنی هاوبەش زیاتر بۆ کارکردنی هێڵی ڕەش دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو دەڵێت مەساحەیەک هەیە عومقی نییە و ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین، بەبۆچوونی خۆمان زۆرمان ماوە بگەین بەوە بەڵام هەوڵی هاوبەشمان بۆ گەیشتنە بە سەرەتایەکی هاوبەش.

کارکردنی زانا زیاتر لە ڕێگەی فیگەرەکانیەوەیەتی کە فیگەر لای ئەم و لە تابلۆکانیدا پانتاییەکی گەورەیان داگیرکردووە، بوونی شکڵێک یان چەند شکڵێک یەکێکە لە سیما تایبەتیەکانی کارکردنی ئەو، کارکردنەکانی ئەم زیاتر فۆرمێکی تەعبیری وەرگرتووە بە ئیزافەی کۆمەڵێک هێڵی تایبەتی و گشتی کە خەریکە لەو کارکردنە هاوبەشەدا دەبێتە ناسنامەی کارەکانی زانا،

بەڵام دواجار ئەم کارکردنەش دەبێتەوە بەهێڵێکی دیاری کراو لە کارکردنی زاتیانە بۆ خولقاندنی تابلۆ.
کارەکانی (سۆران)یش زیاتر ئیشکردنە لە فەزادا کە من پێم وایە سۆران زیاتر توانیویەتی مەساحەی نێوان تەکنیک و ڕەنگ پڕ بکاتەوە، کە ئەو پێی وایە کە زیاتر مەبەسیەتی لە ماهیەتی مرۆڤ بدوێت وەک ئەوەی مرۆڤ لە ئێستای هاوچەرخدا بەدەرەجەی یەک لەبەردەم ونبوونێکی ترسناک و بێهوودەدایە، لە ڕووی تەکنیکی کارکردنیشەوە کارەکانی ئەم زیاتر دەتوانین بەکاری (تەعبیری یان ئەبستراکت) کاری کردبوو بابەتێکی دیارکراویش لە کارەکانی ئەمدا نەبوو ئەوەندە نەبێت ئەو دەیویست لە ئەنتۆلۆژیاو ماهیەت و گرنگی مرۆڤ وەک کیانێکی دیاریکراو بدوێت، بە پلەی یەکەمیش سۆران بۆ ئەم حاڵەتە پشتی بەیادەوەری و کۆنەستی هونەری خۆی بەستبوو.
ئەوەندە ماوە بڵێین ئەم پێشانگە هاوبەشەی (سۆران ڕەفعەت و زانا ڕەسووڵ) لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٢ و ڕۆژانی دوایی لە گەلەری ئارام لە شاری سلێمانی کرایەوە، گەلەری ئارام گەلەریەکی ئەهلییە و هونەرمەندی شێوەکاری (ئارام عەلی) کە لەسەر ئەرکی خۆی بەشێک لە ماڵەکەی کردۆتە گەلەری بۆ هونەرمەندان بەبێ بەرامبەر و تا هەنووکە چەندین کۆڕی شێوەکاری و شانۆیی و چەندین پێشانگەی هونەریی تێدا کراوەتەوە.


**میران سەعید**
**(سلێمانی)**




## ڕێکخراوی هاندیکاپ و پێشانگایەکی شێوەکاری

لەژێر دروشمی (تواناکانی کەمئەندامان بەشێکن لە تواناکانی کۆمەڵگە) و لە یادی ١٢/٣/ ڕۆژی کەم ئەندامانی جیهانیدا لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی پێشانگایەکی هاوبەش بۆ (٤٠) هونەرمەندی شێوەکار لەلایەن ڕێکخراوی هاندیکاپی جیهانییەوە کرایەوە، لەم پێشانگە هاوبەشەدا هەر هونەرمەندێک بە تابلۆیەک بەشداری کردبوو، کە زیاتر ڕەنگدانەوەی تواناکانی کەمئەندامان بوو، ئەمە جگە لەوەی زۆرێک لە تابلۆکان لەو چوارچێوەیەدا خۆیان دەبینییەوە کە مرۆڤ لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە خولقاوە کە ڕێزی لێبگیرێت، جا لەدەسدانی ئەندامێک لە ئەندامانی جەستەی هەرگیز نابێتە هۆی بێ ڕێزی.
لایەنێکی گرنگی ئەم پێشانگایەش هاندانی کەمئەندامانە بۆ ئەوەی بەشداربن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵیان هەبێت لە بونیادنانی کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، هەروەک ئەو پێشەکییەی کە سەرپەرشتیاری ئەم پێشانگە هونەرییە لە دەلیلی پێشانگەکەدا نووسیبووی لە بەشێکیدا دەڵێت (زۆر کەس وا لە کەمئەندامان دەڕوانن کە قورساییەکن بەسەر کۆمەڵگەوەو مایەی شەرمن، ئەمەش دەرەنجامی بۆچوون و تێگەیشتنێکی هەڵەیە ئێمە بەتەواوەتی لەو باوەڕەداین کە کەمئەندامان دەتوانن بەشداری پڕ بایەخ بکەن لە کۆمەڵگەدا شانبەشانی مرۆڤە ساغەکان و پێویستە بواریان بۆ بڕەخسێت تا لە ژیاندا جێگەیان دیاربێت).
کەواتە ئێمە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم پێشانگەیە بەر لەوەی وەزیفەیەکی هونەری هەبێت وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هونەریش لە هەموو قۆناغەکاندا لە پاڵ وەزیفە ئیستێتیکییەکان هەمیشە هۆکارێک بووە بۆ ڕێز بەخشین بە مرۆڤ، بۆیە ئەم هەوڵەی (هاندیکاپ)یش دەچێتە چوارچێوەی ئەو کارانەوە.
لایەنێکی تریش کە وەک عورفی لێهاتووە هەموو ساڵێک لیژنەیەک هونەرمەند وەک دەستەی هەڵسەنگاندن خەڵاتی باشترین بەرهەم دەدەن بە پێنج هونەرمەند وەک باشترین بەرهەمی پێشانگاکە ئەم ساڵیش بەخشرا بە هونەرمەندان (نازەنین حەسەن، دەروێش لەتیف، ساهیر عەزیز، عەبدولڕەحمان محەمەد، کوردۆ حوسێن) لیژنەی هەڵسەنگاندنیش بریتی بوون لە هونەرمەندان (ستار قادر، شەماڵ بابان، بێگەرد عوسمان).

**کامیار عەلی**
**(سلێمانی)**




## سەردار ڕەئووف لە ئەزموونێکی نوێی شێوەکاریدا

ڕۆژی ۲۳/۱۱/۲۰۰٤ بۆ ماوەی هەفتەیەک شێوەکاری بەتواناو هەست ناسک سەردار ڕەئووف لە گەلەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان پێشانگایەکی تایبەتی بە ئەزموونێکی جیاوازتر لە هونەرمەندانی نەوەی خۆی کردەوە. ئەم ئەزموونەی سەردار ڕەئووف زیاد لە پێشانگەکانی تر لەلایەن هونەرمەندان و ڕەخنەگرانەوە قسەی لەسەر کرا، چونکە سەربوردەی ئەم پێشانگەیە بۆ چیرۆکێکی سێ مانگە دەگەڕێتەوە کە سەرداری هونەرمەند گەڕاوەتەوە بۆ مالە جوانەکەی سروشت عەشقی نێوان سەردار و سروشت لە عەشقی نێوان ئازاد شەوقی و سروشت دەچێت، مەگەر بەتەنها ئەو هێندەی ئەم سۆزی هەبێت بۆ سروشت، چیرۆکی نێوان سروشت و سەردار دەگەڕێتەوە بۆ مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵ و بۆ ماوەی سێ مانگی ڕێک ئەم هونەرمەندە خۆی و کەرەستەی وێنەکێشان، دەچێتە گوندی بەڵخەی ناوچەی هەورامان و تێکەڵ دەبێت بەو سروشتە جوانەی ئەوێ، ئەم لە ماوەی ئەو سێ مانگە بە بەردەوامی بە مادەی جۆراوجۆر کە (زەیتی و ڕەژوو و ئاوی) لەسەر (۲۰) تابلۆ بەیەک قەبارەی ۱٥۰×۱٥۰ وێنەی سروشتی کێشاوە بە فۆرمێکی ناتەقلیدی و تا ڕادەیەک ئەبستراکت، لەناو تابلۆکانی سەرداردا هەست بەوە دەکەیت کە ئەو لە سروشتێکی بێدەنگ و ئارامدا وێنەی کێشاوە، لەم پێشانگەیەدا سەردار دیکۆمێنتی ئەو سێ مانگەی کارکردنی وەک فیلمێک بە کۆمپیتەرو سلاید نمایش کرد، کە لە پێشانگەکەدا بە حاڵەتێکی نەستی بینەر دەچوویەوە ناو سروشتی پاکیزە، ئەگەر سەیری ئەو (۲۰) تابلۆیانە بکەین دەبینین، ئەوانەی کە لە سەرەتای گەلەرییەکەدا هەن ئەو تابلۆیانەن کە سەرەتا نەخشاندوویەتی، لەم تابلۆیانەدا هونەرمەند کاریگەری زیاتر شاری بەسەرەوە بوو.

لە گفتوگۆیەکی کراوەماندا لەگەڵ هونەرمەند وا باسی لەو ئەزموونەی دەکرد کە پێش هەموو شتێ ئەو وەک زۆرێک لە هاوولاتیانی ئەم شارە بێزار بووە لە شار و فراوانبوونی بۆیە ئەم کارەی ئازادبوونی دەروونی خۆی بوو بەر لە هەموو شتێک، سەبارەت بەڕەنگیش ئەو دەڵێ ڕەنگ لەم کارانەدا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، چونکە ئەو لە هەورامان کاری کردووە لە ناو باخەکانی ئەوێ کە بۆ خۆیان دەریایەکن لە ڕەنگ، ئەو دەڵێ کە بڕیارم دا بڕۆم بۆ سروشت بڕیارێک بوو بۆ کارکردن، بەڵام نەمدەزانی چەند تابلۆ دەکێشم، ئایا دانەیەک یان دووان یان... بۆیە من خۆم دابوویە دەست سروشت و سروشت بە میهرەبانی خۆی منی ئاراستە دەکرد، سەبارەت بەکاری داهاتووی، ئەو دەڵێت نازانم ڕەنگە ئەم جارە ڕۆیشتمەوە بۆ سروشت ئیتر نەیەمەوە.

ماوەتەوە بڵێین سەردار ڕەئووف دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەو تا ئێستا لە چەند پێشانگەیەکی هاوبەشدا بەشداری کردووەو ئەمە سێیەمین پێشەنگای تایبەتی هونەرمەندە.

**ئەردەڵان ساڵح**
**(سلێمانی)**

## کۆڕی شانۆی با
## و
## شانۆگەری
## (ئەو دەمەی دنیا بێ تامە، حەیرانێ)

(کۆڕی شانۆی با) ناوی ئەو گرووپە شانۆکارەیە کە ماوەی سێ ساڵە پێکەوە سەرقاڵی کاری شانۆیین، یەکەم ئەزموونیان بەشانۆیی (وێنەی هونەرمەند دوای تافی لاوی) دەست پێکرد و دواتریش شانۆگەری پێکەوە لە بەهەشتدا عەسرێ و ئەم ساڵیش شانۆگەری (ئەو دەمەی دنیا بێ تامە حەیرانێ)، ئەکتەرەکانی ئەم نمایشە بریتین لە: ئیبراهیم چێوار، کاروان چێوار، شوان عەتوف، شانۆ غەریب، دیلمان سەلاح، ئاوات باقی،




نازەنین سالح، کوردستان محەمەد) و دەرهێنانی هۆرین غەریب و هیوا فایەق و نمایشەکەش لە ڕۆژی ١١/٢٥ دەستی پێکرد و ماوەی چەند ڕۆژێک لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایش کرا، چیرۆکی ئەم نمایشە شکڵێک لە سەرپێیی لەخۆ گرتبوو، کە دروستبوونی دەق لە ئەنجامی پرۆڤەوە و بەگفتوگۆوە بەرهەم هاتووە، یەکێک لە سیماکانی کارکردنی ئەم گرووپە ئەوەیە دەیانەوێت لە چرکەساتی ئێستادا کاربکەن و لە خەمەکانی ئێستای کۆمەڵگە بدوێن، کە ئەمە تۆزێک ئاراستەی کارکردنی گۆڕیون، چونکە ئەم گرووپە و بەتایبەتی هۆرین پێشتر و لە نمایشەکانی تریدا بەتایبەتی لە هەردوو شانۆگەری (سەرەتا بەردبوو، ئۆڤیلیا) بەڕیتمێکی زۆر هونەرییانە کاری دەکرد، بەڵام لەم ئەزموونانەیدا هەست بە جۆرێک لە دابەزین دەکەین بۆ ئاستی خەڵکی ئاسایی و دەیەوێت نەهجێکی زۆر ساکارانە بگرێتەبەر کە بەتەواوەتی لەگەڵ کارکردنی ئەودا پێچەوانەیە، ئەو ڕۆژگارێک ئۆڤیلیای نمایش دەکرد شوێنی بینەرانی تەنیا دە کەس دەبوو باوەڕی وابوو دەبێت نوخبەیەکی زۆر دیاریکراو شانۆیەکانی ئەو ببینن، بەڵام ئێستا بابەتەکانی زیاتر ڕەهەندێکی زۆر دروشمیان هەیە و هەوڵ دەدەن لە هەستە سۆزدارییەکانی بینەری کوردی بدەن.

ئەمە جگە لەوەی هەڵبژاردنی کۆمەڵێک بابەت بە دەوری یەک دەقدا بە زەحمەت دەتوانرێت ئاراستەیەکی بۆ دیاری بکەیت، ئەمە جگە لەوەی دەبێت ئەوەش بزانین ڕاستە شانۆ هونەرێکە بۆ جەماوەرە و پێویستی بە بینەران هەیە، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد کەین ئەم هونەرە وەک هەموو لایەنە هونەرییەکانی تر بەرهەمێکی نوخبەوییە گەورەترین گرفتی ئەم میتۆدە لەکارکردن خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە بەدوای بانگکردنی بینەر بۆ هۆڵەکان بگەڕێت.

بەڵام وەک بەکارهێنانی تەکنیکی دەرهێنان و پشت بەستن بەتوانستی ئەکتەر، هەستت بە نوێگەرییەک دەکرد و ئەکتەر بووبوویە ترۆپکی هەموو ڕەگەزەکان، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە ئەکتەرەکان توانستی ئەوەیان نەبوو بتوانن بەردەوامی لەسەر تەختەی شانۆ چاوی ئێمە داگیرکەن، بەتایبەتی (شوان عەتوف و کوردستان محەمەد) بەردەوام لە زۆر لەخۆکردنێکی بێزراودا بوون کە لەبەر چاوی بینەران تا ڕادەیەک مایەی بێزاری بوون، بە پێچەوانەی (نازەنین سالح و ئیبراهیم چێوار) کە بەردەوام بۆ چرکەیەکیش نەیاندەهێشت بینەر چاویان لەسەر هەڵگرێت ڕەنگە ئەمەش بۆ توانستی خۆیان بگەڕێتەوە لە بواری نواندن و تەکنیکی ئەکتەردا.


**هەردی عەلی**
**(سلێمانی)**

---

# شانۆگەری (سەیری چی دەکەیت؟) لە سلێمانی نمایش کرا

ماوەیەکە ئەزموونی هونەری بەگشتی و شانۆیی بەتایبەتی گوڕوتینێکی گەورەی بەخۆوە دیوە، کە مایەی دڵخۆشی و ئومێدی هونەرمەندانە لەناو هونەرەکانیشدا شانۆ بەتایبەتی، لە ماوەی ئەم وەرزەدا چەندین شانۆیی پێشکەش کراون، ئەمە بۆ خۆی مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، لەو چالاکیانەش گرووپێکی گەنجی شانۆکار کە هەموویان دەرچووی بەشی شانۆبوون لە ڕۆژی ١٧ و ٢٠٠٤/١١/١٨ شانۆگەرییەکیان پێشکەش کرد بەناوی (سەیری چی دەکەیت؟) کە ئەزموونێکی سەرپێیی بوو لە شانۆدا و دەیانویست لەو چرکە خامۆشەیە بدوێن کە ئەمڕۆ شانۆکار و شانۆی پێدا تێدەپەڕێت، گرووپەکەش بریتی بوون لە (پێشڕەو حوسێن و کاردۆ محەمەد و شوان هیوا) کە هەموویان دەرچووی بەشی شانۆن و دەیانەوێت بە ئەزموونێکی مۆدێرنەوە لە شانۆ بڕوانن، بەڵام یەکەم گرفتی ئەم گرووپ و شانۆکارە لەوەوە خۆی دەبینێتەوە کە ئەوان ڕەتی هەموو جۆرە دەرهێنەر و ڕەقیبێک لە شانۆدا دەکەنەوە، کە بێگومان ئەمەش لەگەڵ هەموو سەرەتاکانی

میتۆدی زانستی شانۆدا ناگونجێت، بەڵام خۆیان لە کوێوە هێناویانە ئەوە...؟!
هەر بۆیە ئەم نەبوونی دەرهێنەرەش لەم نمایشـــەدا گەورەترین بۆشایی بەدوای خۆیدا جێ هێڵابوو، چونکە لەکاتی بینیندا هەستت بە پچڕ پچڕی بابەتەکان دەکرد، بەتایبەتی تەوزیفی ئەو موفرەدانە کە لەسەر شانۆبوون کە (بەردێک و تەسجیلێک) بوون دەمانبینی هەروا سادە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرا بێ هیچ مانایەک.
لە کاتێکدا ئەم گرووپە بەتایبەتی (پێشڕەو و کاردۆ) دوو ئەکتەری لاوی شانۆن و چ لەسەردەمی قوتابییەتیدا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان چ ماوەی ئەم چەند ساڵە وەک دوو ئەکـتـەری خـاوەن توانای هونەری ئامـاژەیان پێدەکرا، بەڵام بەداخەوە لەم ئەزموونەیاندا توانای خۆیان و ئەزموونیشیان بەفیڕۆ دا، چونکە کاری شانۆیی بەدەر لە تەکنیک و توانستی دەرهێنان و نواندن، پێویستی بەرێکخەر و مونەزەم هەیە بەڵام ئەوان بانگەشەی هەموو بێ هیوایییەک دەکەن لە شانۆدا و پێیان وایە زەمەنی سەیرکردن و بینین لە شانۆدا بەسەرچووە لە کاتێکدا ئەم بیرکردنەوەیە لە شانۆدا باوی نەماوە و ئیشی پێناکرێت، ئەوان دەیانەوێت هەمـــوو ســەنتـــەرەکـــانی بینین و هەستپێکردن لە شانۆدا ڕەت بکەنەوە ئەمەش بێگومان هەڵەیەکی مەنهەجی گەورەیە و دەکرێت مایەی قسە لەسەرکردن بێت.
تەنانەت ئەو وتانەش کـــە لە دەلیلی نمایشـــەکـــەدا نووسیبوویان، هیچ پێوەندییەکی بەشانۆیەکەوە نەبوو بەڵکو تەنیا گێڕانەوەیەکی منداڵی بوو هیچی تر، بەڵام دەکرێت ئەمەش وەک ئەزموونێکی نوێ سەیر بکرێت بە



مـــەرجێ ئەوان بتـــوانن بە دیدێکی هونەرییـــانە و مەعریفیانە تێزەکانیان دەوڵەمەند بکەن

**کامەران سەعید**
**(سلێمانی)**

## مەڵبەندی ڕۆشنبیری کفری و شانۆیی (ڕۆژی لە دایک بوونم)

لە چوارچێوەی یەکەمین فیستیڤاڵی گەرمیاندا کە ڕۆژانی ١٢ بۆ ١٤- ١٢- ٢٠٠٤ لەشاری خانەقین سازکرا، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کفری شانۆگەری (ڕۆژی لە دایک بوونم) لەسەر هۆڵی خانەقین نمایش کرد، ئەم شانۆگەرییە لە چیرۆکێکی (جبران خەلیل جبران)ەوە ئامادە کرابوو، نواندن و ئامادەکردنی محەمەد ڕزگاری و دەرهێنانی عیمران ئەحمەد، کە ڕۆژی ١٣/١٢/ نمایش کرا،
بەشێوەیەکی گشتی ئەم مۆنۆدرامایە وەک زۆرێک لە دەقەکانی (جبران) مەنەلۆژێکە لە ناخی ئەکتەردا و شۆڕبوونەوەیە بۆ ناو قووڵاییەکانی یادەوەری و منداڵی، دیارە لای هەمووان ئاشکرایە کە کاری مۆنۆدراما بەقەد ئەوەی تاکە ئەکتەرێک لە پانتایی شانۆدا دەردەکەوێت کارێکی قورسە و ئەکتەر پێویستە تەختەی شانۆ و سەرجەم ڕەگەزەکانی تر کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئیشکالیەتی ئەم نمایشە (محەمەد ڕزگاری) وەک ئەکتەرێکی بەهرەدار و کەم ئەزموون و نائەکادیمی ناتوانێت ئەو قورساییەی تەختەی شانۆ مۆنۆپۆڵ کات، لەلایەکی ترەوە مادام کار بۆ فیستیڤاڵ دەکرێت پێویستە گرووپی شانۆ ئاگاداری بارودۆخی تایبەتی و ئاستی هۆشیاری ئەو بینەرە بن کە دێت بۆ فیستیڤاڵ، بەڵام بابەتی شانۆگەرییەکە تا ڕادەیەک زۆر جودابوو لەو چیرۆکەی (جبران) و زۆر دەسکاری کرابوو، ئەمە جگە لەوەی ئەو توانستەی کە لەم دەقەدا هەیە هیچ کۆڵەگە و توانایەکی دەقی شانۆگەری تێدا نییە، وەک دەزانین

سنووری دەقی چیرۆک و شانۆنامە زۆر لە یەکتر جیاوازن بەتایبەتی لەجێبەجێ کردنی حاڵەت و بابەتدا لەسەر تەختەی شانۆ.

لە ڕووی نواندن و دەرهێنانەوە، سەرەتا محەمەد



ڕزگاری ئەکتەرێکە و لە فیستیڤاڵەکانی تریشەوە بینراوە و تا ڕادەیەک خولیای کارکردنی هەیە، بەڵام هەروەک وتمان بۆ نواندنی مۆنۆدراما هێشتا زۆری ماوە و لەبەرجەستەکردنی ئەو کارەکتەرەشدا جۆرێک لە ڕەقی و قورسایی پێوە دەبینرا، جەستەی توانای وەڵامدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی نییە کە کارەکتەرەکەی لێی دەخوازێت، ئەمە جگە لە نادیاری کارەکتەر.

سەبارەت بە دەرهێنانیش (عیمران ئەحمەد) لەسەر تەختەی شانۆ فەوزاو قەرەباڵغییەکی یەکجار زۆری دروستکردبوو کە نەدەتوانرا ئەو تاکە ئەکتەرە تەختەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەمە جگە لە زیادەڕۆییەکی زۆر لە بەکارهێنانی موفرەدە و دیکۆر و ئەو ئێکسسوارانەی کە (محەمەد ڕزگاری) لەسەر تەختەی شانۆ مامەڵەی پێ دەکردن.

هەرچۆنێک بێت، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کفری کۆمەڵە گەنجێک لەناویدا سەرقاڵی شانۆن، گەر بێتو هەلیان بۆ بڕەخسێت و ئەوانیش زیاتر هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن بدەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانیان دەکات، چونکە سەرەتای بەهرەو توانایان خەریکە دەپشکوێت، بەڵام ڕێنومایی و دەسگرتنیان دەوێت.

**سامان حوسێن**
**(سلێمانی)**

## مەڵبەندی ڕۆشنبیریی چەمچەماڵ و شانۆگەری ڕۆژگارەکان ڕەت دەبن




ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٣ لە هۆڵی گشتی خانەقین و لە چوارچێوەی یەکەمین فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریی گەرمیاندا، تیپی شانۆی چەمچەماڵ شانۆگەری [ڕۆژگارەکان ڕەت دەبن] یان نمایش کرد، ئەم شانۆگەرییە لە دەقە شیعرییەکانی ڕەفیق سابیرەوە ئامادەکرابوو (تالیب عەبدولکەریم) دەریهێنابوو، لە نواندنی (ئەنوەر محەمەد ساڵح و جەعفەر کەریم).

ئەم گرووپە گەنجە لە چەمچەماڵ وەک زۆرێک لە شارۆچکەکانی تر خەون و خولیایان زۆرە بۆ کارکردن لە شانۆدا، بەڵام گرفتی سەرەکییان نەبوونی شوێن و هەلی کارکردن و میتۆدی کارکردنە، دیارترین گرفتی ئەم تیپە لە ئامادەکردنی شانۆگەرییەکەدا ئەوەیە کە پەنایان بردۆتە بەر قەسیدەیەکی شیعری ڕەفیق سابیر بۆ بەدەقکردنی بۆ شانۆ، هەروەک چۆن کفری چیرۆکێکی (جبران) دەکەن بەشانۆ، دیارە ئەمانە هەمووی گرفتن لەبەردەم خوڵقاندنی شانۆیەکی تەندروستدا، چونکە ئێمە دەزانین دەقی شانۆگەری زۆرجودایە لە دەقی چیرۆک یان شیعر، تایبەتمەندێتی ئەو دەقەش زۆر پێچەوانەی ئەو نمایشە بوو کە بۆ بینەران نمایش کرا.

(تالیب عەبدولکەریم)ی دەرهێنەر، دیارترین

ڕەگەزێک کە ویستبووی ئیش لە قەسیدەکەی ڕەفیق سابیردا بکات هەوڵی بەرجەستە کردنی وێنەی دابوو، ئەو وێنانەی شاعیر دەیەوێت بە وشە گوزارشتیان لێ بکات، ئەو بەوێنە و جەستەی ئەکتەر ئەو بەرجەستەی خولّقاندبوو، دیارە وێنەی شیعریش زۆر بەهێزترو کاریگەرترن لە وێنەی شانۆیەک کە هیچ تەکنەلۆژیا و کەرەستەیەکی پێویستی نەبێت و نەتوانێت نە بە جووڵە نەبە دیکۆر ئەو گوزارشتە بکات.

لەلایەکی ترەوە ئەکتەر، یان ئەو کارەکتەرەی لە نمایشەکەدا خولّقابوو زادەی وێنە شیعرییەکانی شاعیرن بەڵام بەشێوازێک دەرهێنەر نەیتوانیبوو گوزارشتێکی ئیستاتیکی و ڕۆحێکی هونەری بکات بە بەریاندا بۆیە ناچار ئەکتەر وەک کەسێکی بێ ئەزموون و لاکەوتە لەسەر تەختەی شانۆکە ون دەبوو، بەبڕوای من ئەگەر (تالیب) پەنای بۆ دەقێکی شانۆیی ببردایە، دەیتوانی بەباشترین شێوە وێنەکانی بەرجەستە بکات، لەبیرمان نەچێت وێنەی دەقی شانۆ ئامادەترە لە وێنەی شیعری.

پەتایەک ماوەی دە ساڵ شانۆی سلێمانی تەنیبوو، بەداخەوە ئێستا خەریکە شارۆچکەکانیش دەگرێتەوە، ئەویش تێکشکاندنی جەستەو تێکشکاندنی دەنگی ئەکتەرە، کە لەم ئیشەدا زۆر هەستمان پێ دەکرد و لە ئیشەکەی (دەربەندیخان)یشدا، ئەساسی ئەم لۆژیکە و تێکشکانە بێ هوودانەوە دێت کە شانۆی مۆدێرنیتە بەتایبەتی ڕەوتی پووچگەرایی بە لۆژیکێکی زانستییانەوە هێنایان، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە تەنیا لاساییکردنەوەیەکی بێ مەبەستانەیە و بەبێ ئەوەی جەستەی ئەکتەر بتوانێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، بە پلەی یەکەمیش هەڵەی ئەم کارکردنانە لەم نمایشانەدا بۆ دەرهێنەر دەگەڕێتەوە.

**میوان محەمەد**
**(سلێمانی)**

# د. فازیل جاف وۆرک شۆپێکی هونەری لە سلێمانی دەکاتەوە

کۆتایی مانگی یازدەی (٢٠٠٤) لەسەر بانگێشتی ڕەسمی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، شانۆکار د. فازیل جاف وۆرک شۆپێکی هونەریی لە هۆڵی ئەزموونگەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی کردەوە، ئەم خولە نزیکەی (٢٠) قوتابی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەشدارییان تێداکرد و لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا د. فازیل بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی وانە و ئەزموونی گەورە دەرهێنەری جیهانی مایرهۆڵدی گوتەوە، کە ئەم هەنگاوە بۆ قوتابیانی بەشی شانۆ ئەزموونێکی تازەیە و یەکەم جارە مامۆستایەکی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا وانەی میتۆدییان لەسەر ئەزموونی دەرهێنەرێکی جیهانی پێ بڵێتەوە، بۆیە بە گوڕوتین و شەوقێکەوە بەشداری وانەکانیان دەکرد.

یەکێک لەو قوتابیانەی کە لەم کۆرسەدا بەشداربوو، گوتی: (ئەم ماوەیە بۆ من زۆر سوودبەخش بوو، چونکە بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی لەم دەرهێنەرە گەیشتین، لە ئەزموونی دەرهێنان، ئەزموونی نواندن و کەرەستەکانی تر، بەڵام بەداخەوە ماوەکەی زۆر کەم بوو بریا زیاتر بوایە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت زیاتر قووڵ بینەوە).

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە د. فازیل جاف یەکێکە لە ئەکادیمییە دیارەکانی بواری شانۆ، ساڵانە لە وڵاتانی مەغریب و بەریتانیا و چەندین وڵاتی ترەوە بانگێشت دەکرێت بۆ گوتنەوەی وانەی تایبەت لەسەر شانۆ.

**جوان حوسێن**
**(سلێمانی)**

# پرنتەری نوێی ئیپسۆن

کۆمپانیای ئیپسۆن- لەم ماوەیەدا دوو مۆدیلی تازەی پرنتەری کۆمپیوتەری جۆری ڕەنگاوڕەنگی بەرهەم هێنا، کە تایبەتن بەچاپی وێنەی فۆتۆگرافی مۆدیلی (R300) و (R300M). ئەم دوو پرنتەرە وێنەی زۆر جوان و ڕەنگین چاپ دەکەن بەهۆی کۆمپیوتەرو بەبێ کۆمپیوتەریش (واتە بێ ئەوەی بە کۆمپیوتەرەوە ببەسترێت، چونکە سەربەخۆش کاری چاپکردنی پێ ئەنجام دەدرێ). وێنەکان دەتوانرێ ڕاستەوخۆ بەهۆی (CD) یەوە یا (DVD) یەوە وەربگیرێن و چاپ بکرێن. ئەم دوو پرنتەرە کاری چاپکردنی وێنەت زۆر بۆ ئاسان دەکاتەوەو دەتوانی بەشێک لە وێنەکە چاپ بکەی، یا سایزی وێنەکە بگۆڕی، وێنەکان دەتوانرێ دابکرێن واتە سێیڤ (save) بکرێن، یان ڕاستەوخۆ لە میمۆری کارتەوە وەربگیرێن، یا لە (CD)، بێ ئەوەی هانا بەریتە بەر کۆمپیوتەر. پرنتەری مۆدیل (R300M) شاشەیەکی تەماشاکردنی هەیە (٢,٥) گرێیە بۆ دیتنی وێنەکان بەرلەوەی دەست بەچاپکردنیان بکەی، هەروەها

بۆ هەڵبژاردنی ئەو وێنانەی مەبەستتە چاپیان بکەی (واتە دەتوانی هەندێک لەوێنەکان چاپ نەکەی، تەنیا ئەوانەی مەبەستتە، ئەوان چاپ دەکەی). هەردوو پرنتەرەکە بە دیقەتی [dp ١٤٤٠×٥٧٦٠] و بە ڕەنگی تەواو تێرەوە زۆر بەنێتی (sharp)ەوە چاپ بکەی. سەرەڕای ئەوەی دەتوانی بە ئازادانە بەم قەبارانە (٤ × ٦، ٥ × ٧، ٨ × ١٠، ٨٫٥ × ١١ گرێ) چاپیان بکەی. هەروەها سایزی پانۆراماشی پێ چاپ دەکرێ.

خێرایی چاپکردنی وێنەکانی، دەتوانی بۆ نموونە وێنەیەکی قەبارە (٤×٥ گرێ) بەخێرایی (٣٧ چرکە) چاپ بکەی. بۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت تەماشای (.WWW. epson. com) بکە.

**فارس سەعدی**

# شانامەیەک بە کوردی پێویستە

شانامە کە بریتییە لە مێژووی وڵاتەکەمان پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە و ڕووداوەکانی هەر لە مێژەوە تا ئێستا پشت بەپشت و دەم بەدەم هاتوونەتە خوارەوەو بوونەتە گەنجینەیەکی بەنرخ و بەکەڵک بۆ سوود وەرگرتنی نەتەوەکەمان، گەلێ لە ڕووداوەکانی شانامە بریتین لە چیرۆک و ئەفسانەی پاڵەوانان کە هەر لە کۆنەوە لەناو کوردەکاندا باو بووەو گەلێ لە هۆنەرانی کورد ئەم چیرۆکانەیان بەهۆنراو هۆنیوەتەوەو بەیادگار بەجێیان هێشتووە کە هەندێکی بریتین لە: ڕۆستەم و زۆراب، حەوت خوانی ڕۆستەم، جیهانگیر و ڕۆستەم، ڕۆستەم و زەردەهەنگ، ڕۆستەم و ئەسفەندیار، برزوو و فەلامەرز، بەوری بەیان، حەوت ڕەزم، نۆڕەزم، یازدە ڕەزم، کەنیزەک و یازدە ڕەزم، بێژەن و مەنیجە، بارام و گوڵەندام، خەسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد.

کوردەکان هەر لەمێژەوە بە ڕەوشتی کۆچەرایەتی لە شاخەکانی زاگرۆسدا پەل پەل بوونەوەو بەناوەکانی: گووتی و لۆلۆ و کاسی و مانایی و نایری و میتانی و سۆباری و ئۆرارتوو و کوردۆک و مادژیان و هەرکام لەم تیرانە بۆخۆیان دەورێکیان گێڕا و پاشان مادەکان لە ساڵی (٧٠٠)ی بەر لە زایین دەوڵەتێکیان لەشاری هەگمتانە، یان هەمەداندا پێک هێناو ماوەی سەدو پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایەتیان کرد و لەپاشان لە ساڵی (٥٥٠)ی بەر لە زایین بەهۆی کوورشی هەخامەنشییەوە پووچ بووەوەو لەناوچوو، لەپاش ئەوە کوردەکان هەموو دەمێک بۆ سەربەخۆیی خۆیان تێکۆشاون و تەنانەت لە دەوری هەخامەنشییەکاندا چەند شۆڕە سوارێکی کورد ڕاپەڕین کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین لەگەڵ ئۆماتاو فەروەرتیشی مادی و چیتران توخمە ناوببەین کە پاشان بەهۆی داریووشی هەخامەنشییەوە کوژران و شۆڕشەکەیان لەناوچوو.

شانامەکە داگری بەسەرهات و سەرگوروشتەی پادشایان و شالیاران و پاڵەوانان و قارەمانانی کوردە لە زمانی پەهلەوی داخوەتای نامەگیان پێ دەگوت و دەگێڕنەوەو دەڵێن کە لە ئاخرو ئۆخری دەوری ساسانییەکاندا هەندێ لە پیاوە ئایینییەکانی زەردەشتی گەلێ لە ڕووداوەکانی مێژوویی پادشایان و شالیاران کەسینگ بەسینگ هاتبووە خوارەوە بەناوی مێژووی کۆن کۆکردەوەو پاشان بەخەت و زمانی پەهلەوی نووسییان و ناویان نا خوتای نامەک واتە: خوانامەکە بەیەکەمین مێژووی وڵاتەکەمان دەهاتە ژمار و لە پاش پەیدابوونی ئیسلام هەندێ لە نووسەران ئەم شوێنەواریانەیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و ناویان نا (سیر الملوک) و بلاویان کردەوە، لە پاشان بووە سەرچاوەی شانامەو لەساڵی (٣٤٦)ی کۆچیدا پیاوێک بەناوی ئەبوومەنسووری عەبدولڕەزاق بەشێ لەم کتێبەی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و ناوی نا شامەو ئەوسا دەقیقی تووسی گوشتاسپ نامەی بەهۆنراو هۆنیوەوەو ئەسەدی تووسیش گەرشاسپ نامەی لە ساڵی (٤٥٨)ی کۆچیدا هۆنییەوەو گەرچی کتێبی (سیرالملوک) لەناوچووەو فەوتاوە، بەڵام زۆربەی مێژوونووسانی ئیسلامی لەو کتێبە کەڵکیان وەرگرتووە بۆ وێنە ئیبنی قوتەیبە لە کتێبی (عیون الاخبار) و ئەبو حەنیفەی دینەوەری لە (اخبار الطوال) و موحەممەدی تەبەری لە کتێبی (تاریخ الرسل و الملوک) و ئیبنی موسکویە لە (تجارب الامم)دا کەڵکیان لەو کتێبە وەرگرتووەو یەکەمین شانامەی فارسی کە باسی لێوەکراوە شانامەی ئەبولمۆئەییەدی بەڵخییە کە لەسەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچیدا بە پەخشان نووسیویەو لە پاشا فیردەوسی تووسی لە ئاخرونۆخری سەدەی چوارەمی کۆچیدا کەڵکی لەو نووسراوانە وەرگرت و شانامەکەی خۆی دەست پێکرد.

هۆنەرانی کورد تەواوی پادشایان و قارەمانان و پاڵەوانانی شانامەیان بەکورد داناوەو ئەڵبەت بەر لە هۆنینەوەی شانامە زۆربەی چیرۆکەکان و ئەفسانەکانی شانامە لە سینگی کوردەکاندابووەو بەڵگەشمان بۆ ئەمە هۆنراوەی هۆنەرانی کوردە کە لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە بەجێ ماون و ئاماژەیان بەم مەبەستە کردووەو پاشان فیردەوسی کە شانامەکەی هۆنییەوە گەلێ لە هۆنەرانی کورد وەک مەلا وەلەدخانی گۆران و سەرهەنگ ئەڵماس خانی کەندوڵەیی و میرزا مستەفا دلێ هەندێ لە چیرۆکەکانی شانامەیان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لەپاشان ئەڵماس خانی کەلهوڕ تەواوی شانامەی لەماوەی دەساڵ دا وەرگێڕایە سەر زاراوەی گۆرانی.

ئەزیش هاتمە سەر ئەوە کە مێژووی کورد و کوردستان هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە واتە: هەر لە سەردەمی گووتییەکان (٢٢٣٤-٢١٠٩ی پێش زایین) و لۆلۆکان (٢٢٣٨-٨٤٤ی بەر لە زایین) و کاسییەکان (١٧٣٤-١٥٨٤ی پێش زاین) و میتانییەکان (١٤٢٠-١٣٠٤ی بەرلە زاین) و مانایییەکان (٧١٩- ٧٠٥ی پێش زاین) و ئۆرارتووەکان (٨٨٠-٥٨٥ی بەرلە زاین) و مادەکان (٧٠٨- ٥٥٠ی پێش زاین تا سەر هەڵدانی ئیسلام بەهۆنراوە بهۆنمەوە و پاشان زۆربەی چیرۆکەکان و ئەفسانەکانی شانامەم هەر لە کەیوومەرسەوە تا یەزدگردی ساسانی بەهۆنراوەی دەهیجایی هۆنییەوە کە هیوادارم خوێندەوارانی بەڕێز و هێژای کورد کەڵک و سوودی لێ وەرگرن.

**سدیق بۆرەکەیی**
**(تاران)**

# دەروێشێ عەبدی

## گوتنی: حەمەد ئاغا مەندۆ




لێ، لێ، لێ، لێ، لێ، لێ، لێ، لێ، هەی، لێ، لێ
بەلێ من مالەکە زۆر لە تە ناڤێ
بەلێ من مالەکە زۆر لە تە ناڤێ
ئەو ل دین و ئیمان، جەلەبەکی دەڤێ، تەولەکە ئەسپان، ماینەکە ب بەز، دوو تاژی بکوژ، بەلێ تفەنگەکە لێدەر، کۆنەکا ڕەشی عەرەبی، مێکوتەکا دارێ ڤێ بناڤێ، بەلێ، وێ کۆنێ ژ تەرا بەمە سەر چیایێ (قەرەچ داغ)ێ، کە لێ (نەمرۆود)ێ، بەرێ کۆنێ بدەمە نیسێ، نسارێ، پشتی کۆنێ بدەمە تیرێژەکا تاڤێ.
عەدولێ دگۆ:
ئەگەر دەروێشێ عەبدی لاوکێ من ل شەڕێ (گیسان) و (عەدوانان) بەرەو مال بوو، ئەزێ هەڕمە مالێ دەروێشێ عەبدی سینگا خۆ بکەمە سێنی، مەمکێ خۆ بکەمە فنجانێ قەهوەی، بەلێ: ڕانی خۆ دانیمە سەر ڕانێ دەروێشێ عەبدی، ئەزێ بدەمێ ڕاموسانا لە ڕووێ ڕاستی، ڕووێ چەپێ لە شەرمان بێتە ئیستقبال و سەلاوێ.
لۆ، لۆ، لۆ، لۆ، لۆ، لۆ، یلۆ، دەلێلییێو
لێ، لێ، لێ، لێ، لێ، هەی، لێ، لێ، لێ
بەلێ، هاوینا دلێ من دێرانێ دڤێ قومەکا ئاڤێ
ژ ئاڤا (فریتۆ).
ئەزێ، هەڕمە عێمودێ (دەقۆریا)، عێمودێ دەقۆریا گەلەک خۆشە، جزیری بۆتان، ئەستووندەکا نیوێ وەلاتۆ.
ئەزێ تەرکا دەروێشێ عەبدی، دەلالێ دلێ خۆ ناکەم، هەتا (تەمەر پاشایێ ملی)، بابێ م ڕەبەنێ سەرێ م دێرانێ، داوێتە بەر شیرێ جەلیتۆ.
دەلۆیلۆ، لۆیلۆ، لۆیلۆ.

**فەرهەنگۆک:**
١- دەڤێ: دەڤە، وشتر
٢- بناڤێ: داربناوی
٣- قەرەچ داغ: چیایەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری (ماردین)، لە کوردستانی باکووردا.
٤- کەلێ نەمروودێ: قەڵای نەمروودەو لەسەر چیای نەمرووده لە کوردستانی باکووردا.
٥- گیسان: خێڵێکی عەرەبە لە سوریا نیشتەجێن.
٦- فریتۆ: زێی فوراتە.
٧- عێمودە: شاری عامودەی سوریایە.
٨- دەقوریا: خێڵێکی بەناوبانگی کوردە لە شاری عامودە.
٩- تەمەر پاشا: سەرۆکی خێڵی (ملی)یە.
١٠- جلیتۆ: جەلاد.
ئەو لاوکە باسی لاوێکی ئێزدی دەکا کە ناوی دەروێشێ عەبدی بووە، زۆر قاوەچی (تەمەر پاشایێ ملی) بووە، لەبەر ئازایەتی و سوارچاکی، دەبێتە سوارچاکی تەمەر پاشا، (عەدلەخان) و (دەروێش)، دەکەونە داوی دڵداری، کە باوکی عەدلەخان تەمەر پاشاو براو ئامۆزاکانی هەست پێ دەکەن، پیلانی بۆ کوشتنی دەروێش دادەنێن لەکاتی ڕاوکردن و ئامادەکردنی خواردن، لەکاتی گۆشت برژاندن دەیکوژن، چونکە چەکی لە لانابێت، لاوکەکە لەسەر زمانی هەردوو دڵدار دەگێڕنەوە بە لاوک و بەچیرۆک.
هونەرمەند (حەمەد ئاغا کوڕی (مەندۆ)ی کوڕی (ئۆمک)ە، لەساڵی ١٩٠٠ لە گوندی (حەسارۆک) لە دایک بووەو لەساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوایی دەکات لە گۆڕستانی (چراغ)، دەشاردرێتەوە.
لەساڵی ١٩٣٠ لەگەڵ کاوێس ئاغاو عەزیز ئاغاو عەلی خەنجەر ژەنگاری و هونەرمەندانی دی لە کۆمپانیای (بەیزافۆن) لە بەغدا چوار لاوک تۆمار دەکا..، چینەکانی دەنگی زۆر بەرز بووە.. لە لاوکدا بەناوبانگ بووە.
سەرچاوەکان
١- کاسێتی تۆمارکراوی هونەرمەند.
٢- کۆمەڵێک لاوک و حەیران/ محەمەدی مەلا کەریم.

**ئا: جەلال مەلا حەسەن خۆشناو**

# گومانەکانی شیعر



هاشم سەڕاج

تێکست فەزایەکی بە زمانچنراوی گوماناوییە، کە لەنێو دورج و دالآن و دەمامک و هەمازەکانی بونیادی قوولّی کردەی نووسیندا مەزرایەک تۆوی گومانەکانی لە شێوەی ڕاڕایی و نیگەرانی و دوودڵی و گومڕایی سەبارەت بە بوون و چارەنووسەکانی گەردوون لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و ڕستێک لە «زوبەرجەدەکانی» دەلالە دەدرەوشێنێ، کۆژیتۆی شیعر بە ڕێگەی هەڵدانی ئاخاوتنە تایبەتییەکەی خۆی جۆرە فۆرمێکی جیاواز بە جیهانی دەق دەبەخشێ، بەڵام خەسڵەتەکانی «گومان» بە دید و بۆچوونی «میشێل فوکو» تێکەڵ و ئاوێزانی بونیاد و سیاقی زمانە (زمان کتومت ئەوە ناڵێت کە مەبەستییەتی، ئەو مانایەی کەسێک تێیدەگات و ئەوەی دەسبەجێ ئاشکرا دەبێت، دەشێت لە ڕاستیدا مانایەکی کەمتری هەبێت لەوەی کە دایدەپۆشێت و خەفەی دەکات و مانایەکی ژێرەکی دەگوازێتەوە.. کە گریکەکان پێیان دەگوت مەجاز «allegoria»).

گومانی دووەم.. زمان گومانێکی تر دروست دەکات کە شێوەزارەکییە گونجاوەکەی تێدەپەڕێنێت، وێڕای مۆرکی «فارماکۆن - pharmakon»ی زمان کە بوونی نووسینە بە ژەهر و دەرمان لە یەک کاتدا، یان خەسڵەتی «ئیرۆنی.. تەهەکومی.. گوتنی شتێک مەبەستبوونی شتێکی ترە».

ئیتر تا دێ ڕەگوڕیشە و ئادگار و خاسییەتەکانی گومان لە کردەی نووسیندا گەشە دەکا و پەرەدەسێنێ و سەرلەبەری توخم و ڕەگەز و مۆرکەکانی مەینەت و ئازار و لەززەت و عیشق و تەنیایی و شەیدایی و بێهوودەیی و مەراقەکانی مەرگ و جوانی دەگرێتەوە و تەوژمی بریسکە و بلێسەکانی شیعر و دەسەڵاتی شیعرییەت بە دنیای تێکست دەبەخشێنرێت و کۆژیتۆی شیعر لەنێوان گەمە عیشقییەکانی وشەسازی و دەنگسازی و ڕستەسازیدا سەرگەشتە و سەرسام و نیگەرانە و گەرەکییەتی گومانی نائاگاییەکانی زەین و هالآوەکانی دڵ بنووسێتەوە و تا بگات بە دژوارترین ئاست و خەتەرناکترین لووتکەکانی کردەی «نووسینی سپی» و خۆ لە کۆت و زیندانبەند و قالّبە بێ نرخ و بەهاکانی نووسینی ئاسایی و ڕووکەش و تەبا دەرباز بکات و ئاگری ڕۆحی شیعر لە فۆرمی دەق و فۆرمی مانادا بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز بەرجەستە بکرێ و واژەی نوێ نوێ بە لەنجەکانی ئیقاع و بارگاویکراوەکانی ڕۆح بخولّقێنرێ، بەڵام گومان لە شێوەی پارچە کریستاڵێکی پاژ پاژکراو و پرژوبڵاو، یان وەک زنجیرێکی هەڵوەشاوە لە چین و پێکهاتەی قووڵی دەقدا خەفەکراوە.

ئاخر شیعر دەیەوێ لەو فەزای تۆڕی زمانییەدا شتێ بڵێ و هاوکات شتێکی دی مەبەستە، کەواتە کڵپەی بڵێسەی مەودا شڵەژاوییەکانی شیعرییەت لاساریترین بەچکەی زەمانئامێزی تێکستێکی گومڕا و گومانکارانەیە.. کۆژیتۆی نیگەرانی شیعر هەوڵ دەدا لە چرکەکانی خوڕڕەم و شادی و هەوەس و سەرمەستیدا دڵ بە جەزبەکانی ئەفیونی سۆفیگەری بتریقێنێتەوە، چونکە وەیشوومەبەخش و ڕسواکەرە، کێ ناڵێ خەیاڵ و کەڵکەڵە و سرووشی شیعر ڕەگێکی لە شێتی نییە؟!

کۆژیتۆ هەردەم تەنیا باڵە و شەیدای نووسین و دەربڕینی پڕشنگ و ڕەونەقی سەرسوڕهێنەرترین جوانییە کە لە نووری مۆنادەکانی ئیرەمی خودا! ئامادەیە بە هێزەکانی دیۆنیزیۆزی پەرچینەکانی ترادیسیۆن و مۆراڵ تێکبشکێنێ و بە نەسقی زنجیرەبەستنی واژە بارگاوییەکانی دەروون شەپۆل شەپۆل شەپۆل ڕەزمەکانی گۆڤەند و چەمەرچۆپییەکانی گیان و وشە بەرجەستە بکا، تا لە کەهکەشانی ئاسمانی جوانیدا دوایین ئەستێرەی پرشنگداری دڵ و دەروون و سرووش و بەهرەی فەردانییەتی دادەڕژێ.

مەزنە ئەو تێکستەی بە ئیحساسەوە خەتەرناکترین ترس و بیمی بوقعەی تەبا و گونجاوی ڕوخساری شۆخ و شەنگترین زەرییەکی پەریزادە تاڵان و چەپاو دەکا و بە کردەکانی نووسین و گومانەکانی زمان جیاوازترین فۆرمێک لە ڤیانەکانی گیان دەخولّقێنێ و دەلالەی نوێ نوێش بە تاقە وشە دەبەخشێ.. (کاتێ شیعر دەگۆڕێ بۆ قسەی بێ سەروبەر، ئەمە چ بایەخدانێکە بە زمان)، کەواتە دەتوانم بڵێم کە هەر تێکستێکی کراوە کاتێ بە ڕێگەی بڵێسەکانی عیشق و ئەڤینەوە هەڵدەدرێ، ڕستێک پرسیاری گومانکارانە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ.